# سەرچاوە بنەڕەتیەکانی قورئان

## سەلاح ڕێبوار



تۆژینەوەیەکی بەراوردکارییە، سەبارەت بە بنەڕەتی چیرۆک و ئەفسانەکانی پێشینانی ناو قورئان لەگەڵ دین و شارستانیەکانی تر، کە ڕاستەوخۆ یان بە شێوەیەکیتر ڕەنگیانداوەتەوە.

## بەرگی سێیەم

# سەرچاوە بنەڕەتیەکانی قورئان

تۆژینەوەیەکی بەراوردکارییە، سەبارەت بە بنەڕەتی چیرۆک و
ئەفسانەکانی پێشینانی ناو قورئان لەگەڵ دین و شارستانیەکانی تر،
کە ڕاستەوخۆ یان بە شێوەیەکیتر ڕەنگیانداوەتەوە.

سەلاح ڕێبوار

بەرگی سێیەم

ناوی پەرتووک: سەرچاوە بنەڕەتەکانی ئیسلام،
تۆژینەوەیەکی بەراوردکارییە، سەبارەت بە بنەڕەتی چیرۆک و ئەفسانەکانی پێشینانی، ناو ئیسلام و شەریعەتی دین، لەگەڵ دین و شارستانیەکانی تر، کە ڕاستەوخۆ یان بە شێوەیەکیتر ڕەنگیانداوەتەوە.

تۆژینەوەی: سەلاح ڕێبوار

بەرهەمێکە لە چوار بەرگدا

بەرگی سێیەم

ساڵ ٢٠٢٦

خوێنەری بەرێز

ئەو پەرتووکە، بەرهەمی کاری ساڵانێکی زۆری تاکە کەسییە، هیوادارم کەلێنێک لە پەتووکخانەی کوردی پڕکاتەوە. لە هەمان کاتدا ناتوانێ، لە کەم و کووڕی بەدەربێ، لە دڵەوە داوای لێبووردن، لە هەڵە و کەم و کووڕیەکان دەکەم.

# ناوەرۆک

گوزەرێک بە ژیانی یەسوی کریست.................................................... 13
بەرکوڵی ئەم باسە......................................................................... 15
پەرتووکە دینییەکان و ژیانی یەسو و نزیکانی................................................ 33
لەدایکبوونی مریەم...................................................................... 33
لەدایکبوونی مریەم بەپێی گێڕانەوەی یاقوب............................................... 35
زەکەریا و یەحیای لە ئاوهەڵکێش.......................................................... 41
لەدایکبوونی یەحیا....................................................................... 42
سەرەتایەک بۆ ژیانی کریست ........................................................... 48
لەدایکبوونی کریست ..................................................................... 55
پەیوندی نێوان یەسو و یەحیا ............................................................ 59
کوشتنی زەکەریا......................................................................... 60
کوشتنی یەحیا........................................................................... 62
کوشتنی یەحیا بە ڕای یۆسێڤوس......................................................... 64
لە سۆراخی یەسوی مێژوویيدا ........................................................... 70
مشتومڕی بوون و نەبوونی یەسو ........................................................ 85
یەسو لە مێژووی ڕۆمان و یۆنانییەکان ................................................... 89
تالۆس.................................................................................... 89
پلینی بچووک ........................................................................... 92
گایوس سوێتۆنیوس ...................................................................... 96
کۆرنێلیوس تاسیتوس.................................................................... 98

مارا بار سێراپیۆن ........................................................... 100
لوسیانی سامۆساته ............................................................. 102
کۆرنێلیوس سێلسوس ........................................................... 103
یەسو لە دۆکومێنت و سەرچاوەکانی جولەکە ................................... 107
گرووپەکانی جولەکەی سەردەمی کریست ........................................ 108
١ حەسیدیم .................................................................... 109
٢ کیتابیەکان ................................................................... 110
٣ سامەریەکان .................................................................. 110
٤ سەدوقیەکان .................................................................. 112
٦ زێلۆتیەکان ................................................................... 116
٧ ئەسینیەکان .................................................................. 117
٨ سانهەدرین ................................................................... 117
سەرچاوەکانی جولەکە سەبارەت بە یەسو ........................................ 119
فلاڤیوس، یوسێفوس ............................................................ 121
هەڵوێستی حاخامەکانی جولەکە بەرامبەر یەسو ................................ 122
پەرەسەندنی ئەدەبیاتی جولەکە.................................................. 127
سەرچاوەکانی دواتری جولەکە.................................................... 129
تۆلیدۆت یەشو.................................................................... 129
سەرەتایەک بۆ بنەڕەتی نەساڕیەکان ........................................... 137
نەساڕیەکانبەرهەمی، بۆشایی دوای کریستن ..................................... 139
دروستبوونی دینی کریستیانی ..................................................... 147
ناکۆکی نێوان باوەڕی نەساڕی و نێردەکان ...................................... 151
گرووپی نەساڕیەکان ............................................................. 151
گرووپی نێردەکان ............................................................... 153

کۆنفرانسی یەکەمی دینی یەسو لە  ئۆرشەلیم ........................................159
پاولۆس و یەسو دوو ڕووی یەک دراون..........................................................163
ناکۆکی لەسەر ڕەچەڵەکی یەسو .............................................................163
لەخاچدانی کریست و ناکۆکییەکانی.........................................................167
نامەکانی پاولۆس سەرچاوەن بۆ ئینجیلەکان ................................................181
ڕەچەڵەکی یەسو و جیاوازی ئینجیلەکان ..................................................182
پوختە ..........................................................................................184
نەسارپیەکان  لە قۆناغێکی نوێدا....................................................................187
لەناوبردنی ڕەچەڵەکی داود.........................................................................187
قۆناخی دووەمی ژیانی نەسارپیەکان ..........................................................189
جیاوازی نێوان نەسارپی و کریستیانەکان......................................................192
نەسارپییەکان و مێژوویێکی خوێناوی...............................................................193
نەسارپیەکان و خەونی ئازادکردنی ئۆرشەلیم...............................................197
سەرەتای پلانی خەونە گەورەکە....................................................................197
هەوڵی یەکەم بۆ ڕزگارکردنی ئۆرشەلیم ......................................................199
هەوڵی دووەم بۆ ڕزگارکردنی ئۆرشەلیم .......................................................201
نەسارپیەکان و بڵاوبوونەوەیان.....................................................................203
لە ناو هۆزە عەرەبەکانی شام ......................................................................203
دروستکردنی ڕەچەڵەکێکی ساختە بۆ عەرەب..............................................207
هاوپەیمانی ساسانی و نەسارپیەکان .............................................................213
مەککە لە بواری شوێنەوارناسی......................................................................219
شاری مەککە پیرۆز نیە! ................................................................................220
داگیرکردنی مەککە ......................................................................................225
لات و عوز و منات .......................................................................................226

پێترا پایتەختی نەبەتیەکان........................................................229
دوای گرتنی مەککە هێشتا ئیسلام نەبووە ..........................................233
بەراورد لە نێوان وەحی دینی کریستیان و ئیسلامدا .................................241
ئینجیل پێشبینی ناوی احمد (محمد) ناکا ..........................................287
سورەتی یاسین و کێشەی ئەنتاکیا ....................................................307
قورئان باسی یەک ئینجیل دەکا.....................................................319
ئینجیلی عیبرانی.............................................................................320
ئینجیلی عیبرانی و قورئان ...............................................................323
نەسارێ و ئیسلام دوو ڕووی یەک دراون ..........................................325
الفاتحة، سوورەتی قورئان نییە........................................................329
داڕشتنی ڕەچەڵەکێکی ساختە بۆ عەرەب ...........................................333
محمد و دینی نەسارێ.......................................................................337
نەساریەکانی مەککە.........................................................................338
ڕێبازە نەسارییەکان و ووتاری جیاوازیان ............................................340
ئەبیۆنی.......................................................................................341
ڤێریتیزم.......................................................................................349
کەسائیە گنووسیەکان.....................................................................354
ڕۆڵی قەشە وەرەقە لەسەر ووتاری قورئان ..........................................356
قەشە وەڕەقە و ڕێبازی ئەبیۆنی.........................................................358
مێژوونووسانی موسوڵمان و نەبیەتی محمد .........................................360
پەیوەندی قەشە وەرەقە و محمد.........................................................363
مردنی قەشە و هەتیو بوونی محمد .....................................................370
مەرگی وەڕەقە و سەرەتای قۆناخێکی تر .............................................372
محمد دینێکی نوێی دروستکردنەکرد.................................................374

تابلۆی پارێزراو لە دینی ئیسلام ........................................................ 377
تابلۆی پارێزراو لە قورئان ........................................................ 383
تێکەڵکردنی گوێرەکەی زێڕین و سامەری........................................ 388
مزگێنیدەری لە سامیرە ........................................................ 394
نە مریەم پاکیزەبوو و یەوسوش کوڕی خودا........................................ 396
چیرۆکی خوانی ئاسمان........................................................ 399
یەسو باڵندە دروستدەکا ........................................................ 406
ووشتر بە کونی دەرزیەوە ناچێ........................................................ 408
چیڕۆکی یارانی ئەشکەوت ........................................................ 410
ئایەتی خاتم النبیین خوێندنەوەیەکی ترهەڵدەگرێ ........................................ 418
کێشەی ساخکردنەوی ئایەتەکانی قورئان ........................................ 423
تەرگوم یان تەرگومیم و پاشخانی مێژوویی ........................................ 453
سەرەتایەک بۆ بنەڕەتی نەساری........................................................ 455
پاولۆس و یەسو دوو ڕووی یەک دراون........................................................ 457
ناکۆکی لەسەر ڕەچەڵەکی یەسو ........................................................ 457
لەخاچدانی کریست و ناکۆکییەکانی........................................................ 461
سورەتی الفیل و کێشەی ڕاڤەکاران........................................................ 475
کێشەی تەکنیکی و مێژوویی ساڵی فیل ........................................ 492
ڕەهەندی مێژوویی، بۆ کێشەی ناکۆکی ڕووداوی فیل........................................ 505
ووشەی الفیل لە ڕووی لێکسیکۆلۆژییەوە ........................................ 509
لێکدانەوەیەکی لۆژیکی بۆ سورەتی الفیل........................................ 510
قورئان و ناکۆکی مێژوویی، جوگرافی و کومەڵایەتی........................................ 515
لات و عوز و مەنات........................................................ 523
نەبی ئومی، و خوێندەواری ........................................................ 547

هەڵگری وەحی لە مەککە گیانی پیرۆزە و لە مەدینە جوبرائیل......................572
ڕەچەڵەک و باوەڕی نەبی محمد ........................................................575
پوختەی  باس .............................................................................607

# گوزەرێک بە ژیانی یەسوی کریست

یەسوی کوڕی مریەم، پەیامبەری کریستیانی، و وەک کەسایەتییەکی پیرۆز هەم دینی کریستیان و هەمیش لە دینی ئیسلام. هەرچەندە دوو دیمەنی جیا لە پیرۆزی یەسو دا هەیە، و تێڕوانینی جیاوازی ئەو دوو دینە، وایکردووە کە دینی ئیسلام کریستیانی بە گومرا دابنێن. لە لایەکیتر مشتومڕێکی زۆر لەسەر کەسایەتی و بنەچەکەی هەیە، کە ئایا یەسو کەسایەتییەکی مێژووییە یان وەک ئەفسانەیەکی دینی وێناکراوە.

ئەو بابەتە هەوڵدەدا، لە بواری مێژوو بە سۆراخی یەسوی کریست دابگەڕێ. و بتوانێ لەڕێگای بەڵگەنامەکانی ڕۆمانی، و جولەکە و سینیستیەکان، بگاتە دەرئەنجامێکی لۆژیک و جێ متمانە.

# بەرکوڵی ئەم باسە

پێش چوونە ناو ووردەکاری بابەتەکان. دەبێ شتێک سەبارەت بە ناسنامەی شارستانی ئیسلام بورووژێنین:

بەبێ تێکەڵاوبوونی هێزی داگیرکەری عەرەب، لەگەڵ نەرێت و کولتووری مێژوویی نەتەوە و دینەکانیتر، بەر لە هەمووشیان یەهودی، شتێک بەناوی شارستانی ئیسلام بوونی نەدەبوو. بەو شێوەیەش هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر کەلەپووری هەزاران ساڵەی نەتەوە و دینەکۆنەکانی تر، بەشێک بوو لەو ناسنامەیەی، وەک کراسی بوکێنی لەبەری کرا. و دواتر ناوی لێنرا کەلەپووری ئیسلام.

ئەو کەلوپوورە مەزنەی، موسوڵمانان شانازی پێوە دەکەن. بریتییە لە توندوتیژی هێزی داگیرکەر، لەگەڵ ئەنفالکردنی نەرێت و کولتووری نەتەوە داگیرکراوەکان. ئەو داگیرکردنانە، لەسەرەتادا، تەنیا تاڵان و کوشتن و کۆیلە و سەبایا بوو. دواتر لە قۆناخی یەکەم، هەنگاو بە هەنگاو تێکەڵاوی ئەو کولتوور و کەلەپوورە مەزنانە بوون. و نەرێتیووڵاتانی داگیرکراویان وەردەگرت. لەوە بەدواوە بە لەسەرخۆ، ئەنفاڵکردنی کەلەپوور و شارستانیان، وەک پەرەسندنێکی لاوەکی دەستی پێکرد. دواتر پرۆسەی لەیەکتری توانەوەی، شمشێر و کەلەپووری شارستانی کۆنی ناوچە داگیرکراوەکان لەگەڵ تێپەڕبوونی کات. ئەو دوو جەمسەرە، هەم بوونە تەواوکەری یەکتری. و هەمیش بوونە ناکۆکییەکی قووڵی ناو هەناوی

ئەو دیاردە نوێیە. بە تایبەتی لە نێوان شارستانی پەرەسەندووی کۆن. و هێزی شمشێری بەدەوی، کە بە درێژایی مێژوو تا ئێستاش هەر بەردەوامە. و لە هەر قۆناخێکی مێژوو شێوەیەکی نوێتر، بەڵام هەر لەسەر بنچینە کۆنەکە وەردەگرێ.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش. ئەگەر هێزی داگیرکەری عەرەب، بە ڕاست هاجەری بوان، و بە ڕێگایەکی، سەربەخۆ و دوور لەو کولتوور و کەلەپوورانە، پەرەیان سەندبا. ئەو شرۆڤە کولتووریانەی، لە دەرەوەی بازنەی مێژووی پەرەسەندن چۆن دەبوون؟ بەمەرجێ، لە بەهای پەرەسەندنی کەلەپوور و نەریتەکانی خۆی نەگۆڕیبان[1].

کۆمەڵگە و نەریتەکانی بە کاریگەری پاشخانی سەدان ساڵە، لەناو قووڵایی پرۆسەی کۆمەڵایەتیەکی ناوێزە و تایبەت، دەتوانن دیاردەکانی پیرۆزی خۆیان بئەفرێنن. ئەو پیرۆزیانەش لەڕێگای ریتوال و سرووتی دیاریکراو. وەک گوزارە لە پیرۆزی و ملکەچی، بۆ ئەو پیرۆزییە نیشان دەدەن.

تۆژینەوەی هاوچەرخ ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە، کە تێگەیشتن لە دیاردەکانی دین، دەبێ لە ژێر تارمایی دیاردەکانی کۆمەڵایەتی، دەرەوەی دین هەڵسەنگێندرێن. لەبەر ئەوەی دین دیاردەیەکی سەربەخۆ نییە، بەڵکووبەستراوەتەوە، بەو کۆنتێکستەی لەناویدا سەری هەڵداوە. و مەرجەکانی ئاراستەی دیاریدەکا.

کۆنتێکستی سەرهەڵدان و پەرسەندنی دین، بریتیە لە دوو بواری زانستی، دەروونناسی و کۆمەڵناسی. ئەو دوو بوارە دەتوانن گۆڕەپانێکبن، بۆ بە دواداچوون و قووڵبوونەوە سەبارەت بەدین. بۆ ئەوەی بتوانرێ هەڵومەرجەکانی دەرەوە و ناوەوەی تێدا ساخبکرێنەوە.

---

[1] Crone Patricia ،Cook Michael (1977) Hagarism .The making of the Islamic world. Cambridge University Press. Pp 130

- لێکۆڵینەوەکانی دەروونناسی دەتوانن، لە هەست و کاردانەوەی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەری بکۆڵنەوە.
- کەچی لیکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی، هەوڵدەدا ئەرکی دین و ئاکارەکانی لە پەیوەندیەکانی کۆمەڵگە بدۆزنەوە.

لە ڕێگای ئەو دوو بوارە فراوانەوە، دەتوانرێ دین وەک پاکێچێکی دەروونناسی کۆمەڵایەتی. لە بواری مێژوویی و پرۆسەکانی کۆمەڵایەتی، هۆکار و کاریگەری وەدەست بێنین. [2]

دینی ئیسلام بەپێی نووسراوە فەرمیەکان و گۆتەی ڕۆژانە، نزیکەی ١٤٠٠ ساڵ تەمەنیەتی. بەڵام لات سەیر نەبێ ئەگەر بڵێین یەکەم هەنگاو، بۆ دانانی پاشخانی ئەو دینە زۆر کۆنترە. بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ چەند ڕۆژ تا چەند مانگ دوای لە خاچدانی یەسو (عیسا)ی کریست. و دواتریش دامەزرانی کەنیسەی خەتەنە لە ئۆرشەلیم.

ڕەنگە ئەو دەربڕینە بۆ زۆر کەس شتێکی نوێ بێ. و بکەوێتە دەرەوەی مێژووی دینی ئیسلام. بەڵام ئەوە ڕاستیەکە و ناتوانرێ نکۆڵی لێبکرێ. کە دینەکەی محمد، لەسەر ئێسک و پروسکی دینی یەهودی نەساری دروستبووە. بۆیە مێژووی پەرەسەندنی یەهودیە نەساریەکان، دەبێتە پاشخانێکی پتەو بۆ دینی ئیسلام. تەنانەت ئەو چیرۆکانەی لە سەر ڕەچەڵەکی محمد و کەعبە و مێژوویان. ئەو شاکارانە بوون، کە وەک چیرۆک، بە درێژایی چەند سەد ساڵ لە شام و ئیسرائیل یەهودیە نەساریەکان، بە شێوەیەکی بەردەوام خەریکی هۆنینەوەیان بوون.[3]

---

[2] Freud Sigmund (1900) The Interprettion of dreams pp 230
[3] العودات، حسين (١٩٩٢) العرب النصارى، عرض تاريخي . الأهالي للطباعة و النشر و التوزيع ص ٤٦

دەتوانین بە ڕاشکاوی بڵێین، دینی ئیسلام ساوایەکی ناو منداڵدانی یەهودی نەساڕی بووە. و ناتوانێ لە پەیام و کردەوە توند و تیژەکان. و مێژووی پەرەسەندن، و ڕاپەڕینەکانی ئەوان دوور کەوێتەوە.

باسەکانی ناو ئەو پەرتووکە، بەدواداچوونی مێژووی کۆمەڵایەتین، سەبارەت بە دینی ئیسلام و پاشخانی دروستبوونی. هەوڵ دەدا هەنگاو بە هەنگاو بە دوای توولەڕێکانی، ئەو چەندین سەدەیە دا بگەڕێ. هەر لە سینیسیزم وەک فەلسەفەیە یۆنانی و دواتریش رۆمانی، تا پەیام شێوەی بیرکردنەوەی یەسوی ناسری. و کاریگەریەکانی ژینگەی، و بۆچوونە فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکانی، تا لە خاچدانی. دوای ئەوە، گەڕان بە سۆراخی یەهودیە نەساڕیەکاندا. تا بانگهێژی محمد بۆ دینە نوێکەی و بەردەوامی. هەوڵدەدا، لەناو دەلاقەکانی مێژوودا، وەڵام بۆ پرسە شاراوەکان و هۆکاریان بدۆزێتەوە. یەکەم هەنگاو سەبارەت مێژووی یەهودیە نەساڕیەکانە. دواتریش بەرەو فۆرم و سەرهەڵدانی دینێکی نوێ، ناوی لێنرا ئیسلام.

سەرەڕای ئەوە لێکدانەوەیەک بۆ پەیامی قورئان، وەک چەقی بیرکردنەوەی دینی ئیسلام. و بەراوردکردنی بە هەلومەرجی سەردەمی سەرهەڵدانی، و ڕۆڵ و کاریگەری یەهودی نەساری. چ لەدانانی بەردی بناخەی، ئەو دینە نوێیە. و چ لە ئاڕاستەکردنی، پەیامی یەهودی نەساڕی تێیدا. بۆیە لە خۆڕایی نییە کە هشام جعیط دەڵێ:

> ئیسلامی سەرەتایی بە تەواوی لە نەسرانیەوە هاتووە [4].

بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی ئەو پرسە، دەتوانین سەرنجێک لە سەرەتای پەیدابوونی دینی ئیسلام بدەین. کە ڕاڤەکارانی موسوڵمان، بۆ پرسە گرنگ و سەختەکان، بەر لە سەدەی هەشتەمی س.ب، بە دیاریش بەر لە خەلافەتی عومەر کوڕی عبدالعزیز (٦١ک/٦٨١

[4] هشام جعيط (٢٠٠٧) . تاريخية الدعوة المحمدية ص ١٦٩

س.ب - ۱۰۱ ک/ ۷۲۰ س.ب). بۆ هەر ڕوونکردنەوەیەک لە ئایەتەکانی قورئان. کە نەیان دەزانی مانای چیە. یان نەیان دەتوانی یان دەیانەویست لە هۆکار و پاشخانی تێبگەن، ئەوا ڕوویان لە تەورات دەکرد. بە تایبەتی سەبارەت بە چیرۆکی نەبیەکانی پێشین. زۆر جار پەنایان دەبردە بەر (أهل الکتاب) لە یەهودی و یەهودیە نەسارێەکان، بەتایبەتی ئەوانەی هاتبوونە ڕێزی ئیسلام. و لە ناوەرۆکی میشنا شارەزابوون. [5] ئەو دیاردەیەش، لای گشت موسوڵمانان ئاشکرابوو. و لە قورئانیش بە ڕوونی ئاماژەی پێکراوە.

سورة الاعراف ۷: ۱۵۹

وَمِن قَوۡمِ مُوسَىٰٓ أُمَّةٞ يَهۡدُونَ بِٱلۡحَقِّ وَبِهِۦ يَعۡدِلُونَ (۱۵۹)

دەستەیەکیش لە نەتەوەی موسادا هەن، بەڕاستی ڕێنمایی دەکەن و هەر بەڕاستیش دادوەری دەکەن (۱۵۹)

ئەوەش بەڵگەیەکی بنبڕە، کە محمد و دینە نوێکەی، هیچ پەیامێکی نوێی پێنەبووە. بەڵکوو تەنیا بەردەوامی دین و نەبیەکانی پێشترن.

زۆر جار ئەو پرسیارە دووبارە دەبێتەوە، ئاخۆ محمد پەیامبەری ئیسلام، بەر لە بانگهێشی دینەکەی لەسەر چ دینێک بووە؟

پرسیارێکی لەم شێوەیە ناتوانێ، بە تەنیا وەڵامێکی سادە ڕاییمان بکا. لەبەر ئەوەی هەر وەڵامێکی سادە، پرسیارێکی نوێ دروست دەکا. کە پێویستی بە قووڵبوونەوەی فرەلایەنی هەبێ. لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە تا ئێستاشی لەگەڵ دابێ، لای موسوڵمانان هەر پرسیارێک یان دەربڕینێک، قووڵبوونەیەک لە پرسەکانی پاشخانی ئیسلام و قۆناخی سەرەتایی دین، بەتایبەتی سەبارەت بە پەیامبەر و پەیامەکەی (قورئان)، بە قەدەخە دادەنرێ. و لە ژوورێکی

[5] محمد حسان المنير. يوم قبل وفاة محمد. إسلاميات دوت كوم. ص ٤٢

پیرۆز دانراوە. و گشت دەرگاکانی بیرکردنەوەشی بەسەردا کلۆم دراون. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بزانین کە هیچ بیروباوەڕێک لە شەو و ڕۆژێکدا دروستنابێ. و هەموو شتێک پاشخانێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی خۆی هەیە. بە تێگەیشتن لەو پاشخانە، دەمانگەیێنێتە زۆر وەڵامی چاوەڕوان نەکراو، کە هەرگیز چاوەڕوانیان نەبووین.

جا لە نێوان دەرگای داخراو لەلایەک. و لەلایەکیتر هەر شتێک پاشخانی خۆی هەیە. لێتۆژەرەوە دەتوانێ لە ڕێگای بەدواداچوون، بەراوردێکی وورد، لە پاشخانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی، کلیلی ژووره پیرۆز و تاریکەکان بدۆزێتەوە. لەو ڕێگایەوە بگاتە وەڵامی لۆژیک بۆ دیاردە نالۆژیکەکان. ئەفسانە دروستکراوەکانیش، بە پرۆسەی مێژووی پاشخانی و ژینگەی پەروەردەبوون، پەردە لەسەر جیهانە شاراوەکان هەڵدەماڵن. و دەتوانن، دەرئەنجامی جێی باوەڕ وەدەستبێنن. کە بە درێژایی مێژووی ئیسلام. وەک چوارچێوەیەکی چەقبەستوو و هێڵی سوور، بۆ بەدواداچوونی لەو شێوەیە دانراوە. و کەم یان زۆر وەک تاوان سەیرکراوە.

لەلایەکی تر، بەدەستهێنانی وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر گرنگە. لەبەر ئەوەی هیچ لە سەرچاوەکانی ئیسلام سەرڕاست، ئەم بابەتەیان تاووتوێ نەکردووە. و وەک مەیدانێکی ئاوەڵا بەجێیان هێشتووە. کە ڕەنگە پەی پێبردنی، بتوانێ ببێتە کلیل بۆ کردنەوەی، نەک تەنیا دەرگاکانی پاشخانی دینی ئیسلام، بەڵکوو چەندین گرێکوێرەی تری ئەودیوی نهێنیەکان، و تیشکدانەوەیەکبێ، کە پەردە لەسەر جیهانێکی شاراوەی هاوبەش، لە نێوان هەر سێ دینە ئیبراهیمیەکان هەڵماڵێ.

ئەگەر بۆ تاوێکیش بێ، با بۆ سەرەتای یەکتاپەرستی و پەیامبەرەکانی تری بگەڕێینەوە. کە هەردوو نەبیە ئیبراهیمیەکانی تر، موسا و یەسو (عیسا). دەبینین هەر لە دەستپێکی دینەکانەوە، دیارە کە لەدایک بووی بنەماڵەیەی بەنی ئیسرائیلن. و دەیانەوێ پەرە بە یاساکانی یەکتاپەرستی و دینی ئیبراهیمی بدەن. ڕوونبوونەوەی پاشخانی باوەڕیان، وایکردووە

کە ئاڵۆزی و سەختی، لەسەر دین ورەچەڵەکی موسا و یەسو، کارێکی ئەوەندە سەخت نەبێ. لە جیاتی ئەوە، لێکۆڵینەوە لە سەر ئاستی ڕاستی و ئەفسانە بۆ ساخکردنەوەی ناوەرۆکی پەیامەکەیان بکرێ.

سەبارەت بە موسا، لە تەورات - پەرتووکی دەرچوون باسی لەدایکبوونی موسا لە خێزانێکی لیڤی لە بەنی ئیسرائیل دەکا.

پەیمانی کۆن - تەورات – دەرچوون ٢: ١- ١٠

(١) پیاوێک لە بنەماڵەی لێڤی کچێکی هێنا (٢) ژنە سکی پڕ بوو و کوڕێکی بوو، کە بینی منداڵەکە جوانە، سێ مانگ شاردیەوە (٣) بەڵام کە نەیتوانی لەوە زیاتر بیشارێتەوە، سەبەتەیەکی لە زەڵ دروستکراوی هێناو بە قیر و زفت سواخی دا. و کوڕەکەی خستە ناو سەبەتەکە. و لە کەناری نیل لە ناو قامیشەڵان داینا (٤) خوشکی منداڵەکەش لە دوورەوە وەستا. بۆ ئەوەی بزانێ چی بەسەردێ.

(٥) کچی فیرعەون بۆ خۆشووشتن هاتە خوارەوە، بۆ سەر ڕووباری نیل. کەنیزەکانیشی لەسەر کەناری نیل هاتوچۆیان دەکرد. سەبەتەکەی لەناو قامیشیڵانەکە بینی و کچە خزمەتکارەکەی نارد هەتا بیهێنێت. (٦) ئەویش کردیەوە و تەماشای منداڵەکەی کرد. بینی کوڕێکە و دەگریێ. بەزەیی پێدا هاتەوە و گوتی: ئەمە یەکێکە لە منداڵە عیبرییەکان.

(٧) خوشکی منداڵەکەش لە کچی فیرعەونی پرسی : ئایا بچم ژنێکی شیردەرت لە ناو عیبرانیەکان بۆ بانگ کەم. بۆ ئەوەی شیر بداتە ئەو منداڵە؟

(٨) کچی فیرعەون وەڵامی دایەوە: برۆ کچە گەنجەکەش چوو دایکی منداڵەکەی بانگکرد (٩) کچی فیرعەون پێی گوت: ئەم منداڵە ببە، و شیری بدەیێ. منیش کرێکەت دەدەمێ. ژنە منداڵەکەی برد. و شیری دایە. (١٠)

کاتێ منداڵەکە گەورە بوو، بۆ کچی فیرعەونی هێنایەوە. ئیتر بووە کوڕی ئەو. و ناوی لێنا (موسا) گوتی: چونکە لە ناو ئاو هەڵمگرتۆتەوە.

لە تەورات، بەر لە هەموو شتێک، کێشەی پاشخان و ڕەچەڵەکی کۆمەڵایەتی و دینی پێشوەختەی بۆ موسا ⁶ بە شێوەیەکی کورت ساخکردۆتەوە. کە لە بنەماڵەیەکی لیڤی بەنی ئیسرائیلی بووە. و پەیامەکەشی هەر لە ئەفراندنەوە (خلق) تا دەگاتە یاساکانی موسا، وەک بەسەرهات بە شێوەی مێژوو خراونەتە ڕوو. بەڵام تا چ ئاستێک ئەفسانەی تێدایە، ئەوە مەیدانێکی تایبەتی خۆیەتی. و پێویستی بەوەیە لە بوارێکی فراوانتر لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێ. و ساخکردنەوەی لایەنە ئەفسانەکانی ژیان و بەراوردکردنی لەگەڵ میتۆلۆژیای میسۆپۆتامیا، لەلایەک. و لەلایەکیتر مێتودی زانستی مێژوویی بۆ ژیان و پەیامی دینی یەهودی بۆ بکرێ. ئەوەش لەخۆیدا دەرفەت، بۆ فراوانترکردنی سنوورەکانی لێکۆڵینەوە دروست دەکا.

ئەو دیمەنە سەبارەت بە یەسوش. لە ئینجیلەکاندا، بەڕاشکاوی خراوەتە ڕوو.

پەیمانی نوێ ئینجیلی مەتیاس (مەتی) ١: ١-١٦
هەروەها ئینجیلی لوکاس (لۆقا) ٣: ٢٣ – ٣٨.

سەرەڕای جیاوازی لە ناوەکان و چەند پشت دا، بە درێژی باسی ڕەچەڵەکی یەسو دەکەن، تا دەگاتەوە ئیبراهیم. کە لە نەوەی بەنی ئیسرائیل بووە. بەپێی ئینجیلی مەتیاس ٥: ١٧ یەسو خۆی دان بەوە دادەنێ کە نەهاتووە دینێکی نوێ دروستبکا، بەڵکوو وەک چاکسازێک پەرە بە دینی موسا و تەورات دەدا.

---

[6] ئەو دەربڕینەی تەورات. بەڵگەیەکی زانستی نییە. بەڵکوو تەنیا دەربڕینی باوەڕە لە ناو دەقی تەورات سەبارەت بە موسا. بۆیە ناکرێ وەک بەڵگەنامەیەکی زانستی ببینرێ. مەبەستی سەرەکی لەو نموونەیە بەراوردێکی نێوان تەورات سەبارەت بە موسا لەدەقە پیرۆزەکانیدا. لەگەڵ قورئان کە هیچ زانیارییەک، سەبارەت بە ڕەچەڵەکی محمد نادۆزرێتەوە.

پەیمانی نویێ ئینجیلی مەتیاس ٥: ١٧

(١٧) وا بیرمەکەنەوە، من هاتووم تەورات یان نووسراوی تری پەیامبەران بسڕمەوە. من بۆ سڕینەوەیان نەهاتووم. بەڵکوو بۆ تەواوکردنیان هاتووم.

ئینجیلەکان نەک تەنیا ڕەچەڵەکی یەسومان پێدەناسێنن. بەڵکوو ئەوەشمان پێدەڵێن کە ئەرکی چی بوو. و پرۆسە و ئامانجی لە بانگەیێشەکەی، بۆ باوەڕدارانی بە ڕوونی دەخەنە ڕوو.

کەچی سەبارەت بە محمد و دینەکەی هیچ شتێک، لە قورئان، وەک پەرتووکی پیرۆزی ئیسلام، سەبارەت بەڕەچەڵەک و لەدایکبوون و تەمەنی هەرزەکاری نادۆزرێتەوە. تەنانەت هیچ لەڕاڤەکاران و مێژوونووسانی ئیسلام، و بیۆگرافینووسانی، وەک ئیبن ئیسحاق و ئیبن هشام و .... هتد.ڕاستەوخۆ ئاوڕیان لەوە نەداوەتەوە. کە ئایا محمد پێش بانگەیێشی ئیسلام، وەک ڕەهەندێکی مێژوویی، لەسەر کام دین بووە. ئامانج لە هاتنی ئیسلام چیبووە؟ یان هەر لە سەرەتادا وەک نەبی دەستی بە بانگەیێشکردووە. یان بانگەیێشەکەی بۆ شتێکیتر بووە؟

خۆ ئەگەر پرسی هاتنی دینی ئیسلام، دژی بوتپەرستی و هاوبەشی بۆ خودا بووبێ. ئەوەیان ناتوانێ جێی باوەڕبێ. چونکە بەر لە ئیسلام و بە سەدان ساڵ، هەردوو دینی یەهودی، یەهودی نەسارێ و یەعقوبیەکان، لە خاکی حیجاز و دەوروبەریژینگەی مەککە و یەتروب هەبوون. و بەرمەیدان و چالاکەنە داوای یەکتاپەرستیان دەکرد. بنەماڵەی محمدیش زۆریان سەر بە یەهودی نەسارێ بوون. و لە نزیکەوە ئاگاداری یەکتاپەرستی و ڕێبازەکانی بوون. محمدیش خۆی لەوژینگەیە لەدایک بووە و گەورەبووە. ئەوەی جێگەی سەرنجە، گشت کولتوور و لیتورگی ئیسلام، تا توانیویانە خۆیان لەم پرسیارە بواردووە. و لە هیچ شوێنێک نابینین، سەرڕاست و بە ئاشکرا ئاماژەی پێکرابێ. ئەوەش وایکردووە ببێتە پرسێکی تابوو (قەدخە) لە ناو موسوڵمانان. تا ئێستاشی لەگەڵ دابێ. بنەچەکەی دینی بنەماڵەی

بەنی هاشم و محمد بە پەنهانی ماوەتەوە. سەرەڕای ئەو خۆبواردن، و گۆزە بەدەرخوون کردنە، لێرە و لەوێ لێتۆژەرەوە دەتوانێ ناڕاستەوخۆ، لە دەربڕینەکانی ناو ئایەتەکانی قورئان و کەلەپووری نووسراوی کۆنی بەر لە ئیسلام. و ڕەوتی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئیسلامی بەراپی، سەرەداوێک سەبارەت بە کۆمەڵگەی قورەیش، و دینی بنەماڵەی محمد وەدەست بێنێ. و بیکاتە پرۆسەی بەدواداچوون، و گەیشتنە هەندێ وەڵامی لۆژیک و ڕاییکەر.

لە ماوەی ئەو چوار هەزار ساڵەی دینە ئیبراهیمیەکان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بە هەر هۆکارێک بێ، زۆربەی ڕووداو و خاڵە گرنگەکانی مێژوو تێکەڵاوکراون. یان بە هەڵە لێکدراونەتەوە. و چیرۆکی سەیرو سەمەریان لەسەر دروستکراون. ئەو چیرۆکانەش بوونەتە چمکی پیرۆز. و نەک تەنیا شوێنی پیرۆزیەکانیتریان گرتۆتەوە. بەڵکوو وەک هێمایەک ڕەنگدانەوەیەکی بەهێزی لەناو ئەدەب و کەلەپووری گەلێری هەبووە. وەک کەلەپوورێکی پیرۆز لەناو دەروونی تاکەکانی کۆمەڵ ڕەگی داکوتاوە. هەر ئەوەشە هۆکاری ئەوەی، ئەگەر ڕاستکردنەوەی ئەستەمیش نەبێ ئەوا زۆر سەختە.

لەو چەند سەدەیەی کۆتایی، لێتۆژینەوەی هاوچەرخ توانیویەتی تا ئاستێکی باش هەنگاو بۆ ساخکردنەوەی ڕووداوە مێژوویەکان باوێ و بتوانێ زۆر لەو چیرۆکانە ڕاستکاتەوە. بەڵام ئەو قۆناخە، کاتێکی زۆری دەوێ. تا کۆمەڵ بتوانێ هزری خۆی لەو چیرۆکە خورافیانەی بە گوتی و دەگێڕنەوە پاککاتەوە. لە جیاتی ڕیالیستانە و دوور لە کاریگەری هات و هاواری ڕێبەرانی دین، خۆی بیرکاتەوە و لەسەر تێگەیشتنی خۆی بڕیار بدا. نموونەیەکی باناوبانگ ڕەنگە زۆربەمان بەر گوێمان کەوتبێ، پرسی موسا و کێوی توورە:

بەناو بانگترین شوێنی پیرۆز لە بیابانی سینا، بە درێژایی چەندین سەدە، کێوی توور بووە. گوایە لەو شوێنە خودا قسەی لەگەڵ موسا کردووە. و دە فەرمایشتەکانی داونەتێ. کەچی ئەو دەربڕینە، بە هیچ شێوەیەک، ڕێی تێناچی ڕاست بێ. و لەگەڵ تەورات یەک ناگرێتەوە.

پەیمانی کۆن - پەرتووکی دەرچوون ١٩٠: ١٠ - ١٣

(١٠) هەروەها یەزدان بە موسای فەرمووی: بڕۆ لای گەل و ئەمڕۆ و بەیانی تەرخانیان بکە. با جلەکانیان بشۆن و (١١) ئامادە بن بۆ ڕۆژی سێیەم، چونکە لە ڕۆژی سێیەم یەزدان لەبەرچاوی هەموو گەل دێتە خوارەوە بۆ سەر کێوی سینا .(١٢) بە چواردەوری کێوەکەدا سنوور بۆ گەل دادەنێیت و دەڵێیت: ئاگاداری خۆتان بن، بەسەر کێوەکە مەکەون و دەست لە لێوارەکەی مەدەن، چونکە هەرکەسێک دەست لە کێوەکە بدات دەبێت بکوژرێت .(١٣) ئاژەڵ بێت یان مرۆڤ، نابێت بژیێت، دەبێت بەردباران یان تیرباران بکرێت، بەبێ ئەوەی کەس دەستی پێی بکەوێت. بەڵام لە کاتی فووکردنێکی بەهێز بە کەڕەنادا، ئەوان لە کێوەکە نزیک دەبنەوە.

دەبینین لە تەورات، باسی کێوی سینا دەکا. بە هیچ شێوەیەک نە باسی کێوی توور دەکا. نە پیوەندی بە موساوە هەیە. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کریستیانەکانی سەرەتایی، زۆر گرنگیان بەو کیوە دەدا. تا ئەو ئاستەی، بۆ لەخودا نزیکبوونەوە دێری (سانت کارتین) یان



دێری سانت کاترین لە داوێنی کێوی توور. دوای دەیان جار نۆژەنکردنەوە، تا ئێستاش هەر ئاوەدانە.

له سەدەی چوارەمی س.ب لە نزیک کێوی توور دروستکرد.

بەڵام دوای ماوەیەکی باش دەرکەوت، چیای سینای تەورات و ئەو شوێنە جوگرافیە، پەیوەندیان بە یەکەوە نییە. پیرۆزی کێوی توور، چیرۆکێکی سەردەمەکانی زۆر کۆنترە. تەنیا بۆ ئەو مەبەستە هەڵبەستراوە. ئەو باوەڕە لە سەرەتای کریستیانەکانی سەرەتایی، تا زۆر درەنگ هەر بەردەوام بوو. دوایی بە تێپەڕبوونی کات نەما.[7]

نموونەیەکی لەوەش سەرسوڕهێنەرتر، چیرۆکی کەسایەتی و ڕەچەڵەکی یەسو (عیسا)یە. کە نەک تەنیا دینی کریستیانی چەواشەکردووە. تێکەڵاوبوونی ڕەچەڵەک و کەسایەتی یەسو، لە ناو کەلەپووری ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا ڕۆچووە. ئەو تێکەڵاویە نەک تەنیا دینی کریستیان و یەهودی نەساڕی گرتۆتەوە. بەڵکوو قورئان و سەرجەمی ئیسلامیشی گرتۆتەوە.

تیکەڵاوی یەکەم

ناو و پەیامی کریست لە لەدایک بوونی، یا بە بانگهێژی دین، دەستی پێنەکردووە. بەڵکوو پاشخانێکی دوورتری هەیە.

لە سەردەمی سولەیمان پاشای کوڕی داود، سەرتاسەری خاکی ئیسرائیل پێکەوە، یەک پاشانیشین بوو. بەڵام دوای نەمانی سولەیمان. وولاتی ئیسرائیل، دوای چەند پشت دواتر، لەلایەن ئیمپراتۆری ئاشووری لە ساڵی ٧٢١ پ.س.ب باکووری وولاتی ئیسرائیل داگیرکرا. دوای ئەو داگیرکردنە، تەنیا بەشی باشووری مابوو بە ناوی وولاتی یەهودا [8] کە کاتی خۆی

---

[7] De Prèmare, Alfred-louis (2002) The foundations of Islam, between Writing and History.

[8] یەهودا ڕەچەڵەکی داود پاشایە، و دەوڵەتەکەشی هەر بە ناوی ڕەچەڵکی خۆی دامەزراند.

داود دایمەزراندبوو. بێجگە لە خاکی یەهودا هیچ جێگایەکیتر بەدەستی یەهودیان نەمابووەوە. لەوە بەدواوە هەر کەسی لە وڵاتی یەهودا، دەبووە پاشا، سوێندی دەخوارد تەختی پاشایەتی لە خزمەتی خودا بەکاربێنێ. ئەوەش لە بۆنەیەکی (ڕیتوال) تایبەتی سەریان بە ڕۆن چەوردەکرد (مسح). بۆ ئەوەی ببێتە کریست (مسیح) بۆ خودا. لەوە بە دواوە کریست بووە نازناوێک بۆ پاشاکانی یەهودا، کە لە ڕەچەڵەکی داود بوون. وا دەزانرا ئەو پاشایانە کریستی چاوەڕوانکراون (مسیح المنتظر) کە هیوای دروستبوونەوەی پاشایەتی ئیسرائیلی بەفیڕۆچوویان لێدەکرا. [9]

نازناوی کریست (مسیح) لە دینی کریستیانی و ئیسلام تەنیا بۆ یەسو بەکاردێ، کەچی هەر لە دوای داگیرکردنی باکووری ئیسرائیل لەلایەن ئاشووریەکەنەوە. بۆ پاشاکانی یەهودا یەک لە دوای یەک، بۆ هەر هەموو پاشاکان بەکاردەهات.

تێکەڵاوی دووەم

یەسو (عیسا) کە بەرەچەڵەک دەگەڕایەوە سەر بنەماڵەی داوود، لەڕەچەڵەکی یەهودابوو. بۆیە داوای پاشایەتی بەنی ئیسرائیلی دەکرد.

کاتی یەسو دەیەویست داوای تەختی پاشایەتی بکا، نەک بە تەنیا داوای یەهودای دەکرد، بەڵکوو بەتەمای ئەوەبوو، ببێتە پاشای هەموو ئیسرائیل. بەڵام براکانی لەسەر ئەو ڕایە بە توندی دژی وەستانەوە. [10] و سووربوون لە سەرئەوەی، کارێکی ئەستەمە، باشترە بچێتە یەهودا. کە هەم جێگای باو و باپیرانیانە. ڕەنگە هەوڵەکانی لەوێ ئاسانتربێ. ئامۆژگاریان ئەوەبوو، هەندێک هاوڕی لەگەڵ هەندێ لەو پارانەی، کە بە میرات لە باوکیەوە پێی براوە،

[9] الصلیبی، کمال البحث عن یسوع – قراءة جدیدة فی الأناجیل ص ١٨ -١٩
[10] ئەو نارەزاییەی براکانی بەرامبەر یەسو، بووە هۆی ناکۆکییەک، تا یەسوش لە خاچدرا هەر مابوو.

لەگەڵ خۆی ببا. بۆ ئەوەی هەوڵبدا ببێتە والی یەهودا. کە لەو کاتەدا پیلاتۆس پۆنتی فەرمانڕەوابوو. کەچی لە ناوچەی جەلیل کە بنەماڵەی یەسوی لێدەژیان. لەو کاتەدا هیرۆدس ئەنتیباس کوڕی شا هیرۆدسی مەزن، فەرمانڕەوا بوو. واتە ناوچەی یەهودا کە ئۆڕشەلیم بەرەو خوارەوە، و ناوچەی جەلیل کە دەکەوتە باکووری یەهودا، دوو ویلایەتی جیاوازی ئیمپراتۆری ڕۆم بوون. [11]

بەڵام کاتی یەسو گەیشتە ئۆڕشەلیم داوای پاشایەتی سەرتاسەری ئیسرائیلی کرد. هەر بەو هۆیەشەوە پیلاتوس پۆنتی فەرمانڕەوای یەهودا. دوای گیرانی یەسو لە ئۆڕشەلیم. پرسیاری لێ دەکا:

پەیمانی نوێ – ئینجیلی مەتیاس ٢٧: ١١

(١١) یەسوعیش لەبەردەم فەرمانڕەوا ڕاوەستا، فەرمانڕەوا لێی پرسی،
گوتی: ئایا تۆ پاشای جولەکەی؟
عیساش فەرمووی: تۆ دەڵێیت.

لە وەڵامی لەخۆبووردەیی و بێباکی یەسو، حاخامەکانی یەهودی تۆقاندبوو. لەبەر ئەوەی دەیانزانی. کەمترین پشتگیریان بۆ داواکاری یەسو بۆ پاشایەتی سەرجەم خاکی بەنی ئیسرائیل، ئیمپراتۆری ڕۆم وولات کاولدەکا.

لە سەرەتادا حاخامەکانی یەهودی لە ئۆڕشەلیم، ئامۆژگاری و ڕێنماییان دەکرد. دەیانگوت کە ئێمە دان بە تۆدادەنێین. لەبەر ئەوە تۆ لە ڕەچەڵەکی داودی، بۆیە کریستی چاوەڕوانکراوی. بەڵام داواکردنی تەختی پاشایەتی ئیسرائیل، لە کاتێکدا کە لەژێر دەستەڵاتی ئیمپراتۆری ڕۆم دایە، کارێکی زۆر خراپە، بۆ بنەماڵەی خۆت و سەرجەمی نەتەوەی ئیسرائیل.

---

[11] الصلیبی، کمال البحث عن یسوع – قراءة جدیدة فی الأناجیل ص ٦٢- ٦٣

کەچی یەسو، لەسەر ئەوە سووربوو. کە تەختی پاشایەتی ئیسرائیلی دەویست. و دەیەویست پاشانیشینی خودای یەهود دروستکاتەوە. لەوێدا بە شێوەی سینیسیستێک لە وڵاتی یەهودا، ببێتە پاشای وڵاتی خودا.

حاخامەکانی یەهودی، لەسەرەتا هەوڵیاندەدا، بە بەڵین و ترساندن یەسو پەشیمان کەنەوە. بەڵام سەرنەکەوتنیان بەدەست نەهێنا. لە کۆتاییدا گیراو بردرایە بەر دەم سەرۆکی کاهینەکان لە ئۆرشەلیم بۆ دادگاییکردن، لەسەر ئەو بانگەشەکردنەی کە کریست داودی چاوەڕوانکراوە، نەک لەسەر هیچیتر. لە کۆتایی بڕیاری مەرگی درا و درایە دەستی دەستەڵاتداری ڕۆمانی بۆ جێبەجەکردنی لە خاچدانی. [12]

لە دینی کریستیانی و دینی ئیسلام بە شێوەیەکی تر ئەو ڕووداوانە لێکدراونەتەوە. و هەر لە سەرەتای پرۆسەی بەردەوامی دوای یەسو، پەیڕەوکارانی بوونە دوو ڕێباز یەهودی نەساری [13] و کریستیانی. کە بۆ ماوەی دوو هەزار ساڵە بێجگە لە داگیرکاری و یەکتری قڕکردن و ماڵوێرانی هیچی تریان لە دوای خۆیان جێ نەهێشتووە.

لەلایەکیتر ووشەی کریست، دیارییەکی خودایی نەبووە، تەنیا بۆ بۆ یەسو. بەڵکوو نازناوێک بووە بۆ گشت پاشاکانی وڵاتی یەهودا. کە جێی هیوای گەڕانەوەی سەرجەم خاکی ئیسرائیلن. یەسو داوای پاشایەتی کردووە، نەک نەبیەتی. پرۆسەی نەبیەتی و دینێک بەناوی یەسو دوای مەرگی سەری هەڵداوە.

---

[12] الصلیبی، کمال البحث عن یسوع – قراءة جدیدة فی الأناجیل ص ١٦٩

[13] دینی ئیسلام بەردەوامی یەهودی نەسارییە، کە لە دەقەکانی ئەو پەرتووکە دەگەڕێینەوە سەری.

## تێکەڵاوی سێیەم

قورئان ئاماژە بە مریەم دەکا، کە یەسوی بەبێ پیاو بووە. و کچی عومران و خوشکی هارون بووە. ئەگەر مریەم خوشکی هارون و کچی عمران بووبێ، کەواتە لە ڕەچەڵەکی لێڤیە و سەربە بەنی ئیسرائیلن، لە تیرەی هارون. کە تاکە ڕەچەڵەکن، کاهینیان هەبێ. لە تەورات پەرتووکی دەرچوون عمران باوکی هارون و موسایە. و خوشکێکیان هەیە بەناوی مریەم. هارونیش یەکەم کاهینە ![14]

تێکەڵاویەکی گەورە لە نێوان کەسایەتی یەسووی نلسری لەلایەک و کەسایەتی یەسووی کوڕی مریەم کراوە. گشت ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن مریەم خوشکی موسا بووە. یەسوی (یەشو) کوڕی کاتی خۆی یەکێک لە نەبیەکانی ئیسرائیلی بووە. هەندێک لە پەیڕەوکارانی بە خودای دادەنێن. ئەوەش لە سێ ئینجیلەکانی مەتیاس، لوکاس و مارکوس دا هاتووە. نەک لە ئینجیلی یۆهانێس. لە قورئان خودا گلەیی لە یەسو دەکا:

القرآن الكريم – سورة المائدة : ١١٦

> خودا گووتی: ئەی عیسای کوڕی مریەم! تۆ بە خەڵکەت گوتووە – بێجگە لە خودا- دەبێ ئێوە من و دایکم وەک دوو خودا بپەرستن. گوتی: پاکی و بێ خەوشی هەر شیاوی تۆیە. من ڕێم ناکەوێ هیچ شتێ جگە لە ڕاستی ببێژم. ئەگەر ئەو قسەم کردبا خۆت دەتزانی. هەرچییەکی بە ناخی دڵیشم دا ببوورێ، تۆ دەیزانی. تەنیا منم دەربارەت هیچ نازانم. هەر تۆ لە هەموو نەدیاران ئاگاداری. (١١٦)

---

[14] الصلیبی، کمال البحث عن یسوع – قراءة جدیدة فی الأناجیل ص ١١٦ - ١١٧

ئەو تێکەڵاوکردنە، ڕێی تێناچێ، لەیەک کاتدا یەسو کوڕی مریەمی خوشکی هارون بێ، و لە هەمان کاتدا یەسوی کوڕی یوسفی دارتاش بێ. لەبەرئەوەی:

١ سەردەمی مریەمی خوشکی هارون و موسا، لەگەڵ سەردەمی یەسوی ناسری کوری یوسفی دارتاش، نێوانیان نزیکەی هەزار و پێنج سەد ساڵە.

٢ لە هیچ سەرچاوەیەک دیارنییە، یەسوی ناسری کوڕی یوسفی دارتاش، دایکی ناوی چیبووە. بەپێی بەڵگەنامەکان مریەم ناوی پووری یەسو بووە، دەکاتە دایکی سایمۆن، نەک دایکی یەسو. لەلایەکیتر بە گەواهی هەر چوار ئینجیلەکان و نامەکانی پاولۆس، یەسوی ناسری لە بنەماڵەی داود بووە. لە ڕەچەڵەکی یەهودا.

٣ جیاوازی ئەو دوو کەسایەتییە تەنیا سەردەم نییە. ئەگەر یەسو کوڕی مریەمی خوشکی هارون بێ، ئەوا لە ڕەچەڵەکی لێڤی و کاهینن. ئەوەش لە تەورات پەرتووکی دەرچوون خودا خۆی ناوی هارون دێنی.

پەیمانی کۆن – پەرتووکی دەرچوون ٧: ٨ – ٩

> (٨) خودا بە موسا و هارونی فەرموو :(٩) کاتێک فیرعەون لەگەڵتان دەدوێت و دەڵێت: پەرجوو بکەن. تۆ بە هارون دەڵێیت: گۆچانەکەت لە دەستت بگرە و فڕێیبدە پێش فیرعەون، ئیتر دەبێتە مارێکی شاخدار.

کەچی بنەماڵەی دواد لە ڕەچەڵەکی یەهودان، زۆر دواتر هاتوون، و بە بنەچەکە میراتگری پاشایەتی بەنی ئیسرائیل بووین. هەر ئەوەشە یەسو داوای تەختی پاشایەتی داود و سلێمان دەکا، کە سەرتاسەری ئیسرائیل دەگرێتەوە. نەک تەنیا یەهودا.

ئەو کێشەیەش بە هۆکارێکی نادیار لە هەرسێ ئینجیلی لوکاس، و مارکوس و مەتیاس تێکەڵ بووە. و ناوی یەسوی کوڕی مریەمی خوشکی هارون، لە یەسوی ناسری کوڕی یوسفی دارتاش نراوە. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە لوکاس و مەتیاس لەوەش تێدەپەڕێنن. بە

شێوەی ئینجیلی عیبرانی (ئەپۆکریف) کە یەهودیە نەسڕیەکان پەیڕەویان دەکرد. دەڵێ لەدایکبوونی یەسو، لە پاکیزەیەک بەناوی مریەم. لە هەمان کاتدا دەڵێن، یەسو لە ڕێگای یوسفی بلوکی، بنەماڵەی داودە. [15]

ئەو تێکەڵاویانە لە پەرتووکی پیرۆزی دینەکان، وەک ڕێبازێکی ئایدیۆلۆژی بەردەوام هاتوون. و بە درێژایی تێپەڕبوونی کات بوونەتە دیاردەی بەڵگەنەویست و پیرۆز.

ئەو نموونانەی سەرەوە، مشتێکن لە خەڵواری ئەو هەڵە و تێکەڵاوکردنانەی ڕووداو و دیاردەکانی، ناو پەرتووکی پیرۆزی دینەکان وا ڕۆچوون. کە ئەرکی لێتۆژەرەوەی مێژوو، بۆ ڕاستکردنەوەیان هەم کارێکی پێویستە و هەمیش ئەگە ئەستەمیش نەبێ زۆر سەختە.

بێگومان لە ناو مێژووی ئیسلامیش، سەدان ڕووداو و چیرۆکی لەو شێوەیە هەن، کە ڕووداوە ڕاستیەکانیان گومکردووە. و لە جێگای ئەوان ڕووداوێکی ساختە یان ئەفسانەیەکی بۆ هۆنراوەتەوە. بۆیە زۆر گرنگە لە ڕێگای، بە دواداچوونی زانستی ساخبکرێنەوە. مێژوو تا دەکرێ ڕێچکەی ڕاستی خۆی بدۆزێتەوە.

---

[15] هەمان سەرچاوە

# پەرتووکە دینییەکان و ژیانی یەسو و نزیکانی

لە ناو هەردوو پەرتووکی ئینجیل و قورئان، چەند کەسایەتی هەن لە هەردوو دینی کریستیان و ئیسلام پیرۆزن، لەوانە مریەم، زەکەریا، یەحیا و یەسو. سەرەڕای هەندێ جیاوازی و شێوەی بینینی ئەو پیرۆزیانە. وەک کەسانی مەزن و نموونەی پاکی سەیردەکرێن.

بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی پیرۆزیان لەو دوو دینە، باشترە سەرنجێک لە ژیان و کەسایەتیان بدەین. ئەوسا بەراوردێک لە نێوان ئینجیل و قورئان بکەین.

هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بڵێین، کە هەر چوار لەو کەسایەتیانە بێجگە لە کەسایەتی دینی، وەک مێژووش بوونیان هەبووە. تەنانەت لە ئینجیل قۆناخەکانی ژیانیان، لەگەڵ سەردەم و دەستەڵات سەرکردەی مێژوویش دیریکراوە. کە دەکرێ ببێتە دەریچەیەک بۆ پەیوەندی مێژوویی و ساخکردنەوەیان. دۆزینەوەی هەڵە و ڕاستی دەربڕینەکانی دینی. لێرەدا مەبەست تەنیا سەردەم و کەسایەتی و ڕووداوە مێژوویەکانن، نەک ئەفسانەی بێ بنەما.

## لەدایکبوونی مریەم

وەک کەسایەتی مێژوویی ئەو کەسانە بەتایبەتی یەحیا و یەسو هەبووین و مێژوونووسان باسیان کردوون، لەڕووی دینیەوە، مێژووی ژیان و کارەکانیان هەر لە دایکبوونەوە تا دەگاتە مردنیان، بە شێوەی جیاجیا، و تەم و مژاوی باسکراوە.

بێجگە لە چوار ئینجیلی قانوونی،  زۆر ئینجیلی ئەپۆکریفا[16] هەن. ئەو ئینجیلانەی ئێستا لەبەردەست دان ژمارەیان ١٣ ئینجیلن:

ئینجیلەکانی سەبارەت بە منداڵی مریەم

- ئینجیلی تۆماسی ئیسرائیلی.
- ئینجیلی پێشەکی یاقوب.
- ئینجیلی مگداڵی عەرەبي.
- ئینجیلی لەدایکبوونی مریەم و لەدایکبوونی وفادار.
- ئینجیلی لەدایکبوونی مریەم.

ئینجیلی سۆز

- ئینجیلی پێترۆس.
- ئینجیلی نیکۆدیمۆس.

ئینجیلی گنووسی[17]

- ئینجیلی تۆما.
- ئینجیلی یۆحەنا.

---

[16] ئەپۆکریف (Apocrypha) ئەو پەرتووکە پیرۆزانەن، کە بە یاسایی دانانرێن، لەگەڵ ئەوەشدا دەقەکانیان، لە کەنیسە و سیناگۆگ بەکاردێن. کە دەکرێ بۆ زانیاری تاک بخوێندرێنەوە، بەڵام نابێ وەک پەرتووکی فەرمی دین بۆ خەڵکی بەکاربێن.

[17] گنۆسی (وشەیەکی یۆنانی کۆنە gnostikos، واتە(خاوەن زانیاری). زاراوەیەکی هاوچەرخە بۆ کۆمەڵێک هزری دینی، لە کولتووری دینی جولەکە- کریستیان، بۆ ئەو ڕەوتە یان لایەنانە بەکاردێ، کە خاوەنی زانیاری بن. لە دەوروبەری 1-200 س.ب. بە پشتبەستن بە لێکدانەوەی تایبەت بۆ تەورات و پەرتووکە

ئینجیلەکانی ئەگرافا[18] (نەنووسراو)

کورتەی ئینجیلە گومبووەکان

- ئینجیلی عیبرانی.
- ئینجیلی ئەبیونی.
- ئینجیلی میسریان.
- گێڕانەوەی مەتیاس.

ئەو ئینجیلانە لە ڕەهەندی جیاواز، چیرۆکەکان دەگێڕنەوە. و لە زۆر شوێن ئاماژە بە کەسایەتی مێژووی دەکەن. ئەوەش ڕێگا دەدا، توێژەر بەراوردێکی مێژوویی لەگەڵ دەقەکانی ئینجیلەکان بکا. و هەڵە یان ڕاستی لە گێڕانەوکان دیاربکرێ.

## لەدایکبوونی مریەم بەپێی گێڕانەوەی یاقوب

یاقوبی زڕبرای یەسوی کریست، ئینجیلێکی ئەپۆکریف (المنحول)ی بەناوە. لەو ئینجیلە باسی لەدایکبوونی مریەمی دەکا. بە ئاسانی ئایەتەکانی قورئان سەبارەت بە مریەم و زەکەریا و یەحیای تێدا دەدۆزرێتەوە.

---

[18] ئەگرافا (Agrapha) ئەو ئینجیلانەن،یا ئەو گەواهیانەن، گوایە قسەی یەسوی کریستن. نەنووسراونەتەوە. چیرۆکەکانی ئەگرافا سەرەڕای ئەوەی لە ئینجیلە قانونیەکان دانین، بەڵان چیرۆک و پەندەکانیان بە زۆری لای باوکانی کەنیسە بەکاردێن.

ئەو ئینجیلە، یەک لە ئینجیلەکانی ئەپۆکریفە، بەناوی یاقوب قسە دەکا و دەڵێ:

٢٥ یاقوب ڕوو لە بیابان دەکا

من یاقوبم کە ئەو چیرۆکەم نووسیوە. لە کاتی ئەو یاخیبوونەی لە ئۆرشەلیم، کە لەلاین ئەو کەسەی پێی دەگوترا هیرۆدس (هاندرابوو) وڕووژێندرابوو. هەر دوای ئارامبوونەوەی گێژاوەکە گەڕامەوە. سوپاسی خودا دەکەم، کە ئەرکی نووسینی ئەم چیرۆکەی پێدام. بڕشت لەگەڵ ئەوانەی لە پەروەردگارمان یەسوی کرست دەترسن، کە شکۆمەندی و هێزیان بۆ بێت لەگەڵ باوک و گیانی پیرۆزی ژیانبەخش، ئێستا و بۆ هەمیشە و هەتا هەتایە. ئامین.[19]

لەو ئینجیلە دا هاتووە، کە باوکی مریەم ناوی یواکیم و دایکی ناوی هانا بووە. هیچ منداڵیان نەدەبوو. لە بە ئەوەی هانا نەزۆک بوو. لە نەرێتی جولەکە هەرکەسێک منداڵی نەبوایە، لە پەرستگا بەڵاگێڕی لێ وەرنەدەگیرا. لە ڕۆژی جەژنی هەنوکاهـ (Hanukkah)، یواکیم وەک ئەو خەڵکە بەڵاگێڕی بۆ پەرستگای خودا برد. کەچی یەک لە ڕابینەکان[20] دێتە پێش یواکیم و پێی دەڵێ بەڵاگێڕی تۆ وەرناگیرێ، تۆ منداڵی ئیسرائیلت نیە. یواکیم لەبەر خەمباری و سووکایەتی ڕابین، سەرهەڵدەگرێ و ڕوو لە بیابان دەکا. و ڕەشماڵێک هەڵدەدا و لە ناو مێگەلە ئاژەڵەکانی، بۆماوەی چل ڕۆژ و چل شەو بەڕۆژوودەبی و هیچ ناخوا و ناخواتەوە. تەنیا دەپاڕێتەوە و نوێژ دەکا.

[19] الأناجيل المنحولة، إنجيل يعقوب التمهيدي، ترجمة أسكندر شديد (٢٠٠٤) الكنيسة في الشرق (٨) دير السيدة النصر – نسبية غوسطا. ص ٤٨

[20] لە ئینجیلی ولادة مریم ئەو ڕابینە ناوی ئیساشار بووە.

هانای ژنیشی خەم دایدەگرێ لەلایەک نەزۆکە و منداڵی نابێ و لەلایەکیتر مێردی سەری هەڵگرتووە. و هیچ هەواڵێکی نییە، هانا بۆتە بێوەژن.

لەبەر خەم و ئازارەکانی دەچێتە ناو باخچە، و دەگری و دەپاڕێتەوە. لە ناکاو فریشتەی خودا بەلایدا فڕی و پێی گوت: ئەی هانا، خودا نزاکانتی بیست. سکت پڕ دەبێ و منداڵت دەبێ. نەوەکانت، لە سەرتاسەری جیهان بەناوبانگ دەبن. هانا گوتی: سوپاس بۆ خودا، جا کوڕبێ یا کچ هەرچیم بێ، پێشکەشی خودای دەکەم. ژیانی لە خزمەتی خودادادەبێ.

جا فریشتە هاتن و گوتیان: ئەوە یواکیمە، مێردیەتی لەگەڵ مێگەلەکەی. فریشتەی خودا بۆ لای دابەزی، و گوتی: ئەی یواکیم، ئەی یواکیم، خودا گوێی لە پاڕانەوەت بوو، ژنەکەت هانا، دووگیان دەبێ. یواکیم دابەزی و بانگی شوانەکانی کرد، و گوتی: دە سەر مەڕی ساغ و بێ کەم و کوڕیم بۆ بێنن، تا پێشکەشی کاهینەکان و پیرانی ماڵی ئیسرائیلیان بکەم. هەروەها سەد بەرانم بۆ بێنن. ئەو بەرانانە هەموویان بۆ گشت خەڵکە. جا یواکیم لەگەڵ مێگەلەکەی بەرەو ماڵ هاتەوە.

هانا لە بەر دەرگای ماڵ بوو. تێبینی کرد یواکیم لەگەڵ مێگەلێ مەڕ دێ، ڕایکرد و خۆی خستە باوەشی. و گوتی: ئێستا دەزانم خودای پەروەردگار دیاری پێ بەخشیم. لەبەر ئەوەی من بێوەژن بووم، و ئێستا بێوەژن نیم، و هەروەها نەزۆک بووم، ئێستا دووگیانم. لەو ڕۆژەوە یوکیم لە ماڵەکەی حەسایەوە.

لە چیرۆکەکە هانا دووگیان دەبێ و منداڵێکی دەبێ ناوی لێدەنێن مریەم. کاتی مریەم تەمەنی گەیشتە دوو ساڵ، یواکیم بە هانای گوت مریەم دەبەینە پەرستگا، دەبێ لە کۆتەڵ، لە

خزمەتی خودادابێ. بەو شێوەیە مریەم دەبردرێتە کۆتەڵ، لەوێ کاهینەکان خزمەتی دەکەن. زەکەریای کاهین، بەردەوام سەردانی مریەمی دەکرد.[21]

لە قورئانیش باسی لەدایکبوونی مریەم دەکا.

سورة آل عمران ٣: ٣٦ – ٣٩

فَلَمَّا وَضَعَتۡهَا قَالَتۡ رَبِّ إِنِّي وَضَعۡتُهَآ أُنثَىٰ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا وَضَعَتۡ وَلَيۡسَ ٱلذَّكَرُ كَٱلۡأُنثَىٰۖ وَإِنِّي سَمَّيۡتُهَا مَرۡيَمَ وَإِنِّيٓ أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ (٣٦) فَتَقَبَّلَهَا رَبُّهَا بِقَبُولٍ حَسَنٖ وَأَنۢبَتَهَا نَبَاتًا حَسَنٗا وَكَفَّلَهَا زَكَرِيَّاۖ كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيۡهَا زَكَرِيَّا ٱلۡمِحۡرَابَ وَجَدَ عِندَهَا رِزۡقٗاۖ قَالَ يَٰمَرۡيَمُ أَنَّىٰ لَكِ هَٰذَاۖ قَالَتۡ هُوَ مِنۡ عِندِ ٱللَّهِۖ إِنَّ ٱللَّهَ يَرۡزُقُ مَن يَشَآءُ بِغَيۡرِ حِسَابٍ (٣٧) هُنَالِكَ دَعَا زَكَرِيَّا رَبَّهُۥۖ قَالَ رَبِّ هَبۡ لِي مِن لَّدُنكَ ذُرِّيَّةٗ طَيِّبَةًۖ إِنَّكَ سَمِيعُ ٱلدُّعَآءِ (٣٨) فَنَادَتۡهُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَهُوَ قَآئِمٞ يُصَلِّي فِي ٱلۡمِحۡرَابِ أَنَّ ٱللَّهَ يُبَشِّرُكَ بِيَحۡيَىٰ مُصَدِّقَۢا بِكَلِمَةٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَسَيِّدٗا وَحَصُورٗا وَنَبِيّٗا مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ (٣٩)

جا کاتی، سکەکەی دانا، گوتی خوداکەم، من مێینەیەکم بوو، و خودا دەزانێ کە جێ بووە، و نێرینە وەک مێینە نییە. و من ناوم ناوە مریەم. و من ئەو و نەوەکانی بە تۆ دەسپێرم، لە شەیتان بیپارێزی (٣٦) جا خوداکەی بە چاکی لێی قبووڵ کرد، وەك نەمامێك بە جوانی پەروەردەی کرد و زەکەریا لە ئەستۆی خۆی گرت، هەر چەند جارێك زەکەریا لە میحراب لێی دەچووە ژوور، دەیبینی خۆراکی لایە، دەیگوت ئەی مریەم لە کوێت بوو ئەوە؟ دەیگوت: ئەوە لە لایەن خوداویە، لە ڕاستیدا خودا بێ سنوور ڕزق بە کەسێك دەدا کە خۆی دەیەوێت. (٣٧) هەر لەوێ زەکەریا نزای بۆ

[21] الأناجيل المنحولة، إنجيل يعقوب التمهيدي، ترجمة أسكندر شديد (٢٠٠٤) الكنيسة في الشرق (٨) دير السيدة النصر – نسبية غوسطا. ص ٣١ - ٤٨

خوداکەی کرد و گوتی: خوداکەم منداڵێکم لە لای خۆتەوە نەوەیەکی نایابم پێ ببەخشە، لە ڕاستیدا هەر خۆت بیستەری نزای (٣٨) جا یەکسەر فریشتە بانگی کرد و گوتی لە کاتێکدا ئەو لە میحراب نوێژی دەکرد: خودا مژدەی یەحیات پێ دەبەخشێ کە وتەی خودا دەسەلمێنێ، وە پایەدار و دوورەپەرێزە لە شەهوات، وە پێغەمبەرێکە لە پیاوچاکەکان. (٣٩)

لە قورئان هەمان چیرۆکی ئینجیل دەگێڕێتەوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ناوی دایک و باوکی مریەم نابا، هەرچەند لە ئایەتی تر بە کچی عومران یان خوشکی هارون نناوی دێنێ.
القرآن الكريم - سورة مريم ١٩: ٢٨

يَٰٓأُخۡتَ هَٰرُونَ مَا كَانَ أَبُوكِ ٱمۡرَأَ سَوۡءٖ وَمَا كَانَتۡ أُمُّكِ بَغِيّٗا (٢٨)
هۆ خوشکی هارۆون، تۆ نە باوکت پیاوخراپ بوو. و نەدایکیشت داوێن پیس (٢٨)

لە ئایەتێکیتر هەمان هەڵە دووبارە دەکاتەوە:
سورة التحريم ٦٦: ١٢
وَمَرۡيَمَ ٱبۡنَتَ عِمۡرَٰنَ ٱلَّتِيٓ أَحۡصَنَتۡ فَرۡجَهَا فَنَفَخۡنَا فِيهِ مِن رُّوحِنَا وَصَدَّقَتۡ بِكَلِمَٰتِ رَبِّهَا وَكُتُبِهِۦ وَكَانَتۡ مِنَ ٱلۡقَٰنِتِينَ (١٢)
مریەمی کچی عیمران کە پارێزگاری لە ناوگەڵی خۆی کرد، جا ئێمەش لە گیانی خۆمان فوومان تێکرد، و بڕوای بە وتەکانی خودای هەبوو، و لە گوێڕایەڵان بوو. (١٢)

باوکی مریەمی دایکی یەسوی کریست، ناوی عیمران نییە، بەڵکوو ناوی یواکیم بوو، و دایکی ناوی هانا بوو، هەرچەندە لە هیچ کام لە ئینجیلە قانوونیەکان باس نەکراوە، کەچی لە ئینجیلی لەدایکبوونی مریەم ئەپۆکریف (المنحول) ئاماژەی پێدەکا.

له ئایەتێکیتر، دووباره به دایکی مریەم دەڵێ هاوسەری عیمران،

سورة آل عمران ٣: ٣٥

إِذۡ قَالَتِ ٱمۡرَأَتُ عِمۡرَٰنَ رَبِّ إِنِّي نَذَرۡتُ لَكَ مَا فِي بَطۡنِي مُحَرَّرٗا فَتَقَبَّلۡ مِنِّيٓۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ (٣٥)

کاتی هاوسەری عیمران گوتی، ئەی پەروەردگاری من. ئەو منداڵەی کەوتۆتە تۆڵم، من پێشکەشی تۆی دەکەم (٣٥)

کەچی له ئینجیل ناوی باوکی یواکیم و ناوی دایکی هانایه. له ئینجیل هانا گلەییه لەوه ناکا که مریەم کچه، کەچی له قورئان هانای دایکی گلەیی دەکا که منداڵەکەی مێیەنەیه، و نێریه نەبووه. تەنیا له پاڕانەوەی گوتوویەتی هەرچی بێ، له خزمەتی خودای دادەنێ.

# زەکەریا و یەحیای لە ئاوهەڵکێش

Sakaria and John the Baptist

بەپێی پەیمانی نوێ زەکەریا لەگەڵ ژنێک بەناوی ئەلیزابێت، لە ڕەچەڵەکی هارون هاوسەرگیری کردووە. منداڵیان نەدەبوون، لەبەر ئەوەی ئەلیزابێت نەزۆک بووە. و زەکەریا کە لە تەمەنی لە سەرووی ٩٠ ساڵی بوو، هێشتا هیچ منداڵیان نەبوو.زەکەریا متمانەی بە ئامۆزاکانی لە پەرستگای سلێمان نەبوو.

بەپێی نەریتی جولەکە، کە نۆرەی زەکەریا هاتە ناو ئۆڕشەلیم، تا لەوێ خزمەت بکات، لە خودا پاڕایەوە، کە جێنشینێکی شایستەی بداتێ، کە ببێتە میراتگری و بنەماڵەی یاقوب.

لەو کاتەدا مریەم لە پەرستگا لە کۆتەڵ بوو، زەکەریا سەردانی دەکرد، و لە دڵی خۆی لە خودا دەپاڕایەوە، کە منداڵێکی بداتێ، و ووچاخکوێر نەبێ.

موسڵمان و کریستیان باوەڕیان وایە، کە فریشتە جبرائیل، دابەزی بۆ لای و مژدەی کوڕێکی بە ناوی (یۆحەنا) یەحیای پێدا. و وەک نیشانەی ئەو مژدە خۆشە زەکەریا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لاڵ بوو، و نەیتوانی قسە بکا. زەکەریا بەڵاگێڕگای پەرستنی بەجێهێشت و چووە لای گەلەکەی و شەو و ڕۆژ فێری گۆرانی شکۆمەندی خودای دەکردن. بەگوێرەی ئینجیلی لوقا، کاتێک ویستوویانە ناوی کوڕەکەی بە ناوی خۆیەوە بنێن، زەکەریا، داوای تابلۆیەک دەکا، و ناوی یەحیای لەسەر نووسیوە، کە ناوێکی بێ وێنەی بوو.

له دینی کریستیانی زەکەریا باوکی یۆحەنای لەئاوهەڵکێشە، بەڵام پەیامبەر نییە، بەڵکو پیاوچاک و ڕاستگۆ و کاهینی ڕێبازی ئەبییە سالکە. پەیڕەوکاری هەموو فەرمانەکانی پەروەردگار بووە.

## لەدایکبوونی یەحیا

پەیمانی نوێ ئینجیلی لۆقا ١: ٥ – ٢٥

لەدایکبوونی یەحیا

(٥) لەو سەردەمەی هێرۆدسی باوک پاشای یەهودیا بوو، کاهینێک لە نۆرەی نەوەی ئەبیا هەبوو ناوی زەکەریا، ئەلیساباتی ژنیشی لە نەوەی هارون بوو .(٦) هەردووکیان لەبەرچاوی خودا ڕاستودروست بوون، بێ گلەیی بوون لە پەیڕەوکردنی هەموو ڕاسپاردە و حوکمەکانی خودا. (٧) بەڵام منداڵیان نەدەبوو، چونکە ئەلیسابێت نەزۆک بوو، هەردووکیشیان بە ساڵدا چووبوون.

(٨) کاتێک زەکەریا لە نۆرەی کۆمەڵەکەی خۆیدا کاروباری کاهینییێتی جێبەجێ دەکرد لەبەردەم خودا، (٩) بەگوێرەی نەریتی کاهینییێتی، تیروپشکی کەوتە سەر تاکو بچێتە ناو پەرستگای خودا و بخوور بسووتێنێ. (١٠) لە کاتی سووتانی بخوورەکەدا، خەڵکی هەموو لە دەرەوە نوێژیان دەکرد.

(١١) لەوێ فریشتەیەکی خودای بۆ دەرکەوت، لەلای ڕاستی قوربانگای بخوور ڕاوەستابوو. (١٢) کاتێک زەکەریا فریشتەکەی بینی، پەشۆکا و ترسی لێ نیشت. (١٣) بەڵام فریشتەکە پێی گوت: زەکەریا مەترسە، چونکە پاڕانەوەکەت بیسترا، ئەلیسابێتی ژنیشت کوڕێکی بۆت دەبێ و ناوی لێ

دەنێیت یەحیا. (١٤) ئەو دەبێتە مایەی خۆشی و شادی بۆ تۆ، زۆر کەس بە لەدایکبوونی دڵخۆش دەبن، (١٥) چونکە ئەو لەبەرچاوی خودا دەبێتە کەسێکی مەزن و پایەبەرز. هەرگیز شەراب و مەی ناخواتەوە. لە سکی دایکییەوە پڕدەبێ لە گیانی پیرۆز و (١٦) زۆر لە ڕۆڵەکانی ئیسرائیل بۆ لای خودای پەروەردگاری خۆیان دەگەڕێنێتەوە (١٧) بە گیان و توانای ئەلیاسەوە پێش خودا دەکەوێ، تاکو دڵی باوکان بۆ لای منداڵەکان ڕابکێشێ و یاخیبووانیش بۆ لای دانایی ڕاستودروستان بگەڕێنێتەوە، بۆ ئەوەی گەلێکی ئامادە بۆ خودا پێکبهێنێ.

(١٨) زەکەریاش بە فریشتەکەی گوت: بە چی ئەمە بزانم، چونکە خۆم پیرم و ژنەکەشم بە ساڵدا چووە؟

(١٩) فریشتەکە وەڵامی دایەوە: من جبرائیلم لەبەردەم خودا ڕادەوەستم، نێردراوم تاکو لەگەڵت بدوێم و ئەم مژدەیەت بدەمێ. (٢٠) ئەوەتا لە ئێستاوە تۆ لاڵ دەبیت و توانای قسەکردنت نامێنێت هەتا ئەو ڕۆژەی ئەم شتانە ڕوودەدەن، چونکە باوەڕت بە قسەکەم نەکرد، ئەوەی لە کاتی خۆیدا دێتە دی.

(٢١) خەڵکەکە چاوەڕوانی زەکەریایان دەکرد و سەرسام ببوون لە دواکەوتنی لەناو پەرستگادا. (٢٢) کاتێک هاتە دەرەوە نەیتوانی لەگەڵیان بدوێ، جا زانییان کە لە پەرستگادا بینینێکی بۆ ئاشکرا کراوە، چونکە بە ئیشارەت لەگەڵیان دەدوا و بە لاڵی مایەوە.

(٢٣) کاتێک ڕۆژانی خزمەتکردنەکەی تەواوبوو، گەڕایەوە ماڵ. (٢٤) دوای ئەو ڕۆژانە، ئەلیسابێتی ژنی سکی پڕبوو، پێنج مانگ خۆی شاردەوە و دەیگوت: (٢٥) خودا ئەوەی بۆ کردم، لەو ڕۆژانەدا چاکەی خۆی نیشان دا و ئابڕووی منی لەنێوخەڵکدا کڕییەوە.

له ئیسلام زەکەریا بن بەرخەیال کە پێیان دەگوت زەکەریا بن دان. و لە ئایەتەکانی قورئان حەوت جار ناوی هاتووە:

پەیمانی کۆن ئینجیلی لوکاس ١: ٥٧ – ٦٦

(٥٧) ئەلیزابێت کاتی منداڵبوونی هات و کوڕێکی بوو .(٥٨) جا دراوسێ و خزمانی بیستیان خودا دەرگای بەزەیی فراوانی خۆی بۆ کردووەتەوە، لەگەڵی شادمان بوون.

(٥٩) لە ڕۆژی هەشتەمدا بۆ خەتەنەکردنی منداڵەکە هاتن، لەسەر ناوی باوکی ناویان لێنا زەکەریا. (٦٠) بەڵام دایکی گوتی: نەخێر، ناوی دەنرێت یەحیا.

(٦١) پێیان گوت: کەس لە خزمانت بەم ناوە ناونەنراوە.

(٦٢) ئینجا ئاماژەیان بۆ باوکی کرد، دەیەوێت چ ناوێکی لێ بنێ. (٦٣) تەختەیەکی داوا کرد و لەسەری نووسی: ناوی یەحیایە. هەموو سەرسام بوون. (٦٤) دەستبەجێ دەم و زمانی زەکەریا کرایەوە، قسەی کرد و ستایشی خودای دەکرد. (٦٥) هەموو دراوسێکانیان ترسیان لێ نیشت و لە سەراپای ناوچە شاخاوییەکانی یەهودیا هەموو ئەم شتانە بوو بە قسە و باسی سەر زاری خەڵکی. (٦٦) هەموو ئەوانەی ئەم باسەیان بیست لە دڵی خۆیاندا گوتیان: ئایا ئەم منداڵە دەبێتە چی؟ چونکە دەستی یەزدانی لەگەڵ بوو.

له قورئان زەکەریا مزگێنی یەحیای دەدرێتێ

سورة مريم ١٩: ٢ - ١٢

ذِكۡرُ رَحۡمَتِ رَبِّكَ عَبۡدَهُۥ زَكَرِيَّآ (٢) إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥ نِدَآءً خَفِيّٗا (٣) قَالَ رَبِّ إِنِّي
وَهَنَ ٱلۡعَظۡمُ مِنِّي وَٱشۡتَعَلَ ٱلرَّأۡسُ شَيۡبٗا وَلَمۡ أَكُنۢ بِدُعَآئِكَ رَبِّ شَقِيّٗا (٤) وَإِنِّي
خِفۡتُ ٱلۡمَوَٰلِيَ مِن وَرَآءِي وَكَانَتِ ٱمۡرَأَتِي عَاقِرٗا فَهَبۡ لِي مِن لَّدُنكَ وَلِيّٗا (٥) يَرِثُنِي
وَيَرِثُ مِنۡ ءَالِ يَعۡقُوبَۖ وَٱجۡعَلۡهُ رَبِّ رَضِيّٗا (٦) يَٰزَكَرِيَّآ إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَٰمٍ ٱسۡمُهُۥ
يَحۡيَىٰ لَمۡ نَجۡعَل لَّهُۥ مِن قَبۡلُ سَمِيّٗا (٧) قَالَ رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي غُلَٰمٞ وَكَانَتِ
ٱمۡرَأَتِي عَاقِرٗا وَقَدۡ بَلَغۡتُ مِنَ ٱلۡكِبَرِ عِتِيّٗا (٨) قَالَ كَذَٰلِكَ قَالَ رَبُّكَ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٞ
وَقَدۡ خَلَقۡتُكَ مِن قَبۡلُ وَلَمۡ تَكُ شَيۡـٔٗا (٩) قَالَ رَبِّ ٱجۡعَل لِّيٓ ءَايَةٗۖ قَالَ ءَايَتُكَ أَلَّا
تُكَلِّمَ ٱلنَّاسَ ثَلَٰثَ لَيَالٖ سَوِيّٗا (١٠) فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوۡمِهِۦ مِنَ ٱلۡمِحۡرَابِ فَأَوۡحَىٰٓ
إِلَيۡهِمۡ أَن سَبِّحُواْ بُكۡرَةٗ وَعَشِيّٗا (١١) يَٰيَحۡيَىٰ خُذِ ٱلۡكِتَٰبَ بِقُوَّةٖۖ وَءَاتَيۡنَٰهُ ٱلۡحُكۡمَ
صَبِيّٗا (١٢)

ئاماژە بە دڵۆڤانی خوداکەت بکە بۆ بەندەکەی کە زەکەریایە. (٢)کە بانگی خوداکەی کرد بە دەنگی نزم (٣) گوتی خوداکەم، من ئێسکم نەرم بووە، و سەرم سپی بوو، و خوداکەم لە نزاکانم بەندەیەکی سەرکێش نەبووم (٤)و من لە دوای خۆم لە هەوادارەکانم دەترسم، و ژنەکەم نەزۆکە، جا منداڵێکم پێ ببەخشە، کە ببێت بە خزمەتکاری خۆت (٥) میراتگری من و بنەماڵەی یاقوب بێ، و خوداکەشم ڕازی بکا (٦) ئەی زەکەریا موژدەی منداڵێکت پێ دەدەین، کە ناوی یەحیایە، و پێشتر هیچ کەسێکمان بەو ناوە نەکردووە (٧) گوتی خوداکەم چۆن دەکرێ منداڵم بێ، و ژنەکەم نەزۆکە، و بە هۆی گەورەییم تەڕاییم لێبڕاوە (٨) گوتی بەو جۆرەیە، خوداکەت گوتی بۆ من ئەوە کارێکی ئاسانە، و لە پێشوو تۆم دروستکردووە، و تۆ شتێک نەبووی (٩)

گوتی خوداکەم نیشانەیەکم بۆ دابنێ، گوتی نیشانەکەت ئەوەیە، کە تا سێ ڕۆژ لە دوای یەک، قسە لەگەڵ خەڵک ناکەی (١٠) ئەوەبوو لە میحراب بۆ لای خەڵکەکە دەرچوو، جا نیشانەی بۆیان کرد، کە بەیانیان و ئێواران پیاهەڵدان بکەن (١١) ئەی یەحیا پەرتووکەکە بەهێز بگرە، و ژیرمەندینا لە منداڵییەوە پێیدا (١٢)

سورة الأنبياء ٢١: ٨٨ - ٩١

فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ وَنَجَّيۡنَٰهُ مِنَ ٱلۡغَمِّۚ وَكَذَٰلِكَ نُۨجِي ٱلۡمُؤۡمِنِينَ (٨٨) وَزَكَرِيَّآ إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥ رَبِّ لَا تَذَرۡنِي فَرۡدٗا وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلۡوَٰرِثِينَ (٨٩) فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ وَوَهَبۡنَا لَهُۥ يَحۡيَىٰ وَأَصۡلَحۡنَا لَهُۥ زَوۡجَهُۥٓۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ وَيَدۡعُونَنَا رَغَبٗا وَرَهَبٗاۖ وَكَانُواْ لَنَا خَٰشِعِينَ (٩٠) وَٱلَّتِيٓ أَحۡصَنَتۡ فَرۡجَهَا فَنَفَخۡنَا فِيهَا مِن رُّوحِنَا وَجَعَلۡنَٰهَا وَٱبۡنَهَآ ءَايَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ (٩١)

جا وەڵامێکمان پێی دایەوە و لە تەنگاوە ڕزگارمانکرد، و بەو شێوەیە باوەڕداران ڕزگاردەکەین (٨٨) و زەکەریا، کە بانگی خوداکەی کرد، خوداکەم بە تەنیایی وازم لێ مەهێنە، و خۆت باشترین میراتگری (٨٩) سا وەڵاممان دایەوە، و یەحیامان پێی بەخشی. و هاوسەرەکەیمان بۆی چاککرد، ئەوان خێرابوون، لە جاکەکردن، و خۆویستانە بەهۆی تۆقینانەوە، لە ئێمە دەپاڕانەوە. لە بەرامبەر ئێمە ملکەچ و زەلیل بوون (٩٠) ئەو ژنەیکە ناوگەڵی خۆی پاراست، سا ئێمەش لە ڕۆحی خۆمان فوومان کردە ناوی، و خۆی و کوڕەکەیمان کردە پەڕجوو بۆ خەڵک (٩١)

سورة الأنبياء ٢١: ٨٩

وَزَكَرِيَّا إِذْ نَادَى رَبَّهُ رَبِّ لَا تَذَرْنِي فَرْدًا وَأَنْتَ خَيْرُ الْوَارِثِينَ (٨٩)

و زەکەریا کە بانگی خوداکەی کرد، (گوتی) خوداکەم بە تەنیایی وازم لێ مەهێنە، وە خۆت باشترین میراتگری. (٨٩)

لە قورئان لە ٤ سورەت ناوی هاتووە:

سورة آل عمران ٣: ٣٩ – ٤١

فَنَادَتْهُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَهُوَ قَآئِمٌ يُصَلِّي فِي ٱلْمِحْرَابِ أَنَّ ٱللَّهَ يُبَشِّرُكَ بِيَحْيَىٰ مُصَدِّقًۢا بِكَلِمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَسَيِّدًا وَحَصُورًا وَنَبِيًّا مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ (٣٩) قَالَ رَبِّ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي غُلَٰمٌ وَقَدْ بَلَغَنِيَ ٱلْكِبَرُ وَٱمْرَأَتِي عَاقِرٌۖ قَالَ كَذَٰلِكَ ٱللَّهُ يَفْعَلُ مَا يَشَآءُ (٤٠) قَالَ رَبِّ ٱجْعَل لِّيٓ ءَايَةًۖ قَالَ ءَايَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ ٱلنَّاسَ ثَلَٰثَةَ أَيَّامٍ إِلَّا رَمْزًاۗ وَٱذْكُر رَّبَّكَ كَثِيرًا وَسَبِّحْ بِٱلْعَشِيِّ وَٱلْإِبْكَٰرِ (٤١)

جا یەکسەر فریشتە بانگی کرد و گوتی لە کاتێکدا ئەو لە میحراب نوێژی دەکرد: خودا مزگێنی یەحیات پێ دەبەخشێ، کە وتەی خودا دەسەلمێنێ، وە پایەدار و دوورەپەرێزە لە شەهوات، وە پەیامبەرێکە لە پیاوچاکەکان. (٣٩) گوتی خوداکەم چۆن منداڵم دەبێ، لە کاتێکدا من گەورە بووم و ژنەکەم نەزۆکە، گوتی خودا هەر شتێك بیەوێ دەیکا (٤٠) گوتی خوداکەم نیشانەیەکم بۆ دیاری بکە، گوتی: نیشانەکەت ئەوەیە کە نابێ قسە لەگەڵ خەڵکدا بکەی، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ تەنیا بە ئاماژە نەبێ، و زۆر یادی خوداکەت بکەوە و پیای هەڵبدە بە ئێواران و بەیانیان. (٤١)

# سەرەتایەک بۆ ژیانی کریست

بۆ تۆژینەوە لەسەر لە ژیان و کردوەوکانی یەسوی کریست. ئینجیلەکان یان قورئان، ناتوانن ببنە سەرچاوەی جێ متمانە، یان بەڵگەی مێژوویی، لەبەر ئەوەی یەکەم پێویستی بە بەدواداچوونێکی چەند ڕەهەندی هەیە، بۆ ڕووداو یان دیاردەکانی مێژوو. بۆیە ناتوانرێ بە تەنیا و بەبێ سەرچاوەی تر بۆ بەراوردکاری، شەن و کەو کردن، ببنە تاکە سەرچاوە، بۆ کارێکی وا ئاڵۆز. ئەوەش لەبەر سێ هۆکار.

یەکەم

چیرۆکەکانی ناو ئینجیل، دواتریش قورئان ڕووداو و چیرۆکی جیاوازن. و پەیرەوی کرۆنۆلۆژیا ناکەن و ڕووکەشن. دەقەکانی ناو ئینجیلەکان، لە ماوەی سی تا چل ساڵ[22] هەر بە شێوەی دەماو دەم مابووەوە، بە بەشێوەی گۆتە و چیرۆک دەگێڕدرایەوە. دوایی مزگێنیدەران هەر یەک بە شێوەی خۆی، دەی هۆنیەوە. پەیوەندی ئەو گێڕانەوانەش، لە چوارچێوەی ئینجیلی ئەدەبی، بنەڕەتێکی مێژوویی نەبوو. ئەوەش قەشە میخائیل مینا، بە ڕاشکاوی دەڵێ: ئێمە ئەوە ناشارینەوە، و یەسو ئینجیلی نەنووسیووە، و داواشی لە قوتابیانی نەکردووە بنووسن. بەڵکوو بە شێوەی دەماودەم لە نێردەکان وەریانگرتووە. ئەوەش هەمان ڕای پرتستانتیە کە دەڵێ: تۆمارکردنی ئینجیل، دەماودەم بووە. گواستنەوەی دەقەکانی، لە زمانی نێردەکان بووە.[23] ئەو بۆ چوونە پەرتووکە دینیەکانیش دەگرێتەوە، بۆ نموونە قورئان

---

[22] ئینجیل ووشەیەکی یۆنانییە، بە مانای مزگێنی یا هەواڵێکی خۆش دێ.

[23] القمص میخایل مینا () علم اللاهوت، ولیم، بارکلي(بلا) تفسیر انجیل مرقص ولیم بارکلي ص ١٤، النحال، د. بهاء (١٩٩٤) تأملات في الأناجیل و العقیدة. الطبعة الثانیة. ص ١٥

کۆکردنەوە و ڕێکخستنی هەر لە سەردەمی ئەبوبەکر تا سەردەمی عبدالملک بن مروانی خایاند.

ولیەم بارکلي مامۆستای پەیمانی نوێ لە زانکۆی گلاسکۆ، دەڵێ ئینجیلی مارکوس (مرقص) کۆنترین ئینجیلی نووسراوە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٦٥ س.ب.[24]

هەروەها لێیۆن مۆریس لە ڕاڤەکردنی ئینجیلی لوکاس (لۆقا) دەڵێ، زۆرترین نووسەران دەڵێن یەکەم ئینجیل هی مارکوسە، یەکەمین چوار موژدەدەر و باوەڕیان وایە ئەو ئینجیلە یەکەم بووە.[25] ڕەبەنەکانی یەسوعی ئەو پشتڕاست دەکەنەوە، کە مێژووی پەرتووکی ئینجیلی مارکوس لە نێوان ساڵانی ٦٥ تا ٧٠ س.ب بووە.[26]

العقادیش دەڵێ بەپێی کرۆنۆلۆژی مێژوو ئینجیلی مارکوس کۆنترین ئینجیل بوو. دوای ئەو ئینجیلی مەتیاس، و دوای ئەو لوکاس و لە کۆتایی یۆهانێس نووسراوە.[27]

ئەو گریمانەیە تەوراتیش دەگرێتەوە، بەر لەوەی ببێتە پەرتووک، کەلەپوورێکی میللی بوو، و هیچ بەڵگەیەکی نووسراوی نەبوو. بەڵکوو تەنیا مێشکی خەڵکی بە درێژایی هەزاران ساڵ هەڵیانگرتووە، لە ڕیتوال و پەرستنەکانیان دووبارەیان کردوونەتەوە. ئەوەش تاکە ڕێگابووە، کە باوەڕی جولەکەی پێ بگوازرێتەوە، و متمانەی پێبکرێ. ئەو کەلەپوورەش بە شێوەی گۆرانی بوو کە خەڵکی لە بۆنەکان دەیانگوتنەوە.

---

[24] ولیم، بارکلي (بلا) تفسیر انجیل مرقص، ص ١٤
[25] التفسیر الحدیث لإنجیل لوقا: لیون موریس ص 46
[26] تفسیر الرهبان الیسوعیون: الجدول التاریخي ص 3
[27] العقاد، عباس () عبقریة المسیح

له ئیسڕائیل وەک هەر گەلێکیتر، پەخشانە شیعر زۆر باو بووە. خەڵکی ئیسڕائیل بە ئاواز و گۆرانی دەیانگوتنەوە. لە هەندێ هەڵومەرجی مێژووی دەیگەیاندە ترۆپکی جۆش و خرۆش و شادی، لە باری ناخۆشیشدا دەگەیشتە قووڵایی بێ هیوایی. لە هەردوو بارەکەدا، پەخشانە شیعر بە گۆرانییەوە، دەکرایە هەوێنی دەربڕینی هەناسەدانی خۆشی و ناخۆشی و ئازار.

دووەم:

ئینجیل وەک پەرتووکی، هەموو دینەکانیتر، بە بەڵگەنامەی مێژوویی دانارێن، و وەک بەڵگەنامەی مێژوویش نەنووسراون. بەڵکوو پەیامی دینن، بۆ بەهێزکردنی باوەڕی دینداران. لەبەر ئەوە ناتوانرێ وەک بەڵگەنامەی مێژوویی بۆ تۆژینەوە باکاربهێنرێ. لە هەمان کاتدا سەختە بە ئاسانی جیاوازی لە نێوان ڕووداو و گۆتەی مێژوویی و نامێژوویی لە ژیانی کریست دابکرێ. لەوەش سەختتر، ئەوەیە ئایا ئەو قسانە بەڕاست هی یەسوی کریستن یان کەنیسە لێی زیادکردوون.[28]

هۆکاری سێیەم

سەختە بتوانی جیاوازی لە نێوان توخمی مێژوویی، و نامێژوویی لە ناو دەق ئینجیلەکان بکرێ، بەتایبەتی لەسەر ژیانی نەبی و پەیامبەران. سەرەڕای ئەوە سەختە بزانرێ، ئەو گۆتە و چیرۆکانە بەڕاستی هی یەسو، موسا یان هی خودان، یان دواتر فیقهەکانی دین، لەسەریان زیادکردوون.

[28] النحال، د. بهاء(١٩٩٤) تأملات في الإنجيل و العقيدة. الطبعة الثانية. ص ١٥

چوارەم:

وەک لیتورگی و بانگهێژی کەنیسە دەڵێ، دەبێ دوانزە قوتابیەکانی کە ڕاستەوخۆ گوێیان لە قسەکانی کریست بووە، و ڕووداوەکانیان بە چاوی خۆیان بینیووە، هەر ئەوانەش بووین کەلەپووری دەماودەمیان بۆ خەڵکیتر گواستۆتەوە.

بەڵام بە پێی دەقەکانی ئینجیل، نابێ لە ئاستی ئەو بەرپرسیارەتییە دابووبن، و توانای تێگەیشتنیان لەو ئاستە دابووبێ، کە بتوانن فێرکارییەکانی مامۆستایان فلتەربکەن و ڕاڤەی لۆژیک بۆ مزگینی دین، بە شێوەیەکی لۆژیک هەڵێنجن. بەڵگەی ئەوەش بە دەیان جار یەسوی کریست لە ناو دەقەکانی ئینجیل، خۆی سەرزەنشتی قوتابیەکانی کردووە، کە خراپ تێدەگەن و کەم درک بە ناوەرۆکی پەیامەکانی دەکەن، و باوەڕیان لاوازە، و گومانی لێیان هەبووە، سەرەڕای ئەوەی، ئەو قوتابیانە نزیکترین کەسانی بووین. و بە درێژایی دوو هەزار ساڵە ئەوان هەڵگری ئاڵای ئەو دینەن و قسەکانی ئەوانن، بوونەتە هەوێنی مزگێنی دین، لە گشت ڕێبازەکان.

پەیمانی نوێ ئینجیلی مارکوس ٧: ١٧ - ١٨

(١٧) کاتی خەڵکەکەی بەجێهێشت و هاتەماڵەوە، قوتابیەکانی بۆ نموونەکە پرسیاریان لێکرد. (١٨) پێی فەرموون: ئێوەش ئاوا تێنەگەیشتوون؟ ئایا تێناگەن کە هەرچی لە دەرەوەی مرۆڤەوە دێتە ناویەوە ناتوانێت گڵاوی بکات؟

پەیمانی نوێ ئینجیلی مارکوس ٨: ١٧ - ٢١

(١٧) یەسو زانی و پێی فەرموون: بۆ باسی ئەوە دەکەن کە نانتان پێنییە؟ ئایا هێشتا جیا ناکەنەوە و تێناگەن؟ ئایا دڵڕەقن؟ (١٨) خۆ چاوتان هەیە،

نابینن، گوێتان هەیە، نابیستن؟ هەروەها بیرتان نایەتەوە؟ (١٩) کاتی پێنج نانەکەم بۆ پێنج هەزارەکە لەتکرد، چەند سەبەتەی پڕ لە پەلکەنانتان هەڵگرتەوە؟

وەڵامیان دایەوە: دوازدە.

(٢٠) کاتێک حەوتەکەش بۆ چوار هەزارەکە، چەند سەبەتەی پڕ لە پەلکەنانتان هەڵگرتەوە؟

وەڵامیان دایەوە: حەوت.

(٢١) ئینجا پێی فەرموون: هێشتا تێناگەن؟

پەیمانی نوێ ئینجیلی مەتیاس ١٦: ٥ - ١٢

(٥) کاتێک قوتابییەکان گەیشتنە ئەوبەری دەریاچەکە، لەبیریان چووبوو لەگەڵ خۆیان نان ببەن. (٦) یەسو پێی فەرموون: وریابن، ئاگاداری هەویرترشی فەریسی و سەدوقییەکان بن.

(٧)لەناو خۆیاندا گفتوگۆیان کرد و گوتیان: لەبەر ئەوەیە کە نانمان نەهێناوە.

(٨) یەسو زانی و پێی فەرموون: ئەی کەم باوەڕینە، بۆچی لەنێو خۆتان دەڵێن نانمان نییە؟ (٩) ئایا هێشتا تێنەگەیشتوون؟ نایەتە بیرتان پێنج نانەکەی پێنج هەزارەکە و چەند سەبەتەشتان هەڵگرتەوە؟ (١٠) یان حەوت نانەکەی چوار هەزارەکە و چەند سەبەتەشتان هەڵگرتەوە؟ (١١) چۆن تێناگەن من باسی نانم بۆ نەکردن؟ لە هەویرترشی فەریسی و سەدوقییەکان ئاگاداربن! (١٢) ئینجا تێگەیشتن کە ئەو لە هەویرترشی نان ئاگاداریان ناکاتەوە، بەڵکو لە فێرکردنی فەریسی و سەدوقییەکان.

پەیمانی نویێ ئینجیلی لوکاس ١٨: ٣٤

(٣٤) بەڵام هیچ لەمە تێنەگەیشتن و ئەم باسە لێیان شاراوە بوو، ئەوەی گوترا درکیان پێی نەکرد.

جارێک سەبارەت بە نەبی ئیلیاس قسەی دەکرد، قوتابیانی بە هەڵە تێگەیشتن، کە مەبەستی یەحیای لە ئاوهەڵکێشە، ئەو و ئیلیاس جارێکیتر هاتوونەتەوە سەر زەوی. ئەوسا قوتابیەکانی تێگەیشتن.

پەیمانی نویێ ئینجیلی مەتیاس ١٧: ٩ - ١٣

(٩) کاتێک لە چیاکە دەهاتنە خوارەوە، عیسا فەرمانی پێدان: ئەمەی بینیتان بە کەسی مەڵێن، هەتا کوڕی مرۆڤ لەناو مردووان هەڵدەستێنرێتەوە.

(١٠) قوتابییەکانی لێیان پرسی: باشە بۆچی مامۆستایانی تەورات دەڵێن دەبێت یەکەم جار ئەلیاس بێت؟

(١١) عیسا وەڵامی دانەوە: ڕاستە، ئەلیاس دێت و هەموو شتێک ڕێک دەخاتەوە. (١٢) بەڵام پێتان دەڵێم: ئەلیاس هات و نەیانناسی، چییان ویست پێیان کرد. هەروەها کوڕی مرۆڤیش بە دەستیانەوە ئازار دەچێژێت. (١٣) ئەوسا قوتابییەکان تێگەیشتن کە باسی یەحیای لەئاوهەڵکێشی بۆ کردن.

مەبەستی یەسو لە وەڵامی قوتابیەکانی، ئەو شایەتییەی یەحیایە:

پەیمانی نویێ ئینجیلی یۆهانێس ١: ١٩ – ٢٥

شایەتیدانی یەحیا

(١٩) ئەمەش شایەتییەکەی یەحیایە، کاتێک ڕابەرانی جولەکەی ئۆرشەلیم کاهین و لێڤییان ناردە لای پرسیاری لێ بکەن: تۆ کێیت؟ (٢٠) ئەو دانی پێدا نا و نکۆڵی نەکرد، بەڵکو گوتی: من مەسیحەکە نیم.

(٢١) ئینجا لێیان پرسی: ئەی کێیت؟ ئەلیاسی؟ گوتی: نا، ئەو نیم.

ئەی تۆ پەیامبەرەکەی؟ گوتی: نەخێر.

(٢٢) ئینجا پێیان گوت: باشە تۆ کێیت؟ تاکو وەڵامێک بدەینەوە ئەوانەی کە ئێمەیان ناردووە، دەربارەی خۆت چی دەڵێی؟

(٢٣) یەحیا بە وشەکانی ئیشایای پێغەمبەر وەڵامی دانەوە و گوتی:

من ئەو کەسەم کە لە چۆڵەوانی هاوار دەکات:

ڕێگا بۆ هاتنی یەزدان ئامادە بکەن.

(٢٤) نێردراوانیش لە فەریسییەکان بوون، (٢٥) پرسیاریان لێکرد: ئەگەر تۆ کریست نی و ئەلیاس نی و پێغەمبەرەکەش نی، ئیتر بۆچی خەڵکی لە ئاو هەڵدەکێشی؟

# لەدایکبوونی کریست

سەبارەت بە مێژووی لە دایکبوونی یەسوی کریست، لە ناو ئینجیلەکان وەڵامێکی یەکلاکەرەوە نادۆزرێتەوە. بەڵکوو ناکۆکی نێوان ئینجیلەکان گۆمان لەسەر دروستی پەیدادەکا. بۆ نموونە لە ئینجیلی مەتیاس دەڵێ:

پەیمانی نوێ ئینجیلی مەتیاس ٢: ١ – ١٥

(١) لەدوای لەدایکبوونی عیسا لە بێتلەحمی یەهودا، لە سەردەمی شا هێرۆدس، هەندێک مۆغ لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتنە ئۆرشەلیم، (٢) پرسییان: کوا ئەوەی لەدایک بووە کە پاشای جولەکەیە؟ لە ڕۆژهەڵاتەوە ئەستێرەی ئەومان بینی، هاتووین کڕنۆشی بۆ ببەین.

(٣) کاتێک شا هێرۆدس ئەمەی بیست، پەشۆکا و هەموو خەڵکی ئۆرشەلیم لەگەڵی پەشۆکان .(٤) هەموو کاهینانی باڵا و مامۆستایانی تەوراتی گەلی کۆکردەوە، لێی پرسین: مەسیح لەکوێ لە دایک دەبێت؟ (٥) وەڵامیان دایەوە: لە بێتلەحم لە یەهودیا، چونکە لە ڕێی پێغەمبەرەکەوە ئاوای نووسیوە:

(٦)بەڵام تۆ ئەی بێتلەحمی خاکی یەهودا،
کەمتر نیت لە فەرمانڕەواکانی یەهودا،
چونکە لە تۆوە فەرمانڕەوایەک دەردەکەوێت،
شوانایەتی گەلی ئیسرائیلم دەکات.

(٧) هێرۆدسیش بە نهێنی مۆغەکانی بانگکرد و لەبارەی کاتی دەرکەوتنی ئەستێرەکە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردن .(٨) ئینجا بۆ بێتلەحمی ناردن و پێی گوتن: برۆن و بە وردی بەدوای منداڵەکەدا بگەڕێن. کاتێک دۆزیتانەوە هەواڵم بدەنێ، تاکو منیش بێم و کڕنۆشی بۆ ببەم.
(٩) لەدوای ئەوەی گوێبیستی پاشا بوون، ڕۆیشتن، ئەستێرەکەی لە ڕۆژهەڵات بینیبوویان، پێشیان کەوت هەتا لەسەر ئەو شوێنەی منداڵەکەی لێبوو ڕاوەستا. (١٠) بە بینینی ئەستێرەکە زۆر شادمان بوون، (١١) چوونە ماڵەکە، منداڵەکەیان لەگەڵ مریەمی دایکی بینی، دانەوین و کڕنۆشیان بۆ برد و گەنجینەکانیان کردەوە، زێڕ و بخوور و موڕیان بە دیاری پێشکەش کرد .(١٢) ئینجا خودا لە خەوندا مۆغەکانی ئاگادار کردەوە کە نەگەڕێنەوە لای هێرۆدس، ئەوانیش بە ڕێگایەکی دیکەدا گەڕانەوە وڵاتی خۆیان.

**هەڵاتن بەرەو میسر**

(١٣) کە ڕۆیشتن، فریشتەیەکی یەزدان هاتە خەونی یوسف و گوتی: هەستە منداڵەکە و دایکی ببە و ڕاکە بۆ میسر. لەوێ بمێنەوە هەتا پێت دەڵێم، چونکە هێرۆدس خەریکە بە شوێن منداڵەکەدا دەگەڕێت، بۆ ئەوەی بیکوژێت. (١٤) ئەویش هەستا و لە شەودا منداڵەکە و دایکی برد و بەرەو میسر ڕۆیشت .(١٥) هەتا مردنی هێرۆدس لەوێ مایەوە، هەتا ئەوەی یەزدان لە ڕێگەی پێغەمبەرەکەوە فەرموویەتی بێتە دی، کە دەفەرموێ: لە میسرەوە بانگی کوڕەکەی خۆمم کرد.

ئەگەر وەک لە ئینجیلی مەتی کریست، لە سەردەمی پاشا هیرۆدس (٧٣ – ٤ پ.س.ب)

(Herod the Great) له دایک بووبێ. ئەوا دەبێ چەند ساڵیک پێشتر، له سفر له دایک بووبێ. چونکه هیرۆدسی مەزن ساڵی چواری پێش زاین مردووه. به بەراورد لەگەڵ مێژووی لەدایکبوونی یەسوی کریست، نایەتەوه. که له دووکاتی جیاواز له دایکبووبێ. زۆربەی تۆژەران گرنگی زیاتر بەو مێژووەی زووتر دەدەن که له ئینجیلی مەتی هاتووه. چونکه ئەگەر مێژووی دواتر لێکبدەینەوه ئەوا هاوکێشەکان مەحاڵه لەگەڵ ڕەوتی بەسەرهاتەکانیتر یەک بگرنەوه ( که لێرەدا جێگای باسکردنییان نییه). ئەوەی زیاتر جێگای سەرنجه لەدایک بوونی مەسیح تەنیا له دوو ئینجیلی مەتیاس (مەتی) و لوکاس (لۆقا) باسکراوه. له هەردوو ئینجیلی مارکوس (مرقص ) و یۆهانێس (یوحنا) باس نەکراوه.[29]

هیچ سەرچاوەیەکی تر له بەردەست دانییه، که مێژووی لەدایک بوونی مەسیح به دروستی دیار بکا، خۆ ئەو دوو ئینجیلەش لەبەر جیاوازی دیاریکردنی ساڵی له دایک بوونی مەسیح ناتوانن جێگای متمانه بن. ئەوەش به ڕیکەوتنێک چارەسەرکرا که یەکەم ڕۆژژمێری زاینی ساڵی ١٥٨٢ زایینی که ناسراوه به ڕۆژژمێری گریگۆری. که لەسەردەمی پاپا گریگۆری ١٣ ەم ڕیکخراوه. ئەوەش به مەبەست ئەو ڕۆژه دانرا، لەبەر ئەوەی دەکەوێته نێوان هەردوو مێژووی جیاوازی نێوان ئینجیلی لوکاس (لۆقا) و ماتیاس(مەتی)[30]

ئەو مێژووه، به بەراورد لەگەڵ مردنی هیرۆدس تێکناکاتەوه. لەبەر ئەوەی هێرۆدس له ساڵی ٤ پ.س.ب له کۆتایی مانگی مارس مردووه.[31] هەڵبەته کاتی لەدایکبوونی یەسو، دەبێ

[29] Wikipedia. Gregorian Calendar.

[30] Harrison Dick. Hur blev Maria Magdalena prostituerad? Svenska dagbladet 8 april 2012

[31]جورج، سارتون(٢٠١٠) تاريخ العلم، الجزء السادس، ص 56، تفسير إنجيل متى: لجنة برياسة الانباغريغوريوس ص ٥٣

هیرۆدس هێشتا لە ژیان دابووبێ. کەواتە ئەوکاتەی کریست لەدایک بووە، دەبێ تەمەنی لە چوار ساڵ زیاتر بووبێ.

کەچی لە ئینجیلی لوکاس دەڵێ:
لەو کاتەی قەیسەر ئەوگوستۆس بڕیاری دەرکرد، سەرژمێری بۆ باجدان لە سەرتاسەری سەرزەمینی ئیمپڕاتۆری ڕۆم تۆماربکرێ. یەکەمین باج تۆمارکردنیش لەگەڵ دەستبەکار بوونی کویرینیوس لە سووریا دەستی پێکرد... دوای چەند دێڕێک بەردەوام دەبێ ... یوسف کە دەچێتەوە سەر بنەماڵەی داود، لە ناسیرە (ناصرە) لە جەلیل بۆ جوودێن ، بەرەو شاری داود بێت لەحیم بۆ سەرنووسی باج، لەگەڵ مریەم ،کە دەسگیرانی بوو، چاوەڕوانی منداڵ بوونی دەکرد.

پەیمانی نوێ ئینجیلی لوکاس ٢: ١ – ٦

(١) لەو ڕۆژانەدا لە ئۆگستۆس قەیسەرەوە فەرمانێک دەرچوو، کە دەبێ هەموو دانیشتووانی ئیمپڕاتۆریەتیەکەی ناونووس بکرێ. (٢) ئەوە یەکەم ناونووسین بوو، کاتێک کیرینیۆس فەرمانڕەوای سوریا بوو (٣) ئیتر هەرکەس بۆ ناونووسین دەچووە شاری خۆی.
(٤) یوسفیش لە جەلیل لە شاری ناسیرەوە بەرەو یەهودیا سەرکەوت بۆ شارەکەی داود کە پێی دەگوترێ بێتلەحم، چونکە لە بنەماڵە و تیرەی داود بوو، (٥) تاکو لەگەڵ مریەم ناونووس بکرێن کە مارەبڕی بوو و سکی هەبوو .(٦) کە لەوێ بوون، کاتی منداڵبوونی هات.

بەپێی لوکاس، دەبێ لەدایکبوونی کریست، لە سەردەمی ئیمپڕاتۆر لوسیوس سێپتیموس سیڤێروس (Lucius Septimius Severus) والی سوریا بووبێ.

ئەگەر کریست لەو ساڵە لەدایک بووبێ کە بەپێی ئینجیلی لوکاس باسکراوە، کە ئەو سالەی سەرژمێر، بۆ باجدان بە فەرمانی قەیسەر کراوەتە خورتی. زیاتر لەوەش هاوکات بووە لەگەڵ دەستبەکاربوونی فەرمانڕەوای سوریا کویرینیووس ( ئینجیلی لوکاس )ئەگەر سەیرێکی مێژووی کۆنی جوولەکانی مێژوونووس یوسێفوڤ بکەین کویرینیووس ساڵی شەشەمی زاینی دەستی بەکار کردووە. بە پێی ئینجیلی لوکاس دەبێ کریست سالی شەشی س.ب، لە دایک بووبی، نەک سالی سفر[32]. ئەوەش وەک لۆژیک ناتوانێ جێگای متمانەبێ لەبەر ئەوەی، ئەو سەرژمێریەی، کە لە ئینجیلی لوکاس ئاماژەی پێدەکا. مێژوونووس تەرتلیانوس دەڵێ، لە سەردەمی سێنتیوس ساتورنینوس والی سوریا لە کە لە ساڵی ٩ تا ٤ پ.س.ب بووە. ولیەم بارکلی مێژووی سەرژمێریەکە بە ساڵی ٨ پ.س.ب دیاردەکا.[33] بەو شێوەیە لە ئینجیلی لوکاس، هەم لە ناوی والی سوریا و هەم لە ساڵی سەرژمێری، بە هەڵە داچووە. بەو پێیەش بێ لەدایکبوونی کریست دەبێ لە ساڵی ٧ پ.س.ب بووبێ.

توێژەر بۆ بەدواداچوون و دۆزینەوەی توولەڕێگاکانی، جێ متمانە، کە دەرئەنجامێکی لۆژیکی، لەسەر ڕاستی بەسەرهات و ژیانی یەسو بداتێ، دەبێ بەدوای پەرتووکی مێژوویی دەرەوەی دین، یا شوێنەواری ئەرکیۆلۆژی دابگەڕێ.

## پەیوندی نێوان یەسو و یەحیا

یەسوی کریست خۆی یەک لەوانە بوو، هات بۆ ئەوەی لەلایەن یەحیای لە ئاوهەڵکێش و دوای ماوەیەکی کەم دەستی بە ئەرکی خۆی کرد. یەحیا بەهۆی ڕەخنەگرتنی لە

[32] تفسير العهد الجديد: إصدار دار الثقافة المسيحية ص 137
[33]وليم، باركلى (١٩٨٤) تفسير العهد الجديد - إنجيل لوقا، ص ٥٣

هاوسەرگیری نایاسایی هیرۆدس ئەنتیپاس زیندانی کرا. و دوای ئەوەی زڕکچەکەی سالۆم (Salome) ، داوای سەری کرد وەک پاداشتێک بۆ سەماکردنی بۆ میوانەکانی پاشا. [34]

پەیمانی نوێ ئینجیلی مەتیاس ٣: ١٣ – ١٥

(١٣) ئینجا عیسا لە جەلیلەوە هاتە ئوردون، تاکو لەسەر دەستی یەحیا لە ئاو هەڵبکێشرێ. (١٤) بەڵام یەحیا دەیویست ڕایگرێ و دەیگوت: من پێویستیم بەوەیە لەسەر دەستی تۆ لە ئاو هەڵبکێشرێم، کەچی تۆ دێی بۆ لای من؟

(١٥) عیسا وەڵامی دایەوە: ئێستا ڕێگا بدە، چونکە ئاوا لە ئێمە دەوەشێتەوە هەتا هەموو ڕاستودروستییەک تەواو بکەین. ئینجا ڕێی دا.

# کوشتنی زەکەریا

لە ماوەی ئەو کاتەی هێرودس بە دوای یەحیا دادەگەڕا، هەندێک ئەفسەری ناردنە لای زەکەریای باوکی یەحیا.

گوتیان: کوڕەکەت لە کوێ شاردۆتەوە؟

وەڵامی دایەوە: من کاهینێکم، لە خزمەتی پەروەردگار، و گشت بیرم لەسەرپەرستگای خودایە – نازانم کوڕەکەم لە کوێیە. نێردراوەکان ئەو وەڵامەیان بۆ هێرۆدس بردەوە.

بە ڕقەوە گوتی: ئەو کوڕیتی، کێ خاوەنی ئیسرائیلە، جارێکیتر ناردنیەوە، لای زەکەریا.

گوتیان: بە ڕاستی قسەبکە، کوڕەکەت لە کوێیە؟

---

[34] Encyclopedia Britannica - John the Baptist

نازانی خوێنت لە دەستی ئێمەدایە؟
کاتی نێردەکان قسەی پاشایان بە زەکەریا ڕاگەیاند، گوتی: من بە خودا سوێند دەخۆم، کە نازانم کوڕەکەم لە کوێیە. خوێنم بڕێژن، ئەگەر دەتانەوێ خوێنم بڕێژن، چونکە خودا گیانم وەردەگرێ. لەبەر ئەوەی، تۆ خوێنی بێتاوانێک دەڕێژی.
زەکەریایان لە ناو پەرستگای پەروەردگار کوشت.[35]

٢٤ تیرەکان بۆ زەکەریا دەگرین

کاهینەکان لە کاتی ئاشتی، چوونە پەرستگا، زەکەریا لەوێ نەبوو، بۆ ئەوەی پێشوازیان بکا. و بڕشتیان پێبدا، بەپێی داب و نەریت. ئەگەر ئەو بەریار نەکەوێ بۆیان، ئەوان نەیاندەوێرا بچنە ژوور. یەکێکیان کە لەوانیتر بوێرتربوو، چووە ناو پەرستگاکە. گەڕایەوە بۆ ئەوەی کاهینەکان لەوە ئاگادار بکاتەوە، کە زەکەریا کوژراوە، ئەوانیش ئەو کاتە چوونە ژوورەوە و بینیان چی ڕوویداوە. پەردە و پۆشاکەکانی پەرستگا شێوێندراوبوون. لە سەرەوە بۆ خوارەوە دادڕابوو. تەرمەکەیان نەدۆزیەوە، بەڵام خوێنی لە داڵانی پەرستگا، کڵۆمی وەک بەردی دروستکردبوو. بە ترسەوە چوونە دەر و بە خەڵکیان ڕاگەیاند کە زەکەریا کوژراوە و تیرەکانی گەل، سێ شەو گریاون. وە دوای ئەو سێ ڕۆژە. کاهینان کۆبوونەوە، بۆ ئەوەی یەکێک لە شوێنی ئەو هەڵبژێرن. تیروپشک کەوتە سەر سەمعان، و لەلایەن گیانی پیرۆز پێشبینی کرا، کە پێش ئەوەی کریست ببینێ دەمرێ. یعقوب.[36]

---

[35] الأناجيل المنحولة، إنجيل يعقوب التمهيدي، نص ٢٣، ص ٤٧

[36] الأناجيل المنحولة، إنجيل يعقوب التمهيدي، ترجمة أسكندر شديد (٢٠٠٤) الكنيسة في الشرق (٨) دير السيدة النصر – نسبية غوسطا. ص ٥٠

# کوشتنی یەحیا

پەیمانی کۆن ئینجیلی مارکوس ٦: ١٧ – ٢٩

کوشتنی یەحیا

(١٧) خودی هێرۆدس ناردبووی، لەبەر هێرۆدیای ژنی فیلیپۆسی برای، ئەوەی کە خواستبووی، یەحیای گرتبوو و لە زیندان بەستبوویەوە، (١٨) چونکە یەحیا بە هێرۆدسی دەگوت: دروست نییە براژنەکەت بخوازیت (١٩) ئیتر هیرۆدیا زۆر ڕقی لێی دەبووەوە و دەیویست بیکوژێت، بەڵام نەیدەتوانی، (٢٠) چونکە هێرۆدس لە یەحیا دەترسا، دەیزانی پیاوێکی ڕاستودروست و پیرۆزە، دەیپاراست. کاتێک گوێی لێ دەگرت زۆر دەشێوا، حەزیشی دەکرد گوێی لێ بگرێت.

(٢١) دەرفەتێک ڕێککەوت، کاتێک هێرۆدس لە جەژنی لەدایکبوونی بۆ گەورە پیاوانی و فەرماندەکانی و ماقوڵانی جەلیل خوانی سازکرد. (٢٢) کچی هیرۆدیا هاتە ژوورەوە و سەمای کرد. جا هێرۆدس و ئەوانەی لەگەڵی پاڵیاندابووەوە دڵخۆشی کردن.

پاشا بە کچەکەی گوت: ئەوەی دەتەوێت لە منی داوا بکە، دەتدەمێ. (٢٣) سوێندیشی بۆ خوارد: هەرچیم لێ داوا بکەیت دەتدەمێ، ئەگەر نیوەی شانشینەکەشم بێت.

(٢٤) ئەویش چووە دەرەوە و بە دایکی گوت: «داوای چی بکەم؟ گوتی: سەری یەحیای لەئاوهەڵکێش.

(٢٥) دەستبەجێ و بە پەلە هاتە ژوورەوە بۆ لای پاشا، داوای کرد و گوتی: دەمەوێت ئێستا سەری یەحیای لەئاوهەڵکێشم لەسەر سینییەک بدەیتێ.

(٢٦) پاشا زۆر دڵگران بوو. بەڵام لەبەر سوێندەکان و ئەوانەی لەگەڵی لەسەر خوان بوون، نەیویست ڕەتی بکاتەوە .(٢٧) پاشا یەکسەر پیاوکوژی نارد و فەرمانی دا سەری بهێنێت. ئەویش چوو و لە زیندان سەری بڕی، (٢٨) لەسەر سینییەک سەری ئەوی هێنا و دایە کچەکە، کچەش دای بە دایکی .(٢٩) قوتابییەکانی بیستیان، هاتن تەرمەکەیان هەڵگرت و لە گۆڕێکدا ناشتیان.

لە ئینجیلی مەتیاس (مەتی) هەمان چیرۆک دووبارە دەبێتەوە.

پەیمانی نوێ ئینجیلی مەتیاس ١٤: ١ - ١٢

(١) لەو کاتەدا هێرۆدسی ئەنتیپاس فەرمانڕەوای جەلیل ناوبانگی یەسوی بیست، (٢) بە پیاوەکانی گوت: ئەمە یەحیای لەئاوهەڵکێشە لەناو مردوواندا هەستاوەتەوە، لەبەر ئەوە کاری پەرجوو لەسەر دەستی ئەو دەکرێ.

(٣) هێرۆدس، لەبەر هێرۆدیای ژنی فیلیپۆسی برای، یەحیای گرتبوو و پەلبەستی کردبوو و خستبوویە زیندان، (٤) چونکە یەحیا پێی دەگوت: دروست نییە براژنەکەت بخوازی. (٥) هێرۆدسیش دەیویست بیکوژێ، بەڵام لە خەڵکەکە دەترسا، چونکە بە پەیامبەریان دادەنا.

(٦) لە جەژنی لەدایکبوونی هێرۆدس، کچی هێرۆدیا لەناوەڕاستی میوانانەدا سەمای کرد و هێرۆدسی دڵخۆش کرد، (٧) ئەوە بوو بە سوێندەوە بەڵێنی پێیدا، چی حەزی لێ بێت بیداتێ. (٨) کچەش بە فیتی دایکی، گوتی: لێرە لەسەر سینییەک سەری یەحیای لەئاوهەڵکێشم بدەرێ. (٩) پاشاش دڵگران بوو، بەڵام لەبەر سوێندەکان و میوانەکان، فەرمانی دا بیدەنێ. (١٠) ئینجا ناردی و لە زیندان سەری یەحیایان پەڕاند و (١١) سەرەکەی

لەسەر سینییەک هێنرا و درایە کچەکە، ئەویش بردییە لای دایکی. (١٢) قوتابییەکانی هاتن تەرمەکەیان هەڵگرت و ناشتییان. ئینجا هاتن هەواڵیان دایە عیسا.

یەحیا لە تەمەنی گەنجیدا لە بیابا، وەک دەروێشێک  دەژیا، یان وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی ئیسنییەکان، سەرنجی زۆری خەڵکی بۆ خۆی ڕاکێشا. لە ساڵی ٢٨ی س.ب، وەک نەبی لە دۆڵی ئوردن، قەراخی دەریای مردوو. بانگەشەی دادگایی تووڕەیی خودای دەکرد، کە نزیک بۆتەو، و داوای لە گوێگرەکانی دەکرد، تەوبە بکەن و خۆیان لە ئاوهەڵکێشن.

# کوشتنی یەحیا بە ڕای یۆسێڤوس

فلاڤیوس یۆسێڤوس، بە شێوەیەکیتر باسی سەربڕینی یەحیای لەئاوهەڵکێش دەکا، بەڕای یوسێفوس هوکاری کوشتنی یەحیا، لەلاین هێرۆدس، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، یەحیا کەسایەتی و سەرکردەیەکی کاریزمای  هەبوو. لایەنگیری زۆری لە ناو خەڵکی هەبوو هەر لە زیادیش دابوون، سەرەڕای ئەوەش قوتابی زۆری هەبوون، وەک فاکتەرێکی ترسی سیاسی گەورە دەبینرا. بۆیە هیرۆدس دەبوایە بە هەر شێوەیەک بێ، لەدەستی ڕزگاربێ.

ئەوەش دەقی نووسینی یۆسێفوڤە:

ئێستا هەندێک جولەکە پێیان وایە، لەناوچوونی سوپای هیرۆدس لە خوداوە هاتووە، و زۆر بە دادپەروەرانە، وەک سزای ئەوەی بەرامبەر یۆحەنا

کردی، پێی دەگوترا لەئاوهەڵکێش: چونکە هیرۆدس کوشتی، پیاوێکی باش بوو، فەرمانی بە جولەکان دەکرد کە دڵپاکی بەکاربێنن، چ لە ڕووی ڕاستودروستی بەرامبەر بە یەکتر، و چ لە پەرستن بەرامبەر بە خودا، و بەو شێوەیەش هاتنە سەر لەئاوهەڵکێشان؛ چونکە شۆردنەکە [(بە ئاو) لای ئەو وەردەگیرێ، ئەگەر سوودی لێ وەربگرن، نەک بۆ لابردنی (یان لێخۆشبوونی) تەنیا هەندێک گوناه، بەڵکو بۆ پاککردنەوەی جەستە؛ هێشتا وا گریمانە دەکەین کە گیان پێشتر بە تەواوی پاک بووەتەوە بە ڕاستودروستی.

ئێستا کاتی (زۆرێک) لە کەسانی دیکە بە جەماوەر دوای کەوتوون، چونکە زۆر زۆر، بە بیستنی قسەکانی دڵخۆش دەبوون. هیرۆدس، کە ترسی ئەوەی هەبوو ئەو کاریگەرییە گەورەیەی یەحیا بەسەر خەڵکدا هەیبوو، وەک هێز، بە ئارەزووی خۆی باکاربێنێ، بۆ ئەوەی یاخیبوونێک دروست بکا، (چونکە پێدەچوو ئامادەبن، بە ئامۆژگاری ئەو هەر شتێک بکەن) بۆیە کوشتنی بە باشترین ڕێگا زانی، ڕێگری لە هەر ئاژاوەیەک بکا، کە دەتوانێ بیکا، و نەیکات خۆی بخاتە ناو سەختییەکان، بە بەخشینی پیاوێک کە ڕەنگە وا لێبکات پەشیمان بکاتەوە لە کاتێکدا زۆر درەنگ دەبێ.

بەو پێیە لە تووڕەیی و گومانی هیرۆدسەوە دیلێک ڕەوانەی ماخێروس کرا، ئەو قەڵایەی پێشتر باسم کرد و لەوێ کوژرا. ئێستا جولەکەکان بۆچوونێکیان هەبوو کە لەناوبردنی ئەم سوپایە، وەک سزایەک بۆ سەر هیرۆدس نێردراوە، و نیشانەیەکی نارەزایی خودایە بۆی[37].

---

[37] Josefus, Antiquitates XVIII 5.2

ئەو دەربڕینەی یۆسێفوس لەگەڵ دەقی ئینجیلی لوکاس دێتەوە.

پەیمانی نویێ ئینجیلی لوکاس ٣: ١ – ٣

(١) لە ساڵی پازدەمینی حوکمڕانی تیباریۆس قەیسەر، کاتێک پیلاتۆسی پۆنتی فەرمانڕەوای یەهودا بوو، هێرۆدسی ئەنتیپاس فەرمانڕەوای جەلیل بوو، فیلیپۆسی براشی فەرمانڕەوای ئیتۆریە و تەراخۆنیتس بوو، لیسانیۆس فەرمانڕەوای ئەبیلینە بوو، (٢) لە سەردەمی سەرۆک کاهینییێتی حەنا و قەیافا، لە دەشتودەر پەیامی خودا بۆ یەحیای کوڕی زەکەریا هات. (٣) ئیتر بە هەموو ناوچەکانی دەوروبەری ڕووباری ئوردوندا دەگەڕا، جاڕی لەئاوهەڵکێشانی تۆبەکردنی دەدا بۆ گوناه بەخشین.

یەسوی کریست

لە ئینجیلی مەتیاس و ئینجیلی لۆقا، یەسو بە ئاشکرا دەڵێ زەکەریاتان کوشت.

پەیمانی نویێ ئینجیلی مەتیاس (مەتی) ٢٣: ٢٩ - ٣٦

(٢٩) قوڕبەسەرتان ئەی مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان! دووڕووان! ئێوە گۆڕی پەیامبەران هەڵدەبەستن و ئارامگای پیاوچاکان دەڕازێننەوە و (٣٠) دەڵێن: ئەگەر لە سەردەمی باوباپیراندا بژیاینایە، لە خوێنڕشتنی پەیامبەران بەشداریان نەدەبووین. (٣١) کەواتە شایەتی لەسەر خۆتان دەدەن کە کوڕی پەیامبەرکوژانن. (٣٢) جا ئێوە پێوانەی باوباپیرانتان پڕ بکەن!

(٣٣) ئەی مارینە! ئەی بێچووە ماران! چۆن لە سزای دۆزەخ هەڵدێن؟ (٣٤) لەبەر ئەوەیە ئەوەتا پەیامبەر و دانا و مامۆستایانی تەوراتتان بۆ دەنێرم. لێیان دەکوژن و لە خاچیان دەدەن، لە کەنیشتەکانتان بەر قامچییان دەدەن و لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە ڕاویان دەنێن .(٣٥) لەبەر ئەوە هەموو خوێنێکی پاک کە لەسەر ئەم زەوییەدا ڕژاوە دەکەوێتە ئەستۆتان، لە خوێنی هابیلی ڕاست و دروستەوە هەتا خوێنی زەکەریای کوڕی بەرەخیا کە لەنێوان بەڵاگێڕگا و پەرستگادا کوشتتان .(٣٦) ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئۆباڵی هەموو ئەمانە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو نەوەیە.

پەیمانی نوێ ئینجیلی لوکاس (لۆقا) ١١: ٤٣ - ٤٦

(٤٣) قوڕبەسەرتان فەریسییەکان[38]، چونکە حەزتان لە ڕیزی پێشەوەی پەرستگا و سڵاو لێکردنتانە لە بازاڕدا.

(٤٤) قوڕبەسەرتان، ئێوە لەو گۆڕە نادیارانە دەچن کە خەڵکی بێ ئەوەی بزانن بەسەریاندا دەڕۆن.

(٤٥) یەکێکی تەوراتناس وەڵامی دایەوە: مامۆستا، بە گوتنی ئەمانە، ئێمەش سووک دەکەیت.

(٤٦) یەسو فەرمووی: قوڕبەسەر ئێوەی تەوراتناسیش، بارێک دەخەنە سەر شانی خەڵکی کە هەڵگرتنی زەحمەتە، بەڵام خۆتان پەنجەیەکیش لە بارەکە نادەن.

---

[38] فەریسەکان ڕەوتێکی دینی جولەکەی گنوسی بوون. هەمیشە لە یەسو نزیکدەبوونەوە و دیبەیتیان لەگەڵ دەکرد. هەر ئەو ڕەوتەش بوون زۆریان هاتبوونە سەر دینی یەسو، بەڵام هەر پەیڕەوی یاساکانی موسایان دەکرد. دواتر بە نەساڕی ناویان دەرکرد. هەر ئەوانیش بنەڕەتی دروستبوونی ئیسلام بوون، کە گشت کولتوور و ریتوالەکانی جولەکەیان هێنایە ناو دینی ئیسلام.

(٤٧) قوڕبەسەرتان، چونکە ئێوە گۆڕی پەیامبەران هەڵدەبەستن، کە باوباپیرانتان کوشتوویانن .(٤٨) کەواتە ئێوە شایەتن و بە کردەوەی باوباپیرانتان ڕازین، ئەوان پەیامبەرانیان کوشت و ئێوەش گۆڕەکانیان بۆ هەڵدەبەستن .(٤٩) لەبەر ئەوە دانایی خودا فەرمووی: من پەیامبەر و نێردراویان بۆ دەنێرم، بەڵام لێیان دەکوژن و دەیانچەوسێننەوە (٥٠) تاکو خوێنی هەموو پەیامبەران کە لە دامەزراندنی جیهانەوە ڕژاوە لەم نەوەیە داوا بکرێت، (٥١) لە خوێنی هابیلەوە هەتا خوێنی زەکەریا کە لەنێوان بەڵاگێڕگا و پیرۆزگادا لەناوبردرا. بەڵێ پێتان دەڵێم، لەم نەوەیە داوا دەکرێ.
(٥٢) قوڕبەسەرتان تەوراتناسان، چونکە کلیلی زانیاریتان برد، خۆتان نەچوونە ژوورەوە و ڕێتان لەوانەش گرت کە دەچوونە ژوورە.

پەیمانی نوێ مەتیاس (مەتی) ١١: ١١ - ١٥

(١١) ڕاستیتان پێ دەڵێم: لەناو ئەوانەی لە ژن لەدایک بوون، کەس لە یەحیای لەئاوهەڵکێش پایەبەرزتر نییە، بەڵام بچووکترینی ئەوەی لە شانشینی ئاسمانە لەو پایەبەرزترە (١٢) لە ڕۆژانی یەحیای لەئاوهەڵکێشەوە هەتا ئێستا شانشینی ئاسمان بە هێز تێدەکۆشێت، تێکۆشەرانیش دەستی پێوەدەگرن. (١٣) چونکە هەموو پەیامبەران و تەورات، هەتا هاتنی یەحیا پێشبینییان کردووە .(١٤) ئەگەر دەتانەوێ پەسەندی بکەن، ئەمە ئەلیاسە کە خەریکە بێ. (١٥) ئەوەی گوێی هەیە با ببیستێت!

لەو باسەدا چەند خاڵێک هەن کە جێگای سەرنجن:

١ فریشتەیەک لەدایکبوونی یەحیا ڕادەگەیەنێ، کە نیشانەیەک دەداتە زەکەریا: لاڵ دەبێ. ئینجیل باس لەوە دەکات کە ئەم لاڵبوونە سزایەکە بۆ باوەڕنەکردن بە قسەکانی

فریشتەکە. کەچی قورئان دەڵێ، ئەوە نیشانەیە زەکەریا بۆ دڵنیابوون، خۆی داوای کردووە.

٢ لە گشت چیرۆکەکان کە نیبیەکان منداڵیان نابێ، ژنەکە تاوانبارە.کاتی ئیبراهیم منداڵی نابێ سارا نەزۆکە، کاتی زەکەریا منداڵی نابێ ئەلیزابێت نەزۆکە، لە دواجاریش کاتی یواکیم و هانا منداڵیان نابێ ئەوە هانایە نەزۆکە. لە هەرسێکیشیان خودا یارمەتی پیاوەکە دەدا تا ژنەکەی دووگیانبێ.

٣ لە ئینجیل و تەورات چۆن ناوی نەبیەکان دێنێ، ئاواش ناوی ژنەکانیش دێنێ. کەچی لە قورئان پیاوەکان بەناو گشتیان دیارن و هەموو شتەکانیش لەپێناوی ئەوانە، کەچی ناوی ژنەکان ناهێنێ، تەنیا دەڵێ (ژنەکەی یان کچەکەی).

# له سۆراخی یەسوی مێژوویيدا

تۆژینەوەی جێ متمانە، لەسەر لە ژیان و کردوەوکانی کریست. ناتوانێ وەک بەڵگەی مێژوویی، بۆ ڕووداو یان دیاردەکانی مێژوو. بۆیە ناتوانرێ بە تەنیا و بەبێ سەرچاوەی تر بۆ بەراوردکاری، ببێتە تاکە سەرچاوە، بۆ کارێکی وا ئاڵۆز، نا بێتە جێ متمانە. لەبەر سێ هۆکار.

یەکەم

چیرۆکەکانی ناو ئینجیل، ڕووداو و چیرۆکی جیاوازن. و پەیڕەوی کرۆنۆلۆژیا ناکەن و ڕووکەشن. لە ماوەی سی تا چل ساڵ ئینجیل[39] هەر بە شێوەی دەماو دەم مایەوە، کە

---

[39] ئینجیل ووشەیەکی یۆنانییە، بە مانای مزگێنی یا هەواڵێکی خۆش دێ.

بەشێوەی گۆتە و چیرۆک دەگێڕدرایەوە. دوایی مزگێنیدەران هەر یەک بە شێوەی خۆی، دەی هۆنیەوە. پەیوەندی ئەو گێڕانەوانەش، لە چوارچێوەی ئینجیلی ئەدەبی، بنەڕەتێکی مێژوویی نەبوو. ئەوەش قەشە میخائیل مینا، بە ڕاشکاوی دەڵێ: ئێمە ئەوە ناشارینەوە، و یەسو ئینجیلی نەنووسیووە، و داواشی لە قوتابیانی نەکردووە بنووسن. بەڵکوو بە شێوەی دەماودەم لە نێردەکان وەریانگرتووە. ئەوەش هەمان ڕای پرتستانتیە کە دەڵێ: تۆمارکردنی ئینجیل، دەماودەم بووە. گواستنەوەی دەقەکانی، لە زمانی نێردەکان بووە.[40]

دووەم:

ئینجیل وەک پەرتووکی، هەموو دینەکانیتر، بە بەڵگەنامەی مێژوویی دانارێن، و وەک بەڵگەنامەی مێژوویش نەنووسراون. بەڵکوو پەیامی دینن، بۆ بەهێزکردنی باوەڕی دینداران. لەبەر ئەوە ناتوانرێ وەک بەڵگەنامەی مێژوویی بۆ تۆژینەوە باکاربهێنرێ. لە هەمان کاتدا سەختە بە ئاسانی جیاوازی لە نێوان ڕووداو و گۆتەی مێژوویی و نامێژوویی لە ژیانی کریست دابکرێ. لەوەش سەختتر، ئەوەیە ئایا ئەو قسانە بەڕاست هی یەسوی کریستن یان کەنیسە لێی زیادکردوون.[41]

هۆکاری سێیەم

سەختە بتوانی جیاوازی لە نێوان توخمی مێژوویی، و نامێژوویی لە ناو دەقی ئینجیلەکان بکرێ، بەتایبەتی لەسەر ژیانی نەبی و پەیامبەران. سەرەڕای ئەوە سەختە بزانرێ، ئەو گۆتە

---

[40] القمص ميخايل مينا () علم اللاهوت، وليم، باركلي(بلا) تفسير انجيل مرقص وليم باركلي ص ١٤، النحال، د. بهاء (١٩٩٤) تأملات في الأناجيل و العقيدة. الطبعة الثانية. ص ١٥

[41] النحال، د. بهاء(١٩٩٤) تأملات في الإنجيل و العقيدة. الطبعة الثانية. ص ١٥

و چیرۆکانە بەڕاستی هی یەسو، موسا یان هی خودان، یان دواتر فیقهەکانی دین، لەسەریان زیادکردوون.

چوارەم:
وەک لیتورگی و بانگهێژی کەنیسە دەڵێ، دەبێ دوانزە قوتابیەکانی کە ڕاستەوخۆ گوێیان لە قسەکانی کریست بووە، و ڕووداوەکانیان بە چاوی خۆیان بینیووە، هەر ئەوانەش بووین کەلەپووری دەماودەمیان بۆ خەڵکیتر گواستۆتەوە.

بەڵام بە پێی دەقەکانی ئینجیل، نابێ لە ئاستی ئەو بەرپرسیارەتییە دابووبن، و توانای تێگەیشتنیان لەو ئاستە دابووبێ، کە بتوانن فێرکارییەکانی مامۆستایان فلتەربکەن و ڕاڤەی لۆژیک بۆ مزگینی دین، بە شێوەیەکی لۆژیک هەڵێنجن. بەڵگەی ئەوەش بە دەیان جار یەسوی کریست لە ناو دەقەکانی ئینجیل، خۆی سەرزەنشتی قوتابیەکانی کردووە، کە خراپ تێدەگەن و کەم درک بە ناوەرۆکی پەیامەکانی دەکەن، و باوەڕیان لاوازە، و گومانی لێیان هەبووە، سەرەڕای ئەوەی، ئەو قوتابیانە نزیکترین کەسانی بووین. و بە درێژایی دوو هەزار ساڵە ئەوان هەڵگری ئاڵای ئەو دینەن و قسەکانی ئەوانن، بوونەتە هەوێنی مزگێنی دین، لە گشت ڕێبازەکان.

پەیمانی نوێ ئینجیلی مارکوس ٧: ١٧ - ١٨

(١٧) کاتی خەڵکەکەی بەجێهێشت و هاتە ماڵەوە، قوتابیەکانی بۆ نموونەکە پرسیاریان لێکرد. (١٨) پێی فەرموون: ئێوەش ئاوا تێنەگەیشتوون؟ ئایا تێناگەن کە هەرچی لە دەرەوەی مرۆڤەوە دێتە ناویەوە ناتوانێت گڵاوی بکات؟

پەیمانی نوێ ئینجیلی مارکوس ٨: ١٧ - ٢١

(١٧) یەسو زانی و پێی فەرموون: بۆ باسی ئەوە دەکەن کە نانتان پێنییە؟ ئایا هێشتا جیا ناکەنەوە و تێناگەن؟ ئایا دڵڕەقن؟ (١٨) خۆ چاوتان هەیە، نابینن، گوێتان هەیە، نابیستن؟ هەروەها بیرتان نایەتەوە؟ (١٩) کاتی پێنج نانەکەم بۆ پێنج هەزارەکە لەتکرد، چەند سەبەتەی پڕ لە پەلکەنانتان هەڵگرتەوە؟

وەڵامیان دایەوە: دوازدە.

(٢٠) کاتێک حەوتەکەش بۆ چوار هەزارەکە، چەند سەبەتەی پڕ لە پەلکەنانتان هەڵگرتەوە؟

وەڵامیان دایەوە: حەوت.

(٢١) ئینجا پێی فەرموون: هێشتا تێناگەن؟

پەیمانی نوێ ئینجیلی مەتیاس ١٦: ٥ - ١٢

(٥) کاتێک قوتابییەکان گەیشتنە ئەوبەری دەریاچەکە، لەبیریان چووبوو لەگەڵ خۆیان نان ببەن. (٦) یەسو پێی فەرموون: وریابن، ئاگاداری هەویرترشی فەریسی و سەدوقییەکان بن.

(٧)لەناو خۆیاندا گفتوگۆیان کرد و گوتیان: لەبەر ئەوەیە کە نانمان نەهێناوە.

(٨) یەسو زانی و پێی فەرموون: ئەی کەم باوەڕینە، بۆچی لەنێو خۆتان دەڵێن نانمان نییە؟ (٩) ئایا هێشتا تێنەگەیشتوون؟ نایەتە بیرتان پێنج نانەکەی پێنج هەزارەکە و چەند سەبەتەشتان هەڵگرتەوە؟ (١٠) یان حەوت نانەکەی چوار هەزارەکە و چەند سەبەتەشتان هەڵگرتەوە؟ (١١) چۆن تێناگەن من باسی نانم بۆ نەکردن؟ لە هەویرترشی فەریسی و سەدوقییەکان

ئاگاداربن! (١٢) ئینجا تێگەیشتن کە ئەو لە هەویرترشی نان ئاگاداریان ناکاتەوە، بەڵکو لە فێرکردنی فەریسی و سەدوقییەکان.

پەیمانی نوێ ئینجیلی لوکاس ١٨: ٣٤
(٣٤) بەڵام هیچ لەمە تێنەگەیشتن و ئەم باسە لێیان شاراوە بوو، ئەوەی گوترا درکیان پێی نەکرد.

جارێک سەبارەت بە نەبی ئیلیاس قسەی دەکرد، قوتابیانی بە هەڵە تێگەیشتن، کە مەبەستی یەحیای لە ئاوهەڵکێشە، ئەو و ئیلیاس جارێکیتر هاتوونەتەوە سەر زەوی. ئەوسا قوتابیەکانی تێگەیشتن.

پەیمانی نوێ ئینجیلی مەتیاس ١٧: ٩ - ١٣
(٩) کاتێک لە چیاکە دەهاتنە خوارەوە، عیسا فەرمانی پێدان: ئەمەی بینیتان بە کەسی مەڵێن، هەتا کوڕی مرۆڤ لەناو مردووان هەڵدەستێنرێتەوە.
(١٠) قوتابییەکانی لێیان پرسی: باشە بۆچی مامۆستایانی تەورات دەڵێن دەبێت یەکەم جار ئەلیاس بێت؟
(١١) عیسا وەڵامی دانەوە: ڕاستە، ئەلیاس دێت و هەموو شتێک ڕێک دەخاتەوە. (١٢) بەڵام پێتان دەڵێم: ئەلیاس هات و نەیانناسی، چییان ویست پێیان کرد. هەروەها کوڕی مرۆڤیش بە دەستیانەوە ئازار دەچێژێت. (١٣) ئەوسا قوتابییەکان تێگەیشتن کە باسی یەحیای لەئاوهەڵکێشی بۆ کردن.

مەبەستی یەسو لە وەڵامی قوتابیەکانی، ئەو شایەتییەی یەحیایە:

پەیمانی نویٰ ئینجیلی یۆهانێس ١: ١٩ – ٢٥

شایەتیدانی یەحیا

(١٩) ئەمەش شایەتییەکەی یەحیایە، کاتێک ڕابەرانی جولەکەی ئۆرشەلیم کاهین و لێڤییان ناردە لای پرسیاری لیٰ بکەن: تۆ کێیت؟ (٢٠) ئەو دانی پێدا نا و نکۆڵی نەکرد، بەڵکو گوتی: من مەسیحەکە نیم.

(٢١) ئینجا لێیان پرسی: ئەی کێیت؟ ئەلیاسی؟ گوتی: نا، ئەو نیم.

ئەی تۆ پەیامبەرەکەی؟ گوتی: نەخێر.

(٢٢) ئینجا پێیان گوت: باشە تۆ کێیت؟ تاکو وەڵامێک بدەینەوە ئەوانەی کە ئێمەیان ناردووە، دەربارەی خۆت چی دەڵێی؟

(٢٣) یەحیا بە وشەکانی ئیشایای پێغەمبەر وەڵامی دانەوە و گوتی:

من ئەو کەسەم کە لە چۆڵەوانی هاوار دەکات:

ڕێگا بۆ هاتنی یەزدان ئامادە بکەن.

(٢٤) نێردراوانیش لە فەریسییەکان بوون، (٢٥) پرسیاریان لێکرد: ئەگەر تۆ کریست نی و ئەلیاس نی و پێغەمبەرەکەش نی، ئیتر بۆچی خەڵکی لە ئاو هەڵدەکێشی؟

## لەدایکبوونی کریست بەپێیٰ ئینجیلەکان

سەبارەت بە مێژووی لە دایکبوونی یەسوی کریست، لە ناو ئینجیلەکان وەڵامیکی یەکلاکەرەوە نادۆزرێتەوە. بەڵکوو ناکۆکی نێوان ئینجیلەکان گۆمان لەسەر دروستی پەیدادەکا. بۆ نموونە لە ئینجیلی مەتیاس دەڵیٰ:

پەیمانی نوێ ئینجیلی مەتیاس ٢: ١- ٥

(١) لەدوای لەدایکبوونی عیسا لە بێتلەحمی یەهودیا، لە سەردەمی هێرۆدس پاشا، هەندێک مۆغ لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتنە ئۆرشەلیم،
(٢) پرسییان: کوا ئەوەی لەدایک بووە کە پاشای جولەکەیە؟ لە ڕۆژهەڵاتەوە ئەستێرەی ئەومان بینی، هاتووین کڕنۆشی بۆ ببەین.
(٣) کاتێک هێرۆدس پاشا ئەوەی بیست، پەشۆکا و هەموو خەڵکی ئۆرشەلیم لەگەڵی پەشۆکان. (٤) هەموو کاهینانی باڵا و مامۆستایانی تەوراتی گەلی کۆکردەوە، لێی پرسین: کریست لەکوێ لە دایک دەبێ؟ (٥) وەڵامیان دایەوە: لە بێتلەحم لە یەهودیا، چونکە لە ڕێی پەیامبەرەکەوە ئاوای نووسیوە:

ئەو مێژووە، بە بەراورد لەگەڵ مردنی هیرۆدس تێکناکاتەوە. لەبەر ئەوەی هێرۆدس لە ساڵی ٤ پ.س.ب لە کۆتایی مانگی مارس مردووە.[42] هەڵبەتە کاتی لەدایکبوونی یەسو، دەبێ هیرۆدس هێشتا لە ژیان دابووبێ. کەواتە ئەوکاتەی کریست لەدایک بووە، دەبێ تەمەنی لە چوار ساڵ زیاتر بووبێ.

کەچی لە ئینجیلی لوکاس دەڵێ:
لەو کاتەی قەیسەر ئەوگوستۆس بڕیاری دەرکرد، سەرژمێری بۆ باجدان لە سەرتاسەری سەرزەمینی ئیمپراتۆری ڕۆم تۆماربکرێ. یەکەمین باج تۆمارکردنیش لەگەڵ دەستبەکار بوونی کویرینیوس لە سووریا دەستی پێکرد... دوای چەند دێڕێک بەردەوام دەبێ ... یوسف کە دەچێتەوە سەر بنەماڵەی داود، لە ناسیرە (ناصرە) لە جەلیل بۆ جوودێن ، بەرەو شاری

[42]جورج، سارتون() تاريخ العلم، الجزء السادس، ص 56، تفسير إنجيل متى: لجنة برياسة الانباغريغوريوس ص 53

داود بێت لەحیم بۆ سەرنووسی باج، لەگەڵ مریەم ،کە دەسگیرانی بوو، چاوەڕوانی منداڵ بوونی دەکرد.

پەیمانی نویٚ ئینجیلی لوکاس ٢: ١ – ٦

(١) لەو ڕۆژانەدا لە ئۆگستۆس قەیسەرەوە فەرمانێک دەرچوو، کە دەبیٚ هەموو دانیشتووانی ئیمپڕاتۆریەتیەکەی ناونووس بکریٚ. (٢) ئەوە یەکەم ناونووسین بوو، کاتێک کیرینیۆس فەرمانڕەوای سوریا بوو (٣) ئیتر هەرکەس بۆ ناونووسین دەچووە شاری خۆی.

(٤) یوسفیش لە جەلیل لە شاری ناسیرەوە بەرەو یەهودیا سەرکەوت بۆ شارەکەی داود کە پیٚی دەگوتریٚ بێتلەحم، چونکە لە بنەماڵە و تیرەی داود بوو، (٥) تاکو لەگەڵ مریەم ناونووس بکرێن کە مارەبڕی بوو و سکی هەبوو .(٦) کە لەویٚ بوون، کاتی منداڵبوونی هات.

بەپیٚی لوکاس، دەبیٚ لەدایکبوونی کریست، لە سەردەمی ئیمپڕاتۆر لوسیوس سێپتیموس سیڤێروس (Lucius Septimius Severus) والی سوریا بووبیٚ.

ئەگەر کریست لەو ساڵە لەدایک بووبیٚ کە بەپیٚی ئینجیلی لوکاس باسکراوە، کە ئەو ساڵەی سەرژمێر بۆ باجدان بە فەرمانی قەیسەر کراوەتە خورتی. زیاتر لەوەش هاوکات بووە لەگەڵ دەستبەکاربوونی فەرمانڕەوای سوریا کویرینیووس ( ئینجیلی لوکاس )ئەگەر سەیرێکی مێژووی کۆنی جوولەکانی مێژوونووس یوسێفوڤ بکەین کئیرینیووس ساڵی شەشەمی زاینی دەستی بەکار کردووە. بە پیٚی ئینجیلی لوکاس دەبیٚ کریست سالی شەشی س.ب، لە دایک بووبی، نەک سالی سفر[43]. ئەوەش وەک لۆژیک ناتوانیٚ جێگای متمانەبیٚ لەبەر ئەوەی، ئەو سەرژمێریەی، کە لە ئینجیلی لوکاس ئاماژەی پێدەکا. مێژوونووس تەرتلیانوس دەڵیٚ، لە

---

[43] تفسير العهد الجديد: إصدار دار الثقافة المسيحية ص 137

سەردەمی سێنتیوس ساتورنینوس والی سوریا لە کە لە ساڵی ٩ تا ٤ پ.س.ب بووە. ولیەم بارکلی مێژووی سەرژمێریەکە بە ساڵی ٨ پ.س.ب دیاردەکا.[44]

بەو شێوەیە لە ئینجیلی لوکاس، هەم لە ناوی والی سوریا و هەم لە ساڵی سەرژمێری، بە هەڵە داچووە. بەو پێیەش بێ لەدایکبوونی کریست دەبێ لە ساڵی ٧ پ.س.ب بووبێ.

توێژەری ئەکادیمی بۆ بەدواداچوون و دۆزینەوەی توولەڕێگای، کە بگاتە ژیان و بەسەرهاتەکانی یەسو، دەبێ بەدوای پەرتووکی مێژوویی دەرەوەی دین، یان شوێنەواری ئەرکیۆلۆژی دابگەڕێ.

## ژیانی یەسوی کریست، بە پێی مێژووی هاوچەرخی خۆی

ئەم باسەی بەردەست، بەدواداچوونێکی مێژووی کۆمەڵایەتییە، سەبارەت بە پرۆسەی مێژووی دین. کە لە ڕاستیدا پرسێکی زێدە ئاڵۆزە. بەڵام بۆ ئاسانتر کردنی باسەکە. و دۆزینەوەی ڕێگای چوونە ناو ڕایەڵەی فرەڕەهەندی، ئەو باسە فراوان و ئاڵۆزە، بەدواداچوونێک بۆ ساخکردنەوەی کەراکتەرە سەرەکیەکانی گرنگە. بۆیە هەوڵدەین، ئەو کەراکتەرانە، وەک کەسایەتی مێژوویی و کۆمەڵایەتی بیانناسین. چونکە ئەگەر کەراکتەرە مێژووییەکان نەبن، و نەتوانرێ سیمایەکی ڕیالیستی مێژوویيان بدرێتێ. ئەوا باسکردنی پرۆسەی بەدواداچوون، لە ڕوانگەی مێژووییەوە ناتوانێ جێگای متمانەبێ. و دەرئەنجامێکی

[44]ولیم، بارکلی (١٩٨٤) تفسير العهد الجديد - إنجيل لوقا، ص ٥٣

ڕیالیستانەی هەبێ. بۆیە گرنگە گشت کاراکتەرە سەرەکیەکانی ناو ئەو باسە. لە ڕووی مێژوویەوە ساخبکرێنەوە. یەک لەو کەراکتەرانە یەسوی (یسوع) مێژوویە.

لە ماوەی دوو هەزار ساڵی ڕابردوو، کەس نییە ئەوەندەی یەسو گرنگی بۆ هزری دینی ڕەوتی کۆمەڵایەتی لە جیهاندا هەبووبێ. و هەر ئەو گرنگیەشە وایکردووە، بە باش و بەخراپ لێتۆژینەوەی لەسەرکراوە. کەسایەتییەک، ناو و کارەکانی خزاونەتە ناو هەردوو دینە ئیبراهیمیەکانتری، یەهودی و ئیسلام. بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوێستەکردنە. تا سەد ساڵ لەمەوبەر، نەتوانراوە لێتۆژینەوەیەکی بێلایەنی مێژوویی، لە سەر ژیان و کارەکانی بکرێ. بەڵکوو کۆنترۆڵی دین وایکردووە، کە پەیمانی نوێ وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی، بۆ تێگەیشتن لە ژیانی یەسو، و ڕێنماییەکانی سەیربکرێ. لێتۆژەرەوان لە پەیمانی نوێ دەرنەدەچوون. بەڵکوو لە چوارچێوەی ئەو بازنە داخراوە، هەڵسوکەوتیان دەکرد. و سەرجەمی زانیاریان لەسەر یەسو و کردەوە و باوەڕی، لە ناو دەقەکانی هەرچوار ئینجیلەکانی قانوونی وەرگرتووە. ئەگەر لە توێی دەقەکانی پەیمانی نوێش دا نەبوایە، ئەوا دەبوایە لەگەڵی بگونجێنرابوایە. هۆکاری ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ سێ خاڵ:

١ پەیمانی نوێ وەک چەقی لێتۆژینەوەی کەنیسە دەبینرا. کۆمەڵگەی ئەکادیمیش لەژێر کۆنترۆڵی کەنیسە و باوکانی دابوو. بۆیە نەیدەتوانی لە دەرەوەی ئەو کۆنترۆڵە بیربکاتەوە. هەر شتێکیش سەبارەت بە کریست لە دەرەوەی ئەوە بگوترایە. ئەگەر ناوەرۆکی بەهێز و جێ متمانەش بووایە، هێشتا هەر بە سەرچاوەیەکی لاوەکی و ناگرنگ دادەنرا.

٢ لێتۆژنەوەکان بەهای گەواهی و گێڕانەوەی هاوسەردەمەکانی یەسویان بەکەم وەردەگرت. بە تایبەتی ئەگەر لە دەرەوەی پەیمانی نوێ بان. ئەوانەش چ بەڵگە و نووسراوەکانی یۆنانی و ڕۆمانی هاوسەردەمی یەسو، یان سەرچاوەکانی یەهودی و کریستیانی. تەنانەت ئەدەبیاتی کریستیانیش، لە دەرەوەی چوارچێوەی پەیمانی نوێ و لێکۆڵەرەوانی، بە پلەی نزمتر

سەیردەکران. متمانەیان وەک دەقێکی ئەدەبی پێدەدرا. نەک سەرچاوەیەکی لێتۆژینەوەی دینی، بۆ تێگەیشتن لەسەر یەسو.

٣ تا نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم ئەو نووسینانەی دەربارەی کریست لە پەیمانی نوێ، زۆر زیاتر بوون لە دەرەوەی کەنیسە و کۆمەڵی پەیمانی نوێ. ئەوە بێجگە لە کۆمەڵێکی کەمی پەرتووکی گنووسی، ئینجیلەکانی ئەپۆکریف.

ئەوەی جێگای هەڵوێستەیە، گشت زانیاری سەبارەت بە گنۆسیستەکان، کە دەگەیشتنە ئێمە. لە ڕێگای باوکانی کەنیسەوە بوو. ئەوەش وەک کولتووری دینی هەر لە سەدەی دووەمەوە، هەر وا هاتبوو. باوکانی کەنیسەش بێجگە لە پەیمانی نوێ، هەموو ڕەوتێکی دینی تریان بە گومڕا دادەنا، و ڕەتیان دەکردەوە.

بەڵام ئێستا لەسەر خۆ هەنگاو بە هەنگاو، ئەو کۆتە شکاوە. و کۆنترۆڵی کەنیسە لەسەر کۆمەڵگەی ئەکادیمی، ئەو پێگایەی نەماوە. لە جیاتی ئەوە لێتۆژینەوە گۆڕەپانێکی فراوانتری وەرگرتووە. هەر لە بواری مێژووی یۆنانی و ڕۆمانی، کە یەسو لەناو کۆنێکستێکی فراوانتر دەبینن، تا دەگاتە سەرچاوەکانی دینی یەهودی.

ئەوەش توانیوویە گۆڕەپانێکی فراوانتر بۆ مێژوونووس و لێتۆژەرەان بڕەخسێنێ. کە لەمەودوا یەسوی ناسری تەنیا لە پەنجەرەی پەیمانی نوێ، و باوەڕی کەنیسەی کریستیانی نەبینرێ. بەڵکوو وەک کەسایەتییەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی، لە چوارچێوەی جیهانێکی فراوانتر و بە لێکدانەوەی ڕیالیستی، دوور لە باوەڕ (عقيدة)، وەک مرۆڤێکی چاڵاک و هاوبەش لە

پەرەسەندنی قۆناخێکی مرۆڤایەتی ببینرێ. کە لە سەردەمێکی دیاریکراوی مێژوویی، گوزارە لە ژیان و کەسایەتی لە چوارچێوەی سەردەمی خۆی بکا[45].

کەسایەتی یەسو، لە هەر چوار ئینجیلی قانوونی، پەیمانی نوێ. وەک کەسایەتیەکی پیرۆزی خەیاڵیە. و ناتوانێ وەک دیاردەیەکی مێژوویی، و ڕیالیستانە، لە ئاکار و کرداری مرۆڤ بوونی دا هەبن. بەو پێیەش کەسایەتی یەسو لە پەیمانی نوێدا، بەڵکوو کەسایەتییەکی دروستکراوە. و بە هیچ لۆژیکێک ناتوانێ کەسایەتییەکی ڕاستی مێژوویی بێ.[46]

سەرەتای سەدەی نۆزدەم، وەک سەردەمێکی نوێ، سەبارەت بە یەسوی مێژوویی، دەست بە لێتۆژینەوە کرا، ئەو هەنگاوەش بە پلەی یەکەم، هەوڵدانێک بوو، بۆ دەربازبوون لە کۆت زنجیری باوەڕ (عقیدة)، و گەیشتنە ڕاستی ژیانی یەسو. تا بتوانن بە ڕێگایەکیتر بکەونە سۆراخی دۆزینەوی یەسوی ناسری، وەک مرۆڤێکی ئاسایی کۆمەڵایەتی.

ئەو هەنگاوەش بەوە دەستی پێکرد، کە لە چوارچێوەی دقەکانی دین دەربچن، کە کەنیسە دیاریان دەکا. و چەند کەسایەتییەک بە شێوەی جیاواز لەیەکتر. دەربارەی کەسایەتی یەسویان نووسی. کە لە ڕێگای بەکارهێنانی ئامرازەکانی مێژوویی سەردەمی ڕووناکبیری، تا ئاستێک هەنگاویان هاویشت. بەڵام لێتۆژەرەوانی ئینجیلی کلاسیکی، و دەستەڵاتی کەنیسە، هێرشێکی توندیان کردە سەر ئەو کەسایەتیانە. توندترین ڕەخنەی کاریگەر، لەلایەن پیاوانی کەنیسە، و کەسانی ئەکادیمی کلاسیکییەکان نەبوو. بەڵکوو لەلایەن لێتۆژەرەوەیەکی

[45] Robert E. Van Voorst (2000) Jesus outside the New Testamanet. An Introduction to the Ancient Evidence. Wm. B. Eerdmans Publishing. Pp 1
[46] James M. Robinson (1959) The quest of historical Jesus. SCM Press. London Pp 26 – 28

لیبەراڵ، بەناوی ئەلبێرت شوێیتزەر بوو[47]. ئەو لێکۆڵینەویە بەڵگەیە، کە تارمایی کۆنترۆڵی کەنیسە، بە درێژایی دوو هەزار ساڵ کاریگەری لەسەر گشت جۆمگە جیاوازەکانی لێتۆژینەوە دانابوو.

لێکۆڵینەوەی مێژوویی، بەدواداچوونی ڕووداو و دیاردەکانی کێشەیەکی رابردووە. و هەوڵدانە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەس، دیاردە یان ڕووداو، کە شوێنەواری گرنگیان لەسەر پرۆسە مێژوویەکانیتر هەبووبێ. جا ئەو کێشانە، کۆن بن، یان هاوسەردەم، گرنگ نییە. بەڵکوو ئەوەی گرنگە دۆزینەوەی باریکە ڕێگاکانە، بۆ گەیشتنە بەڵگەی لۆژیک. کە بتوانن لە دەڵاقەکانی مێژوودا، گریمانەکانی لێتۆژەرەوە پشتڕاست کەنەوە.

جا بەر لەوەی لێتۆژەرەوە، خۆی بداتە بەر شەپۆلی ڕووداوەکان. و شرۆڤەکردنیان، دەبێ کەسایەتی، ڕووداو و دیاردە مێژووییەکان و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە، و بەرجەستەکردنیان ڕەچاوبکا. لەبەر ئەوەی مێژوونووس، بێجگە لە دووبارە گێڕانەوەی مێژوو. شرۆڤەشیان لەبەر ڕووناکی ژینگە و سەردەمی مێژوویی خۆی دەکا. نەک بە گومان لێکدانەوە و شرۆڤەی ئەفسانە ئاسا.

بۆ دۆزینەوەی یەسوی مێژوویی،  لێتۆژەرەوە دەبێ هەولبدا، بەدواداچوون، لە ڕێگای بەڵگەنامەکانی مێژووی دەرەوەی ، سەبارەت بە یەسوی کریست، وەک کەسایەتییەکی مێژوویی لە دەرەوەی سنووری کینیسە، و باوکانی. بەتایبەتی لە بەر ڕووناکی بەڵگە مێژوویەکانی دەرەوەی ئینجیلەکان. نەک خۆدانە بەر ڕەشابای ڕێکلامی دینی ڕێونکەرە.

[47] Albert Schweitzer (1968) The Quest of the Historical Jesus (rev. ed.; New York: Macmillan)

مەبەستی سەرەکی ئەم لێتۆژینەوەیە، دۆزینەوەی دیاردە مێژوویەکانی، دەرەوە و ناوەوەی دینی کریستیانی. وکاریگەرییەکانی لەسەر ڕەوتی دین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاسانتر دەکا.

بە ڕەچاکردنی دووری مێژوویی، سەردەمی ژیانی یەسو. و کەمی سەرچاوەی دەرەوەی پەیمانی نوێ. و هەروەها سەرپێی نووسرانی، ئەو سەرچاوە یۆنانی و ڕۆمانیانەی کە ماون. لەلایەکیتر هەرچەندە سەرچاوەکانی عیبری، بە متمانە و ووردی نووسراون. ئەستەمە لێتۆژەرەوە بتوانێ کەسایەتی هەمەلایەنی یەسو بەرجەستە بکا. بەڵکوو ئەوەی لەدەستی دێ لە ڕێگای بەڵگەنامەو سەرچاوەی جۆراوجۆر، بتوانێ کەسایەتی یەسوی دوور لە ژیانی منداڵی و هەرزەکاری بدۆزێتەوە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هیچ لەو سەرچاوانە، لە نزیکەوە چاوەدێریان لە ژیانی ڕۆژانە و ووردەکاری پەیوەندیە کۆمەڵایەتی یەسو نەکردووە[48].

بۆیە یەسوی ناسری، ئەستەمە ژیانی منداڵی و گەنجی، کە بنەڕەتن بۆ لێکۆڵینەوەی پاشخان و دۆزینەوەی ژینگەی پەروەردەبوونی. تا دەگاتە بنیاتنان و هەڵنانی هزری دینێکی نوێ، بدۆزینەوە. بۆیە تەنیا دەتوانین لە ناو بەڵگەنامە و سەرچاوەکانی بەردەست، کە جێی متمانەن، یەسوێکی تەکنیکی بەرجەستەکەین. کەلە ڕێگایەوە بتوانین، وەک شوێن هەڵگر ڕێچکەی بەدوداچوونی دینەکەی بگرین، و هەندێک وەڵامی مێژوویی و کۆمەڵایەتی وەدەست بێنین.

---

[48] Robinson, James. M (1959) The new quest of the historical Jesus. SCM press. London. Pp 26

# مشتومڕی بوون و نەبوونی یەسو

پرسی بوون و نەبوونی یەسو لە مێژوودا، دەمێکە جێگای مشتومڕە. بە تایبەتی لە کۆتایی سەدەی هەژدەم. نکۆڵیکردن لە بوونی یەسوی کریست، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەرمەیدان سەری هەڵدا. یەک لەو کەسایەتیانەی، کە هەرە دیاربوون، بانگەوازی نەبوونی کریستی مێژوویی دەکرد، لۆردێکی بەریتانی بوو. بە ناوی بولینگبرۆک دەیگوت یەسو لە بنەڕەتدا بوونی نەبووە. و داهێنانێکی باوەڕی دینییە. بۆ بەهێزکردنی کاریگەری دین، لەسەر مرۆڤ. هەر لەو کاتەدا بیرمەندی فەرەنسی ڤۆلتێر ئەو بۆچوونەی ڕەتکردەوە. لە کاتێکدا ڤۆلتێر خۆی لایەنگیری کریستیانی کلاسیکی نەرێتی نەبوو. کۆمێنتی لەسەر ئەو بانگەوازە ئەوەبوو:

ئەوانە خۆیان بە زیرەکتر دەزانن، لەبەر ئەوەی خوێندەوارن[49].

لە دوای ئەوە لە سەدەی نۆزدەم، برونۆ باوەر (١٨٠٩ – ١٨٨٢س.ب) هێرشێکی توندی کردە سەر ئینجیلی یۆحەنا و ئینجیلەکانی سینۆپتیک (سێ ئینجیلە قانوونیەکانیتر) بەڕای برونۆ، ئەو ئینجیلانە تەنیا داهێنانی سەدەی دووەمن. کەچی بە پێچەوانەی هێرشی توندی بۆ سەر ئینجیلەکان، بە ڕێزەوە باسی کەنیسەکانی کریستیانی سەرەتایی دەکا. بەبێ ئەوەی ناوی یەسو بێنێ.

49 Voltaire, F.m Collected works Pp 279

ئەوەی برونۆ باوەر هەوڵیدەدا، ئەوە بوو کە ڕەخنەی مێژوویی، دەتوانێ ڕاستی ئینجیل و چەندیەتی ناکۆکییەکانی مێژوویی ئاشکرابکا. لەگەڵ ئەوەشدا دەیگوت هوشیاری مرۆڤ خۆی کارێکی خودابیە.

یەکەم باوەر بە شێوەیەکی بەرنامەڕیژی، باسی کێشەی بوون و نەبوونی یەسو دەکا. هەوڵدەدا بەهای مێژوویی، ئینجیلەکانی کەنیسەی ڕەتبکاتەوە. تا دەگاتە ئەو ئاستەی دەڵێ:

> گشت ئەو نامانەی بە ناوی پاولۆسەوە نووسراون، ناتوانن بەڵگەبن، بۆ بوونی یەسو.

دووەم: بە باوەڕی باوەر، نەبوون یان کەمی سەرچاوەی مێژوویی. لە دەرەوەی چوارچێوەی دین و ئەدەبیاتی کریستیانی لە سەدەی یەکەمی س.ب. بەڵگەیە بۆ ئەوەی یەسو، وەک کەسێکی مێژوویی نەبووبێ. باوەر دەڵێ:

> ئەو کاتەی ستۆیستە (رواقي) ڕۆمانەکان، و ئەفلاتونیە داهێنراوەکانی یۆنان و یەهودی، هەوڵیان بۆ دروستکردنی دینێکی نوێ دەدا. کە پێویستی سەردەم پڕکاتەوە. ئەو دەمە کریستیان و کریست، لە ڕۆما و ئەسکەندەریە لە دایک بوون.

ئەو دەربڕینە نکۆڵیکردنە لە یەسوێک ،کە بانگهێژی دینی کردبێ. و دینێکی نوێی بەرهەم هێنابێ. بەپێچەوانەوە، دەبێ دین وەک پێویستییەکی گیانی، یەسوی بەرهەم هێنابێ[50].

باوەر فەیلەسوف مێژوونووس و تیۆلۆگی ئەڵمانی دەیەویست بیسەلمێنێ کە ئینجیلەکان مێژوونین. بەڵکوو بەرهەمی ئەدەبین. لەسەر ئەوە، ساڵی ١٨٣٩ س.ب لەلایەن حکومەتی

[50] Robert E. Van Voorst (2000) Jesus outside the New Testamanet. An Introduction to the Ancient Evidence. Wm. B. Eerdmans Publishing. Pp 20

پرۆسی، له سەر بۆچوونەکانی له پۆستی مامۆستایی له زانکۆی بەرلین دەرکرا. ئەوەش وایکرد، یەک له خوێندکارانی به ناوی (کارل مارکس) زیاتر ببێته ڕادیکاڵ. و بۆچوونەکانی برونۆ لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای خۆی تێکەڵ بکا. کەچی برونۆ دواتر، سەرەڕای ئەو سزادانە. و پەراوێزخستنەی له کۆمەڵگەی ئەکادیمی، لەسەر ڕەخنەگرتن له ئینجیلەکان و نکۆڵی له بوونی یەسو هەر بەردەوام بوو[51].

دواتر ئەو شەپۆله لەسەرخۆ خامۆش بووەوە. تا له سەرەتای سەدەی بیستەم، سەرلەنوێ جارێکیتر، لەگەڵ سەرهەڵدان و پەرەسەندنی قوتابخانەی هۆڵەندی ڕادیکاڵ. پرسی بوون و نەبوونی یەسوی مێژوویی، جارێکیتر سەری هەڵدایەوە. ئەوەش له جۆن. م. ڕۆبێرتسون دەستی پێکرد. که یەک له لایەنگیرانی ئازادی بیروباوەڕ بوو. پەرتووکی (کریستیانی و ئەفسانە)ی له ساڵی ۱۹۰۰س.ب بڵاوکردەوە. هێرشی ڕۆبێرتسۆن بۆ سەر کریستیانی له ڕێگای هێرشی بوونی مێژووی دین بوو.

بەڕای ڕۆبێرتسۆن شتێکی لۆژیکی ئەوەیە، له ڕێگای خودایەکی نوێ، که لەگەڵ سەردەم و ژینگە نوێکە بگونجێ، دینێکی نوێش لەدایک دەبێ. ڕۆبێرتسۆن باوەڕی وابوو، کۆمەڵگە یەشوعی یەهودی کۆنی، که نیشانەی باوەڕبوو. و ڕنگدانەوەی پەرستنی خودای یەشوع بوو. به شێوەیەکی تر که لەگەڵ ژینگەی تاک پەرستی بگونجێ هێنایەدی. بەو پێیەش له ڕووی ئەفسانەوە، میراتگری یەکێتی دینی یەهودیە. و پەیوەندی پتەوێ به پەرستنی تەموز و ئەدۆنیسەی میسۆپۆتامیەوە هەیە. بەم شێوەیە بەردەوام بوو، تا خودای کریستیانی، له نوێ وەدیهێنا. ئەوەش یەسوی کریستە[52].

[51] Bruno, Bauer The history of the Gospels.

[52] Robertson John. M (1900) Christianity and Mythology. London. Watts.

بەڵام ف.سی. کونیبر لە پەرتووکی (کریستی مێژوویی لە ساڵی ١٩١٤ لە لەندەن بڵاوکرایەوە) بە توندی وەڵامی دایەوە. کونیبر هەروەک ڕۆبێرتسۆن ئەندامی سەرۆکایەتی لە کۆمەڵەی ئازادی بیروباوەڕ بوو. لە بنەڕەتدا وەڵامەکەی کۆنیبر لەسەر ئەوە نەبوو، کە تا چەند دژیەتی. بەڵکوو لەبەر ڕەخنەی نازانستیانەی ڕۆبێرتسۆن بوو، وەڵامی دایەوە[53].

لەو کاتە بەدواوە کێشەی بوون و نەبوونی یەسو، وەک گرێکوێرەیەکی لێهات. کە نەتوانرێ وا بە ئاسانی بکرێتەوە. سەرەڕای ئەوەی، هیچ لەو لایەنانەی بەرانبەر یەک، سەنگەریان گرتبوو. ئاماژە بە سەرچاوەی کۆنی نزیکی یەسو ناکەن. ئەوەش لەخۆیدا گرفتێکی تری لێکۆڵینەوەیکەیان بوو. کە تەنیا گریمانەکانی خۆیان لەسەر بنچینەی ئایدیۆلۆژی دادەڕشت. و مێژووی کۆمەڵایەتیان ڕەچاونەدەکرد.

بۆیە با هەوڵدەین بۆ تاوێکیش بێ بگەڕێینەوە ئەو سەردەمە. و دوور لە گشت کاریگەری ئایدیۆلۆژی، ڕێچکەی مێژوو بگرین. و لەسەرخۆ، شوێن پێی یەسوی ناسری (کریست) هەلگرین. ڕەنگە وەڵامێکی جیاواز لەوەمان بداتێ کە تا ئێستا بیستوومانە.

---

[53] F.C.Conybear (1914) The historical Christ. London. Watts. Pp 22

# یەسو لە مێژووی ڕۆمان و یۆنانییەکان

لە ناو مێژوونووسانی ئمپراتۆری ڕۆمانی، کەم نین ئەوانەی لە نووسینەوەی مێژوو ناوی دینی کریستیان و یەسویان هێناوە. بە ڕەچاوکرنی پێگایان لە دامودەزگاکانی ئیمپراتۆری و ئاگاداربوونیان لە ڕووداوەکانی خاکی یەهودا. و بزووتنەوەی دینی جۆراوجۆر. دوور یان نزیک ڕۆڵی ئەو مێژوونووسانە گرنگ بووە. هەرچەندە زۆریان دژی یەسو و کریستیانی بووین. و بە خراپی لەسەریان نووسیووە. بەڵام هەرگیز نکۆڵیان لە بوونی نەکردووە. بۆیە ئەو نووسینانە بەڵگەی گرنگن، بۆ سەلماندنی یەسوی مێژوویی.

## تالۆس

Thallos

لە ناوەڕاستی سەدەی یەکەم. بە دیارکاراویش، لە دەوروبەری ساڵی ٥٥ س.ب. واتە ٢٥ ساڵ دوای لە خاچدانی یەسو. پەرتووکێک بە زمانی یۆنانی لەلایەن مێژوونووسێک بەناوی تالۆس نووسرا. کە تێیدا باسی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست دەکا. ئەوەش هەر لە کەوتنی تەراودە لە ساڵی ٢٠٠پ.س.ب تا دەوروبەری ساڵی ٥٥ س.ب. مێژوونووسی یەهودی یوسیفوس، ئاماژە بە ناوی تالۆس دەکا. و دەڵی: تالۆس سامەری[54] بووە. و نزیکایەتی لەگەڵ ئەگریباسی کوڕی ئەریستۆپۆلس و نەوەی هێرۆدۆتوسی مەزن بووە.

[54] سامەریەکان (بە زمانی عیبری: شامەر) هۆزێکی دینین. و سەر بە بەنی ئیسرائیل بووین. ئەوانە خەڵکی شاری سامەر بووین. و تەوراتی تایبەتی خۆیان هەبووە. ناکۆکی لە نێوان سامەریەکان و یەهودیەکان، دەگەڕێتەوە بۆ دوای ساڵی ٥٦٠ پ.س.ب. ئەوکاتەی یەهودیەکان لە بابل ئازادکران.

بەڵام ئەگەر بە ووردی سەیری نووسینەکەی یوسیفوس بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە دەبێ مەبەستی تالۆسێکی تربێ. لەبەر ئەوەی لەگەڵ کۆنتێکستی گێڕانەوەکە یەکناگرنەوە[55].

تالۆس لەبەرگی سێیەمی پەرتووکەکەی دا هاتووە:

ئەو تاریکییەی گیرانی ڕۆژ، بە هۆی کارێکی هەڵەوە بوو[56].

ئەو دەربرینەی تالۆس لەلایەن مێژوونووس یۆلیۆس ئەفریکانوس (دەوروبەری ١٦٠ – ٢٤٠ س.ب) لە پەرتووکی (مێژووی جیهان) کە دەوروبەری ساڵی ٢٢٠ س.ب بلاویکردەوە. ئەو ڕستەیەی تالۆسی لە بەرگی سێیەم دا نووسیویە. یولیوس پێی وایە مەبەستی لە خاچدانی یەسو بووە. یولیوس ئەو لێکدانەوەی تالۆس ڕەتدەکاتەوە. و دەڵێ تالۆس هەڵەیە. تاریکی ڕۆژگیران، دیاردەیەکی سرووشتی ئاساییە. بۆیە نابێ وا لێکبدرێتەوە. هەڵبەتە ئەوە تەنیا لێکدانەوەی یولیوسە. لەبەر ئەوەی ڕوودانی ڕۆژگیران کەوتۆتە ئەوکاتەی یەسو لە خاچدرا. کەچی تالۆس لەو دەربڕینەی، نە ناوی یەسوی هێناوە. نە مێژووی ئەو کارە هەڵەیەی دیارکردووە[57].

کریستیانەکان دەڵێن ئەو تاریکیە، هێمایە بۆ ئەوەی خودا کریستی هەڵیکێشایەوە. بۆ ئەوەش پشت بە سێ ئینجیلی قانونی دەبەستن کە بە ڕوونی ئەوەیان دەربڕیوە.

پەیمانی نوێ - مەتیاس (مەتی) ٢٧: ٤٥

---

وگەڕانەوە خاکی پەیمان. هەر یەک لەوانە سامەری و یەهودی تەوراتی خۆیان هەبووە. و باوەڕیان وابوو تەوراتی ئەوان ڕاستەقینەیە. نکۆڵیان لە ئەویتر دەکرد

Robert E. Van Voorst (2000) Jesus outside the New Testamanet. An Introduction to the Ancient Evidence. Wm. B. Eerdmans Publishing. Pp 20

[55] Antiquities of the Jews 4:6:4

[56] Africanus, Julius (ca 220) History of the World Pp35

[57] Ibid

(٤٥) لە کاتژمێری دوانزەی نیوەڕۆ، تا سێی پاش نیوەڕۆ. تاریکایی بەسەر گشت زەوەی داهات. (٤٦) نزیکی کاتژمێری سێ، یەسو بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد. (ئێلی، ئێلی لەما شەبە قتنی) واتە خودای من، خودای من. بۆ وازت لێ هێنام.

پەیمانی نوێ - مارکوس (مرقص) ١٥: ٣٣ – ٣٤

(٣٣) بووە کاتژمێری دوانزەی نیوەڕۆ. تاریکی باڵی بەسەر زەویدا کێشا. زەوی هەموو تاریک بوو. (٣٤) کاتژمێری سێی پاش نیوەڕۆ، یەسو بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد (ئێلی، ئێلی. لەما شەبەقتنی) خودای من، خودای من، بۆ وازت لێ هێنام.

پەیمانی نوێ - لوکاس (لۆقا) ٢٣: ٤٤ – ٤٦

(٤٤) نزیکی کاتژمێری دوانزەی نیوەڕۆ، تاریکی باڵی بەسەر هەموو زەوی دا کێشا. هەتا کاتژمێری سێی دوا نیوەڕۆ. (٤٥) ڕۆژ تاریک بوو. پەردەی پەرستگاش لە ناوەڕاستەوە شەقبوو. و بووە دوو پارچە (٤٦) یەسو بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد (باوکە، گیانی خۆم بە تۆ دەسپێرم) ئەوەی گوت و گیانی سپارد.

وەک دەبینین، ئەو ڕۆژگیرانەی تالۆس باسی دەکا. لە سێ ئینجیلی قانوونیشدا هاتووە. یەکەمین ئینجیل کە نووسراێ هی مارکوسە. ساڵی ٦٨ س.ب نووسراوە. واتە ١٣ ساڵ دوای تالۆس. کەواتە ناکرێ تالۆس لەژێر کاریگەری ئینجیلەکان ئەوەی نووسیێ. ئینجیلەکانیش لەو کاتەدا تەنیا لەناو کریستیانەکان، وەک ڕێنمایی بەکار دەهێنران. دەکرێ هەم ئینجیلەکان و هەم تالۆس لەژێر کاریگەری قسەوباسی گشتی خەڵک، ئەو ڕووداوەیان نووسیبێتەوە. یانیش ئینجیلەکان لە تالۆسیان وەرگرتبێ.

لەلای نووسەرانی ئینجیل ئەو ڕۆژگیرانە لەو ساتەوەختەدا، وەک پەرجووێک (معجزة) لێکدەدرێتەوە. بەڵام ئەوە دەزانین نووسینەوەی ئەو ڕووداوە لە سێ لە ئینجیلە قانوونیەکان. کاریگەری لەسەر ڕای گشتی کریستیانی بە درێژایی مێژوو هەبووە. کەچی یولیوس ئەفریکانوس دوای سەد ساڵ، ئەو بۆچوونەی ڕەتکردۆتەوە. بە شێوەیەکی زانستیانە، بە ڕووداوێکی سرووشتی داناوە.

## پلینی بچووک

Pliny the Younger

Gaius Plinius Caecilius Secundus

گایۆس پلینیوس کاسیلیوس سێکوندوس (٦١ – ١١٣س.ب) برازای پلێنی گەورە، و کوڕی تەبەنیی بووە. پلینی بچووک چەندین پۆستی کارگێڕی گرنگی هەبووین. سیناتۆر، پارێزەری پلە بەرز لە ڕۆما. گرنگترین کەسایەتی کارگێڕی بووە، لە سەرزەمینی ئیمپراتۆری ڕۆم. لە تەمەنی ژیانی پلینی لە نێوان ساڵانی (١٠٠ – ١٠٩س.ب) دە پەرتووکی نووسیون و لەوانە نۆیان لە ژیان دابووە بڵاو بوونەتەوە. و بەڵام پەرتووکی دەیەم، دوای مردنی بڵاوبۆتەوە.

ناوبانگی نامەکانی پلینی وەک نموونەی شاکاری، ئەدەبی سەردەمی خۆی سەیردەکرێن. کارامەیی پلینی وەک داهێنانێک، لە بەکارهێنانی ووشە و گوزارەی جۆراوجۆر، بۆ دەربڕینی مەبەست. دوای ئەوە چەندین جار بەسەر تێکستەکانی دادەچووەوە. و بۆ بڵاوکردنەوە ئامادەی دەکردن.

ئەوەی بۆ ئەو باسە گرنگە پەرتووکی دەیەمی پلینییە. کە دوای مردنی بڵاو بۆتەوە. و بریتییە لە نامەگۆڕینەوە لەگەڵ ئیمپراتۆر تراژانوس (٥٣ – ١١٧س.ب) لەو کاتەی پلینی فەرمانڕەوای بێتینیا بوو، لە ئاسیای بچووک (١١١ – ١١٣س.ب). لە نامەکانی دەردەکەوێ کە پلینی مرۆڤێکی بە ویژدان و مرۆڤ دۆستە. لەبەرامبەر دادگایی کردنی کریستیانەکان دەستەوەستانە، و پێویستی بە ڕێنمایی و ئامۆژگاری هەیە. هەندێک لێکۆڵەرەوە وای بۆ دەچن کە پلینی لە دۆخی سەخت و کاردانەوەی دوودڵ بووە. بۆیە خێرا، ڕاوێژی لەگەڵ تراژانوسی ئیمراتۆر کردووە.

نامەی ژمارە ٩٦ لە پەرتووکی دەیەم بۆتە ئامانج بۆ زۆرترین لێکۆڵینەوە. ئەو نامەیە سەبارەت بە دادگایی کردنی کریستیانەکانە. و ناوی کریست دەبا. ئەو نامەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١١٢س.ب.

لە دەستپێکی نامەکەدا پلینی وەک بۆ براگەورەیەک بنووسێ وایە:
گەورەم. ئەوە شێوەی منە. لەسەر هەر پرسێک گومانم هەبێ، ڕوو لە خاوەن شکۆتان دەکەم. لەبەر ئەوەی کەسێکیتر لە ئێوە، خاوەن ئەزموونتر نییە، کە لەو گومانە دەربازم کا. یا لە نەزانیم ئامۆژگاریم (ئاڕاستەم) کا.

هەر لەو دەستپێکە، هەست بە بێفیزی و وەفاداری پلینی، بەرامبەر ئەرکی سەرشانی و ڕاستگۆیی دەکرێ. لەو نامەیەدا پلینی گومانی خۆی، سەبارەت بە دادگاییکردنی کریستیانەکان دەخاتە ڕوو. ئەو کێشەیەی، وەک خۆی گوتەنی. لەوەتەی لە و ناوچەیە وەک کۆنسول دامەزراوە. تووشی کێشەی دادگایی وا نەبووە.

دوای ئەوەی پلینی دادگاییکردنەکە، بۆ تراژانوس ڕووماڵدەکا، هەمیشە سێ جار، تاوانبار لەسەر تاوانەکەی و سزای ئاگاداردەکاتەوە.

بەڵام لە دادگایی کردندا جیاوازیەکی گەورە هەبوو. ئەو کریستیانانەی، وەڵامیان دایەوە. دەبوایە، لە سێدارە بدرێن. جا هەرچیەکیان کردبێ. بەڵام هاونیشتمانیانی ڕۆم کە ببوونە کریستیان، پلینی بۆ دادگاییکردن، ڕەوانەی ڕۆمای دەکردن. بۆیە دەبینین پلینی لە سەرجەمی شێوەی دادگاییکردنەکە بە گومانە.

ئەوەی زۆر گرنگە بۆ ئەو باسە پلینی باسی یەسو دەکا، کە کریستیانەکان، بەر لە گزنگی بەیانی کۆدەبنەوە. و بە شێوەی ڕێک و پێک، وەک ئۆرکێسترا، گۆرانی بۆ کریست دەلێن. ئەوەش تاکە گوزارەیە لە پلینی ببینین، کە ئاماژە بەکریستی مێژوویی بکا.

Carmenque christo quasi deo dicere secum invicem

سروودێک بۆ کریست دەڵێن، وەک ئەوەی خودابێ

پلینی بە چەند ووشەیەک، کۆتایی بە نامەکەی دێنێ. و دەڵێ:

> کریستیانەکان سەرسەخت و دەبەنگن. لە ڕەفتار و کردەوەی ژیانیان هەست بە تاوانباری ناکەن.

دوای ئەوە پلینی گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی، دادگاییکردن بۆ ماوەیەک ڕابگیرێ. و ئاگاداری تراژانوسی ئیمپراتۆریش سەبارەت بەوە کردەوە، کە دادگاییکردنی سەرجەم کریستیانەکان دوادەخا. هۆکارەکەشی بۆ ئیمپراتۆر باس دەکا.

کە لەو ناوچەیە زۆرکەس لە گشت چینەکان و تەمەن و دینە جیاجیاکان، تووشی ئەو نەخۆشیە درمەی خورافات بووین. هێشتا لە تواناداا هەیە، بتوانرێ لەو باوەڕە خورافیە نوێیە بکۆڵینەوە. و چارەسەری بکەین. ئەوەش تەنیا بە دەرفەت دانە خەڵک تا تۆبە لە کریستیانیەتی بکەن.

سەبارەت بە دادگاییکردنی کریستیانانی گیراو، چەند پرسیارێک لە ئیمپراتۆر دەکا:

- بە چ ڕێگایەک سزای کریستیانەکان بدرێ؟
- بنەماکانی لێکۆڵینەوە چین؟
- تاچ پلەیەک دەبێ لێکۆڵینەوە پەلەی لێبکرێ؟
- تەمەن و پاکانەکردن لە کریستیانەتی جیاوازیان چیە؟
- ئایا دەبێ سزای کریستیانەکان بدەین، تەنیا لەبەر ئەوەی کریستیانن؟ یان تەنیا لەبەر ناویان، تاگەر تاوانباریش نەبن؟

تراژانوسی ئیمپراتۆر، لە وەڵامی نامەی پلینی بە شێوەیەکی کورت، وەک ئیمپراتۆر بۆ خزمەتگوزارێکی دەڵێ:

نامەی ٩٧

من ناتوانم ڕێنماییەکی دیاریکراوت بدەمێ. تا پەیڕەوی کەی. بەڵام پێویست ناکا تۆ بە دوای کریستیانەکاندا بگەڕێی. تەنیا لەکاتی ئامادەکردنیان لە بەردەمی دادگا نەبێ، کە تاوانبارکرابن بەوەی کریستیانن. پێویستە سزا بدرێن. ئەگەر پاکانەیانکرد و ستایشی خودای ئێمەیانکرد، ئەوە باشە. ئەگەر هەر بەردەوامیش بوون لەسەر ئەو خووەی گرتوویانە. بە باوەڕی من لەبەر توندی و سەرسەختیان پێویستە سزا بدرێن. جا هەر چیەکیان کردبێ.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە تراژانوس، تەنیا لەسەر ئەوەی کە ناویان کریستانە دەبێ ڕاوەدووبنرێن. و بە توندی سزابدرێن. بەڵام تراژانوس بە هیچ شێوەیەک، لە نامەکەی بۆ پلینی، ناوی یەسو ناهێنێ[58].

[58] Pliny the Younger Book 10, Letter 96 and 97, A.N. Sherwin- White (1966) The Letters of Pliny. Oxford: Claredon. Pp 697

پلینی وەک هاووڵاتیەکی ڕۆم و خوێندەوار، خۆی بە شارستانی و خاوەن ویژدان پیشان دەدا. لەلایەکیتر دەبینین، لە دیالۆگی لەگەڵ ئیمپراتۆر، سەرەڕای ئەوەی ویژدانی ئازاری دەدا، هێشتا لایەنگیر و پەیڕەوکارانی یەسو، بە تاوانبار دادەنێ. و دەیەوێ سزا بدرێن[59].

## گایوس سوێتۆنیوس

Gaius Suetonius Tranquillus

گایوس سوێتۆنیوس (٧٠ – ١٤٠س.ب) هاوڕێی پلینی بچووک بوو. سەرەتا لە سەردەمی کلاودیۆسی مەزن (١٠ پ.س.ب – ٥٤ س.ب) کە لە نێوان (٤١ – ٥٤س.ب) دەستەڵاتدار بوو. لە دەوروبەری ساڵی ١٢٠س.ب سکرتێری ئیمپراتۆر هادریان بوو. دواتر وازی هێنا. ڕەنگە لەبەر هەڵسوکەوتی خراپی، بەرامبەر هاوسەری ئیمپراتۆر بووبێ. دوای ئەوە شتێکی جێگای سەرنج لە ژیانی دەست ناکەوێ.

سوێتۆنیوس نووسەرێکی زۆر بە بڕشت بوو. لە چەندین بواری جیاواز دەینووسی. بەڵام (ژیانی قەیسەرەکان) تاکە پەرتووکە کە بەبێ کەم و کووڕی مابێتەوە. سوێتونیوس ئەو پەرتووکەی لە ساڵی ١٢٠س.ب بڵاوکردۆتەوە. تێیدا باسی ژیان و بەسەرهاتی یەکەمین ١٢ ئیمپراتۆرەکان دەکا. هەر لە یولیوس قەیسەر (١٠٠ – ٤١ پ.س.ب) تا دومینتان (٥١ – ٩٦س.ب) کە دوا ئیمپراتۆری بنەماڵەی فلاڤیان بوو[60].

---

[59] Evans. Jesus in non- Christian sources. Pp 455, Bruce Jesus and Christian origins 24

[60] Live of the Caesars (De vita Caesarum) Life of Hadrian 11.3

ئەو پەرتووکە باسی ژیانی قەیسەرەکان وەک ژیانی تایبەت و دواتر لە بەشی کۆتایی باسی ڕووی دەرەوەی ژیان و سیاسەتیان دەکا. لەو بەشەی پەیوەندی بە کلاودیوسی مەزن (١٠ پ.س.ب – ٥٤ س.ب) هەیە.

کلاودیوس کە لە نێوان (٤١ تا ٥٤س.ب) ئیمپراتۆر بوو. سیاسەتی بەرامبەر، نەتەوە جیا جیاکانی ژێر دەستی، دا توندبوو. سوتونیوس دەنووسێ :

> ئەو (کلاودیوس) یەهودی لەبەر ئاژاوەنانەوەیان، بەهاندانی کریستی هاندەر، لە ڕۆما دەرکردن[61].

لەم دەربڕینەدا ناکۆکیەکی گەورە هەیە. لەبەر ئەوەی کریست دەبێ پەیوەندی بە کریستیانەکانەوە هەبووبێ، نەک یەهودی. هەرچەندە ناوی کریستوس لە دەربڕینەکەدا هەیە. بەڵام بێنکۆ دەنووسێ ئەو کریستوسە یەهودییەکی توندڕەوبوو. و ئەندامی کۆمەڵەیەکی لە شێوەی زێلۆت بوو[62]. ئەوانە دەیانەویست ووڵاتی خودا بە زەبری هێز و توند وتیژی دروستبکەن. [63]
لەو کاتەدا کریستوس دەستی بە هاندانی یەهودیانی ڕۆما بۆ ڕاپەڕین کرد. بەمەبەستی سەرنگونکردنی ئیمپراتۆری ڕۆم. ئەوەش لە ساڵی ٤٤ س.ب بوو. لە وەڵامی یەهودیەکان و

---

[61] Claudius 25.3.5

[62] Zelotes زیلۆتەکان، هۆزێکی یەهودی کۆن بوون. لە سەدەی یەکەمی س.ب گەشەیان کرد. ئەوانە بە توند و تیژی ناسرابوون. بە خوێنڕشتن بەرەنگاری ڕۆمەکان دەبوونەوە. بۆ ڕزگارییان لە دەستی ڕۆم داوای ڕاپەڕینی چەکداریان دەکرد. لەناو زێلۆتەکان کۆمەڵێک بەناوی (سیکاری) بەدیارکەوتن. واتە هێرشکردن بە خەنجەر. ئەوانە بەکاری توندو تیژی و کوشتن هەڵدەستان. بەخەنجەر لە ڕۆمانەکانیان دەدا

[63] Benko, Stephen (1969)The Edict of Claudius of A.D. 49, *TZ* 25 (1969) 406-18; idem, *Pagan Rome,* 18-20.

ئاژاوەیان، کلاودیوس یەهودیەکانی لە ڕۆما دەرکرد، تا ئارامی بۆ شار بگێڕێتەوە. ئەوەش لە ساڵی ٤٩ س.ب بوو. سوێتۆنیوس ئەو ڕووداوە بە درێژی دەگێڕێتەوە.

سەرەڕای ئەو دەربڕینەی دەربارەی یەهودیەکان. سوێتۆنیوس باسی سزای کریستیانەکانیش لە سەردەمی نیرون دەکا. و دەڵێ:

> نیرون سزای کریستیانەکانی دا. ئەوانە چینێکی خەڵک بوون، کە باوەڕی خورافاتی نوێیان پێ بوو[64].

## کۆرنێلیوس تاسیتوس

Cornelius Tacitus

کۆرنیلۆس تاسیتوس (٥٦ – ١٢٠ س.ب) لە ساڵی (٦٩ تا ٩٦ س.ب) خەریکی نووسینی مێژوو بوو. تاسیتوس هەرچەندە زۆر قینی لە کریستیانەکان بوو. و زۆر بە خراپی لەسەری دەنووسین. بەڵام سەبارەت بە یەسو، بێلایەنانە و بە ووردی شتی تۆماردەکرد.

بەتایبەتی سەبارەت بە ژیان و پەیدابوون و بزووتنەوەکەی و مردنی یەسو، بە کورتی دەگێڕێتەوە. سەرەڕای ئەوە، بەپێی لێکدانەوەی تاسیتوس، مەرگی یەسو تەنیا پرسێکی ڕۆمانیە. و لەسەرجەمی نووسینەکەی، بە هیچ شێوەیەک باسی یەهودیان ناکا، کە هۆکاری مەرگی یەسو بووبن[65].

---

[64] Live of the Caesars (De vita Caesarum) Nero 2: 16

[65] Robert E. Van Voorst (2000) Jesus outside the New Testamanet. An Introduction. Pp 62

تاسیتوس پەیوەندی خراپ لەنێوان دوو شت دەبینێ. کریستیانەکان پەیڕەوکاری کەسێکن، کە لەلایەن ڕۆمانەکان لە سێدارەدرا. بەڕای تاسیتوس، ئەو خراپی و چەوساندنەوەیە دەبێ ڕەوا بووبێ. و دەبێ بە ئازارەوە بمرن. لەلایەکیتر دەڵێ بەڵام هەڵەی نیرۆن بە سزادانی کریستیانەکان سۆزی گشتی، بۆ ئەو بزووتنەوەیە ڕاکێشا. تەنانەت تاسیتوس خۆشی، کەوتۆتە بەر ئەو کاریگەری و هاوسۆزییە[66].

تاسیتوس لە ٣: ٤٤: ١٥ دەنووسێ:

> ئەوەی لە سێدارە درا ، ناوی کریست بوو. کە لە ماوەی فەرمانڕەوایی تایبریوس بە دەستی بریکاری ئیمپراتۆر پیلاتوس پۆنتیوس بڕیاری لە سێدارەدانی، جێبەجێکرا.[67]

پیلاتوس پۆنتیوس[68] کە لە نێوان ساڵانی ٢٦ تا ٣٦ س.ب فەرمانڕەوای ڕۆمانی بوو، لە ناوچەی یەهودا. ئەو سەردەمەش، هاوکاتە لەگەڵ ئەو مێژووەی لە ئینجیلەکانی کەنیسە. و سەرەڕای ئەوەش یوسیفوس[69] و فیلۆن[70] هەمان مێژوویان تۆمارکردووە. هەر چوار ئینجیلە قانونیەکانی کەنیسە، هاوڕان لەسەر ئەوەی کە پیلاتوس، فەرمانی لە خاچدانی یەسوی دەرکرد. بەڵام ئەوەش دیاردەکەن، کە لەژێر توندی بۆ هێنانی حاخامەکانی یەهودی بووە. بەوە ترساندوویانە ئەگەر فەرمانی لە خاچدانی یەسو نەدا، ئەوا سکاڵا دەگێڕنە لای ئیمپراتۆر و بە خیانەت تاوانباری دەکەن[71].

---

[66] Ibid. Pp 63
[67] Tacitus´s Histories
[68] R. Martin (1994) Tacitus. Bristol. Bristol Classical press.
[69] Flavius Josephus (37 – 100 CE)
[70] *Philo of Alexandria (25 BCE – 40 CE)*
[71] Ibid. 61 - 62

ئەو شایەتییەی تاسیتوس لەسەر لەخاچدانی یەسو، تا ئێستاشی لەگەڵ دابێ، بە هێزترین بەڵگەیە لە دەرەوەی دەقەکانی پەیمانی نوێ، بۆ بوونی یەسوی مێژوویی. ئەوەش لە دوو ڕووەوە. یەکەم وەک مێژوونووسێکی دەرەوەی جیهانی کریستیانی. پڕ ووردەکاری لە گێڕانەوەدا. و خۆشی دژی بزووتنەوەی کریستیانی بووە. دووەم لە ڕووی مێژووییەوە، نزیکی نووسینەکەی، لەگەڵ کاتی لە خاچدانی یەسو. کە لە نێوان ٦٩ تا٩٦ س.ب نووسیویە. واتە لە نێوان ٤٠ تا ٦٠ ساڵ دوای ڕووداوی، لە خاچدانی یەسو بووە[72].

## مارا بار سێراپیۆن

Mara bar Serapion

لە دوای ساڵی ٧٣ س.ب کەسێک بەناوی مارا بار سێراپیۆن نامەیەکی گرنگی بە زمانی سریانی بۆ کوڕەکەی کە ناوی سێراپیون بوو، نووسی. ئەوەش تاقە نووسینە، کە تا ئێستا لە موزەخانەی بەریتانیا هەڵگیراوە. هەرچەندە ئێمە بێجگە لەو نامەیە، هیچیتر لەسەر کەسایەتی مارا، یان سێراپیۆنی کوڕی نازانین. نووسەر هیچ باسی ئەوەش ناکا، کە سەر بەچ قوتابخانەیەکی فەلسەفییە. بەڵام ناوەرۆکی نامەکەی نیشانەی ستۆیسیزم (الرواقی)[73]

---

[72] Josephus, Flavius, Jewish War 2.9.2. Pp 167-177; Philo of Alexandria, Legation to Gaius 299- 305. Annal Chapter 38 – 45

[73] ستۆیسیزم (الرواقیة) Stoism یەکێک بوو لە بزووتنەوە فەلسەفییە نوێیەکانی سەردەمی یۆنانی. ستۆیستەکان خەریکی فرەبواری فەلەسەی وەک لۆژیک، تیوری زانین (ئێپیسیمۆلۆژی) گەردووونناسی، بوونناسی، ڕەوشتناسی، ڕەوانبێژی بوون. ستۆیستەکان باوەڕیان وابوو، ئەو بوارە جیاجیایانە ڕاستەوخۆ یان ناڕەستەوخۆ، یەک ئامانجیان هەیە. ئەویش گۆڕینی شێوەی ژیان و بیرکرنەوەی مرۆڤە. ستۆیستەکان لە ڕاستیدا پێیان وابوو کە هەستەکانی وەک ترس یان ئیرەیی (یان وابەستەیی سێکسی بەسۆز، یان خۆشەویستی سۆزداری بۆ هەر شتێک) یان لە مەزەندەی ناتەواوەوە هاتوون. ئەو کەسەی گەیشتۆتە، بەرزی ڕەوشت و ڕەفتار لە بیرکردنەوەدا، ناکەوێتە داوی کۆیلایەتی ئەو ئارەزووە کاتیانە. Sellars, John (2006) Stoism. Routledge. Pp 36

پێوەدیارە. ئەوەش نیشانمان دەدا، کە خۆی کریستیان نییە. سێراپیۆن بار لە نامەکەیدا دەڵێ:

> نەمری یەسو، دەگەڕێتەوە بۆ یاسا نوێکانی، نەک هەڵسانەوەی.

لە نامەکەی مارا بۆ سێراپیونی کوڕی سەبارەت بە یەسو دەنووسێ:

> یەسو پاشای یەهودی لێزان (بلیمەت) کە خودا تۆڵەی مەرگی ئەوی دادوەرانە کردەوە. تا یاسا نوێکانی بەردەوام بن[74].

دواتر مارا درێژە بە نامەکەی دەدا ودەڵێ:

> ئەی کوڕی خۆم، ژیانی خەلک لەم دونیایە درێژ نییە. بەڵام سەبارەت بە لێزانان (الحکماء) چاکە و ناوبانگیان هەتاهەتایە هەر دەمێنێ[75].

ئەو شارەی شوێنی لەدایکبوون و گەورەبوونی مارا بوو، لە شەڕی دژی ڕۆما کاولکرا. لەو هێرش و کاولکارییە، مارا بە دیل دەگیرێ. مارا و دیلەکانی تری، کە کەوتبوونە دەستی سوپای ڕوما و بە دیل گیران و بردران. مارا لە کۆتایی نامەکەیدا دەڵێ:

> ڕۆم کە خاکی ووڵاتەکەمانیان، بە زۆرداری داگیرکردووە. شەرم و سووکیان لەو کارەیان بۆ دەمێنێتەوە. ئەگەر ڕۆمانەکان لێمان گەڕابان، و بە دادوەرانە و ویژدانەوە، بگەڕێینەوە ناو نەتەوەی خۆمان. ئەو دەمە باش و خێرخواز دەبوون[76].

---

[74] Robert E. Van Voorst (2000) Jesus outside the New Testamanet. An Introduction pp 67

[75] Ibid Pp 67

[76] British Museum Syriac MS Additional 14,658. Blinzler, *Trial of Jesus*

# لوسیانی سامۆساته

Lucian of Samosata

لوسیانی سامۆساته (١٢٥ – ١٨٠ س.ب) نووسەرێکی ساتیرنووسی[77] یۆنانی ناسراو بوو. و زیاتر له ٨٠ پەرتووکی ساتیری نووسیووه. زۆربەیان ڕیالیستین و دەربارەی کەموکوڕیە کۆمەڵایەتییەکانی هاوسەردەمی خۆی بووین. له پەرتووکی (ژیان و مەرگی پێرێگرینوس) که له سەدەی دووەم زۆر بەناوبانگ بووه. پێرێگرینوس، لەسەر ڕێبازی سینیسیزم (کلبي) بووه. دوای ئەوەی، به تۆمەتی کوشتنی باوکی، له شاری خۆی دوورخرایەوه. پێرێگرینوس دەبێته کریستیان. و تا ئاستێک پێشکەوتن بەدەست دێنێ. دواتر باوەڕی خۆی گۆڕی. و گەڕایەوه سەر سینیسیزم و شۆڕشی سیاسی. له دوایی، لەسەر ئاگرگەیەکی نزیک یاری ئۆلۆمپی له ساڵی ١٦٥س.ب، خۆی کوشت و کۆتایی به ژیانی خۆی هێنا[78].

لوسیان دژی کریستیانی بوو. له نووسینی ئەو چیرۆکەی سوکایەتی به کریستیانەکان دەکا. لەبەر ئەوەی باوەڕ به کەسێک دەکەن له خاچدراوه. لەو چیرۆکه ساتیرەدا، مرۆڤ به ئاسانی گشت نیشانەکانی یەسو له پێرێگرینوس دا دەناسێتەوه. که له ڕاستیدا یەسو خۆیەتی. بەوەش لوسیان تەنیا گەواهی بوونی یەسو نادا. بەڵکوو گەواهی لەخاچدانیشی دەدا.

[77] ساتیر: تەنز

[78] Robert E. Van Voorst (2000) Jesus outside the New Testamanet. An Introduction pp 73

ئەوەی ئەو چیرۆکەی لوسیان دەیەوێ بیڵێ، ئەوەبوو، کە دینی کریستیانی باوەڕێکی نوێ نییە. بەڵکوو وەک هەر باوەڕێکی کۆمەڵایەتی هاوسەردەمیەتی. هەر بۆیەش وەرگەڕانی پێرێگرینوس لە سینیسیزم (کلبی) بۆ کریستیانی. و دوایی گەڕانەوەی بۆ سینیسیزم. نەدۆزینەوەی شتێکی نوێ بوو. لە ئەنجامدا بێهیوایی گەیشتە ئاستێک کە بە خۆ کوشتن کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

زۆر لێکۆڵەرەوە بە درێژایی مێژوو، ژیانی سینیستەکان بە ژیانی ڕەبەنەکانی کریستیانی بەراورد دەکەن. ئەوەش پرسیارێک دەوروژێنێ. ئایا ڕەگی کریستیانی لە سینیستەوە هاتووە؟

لەم چیرۆکە لوسیان باسی یەسو، بە شێوەیەکی هاوسەنگ دەکا. لە کاتێکا کە هێرش بۆ سەر کریستیانەکان دەکا. دەزانی کریستیانەکان خودایەک دەپەرستن. لە پێشتر مرۆڤ بووە. لە ئیسرائیل لە خاچدراوە. باوەڕیان بە هێزی ژیان دوای مردن هەیە. بە شێوەیەکی زۆر بەهێز کاریگەری لەسەر ژیانی ئێستایان هەیە. کریستیانەکان بەپێی یاساکانی یەسو دەژین. واتە یاسای کریست[79]

## کۆرنێلیوس سێلسوس

Cornelius Celsus

کۆرنێلیوس سێلسوس، یەک لە فەیلەسووفەکانی سەدەی دووەمە. و پەیڕەوکاری ڕێبازی ئەفلاتونی نوێ بوو. لە نێوان ساڵانی ١٧٧ – ١٨٠س.ب، هێرشی کردە سەر دینی کریستیانی لە ژێر ناوی (باوەڕی ڕاستەقینە)[80]. شێوەی هێرشەکەی لە ڕوانگەی ئەفلاتوونی بوو. و بە کۆنترین هێرشی گشتگیر لەسەر کریستیانەکان دادەنرێ.

---

[79] Lucian of Samosata. The passing of Peregrinus;  C.P. Jones (1996) Culture and society in Lucian . Cambridge. Harvard university press. Pp 132
[80] True Doctrine

سێلسوس هێرشەکەی دژی ئەو کریستیانانەیە، کە بە ڕەچەڵەک یەهودی بوون[81]. لە هەمان کاتدا سەرکردە سەرەتاییەکان و ڕێنمایی و پەیڕەوکردنی دینی کریستیانیان دەکرد. هەرچەندە ئەو پەرتووکە بەشی زۆری لەناو چووە. کەچی لە نێوان لە سەدا ٦٠ تا ٩٠ لە وەڵامدانەوەی توندو درێژی ئۆرێژێن [82] دەبینینەوە. کە لە دەوروبەری ساڵی ٢٥٠ س.ب نووسیویەتی. بە ڕەچاوکردنی ماوەی نێوان سیلسوس، و وەڵامدانەوەی ئۆرێژێن کە نزیکەی ٧٠ ساڵ دەبێ. بەڵام دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکەین کە ئۆرێژێن، بە شێوەیەکی بەرنامەڕێژ و خاڵ بە خاڵ وەڵامی داوەتەوە. لە هەمان کاتدا دینی کریستیانی لەو دەمە بۆتە دینێکی گشتگیر و خاوەن دەیان ئینجیلی نووسراو، و بە سەدان ڕاڤەکار. کە ئۆرێژێن زانیاری زۆری لەبەر دەست دابووە.[83]

سیلسوس تا ئاستێکی بەرز سوودی لە کاردانەوەی یەهودییەکانی سەدەی دووەم، بەرامبەر کریستیانەکان وەرگرتووە. ئەو کاردانەوانەش گرنگیەکی زۆریان، بۆ بەراوردکاری نێوان مێژوونووس و گێڕانەوەکانی کەلەپووری یەهودی هەیە.

لە بەشی بنەڕەتی دووەم ١: ٢٨ – ١: ٧٩ بریتییە لە قسەکردن دژی ئەو یەهودیانەی بوونە کریستیان. هەڵبەتە لەسەر زاری یەهودیەک دەگێڕێتەوە. ئەو بەشە بە شێوەیەکی سەرەکی سەبارەت بە یەسوە. بەشی سێیەم بریتییە لە بەراوردێک لە نێوان کریستیانی و فەلسەفە و دینی ڕۆمانی و یۆنانی. لە بەشی چوارەم ڕەخنە لە باوەڕی کریستیانی، بەتایبەتی پێشبینیەکانی

---

[81] ئەو یەهودیانە لەسەر ڕێبازی فەریسیەکان بوون، باوەڕیان بە ئەسو هێنا. باوەریان وابوو یەسو کرسیستی چاوڕوانکراوە. و دەگەڕێتەوە. دواتر ناویان بە یەهودی نەساڕی دەرکرد. کە لە قورئان بە نەساڕی ناویان دەبا.

[82] Origen of Alexandria

[83] Robert E. Van Voorst (2000) Jesus outside the New Testamanet. An Introduction pp 79

کریستیانی دەگرێ. لەگەڵ ئاماژەیەکی بچووک لەسەر یەسو. لە بەشی پێنجەم بەراوردێکە بەبێ زێدەڕۆیی لە نێوان یەهودی و کریستیانی. بەشی شەشەم هێرشێکی ترە، لەسەر باوەڕی کریستیانی، و لەگەڵ ئاماژەیەکی زۆر کورت بە یەسو.

سیلسوس هێرشێکی توند و فراوان دەکاتە سەر یەسو. و پێی وایە کە یەسو ئەو باوەڕەی داهێناوە. بە کەسێکی ئاست نزمی دادەدنێ، و تانە لە ڕەچەڵەکی دەدا. بە تایبەتی سکپڕبوونی دایکی، و لە دایک بوون و منداڵی. تا دەگاتە بانگهێژی و مردنی. دووبارە هەڵسانەوەی. کە تا ئەودەمەش کاریگەرییەکی بەردەوامی هەبووە.

بەڕای سیلسوس ڕەچەڵەکی یەسو، دەگەڕێتەوە بۆ گوندێکی یەهودی[84] دایکی ژنێکی لادێی بووە. ژیانی لەسەر چنینی چلوبەرگ دابین کردووە. یەسو پەرجووەکانی لە ڕێگای جادوو کردوون[85]. کەسێکی خراپ و ئاست نزم بووە[86]. دواتر دەڵێ یەسو لەسەر گشت نەرێتەکانی یەهودی، بە تایبەتی یاساکانی تەورات مابوو. هەر لە خەتەنەکردن، تا دەگاتە بەڵاگێڕکردن لە پەرستگا[87]. بەڕای سیلسوس ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی بڕوابکەین کە یەسو دینێکی نوێی نەهێناوە. بەڵکو کۆنە کوتاڵی یەهودیە و بە نوێ دەیفرۆشێتەوە.

دوایی بەردەوام دەبێ و دەنووسێ:

> پەیڕەوکارانی لە دەکەس تێنەدەپەڕین. خراپترین ڕەوشتی فێردەکردن. تا دەگاتە سوالکردن و دزین[88] ئەو پەیڕەوکارانەش دەریاون و باجگربوون. تاکە

---

[84] Origen of Alexandria, Contra Celsum 1:28
[85] Ibid. 1:28; 2:32; 2:48; 8:41
[86] Ibid. 6: 75
[87] Ibid. 2: 6
[88] Ibid. 1:62; 2: 44

کەسبوون، کە یەسو بتوانێ لە ڕێگای جادووەکانی باوەڕیان پێبێنێ. کەچی ئێستا پەیڕەوکارانی زۆرکەس دێننە سەر ئەو ڕێبازە [89] دەنگۆی زیندووبوونەوەشی لەلایەن ژنێکی شێت هاتووە.

پشتڕاستکردنەوەی دەنگۆی هەڵسانەوەشی، لە ڕێگای دووبارەکردنەوەی جادووەکانی یەسو خۆی بووە. لەگەڵ پەیڕەوکارە نزیکەکانی، یان قسەوقسەلۆکی بەربڵاو لە نێوانیان. گشت ئەوە وەک پرۆپاگاندە بۆ لەخشتەبردنی خەڵکیتر بۆکردنیانە سواڵکەر[90].

ئاماژەی سیلسوس سەبارەت بە یەسو لەو بەشەی[91]، کە ئۆریژێن گواستویەتییەوە. بە فراوانتر دێ. ئەوەش بە قسەی سیلسوس خۆی. ڕاستەوخۆ لە دەمی یەهودیانی بیستووە. کاتی قسەیان لەسەر یەسو دەکرد.

چیرۆکی لەدایکبوونی لە پاکیزە درۆیە. خەڵکی گوندێکی یەهودی بووە. کوڕی ژنێکی لادێی هەژار بووە. مێردی کە دارتاشیک بوو. بە تاوانی خیانەت (زینا) لەماڵ دەریکرد. دوای ئەوەی مێردی دەریکرد. لە شەرمان خۆی نیشان نەدەدا. و یەسوی بە دزی بوو.
کە یەسو گەورەبوو. لەبەر هەژاری، بە کرێکاری ڕۆژانە لە میسر کاری دەکرد. لەوێ لە میسر فێری فێڵەکانی هونەری جادووکردن بووە. کە میسرییەکان شانازیان بە بلیمەتی دەکرد. دواتر بە شانازی، بەو توانایەی گەڕایەوە. و نازناوی خودای لە خۆی نا[92] .

دواتر سیلسوس تۆمەتەکانی لەسەر نایاسایی زیاتر دەکا. و دەڵێ:

---

[89] Ibid. 2:46
[90] Ibid. 2:52
[91] Ibid. 1:28
[92] Ibid. 1:28

لێگەڕێ با بچینەوە سەر قسەی ئەو یەهودیەی، باسی دایکی یەسوی کرد، کە لەلایەن ئەو دارتاشەی دەسگیرانی بوو، وەدەرنرا. ئەوەش بە تاوانی خیانەتی سێکس. منداڵی لە سەربازێک بوو، بە ناوی (پانتێرە)[93]

لە کۆتایی سیلسوس دەڵێ:

ئایا دایکی یەسو جوان بوو؟ ئایا خودا پەیوەندی لەگەڵ جوانێک دەبەستێ؟ سەرەڕای ئەوەی، بە سرووشتی خۆی ناتوانێ، جەستەیەکی خۆشبوێ، کە بمرێ. شتێکی ئەستەمە خودا کەوتبێتە داوی ئەوینی، کە دەوڵەمەند نەبوو. لە ڕەچەڵەکی پاشایانیش نەبوو. لە ڕاستیدا تابگرە، لەلای هاوسێکانیشی نەناسراوبووە[94].

تەنانەت کە دارتاشی دەسگیرانی، لەماڵ دەریدەکا. هێزی خودایی ئەو توانایەی نییە. و ئارەزووشی لەسەر ئەوە نییە، ڕزگاری بکا. لەبەر ئەوەی ئەو شتانە پەیوەندیان بە قەڵەمڕەوی خوداوە نییە[95].

## یەسو لە دۆکومێنت و سەرچاوەکانی جولەکە

ئیسڕائیل لە سەردەمی یەسو، بە هەڵومەرجێکی نالەبار دا تێدەپەڕی. زۆر نەبوو ئیمراتۆری ڕۆم لە ساڵی ٦٣ پ.س.ب بەسەر مەکابیەکاندا سەرکەوتبوو. و دەوڵەتی حەشمونی لەناوبردبوو. و خاکی پەیمان لەژێر داگیرکاری ڕۆم دابوو. و جولەکەکانیش هەم لە ژێر زەبری

---

[93] Ibid. 1:32

[94] Robert E. Van Voorst (2000) Jesus outside the New Testamanet. An Introduction pp 81

[95] Origen of Alexandria, Contra Celsum 1: 39

چەوسانەوەی ڕۆم دابوون. و هەم خۆشیان دابەشی، دەیان گرتووپ و کۆمەڵی جیاجیا بووبوون. هیچیشیان دانی بەویتر دانەدەنا. بۆیە ئاشنایەتی بە دۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی و دین و سیاسەتی ئەو کاتەی سەرزەمینی ئیسرائیل، یارمەتیدەرێکی گرنگە بۆ ساخکردنەوەی پرسە ئاڵۆزەکان.

## گرووپەکانی جولەکەی سەردەمی کریست

لە جێگای خۆیەتی، یەکەم هەنگای ئەو باسە، هەوڵدانێک بێ بۆ پەیداکردنی ئاشنایەتیەکی نزیکتر، لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی و دینی. ئۆرشەلیم، لەو سەردەمەی، یەسوی تێدا ژیاوە، و پەیامی خۆی ڕاگەیاندووە. بە تایبەتی، ئەو گرووپ و کۆمەڵانەی، کەم یان زۆر لە ژیانی کۆمەڵایەتی دەستەڵاتی سیاسی و دینی چالاکبووین، و کاریگەریان لەسەر ڕەوتی دینی و سیاسی هەبووە.

لە ئەنجامی چەوساندنەوەی سەدان ساڵی ڕابردوو، و کۆچ و ڕەوی یەهودیان بۆ وولاتانی تری دوور و نزیک. گەیشتبووە ئەو ئاستەی لە سەردەمی یەسو (عیسا) زۆربەی یەهودی لەدەرەوەی ئیسرائیل دەژیان، کە پێیان دەگوتن یەهودیە پەڕاگەندەکان.[96] کە نزیکەی لە ٪ ٧٠ یەهودیەکانی ئەو سەردەمەیان پێکدێنا. گەورەترین کۆلۆنی یەهودیان لە ووڵاتی میسر بوو. کە فیلۆنی ئەسکەندەری زمانحاڵیان بوو. و خۆشی هەر لە ئەسکەندەریە دەژا. [97]

[96] Diasporajews
[97] Göran, Lennartsson (2015) Judiska grupper på Jesu tid. S.7

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو یەهودیانەی هێشتا لە شارەکانی ئیسرائیل  هەر مابوون و چالاک بوون، بەپێی ڕێباز و هەڵوێستی سیاسی و دینیان، دابەشی گرووپی جیاجیا بووبوون. بە گشتی ئەو دابەشبوونەشیان، بە پێی باوەڕی گرووپ بوو. کە چۆن بەشداری چالاکیەکانی دینی و سیاسیان بکەن. ئەو گرووپانەی لە سەردەمی یەسو هەبوون و کەم یان زۆر کاریگەریان لەسەر گۆڕەپانی چالاکی دینی و سیاسی هەبوو، ئەمانە بوون:

## ١ حەسیدیم

Hadisic

ئەو گرووپە لە سەدەی دووەمی پ.س.ب، کاتی شەڕی مەکابییەکان بەدەرکەوتن. لەبەر ئەوەی بانگهێژی گرووپەکەیان، تەنیا بۆ دین بوو. لەسەرەتا دوورە پەرێز بوون. بەڵام دوایی وەک دیندار و بەرگری لەدین. لە مەکابیەکان نزیک بوونەوە. و لە ماوەی شەڕی دژی ڕۆم چوونە ناو لەشکری مەکابیەکان. دوای ئەوەی ڕۆم بەسەر مەکابیەکان دا سەرکەوت. و شەڕ کۆتایی هات، ئەوانیش بێ سێ و دوو، لە مەکابیەکان دوورکەوتنەوە. و دیسان کەوتنەوە سەر کاروباری دینی و گۆشەگیری خۆیان.[98]

[98] سید محمد عاشور، سید محمد (١٩٩٢) الیهود فی عصر المسیح. دار القلم. دمشق ص ٣٠

## ٢ کیتابیەکان

Ketuvim

ئەوانە گرووپێک بوون بەردەوام خەریکی کۆپیکردنی، پەرتووکی یاسایی و ڕێنما دینیەکان بوون. بە شێوەیەکی گشتی کاریان ڕاڤەکردنی پرسەکانی کۆمەڵایەتی، و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی بوو. هەوڵیاندەدا ڕاڤە یاساییەکان، لەگەڵ کاروباری ڕۆژانەی باوەڕداران بگونجێنن.
کیتابیەکان بە شێوەیەکی گشتی ببوونە سەرچاوەیەکی دانپێدانراو، و فتوایان لەسەر کاروبارەکانی کۆمەڵایەتی، وەک هاوسەرگیری، لێکجیابوونەوە، ڕۆژووگرتن، نوێژکردن و ئەرکەکانی دینی ڕۆژانەی تر دەدا. [99]

هەروەها هەندێکیان، لابەلا خەریکی کاروباری سیاسیش بوون. ئەوانە لەبەر ئەوەی خەریکی فێرکردنی زانیاری دینی بوون، ناویان لێنابوون ڕابی. ئەو نازناوە بە ڕابەر و وانەبێژ دەگوترا. لەسەردەمی ئینجیل ئەو نازناوە هەنگاو بە هەنگاو لەکەمیدا. تا شوێنی مامۆستا ( معلم)ی گرتەوە.

## ٣ سامەریەکان

Samaritan

سامەریەکان کۆمەڵێکی دینی یەهودی بوون. هەر بەناوی شاری سامەرەی کۆن لە ناوچەی نابلسی ئێستا ناسراون. سامەرە پایتەختیووڵاتی ئیسڕائیل بووە.

گرنگترین خاڵەکانی باوەڕی سامەری:

١ باوەڕ بە یەک خودا (الإیمان بإله واحد)

---

[99] هەمان سەرچاوە ص ٣١

٢ ئەو خودایە تەنیا ڕووحیە.
٣ باوەر بە موسا نێردەی خودایە، دوا نێردەیەتی.
٤ باوەڕیان بە تەوراتی موسا هەیە. و دەیپەرستن، کە پەرتووکی خودایە.
٥ باوەڕیان بە چیای گەزریم هەیە، کە لە تەک شاری نابلسە. بۆ سامەریەکان ئەوێ ناوچەیەکی پیرۆزی ڕاستەقینەیە. نەک پەرستگای سولەیمان لە ئۆڕشەلیم.
٦ باوەڕیان بەو نەبیانە نییە، کە دوای موسا هاتوون.
٧ باوەڕیان تەنیا بە پێنج پەرتووکەکانی موسا هەیە، لەگەڵ پەرتووکی یەشوع. بێجگە لەوانە باوەڕیان بە هیچ لە پەرتووکەکانی تری پەیمانی کۆن نیە. و ڕەتیاندەکەنەوە.

هەر ئەوەش بۆتە هۆی، کاردانەویەکی توندی دوژمنانە، لەلایەن کۆمەڵەکانی تری یەهودی. و پەسندیا ناکەن. و بوونەتە جێگای ڕق، کە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری:
١ یەهودیەکان لەکاتی دەربەدەری، لە سەردەمی وەک دیلی هێنرابوونە بابل. خەڵکی تریان لە شوێن سامەریەکان داناوە. لەبەر ئەوەی پێیان وایە ئەوانە لە ڕەچەڵەکی یەهودی نین.

٢ هەندێک لە پێشڕەوانی دینی یەهودی، سامەریەکان دەبەنەوە سەر هاڕوونی برای موسا. و سەرۆکی کاهینی خۆیان حەبری مەزن.

٣ یەهودیەکان سامەریەکان بە بیانی دادەنێن. بۆیە نابێ لە پەرستگا نزیک ببنەوە. چوونیان بۆ ناو پەرستگا پیسی دەکەن.

٤ نابلس ئەو شارەی ئیمپراتۆری ڕۆمانی فەسبازیان لێی دادەنیشت، کە تیوتۆسی کوڕی پەرستگای سولەیمانی لە ئۆڕشەلیم خراپکرد.

٥ شاری سامەری لە تەک چیای گەزریمە. کە سامەریەکان بە پیرۆزی دادەنێن. بە پێچەوانەوە، یەهودی باوەڕیان بە پیرۆزی نییە. هەربۆیە یەهودیەکان، بە هیچ شێوەیەک ڕێز لە نابلس ناگرن. تەنانەت سەفەریشیان بۆ قەدەخەکردووە.

٦ سامەریەکان بۆ حەج، گەشت بۆ چیای گەزریم دەکەن، نەک پەرستگای سلێمان [100]

## ٤ سەدوقیەکان

Saddukees

سەدوقیەکان کۆمەڵێک بوون، لە سەرەتای سەدەی دووەمی پ.س.ب بەدیارکەوتن. و پێگای دینیان لە سەدەی یەکەمی پ.س.ب بەدیارکەوت.

سەدوقیەکان دەگەڕێنەوە بۆ سادوق یەک لە پیاوانی داود بوو. و ئەوکاتەی سولەیمان ئەبیاتاری سەرۆکی کاهینانی دەربەدەرکرد.[101] سادوقی لە شوێن دانا. هەندێکیتر دەڵێن دەگەڕێنەوە سەر هاڕوونی برای موسا.

سەدوقیەکان پرۆگرامێکی تایبەتی خۆیان، لەسەر دین و سیاسەت، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی یەهودی هەبوو. سەرەڕای ئەوە بەردەوام هاوکاری نزیکی ئابووری و سیاسی دەوڵەتی ڕۆمی داگیرکەریان دەکرد:

[100] هەمان سەرچاوە ص ٣٣
[101] پەیمانی کۆن – یەکەم پاشایان، دەقەکانی ١ و ٢

١ ئەو کۆمەڵە باوەڕیان وابوو، تاکە کۆمەڵن پارێزگاری لە یاساکانی یەهودی بکەن. و دژی هەر نەرێتێکن بە هۆی داگیرکاری بێتە ناو دین و کۆمەڵ.

٢ ئەندامانی ئەو گرووپە، زۆر ئارەزوویان لە کۆکردنەوەی دارایی بوو. هەر لەبەر ئەوەش لە هەندێ پرسدا، هاوکاری داگیرکەریان دەکرد. بەتایبەتی کە پارەی زۆری تێدابوایە. پەیوەندیان بە شارستانی یۆنانی بە ئاشکرا دیاربوو.

٣ سەدوقیەکان باوەڕیان تەنیا بەو شتانە هەبوو کە لە تەوراتدا هاتوون. قسەی ڕاڤەکار و زانایانیان بە پێویست نەدەزانی. باوەڕیان بە زیندووبوونەوە نەبوو. سەرەڕای ئەوەی بە ماتریالیست دانانرێن و باوەڕیان بە فریشتە هەبوو.

بەگشتی ئەوانە بازرگانیان بە دین دەکرد. گەرماویان بەکرێ دەدایە حەجکەرانی پەرستگا. بەردەوام بەبێ پشوو، خەریکی کاروباری بازرگانی بوون، بە ڕۆژانی شەممە کڕین و فرۆشنیان دەکرد، ئاگریان دەکردەوە، چێشتیان لێدەنا. و منداڵیان خەتەنەدەکرد. کە لەلای یەهودیان بە ڕۆژانی شەممە ئەوانە قەدەخەن. کەچی ئەوان دەیانکرد. و دەیانگوت لە پەرستگا ڕۆژی شەمەممە نییە.

سەدووقیەکان باوەڕی پتەویان بە چەند خاڵێک وەک یاسا هەبوو:

١ ئەوانە سووربوون لەسەر یاسای چاو بە چاو و ددان بە ددان. پارەی خوێنیان قەبوڵ نەدەکرد. ئەوەش بەپێی یاسای حامورابی بوو.
٢ باوەڕیان وابوو مەبەست، ڕەوایی دەداتە کردەوە. و پرسە دینیەکان نابێ بکرێنە پاشکۆ، بۆ ئەنجامدانی مەبەستی سیاسی یان دارایی. بەڵام ئەگەر بۆ ئامانجێکی بەهێزبوو، ڕەوایە ئەو نەرێتە بشکێنی.
٣ دروشمیان یەکەم نیشتمان، دوایی دین بوو.

٤ مرۆڤ ئازادە و سەروەری خۆیەتی.
٥ پاداشت و سزا لە کردەوەی مرۆڤن. نەخۆشی سزایە.
٦ باوەڕبوون بە خودا، پەیوەستبوون بە یاساکانی دین، بەس نین بۆ ئاسایشی دەوڵەت. لە کاتی پێویست دەبێ لە یاساکانی دین (یاساکانی موسا) لابدرێ. ئەوەش لە پێناوی پاراستنی نیشتمان و خاکی پەیمان.

خەڵکی بە گشتی ڕقیان لە سەدوقیەکان بوو، لەبەر ئەوەی باجی زۆریان لەسەر خەڵکی دادەنا. و گەلی یەهودیش سوودێکی لەو باجە وەرنەدەگرت. بەڵکوو دەچووە گیرفانی داگیرکەر.[102]

## ٥ فەریسیەکان

Farisees

فەریسیەکان کۆمەڵێک بوون لە سەدەی دووەمی پ.س.ب بەدیارکەوتن. ئەوکاتەی مەکابییەکان بە سەرۆکایەتی یۆحەننا هەرکانووس کوڕی شەمعون کوڕی مەتاتیا سەرۆکی بنەماڵەی مەکابیەکان، بەرەنگاری یۆنانییە سلوکیەکان بووەوە.

خەڵکی زۆرینەی یەهودی لایەنگیری فەریسیەکان بوون. ئەو کەسانەی نەیاندەتوانی یان نەیاندەویست بە توندی ئەرکە دینیەکان، یاساکانی موسا پەیڕەوبکەن، لە گرووپ دەردەکران.

[102] Göran, Lennartsson (2015) Judiska grupper på Jesu tid.

فەریسیەکان بە شێوەیەکی گشتی، لە دژی ڕۆم ناچالاک بوون (پەسیڤ). زۆربەیان خەریکی تاوتوێکردن و ڕاڤەکاری یاساکانی موسا و تیۆلۆژی بوون. و لەناو پارتی فەریسیدا ئەندام بوون.

لە ڕاستیدا یەسو زۆر لەم گرووپە نزیک بوو. لە ئینجیلەکان بەردەوام باسی دیالۆگەکانی یەسو لەگەڵ فەریسیەکان دەکەن. لە هەمان کاتدا لەگەڵیان ناکۆک بوو. لەبەر ئەوەی لەخۆبایی بوون. و خۆیان لە خەڵکیتر بە بەرزتر دادەنا.

فەریسیەکان باوەڕیان لەم شەش خاڵەی خوارەوە:

١ فەریسیەکان خۆیان بە پلەی بەرزتر لە خەڵکی دادەنا. دەیانگوت ئەوان تاکە گرووپن لەلای خودا پەسندبن. بۆیە لە هەڵسوکەوتیان توندبوون. ئەوەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی لەگەڵ یەسو ناکۆک بن. یەسو ڕای وابوو، ئەو گرووپە لەخۆبایی و خۆ بەزلزانن. و ڕێنمایەکانی دینییان دژی خوداپەرستی ڕاستەقینەن.

٢ فەریسیەکان باوەڕیان وابوو ڕێزگرتن لە یاساکانی یەهودی، ئەرکێکی گەورەیە. و ئەوەی ڕێزی لێنەگری بێ دینە.

٣ پێویستە ڕێز لە نەرێتی باووباپیراب بگیرێ.

٤ فەریسیەکان بانگهێژی پەیڕەوی یاسایان دەکرد. و دیمەنی هاوچەرخیان دەدایە. کە لەگەڵ ژیان و کردار دا بگونجێ. داوایان لە خەڵکی دەکرد. لەسەر شەقام سڵاویان لێبکەن.

٥ شەرمیان نەدەکرد خۆیان لەبازار نوێژ بکەن، لەو باوەڕەدابوون خەڵکی ڕێزیان زیاتر لێدەگرن. ئەوەش دووڕوویەکی تەواوبوو. دەیاننواند.[103]

٦ فەریسیەکان دژی گشت یەهودیەکانی دەرەوەی گرووپی خۆیان بوون. وەک پێویستیەک هەمیشە ساکێکی (تۆربە) بچووکیان پێبوو کە تەوراتی تێدابوو. جا کات و ناکات لەسەر جادە خەلکیان ڕادەگرت و قسەیان بۆ دەکردن. [104]

٧ ئەو گرووپە لە ئەنجوومەنی باڵای حاخامەکان، دەستەڵاتێکی بەهێز و فراوانیان هەبوو. دەستیان لە زۆربەی بڕیار و یاساکانی دینی دا هەبوو.

## ٦ زێلۆتیەکان

Zelotes

ئەوانە گرووپێکی بچووک بوون. باوەڕیان وابوو بەرگری لە دینی یەهودی، دەبێ تەنیا لە ڕێگای ڕاپەڕین دژی ڕۆم بێ. گشت ئەو ڕاپەڕینانەی ئەو گرووپە دژی ڕۆم دەیانکرد، بە شکەست کۆتایی دەهات. ئەو گرووپە، هۆکاری هەڵگیرساندنی ڕاپەڕینی ٦٦ – ٧٠ س.ب بوون. کە دوای کۆتایی هاتن و دامرکاندنەوەی ڕاپەڕین، دەستەڵاتداری ڕۆم ئۆرشەلیمی کاولکرد. و پەرستگای سولەیمانیشی ڕوخاند. [105]

[103] فەریسیەکان ئەو نەریتەیان، لەگەڵ خۆ هێنایە ناو نەساری و دواتریش ئیسلام.
[104] سید محمد عاشور، سید محمد (١٩٩٢) الیهود فی عصر المسیح. دار القلم. دمشق ص ٣٦
[105] Göran, Lennartsson (2015) Judiska gruppet på Jesu tid.

## ٧ ئەسینیەکان

Essenes

ئەسینیەکان گرووپێک بوون، زۆربەیان لە جوتیار و شوانکار و پیشەی دەستی پێکدەهاتن. و پەیڕەوکارانی ئەو ڕێبازە بە ڕەبەنی دەژیان. و خۆیان بە دوور لە گرووپەکانیتری یەهوودی دەگرت. ئەوانە باوەڕیان بە سامانی تایبەتی نەبوو. و سامانی هاوبەشیان هەبوو. و دژی کۆیلایەتی بوون. و پێیان وابوو کە مرۆڤ بەگشتی یەکسانن. و دەبێ لەسەر بنەمای یەکسانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێ. [106]

ئەو گرووپە فەلسەفە و نەریتەکانیان لە فەریسیەکان زۆر نزیک بوو. زۆر توند بوون لەسەر پەیڕەوکردنی یاساکانی موسا.

## ٨ سانهەدرین

Sanhedrin

ئەنجوومەنی باڵا، بە پێی میشنا بریتی بوو لە ٧١ ئەندام. حاخامی هەرە بەرز سەرۆکی سانهەدرین بوو. ئەو یاسایەش لە تەورات هاتووە. کە لەسەردەمی موسا ئەو ئەنجومە لە ٧٠ ڕیش سپی پێکدەهات. کە سەرکردایەتی فۆرمی کۆمەڵایەتی و دینی یەهوودی دەکرد. [107]

پەیمانی کۆن – پەرتووکی ژمێرە ١١: ١٦

---

[106] ئەسینیەکان، دواتر باوەڕیان بە بانگهێژی یەسو هێنا. و ناویان بە ئەبیونی (هەژارەکان) دەرکرد. کە دواتر وەک ڕێبازێکی یەهودی نەساڕی بوونە بناخەی دامەزرانی ئیسلام.

[107] Ibid

(١٦) خوداش بە موسای فەرموو: لە پیرانی ئیسرائیل حەفتا پیاوم بۆ کۆبکەرەوە، ئەوانەی دەزانیت کە ڕیش سپی و کوێخای گەلن و بیانهێنە لای چادری چاوپێکەوتن و با لەوێ لەگەڵتدا ڕاوەستن .(١٧) جا من دێمە خوارەوە و لەوێ لەگەڵتدا دەدوێم. و لەو ڕۆحەی بەسەرتەوەیە دەبەم و دەیخەمە سەریان، جا لەگەڵتدا بارگرانی گەلەکە هەڵدەگرن، ئیتر تۆ بە تەنها هەڵیناگریت.

## سەرچاوەکانی جولەکە سەبارەت بە یەسو

لە ساڵی ١٩٤٧ تا ساڵی ١٩٥٦س.ب گەنجینەیەکی شاراوە. لە ناو ئەشکەوتێک لە نزیک قومران، لەسەر قەراخی باکووری ڕۆژئاوای دەریای مردوو دۆزرایەوە. ئەو دۆزینەوەیە، بە شێوەیەکی گشتی، تا ئیستا گرنگترین دەستکەوتە بۆ لێکۆڵەرەوانی ئینجیل. و بەتایبەتی یەهودیە نەساریەکان. و ساخکردنەوەی ئینجیلی عیبرانی.

لەو گەنجینەیەدا زیاتر لە هەشت سەد دەستنووس هەبوون. هیندێک تەواو، و هەندکیشیان بەش بەش. بەگشتی ئەو دەستنووسانە دەکرانە سێ بەش:

بەشی یەکەم: کۆپییەکی ئینجیلی عیبری. دەقی ئەو ئینجیلە زۆر گرنگە بۆ ڕەخنە و بەدواداچوون لەسەر ئینجیل و بەراوردی بە قورئانی ئیسلام.

بەشی دووەم: پەرتووکی ئەپۆکریف (منحول). ئەوانەش تا ئاستێکی باش بۆ بەراوردکاری و دۆزینەوەی چیرۆک و بەسەرهاتی ناو پەرتووکە پیرۆزەکانیتر گرنگن.

بەشی سێیەم: بیۆگرافیای کەسی نەناسراو، کە هیچ سوودێکیان بۆ لێکۆڵینەوە نییە.

لێکۆڵەرەوان بە گشتی لەسەر ئەو ڕایەن. کە ئەوە پەرتووکخانەی (کۆمەڵی ئەسینییە) کە لە نزیک قومران دەژیان[108].

---

[108] Robert E. Van Voorst (2000) Jesus outside the New Testamanet. An Introduction pp 93

ئەسینییەکان کۆمەڵێکی یەهودی بوون لە ئیسرائیل. لە سەدەی دووەمی پ.س.ب ناویان لە پەیڕەوکارەکانیان نا (پاککەرەوە). ئەوانە چەند پرینسیپێکی دینیان هەبوو. کە زۆر بە توندی پەیڕویان دەکردن:

- موڵکداریەتی تایبەتییان ڕەتدەکردەوە.
- هاوسەرگیریان نەدەکرد (بە ڕەبەنی دەژیان).
- هەر بەیانییەک خۆیان دەشووشت.

باوەڕیان بە بانگهێژی یەسو هێنا. بەڵام پاولۆسی کریستیانیان ڕەت دەکردەوە. هەر بەردەوامیش بوون لەسەر پەیڕەوکردنی یاساکانی موسا و دینی یەهودی. دوای ڕوخانی پەرستگای گەورەی ئۆرشەلیم. بە کریستیانی یەهودی، یان ئەبیونی ناسران[109].

پلینی گەورە لە پەرتووکی (مێژووی سرووشت)، بێجگە لەوەی کە باسی جوگرافیای ناوچە، ڕووەک و گیانداران دەکا. بە خرۆشەوە دەگێڕێتەوە:

> لەلای ڕۆژئاوای دەریای مردوو، دوور لە هەڵمی ژەهراوی، بە درێژایی قەراخەکانی دەریای مردوو . کۆمەڵێکی ئەسینی دوورەپەرێز دەژین. ئەوەی ئەو کۆمەڵە لە گشت جیهان جیادەکەتەوە. هیچ ژنیان لەگەڵ دانییە. وازیان لە گشت ئارەزووە سێکسیەکان هێناوە. بێجگە لە دار خورما زیاتریان نییە. ڕۆژێک لە ڕۆژان ژمارەیەکی زۆر لە دەربەدەر و لەژیان ماندوو، کۆ دەکەنەوە. وەک شەپۆلی خۆشی لە پیاوان. ڕێبازی ژیانیان هەڵدەبژێرن. ئەوەش بە درێژایی هەزاران ساڵ باوەڕناکرێ. کە ڕەچەڵەکێکن زاوزێ ناکەن.

---

109 Ibid. Pp 93

وکەسیان لێ لەدایک نابێ . بەڵکوو هەتا هەتایە دەژین. تاکە بەرهەمیان بۆ بەردەوامی مانەوەیان، تۆبەکردن و هاتنەرێزی پیاوانی ترە بۆ ناویان لە ژیان[110].

وەک سەرچاوەکانی ئاماژەی پێدەکەن ئەو گرووپە دواتر بە ئەبیونی ناسران و باوەڕیان بە ئینجیلی عیبرانی هەبوو. سەرجەمی ئینجیلەکانیتر قانوونی و ئەپۆکریفیان ڕەتدەکردەوە. [111]

## فلاڤیوس، یوسێفوس

Falvius Josephus

یوسێفوس (٣٧ – ١٠٠س.ب) لە خێزانێکی کاهینی نەجیبزادەی یەهودی بوو. ناوی یوسف بن ماتیتیاهو) بووە. یوسێفوس لە پەرتووکی مێژووی کۆنی یەهودیان، باسی چیرۆکی ڕاپەڕینی یەهودی (٦٦-٧٠ س.ب) دەکا. خۆی لەو شەڕەدا بەشداربووە. باسی ئەزموونی خۆی، لەو شەڕە دەکا[112].

لەو پەرتووکەدا باسی یەسو دەکا ( یەسو مرۆڤێکی لێزان، و بە کریست ناسراوە). ئەوەی جێگای گومانە لەو نووسینە. دوای مردنی یوسیفوس و پەرەسەندنی کریستیانی پەرتووکەکانی کەوتنە دەستی ئەسقەف و قەشەکانی کریستیانی. بۆیە لێکۆڵەرەوان گومانی زۆریان هەیە، کە گۆڕان لەو شووێنانە دا کرابێ کە باسی یەسو یان کریستیانی دەکا.

---

[110] Pliny the Elder, The Natural History 5. 15. § 75

[111] پرسی ئەبیونی ئینجیلی عیبرانی دواتر لە بەشی سێیەم بە درێژی باس دەکرێ

[112] Antiquities of the Jewish 20: 9: 1

# هەڵوێستی حاخامەکانی جولەکە بەرامبەر یەسو

لە دینی یەهودی، یەسو کەسایەتییەکی مێژووییە. و بە دەیان جار حاخامەکان لە دیالۆگ و نووسراوەکانیان، هەروەها لە ناو دەقەکانی تۆماری تالمود. یەسو وەک کەسێکی مێژوویی ناوی هاتووە. هەرچەندە لە ڕوانگەی ئەوان، یەسو وەک مرۆڤێکی ئاژاوەگێڕ و سووک دەبینرێ. بەڵام نکۆڵی لە بوونی وەک کەسێکی مێژووی ناکەن[113].

سەرچاوەکانی ئەدەب و مێژووی یەهودی، ئەوەندە گەنجینەیەکی گەورەیە. مەگەر تەنیا گەنجینەی پەرتووکەکانی هیندۆسی خۆیان لە قەرە بدەن. لە سەدەی بیستەم، بەهۆی کاری لێتۆژەرەوانی یەهودی، کە دەستیان کرد بە بەرنامەی ڕەخنەی مێژوویی، لەسەر ئەو ئەدەبیاتە بێ لەمپەرە. گۆڕەپانێکی فراوانی بۆ مێژوونووس و لێتۆژەرەوەو و مێژووان ئاوەڵاکرد. ئەو دەرفەتە کلیلی چوونە ناو ئەو گەنجینەیەی دایە دەست زانستی مێژوو. و دەرگای بۆ جیهانی دەرەوە کردەوە. ئەوەش دەرفەتێکی گەورەی ڕەخساند، بۆ ئەوەی سەبارەت بە هەڵوێستی یەهودی بە گشتی و حاخامەکان بە تایبەتی تێبگەین [114]

بە گشتی، لە دوای دەستنووسەکانی دەریای مردوو، و یوسیفوس، گرنگی ئەو ئەدەبیاتە دێ. تابتوانرێ تێگەیشتنێکی قووڵتر و هەمەلایەن، بۆ سەردەمی یەسو وەدەست بێنین. بە تایبەتی

---

[113] Robert E. Van Voorst (2000) Jesus outside the new Testament. An introduction to the Ancient evidence. Pp 133
[114] Ibid. Pp 123

بزووتنەوەی فەریسەکان. هەرچەندە ئەو ئەدەبیاتە ناتوانێ (دینێکی دانسقەبێ) لە سەردەمی یەسو. لەبەر ئەوەی، ماوەی پێش ڕاپەڕینی یەهودی (٦٦ - ٧٠ س.ب)، سەردەمێکی جێگیر نەبوو. و شپرزەیی و ناکۆکی زۆری تێدابووە. ئەوەش بە هۆی بوونی چەندین ڕێبازی جیاجیا کە پێشتر باسی هەندێکیان کراوە. لەوانە چەند ڕێبازێک ڕۆلیان لەسەر دین و پەرەسەندنی هەبوو. سەدوقیەکان، فەریسەکان، ئەسینیەکان .... و هیتر.

ئەو هەلومەرجەش، بەگشتی دیمەنێک لە ئاژاوە و ناجێگیری، لەناو ڕەوتە دینییەکانی ئیسرائیل وەدی هێنا. کە لە سەرتاسەری کۆمەڵگەی ئیسرائیل، بە گشت ڕێباز و گرووپ و هێزە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی یەهودی ئیسرائیل. تەنیا حاخامەکانی فەریسی توانیان لەو ڕاپەڕینە کاولکارییە دەربچن. ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی، ئەو کۆمەڵە حاخامە گرنگی دینی یەهودیان لەپێش هەر شتێکیتر دادەنا. جارێکیتر ژیانیان پێ بەخشیەوە. هەرچەندە لەسەر ئەو هەڵوێستەیان لەلایەن یەهودیە نەسارِیەکان زۆر دوژمنایەتیان کرا.

ئەوانە ئەدەبیاتێکی مەزنیان لەسەر مێژووی دینی یەهودی، لە سەدەیەی یەکەمی س.ب تۆمارکرد. کە گەنجینەیەکە، لە زانیاری سەبارەت بە سەردەمێکی سەخت و گرنگ. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چوار هۆکار. کە زۆربەی لێتۆژەرەوان لەسەریان هاوڕان.

یەکەم: لەو سەردەمە حاخامەکان لە نووسینەوەی ئەدەبی مێژوو، گەلی یەهودی و تەوراتیان دەپاراست. نەک تەنیا لەبەر ناکۆکی و ڕووماڵکردنی ڕابردوو. بەڵکوو گرنگییان زیاتر بە یاسا و نەریتەکانی (هەلاخاە)[115] دەدا. بۆ ئەوان لەو سەردەمەدا، مێژوو تایبەت بوو بە ڕوونکردنەوە (ئاگادا)[116]. بەو شێوەیەش هەمیشە ڕوونکردنەوەی مێژوو، لەسەر شێوەی ڕوونکردنەوەی بابەتەکانی یاسایی و خودایی و ڕەوشت دێ. ئەوەش زۆربەی ناوەڕۆکی

[115] Halacha
[116] Aggada

گفتوگۆی نێوان حاخامەکانی پڕ دەکردەوە. لە کاتێکدا ڕاڤەکردنی بابەتە مێژووییەکان زۆر سەختتر دەبن و لە شێوەی ئاسایی دەردەچن.

دووەم: دەگمەنە لە ناو دەقەکانی تالمود ڕووداوی مێژوویی لە سەردەمی پەرستگای دووەم ببینی. یان لە کۆتایی سەردەمی بەدیارکەوتنی یەسو. ئەو سەردەمە جەنجاڵ و ناجێگیربوو. کە لە کۆتایی گەیشتە شەڕی ٦٦ – ٧٠ س.ب.

سێیەم: سەرجەمی ئەو ڕووداوانە. کە لەو سەردەمە پڕ ئاژاوەیە ڕوویاندا. هۆکاربوون، کە بە شێوەیەکی گشتی زۆر بە کەمی باس بکرێن. ئەوەش لەبەر ئەوەی هەڵومەرجەکان جێگای متمانە نەبوون.

چوارەم: هیچ نووسراوێکی حاخامی لەبەر دەست دانییە. کە بگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەم تا بگرە سەدەی دووەمی پ.س.ب یش شتێکی وا نادۆزرێتەوە.

لە سەدەی یەکەم و دووەم، سەرچاوەیەکی کریستیانی نادۆزینەوە، تەنانەت دوای ئەو سەردەمەش پەرتووکێکی لە شێوەی (ئوسیبیوسی کەیسەری ٢٦٣ – ٣٣٩ س.ب)[117] نادۆزییەوە. تا بتوانی زانیاری لەسەر کریستیانی سەدەی یەکەم وەدەست بێنی. بۆیە گشت ئەو سەرچاوانەی ، کە بتوانین متمانەیان لەسەر بکەین. دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی سێیەم تا شەشەم. ئەوانەش بە گشتی دووبارەکردنەوەی دەماودەمی سەدەکانی ڕابردوون. ئەو سەرچاوانەش زیاتر گێڕانەوەی نەرێتن، و وەک کەلەپووری داماودەمن لەسەر گێڕانەوەی ڕووداوەکان[118].

[117] Eusebius of Caesarea. Church history. New york. 1904

[118] Robert E. Van Voorst (2000) Jesus outside the new Testament. An introduction to the Ancient evidence. Pp 124

دوای ساڵی ١٤٠ س.ب  تۆمارکردن و دووباره گێڕانەوەی حاخامەکان، سەبارەت بەو شتانەی حاخامە کۆنەکان گوتوویانە. جێگای متمانە بوون. ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی، حاخامەکان بە شێوەیەکی وورد ئاماژەیان بە ڕابردوو دەکرد. و تا دەگاتە ئەو ئاستەی تۆمارەکانیان، سەبارەت بە مێژووی ڕووداو. و گێڕانەوەی بە دروستی و پڕ ووردەکاری بوون. بەڵام  لە ڕووی ناوەرۆکەوە، ئەوەیان شتێکیترە.

گرفتێکی تریش لە نووسینەوەی حاخامەکان، سەبارەت بە کریستیانی هەبوو. ئەویش ئەوان دینی کریستیانیان بە دینێکی گومڕا دادەنا. و یەسو مامۆستایەکی گومڕا بوو.

ئەوە تەنانەت ڕەنگدانەوەی لە گفتوگۆی ناوخۆشیاندا هەبوو. ئەو قینەی ئەوان دژی کریستیانی وایکرد، تەنانەت لە گفتوگۆدا، یەسو بە کەم و سووک ناوی بێنن. هەندێک لە لێتۆژەرەوان باوەڕیان وایە. دوژمنایەتیان بۆ کریستیانی گەیشتۆتە ئەو ئاستەی، نازناوی سووکی لێبنێن، وەک بن ستادا[119]. تا دەگاتە گوزارەی سادەی وەك، لە جیاتی ناوی خۆی بە (کەسێك، فلان) ناویان دەبرد.  لەم هەڵومەرجەدا ئەگەر دەشزانین ووردەکاری و نووسینەکانیان جێی متمانەن. کەچی دەبێ وەک زمانی نووسینی لێتۆژینەوەی زانستی خۆپارێزییەک هەبێ.

نووسینەکانی یەهودی سەبارەت بە یەسو، بەردەوام لەژێر زۆر بۆهێنانی خۆجێی دابوو. ئەوەش ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو. بۆ ئەوەی تێبگەین بۆ شێوەیەکی وایان بۆ نووسین لەسەر یەسو گرتبووە بەر. تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی، گۆڕان لە کۆپییە بڵاوبووەکانی تالمود دابکرێ. و ناوی یەسو لە شوێنێک هاتبێ لابردرێ. یان بە شێوەیەکیتر بنووسرێ کە زیاتر لەگەڵ بۆچوونی شەقامی یەهودی ئەو دەمە بگونجێ. لەبەر ئەوەی بۆ نووسین لەسەر یەسو، تەنیا دوو ڕێگا لە بەردەم حاخامەکاندا هەبوو.

---

[119] بن ستادا، لە زمانی عیبری بە کوڕی سوزانی دێ، مەبەست زۆڵە

یەکەم دانپایانان، کە یەسو نەبیە و دەبێ ڕیزی لێبگیرێ، کە ئەوەش مەحاڵ بوو. لەبەر ئەوەی بوونی دەستەڵاتی یەهودی و سەنهێدرین دەکەوتە لەرزە. و لەناودەچوو.
دووەم: بەرەنگار بوونەوەیان چ لە ڕێگای ناوزڕاندنی، و چ لە گۆڕینی ئەو دەقانەی تالمود کە ناوی یەسویان تێدا هاتبوو. لەوەش زیاتر نەک تەنیا خۆیان توند بەرەنگاری بوونەوە، بەڵکوو دەستەڵاتی ڕۆمیشیان تێوەگلاند. کە ئەنجامەکەی گەیشتە لە خاچدانی یەسو.

ڕایمۆند براون دەڵێ:

> لە دەقی تالمودی بابلی وا دیارە، یەهودیە کۆنەکان باوەڕیان وابوو. کە باووباپیرانیان لە مردنی یەسو تێگلاون. تا ئەو ئاستەی بەرپرسیارن لەو ڕووداوە. [120]

لە ڕاستیدا ئەو ڕایەی براون، نەک هەر یەهودیەکانی سەرەتای سەدەی سێیەمی، بەرامبەر باو و باپیرانیان خستۆتە گومان، بەڵکوو دیاردەکانی ئەو قینە، ئەوەندە بەهێز بووە، تا سەرەتای سەدەی بیستەمیش هەر مابوو. بەڵگەش بۆ ئەوە پەرتووکی (تۆلیدۆت یەشو)یە.[121]

ناکۆکی هەلوێستی نێوان حاخامەکان سەبارەت بە بوون و کەسایەتی یەسو. وا دەکا کە لێکۆڵینەوە لەسەر ژیان و کەسایەتی یەسو لە سەرچاوەکانی یەهودی، ئەگەر ئاستەمیش نەبێ، زۆر سەختبێ[122]. هەرچەندە ئەگەر کەمیش بن بەڵگەنامە هەن. بەڵام لەبەر زۆری بەڵگەنامەی دژایەتی، پێویستی بە قووڵبوونەوە و خۆ پاراستن لەو تێکستە نەشیاوانە هەیە. تا بتوانێ بە شێوەی لۆژیک و لەسەر بنەمای بەراوردکاری ساخیان کاتەوە.

---

[120] Sanhedrin. 43a-b

[121] تۆلیدۆت یەشو. یان ژیانی یەسو. زۆر بە شێوەیەکی سووک باسی یەسو دەکا.

[122] Robert E. Van Voorst (2000) Jesus outside the new Testament. An introduction to the Ancient evidence. Pp 125

# پەرەسەندنی ئەدەبیاتی جولەکە

سەردەمی تەنایيم. ئەو قۆناخە لەساڵی سیفری تا ساڵی ٢٠٠ س.ب  دەگرێتەوە. دەقی بنەڕەتی تەنایيم، (میشنا)یە. دوای دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی یەهودی ساڵی ٧٠ س.ب، لەلایەن ڕۆمانەکان. کۆمەڵێک فەریسی کە کۆمەڵێکی یەهودی ڕێکخراوبوون. و دەربازیان بووبوو. دوای مۆڵەت وەرگرتن لە ڕۆمانەکان، بۆ ساخکردنەوە و ڕاڤەکردنی دەقەکانی تەورات و تالمود. دەستیانکرد بە ڕێکخستنی کۆرسی حاخامی (تالمودی). لە شاری ژەمنیا.[123] ئەو کۆرسانەش لە شێوەی پرۆژە ڕکخراوبوون. کە بە سەرۆکایەتی بەناوبانگترین حاخام (یۆحەنان بن زاکای) بەڕێوە دەچوون. ئەوانە خەریکی کۆکردنەوەی نەرێتەکانی فەریسی، و یاسا کۆنەکان بوون. هەندێک لەو نەرێتانە دەگەڕانەوە بۆ سەدەی یەکەمی پ.س.ب. ئەوەش وەک تەوراتی دەماودەم یان کولتووری گەلێری بوو. کە لە پەیمانی نوێ بە (نەرێتی کۆن) ناو دەبرێ[124].

لە تالمود کە دوای پەرتووکی تەورات، پیرۆزترین پەرتووکە بۆ دینی یەهودی. ناوی یەسو زۆر جار دووبارە بۆتەوە. ناوی یەسو لە ناو دەقەکانی تالمود، وک زۆڵ دووبارە بۆتەوە. و چیرۆکی لەسەر هۆنراوەتەوە. تا دەگاتە دروستکردنی نازناوی بەکەم زانین و سووکایەتی. بۆ نموونە لە تالمود بەو شێوەیە باسی مریەمی دایکی یەسو، و یەسو دەکا:

---

[123] Jamnia

[124] Robert E. Van Voorst (2000) Jesus outside the new Testament. An introduction to the Ancient evidence. Pp 126

یوسفی بن یەهودا، دەرگای لەسەر مریەمی ژنی دادەخست و دەڕۆیشت.
لەبەر ئەوەی ئەوەندە لێی بە قین بوو، تا کەس نەیبینێ.

بە پێی تالمود ئەوکارەی یوسف لەبەر ئەوەبووە، مریەم لەگەڵ سەربازێکی ڕۆمانی بە ناوی (بن پانتێرە) خیانەتی لێکردبوو. ئەوەش سزای مریەمی زیناکاربوو. دوایی لە مێردەکەشی جیابووەوە. ناچار بوو. بەتەنیا کوڕەکەی پەروەردە بکا. کاتی یەسو بن پانتێرە، تەمەنی گەورەبوو، بەرەو میسر کۆچیکرد. لەوێ فێری جادووکردن بوو. وگەڕایەوە.

بە حاخام ئێلیەزەرمان ڕاگەیاند، بە لێزانێکی گوت: بن ستادا لە میسر بە جادوو برینەکانی سەر پێستی دروست نەکردوون؟
گوتیان: ئەو دەبەنگە. بەڵگە لە دەبەنگ وەرناگیرێ.
حاخام هیسدا گوتی: بن ستادا خۆ لە ڕاستیدا بن پانتێرەیە. ئەو ژنەی دایکی، (ستادا)یە[125] خۆشەویستەکەی پانتێرەیە. کەچی میردی خۆی بابوس بن یەهودا یە. و دایکی ستادایە[126].

حاخام ئێلیەزەر گوتی: برینەکانی سەرپێستی ئازاری دەدەن.
لەوکاتەدا پسپۆرێک پێی گوت: ئایا بن ستادا بەو شێوەیە نەبێ فێرنابێ؟
مەبەستی ئەشکەنجە و برینەکانی پێستی یەسو بوون.
پێیان گوت: بە هۆی یەک دەبەنگەوە، هەر کەسێکی لێزانە بیگرین[127].

---

[125] ستادا: لە زمانی عیبری واتە سوزانی، داوێن پیس ژنێک خیانەت لە میردی بکا. Statha da
[126] Babilonian Talmud. Sabbat 104b
[127] Babilonian Talmud. Sabbat 15, 11

# سەرچاوەکانی دواتری جولەکە

ئێمە کە باسی سەرچاوە یەهودییەکان دواتر دەکەین. مەبەستمان ئەو سەرچاوانەیە، کە لە سەردەمی یەسو و دواتر هاتوون. ئەوانەش وەک تالمود، میدراش، گەمارا و میشنا، کە بە بەردەوامی کاریان تێدا دەکرا. وکەم یان زۆر لە ناو دەقەکانیان ناوی یەسو هاتووە.

ئەو سەرچاوانە ڕاڤە و لێکدانەوەی حاخام و مێژوونووسانی جولەکەن. کە ڕەنگە هەندێکیان هاوسەردەمی یەسو بووبن، یان دواتر هاتبن. هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێ سەرچاوەکانی جولەکە، سەرجەمیان بە خراپی باسی یەسو دەکەن. تا دەگاتە قسەی نەشیاو و سووکایەتی. بەڵام هیچیان نکۆڵی لە کەسایەتی مێژوویی یەسو ناکەن.

لەلایەکیتر سەرجەمی ئەو نووسینانەی باسی یەسو دەکەن، بە کۆ دەربڕاون. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە حاخامە جولەکەکان بەوەش نەوەستاون. کە قسەی نەشیاوی پێ بڵێن. بەڵکوو بیۆگرافیای ژیانیان (تۆلیدۆت یەشو) بە شێوەیەک نووسیوەتەوە. کە لەگەڵ ئەو قسە و دنگۆیە پڕ سووکایەتیانە بگونجێ. کە کاتی خۆی لەسەر یەسو کراون.

## تۆلیدۆت یەشو

Toledot Yeshu

تۆلیدۆت یەشو بەو شێوەیەی ئێستا، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست. یەکەم جار وەک پەرتووک لەلایەن ئاگۆبارد سەرۆکی ئەسقەفەکانی لیۆن ساڵی ٨٢٦ س.ب بڵاوکرایەوە. بەڵام ناوەرۆکەکەی بەشێوەی دەماودەم دەبێ هەر لە کۆنەوە هەبووبێ.

گشت ئەو گفتوگۆ توندانەی لەسەر یەسو دەکران. بە تایبەتی دوای گۆڕینی هەندێک تێکستی ناو تالمود، لەسەر سکپڕی مریەم و لەدایکبوونی یەسو لە پاکیزە. دووەم باوەڕ بە هەڵسانەوە و هەڵکێشانی بۆ ئاسمان. ئەو دوو خاڵە لەو دەمەدا زۆر گرنگ بووین. بەڵام لە سەدەی یەکەم. دوای لە خاچدانی یەسو. لە گفتوگۆی نێوان یەهودی و کریستیانەکان ئەو گرنگییەیان نەبووە.

پەرتووکی تۆلیدۆت یەشو لە بنەڕەتدا، بە مەبەستی دژایەتی کریستیانی، و سووکایەتی بە یەسو نووسراوە. زانیارییەکانی جێی باوەڕ نین. سەرەڕای ئەوەی مێژووی دەرچوونی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست. جیاوازی لەگەڵ شێوەی ئینجیلەکان و ئاراستەی گشتی لە پڕۆپاگاندە دەچێ[128].

ناوەرۆکی تێکستی تۆلیدۆت یەشو، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای کریستیانی. لەو دەمەدا حاخامەکان دەیانەویست ئالترنەتیڤێک بۆ ژیانی یەسو دروست بکەن. وەک تەقەلایەک بۆ بێدەنگکردنی. بەڵام لەو سەردەمەدا تەنیا لەناو خەڵکی بە شێوەی زارەکی بوو. زۆر دواتر وەک پەرتووک نووسرایەوە.

پەرتووکی تۆلیدۆت یەشو ، بە شێوەی ئاراستەی پەروەردەی منداڵان و گەنجان دەدرایە خێزانەکانی یەهودی. لەو پەرتووکە یەسو وەک جادووکەرێک و زۆڵ و ئاژاوەگێڕ باس کراوە. بەڵام هەر زوو لە ترسی یاساکانی ئەوڕوپا قەدەخەکرا. سەرەڕای ئەوەش، تا سەرەتای سەدەی بیستەم لە ناو گرووپ و خێزانەکانی یەهودی هەر هەبوو[129].

[128] Robert E. Van Voorst (2000) Jesus outside the new Testament. An introduction to the Ancient evidence. Pp 144 - 149

[129] Ephram E. Urbach (1987) The sage. Cambridge. Harvard university press. Pp 115 - 116

ڕەنگە پرسیارێک بۆ خوێنەر دروست بێ. بۆ بێجگە لە پەرتووکە سەرەتاییەکان، زیاتر لەناو کۆمەڵگەی یەهودی ئاماژە بە ناوی یەسو نابینین. سەرەڕای ئەوەی دەزانین، پەیوەندی یەسو بە یەهودی، کێشەیەکی بنەڕەتی کریستیانییە. و کریستیانی وەک دینێک لەناو هەناوی یەهودی دروست بووە. لەلایەکیتر یەسو لەسەر دینی یەهودی، وەک ترسێکی گەورە دەبینرا. و بە توندیش دژایەتی دەکرا[130].

ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی حاخامەکانی یەهودی لە کاتی خۆی و دواتریش، گشت تەقەلایەکیان پارێزگاریکردن بوو، لە دینی یەهودی. بەتایبەتی دوای دامرکانەوەی ڕاپەڕینی ٦٦- ٧٠ س.ب و دواتریش ڕاپەڕینی ١٣٢- ١٣٥س.ب. بەدرێژایی ئەو ماوەیە، دەتوانین بڵێین لە ٦٦ – ١٣٥س.ب باسکردنی یەسو. تەنیا لەو کاتانەوە دەهات، کە بەرگری لە خۆیان و دینی یەهودی بکەن. لە ڕاستیدا هەر ئەوەشیانکرد.

لێرەدا لەجێی خۆیەتی هۆکارەکانی بێدەنگی یەهودییەکان بە گشتی و حاخامەکان بە تایبەتی لە ٤ خاڵ باس بکرێ:

١ یەهودیەکانی کە دەربارەی یەسویان دەزانی. و نکۆڵیان لە کریست و پەیامبەری دەکرد، بەتایبەتی لە سەدەی یەکەم. هەر شتێک دژی کریستیانی و کریستەکەی، خۆگر و بێ دەنگ بوون. تەنانەت خۆیان لە دوژمنایەتی بەرەوڕووش دەبوارد. بە مانایەکیتر بە بێدەنگی دوژمنایەتی کریستیانی بکەن. هەندێک بەڵگە هەن ئاماژە بەوە دەکەن. کە حاخامەکانی سەردەمی تنائیم [131] هەوڵیاندا، بەبێ هاتوهاوار، گشت پەیوەندییەک لەگەڵ

---

[130] Christianity in Talmud and Midrash 61 pages

[131] سەردەمی تەنائیم لە مێژووی یەهودی لە ساڵی سفرەوە دەست پێدەکا تا دەگاتە ساڵی ٢٠٠ س.ب.

کریستیانەکان، و گفتوگۆ لەسەر کریست ببڕن. بە مانایەکیتر بە بێدەنگی بەرەنگاریان دەبوونەوە[132].

٢ زۆربەی پەرتووکە کلاسیکییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە یەسو لە لای یەهودییەکان، کەسێکی وا گرنگ نەبووە. تا ترسێکی لەسەر باوەڕی یەهودی هەبێ. بەڵام ئەوکاتەی دینی کریستیانی سەری هەڵدا. و گەشەی سەند. ئەوسا بووە ترسێک لەسەریان. بەڵام ئەوکاتە یەسو نەمابوو. تا بەرەنگاری کەسێک بە تەنیا ببنەوە، بەڵکوو ئێستا دەبێ بەرەنگاری جیهانێکی فراوانتر ببنەوە. ئەوەش بۆ دینی یەهودی کە خۆی لە ژێر زەبری داگیرکاری ڕۆم دابوو. ئەستەم بوو.

٣ یەهودیەکانی سەدەکانی دواتر، بەلایانەوە یەسوی کریست ئەوگرنگییەی نەبوو. بۆیە زیاتر خەریکی ئەوەبوون ڕوونکردنەوە دەربارەی ترسی کریستیانی لەسەر یەهودی بدەن. بۆ ئەوەش دەبوایە ڕێگایەکیتر بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو ترسە بگرنە بەر. لە کاتێکدا دینی کریستیانی، لەسەر خۆ هەم هێزی پەیدا دەکرد. و هەم لە جۆمگەکانی دەستەڵاتی ئیمپراتۆری ڕۆمانی بەشداری پەرەی دەسەند.

٤ ئەدەبی حاخامی بۆ نووسینەوەی مێژوو نەبوو. کە تۆماری هەڵۆمەرجەکانی سیاسی کۆمەڵگە بکا. بەڵکوو بۆ یاسای دینی بوو. بەرەچاوکردنی ئەو هەموو هۆکارانەی دژی ئەوەی ئاماژە بە ناوی یەسو کردن. لە سەرچاوەکانی یەهودی سەرەڕای ئەو هەموو ئاماژەکردنەی لەسەر یەسو هەیە، گشتی بە متمانەوە نووسراوە. بێ دوودڵی دەبنە سەرچاوەی جێی متمانە. و بە پێچەوانەی سەرچاوەکانی کلاسیکی ڕۆمانی و یۆنانی. سەرچاوەکانی یەهودی هەوڵیاندەدا، بە قووڵی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو بابەتە مێژووییە بکەن.

---

[132] Zetzer, Jewish Responses to Early Christian Pp 140 – 146

له کۆتایی دەبێ باسی دوو نووسەری یەهودیش بکەین کە لەو سەردەمە ڕۆڵێکی گەرەیان هەبووە.
یەکەمیان یوسیفوس لە ناو نووسینەکانی دوو جار باسی یەسوی، بە شێوەی ڕوونکردنەوەی بێلایەنانە کردووە. یوسیفوس زانیاری گرنگ لەسەر یەسو دەدا.

دووەمیان فەیلەسوف فیلۆنی ئەلکسەندەری. کە لەسەردەمی ئەو، ڕەشەبای ڕووداو و کارەساتەکان ئەوەندە زۆر بووین. و بە درێژی باسی ڕووداوەکان دەکات. تەنانەت بە ڕقەوە باسی پیلاتوس پۆنتی فەرمانڕەوا، و جێنیشینی ئیمپراتۆر لەسەر خاکی  یەهودا دەکا. و بە کردەوەی دڕندانە ناوی دێنێ. کەچی باسی یەسو ناکا.

تۆلێدۆت یەشو یان ژیاننامەی یەسو. پەرتووکێکە، تێکستەکەی لە سەرەتای پەیدابوونی دینی کریستیانی، بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی، دژی یەسو نووسراوە. مەبەست لە نووسینی ئەو پەرتووکە بەرەنگاربوونەوەی یەهودیە دژی دینی کریستیانی. لە سەرەتادا لەناو حاخامەکان و کۆمەڵگەی یەهودی زانیاری لەسەر یەسوی ناسری دەماو دەم بلاو دەبووەوە. دواتر بە زمانی ئارامی ئەو چیرۆکە دەماودەمانە لەناو پەرتوکێک بە ناوی (تۆلێدۆت یەشو) بڵاو کرانەوە. دواتر وەرگێڕدرایە سەر زمانانی تر. لە سەدەکانی ناوەڕاست لە سەرتاسەری ئەوروپا بڵاوبووبووەوە. لە سەدەی پانزەم دووبارە هەمان پەرتووک بە ناوی (مەسیح یەشو) بڵاوکرایەوە. لەو پەرتووکەدا زانیاری مێژوویی بە پێی سەرچاوەکانی میشنا و تالمود لەسەر یەسو دارێژراون. یەک لە زانیاریەکانی دەربارەی بنەچەی یەسو کە کوڕی یوسفی دارتاش نییە. و بەڵکوو کوڕی سەربازێکی ڕۆمانییە بەناوی (بن پانتێرە).  بەو پێیەش دەبێ یەسو زۆڵ بێ و لە ژیانیدا هەر خەریکی جادووکردن بووە. ژنبازی کردووە. و مردنێکی پڕ شەرمەزاری پێ ڕەوابینرا.

تۆلێدۆت یەشو بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست تاریکایی خستبووە سەر پەیوەندی نێوان یەهودی- کریستیانی. تەنانەت زۆر پسپۆر و مێژوونووس، هەوڵیان دەدا خۆیان لە باسی ئەو پەرتووکە بپارێزن[133].

لە ساڵی ١٤٠٥ س.ب دەستەلاتی کەنیسە بڕیاری قەدەخەکردنی (تۆلێدۆت یەشو)ی دا. بەڵام تا سەرەتای سەدەی بیستەمیش، لە ناو خێزان و گرووپی یەهودی هەر بەدەست دەکەوت و بە دزی دەسووڕایەوە. دواتر لە ترسی دەستەڵاتدارانی سیاسی ئەوڕوپا. و بەرزبوونەوەی ئەنتی سێمێتیزم (دژی یەهودی) لەناو چوو[134].

## دەرئەنجام

گشت دیاردەکان، ئاماژە بەوە دەکەن کە یەسوی ناسری یان یەسوی مێژوویی، وەک کەسایەتیەکی چالاکی کۆمەڵایەتی هەبووە. و لە خاکی ئیسرائیل داوای چاکسازی لە دین دا کردووە. ئەوەش دۆکومێنتەکانی یۆنانی و ڕۆمانی تا دەگاتە دەقەکانی حاخامەکانی یەهودی نووسیویانە. بەڵام کەسایەتی یەسو چۆنە و هەڵوێستی نووسەرانی هاوسەردەمی یان سەدەکانی دووەم و سێیەم چۆنە ئەوە دەکرێ بەدواداچوونێکی ووردی بۆ بکرێ.

بەدواداچوون، سەبارەت بە ژیان و کردەوەکانی یەسوی مێژوویی، کارێکی تا بڵێی ئاڵۆزە. لەبەر ئەوەی لە سەدەی یەکەمی س.ب هیچ دۆکومێنتێک دەربارەی ژانی منداڵی و هەرزەکاری

[133] Mika Ahuvia. Intoduction to Toledot Yeshu. Ancient Jew Review, 2014.
[134] Wikipedia

دەست ناکەوێ. ئەو بەڵگەنامەو تۆمارانەی هەن دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی دووەمی س.ب ئەوەش ماوەیەکی دوورە بۆ تۆمارکردنی ووردەکاری تا دەگاتە هەڵسەنگاندنی کەسایەتی.

لەلایەکیتر ئەو دۆکومێنتانەی لەسەر یەسو نووسراون بێلایەن نین. زۆربەی هەرە زۆریان دژی نووسراون. بە تایبەتی ناکۆکی نێوان یەهودی و کریستیانەکان تا دەگاتە نووسینی تۆلیدۆت یەشو. لەلایەکیتر دەقەکانی کریستیانی، کە لەلایەن باوکانی کەنیسە نووسراون زۆر کەمیان وەک مێژوو نووسراون، و ناتوانرێ بکرێنە بنەمای لێتۆژینەوە لەسەر کەسایەتی و ڕەوتی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی، دینی کریستیانی. بۆیە لە بەدواداچوون و ساخکردنەوە، دەبێ بە گومانەوە سەیر بکرێن. و بە ووردی لەگەڵ بەڵگەنامەکانی، لایەنە بەرامبەرەکان بەراوردبکرێن. تا بتوانرێ دیمەنێکی لۆژیک و جێ متمانەی لێ وەدەست بێنرێ.

دەرئەنجام دەگەینە ئەو باوەڕەی یەسوی ناسری وەک کەسایەتیەکی مێژوویی چالاک بوونی هەبووە. و لەو سەردەمەدا ژیاوە.

ئەوەشمان لەبیر نەچێ. سەردەمی ژیان و چالاکی یەسو، سەردەمێکی ناجێگیر بووە. لەبەر دووهۆکار:

یەکەم: ناکۆکی نێوان باڵەکانی دینی یەهوودی و نەبوونی هاودەنگی لە نێوان گرووپەکانی خاکی ئیسڕائیل.

دووەم: داگیرکاری خاکی ئیسڕائیل لەلایەن ئیمپراتۆری ڕومانی، و بەرەنگاربوونەوە یەهودی. کە هەڵومەرجێکی ناجێگیری دروستکردبوو. کە بە درێژایی دوو سەدە پ.س.ب تا دەگاتە ساڵی ١٣٥ س.ب، ئەو ناوچەیە، نەتوانێ ئارامێ بەخۆیەوە ببینێ.

# سەرەتایەک بۆ بنەڕەتی نەساڕیەکان

لە قورئان، پەرتووکی پیرۆزی ئیسلام ١٠ جار ناوی کریست (مسیح)، و ٢٣ جار ناوی عیسا هاتووە. بەڵام لە سەرتاسەری دەقەکانی قورئان لە هیچ شوێنێک ناوی کریستیانی (مسیحی) وەک دین نەهاتووە. لە جیاتی ئەوە، ناوی نەساڕی یان نەسرانی بە دەیان جار دووبارە بۆتەوە. ئەوەش هەم جێگای هەڵوێستەکردنە. و هەم پرسیارێکی گەورە دەوروژێنێ. لەبەر ئەوەی لە سەرجەمی جیهانی ئیسلام، نەساری بە کریستیان (مسیحی) دادەنێن. بەو مانایەی کەزاراوەی نەساڕی لەزمانی قورئان، دەبێ مەبەستی کریستیان بێ.

ئەو تێگەیشتنەش ڕەتکردنەوەی مێژوویەکی چەندین سەدەی پرۆسەی پەرەسەندن و ئاڵوگۆڕییەکانی دینی و کۆمەڵایەتی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. و شاردنەوەی ئەو هەموو ڕووداو و نەهامەتیانەیە. کە گەلانی ئەو ناوچانە، بە درێژایی مێژووی ململانێی نێوان دینەکان، تووشی بووین. یان دەتوانین زۆر بە ئاسانی بڵێین. لای موسوڵمانان دەبێ هەردوو نەساڕی و کریستیان، یەک مانا و پاشخانیان هەبێ. کە لە ڕاستیدا، لێکدانەوەیەکی زۆر هەڵەیە. هەر تێکەڵاوکردنێک لە نێوان ئەو دوو زاراوەیە، ڕەشکردنەوەی مێژووی پەرەسەندنی دینە، لەماوەی شەش سەد ساڵی ناوچەکانی شام، میسۆپۆتامیا و حیجاز.

هەر یەک لەو دوو دینانە، کریستیان و نەساڕیەکان. بە درێژایی نزیکەی شەش سەد ساڵ. هەر لە دوای، لە خاچدانی کریست تا هاتنی ئیسلام. پاشخانێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی

چەند سەد ساڵەیان لە دوژمانایەتی و شەڕ و قڕکردنی یەکتری هەبووە. بە تایبەتی نەسارییەکان بەرامبەر کریستیانەکان.

نەساری وەک دین زۆر جیاوازن لە کریستیان. و هەڵوێستیان بەرامبەر کریستیانەکان، بێجگە لە دوژمنایەتی هیچیتر نەبووە. هەندێک لە بلۆکانی کەنیسە بە یەهودی کریستیانی ناویان دەبردن. بەوەش تانیبوویان وەک زاراوە نەسارییەکان لە کریستیانەکانی هێلینی، کە لە ئەوروپا بڵاوبووبوونەوە جیا بکەنەوە. نەساریەکان لە ڕۆژهەڵات بەپێی تەورات و ئینجیلی عیبری دەجولانەوە. و باوەڕیان وابوو کە ڕزگاربوون، تەنیا بە باوەڕهێنان بە یەسو نابێ. بەڵکوو دەبێ باوەڕ بە یاساکانی موساش بکرێ.

ئەوانە جیاوازیان لەگەڵ جولەکە هەبوو. هەروەک جیاوازیان لەگەڵ کریستیانەکان. نەسارییەکان، وەک جولەکە، نکۆڵیان لە پەیامبەری عیسا نەدەکرد. کەچی وەک کریستیانەکان، باوەڕیان بەوە نەبوو کە یەسو لە ڕەچەڵەکی خودایی بێ. [135]

نەسارییەکان کۆمەڵێک بوون لە ناوەڕاستی هەر دوو گرووپی جولەکە و کریستیانی. پەیڕەوی هەردوو تەورات و ئینجیلی عیبرانییان دەکرد. و باوەڕیان بە هەردوو موسا و یەسو هەبوو. [136]

ئەو تێکەڵکردنەی موسوڵمانان، لە زاراوەی نەساری لە قورئان. بە مەبەست یان بێ مەبەست، گرنگ نییە. ئەوەی لێرەدا گرنگە. تا دەکرێ دەبێ ئەو کێشەیە ساخبکرێتەوە. ئەگینا بەدواداچوون سەبارەت بە پەیوەندی کریستیانی و نەساری و ئیسلام ئەوەندە

[135] لەو پەرتووکە بۆ جیاکردنەوەی یهودیەکانی فەریسی و حاخامەکان، لە یەهودیە نەسارییەکان. زاراوەی یەهودی حاخامی بەکار دێ. کە دەتوانێ ڕەوتی یەهودی لەژێر چەتری سەنهێدرین بەگشتی بگرێتەوە.

[136] آل عیسی، د. محمد. تاریخ الإسلام المبکر ص ٢١ - ٢٢

ئاڵۆزدەبێ، و نامان گەیێنێتە دەرئەنجامێکی دروست. لەبەر ئەوەی نەسارییەکان لەگەڵ کریستیانەکان جیاوازن. و ناکرێ وا بە ئاسانی تێکەڵ بکرێن. لەلایەکیتریش نەسارییەکان، بنەڕەتی دروستبوونی دینی ئیسلام بووین. بۆیە ناکرێ چاوپۆشی لە بنەڕەتیان و ناکۆکیەکانیان لە گەڵ کریستیانەکان لەلایەک. و لەلایەکیتر جولەکە بکرێ.

هەرچەندە باسی مێژووی نەسارییەکان، باسێکی ئاڵۆز و دوور و درێژە. بەڵام لەم باسەدا، لەبەر پێویستی، باس لە سەرەتای دروستبوونیان لە ئۆرشەلیم. و پەرەسەندنیان لە ناوچەکانی شام، و میسۆپۆتامیا و دوورگەی عەرەبی دەکرێ. ئەوەش بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ تێگەیشتن، لە رەوتی دینیان. و هەروەها ناسینەوەی سیمای ئیسلامی بەرایی و پەیامەکەیان. بەتایبەتی ناوەرۆکی قورئانی مەککە.

## نەسارییەکان بەرهەمی، بۆشایی دوای کریستن[137]

یەسو (عیسا) لە تەمەنی ٢٧ ساڵی لە شاری نلسرەوە، بۆ بانگهێشەی پەیامی پیرۆزی، بەرەو ئۆرشەلیم چوو. دوای ئەوەی لە ئۆرشەلیم، دەستی بە بانگهێشی پەیامەکەی بۆ خەڵکی جولەکە کرد. و هەنگاو بە هەنگاو ، ناوبانگی دەرکرد. لەلای خەڵکی و دەستەڵاتدارییەکانی دینی جولەکە و رۆمانی، بە ناوی (یەسوی نلسری) نلسرا. بەو پێیەی خەڵکی ناسیرە بوو. دواتر قوتابی و پەیڕەوکارەکانیشی هەر بەو ناوە (نلسریەکان) ناودەبران و دەنلسرانەوە. ئەوەش لە ئینجیلی مەتی بە راشکاوی ئاماژەی پێدەکا.

[137] لەو بەشە ناوی نەساری، بۆ یەهودیە نەسارییەکان بەکار دێ. ئەوەش لەبەر ئەوەی قورئان لە دەقەکانی تەنیا نەساری بەکاردێنێ. کە لە راستیدا مەبەستی ئەوگرووپەیە کە بە یەهودی نەساری ناسرابوون.

پەیمانی نوێ – ئینجیلی مەتیاس (مەتی) ٢: ٢٣

(٢٣) گەیشتە شارێک بە ناوی ناسرە. و لەوێ نیشتەجێ بوو. بەمەش ئەوەی لەسەر زمانی پەیامبەران گوتراوە، هاتەدی.(بە ناوی ناسرە ناو دەبرێ)

بە پێی مێژووی کریستیانی و چوار ئینجیلە قانوونیەکان، یەسو لە تەمەنی ٣٠ ساڵی لە خاچ درا. واتە سەرجەمی تەمەنی پەیامبەرایەتی یەسو، بریتی بووە لە سێ ساڵ. وەک ئنجیلەکان و مێژوونووسانی کەنیسە، و لێکدانەوەی کولتووری دینی کریستیانی و ئینجیلەکان، دوای لە خاچدانی یەسو. و تێپەڕ بوونی سێ ڕۆژ. دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە کریست جارێکی تر هەڵساوەتەوە. و قوتابیەکانی دیویانە. ئەوسا بۆ ئاسمان بەرزبۆتەوە. ئەم چیرۆکەش لای سەرتاسەری جیهانی کریستیانی و ئیسلام شتێکی نامۆ نییە. و بە دەیان جار بە منداڵی و گەورەیی بیستراوە. و بە چەندین شێوەی جۆراوجۆر گێڕدراوەتەوە. بەڵام ئەم چیرۆکە تا چەندڕاستە. ئەوەش پرسیارێکە. و پێویستی بە وەڵامە.

لەفۆنتاین دەنووسێ ڕۆژی یەکشەممە، کە دەبووە ڕۆژی سێیەمی لە خاچدانی کریست، هەواڵێک بڵاوبووەوە. گوایە کریست زیندوو بۆتەوە. و خۆی نیشانی چەند کەس داوە. دوای چل ڕۆژی تر، بە هەمان شێوە خۆی نیشانی خەڵکێتر داوە. هەروەها تێبینی ئەوەیان کرد، کە گۆڕی کریست بەتاڵە. تابووتی کراوەتەوە، و کەسی تێدانییە.

ئەو بەسەرهاتە، دەستەڵاتدارانی دینی جولەکەی، تووشی پەشۆکان کرد. و ترسێکی زۆریان لێنیشت. لەبەر ئەوەی، خۆیان بەرپرسی پاسەوانی پەرستگا بوون. هەستیان بە تاوانی خۆیان دەکرد. چونکە وایان دەزانی دەبێ ئەو کەتنە، لە ناو خۆیان ڕوویدابێ. دواتر پرۆپاگاندەی زیاتر بڵاوبووەوە. کە گوایە سەربازانی ڕۆمانی گۆڕەکەیان هەڵداوەتەوە. و تەرمی یەسویان شاردۆتەوە. ئەو پرۆپاگاندەیە چەند دەیەیەکی خایاند. تا گەیشتە شەڕی یەکەمی جولەکان لە نێوان ساڵی ٦٦ تا ٧٠ س.ب. دەستەڵاتدارییە دینییەکان زۆر بە گومان کەوتن.

بەردەوامی ئەو ڕووداوانەش، بە ئاشکرا ڕەنگدانەوەیان لە ناو پەرتووکەکانیان دا هەیە. بەتایبەتی هزری زیندووبوونەوە دوای مردن[138].

لەلایەکیتر، هەر دوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی هەڵسانەوەی یەسو، بنەماڵەی یەسو، لایەنگر و قوتابیانی یەسوی نلسری، خۆیان لە کەنیسەیەک لە ئۆرشەلیم ڕێکخست.

هەر لە یەکەم هەنگاوی گردبوونەوەکە، بەخێرایی سەرۆکایەتی کۆبوونەوە. و ڕەوتی کارکردن لەلایەن بنەماڵەی یەسو مۆنۆپۆلکرا. یەکەم کەس یاقوبی برای بوو، دەستی بەسەر پۆستی سەرۆکایەتی کەنیسە داگرت. ئەو کەنیسەیەش هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ پەرستگای جولەکان دا نەبوو. بێجگە لەوەی لەو کەنیسەیە چاوەڕوانی گەڕانەوەی یەسوی کریست دەکرا. تا بەنی ئیسرائیل بە گەڕانەوەی تەواو ڕزگاربێ. ئەو کەنیسەیە لە جێبەجێ کردنی سەرجەم یاساکانی موسا بەردەوام بوو. تەنانەت سەپاندنی خەتەنە، لەسەر هەر ئیسرائیلیەک ببێتە نلسری. هەر بۆیە ناویان نا (کەنیسەی خەتەنە) .[139]

بنەماڵەی یەسو بیانوویان بۆ دەست بەسەرداگرتنی کەنیسەی خەتەنە ئەوەبوو. دەیانگوت یەسو کریستە. بەو مانایەش (پاشای چاوەڕوانکراوی بەنی ئیسرائیلە). و جێنیشینی تەنیا یاقوبی برایەتی. نەک بەو مانایەی یاقوب دەبێتە پاشا، بەڵکوو باوەڕدارانی یەسو باوەڕیان وابوو، کە کریست بۆ ئاسمان بەرزکراوەتەوە. یاقوب دەبێتە جێنیشینی. بۆ سەرپەرشتی کاروباری باوەڕداران، تا کریست دەگەڕێتەوە. دوای دەرچوونی بڕیاری لە سێدارەدانی یاقوب، لەلایەن کاهینی مەزن سەدوقی. کە لە دەوروبەری ساڵی ٦٢س.ب جێبەجێکرا. جێنیشینی هەر لە ناو بنەماڵەی خۆیان درایە یەکێک بە ناوی سیمۆن (شیمۆن). هەڵبژاردنی سیمۆن لەلایەن بنەماڵەی یەسو بوو. نەک قوتابیان و باوەڕدارانی. ئەوەش نیشانەیەکیتر

138 Lafontaine, Odon (Olaf) The great secret of Islam. Pp 28

139 الصليبي، كمال البحث عن يسوع – قراءة جديدة في الأناجيل ص ١٦٩

بوو. بۆ بەردەوامبوونی مۆنۆپۆلی سەرپەرشتیکردنی کەنیسە، لەلایەن بنەماڵەی یەسو هەتا هەتایە. کە دواتر بووە هۆی ماڵوێرانی سەرجەمی ڕەچەڵەکی داود.[140]

وەک هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوەدەکەن. کە پەیوەندی نێوان یەسو و براکانی زۆر خراپ بوو. و هەمیشە ناکۆک بوون. بە تایبەتی لەگەڵ یاقوب. ئەو ناکۆکییەش، زۆر زووتر شتێکی ئاشنابووە لەلای خەڵکی دەوروبەر. و تانانەت لە ئینجیل خۆی ئاماژەی بەو ناکۆکییەکردووە.

پەیمانی نوێ – ئینجیلی مارکوس ٣: ٣١ - ٣٥

(٣١) دایک و براکانی یەسو هاتن. لەدەرەوە وەستان، و ناردیان بەدوایدا (٣٢) خەلکیش لەدەوروبەری دانیشتبوون. پێیان گوت: وا دایک و براکانت لە دەرەوە بەدواتدا دەگەڕێن (٣٣) وەڵامی دانەوە فەرمووی: دایکم کێیە و براکانم کێن؟

(٣٤) چاوێکی بەسەر ئەوانەی لە دەوروپشتی دانیشتبوون داگێڕا. و فەرمووی: دایک و برای من ئەمانەن (٣٥) ئەوەی بە خواستی خودا بکا، خوشک و برا و دایکمە.

لەم دەقە بەڕوونی یەسو نایەوێ دایک و براکانی ببینێ. و دەڵێ ئەوەی بە خواستی خودا بکا، خوشک و برا و دایکمە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ یاقوب دژی شێوەی خودا پەرستی یەسو بووە. و چەندین جار لەسەر ئەوە ناکۆکیان کەوتۆتە نێوان. هەر بۆیەش بە زوویی دەستی بەسەر بزووتنەوەی ڕێبازی دین و بانگەێژی یەسو داگرت. و بڕیاری بەردەوامی لەسەر یاساکانی موسا دا.

---

140 هیم، ماکبی. بولس و تحریف المسیحیة ص ٦٢

خۆسەپاندنی بنەماڵەی یەسو، بەسەر کاروبارەکانی بانگهێژو ڕێکخستن، بۆ بەردەوامی پەیمانی یەسو. و دەستبەسەر داگرتنی کەنیسە لەلایەن یاقوب و مۆنۆپۆلی لەسەر ڕەوتی دین، بووە هۆی ناکۆکی لە نێوان بنەماڵەی یەسو، و قوتابی و نێردەکانی کریست. کە دابەشی دوو گرووپی دژ بەیەک بووبوون. گرووپی یەکەم بە سەرۆکایەتی یاقوب و پەترۆس بوو. و گرووپی دووەم بە سەرۆکایەتی پاولۆس بوو. [141]

ووتاری نەساڕییەکان بە سەرۆکایەتی بنەماڵەی یەسو، بە تایبەتی کوڕەکانی قلوبای مامی کریست. ئەوانە لەبەر خزمایەتی نزیکیان. پێیان دەگوتن (برایانی پەروەردگار)، پێگاشیان لە پێگای نێردەکان، بە بەرزتر دادەنرا. هەرچەندە هیچ کات پەیڕەوکار و یاوەری یەسوش نەبووین. بەڵام لەبەر ئەوەی خزمی یەسو بوون، لە ئۆڕشەلیم ناوی ئەسقەفیان لێنرا. بەبێ ئەوەی خۆیان نێردە بن، یان ڕۆژێک گوێیان لە یەسو گرتبێ. ئەوەی دەبووە سەرکردەش، وەک براگەورەی بنەماڵەی کریست، دەبووە سەرپەرشتکاری کەنیسە. یاقوب (برای پەروەردگار) کە یەکەم ئەسقەفی ئۆڕشەلیم بوو.

بە پێی باوەڕی نەساڕیەکانی بەنی ئیسرائیل، یاقوب وەک برای یەسو، دەبوایە جێنیشینی کریست بێ. ئەوەش وای لێدەکرد، پێگای دینی و کۆمەڵایەتی، بەرزترین مرۆڤی هەبێ، لە کۆمەڵگە.

---

141 لێرەدا ناکۆکییەک هەیە، کە دەبێ بە گرنگ وەربگیرێ. یەکەم بە پێی گێڕانەوەکانی، باوی کریستیانی، دەبێ پاولۆس ئەفسەرێکی زۆردار بووبێ بەناوی ساوڵ. زۆر ئازار و ئەشکەنجەی لایەنگیرانی یەسووی داوە. بەڵام دوای لەخاچدانی یەسو. لەڕێگای شام لە خەودا یەسو دەبینێ. ئەو بینیەی دەبێتە وەرچەرخانێک لەژیانی. و دەیگۆڕێ بۆ پەیڕەوکارێکی سەرسەختی یەسو و ڕێبازەکەی. بەو پێیەش ناکۆکە لەگەڵ ئەو دەربڕینە کە ماوەی چەند ڕۆژ یان مانگ بتوانێ بەشداری لەئایندەی ڕێبازی یەسو بکا. بۆ ئەو چیرۆکە هەم نالۆژیکە و هەم لەڕاست بەدوورە و دروستکراوە.

لەو کاتەوە، پەیتا پەیتا دیاردەی لایەنگیری نەسارِیەکان، بۆ یاساکانی موسا و کولتووری جولەکە. هەروەها بنەماڵەی کریست سەری هەڵدا. کە بە ڕاشکاوی پێشێلکردنی ڕێنماییەکانی کریست بە گشتی، و باوەڕی نێردەکان بە تایبەتی بوو.

ئەو دیاردەیە، سەرەتا لە باوەڕهێنانی هەندێک لە جولەکە فەریسییەکان سەری هەڵدا. کە بە ئاشکرا دەیانەویست، پەیامی یەسو ڕەکێشی ژێر تارمایی یاساکانی موسا و تەورات بکەن.

پەیمانی نوێ – کردەوەی نێردان ١٥: ٥

(٥) بەڵام هەندێک لەوانەی سەر بە ڕێبازی فەریسییەکان بوون و باوەڕیان هێنابوو، هەستان و گوتیان: دەبێت ئەو باوەڕدارانەی جولەکە نین، دەبێ خەتەنە بکرێن و فەرمانیان پێ بکرێ، کار بە تەوراتی موسا بکەن.

گرووپی یەکەم، کە بریتی بوون لە بنەماڵەی یەسو. بە سەرۆکایەتی یاقوب، و کۆمەڵێ فەریسی تازە هاتبوونە ناو دینی نەسارِی. ئەوانە دەیانەویست لەسەر پەیڕەوکردنی تەورات بمێننەوە. و پەیڕەوی یاساکانی موسا بکەن، لە هەمان کاتدا، یەسو وەک نەبی دەبینن. و چاوەڕوانی گەڕانەوەی دەکەن. سەرەڕای ئەوەش بانگەوازەکەیان تەنیا بۆ بەنی ئیسرائیل بوو. لەبەر ئەوەی نەوەی داودن و دەیانەوێ ماڵی ئیسرائیل ڕێکخەن. بۆ ئەوەش ئاماژەیان بە ووتارێکی یەسو دەکرد، کە دەڵێ:

پەیمانی نوێ – ئینجیلی مەتیاس ١٠: ٥ - ٦

(٥) یەسو دوانزە کەسەکەی ناردن، و ڕایسپاردن: بە ڕێگای نەتەوەکاندا مەڕۆن و مەچنە شاری سامەرەییەکان، (٦) لەجیاتی ئەوە بڕۆنە لای مەڕە ونبووەکانی ماڵی ئیسرائیل.

ئەوانە لەسەر ئەو ڕایە سووربوون، کە دەبێ موژدە تەنیا بۆ گەلی ئیسرائیلی هەڵبژاردە بێ. یان وەک یەسو دەریبڕیووە (بڕۆنە لای مەڕە وونبووەکانی ماڵێ ئیسرائیل) هەروەک لە تەورات و یاساکانی موسا ڕوونکراوەتەوە. بۆیە هەر لەناو ئۆرشەلیم، کەنیسەی خەتەنەیان دروستکرد و بانگهێژی دینی نەسارِیان دەکرد. و بەڕای ئەوان باشترین، و ڕاسترین ڕێگایە بۆ دینی خودا. ئەوەش بە پێی ئامۆژگاری و ڕاسپێریەکانی یەسوە.

ئەوانە بانگەوازی باوەڕیان بۆ گەلی بەنی ئیسرائیل، بە هەردوو موسا و یەسو پێکەوە دەدا. پەیڕەوی لە ئاوهەڵکێشان و خەتەنەیان دەکرد. ئەوەش تەوەری باوەڕیان بوو. کە دواتر بووە ڕێبازی یەهودی نەسارِی. بە پەیڕەوی هەردوو ڕێنمایی یەسو و یاسای موسایان دەکرد[142].

بەڵام گرووپی دووەم، بریتی بوون لە ئومەییەکان (جیهانیەکان). ئەوانە لە بەنی ئیسرائیل و جولەکە نەبوون. باوەڕیان بە یەسوی کریست هێنابوو، بەبێ یاسای موسا و تەورات. لێرەوە کێشەیەک سەری هەڵدا کە بووە سەرەتای لەیەک دابڕانی دینە هێشتا دروست نەبووەکەی یەسو. لەبەر ئەوەی خەتەنە نەکرابوون، بەپێێ یاساکانی تەورات، بە کافر دادەنران. چۆن دەبێ جولەکەیەکی نەسارِیی، لەگەڵ کریستیانێکی ئومیی بێباوەڕ لە هەمان دین بن. و بچنە ماڵی یەکتری و پێکەوە، لەسەر یەک خوان دابنیشن نان بخۆن.

ئەو ئومییانە، بە پێچەوانەی نەسارِییەکان، نەیاندەویست لە ڕێبازی تەورات و یاساکانی موسا بمێننەوە. بەڵکوو تەقەلایان ئەوە بوو، بانگهێژەکەیان لە ژێر تارمایی و دەستەڵاتی حاخامەکانی جولەکە دەربچێ. و بگاتە ئاستی فراوانتری جیهان. ئەوەش بووە هۆی ناکۆکی لە ناو ئەو دوو گرووپە. لە سەرەتادا پەترۆس لایەنگیری یاقوبی دەکرد. بەڵام دوای گفتوگۆ

[142] الحداد، يوسف درة (١٩٨٦) قرآن دعوة نصرانية. منشورات المكتبة البولسية. ص ٤٩

و بەیەکدا هەڵچوونێکی زۆر پەترۆس، کە تا ئەو دەمە لە پاڵ یاقوب بوو، بەلای گرووپی دووەم داشکایەوە، کە دینی یەسو، پێویستی بە پەیڕەوکردنی تەورات نەبوو.

گرووپی یەکەم کە بە سەرۆکایەتی بنەماڵەی یەسو، هەر بەردەوام بوون لەسەر لایەنگیری تەورات و ڕەنماییەکانی موسا. هەر بەناوی نەساڕی، چالاکیەکانیان لە ئۆڕشەلیم سنووردار بوو. و ڕووی بانگهێژەکەشیان تەنیا بۆ بەنی ئیسرائیلی بوو [143].

گرووپی دووەم کە بریتی بوون لە نێردەکانی یەسو، لەبەر نەبوونی ئازادی لە ئۆڕشەلیم. و زاڵبوونی یاقوب بەسەر گۆڕەپانی بانگهێژی یەهودی نەساڕی. وایکرد ئەم گرووپە ناچاربن، بەدوای دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی تر دا بگەڕێن. لەبەرئەوەی ڕێگایەک، بۆ کەمترین هاوکاری و پێکەوە کارکردن، لەگەڵ گرووپی یەکەم نەمابووە. بۆیە باشترین ڕێگا، بۆ گرووپی دووەم، دوور کەوتنەوە بوو لە ئۆرشەلیم. تا بە ئارامی لە پلانی بانگهێژی ئەو ڕێبازە بەردەوام بن، کە یەسو دەستی پێکردبوو.

دەبێ لێرەدا ڕوونکردنەوەیەک بدەین. ئەو کاتەی پاولۆس دەستی بە بڵاوکردنەوەی دین کرد. یاقوبی برای یەسو، سەرۆکی کەنیسە بوو لە ئۆڕشەلیم. و پەترۆس لە کاروباری پەیوەندی و کارگێڕی یارمەتی دەدا. دوای ئەو یۆحەننا بووە سێیەم کەس لە ناو نێردەکان. ئەو سێ کەسە دەستەڵاتی بڕیاردانیان بەدەستەوە بوو. و ڕێزێکی تایبەتییان لای باوەڕداران هەبوو.

لە سەرەتادا یاقوب و پەترۆس و یۆحەننا بانگهێژەکەیان ڕووی لە ئیسرائیلییەکان بوو، نەک خەڵکی تر. کەچی پاولۆس بە پێچەوانەی ئەوان بوو. هەر لە سەرەتای دەستپێکی بانگهێژکردنی. ڕووی لە هەموو گەلانی جیهان بوو، کە لە دەرەوەی بەنی ئیسرائیل بوون. و

[143] آل عیسی، د. محمد. تاریخ الإسلام المبکر ص ١٩

خەتەنەیان نەدەکرد. بە مانایەکیتر جیاوزی لە نێوان یەهودی و ئومی نەبوو. گرنگ ئەوەبوو باوەڕ بە یەسو بێنن. پەیڕەوی فەرمایشتەکانی بکەن. [144]

دوایی کۆمەڵێک لەو جولەکانەی، باوەڕیان بە یەسو هێنابوو، کۆچیان کرد. ئەو کۆمەڵە هەرچەندە هەلوێستیان لە گرووپی یەکەم نزیک بوو. بەڵام بەهۆی جولەکە بوونیان و کولتووری تەورات و خەتەنە. هاوکاریان لەگەڵ هەردوو گرووپەکە دەکرد. و لە ژیانی هاوبەشی نەسارپەکان و نێردە و قوتابیەکانی یەسو ڕاهاتبوون. و گیانی لێبووردەییان هەبوو. ئەوانە ناویانلێنرا (جولەکە هێلێنیەکان)[145].

# دروستبوونی دینی کریستیانی

دکتۆر محمد ئیبراهیم الفیومی دەنووسێ. لە دەوروبەری ساڵی ٤٠ س.ب، واتە زیاتر لە ١٠ ساڵ دوای لەخاچدانی یەسو. قوتابیەکانی گرووپی دووەم لەسەر ئەوە ڕێککەوتن، بارنابا لە ئۆرشەلیمەوە بنێرنە ئەنتاکیا. لەبەر ئەوەی ئەنتاکیا شارێکی سەرەڕێی بازرگانی و مێترۆپۆلیتان بوو. هەروەها بەرنابا خۆی خەڵکی قوبرس بوو . و یۆنانیش زمانیزگماکی بوو. هەرچەندە زمانی سەرەکی لە ئەنتاکیا زمانی یۆنانی بوو. بەڵام دانیشتوانی بریتی بوون لە نەتەوەی جیاجیا. و ئازادییەکی تا ئاستێکی باش لە دەربڕین، و جولانەوەی بەبێ کۆنترۆلی دینی یان سیاسی هەبوو.

---

[144] الصلیبی، د. کمال. البحث عن یسوع – قراءة جدیدة فی الأناجیل ص ١٠٢ - ١٠٣
[145] الحداد، یوسف درة (١٩٨٦) قرآن دعوة نصرانیة. منشورات المکتبة البولسیة. ص ٥١

له شاری ئەنتاکیا بارنابا هەستی بە ئازادی و کرانەوە دەکرد [146]. بە ئازادی بانگەشەی بۆ خەڵکی دەکرد و ووتاری دەدا. هەر ئەوەش وایلێکرد کە بێتە سەر ئەو ڕایەی داوا لە یاوەرەکانی تری بکا بۆ ئەو شارە.

هەرچەندە دکتۆر محمد نەینووسیوە کەی دینەکەیان ڕاگەیاندووە. بەڵام دەتوانین باوەڕ بەوە بکەین کە ساڵی ٤٠ ئەوان بەرنابایان ناردۆتە ئەنتاکیا. دواتر ئەوانیتر چووین و بە دەستپێشخەری پاولۆس، لە دوای ساڵی ٤٠ س.ب. لە کۆنفرانسێکدا، هەر لە شاری ئەنتاکیا. ناویان لە خویان نا کریستیانەکان. ئەوەش بۆمان دەردەخا هەر لە خاچدانی کریست ساڵی ٣٠ س.ب تا دروستبوونی دینی کریستیان پاش ساڵی ٤٠ س.ب.دەبێ چەند ساڵ زیاتری خایاندبێ. هەروەک پەیمانی نوێ ئاماژەی پێدەکا.

پەیمانی نوێ – نامەی نێردەکان ١١: ٢٦

> (٢٦) ئیتر ساڵێکی تەواو لە کڵێسا کۆبوونەوە. و خەڵکێکی زۆریان فێرکرد. یەکەم جاریش لە ئەنتاکیا قوتابیی و نێردەکان، ناویان لە خۆیان نا کریستیانی (مسیحی).

ئەو گرووپە (کریستیانەکان) خۆیان بە نوێنەری چمکێکی نوێ دەزانی، بۆ پەیامی یەسو. دەیانەویست بە هەر شێوەیەک بێ، دەبێ دینی یەسو و کریستیانی، لە یاساکانی موسا و تەورات دوورکەوێتەوە. و ئەو دینە نوێیەش، لەژێر تارمایی کولتووری جولەکە دەربچێ [147].

---

146 فیومی. الدکتۆر محمد ابراهیم (١٩٨٢) الفکر الدین الجاهلی ص ٤١

147 آل عیسی، د. محمد. تاریخ الإسلام المبکر ص ١٩، فیومی. الدکتۆر محمد ابراهیم (١٩٨٢) الفکر الدین الجاهلی ٤٩

سەبارەت بەژمارەی ئامادەبووانی کۆبوونەوەی ئەنتاکیا. هیچ بەڵگەنامەیەک لەبەر دەست دانییە. کە ئاماژە بەوە بکا، ئەو کۆمەڵە کریستیانیە چەند کەس بووین. بەڵام دەزانین ئەوانە قوتابیانی نێردە و ڕێبەرانی پەیامی کریست بوون. کە ناکۆکی بنەڕەتیان لەگەڵ نەسارییەکان هەبوو. هەندێک لەو کەسانە ( بەرنابا، سیمۆن نیجەر، لۆکیوسی قەروینی، ماناین و پاولۆس) بوون. و پلانیان بۆ چۆنییەتی ڕاگەیاندنی، پەیامی کریستیانیان، لەسەر ڕێبازی پاولۆس و هاوڕێکانی ئامادەدەکرد. ناوەرۆکی موژدەکەیان دارِشت و بە شێوەیەکی سیستەماتیک دەستیان بە بانگەشەکردن کرد. [148]

لەلایەکیتر، نەسارییەکانی ئۆرشەلیم بەردەوام بوون، لەسەر ڕێبازی نەساری خۆیان. یەکەم بە سەرۆکایەتی یاقوب تا ساڵی ٦٢ س.ب، کە لە ئۆرشەلیم کوژرا. دواتر سەرۆکایەتی کەنیسە، چوار خزمی یەسو(عیسا) یەک لە دوای یەک، لەسەر ڕێبازەکەی خۆیان بەردەوام بوون. ئەوانە سەرپەرشتی کەنیسەی خەتەنەیان دەکرد. و بە نەساری ئۆرشەلیم ناسرابوون. یان وەک ئۆسابیۆسی قەیسەری لە مێژووی کەنیسە بە (جولەکەی نەساری) ناویان دەبا.

[148] الصلیبی، د. کمال. البحث عن یسوع – قراءة جدیدة فی الأناجیل ص ٤٩.

# ناکۆکی نێوان باوەڕی نەساڕی و نێردەکان

ئەو دوو گرووپە، نەسلڕیەکان و کریستیانەکانی ئومی هەر لایەکیان بیانۆی بۆ ڕاستی ڕێبازی خۆی هەبوو.

## گرووپی نەساڕیەکان

کۆمەڵی یەهودی نەساڕی پارێزگار. پەنایان بۆ چەند هۆکارێک دەبرد، بۆ بەرگریان لە دینی ڕاست، لەسەر یاساکانی تەورات و مەزنایەتی بەنی ئیسرائیل:

١ خودا پەیمانی بە ئیبراهیم داوە، کە ڕەچەڵەکی ئەو، بەرزترین و بەڕێزترین نەتەوەن لەسەر ڕووی زەوی. و کریست لە ڕەچەڵەکی ئیبراهیمی مەزنە. لە ڕوانگەی ئەوان، مادام کریست یەهودی بووە. ئەوە لەسەر هەر باوەڕدارێک کە دەگەڕێتەوە سەر کریستی ڕەچەڵەکی ئیبراهیم، لە بەنی ئیسرائیلە. هەر ئەوەشە تا ئێستاش پەیڕەوکارانی یەسو لە هەر کوێ بن. و سەر بە هەر نەتەوەیەک بن. باوەڕیان بە کریست و خوێنی هەیە، لە پێناو ڕزگارکردنی مرۆڤ. ولەبەر ئەوەی، سەر بە ڕەچەڵەکی ئیبراهیمن.

٢ یاساکانی موسا لە تێگەیشتنی ئەوان، هەتاهەتایین. و هەرگیز هەڵناوەشێنەوە. بۆیە دینی کریست، نابێ بەبێ ئەو یاسایەبێ.

٣ کریست جولەکە بوو. بە جولەکەیی ژیا. هەروەها نێردە و یاوەر و پێڕەوکارانی، لەگەڵ باوەڕیان بە کریست و بانگهێژیەکەی، وەک جولەکە هێنا. بۆیە لەسەر هەر کەسێک باوەڕی بە کریست هەبێ، پێویستە پەیڕەوی بکا. و بەشداربێ لە ڕەوشتی جولەکە بێ هاوتا. تا لە سەر ڕێگای ڕاستبێ.

٤ کەنیسەی کریست، لەگەڵ گشت نێردەکان و یاوەرانی گشتی لە ئۆڕشەلیم بوو.

٥ پاولۆس خۆی، کە سەرکردەی ئازادی بوو، پەیڕەوی یاسای موسای دەکرد. و لە ناو جولەکان بوو. بە تایبەتی کە دەهاتە ئۆڕشەلیم.[149]

بەو پێیەش لە ڕوانگەی ئەوان، پاولۆس بانگەوازەکەی بۆ ڕزگاربوون لە یاسای موسا نییە. بەڵکوو لە هاوپەیمانییەکی دووفاقەییە، لەگەڵ ئومییەکان. [150]

لەوکاتەدا مەتی، کە خۆی لە بەنی ئیسڕائیل بوو. و پەروەردەی دینی جولەکە بوو. ئینجیلی لە ژینگەیەکی ئیسڕائیلی دەنووسیەوە. ئەو ووتارەی یەسوی گواستەوە. کە دەڵێ: باوەڕ مەکەن کە من هاتووم، دینێکی نوێ بێنم[151].

---

[149] پەیمانی نوێ - کردەوەی نێردان ٢١: ١٧ – ٢٧
[150] الحداد، یوسف درة، قرآن دعوة نصرانیة ص ٥٢
[151] پەیمانی نوێ - ئینجیلی مەتیاس(متى) ٥: ٧

# گرووپی نێردەکان

لە بەرامبەر ئەوە بیانۆی گرووپی نێردەکان، بۆ ڕزگاربوونیان لە یاسای موسا. بە سەرۆکایەتی پاولۆس، ئەمانە بوون:

١ کۆمەڵی کریستیانەکانی ئازاد بە سەرۆکایەتی پاولۆس نێردەی ئومییەکان، دەیانگوت: دەبێ یاسای موسا نەمێنێ. و ڕزگاری کریستیانی، بە باوەڕە نەک یاسایەکی کۆت و پێوەند. ئێمە تەنیا بە سرووشت و کولتوور جولەکەین و هیچیتر.

پەیمانی نوێ – نامەی گەلاتیە ٢: ١٥ - ١٦

> (١٥) ئێمە بە جولەکەیی لەدایک بووین و لە نەتەوە گوناهبارەکان نین، (١٦) دەزانین مرۆڤ بە کارکردن بە یاسا بێتاوان ناکرێ، بەڵکو بە باوەڕ بە یەسوی کریست. جا ئێمە باوەڕمان بە یەسوی کریست هێنا. تاکو بە باوەڕ بە کریست بێتاوان بکرێین، ئەمەش نەک بە کارکردن بە یاسا، چونکە لە ڕێی کارکردن بە یاسا کەس بێتاوان ناکرێت.

٢ بەڵێ کریست لە ئینجیل دەڵێ من نەهاتووم یاسا و نەبیەکان ڕەتکەمەوە، بەڵکو پەیڕەویان دەکەم. کەچی پەرە پێدانی یاسای ئینجیل لە ڕاستیدا، ڕەتکردنەوەی یاساکانی تەوراتە. لەبەر ئەوەی ئێمە بە بانگهێژی کریست و ئینجیل هاتینە ناو کریستیانی. پەیڕەوی ئەو ووتارە دەکەین کە کریست بانگهێژەی بۆ دەکرد[152].

---

[152] پەیمانی نوێ - ئینجیلی مەتیاس(متی) ١٩: ٢٨

ئەوە پەیمانی نوێیە، خوانی ماڵئاوایی بە خوێنی خۆی لە سەر خاچ. ڕزگاریش بە خوێنی کریستە. نەک یاسای موسا.

لە ڕاستیش دا، بێجگە لە دە فەرمایشتەکانی خودا، هیچ لە تەورات لەگەڵ باوەڕی کریست ناگونجێ. و دوو ڕێبازی یەکجار لەگەڵ یەکتری جیاوازن. بە ووردبوونەوەیەکی کەم، دەبینین کریست خۆی ئەو جیاوازیەی دەستپێکردووە. و پەیڕەوی دەکا.

یەکەم: یاسای جیا بوونەوە (طلاق) نەسخ دەکا:

ئینجیلی مەتیاس (متی) ١٩: ٣ - ١٢

(٣) هەندێک فەریسی هاتنە لای بۆ ئەوەی تاقیی بکەنەوە، گوتیان: ئایا دروستە مێرد لەبەر هەر هۆیەک بێت ژنەکەی تەڵاق بدات؟

(٤) یەسو وەڵامی دانەوە: ئایا نەتانخوێندۆتەوە، ئەوەی لە سەرەتاوە بەدیهێناوە [بە نێر و مێ بەدیهێنان]؟

(٥) هەروەها فەرمووی: لەبەر ئەوە پیاو دایک و باوکی خۆی بەجێ دەهێڵێ و بە ژنەکەیەوە دەنووسێت. ئیتر هەردووکیان دەبنە یەک جەستە.

(٦) کەواتە چیتر دوو نین بەڵکو یەک جەستەن. لەبەر ئەوە ئەوەی خودا بە یەکتری گەیاندووە، با مرۆڤ جیای نەکاتەوە.

(٧) لێیان پرسی: ئەی بۆچی موسا فەرمانی داوە تەڵاقنامە بدرێت و تەڵاق بکەوێت؟

(٨) پێی فەرموون: لەبەر دڵڕەقیتان موسا ڕێی پێدان ژنەکانتان تەڵاق بدەن، ئەگینا لە سەرەتاوە وا نەبوو.

(٩) بەڵام پێتان دەڵێم: ئەوەی بەبێ هۆی داوێنپیسی ژنەکەی خۆی تەڵاق بدات. و یەکێکی دیکە بهێنێت، ئەوا داوێنپیسی دەکات.

(١٠) قوتابییەکانی پێیان گوت: ئەگەر حاڵی پیاو لەگەڵ ژن وابێ، باشترە ژن نەهێنێت!

(١١) بەڵام عیسا پێی فەرموون: هەموو خەڵکی ناتوانن ئەم قسەیە پەسەند بکەن، تەنها ئەوانەی پێیان دراوە .

(١٢) خەساو هەن زگماکن، خەساویش هەن مرۆڤ خەساندویانن. خەڵکیش هەیە بڕیاریان داوە لە پێناوی شانشینی ئاسمان وەک خەساو بژین. کێ دەتوانێت پەسەندی بکات، با پەسەندی بکات.

دووەم: هەنگاوێکیتر کە یەسو هاویشتی، ئەوەبو قەدەخەی لەسەر خواردن لابرد.

ئینجیلی مارکوس (مرقص) ٧ : ١٤ - ١٩

(١٤) دیسان خەڵکەکەی بانگکرد و پێی فەرموون: هەموو گوێم لێ بگرن و تێبگەن .(١٥) شت نییە لە دەرەوەی مرۆڤەوە بێتە ناوی و گڵاوی بکات. بەڵام ئەوەی لە مرۆڤەوە دێتە دەرەوە، ئەوە مرۆڤ گڵاو دەکات(١٦) ئەوەی گوێی هەیە بۆ بیستن با گوێ بگرێت. (١٧) کاتێک خەڵکەکەی بەجێهێشت و هاتەماڵەوە، قوتابییەکانی بۆ نموونەکە پرسیاریان لێکرد .(١٨) پێی فەرموون: ئێوەش ئاوا تێنەگەیشتوون؟ ئایا تێناگەن کە هەرچی لە دەرەوەی مرۆڤەوە دێتە ناویەوە ناتوانێت گڵاوی بکات؟ (١٩) چونکە ناچێتە دڵییەوە، بەڵکو سکی، دەچێتە دەرەوەش بۆ ئاودەست. بەمەش ڕایگەیاند کە هەموو خواردنێک پاکە.

٣ یاسا پەروەردەکارێکی نەرم بوو، تا کریست هات. کاتی کریست هات کاتی بەسەرچوو. ئەوەش ووشەی خودایە بەڕاستی و ڕەوایی. باشە چ پێویستی بە پەروەردەکارێک هەیە، کە

بمانگەیێنێتە کریست[153].
یاسا کاری خۆی کۆتایی پێهێنا. گیانی پیرۆز و بڕشت جێگای یاسای گرتەوە.
یاسا بۆ موسا هات و بۆ یەسو بڕشت و ڕاستی[154].

٤ پەیمانی کۆن لە سینا، ئەمانەتێک بوو لە دەستی بنەماڵەی موسا. کاتی گەیشتە پەیمانی نویێ. پەیمانی کۆن کاری کۆتایی پێ هات. و ئەمانەتەکە گواسترایەوە بۆ باوەڕدارانی ئومی. بۆیە پێویست بە بەندەکانی یاسای کۆن نەماوە. هەروەک (پەیمانی نویێ) یەکەم کۆنەکەی ڕاگەیاند و کە کۆن بوو فەوتا.

پەیمانی نویێ - عیبرانییەکان ٨: ١٣

(١٣) کاتێک باسی پەیمان دەکا دەفەرموێ: نویێ یەکەم کۆن دەکا. شتێکیش کە کۆن بوو و پیربوو، ئەوا لە فەوتان نزیکە.

٥ پەیمان بە ڕەچەڵەکی پیرۆز لە ئومییەکان، نەک تەنیا بۆ یەهودیانە، بەڵکو بۆ سەرتاسەری جیهانە. یاسای موسا بۆ یەهودیان بووە. و با بۆخۆیان بێ[155].

٦ ڕاستە کریست لە ژیانی سەر زەوی بانگهێژەکەی تەنیا گەیشتە سەر خاکی ئیسرائیل. کە بە چەوسانەوە. دوژمنایەتی بنی ئیسرائیل بوو کۆتایی بە ژیانی هێنا. بەڵام کاکڵەی بانگهێژەکەی تایبەت بوو بە جەلیل. لە بەر ئەوەی لە جەلیل ئوممی پەیوەندی پێوەدەکەن. و گوێی لێ ڕادەگرن[156].

---

[153] پەیمانی نویێ - نامەی گەلاتیە ٣: ٢٣ – ٢٩
[154] ئنجیلی یۆهانێس (یوحنا) ١: ١٧
[155] نامەی گەلاتیە ٣: ١٥ – ١٨
[156] ئینجیلی مەتیاس (متی) ٤: ١٥ – ١٦

زۆر لە جەلیل و دە شارەکانی هەر لە پێتراوە تا دەگاتە دیمەشق و ئۆرشەلیم و یەهودی تا ئوردن[157].

لە جەلیلەوە هەندێک لە سەفەرەکانی بە دڵەڕاوکێوە بوون، بۆ سەرزەمینی بێ باوەڕان. بەر لە هەڵکشانی بۆ ئاسمان، بە یاوەرانی فەرمووکار بۆ بانگهێژی ئینجیل بکەن. بۆ ئەوەی گشت نەتەوەکان ببنە قوتابی کریست. بۆیە باوەڕدارانی ئینجیل، قوتابی یەسون، نەک موسا[158].

٧ گەمارۆدانی کریستیانی لە ناو موسایی. دەیکاتە دینێکی نەتەوەیی. ئەوەش ڕێگە لە چالاکی ئینجیل دەگرێ. کریستیانی دینێکی جیهانییە. ناتوانێ خۆی بە یاسای موسا بەند بکا، کە یاساییەکی نەتەوەییە[159].

ئەو دیمەنە پیشانمان دەدا پەیڕەوکارانی کریست لە یەهودیەکان، لەسەروەشیان بنەماڵەی یەسو. هەولیان دەدا، ڕێبازێک لە چوارچێوەی دینی یەهودی دروست بکەن. بۆیە تا ئەوکاتەش هەر پەیڕەوی تەورات و ئینجیلیان پێکەوە دەکرد. و بانگەوازی باوەڕ بە موسا و یەسویان پێکەوە دەدا، دروشمی لە ئاو هەڵکێشان و خەتەنەیان دەکرد. ئەوە چوارچێوەی باوەڕیان بوو، کە ڕێبازەکەیان لەسەر بنیات نابوو. و پێشێلکردنی باوەڕی نێردەکان و یاوەرانی کریست بوو. ئەوەش بە باوەڕی ئەوان دوورکەوتنەوە بوو لە پەیامی یەسو. و گەڕانەوەیەک بوو، بۆ باوەشی دینی یەهودی[160].

---

[157] ئینجیلی مەتیاس (متی) ٤: ٢٥
[158] الحداد، یوسف درة، قرآن دعوة نصرانیة ص ٥٤
[159] هەمان سەرچاوە ص ٤٢
[160] هەمان سەرچاوە ص ٤٩

ئەوان باوەڕیان بە یەسو هەبوو کە کریستە. و پەیوەستبوون بە نەریتی یەسو، لەسەر فێرکردنی نێردراوان و هاوبەشییەتی، لەتکردنی نان و نوێژکردن[161].

زۆر لێیان پەست بوون، چونکە خەڵکیان فێردەکرد و دەیانگوت، مردوو زیندوو دەبنەوە هەروەک چۆن عیسا زیندووبووەوە.

پەیمانی نوێ - کردەوەی نێردان ٥: ٤٢

> ئیتر هەموو ڕۆژێک لە حەوشەکانی پەرستگا و لە ماڵاندا، بێوچان خەڵکیان فێردەکرد و مژگێنییان دەدا کە یەسو کریستەکەیە.

یەکەمین گرفت، بۆ کریستیانەکان دەرکەوتنی ئەو پرسیارەبوو. چۆن پێکەوە ژیان و یەکسانی لە نێوان آهل الکتاب و ئومییەکانی دەرەوەی نەتەوەی بەنی ئیسرائیل کە باوەڕیان هێناوە، دروستبکرێ؟

لەلایەک نەسارییەکان پەیڕەوی یاسای موسا و تەوراتیان دەکرد. و خەتەنەیان دەکرد. لەلایەکیتر ئومییەکان باوەڕیان بە پەیامی یەسو هێنابوو. بەبێ ئەوەی باوەڕیان بە یاسای موسا و و خەتەنەکردن هەبێ و ڕەتیان دەکردەوە.

ئەوەش دوو شێوەی ژیان، و پەیڕەوکردنی ڕێنمایی لە ناو یەک دینی یەسوی کریست دروستکردبوو. کە پێچەوانەی نەسارییەکان بوو. کە هێشتا هەر بەردەوام بوون لە پەیڕەوی یاسای موسا. لە هەمان کاتدا لە ئاوهەڵکێشان و باوەڕ بەکریست.

---

161 پەیمانی نوێ - کردەوەی نێردان ٢:٤

له ناکاو پرسیارێکی گرنگ سەری هەڵدا. لەمەو دوای بانگهێژی کریستیانی، هەڵوێستی لەسەر یاسای موسا چی دەبێ؟

ئەو پرسیارە جیهانی کریستیانی هەر لە سەرەتای بانگهێژ هەژاند. وەڵامەکان بەپێی جیاوازی ژینگە، دەگۆڕان. نەساڕیەکان دەیانگوت دەبێ بانگهێژ بۆ پەیڕەوی تەورات و ئینجیل پێکەوە، بەبێ جیاوازی بکرێ. کریستیانە ئومییەکان دەیانگوت: تەنیا ئینجیل. و بەبێ یاسای موسا و خەتەنە. ئەوەش بووبووە سنوورێکی جیاکەرەوە، لە نێوان نەساڕی و کریستیانەکان.

## کۆنفرانسی یەکەمی دینی یەسو لە ئۆڕشەلیم

ساڵی ٤٩ س.ب هەردوو کۆمەڵەی نەساڕیەکان و (نێردەکان) کریستیانەکان، یەکەم کۆنفرانسیان بەست. ئەو کۆنفرانسە بە ئامادەبوونی یاقوب و سەرجەمی ئەسقەفەکانی بنەماڵەی یەسوش بوو. و هەروەها دوو نوێنەری نێردەکان کە لایەنی ناکۆک بوون، لەگەڵ نەساڕیەکان ئامادەبوون. ئەوەش یەکەمین کۆنفرانس بوو لە مێژووی کریستیانی.

نێردە و نەساڕیەکان، بۆ ووردبوونەوە لە کێشەکە، کۆبوونەوە. هەر لە سەرەتای یەکەم کۆبوونەوە. هەندێک کە خۆیان بە فەریسی دادەنا. گوتیان پێویستە خەتەنەکردن، و پەیڕەوی یاسای موسا، وەک بنەڕەتی دین پەیڕەوبکرێ[162].

---

[162] الحداد، یوسف درة. قرآن دعوة نصرانية ص ٥٥

هەر لە سەرەتای کۆنفرانس، پیلانی بە جولەکەکردنی دینی کریستیانی دەستی پێکرد. پەترۆس کە سەرکردەی نێردەکان بوو. بە چەند ووشەیەک گفتوگۆکەی یەکلا کردەوە[163].

پاش مشتومڕێکی زۆر، پەترۆس هەستا و پێی گوتن: ئەی برایان، ئێوە دەزانن پێش ماوەیەک، خودا لەنێو ئێوەدا هەڵیبژارد. ئێوەش لە دەمی منەوە ببیستن:

نەتەوەکان مزگێنی کریست دەبیستن و باوەڕ دێنن

گوتی: ئومییەکان جولەکە نین. و دەبێ ئازاد بن لە یاسای موسا.

بەو قسەیەی سەرجەم ئامادەبووان بێدەنگ بوون. لەوکاتەوە سەرکەوتنی تیوری پاولۆس سەرکەوت. ئەوەش دەستپێکی ڕزگاربوونی باوەڕی کریستیانی و نێردەکان بوو لە ژێر چەپۆکی یاسای موسا[164].

لەو کۆنفرانسە کۆمەڵی پارێزگارانی بێلایەن، کە تا ئەوکاتە بەبێدەنگی مابوونەوە. هەستیان بە ترسێکی گەورە دەکرد. بۆیە یاقوبیان ئاگادارکردەوە، بۆ ئەوەی بکەوێتە ناوبژی. بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشەیە. ئەوەش لە پێناوی پێکەوە ژیان و ئاشتی نێوان خەڵکی خەتەنە و کریستیانەکانی ئومیی. لەبەر ئەوەی، ئەو جولوکانەی ببوونە نەساڕی پاشماوەی کولتووری نەتەوەیی تەوراتیان هەر مابوو. نەیاندەویست دەستبەرداری ببن. و هاموشۆ و تێکەڵاوی لەگەڵ ئومییە خەتەنە نەکراوەکان بکەن. کە تەنیا باوەڕیان بە کریست و ئینجیل هەبوو[165].

---

[163] پەیمانی نوێ - کردەوەی نێردان ١٥: ٧

[164] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو بابەتە، بڕوانە پەیمانی نوێ - کردەوەی نێردان ١٥: ٦ – ١٢

[165] الحداد، یوسف درة (١٩٨٦) قرآن دعوة نصرانية. منشورات المكتبة البولسية. ص ٥٥

یاقوب بووە ناوبژیکەر و کۆبوونەوەی دووەم بەسترا. لەو کۆبوونەوەیەدا، یاقوب ئەسقەفی ئۆڕشەلیم و سەرکردەی بنەماڵەی یەسو ووتارێکی دا. و گوتیٚ:

ئەی برایان گوێم لێبگرن، سەمعان (ناوی پێترۆسی ئارامیە) ڕایگەیاند، چۆن خودا له سەرەتاوە، گەلانی بە ئازادی ئەفراندووە. لە سەرەتاوە گەلێکن بەو ناوە. لەم ڕووەوە لەگەڵ ووتەی نەبیەکان دەگونجی. بۆیە من وای دەبینم. لەسەر هیچ کەس بارگرانی نییە،کە کەسێکی ئومی ڕوو لە خودا بکا. لە پیسی بوت و خراپە و خوێنی خنکێندراو، دووربن. موسا هەر لە نەوە کۆنەکان، لە هەر شارێک ڕۆژانی شەممە ئەوەیان دووبارە دەکردەوە[166].

کۆنفرانسەکە ئەو چارەسەرە مام ناوەندییەی پەسەندکرد. کە دەبێتە ئاسانکاری پێکەوەژیان لە نێوان دوو کۆمەڵ. لەسەر ئەوە بۆ ئەنتاکیای نووسی: ڕوحی پیرۆز و ئێمە وای دەبینین[167].

کۆنفرانس هیچ ئاماژەی بەوە نەکرد، کە یاسای موسا، بۆ نەساڕیەکان پێویستە (إجباری) یان نا. لەگەڵ ئەوەشدا نەساڕیەکان لەسەر پەیڕەوکردنی تەورات و ئینجیل پێکەوە بەردەوام بوون[168].

ئەو دوو هەڵسوکەوتە لەیەک دین و باوەڕدا، دینی یەسوی هەر لە سەرەتاوە لەیەک دابڕاندبوو. و کردبوویە دوو ئاڕاستەی لەیەک جیاواز. ئەویش شیعە و سونەی دینی یەسو. سونە، کریستیانەکان کە پەیڕەوی یاسای نێردەکان و ئامۆژگارییەکانی یەسویان دەکرد. لە کۆنفرانسی ئۆڕشەلیم . و شیعە، نەساڕیە یەهودیەکانیش، بە سەرۆکایەتی بنەماڵەی یەسو

[166] هەمان سەرچاوە ص ٥٥-٥٦
[167] بۆ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو بابەتە، بڕوانە پەیمانی نویٚ - کردەوەی نێردان ١٥: ١٣ – ٣٠
[168] الحداد، یوسف درة (١٩٨٦) قرآن دعوة نصرانية. منشورات المكتبة البولسية. ص ٥٦

و یاقوب ئەسقەفی ئۆرشەلیم، هەر لەسەر پەیڕەوکردنی تەورات و ئینجیل پێکەوە، و خەتەنەکردن بەردەوام بوون.

سەرەڕای ئەوەی پاولۆس و قوتابیەکانی تری یەسو، دینی کریستیانیان ڕاگەیاندبوو. و بانگەشەیان بۆ دەکرد. کە جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ نەسارییەکان دا هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ناوی نەساریان لە کۆڵ نەدەبووەوە. تا ئەو ئاستەی کریستیانەکانی ئەنتاکیاش کە لە دەرەوەی نەتەوەی جولەکە بوون. هەر بەو ناوە دەناسران. نەک تەنیا بە کۆمەڵی نەساری. ئەو ناوەش باوەڕ وایە لە نێوانساڵانی ٤٠ تا ٤٤ س.ب هەر بەردەوام بووە. کەچی هـ.پ مانتیگلی [169] دەیسەلمێنێ کە مێژووی ئەو ناوە تا دەوروبەری ساڵی ٦٠س.ب هەر بەردەوام بووە. ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی، لە سەرەتای دەستپێکردنی بانگەشەی یەسو، لە ناو جولەکان و دەستەڵاتداریەتی ڕۆم، بەم ناوە ناسرابوون. ئەوەش بە ڕوونی لە کردەوەی نێردان ٢٤: ٥ لە تاوانبارکردنی پاولۆس ئاماژەی پێدەکرێ. و پاولۆس وەک سەرۆکی نەسارییەکان ناو دەبرێ. [170]

پەیمانی نوێ – کردەوەی نێردەکان ٢٤: ٥

> (٥) بینیمان ئەو پیاوە خراپەکارە، لە ناو جولەکان سەرتاپای جیهان خەریکی ئاژاوەنانەوەیە. پێشەوای ڕێبازی ناسریەکانە.

دوای بڵاو بوونەوە و پەرەسەندنی دینی کریستیان لە ژێر ڕۆشنایی نامەکانی پاولۆس لە ئەوروپا، و ڕۆژئاوای شام، و ئیسرائیل. هەنگاو بە هەنگا جێ پێگای نەسارییەکان لە کزی دا. و تا بە فەرمانێکی فەرمی ئیمپراتۆری ڕۆمانی هەدریانوس دەربەدەرکران.

---

[169] H.P Mantegli. (1998) Journal of Theological studies. April 1998. Pp 26-27

[170] فیاض، نبیل (٢٠١٧)، النصاری، تاریخهم و عقائدهم ص ١٥

# پاولۆس و یەسو دوو ڕووی یەک دراون

لەناو ئەدەب و کەلەپووری کریستیانی پاولۆس کەسایەتیەکە، لە بنەڕەتدا ناسنامەی رۆمی هەیە. و دەبێ ئەفسەرێکی ڕۆم بووبێ، لەلایەکیتر بەڕەگەز جولەکەیە. سەرەڕای چیرۆکی ئالۆژیک، لە سەر ژیان کردەوەکانی. بەڵام بەڕەچاوکردنی ئاکارەکانی کەسایەتی، و پاشخان و کردەوەکانی، دەردەکەوێ کە پاولۆس خۆی یەسوی نارسی بوو. دوای لە خاچدانی شەو، هەر لەلایەن سەربازانی ڕۆم دزراوەتەوە. و هەڵاتووە. دوای چەندین ساڵ بە ناوی پاولۆس دەرکەوتووە. و لەسەر پەیامی کریستیانی بەردەوام بووە. بەڵام بەشێوەیەکی نەرم و بڵیمەتانە. و دوور لە توند و تیژی.

# ناکۆکی لەسەر ڕەچەڵەکی یەسو

ڕەنگە ئەم ناونیشانە بۆ زۆر کەس جێگەی سەرسوڕمان بێ. بەڵام ڕاستی دیاردە مێژووییەکان ئاڵۆزترن لەوەی ئێمە بیریان لێدەکەینەوە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، مرۆڤ هەمیشە تێگەیشتنی لەسەر بنچینەی ئارمایی ڕاستییەکانی دادەڕێژێ، و هەستی پێدەکا. نەک ڕاستیەکان خۆیان. ئەو کێشەیەش لە بنەڕەتدا، دوو هۆکاری هەیە:

یەکەم: دینی کریستیانی بە درێژایی دوو هەزار ساڵ چیرۆکێکی بۆ پاولۆس هۆنیوەتەوە. کە بەردەوام لە ووتارەکانی کەنیسە و ئامۆژگاری، وەک پەرجوێک دەخرێتە ڕوو. و دووبارە دەبێتەوە.

دووەم: لەخاچدانی یەسو، و دەنگۆی هەڵکشانی بۆ ئاسمان لە هەردوو دینی کریستیانی و ئیسلام، سەرەڕای نالۆژیکی. بە گێڕانەوەی بەردەوام. بۆ جیهان بۆتە شتێکی بەڵگە نەویست.

ساخکردنەوەی ئەو گرێکوێرەیەش، بەهۆی دووری لە سەرچاوەی مێژوویی بێ لایەن. کە مرۆڤ بتوانێ خۆی، بە خوێندنەوە و بیرکردنەوە، وەک بە نالۆژیکی ڕووداو، و دیاردەکان بکا. و لەوەش گرنگتر خۆی هەوڵبدا، لەڕێی گەڕان بەدوای وەڵامی گونجاوتردا، و ڕاستیەکان بدۆزێتەوە. و پڕۆسەکانی مێژووش ڕێچکەی خۆیان بە دروستی بگرن.

با بۆ پرسی یەسو (عیسا) لەو سەرچاوانە ووردبینەوە، کە پێش نووسینی ئینجیلەکان. و هەڵبژاردنی هەندێکیان، و پەنادانی ئەوانیتر. ئەوسا دەتوانین تا ئاستێکی باش ڕاستییەکانی مێژوویی و کەسایەتییەکان ببینین. و ئەنجامگیرییەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی لێ وەربگرین.

بەر لەوەی بکەوینە سۆراخی یەسوی ناسری و پاولۆس، با هەندێک لەو سەرچاوانە بخەینە ڕوو. کە باسی لە دایکبوون و ڕەچەڵەکی یەسو دەکەن.

لە گەمارا کە لە دوای میشنا، دووەم پەرتووکی ناوپیرۆزی تالموودە، لەناو دینی جولەکە. ناوی یەسو بەم شێوەیە هاتووە:

یەشوی بن پانتێرە هەوڵدەدا جولەکان لە دینی خویان دووربخاتەوە [171]

[171] Lena Einhorn (2006) Vad hände på vägen till Damaskus? På spaning efter den verklige Jesus från Nasaret. s.19

نووسەری سوێدی لێنا ئێینهۆڕن دەنووسێ لە ساڵی ١٨٥٩ س.ب شوێنەوارناسان کە بەدوای یەسو دادەگەڕان، لە ناوچەی ڕێهنلاند لە ئەڵمانیا لە گوندێک بەناوی بینگەربروک، لە کاتی هەڵکۆڵین گۆڕێکی بەکۆمەڵیان دۆزییەوە. دوای پشکنین دەرکەوت ئەو گۆڕە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەمی س.ب،

ئەو گۆڕە بە کۆمەڵە ئێسک و پرووسکی، سەربازانی ڕۆمن لەوێ کوژراون. ئەوەی جێگای سەرنج بوو، یەک لەو گۆڕانە، ئەفسەرێکی پلە بەرزێ سوپای ڕۆم بوو. بەشی زۆری ناو و زانیاریەکان کەسایەتی لەسەر تابلۆیەک هەر مابوون کە بە لاتینی لەسەر تابلۆیەکە نوسرابوون:

Tib (erius) Iul(ius) Abdes Pantera

Sidonia ann(orum) LXXII

Stipen(diorum) XXXX miles exs( )

Och(orte) I sagittariorum

H(ic) s(itus) e(st)

بە کوردی:

تیبێریووس ئیولووس ئەبدێس پانتێرە

خەڵکی سیدۆن (صیدا)، تەمەن ٦٢ ساڵ

٤٠ ساڵ لە خزمەتی سەربازی دا بووە [172]

---

[172] Lena Einhorn (2006) Vad hände på vägen till Damaskus? På spaning efter den verklige Jesus från Nasaret. s.72 - 73

به پێی ئەو ڕوونکردنەوانە تەواو ساڵ و شوێنی کارکردنی ئەبدێس پانتێرە لەگەڵ کاتی لەدایک بوونی یەسو دەگونجێ. ئەبدێس بە لاتینی واتە (بن) بە عیبری کە دەکاتە کوڕی پانتێرە، کە باوکی یەسو بووە.

هەروەها مێژوونووسی گەورەی بەڕەگەز جوولەکە فلاڤیۆس یوسفوس (٣٧–١٠٠س.ب). وەک گەورەترین مێژوونووس و لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکانی سەردەمی یەسو بووە. نووسەینەکانی  یوسفوس لە باری مێژووی ئەو سەردەمە، گرنگترین و جێمتمانەترین سەرچاوەن، بۆ مێژوونوسان.

یوسفوف لە پەرتووکی (شەڕی جوولەکان) دەنووسێ:

> کاتی ئەو (دایکی یەسو) سکی پڕبوو لەلایەن ئەو دارتاشەی کە دەزگیرانی بوو لە ماڵ وەدەرنرا، ئەوەش بە تاوانی ئەوەی خیانەتی لێکردووە. و منداڵی لە سەربازێک بە ناوی بن پانتێرا لە سک دابووە[173].

ئەوەی کە زیاتر جێگای هەڵوێستەیە یەسو ڕەگەزنامەی ڕۆمی هەبوو. ئەوەش چ لە ڕووی دینی و چ لەڕووی جوگرافی و کۆمەڵایەتی بۆکەسێکی بە ڕەگەز جولەکە ئەستەم بوو. چونکە ڕەگەزنامەی ڕۆمی تەنیا ئەو کەسانە وەریان دەگرت کە منداڵی سەربازانی ڕۆم بن.

ئەو بەڵگانە زیاتر نیشانی دەدەن کە یەسو کوڕی بن پانتێرە بووە. بن پانتێرە سەربازێکی پلە بەرزی ڕۆم بووە لە سیدۆن. ئەوەش گومان دەخاتە سەر دەقی هەر چوار ئینجیلەکە. و دەبێ باوەڕ بەوە بێنین، یەسو زۆڵ بووە. واتە دایکی بە هەر شێوەیەک بێ سکی لە سەربازێکی

[173] Flavius Josefus. Om det judiska kriget 3:8:7.

پله بەرزی ڕۆم، بە ناوی بن پانتێرەی پڕبووە. و بەرهەمەکەیشی یەسو بووە. کەواتە یەسو کوڕی خودا ( بن پادرێ) نییە. بەڵکوو مرۆڤێکی ئاسایيە. وەک هەر مرۆڤێکی تر[174].

## لەخاچدانی کریست و ناکۆکییەکانی

کێشەی دووەم لە کرستیانیزمدا لە خاچدانی کریستە. کە لە بنچینەدا. کلیلی زۆر لە نهێنییەکانی یەسو، و دینی کریستیانی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە. ئەو نهێنیانەش بۆ کەنیسە بوونەتە گرفتێک، کە تا ئێستاش هەر خەریکی پینەکردنی هەڵەکانن. بە پێی تێکستەکانی هەر چوار ئینجیل دەبێ کریست لەتەمەنی ٣٠ ساڵیدا، لە خاچ درابێ. و دوای ٣ ڕۆژ لە گۆڕنان هەلسابێتەوە و قوتابیەکانی خۆی دیبێ. بەر لە هەمووشیان، مریەمی ماگدەلێنا.

تێکستی هەندێ لە ئینجیلەکان بەوەندە وازنایەنن. بۆ نموونە لە هەر دوو ئینجیلەکانی لوکاس (لۆقا) و مارکوس (مرقص) دا هاتووە کە ئەو ئەفسەرەی سەرپەرشتی لە خاچدانی یەسوی کرد، زۆر نەرم و نیان بووە، تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە یەسو گیانیدا. ئەفسەرە سەردەستەکە بە دڵنەوایی و لە دڵەوە دەڵێ:

---

[174] Lena Einhorn (2006) Vad hände på vägen till Damaskus? På spaning efter den verklige Jesus från Nasaret. s.54

پەیمانی نوێ - ئنجیلی لوکاس ٢٣: ٤٧

(٤٧) سەردەستەکە ئەم شتانەی بینی کەڕوویدا. ساتایشی خودای کرد و گوتێ: بەڕاستی ئەو پیاوە بێتاوان بوو.

هەروەها مارکوسیش شتێکی لەم شێوەیە دەردەبڕێ

پەیمانی نوێ - ئینجیلی مارکوس ١٥: ٤٤

(٤٤) پیلاتوس سەرسام بوو. ئاوا بەزوویی یەسو مرد. سەردەستەکەی بانگکرد و لێی پرسی: ئاخۆ دەمێکە مردووە؟

ئەو بابەتە تەنیا لەو دوو ئینجیلە دا هاتووە. و لە هەردوو ئینجیلی ماتیاس (مەتی) و یوهانێس (یۆحنا) دا نابینرێ. بەڵام کێشەکە لێرەوە سەر هەڵدەدا، کە دوو لە نووسەرانی ئینجیل باسی شتێکی سەر سوورهێنەر دەکەن، ڕووداوێک لە بیرکردنەوەی لۆژیک جێگای نابێتەوە. ئەفسەرێکی جەڵلاد، لەکاتی لە خاچ دانی تاوانبار، نەرم نیان بێ.

دەستەڵات هەمێشە خەڵکی دڵ ڕەق و بێ بەزەیی، بۆ ئەو جۆرە کارانە هەڵدەبژێرن. بۆیە مرۆڤ کە ئەو ڕستانە دەخوێنێتەوە نیشانەی پرسیاری بۆ دروست دەبێ. بۆگەیشنە بنچ و بناوان و دۆزینەوەی، هۆی دیمەنی وا ناکۆک. دەبێ لێتۆژینەوەیەکی قووڵتر و لێکدانەوەیەکی فرە ڕەهەندی بۆ بکا. تا بتوانێ هۆکارەکانی ئەو دیمەنە نالۆژیکە بدۆزێتەوە. و لە نوێ لێکدانەوەی بۆ بکا.

بە بەراوردکردنێکی ووردی ئەو دیمەنەی ئەفسەری جەڵلاد لەگەڵ بەڵگە مێژووییەکان، ناکۆکی ترمان بۆ دەردەکەوێ. کە وامان لێدەکا بەوەندە نەوەستین. و زیاتر دەمانخاتە کەوتنە سۆراخ بەدوای ڕاستی دا. هەر زوو شتی نوێ سەر هەڵدەدا کە گومان لەسەر دروستی زانیاری دەربارەی پرۆسەی لە خاچدانی یەسو دروستدەکا. لەلایەکیتر ناکۆکی نێوان ئینجیلەکانیش گومانەکە بەهێزتر دەکەن.

بۆ نموونە ئیرێنیوس کە ئەسقەفی (بیشۆپ) شاری لیون بووە . لەبنەڕەتدا لە دایک بووی ئاسیای بچووک بوو. واتە تورکیای ئێستا، لە ساڵانی ٢٠٠ س.ب ژیاوە. لە پەرتووکی خۆی دا دەنووسێ کە کریست گەیشتە تەمەنێکی بەرز(تەمەنی پیری). زیاتر لەسەری دەڕوا. و دەڵێ تەمەنی لە ٥٠ ساڵی تێپەڕیوە. ئیرێنیوس وەک خۆی دەنووسێ ئەو شایەتییەی لە قوتابیانی کریست وەرگرتووە. [175]

ئەگەر ئەو نووسینەی ئیرێنیوس ڕەچاو بکەین. دەبێ یەسو ساڵانێکی زۆر، دوای لە خاچ دان ژیابێ کە لە ئینجیلەکان دیاری کراوە.

لێرەدا پرسیارێک سەر هەڵدەدا. باشە ئەگەر یەسو لە خاچ نەدراوە، چی بەسەرهات؟ لێرەدا دەبێ لە ڕوانگەی تری کێشەکە ووردبینەوە و وەڵامێک وەرگرین کە جێگای باوەڕ بێ.

ئیمە بەپێی بەڵگەنامە دەزانین یەسو خاوەنی ڕەگەزنامەی ڕۆمی بووە. لە یاسای ئیمپراتۆری ڕۆما دا، نابێ کەسێکی خاوەن ڕەگەزنامەی ڕۆمی، بە هۆی ملپێچییەک بکوژری. تەنیا لەو کاتە دەکوژرێ، ئەگەر خیانەتی دژی ئیمپراتۆری کردبێ. و لەسەری ساخ بوویێتەوە. ئەوسا بڕیاری کوشتنی دەدرێ.

بەپێی بەڵگەنامەکانی ئیمپراتۆری ڕۆم، ئەو خیانەتە تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە سەربازبووین لە سوپای ڕۆم، و خیانەتی سەبازیان کردبێ، یان لە خزمەتی سەربازی هەڵاتبن. جا خۆ یەسو شتێکی وای نەکردووە. تەنیا لەناو هەناوی دینی جولەکە، داوای ریفۆرمی لە دین دەکرد. و بەرهەڵستکارێکی سەرسەختی حاخامەکانی جولەکە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا دژایەتی سەرسەختی ڕۆمەکانی دەکرد. بەڵام خیانەتی نەکردووە. بۆیە پۆنتیوس پیلاتوس

---

[175] Irenaeus: Adversus haerses part 2, Pp. 22

(١٠ پ.س.ب – ٣٦ س.ب) کە فەرمانڕەوای ئۆرشەلیم بوو، نەیدەویست یەسو بکوژرێ. لەبەرئەوەی باوکی سەربازێکی پلە بەرزی سوپای ڕۆم بوو. و زۆر نزیک بوو لەوانەی دەستەڵاتیان لەدەست دابوو، یەسو خۆشی ڕەگەزنامەی رۆمی هەبوو.[176]

لێرەوە وەڵامی لۆژیکی ئەوەیە، کە ئەو ئەفسەرە جەللادە نەرم و نیانە، ڕاسپێردراوە کە لێنەگەڕێ یەسو بمرێ. بەڵکوو تەنیا شانۆیەک لەبەر چاوی جولەکە و حاخامەکانیان پیشان بدەن. تاکوو وابزانن یەسو لە خاچ درا و کۆتایی هات. ئیتر دوای ئەوەی کە تاریک دادێ دایدەبەزێنن و داوای لێدەکەن، ووڵات بەجێ بێڵێ.

یەسو ماوەیەک بۆ تیماری برینەکانی دەست و قاچی ئەنجامی لە خاچدان چارەسەرکردن دەمێنێتەوە. ئێوارەی سێیەم سەر لە قوتابیەکانی دەدا ( هەر ئەوەشە لە ئینجیەلاکان باسی هەڵسانەوەی دەکەن) دوای چاکتر بوونەوەی، ئیتر بەرەوە سووریا بەڕێ دەکەوێ، لە وێشەوە بەرەو تورکیا و ووڵاتی فارس و باکووری هیندستان.

جەواهیر لال نیهرۆ لە نامەیەکدا، بۆ ئەندێرە گاندی کچی لە ساڵی ١٩٣٢ نووسیویە:

> لە تەواوی ئاسیای ناوەڕاست لە کشمیر و لاداق و تبت تادەگاتە هەرە باکوور. بڕوایەکی زۆر بەهێز هەیە کە کریست لەو دەڤەرانە سووڕابێتەوە[177]

[176] Lena Einhorn (2006) Vad hände på vägen till Damaskus? På spaning efter den verklige Jesus från Nasaret. s. 140
[177] Holger Kersten (1986) Jesus lived in India; His unknown life before and after the Crucifixion, Shaftesbury.

شتێکی تر کە لێرەدا هەم جێگای هەڵوێستەیە و هەمیش تەواوکەری بابەتەکەیە. کەسایەتیەک، بە ناوی پاولۆس لە ناکاو لەسەر شانۆی ڕووداوەکان دەردەکەوێ. و ڕۆڵی سەرەکی لە بڵاوکردنەوەی دینی کریستیانی، وەک سەرکردە و موژدەدەر وەردەگرێ.

بەپێی سەرچاوەکانی کریستیانی، ئەوە دەخوێنینەوە، کە پاولۆسی نێردە، تا ئەو کاتەی لە سەردانی بۆ خاکی عەرەبی نەگەڕایەوە، دەستی بە بانگهێژی دینی نەکرد. مەبەست لە سەردانی بۆ خاکی عەرەب، کوێیە و بۆ واگرنگ بووە؟ لەوێ چیکردووە. ئەو سەردانە و لە لە هیچ سەرچاوەیەک دیار نییە.[178]

پاولۆس لە تەمەنی نێوان ٤٧ تا ٥٠ ساڵی بە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست وەک موژدەدەرێک دەسووڕێتەوە. و دینی کریستیانی بڵاو دەکاتەوە. کەچی هەرگیز یەسووی نەبینیووە. و پەرتووکێکیش تا ئەو دەمە لەبەردەست دانەبووە. تا بتوانێ ڕێنماییە دینییەکانی لێوەربگرێ. سەرەڕای ئەوەش، پاولۆس بانگهێژی دینی کریستیانی دەکا. و ڕێنماییش دەداتە نێردە و قوتابیانی یەسو. هەر ئەویش کەراکتەری سەرەکی گرووپی نێردەکانە، دژی نەساریەکان و بنەماڵەی یەسوا! ئەوەش ئاشنایە کە یەسو لەگەڵ یاقوبی برای و بنەماڵەکەی ناتەبا بووین. کەچی دوای لەخاچدانی، وەک لە پێشتر باسکرا، بنەماڵەی مۆنۆپۆلی ڕێبازی یەسو و کەنیسەی خەتەنەیان کرد.

لەوەش زیاتر جێگای سەرنجدانە کە پاولۆس، خۆی نووسەری تێکستە سەرەتاییەکانی ئینجیلیشە بە تایبەتی نامەکانی کە بریتین لە ١٣ نامە دەربارەی کارەکانی و کریستیانیزم لە شوێنی جیا جیا نووسیونی. کە وەک بەشێکی گرنگ و کۆڵەگە ئاسان، بۆ پەیمانی نوێ.

[178]الصلیبی، د.کمال. البحث عن یسوع – قراءة جدیدة فی الأناجیل ص ١٠٤

لەلایەکیتر هەر ئەو نامانەی پاولۆس، بوونەتە سەرچاوە، بۆ نووسینەوەی هەر چوار ئینجیلە قانونیەکان.

ئەوەی لێرەدا گرنگە، گشت ئەو ڕێکەوتانە لە پاولۆس، ناکرێ بێ هۆبن. بۆیە دەکرێ بەراوردێکی بنەڕەتی، لە نێوان ئەو چیرۆکانە بکەین، کەلەسەر یەسو نووسراون و دوایی لەگەڵ ئەوانەی لەسەر پاولۆس نووسراون، بەراورد بکەین. ئەوسا بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەو دوو کەسایەتییە یەک کەسن. لەبەر ئەوەی چەند بۆشاییەک لەژیانی پاولۆس دا هەیە، بە تایبەتی ژیانی پاولۆس لە تەمەنی مام ناوەندی واتە ٣٠ ساڵ بەسەرەوە. دەست پێدەکا و لە تەمەنی چل ساڵی. و گەورەتر هەوڵدەدا لەو دوورە دەستییە، بانگهێژ بۆ پەیامی یەسوی کریست بکا. و هەواداری بۆ پەیدا بکا، کە خۆی دانی پێدادەنێ. کە ئەوە تاکە مەبەستییەتی، لەکاتێکدا کریست لەمێژە مردووە. [179]

ڕووداوێکیتر کە جێگای هەڵوێستەکردنە، پاولۆس ماوەیەکی زۆر لە دەرەوی ئۆرشەلیم دەیەوێ بچێتە ناو شار کەچی ناوێرێ، نەوەک بیناسنەوە. بێ ئەوەی ڕوونبکرێتەوە لەبەرچی دەترسێ. و چی کردووە. دوایش کە دەچێتە ناو شار لەوێ خەڵکێ دەیناسنەوە. و داوا لە پۆلیس دەکەن کە پاولۆس بگیرێ، بەڵام کاتێ دەیبەنە لای فێلیکس فەرمانڕەوای ئەو کاتەی ئۆرشەلیم بۆ دادگایی کردن. لە جیاتی ئەوەی بیگرێ. لە دەستی جولەکان، پارێزگاری لێدەکا.[180]

ئەوەی جێگای سەر سوڕمانە پاولۆس دەڵێ من جولەکەم:

پەیمانی نوێ – کردەوەی نێردان ٢٢: ٢ - ٣

[179] Paulus. The Epistle to the Romans 11:1
[180] Paulus. Apostlagärningarna. part 22 Pp.27-28

(١) برایان و باوکان، ئێستا گوێ لەو بەرگرییە بگرن کە لە خۆمی دەکەم (٢) کاتێک گوێیان لێبوو بە زمانی عیبری قسەیان بۆ دەکات زیاتر بێدەنگ بوون.
ئەویش گوتی: من جولەکەم، لە تەرسۆسی کیلیکیا لەدایک بووم، بەڵام لەم شارە گەورە بووم، لەبەردەستی گەمالائیل، بە توندی بەگوێرەی تەوراتی باوباپیرانمان فێرکراوم.

لە پەرەگرافێکی تری هەمان دەقی پەیمانی نوێ، دەڵێ: خاوەنی ڕەگەزنامەی ڕۆمی بووە. لە وەڵامدانەوەی بۆ کۆمیساری ڕۆم، بە ڕاشکاوی دەڵێ: لەو کاتەی لە دایک بووە وەریگرتووە. لە هیچ جێگایەکیش ڕون نەکراوەتەوە کە پاولۆس، لە کوێ وە بەچی هۆیەکەوە بوەتە هاونیشتیمانی ڕۆم. تەنیا خۆی بە کۆمیسارەکەی ڕۆم دەڵێ (بە زگماک هاووڵاتیم)لە کردەوەی نێردەکان دا هاتووە، چۆن کۆمیسارێک گفت و گۆ لەگەڵ پاولۆس دەکا:

پەیمانی نوێ - کردەوەی نێردان ٢٢: ٢٥ - ٢٨

(٢٥)کاتێک بەستیانەوە تاکو بە قامچی لێی بدەن، پاوڵۆس بە سەرپەلەکەی گوت کە لەوێ وەستا بوو: ئایا لە ڕووی یاساییەوە ڕێتان پێدراوە کە هاوڵاتی ڕۆمانی بەر قامچی بدەن کە هێشتا نەسەلمێنراوە تاوانبارە؟ (٢٦) کاتێک سەرپەلەکە گوێی لەمە بوو چووە لای کۆمیسارەکە، و هەواڵی پێدا و گوتی: ئەوە بەتەمای چی بکەیت؟ ئەم پیاوە هاوڵاتی ڕۆمانییە!
(٢٧) فەرماندە کۆمیسارەکەش، چوو بۆ لای پاوڵۆس و پێی گوت: پێم بڵێ، تۆ هاوڵاتی ڕۆمانیت؟
گوتی: بەڵێ.

(٢٨) کۆمیسارەکە گوتی: من بە پارەیەکی زۆر ئەم هاوڵاتی بوونەم وەرگرت.
پۆڵس گوتی: بەڵام من بە زگماک هاوڵاتیم.

لە هەردوو ڕەچەڵەکی دینی  جولەکە و ڕەگەزنامەی ڕۆمانی وەک کۆپیەکی یەسوی ناسری وایە. لە هەردووکیشیان نازانرێ چۆن وەریانگرتووە. لەجیاتی ئەوە دوو چیرۆکی ئەفسانەی پیرۆزیان بۆ هۆنراوەتەوە.

نیشانەیەکیتر لە پاولۆس، کە  زیاتر جێگای هەڵوێستەیە. پاولۆس قاچی بریندار بووە، و دەشەلی. بە پەیڕەوکار و نێردەکانی دەڵێ من لە پێناوی خودا تێکۆشاوم، وەک ئێستای ئێوە. بەپێی لێکدانەوەی تۆژەران دەبێ پاولۆس مەبەستی لە خاچدانی بووبێ.[181]

زۆر لەیەکچوون لە نێوان کەسایەتی و کردەوەکانی پاولۆس و یەسو دا هەن. کە بە ئاسانی دەبنە دروستکردنی گومان لەسەر پاولۆس لەلایەک. و ژیان و لە خاچدانی یەسو لەلایەکیتر. لە خوارەوە ٨ خاڵی لەیەکچوونی هاوبەش لە نێوان یەسو و پاولۆس دەخرێنە ڕوو:

یەکەم: یەسو و پاولۆس خەڵکی یەک شوێنن
دووەم: یەسو و پاولۆس هەردووکیان هاونیشتمانی ڕۆمن
سێیەم: هەردووکیان لەتەمەنی گەنجی دەچنە ئۆڕشەلیم
چوارەم: لە ژیانی هەردووکیان دا بۆشاییەکی گەورە، تا دەگاتە تەمەنی گەنجی هەیە
پێنجەم: یەسو و پاولۆس هەردووکیان ڕەبەنن (ژنیان نەهێناوە)
شەشەم: پاولۆس لە چەند جێگایەک لەشێ بریندار بووە، ئەوەش دەسەلمێنێ کە لە

[181] Lena Einhorn (2006) Vad hände på vägen till Damaskus? På spaning efter den verklige Jesus från Nasaret. s. 210 - 215

خاچدان شوێنەواری بەجێ هێشتووە. تەنانەت لە قسەکانی دەڵی : من نیشانەکانی کریستم بە جەستەوەیە

حەوتەم: لەیەک چوونێکی یەکجار زۆر لە نێوان گرتن و دادگایی کردنی پاولۆس و یەسو دا هەیە. هەر دەڵێی ئاوێنەی یەکترین.

هەشتەم: پاولۆس لە شێوەی قسەکردن و دیمەن دروستکردن، دەقاو دەق وەک یەسو بوو[182]

ئەو بەراوردکردنە لەگەل ناکۆکی ساڵی لە خاچدانی یەسو، هەڵەکانیش چ لە ناو ئینجیلەکان و چ لە کەلەپووری کریستیانی دەربارەی لە خاچدانی یەسو و پەیدابوون بانگێژی پاولۆس، وا زەقدەبنەوە. ئیتر بواری ئەوە نادا، گومانێکیتر لەسەر ئەو دوو کەسایەتییە هەبێ. بێجگە لەوەی پاولۆس یەسوی کریستە و بەناو و ناونیشانێکیتر گەڕاوتەوە.

بۆ زیاتر قووڵبوونەوە لە گومانەکەمان، گریمانەیەک دەکەین. با وای دابنێین، ئەگەر یەسو، وەک لە ئینجیل نووسراوە لە سەردەمی پیلاتۆس لە خاچ درابێ. و پیلاتۆس لە نێوان ساڵاکانی ٢٦ تا ٣٦ س.ب فەرمانڕەوای ئۆرشەلیم بووە. کەواتە لەگەڵ نووسینی ئەسقەفی لیۆن ئیرێنیوس، کە ساڵی ٢٠٠ س.ب نووسیویەتی یەک ناگرێتەوە. باوای دابنێین لە تەمەنی ٥٠ ساڵی لە خاچ دراوە کەواتە لەگەل ئینجیل یەکناگرێتەوە. کە نووسراوە لە سەردەمی پیلاتۆس بووە. لەبەر ئەوەی لەسالی ٥٢ تا ٥٩ س.ب ئەنتۆنیوس فێلیکس فەرمانڕەوای ئۆڕشەلیم بووە. و لە هیچ بەڵگەنامەیەک دانییە، فێلیکس بەو کارە هەلستابێ. بۆیە هەر دەبێ بگەڕێینەوە سەر پاولۆس.

---

[182] Beard Mary et al (1996) Religions of Rome. Volym 1, A history. Cambridge University press. s. 245- 313

هەرچەندە کەسایەتی پاولۆس لە ئینجیلەکان بە ساول ناوبردراوە. کە دواتر بووەتە پاولۆس. کە گوایە کەسێکی زۆر دژی کریستیانەکان بووە. دوایی بە هۆی خەونێک گوایە یەسو هاتۆتە خەونی. و وەرگەڕاوەتە سەر دینی کریستیان. کەچی ئەوەشیان ناکۆکە و لە خورافەیەک زیاتر نییە. بۆیە پاولۆس، یەسو خۆیەتی. و بەو ناوە گەڕاوەتەوە.

کەواتە چیرۆکی لە خاچدانی یەسو، تەنیا شانۆگەرییەکی ڕۆمەکان بووە. بۆ ڕاییکردنی حاخامەکانی یەهودی. بەڵام نەمردووە، دوایی بە بەرینداری ئازادکراوە. ووڵاتی یەهودای بەجێهێشتووە. و دوای ماوەیەکی زۆر گەڕاوەتەوە. بە ئازموونێکی پێگەییوو، لەسەر پەیامی خۆی بەردەوام دەبێ. و تا تەمەنی سەرووی ٥٠ سالیش ژیاوە.

سەرەڕای ئەوەی یەسو لەتەمەنی ٣٠ ساڵی لە خاچ درا. واتە ساڵی ٣٠ س.ب. کەچی چەند ساڵێک دوای ساڵی ٤٠ س.ب دینی کریستیانیان، لە ئەنتاکیا ڕاگەیاند. پرسیارەکە ئەوەیە بۆ نێردەکان و قوتابیانی یەسو، زیاتر لە ١٠ ساڵ چاوەڕوانیان کرد. بۆ ئەو ماوە دوور و درێژە لە ژێر چەوساندنەوە و خۆ سەپاندنی یاقوب مانەوە.

ئەوەش بەڵگەیەکە کە یەسو دوای ڕۆیشتنی ماوەی زیاتر لە دە ساڵ، گەڕان، ئەوسا گەڕاوەتەوە. ئامادە بوونیشی لە کەنیسەی خەتەنە، دروستکراوە. لەبەر ئەوەی تەنانەت لە چیرۆکەکانی دینی کریستیانی ساول دوای ماوەیەکی زۆر لە ڕێگای سووریا. یەسوی لە خەو بینیووە.

لافۆنتاین سەبارەت بە یەسو دەنووسێ. کە ڕەبەنێکی یەهودی بوو. زۆر باش شارەزایی لە تەورات، و پەرتووکە پیرۆزەکانیتر هەبوو. لە پەرستگاکانی یەهودی وانەی دەگوتەوە. بەڵام بە شێوەی تایبەتی خۆی.

لافۆنتاین درێژەی پێدەدا و دەنووسێ. یەسو باسی خودای بە شێوەیەکی جیاواز، لەوەی خەڵکیتر پێی ڕاهاتبوون دەکرد. خۆی بە کوڕی خودا دەناساند. گوناهی خەڵکی بەناوی خودا پاکدەکردنەوە. هەندێ پەرجووی هەبوون. کۆمەڵێک پیاو و ژن لە دەوری کۆ بووبوونەوە، کە دواتر بوونە قوتابی. بەو شێوەیە کاریگەری قووڵی لەسەر ڕای گشتی دانا. گرنگترگین بابەت کە لە ڕێنماییەکانی باسی دەکرد کێشەی خراپە بوو. و هەروەها چۆن مرۆڤ دەتوانێ بەسەریدا بێ [183].

دکتۆر کەمال صلیبی، لە باسی دیاردەی ئاستی زانین و هوشیاری لە ناو پەیڕەوکارانی یەسوو دا دەڵێ. پاولۆس کەسێکی هوشیار و خوێندەوار بوو.  چەندین زمانی دەزانین. کەچی بە پێچەوانەی قوتابیانی تری یەسو، کە کەسانی سادە و بێزانیاری، خەڵکی جەلیل بوون: [184]

ئەو بۆچوونەی الصلیبی باش لەگەڵ ئەوە دەگونجێ کە لافۆنتاین باسی داکا. و دەکرێ چاونەترسی و دەستپێشخەری یەسو لە ووتارەکانیدا، لەگەڵ دەستپێشخەری پاولۆس بۆ دینە نوێکەی (کریستیانی). بە ئاسانی بەراورد بکرێن. و هێڵی هاوتەریب لە ژیانیان بەدی بکرێن. ئەوەش بەتایبەتی، لە نامەی دووەمی بۆ کۆتێنیۆس بەراوردبکرێ. و شتە نادیارەکان بە ئاسانی هەک پێ بکرێن.

پەیمانی نوێ ٢ کۆتێنیوس ٣: ٦

> ئەوەی  ئەو توانایەی دایە ئێمە،  تا ببینە خزمەتکاری پەیمانی نوێ، ئەوە نووسراوی کۆن نییە. بەڵکو گیانی پیرۆزە، چونکە نووسراوی کۆن دەکوژێ، بەڵام ڕۆحەکە ژیان دەدا.

---

[183] Odon Lafontaine (2014) The great secret of Islam. Pp 26

[184] الصلیبی، د.کمال. البحث عن یسوع – قراءة جدیدة فی الأناجیل ص ١٠٤

بەراوردێکی هەنگاوی پاولۆس بەرامبەر یاساکانی تەورات و کولتووری یەهودی. و دەستپێشخەری بۆ فڕێدانیان، و قسەکردن بەناوی گیان. لەگەڵ بوێری یەسو، و دۆزینەوەی ڕێگایەکی نوێ بۆ دۆزینەوەی خودا. لەیەک چوونێک، مرۆڤ ناتوانێ لەسەری تێپەڕێ و هەستی پێنەکا.

لەلایەکیتر پاولۆس لە ووتار و نووسینەکانیدا، هیچ ئاماژەیەک یان شتێکی لەو ئینجیلە وەرناگرێ. کە یەهودیە نەساڕییەکان بەکاریان دێنا. بەڵام لە نووسراوەکانی، کە چۆن ناڕاستەوخۆ ڕەتی دەکاتەوە. دەبێ شارەزاییەکی باشی لەسەر ئەو ئینجیلە، هەبووبێ. سەرەڕای ئەوە پاولۆس لە نامەکانی هەندێک ڕستە بەکاردێنێ. کە سەرچاوەکانیان دیارنین. ئەوەش ئاستی هوشیاری و بوێری ئەومان پیشان دەدا. کە دەتوانێ دینی کریستیانی بەرەو ئاستێکی تری دوور لە دینی یەهوودی ببا.

با چاوێک بە چەند پەرەگرافێکی دوو نامەکانی (تیمۆتی) دا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ چۆن دینی کریستیانی لەژێر ڕۆشنایی پاولۆس چەکەرە دەکا[185].

پەیمانی نوێ - ١ تیمۆتی ٣ :١٦

> بە دانپێدانانی گشتی، نهێنی لەخواترسی گەورەیە، ئەمەیە:
> ئەو لە شێوەی جەستە بەدەرکەوت، گیانی پیرۆز شایەتی ڕاستیەکەیدا. لەلایەن فریشتەکانەوە بینرا. لەنێو گەلان مزگێنی پێدرا، لە جیهان باوەڕی پێکرا. بۆ شکۆداری بەرزکرایەوە.

---

[185] الصلیبی، د.کمال. البحث عن یسوع – قراءة جدیدة فی الأناجیل. ص ١٢٢

پەیمانی نویێ - ٢ تیمۆتی ٢:١١-١٣

(١١) ئەوە بە دلنیاییەوە ڕاستە: گەر لەگەڵ کریست بمرین، لەگەڵ ئەو دەژین (١٢) ئەگەر لەپێناویدا دان بەخۆدا بگرین، لەگەڵ ئەو پاشایەتی دەکەین. ئەگەر ئێمە نکۆڵی لێبکەین، ئەویش نکۆڵیمان لێدەکا (١٣) ئەگەر ئێمە دلسۆز نەبین، ئەو بە دڵسۆزی دەمێنێتەوە. چونکە ناتوانێ نکۆڵی لەخۆی بکات.

پەیمانی نویێ - ٢ تیمۆتی ١: ١١-١٣

(١١) ئەو مزگێنییەی من بۆی بوومە ووتاردەر و نێردراو و مامۆستا (١٢) ئێستا لە پەناوی ئازار دەچێژم. بەڵام شەرمی پێوەناکەم. چونکە دەزانم باوەڕم بەکێ هەیە. دڵنیام خودا دەتوانێ پارێزگاری ئەو شتەم بکا، کەوا بۆی داناوم تا ئەو ڕۆژە (١٣) دەست بەو شتە ڕاستانە بگرە کە لە منەوە بیستووتە، و بەو باوەڕو خۆسەویستییەی لە یەسوی کریست دایە.

بە ووردبوونەوەیەک لەو چەند پەرەگرافەی نامەکانی پاولۆس، بە ڕوونی ئەوە دەبینین کە یەسوی بەر لە خاچدان و یەسوی دوای لە خاچدان دوو کەسایەتی جیاوازن. یەسوی یەکەم چاکسازێکە، بەڵام توند. ئەوەش لە ئینجیلەکان بە جوانی ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە مەتیاس (مەتی) وەک قوتابیەکی سەرەتای پەیامی یەسوە. هەم خۆی لە سێبەری تەورات و یاساکانی موسا دەبینێ. و هەم یەسوی لە تەمەنی لاویدا، بینیوە و گوێی لێگرتووە. بۆیە وەک پەیامبەرێکی شەڕانی، و تەنیا دواڕۆژ لە توند و تیژی دەبینێ.

پەیمانی نویێ- مەتی ١٠: ٣٤ – ٣٦

(٣٤) وامەزانن کە من هاتووم ئاشتی بێنمە سەر زەوی. نەخێر بۆ هێنانی ئاشتی نەهاتووم. بەڵکوو شمشێر (٣٥) چونکە من بۆ هەڵگەڕاندنەوەی کوڕ

له باوک، کچ له دایک، بووک له خەسوو (٣٦) دوژمنی مرۆڤیش له خێزانەکەی خۆی دەبێ.

ئەوە یەسوی پێش لەخاچ دانە. تاکە ڕێگا بۆ سەرکەوتنی دینەکەی له شمشێر دادەبینێ. بەڵام دوای دەربازبوونی، و به دەیان ساڵ گەڕانی به جیهاندا. دەبینین یەسوی هێمن، له پێناوی مرۆڤەکانی سەرزەوەی تێدەکۆشێ. تەنانەت ئامۆژگاری دەکا که دەمیان پاکبێ:

پەیمانی نوێ – ئینجیلی مارکوس (مرقص) ٧: ١٤ - ١٦

(١٤) دیسان خەڵکەکەی بانگکرد و پێی فەرموون: هەمووتان گوێم لێبگرن، و تێبگەن (١٥). شت نییە له دەرەوەی مرۆڤەوە بێتە ناوی و گڵاوی بکا. بەڵام ئەوەی له مرۆڤەوە دێتە دەرەوە، ئەوە گڵاو دەکا (١٦) ئەوەی گوێی هەیە، بۆ بیستن با گوێبگرێ.

به پێچەوانەی ئینجیلی مەتیاس لێرەدا یەسو، شێوەیەکی تری قووڵتر و دووربینانەتری هەیە. که زیاتر ئامۆژگاری کۆمەڵایەتیە و دوورکەوتنەوەیە، له شمشێر و توند و تیژی.

لەلایەکی تر سەرچاوەکانی کریستیانی خۆیان دان بەوە دادەنێن. که هەر چوار ئینجیلەکە دوای سەردەمی پاولۆس نووسراون. هەر هەمووشیان کاریگەری قسە و نووسینەکانی پاولۆسیان لەسەرە. سەرەڕای ئەوەی به پێی کەلەپووری کریستیانی، پاولۆس نه قوتابی یەسو بووە. و نه هاودەمیشی بووە.[186]

لەلایەکیتر فراس السواح، له زمانی ئێوسیبوسی قەیسەری که لەسەدەی چوارەمی س.ب ژیاوە. و پەرتووکێکی لەسەر مێژووی کەنیسە نووسیووە. که دەڵێ مەتی (مەتیاس) یەکەم

---

[186] الصلیبی، د.کمال. البحث عن یسوع – قراءة جدیدة فی الأناجیل ص ١٦١

کەس بووە.ڕێنماییەکانی یەسوی کۆکردوونەتەوە. و بە ئارامی نووسیویە. و ناوی لێناوە گۆتە (لۆژیا Logia). هەرچەندە ئێمە نازانین، ئەو گۆتانە ئینجیلی مەتی خۆیەتی. یان چەند ڕێنمایەکن بۆ ووتارەکانی یەسو. [187]

لە شوێنێکیتر فراس سواح، ئەوەش دەڵێ: کە بێجگە لە مەتیاس (مەتی) نووسەرانی هەر سێ ئینجیلەکەی تر، هیچیان یەسویان نەدیووە. و ڕاستەوخۆ گوێیان لێ نەبووە. ئینجیلەکانیان بە زمانی یۆنانی، دوای تێپەڕبوونی نەوەیەک تا دوو نەوە، پاش مردنی یەسو نووسیووە. [188]

## نامەکانی پاولۆس سەرچاوەن بۆ ئینجیلەکان

لەلایەکیتر نامەکانی پاولۆس زۆر زووتر لە ئینجیلەکان نووسراون. و سەرچاوەن بۆ نووسینەوەی گشت ئینجیلەکان. بێجگە لە مەتی (مەتیاس) هەرسێ نووسەرەکانی تری ئینجیل نێردەی پاولۆسن و پەیامی ئەویان پێیە.

هەر چوار ئینجیلە قانوونیەکان. بەپێی مێژووی نووسینیان:

ئینجیلی مارکوس (مرقص) لە نێوان ساڵانی ٦٨ تا ٧٣ زاینی نووسراوە

ئینجیلی ماتیاس (مەتی) لە نێوان ساڵانی ٧٠ تا ٩٠ زایینی نووسراوە

---

[187] فراس السواح، الوجه الاخر للمسيح ص ١٤

[188] هەمان سەرچاوە ص ١٥

ئینجیلی لوکاس (لوقا) لە نێوان ساڵانی ٨٠ تا ١٠٠ زایینی نووسراوە

ئینجیلی یۆهاننێس (یوحەنا) لە نێوان ساڵانی ٩٠ تا ١١٠ نووسراوە [189]

گشت ئەو بەڵگانە دەبنە بنەما بۆ گریمانەیەکی بەهێز. کەسایەتی پاولۆس هەمان کەسایەتی یەسوبێ. بە مانایەکی تر پاولۆس دەبێ یەسو بێ دوای دەربازبوون، و گەڕانەوەی. ئەوسا دووبارە بە شێوەیەکی پڕ ئەزموونتر، پەرە بە موژدەی دینی کریستیانی دەدا، کە دوورە لە سێبەر و کاریگەری دینی جولەکە. ئەگینا بێجگە لە یەسو خۆی، هیچ کەسیتر یان نێردەیەک ناتوانێ ڕێڕەوی دین، و ئاراستەکانی بگۆڕێ. لەسەردەمی پێش لەخاچدان چاکساز بووە. و باسی دینێکی نوێ ناکا، بەڵکوو بەپێی تەورات و یاساکانی موسا، پەرە بە دینی جولەکە دەدا. و ئاراستەکردنەکەشی تەنیا بۆ گەلێ ئیسرائیلە. کەچی دوای گەڕانەوەی، ئەزموونی دوور و درێژی جیهانبینی فراوانتر دەبێ. بۆیە لە ژێر چەتری جولەکە و کولتووری بەنی ئیسرائیل و تەورات دەردەچێ. هەر ئەو دوو کەسایەتییەش، بە دوو پەیامی جیاوازی دینی، دەبنە بنەما بۆ دروستبوونی گرووپی یەکەم نەساری کە سەرەتای پەیامی چاکسازیەتی. و گرووپی دووەمیش کریستیانەکان، وەک دینێکی سەربەخۆ، پەرە بە پەیامی یەسوی کوڕی خودا دەدەن.

# ڕەچەڵەکی یەسو و جیاوازی ئینجیلەکان

ڕەچەڵەکی یەسو، زۆر تەمومژاوییە. بێجگە لە چیرۆکەکانی کەلەپووری کریستیانی، و ئەو پەرجوانەی بۆی دروستکراون. دەبینین لە دوو لە ئینجیلە قانونیەکانیش باسی ڕەچەڵەکی

[189] Lena Einhorn (2006) Vad hände på vägen till Damaskus? På spaning efter den verklige Jesus från Nasaret. s.19

دەکەن. و پشت بە پشت دەیگێڕنەوە سەر داود و دواتریش ئیبراهیم. بەڵام ئەوەی لە ئینجیلەکان ناوێژەیە، ڕەچەڵەکی یەسو تێکناکەنەوە. با سەیرێکی ئەو دوو ئینجیلە بکەین.

هەردوو ئینجیلی مەتیاس (متی) و لوکاس (لوقا) باسی ڕەچەڵەکی یەسو دەکەن. بەڵام جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوانیان گێڕانەوەکانیان دا هەیە.

لە ئینجیلی مەتیاس (متی) زۆر بە دڵنیاییەوە ڕەچەڵەکی یەسو (عیسا) دەباتەوە سەر ئیبراهیم و دەڵێ: ئەمە ڕەچەڵەکی یەسوی کریستە، کوڕی داود، کوڕی ئیبراهیم.

پەیمانی نوێ ئینجیلی مەتیاس (متی) ١: ١

(١) لە کۆتاییش دەڵێ: یاقوب باوکی یوسفی مێردی مریەم بوو، ئەوەی عیسای لێبوو، کە بە کریست ناودەبردرێ.

کەچی لە ئینجیلی لوکاس بەگومانەوەیە. و دڵنیا نییە، کە لە ڕەچەڵەکی داودە و بە دوو دڵیەوە دەست بە نووسینەوەی ڕەچەڵەکی دەکا و دەنووسێ:

پەیمانی نوێ- ئینجیلی لوکاس (لوقا) ٣: ٢٣

(٢٣) کاتی یەسو دەستی بە خزمەتەکەی کرد، تەمەنی نزیکەی سی ساڵ بوو. وا دەزانرا کە کوڕی یوسفی کوڕی هەلە.

# پوختە

هەرچەندە لە زۆر جێگای ناو دەقەکانی قورئان باسی لەدایکبوونی موسا، و یەسو دەکا، کەچی لە هیچ شوێنێکی قورئان ووشەیەکیش سەبارەت بە لەدایک بوون و منداڵی محمد نادۆزرێتەوە. ئەوەش بۆتە گۆڕەپانێکی فراوان بۆ مێژوونووسانی موسوڵمان تا بە ئارەزووی خۆیان ئەسپی خەیاڵی خۆیانی تێدا تاو بدەن، و تا پێیان کرابێ، چیرۆکی سەیرو سەمەرەیان بۆ هۆنیوەتەوە. ئەوەش لە خۆیەوە بۆتە هۆی ئاڵۆزبوونی کوێرەڕێی بەدواداچوون و ساخکردنەوەی ژیانی ، گەورەترین کەراکتەری دین و سەرکردەو دامەزرێنەری ئیسلام.

لەلایەکیتر لە سەرتاسەری ئایەتەکانی قورئان ناوی کریستیانی وەک دین ناهێنێ، بەڵکوو لە جیاتی ئەوە ناوی نەساڕی یا نەسرانی دێنێ. بەو پێیەش موسوڵمانان وای لێک دەدەنەوە، کە دەبێ نەساڕی، کریستیانی بێ. ئەو لێکدانەوەیە، لەبنەڕەتدا هەڵەیەکی گەورەیە. نەساڕیەکان کریستیان نین. بەڵکوو ناکۆکی نێوان ئەو ڕێبازە دینیە، لە ماوەی نزیکەی شەش سەدساڵی ڕابردوو هەر لە دوای لەخاچدانی یەسوی کریست تا سەرهەڵدانی ئیسلام خوێنڕێژی، کوشتن و یەکتری بە گومڕازانین بووە.

ناوی نەساڕی لە بنەڕەتدا لە شاری نلسرەوە هاتووە، کە یەسو لەوێ هاتووە. و لە ئۆڕشەلیم کاتی دەستی بە بانگەشەکرد، لە ناو دەستەڵاتداری ڕۆم، و یەهودیەکان بە یەسوی نلسری ناسر و پەیڕەوکارانیشی بە نلسری. ئەو ناوەش دوای یەسو، بنەماڵەکەی بە سەرۆکایەتی یاقوب هەر لەسەری بەردەوام بوون. کەچی کریستیانی دوای ساڵی ٤٠ س.ب دروستبوو. کە دەکاتە زیاتر لە دەساڵ دوای لەخاچدانی یەسوی کریست.

نەسارییەکان پەیڕەوکارانی یەسوبوون لە بەنی ئیسرائیل، کە باوەڕیان بە یەسو هێنابوو، و پەیڕەوی یاساکانی موساشیان دەکرد. خەتەنەیان دەکرد. بەڵاگێڕیان هەروەک یەهودیەکان دەکرد. کەچی کریستیانەکان لە نەتەوەکانی دەرەوەی یەهودی بوون (ئومی) باوەڕیان تەنیا بە پەیامبەرایەتی یەسو هەبوو. خەتەنەیان نەدەکرد. باڵاگێڕیان نەدەکرد.

لە سەرەتادا هەوڵێکی زۆر درا، کە هەردوو ڕەوتی دینی لەژێر یەک چەتردا، پێکەوە دینی یەسو پەرە پێبدەن. کەچی لە کۆنفرانسی یەکەم لە ئۆرشەلیم ناکۆکییەکان زیاتر دیار کەوتن. و چارەیەکی بنبڕیان بۆ نەدۆزرایەوە. بۆیە لە کۆتاییدا دابڕانێکی دیار و گەورە کەوتە نێوان ئەو دوو ڕەوتە. تا لە کۆتایی بە یەکجاری هەریەکە و ڕێگای خۆیان گرتەبەر. و کوشتاری گەورە و تاڵان دەربەدەرکردن و مالوێرانی کەوتە نێوانیان. کە کاریگەرییەکانیان تا ئێستاشی لەگەڵدابێ ناوچەکانی ئیسرائیل، و شام و عێراق بەسەدان کۆشتار و خوێنڕێژی تێدا ڕووی داوە.

## نەسارپیەکان  لە قۆناغێکی نوێدا

ئەسقەفەکانی بنەماڵەی یەسو، کە لە پڕەوە خۆیان کردبووە خاوەنی دینی کریستیانی. هەر لە دامەزراندنی کەنیسە لە ئۆرشەلیمەوە، تا دەرکردنی نەسارپی و گشت بنەماڵەکانی خەتەنەکراویان ساڵی ١٣٥ س.ب، لە سەردەمی ڕۆمانی دووەم، ئەوان لەسەر ئەو خۆسەپاندنە، هەر بەردەوام بوون.[190]

## لەناوبردنی ڕەچەڵەکی داود

ئەو خۆ سەپاندنەی بنەماڵەی یەسو، لەسەر ڕەوتی دینی لە ئۆرشەلیم هەم لەلایەک گرفتی گەورەی بۆ نێردە و قوتابیانی یەسو دروستدەکرد. لەلایەکیتریش دژایەتی ئەو گرووپە بەرامبەر سەرجەمی ڕەوتە دینیەکانی تری جولەکە، وایکردبوو بارێکی ناجێگیر لەو ناوچەیە دروستبێ. ئەوەش تا دەهات دەستەڵاتداری ئیمپراتۆری ڕۆمانی زیاتر تووڕە دەکرد. تا گەیشتە ئەو ئاستەی ئیمپراتۆر دۆمیتیانوس (٥١ – ٩٦س.ب) بڕیارێکی دەکرد بە لە سێدارەدان و لەناوبردنی، سەرجەم ئەوانەی لە ڕەچەڵەکی داودن. [191]

---

[190] الحداد، يوسف درة، قرآن دعوة  نصرانية ص٥٦

[191] Titus Flavius Domitianus (51 – 96)

دوای ئەنجامدانی ئەو بڕیارە توندە. بە لەناوبردنی سەرجەمی بنەماڵەی داود. بەتایبەتی خێزانی یەسو، لە کۆتایی تەنیا دوو نەوەی یەهودای برای یەسو مابوون .... دەنگۆی ئەوەی کە لە ڕەچەڵەکی داودن بڵاوبۆوە. بۆیە بە فەرمانێکی ئیمپراتۆر، بۆ لێپرسینەوە، لە بەردەم دۆمیتیانوس ئامادەکران.

دۆمیتیانوس پرسیاری لیکردن: کە ئەوان لە وەچەی کێن؟

ئەوان دانیان پیدانا، کە لە ڕەچەڵەکی داود و بنەماڵەی یەسون.

پرسیاری سەبارەت بە سەر و سامانەی کە هەیانبوو، لیی پرسین.

وەڵامیان دایەوە:

> ئەوان تەنیا خاوەنی نۆ هەزار دینارن، هەریەکەیان نیوەیان بەردەکەوێ. ئەو گوژمەیەش بەشێوەی کاش لە دەستیان دا نییە. بەڵکوو بەهای خەملاندنی ٢٥ فدانزەوییە. (هەر فدانێک ٤٢٠٠ م٢) کە باج لە بەرهەمەکەی دەدەن. و بە ئەرکی بازووی خویان دەژین.

دواتر دۆمیتیانوس سەبارەت بە کریست و پاشایەتی پرسیاری لیکردن، وەڵامیان دایەوە:

> ئەو لەو جیهانە ناژیێ.

دوای ئەوەی دۆمیتیانس گوێی لە قسەکانیان بوو. هیچ گومانی نەما. و ئیتر جێگای گرنگی نەبوون بۆی. و ئازادی کردن. [192]

---

[192] الصلیبی، دکتور کمال. البحث عن یسوع – قراءة جدیدة فی الأناجیل. ص ١٣٦

# قۆناخی دووەمی ژیانی نەساڕیەکان

ئیمپراتۆری ڕۆم، لەبەر توند و تیژی نەساڕیەکان، ترسێکی زۆری لە کەنیسەی خەتەنە هەبوو. بەتایبەتی لە شێوەی کۆکردنیان. کە بە هیچ شێوەیەک لە توند و تیژی سڵیان نەدەکردەوە. ڕۆژانە بە گەف و هەڕەشە بەرەنگاری لایەنگیرانی ڕۆم و جولەکەکانیتر دەبوونەوە. بۆیە تا دەهات تەنگی پێ هەڵدەچنین. و دەستەڵاتدارییەکانی دەوڵەت لە شاری ئۆرشەلیم و دەوروبەری، چاوەدێری گشت هەنگاوێکیانی دەکرد. ئەوەش وایکردبوو، کە تا دەهات ژیان و کۆکردنی نەساڕیەکان، بەرەو خراپتر دەڕۆیشت. تا گەیشتە ئەو ئاستەی، سالی ١٣٥ س.ب لە سەردەمی ئیمپراتۆری ڕۆمانی هەدریانوس فەرمانێکی تایبەتی توند دەرچوو. کە دەبێ سەرجەم نەساڕییەکان، بەبێ سێ و دووکردن، لە ئۆرشەلیم دەربکرێن.[193] ئەوەش زەبرێکی کوشندەبوو، بەر نەساڕیەکان بکەوێ. لەوە بە دواوە زۆری نەبرد. بە دەرکردنی ئەوان لە ئۆرشەلیم و داخستنی کەنیسەی خەتەنە، دەنگی ڕەچەڵەکی داودیش کۆتایی هات. بۆ تا هەتایە کپ بوو.

دەربەدەربوونی نەساڕییەکان بۆ شام و میسۆپۆتامیا، هەلومەرجێکی نالەباری، بۆ ژیان و بەردەوامی ئەو گرووپە دروستکرد. ئەوانە کەوتنە بارێکی زۆر نادڵنیا و سەخت. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو ڕاوەدوونان، و چەوساندنەوە بەردەوامەی ئەوان. لە دەربەدەریش لەسەر پەیامی دینی خۆیان. و باوەڕ بە توند و تیژی بۆ بەرەنگار بوونەوە، هەر بەردەوام بوون. کەچی بە هۆی دابڕانیان لە ئۆرشەلیم، و دووری لە بەنی ئیسرائیل، کاریان سەختتر بووبوو.، ئەوەش وایکرد، ماوەی چەند سەدەیەکی تر، لە شام بەردەوام بن. بۆ خۆ جێگیرکردن و بڵاو بوونەوە. بەتایبەتی لە شام و نیمچە دوورگەی عەرەبی. بە شێوەیەکی دیارتریش لە حیجاز.

[193] Publius Aelius Hadrianus (76 - 138)

ئەو گرووپە بێجگە لە تەورات، ئینجیلی مەتی عیبرانیان پەیڕەودەکرد. ئەو ئینجیلەش یەکێکە لە ئینجیلە ئەپۆکریفەکان ( شاراوە) کە تا ئاستێک نزیکایەتی لەگەڵ ئینجیلی مەتی قانوونی هەبوو. ئەم ئینجیلە دواتر لە سەروبەندی پەیدابوونی ئیسلام وەرەقی کوڕی نۆفل خەریک بوو لە عیبرییەوە، وەریدەگێڕایە سەرزمانی عەرەبی .[194]

لە لایەکیتر، دوای دەرکردنی نەسڕایەکان لە ئۆرشەلیم و گەڕسانەوەیان لەشام، میسۆپۆتامیا و حیجاز، کەنیسەی ئۆرشەلیم جارێکیتر لە بنەڕەتدا دروستکرایەوە. ئەم جارە لەسەر ڕێبازی کریستیانی بوو، بەپێی مزگێنی پاولۆس. لەو کاتەوە کریستیانەکان لەکەنیسەی ئۆرشەلیم، بە بەربڵاوی دەستیان بە چالاکی دینی کرد. لەسەر ڕێبازی مزگێنی پاولۆس بۆ پەیامی یەسو. ئەو پەیامەش تەنیا بە بەنی ئیسرائیل، سنووردار نەبوو. بەڵکوو لە ناو گەلانی سەرتاسەری جیهانی ئیمپراتۆری ڕۆم، بەبێ جیاوازی ئیسرائیلی و نائیسرائیلی دەستی پێکرد. و سەرتاسەری ئەوروپاو ڕۆژئاوای شام و ئیسرائیلی گرتبووەوە .[195]

نەسڕییەکانیش لە شام و حیجاز و میسۆپۆتامیا، لەسەر پەرەدان بە پەیامی یەسو، و یاساکانی موسا هەر بەردەوام بوون، لە مزگێنی کارەکانیان. بۆ ئەوەش پشتیان بە ووتارێکی یەسو دەبەست، کە پەیگیری لە بەردەوامی پەیامی تەورات دەکا، و دەڵێ:

پەیمانی نوێ ئینجیلی مەتیاس(متی) ٥: ٦ – ٧

(١٧) وابیر مەکەنەوە، من هاتووم تەورات و نووسراوی پەیامبەران بسڕمەوە. بۆسڕینەوەیان نە هاتووم. بەڵکوو بۆ تەواوکردنیان هاتووم. [196]

[194] الصلیبی، د.کمال. البحث عن یسوع – قراءة جدیدة فی الأناجیل ص ١٣٥ – ١٣٦
[195] هەمان سەرچاوە ل ١٧٠
[196] ئەو دەربڕینەی یەسو، تەنیا لە ئینجیلی مەتیاس هەیە.

ئەو دەربڕینەی یەسو، هێڵی لەیەک جیاکردنەوەی لە نێوان یەهودیە نەسلڕیەکان و کریستیانەکان بوو. کریستیانەکان نوێکرنەوەیەکی بنەڕەتیان لە پەیامی یەسو داکرد. و بەرگی یەهودییەتیان لەبەر خۆ دادڕی. بەڵام نەسلڕیەکان لە دەرەوەی خاکی پەیمان لە شام، لەسەر پەیڕەوکردنی تەورات هەر بەردەوام بوون.

یەهودیە نەسلڕیەکان لە دەربەدری هێشتا وازیان لە بیروباوەڕی توند و تیژیان نەهێنابوو. و حاخامەکانیان بەوە تاوانبارەکرد کە گۆڕینیان لە تەورات داکردووە، و تالمودیان لەسەر زیادکردووە. هەروەها نایانەوێ بەرەنگاری لەشکری ڕۆم ببنەوە. و ئۆڕشەلیمیان لێ پاک بکەنەوە. لەلایەکیتر دژی کریستیانەکان بوون بەوەی وازیان لە تەورات هێناوە. بەوەش ڕێبازی یەسوی کریستیان بە لاڕێدا بردووە. باوەڕیان وابوو، بە تەواوکردن و پەرەپێدانی پەیامی موسا، و چاوەڕوانی گەڕانەوەی کریست، تاکەڕێگایە بۆ بەردەوامی بەنی ئیسرائیل.[197]

بڵاوبوونەوە و کۆچ ورەوی نەسلڕیەکان بەرەو ڕۆژهەڵات. لەبەرئەوەبوو، نەیاندەتوانی بەرەو ڕۆژئاوا پەرەبسێنن. چونکە پاولۆس و نێردەکانی توانیبوویان لەڕێگای باوەڕ بە یەسو، بەبێ یاساکانی تەورات و یەهودی، بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ئیسرائیل و خۆرئاوای شام و تا دەگاتە ئەوروپا، پەرە بە کریستیانی بدەن.[198] پشتیوانی کۆمەڵانی نەتەوە جیاوازەکان وەدەست بێنن. تا ئاستێکی گونجاو، بە شێوەی ئاشتیانە و موژدەی پێکەوەژیان، توانیبوویان، خۆیان لەگەڵ دەستەڵاتدارییە ناوچەییەکان بگونجێنن. لەبەر ئەوە تاکەڕێگایەک بۆ نەسلڕیەکان، ئەوەبوو بەرەوە ڕۆژهەڵات، دوور لە دەستەڵاتی ڕۆم کۆچ بکەن. تا بتوانن بە ئارامی و بەبێ ترسی ڕاوەدوونان و چەوساندنەوە، پەرە بە دینی نەسلری بدەن.

---

197 الحداد، يوسف درة (١٩٨٦) القرأن دعوة نصرانيه

198 آل عيسى، د. محمد، تاريخ الإسلام المبكر، ص ٢٠

# جیاوازی نێوان نەساڕی و کریستیانەکان

نەسلڕیەکان باوەڕیان بە موسا هەبوو. بەڵام بە باوەڕی ئەوان یەسو کوڕی خودا نەبوو، بەڵکوو مرۆڤێکی ئاسایی بوو. وەک گشت نەبیەکانیتر، کوڕی مرۆڤ بوو.

- پەیڕەوی تەورات و ڕێنماییەکانی موسایان دەکرد.
- ئینجیلی مەتی عیبرانیان (بەزمانی ئارامی) بەکار دەهێنا.
- خەتەنەیان دەکرد، و ڕۆژی شەممەیان لەلا پیرۆز بوو.
- هەروەها پاولۆسیان بە گومرا دەزانی. و ڕەنمایەکانیان ڕەتدەکردنەوە.
- گۆشتی بەرازیان نەدەخوارد.[199]

بە کورتی ئەوانە جولەکە بوون، باوەڕیان بە یەسوی کریست هێنابوو. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا هەر لەسەر دینی جولەکە و تەورات و یاساکانی موسا هەر مابوونەوە. ئەو گرووپە جیاوازیان لەگەڵ جولەکانیش هەبوو. هەروەک جیاوازیان لەگەڵ کریستیانەکان. ئەوانە نکۆڵیان لە پەیامبەری یەسو (عیسا) نەدەکرد، وەک جولەکان. کەچی باوەڕیان بەوە نەبوو، کە یەسو کوڕی خودایە، وەک کریستیانەکان. بەکورتی کۆمەڵێک بوون لە ناوەڕاستی هەردوو گرووپی یەهودی و کریستیانی. نە هیچیان بوون و هەردووکیان بوون.[200]

---

[199] هەمان سەرچاوە. ص ٢٠

[200] هەمان سەرچاوە. ص ٢١ - ٢٢

# نەساڕییەکان و مێژووێکی خوێناوی




وێنەی لەشکری داگیرکاری لەلایەن هونەرمەندی فەرەنسی:

Eugéne Alexis Girartet (1853 - 1907)

تۆژینەوەی هاوچەرخ پێناسەیەکی ووردی سەبارەت بە گرووپی نەساڕی کردووە. کە ڕۆڵێکی گەورەیان لەسەدەی یەکەم  و دووەمی س.ب، لەو ناوچانە بینیوە، کە لێی دەژیان چ لە ئۆڕشەلیم و دواتریش لە شام چالاک بوون. ئەو کۆمەڵە وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، بە ڕەچەڵەک جولەکە بوون. و وەک گشت عیبرانییەکانیتر بە زمانی ئارامی دەدوان. تاکەکانی ئەو کۆمەڵە خۆیان بە نەساڕی دەناساند.

نەسارِییەکان کۆمەڵێکی دینی توند، چەتوون و شەڕانی بوون، هیچ پەیوەندیان، بە کریستەوە نەبوو. خۆ بەستنەوەیان بە ڕێبازی کریست تەنیا بە مەبەستی خەونێکی دێرینی سیاسی دینی بوو.

ئەو کۆمەڵە لە ماوەی ژیانیان لە شام، و بە هۆی پەرەدانیان بە باوەڕی شەڕانگێزی، هەنگاو بە هەنگاو پەراوێز دەبوون. دواى ماوەیەکی تر بوونە هۆی ڕووداوی خوێناوی کە ڕەوتی مێژووی لەبنەڕەتدا گۆڕی[201].

ئەندامانی ئەو کۆمەڵە، پرۆپاگاندەی ئەوەیان دەکرد، کە پەیڕەوکاری ڕاستی کریستن. باوەڕیان وابوو، ئەوان میراتگر و پارێزەری نەرێتی دینی جولەکە و یاساکانی باوک و باپیرانن. کە لە پەرتووکە پیرۆزەکان پارێزراون. بەتایبەتی تەورات.

ووتاری سیاسی دینیان وابوو، کە ڕێبازی کریست تەنیا لە ڕێگای شمشێر دەبێ. خەونی گەورەیان تۆڵەکردنەوە. و دەرکردنی ڕۆم بوو لە خاکی پەیمان. و هەروەها کوشتن و لەناوبردنی جولەکە و کریستیانەکان بوو. بە مانایەکیتر دینداریان تەنیا لە خوێن ڕشتن و داگیرکاری دا دەدیت.

هەروەها لەو باوەڕە دابوون کە کریست بەندکرا، و دادگاییەکی ناڕەوا و سەتمەکارانەی وەک دوژمن بەرامبەرکرا. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆمانەکان نەیانتوانی بیکوژن. لەبەر ئەوەی خودا، بۆ ئاسمان بۆ لای خۆی هەڵیکێشا. بۆ ئەوەی جارێکیتر لەکاتێکی گونجاو بە سوپاوە بگەڕێتەوە. تا ئەرکی مەزنی خۆی، کۆتایی پێبێنێ. ئەو ئەرکەش، ڕزگارکردنی سەرجەم سەرزەمینی خودایە. بەڵگەشیان بۆ ئەوە هێشتا کاتی نەهاتووە، تا کریست بەو ئەرکە گرنگە هەڵسێ[202].

---

[201] Odon Lafontaine (Olaf) The great secret of Islam. Pp 38
[202] Ibid. Pp39

هەروەها جولەکەی ئۆرشەلیمیان بە خائین دەزانین. کە تا ئێستا نەیانتوانیووە ئیسرائیل لە ڕۆم و چڵکاوخۆرەکانیان پاک بکەنەوە.

هەرچەندە ئینجیلی مەتی عیبرانی، لە گشت کەنیسەکانی ئاسوری- کلدانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم سەردەمەدا پەیرەو دەکرا. بەڵام نەسارییەکان، دەستکاری هەندێک لە دەقەکانی ئەو ئینجیلەیان کردبوو. تا لەگەڵ بیروباوەڕ و تێزە توندو تیژەکانی ئەوان بگونجێ[203].

باوکانی کەنیسە لە نووسین و ووتاری دینی خۆیان، ئەو ئینجیلە، بە ئینجیلی عیبرانی، یان ئینجیلی نەساری ناودەبەن. و وەک دەقێکی گومڕا، و دوور لە گیانی یەسوی کریست دەیبینن.

هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بزانین کە هیچ کام لە چوار ئینجیلە قانوونییەکان، شتێکیان، سەبارەت بە گەڕانەوەی کریست بۆ تەواوکردنی کارەکانی تێدا نییە. لە جیاتی ئەوە لە هەرچوار ئینجیلەکە خۆزگە بۆ گەڕانەوەی دەخوازن. نەک گەڕانەوەی فیزیکی کریست. بەڵکوو بە شێوەی سرووشی خودایی.

ئەو کۆمەڵە (یەهودیە نەسارییەکان) پێیان وابوو، کە کۆچی یەکەمی گەلی یەهودی بەسەرۆکایەتی موسا لە میسرەوە کرا. بە باوەڕی ئەوان کۆچێکی نوێ بۆ بیابان. وەک قۆناخی یەکەم کە لە ڕێگایەوەیە. قۆناخی خۆپاککردنەوەیە، پێش گەڕانەوەیە بۆ خاکی پەیمان، و چوونە ناو پەرستگای ئۆرشەلیم. بۆیە لە چاوەڕوانی کریست خواردنەوەی شەراب قەدەخەکرا. ڕەبەنەکانیان لە کاتی ڕیتوال و سرووتەکانی پەرستن لەجیاتی شەراب ئاویان بۆ

---

[203] Ibid. Pp40, قس و نبی ص ٦٩-٧٠

خواردنەوە دادەنا. ئەو کارەشیان، لە کریستیانەکانیان جیایان دەکاتەوە[204]. ئەو کۆمەڵە بۆ پاکانەکردن لە باوەڕی خۆیان و دەرباز بوون بۆ ژیانێکی خۆشتری دوارۆژ، بەو شێوەیە پاکانەیان بۆ دروستی و پاکی خۆیان دەکرد:

> من باوڕدارێکم، لە جیهانێکی پیس و ناپاک دەژیم. کە پێ بە پێ، بەرەو ژینگەیەکی پیستر دەمبا. کەواتە من بەڵاگێڕی ئەو جیهانەم، کە دەبێ پاکبکرێتەوە. مادام ئەو جیهانە بەرەنگارم دەبێتەوە، بەڵگەیە بۆ پیسی جیهان و پاکی من. [205]

ئەو شێوە بیرکردنەوەیە، لە دیارترین نیشانەکانی شیزۆفرێنیایە. کە مرۆڤ دەخاتە ناو دوو جیهانی بیرکردنەوەی لەیەک جیاواز. واتە ڕازی نەبوون بە ڕاستی وەک خۆی. ژیان لە جیهانی خەیاڵدا. ئەو ئایدیۆلۆژیایەش باوەردارەکانی کۆت و بەند دەکا. فێری ڕەفتاری نەخۆشی و توندوتیژیان بەرامبەر ئەوانیتر دەکا.

---

[204] Ibid. Pp 41
[205] Ibid. Pp 42

## نەسارپیەکان و خەونی ئازادکردنی ئۆرشەلیم

نەسارپیەکان بە شێوەیەکی بەردەوام خەونی ئەوەیان دەبینی بگەڕێنەوە ئۆرشەلیم، و لە دەستی ڕۆم ڕزگاری کەن. و پەیکەری پەرستگای مەزن نۆژەن کەنەوە. و چاوەڕوانی کریست بن تا دەگەڕێتەوە، و مرۆڤایەتی ڕزگار بکا. بۆ ئەو مەبەستەش هەموو ڕێگایەکیان بەکار دەهێنا. بە پلەی یەکەم لە ڕێگای توند و تیژی و چەک. بەڕای ئەوان چەک و هێرشکردن، تاکەڕێگا بوو، بەرامبەر داگیرکەرانی ڕۆم و کریستیانە هاوپەیمانەکانیان. سەرەڕای ئەوە دژی جولەکە بوون. کە تا ئێستا نەیان توانیوە. یان هەوڵیان نەداوە ئۆرشەلیم لە داگیرکاری ڕۆم پاک بکەنەوە.

## سەرەتای پلانی خەونە گەورەکە

دوای جێگیربوونی نەسارپیەکان، لە ووڵاتی شام و میسۆپۆتامیا، پلانی خەونە گەورەکەیان، بۆ ئازادکردنی ئۆرشەلیم لە دەستی ئیمپراتۆری ڕۆم دەستی پێکرد. ئەوەش لە بنەڕەتدا پلانێکی گەورەتری سیاسی بوو. نەک تەنیا دەرکردنی ڕۆم. بەڵکوو پاککردنەوەی لە گشت کریستیان و جولەکە، کە بەڕای ئەوان گومڕا و خائین بوون.

ئەوان باوەڕیان وابوو، دەبێ خاکی پەیمان تا گەڕانەوەی یەسوی کریست، لە گشت داگیرکەرێک پاککرابێتەوە. ئەو باوەڕەیان جولەکە و کریستیانەکانیشی دەگرتەوە، بە

لێکدانەوەی ئەوان خاکی پیرۆزیان پیسکردبوو. ئەو کاتەی کریست بە سوپایەکی گەورەی فریشتان، بۆ ڕزگارکردنی جیهان و مرۆڤایەتی دەگاتە جێ، ئەوسا بە شمشێر سەرزەمینی خودایی بنیات دەنێ. بۆ ئەو خەونەشیان پێویستیان بە یارمەتی هێز و دەستەڵاتێک هەبوو. تا بتوانن، ئەو هێزە پێکبێنن، و سەرکەوتن وەدەست بێنن.

تێکەڵبوونی نەسارییەکان لەگەڵ ناوچەکانی میسۆپۆتامیا و شام، پرۆسەیەکی هەم گرنگە و هەمیش ئاڵۆزە. لە هەمان کاتدا، چارەنووسی ناوچەکانی ئەو شارستانیەتەدا. بەو پرۆسەیە بەستراوەتەوە. لەبەر ئەوەی بنیاتنانی شارستانیەتێکی نوێ، بە هێزی شمشێر و خوێنڕێژی. لە ڕووێکەوە ئاسان دیارە. هێزێکی توندڕەو دەیەوێ قوناخێکی نوێ بە توند و تیژی لە ناوچەکەدا وەدیبێنێ. کەچی لە ڕووێکیتر بە هۆی فرە کولتووری و فرە دینی لە ناوچەکەدا، ئاڵۆز و لەیەکدا تواوەتەوە. کە لە کۆتاییەکەی تێکەڵاوییەکەی، ئەوەندە چڕە، لە ناوەڕاستی پرۆسەکە خوێن و کولتوور یەکتریان لە باوەشگرتووە. و ناتوانرێ لەیەکتری جیابکرێنەوە.

هاتنی ناسارییەکان بۆ میسۆپۆتامیا و شام. و جێگیربوونیان، سەردەمێکی نوێ دەستی پێکرد. ئەو سەردەمە نوێیە، لە سەرەتا، تەنیا وەک تارماییەک بەدیارکەوت. دواتر هەنگاو بە هەنگاو، ئەمرۆ یان سبەی ناوچەکانی شام دواتر میسۆپۆتامیان، ڕەکێشی ناو یەک سیستەمی توندڕەوی کۆمەڵایەتی کرد. کە بە درێژایی مێژووی پەرەسەندنی ئەو ناوچەیە. تا دێ تاریکتر و ئاڵۆزتر دەبێ[206].هەر هەوڵدانێکیش بۆ بەرەو پێشبردنی ئەو سیستەمە، کۆمەڵگەکانی ئەو ناوچەیە، تا دێ زیاتر نقومی نەهامەتی و مالوێرانی دەکا.

---

[206] Crone Patricia, Cook Michael (1977) Hagarism. the making of the Islamic world. Pp 83

# هەوڵی یەکەم بۆ ڕزگارکردنی ئۆڕشەلیم

وەک لە پێشتر باسکرا، نەسارییەکان ئەو کۆمەڵە جولەکە بوون، کە بە توند و تیژی نلسرابوون. بە باوەڕی ئەوان، تەنیا لە ڕێگای شەڕ و ئاژاوە، و خوێنڕشتن دەتوانن بگەنە ئامانج، بۆ داگیرکردنی ئۆڕشەلیم و دوکردنی ڕۆم. لەگەڵ ئەوەشدا، لە جولەکە و کریستیانەکان زۆر داخ لە دڵبوون. ئەوان باوەڕیان وابوو کە دەبێ ئۆڕشەلیم بە زەبری شەڕ و خوێنڕێژی لەدەستی ڕۆم دەربهێنرێ. و پەیکەری پەرستگای مەزن نۆژەنبکرێتەوە. تا لەوێ چاوەڕوانی یەسوی کریست بن، تا دەگەڕێتەوە. بۆیە هەموو هەوڵێکیان خستبووە گەڕ تا بتوانن هێز پەیداکەن و هێرش بۆ ئیسرائیل و خاکی پیرۆز بەرن. یەکەمین هەوڵیان ئەوە بوو خۆیان لە زەنوبیەی شاژنی تەدمور (٢٤٠ – ٢٧٤ س.ب) نزیک کەنەوە. و بۆ سەر دینی نەساری ڕایکێشن. ئەوسا بیکەنە هێزێک دژی ڕۆم.

نەسارییەکان لەبەر دوو هۆ، دەیانەویست شاژن زانووبیا بۆ لای خۆیان ڕاکێشن:

١ لەو کاتەدا شاژن زەنوبیا سەرکەوتنی گەورەی دژی ڕۆم وەدەسهێنابوو. ئەوەش بە سوود وەرگرتنی لە شەڕی درێژخایەنی نێوان ساسانی و ڕۆم. کە هەردوو هێز بەدەستی شەڕەوە پەکیان کەوتبوو. بەتایبەتی، بەزینی ئیمپراتۆری ڕۆم لە ساڵی ٢٦٠ س.ب. و بەدیلگرتنی ئیمپراتۆر ڤالیریان و. کە هەر لە دیلی مرد.

٢ ڕقی زەنوبیا لە ئیمپراتۆری ڕۆم بە کوشتنی هاوسەرەکەی ئەدینە (أذينة). و زەنووبیا بەردەوام چاوەڕوانی تۆڵەی دەکرد.

ئەوەش دەرفەتێک بوو، بۆ نەسارِیەکان، هەولبدەن، لە شاژنە زەنوبیە نزیکببنەوە. ڕاکێشانی زەنوبیە، بۆ سەردینی خۆیان، بە باشترین دەرفەت دەزانی. لەو کاتەدا، ئەستێرەی دەستەڵات و ناوبانگی لە درەوشانەوە دابوو.

هەوڵەکانیان، لە ڕێگای یەک ڕەبەنی (راهب) نەسارِی بە ناوی (پۆل دانتیش) چڕکردەوە، کە توانی باوەڕ بە شاژنە زەنوبیە بێنێ.[207] هەرچەندە لە ڤیکیپێدیا ناوی ئەو ڕابینە بە (پۆل شمیشتی) هاتووە. کە دەبێ هەمان ڕاهب بووبێ.[208]

لە سایتی الجزیرە دان بەوە دادەنێ کە شاژن زەنوبیە هاتۆتە سەردینی نەسارِی. بەڵام دەنووسێ کە مێژوونووسان، بوونەتە دوو گرووپی پێچەوانەی یەکتری. هەندێکیان پێیان وایە زەنوبیا بۆتە جولەکە، کەچی هەندێکیتر دەڵێن بۆتە کریستیان. ئەوەی ڕاستی بێ، تێکەڵاویەک لە ناو ئەو مێژوو نووسانەدا هەیە. ئەویش ئەو ڕەوتە دینیە، نە جولەکە بووە. و نە کریستیانی هێلێنی. بەڵکوو نەسارِی بووین. و زەنوبیەش دوا تەمەنی، یان بە شێوەیەکی ڕوونتر لە نێوان ساڵانی ٢٦٩ – ٢٧٢ س.ب لەسەر ئەو دینە بووە. هەر ئەوەشە وایکرد کە ڕۆمەکان بەسەوکردایەتی ئۆرلیان، پلانەکە شکەست پێبێنن.

ناوچەکانی لەژێر دەستەڵاتی زەنوبیە داگیرکەن. زەنوبیەش لە کاتی هەڵاتن، بۆ لای هێزەکانی ئیمپراتۆری ساسانی، لە قەراخی ڕۆژئاوای ڕووباری فورات دەستگیرکەن. ئەوەش وایکرد پلانی نەسارِیەکان شکەست بێنێ.[209]

---

[207] Odon Lafontaine (Olaf) The great secret of Islam. Pp 43
[208] Wikipedia
[209] Odon Lafontaine (Olaf) The great secret of Islam. Pp 43-44

## هەوڵی دووەم بۆ ڕزگارکردنی ئۆڕشەلیم

دوای شکەستی نەسلڕیەکان لە هەوڵی یەکەمیان بە یارمەتی شاژن زەنوبیە، وانەیەکیان وەرگرت کە ئەوان ناتوانن، خۆیان و ئامانجیان، تەنیا بە یەک هێزی ناوچەیی ببەستنەوە. بۆیە پلانەکانی خۆیان گۆڕین. لەلایەک پەیوەندیان لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ساسانی بەهێزتر کرد. کە تاکە هێز بوو دەیتوانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم بشکێنێ. و مەرامی نەسلڕیەکانیش وەدی بێنێ. لەلایەکتریش ڕاکێشانی هۆزەکانی عەرەب، کە هەم شەوکەی باشبوون. هەم شارەزاییەکی باشیان لە ناوچەکانی شام و ئیسرائیل هەبوو. کە زۆر جار وەک هێزی بەکرێگیراو، بۆ ئیمپراتۆری ڕۆم، ئەو ناوچانەی شام و دەوروبەری فوراتیان دەپاراست.

بەڵام ڕاکێشانی سەرنجی ئیمپراتۆری ساسانی، و هۆزە عەرەبەکان هیچیان وا بە زوویی و ئاسانیە ناکرێن. بەڵکوو کارێکی زۆر و ماوەیەکی درێژی دەوێ. بۆیە نەسلڕییەکان، بە شێوەیەکی سەرەکی هەوڵیان دەدا. هۆزە عەرەبیەکان بۆ سەر دینی نەسلڕی ڕاکێشن. چونکە دەیانزانی دین کاریگەرترین ئامرازە، بۆ بەکارهێنانی هەر نەتەوەیەک. لەو سەردەمە.

# نەساڕیەکان و بڵاوبوونەوەیان
# لە ناو هۆزە عەرەبەکانی شام



Eugéne Alexis Girardet (1853-1907), Bedouins in the desert

بەدەوی لە بیابان. لەلایەن ئێوگین ئەلێکسیس گیرارد (١٨٥٣ – ١٩٠٧)

نەساڕیەکان، بە هەر شێوەیەک دەبوایە، خۆیان لەگەڵ عەرەبە کۆچەرەکان تێکەڵ کەن. هەر ئەوەش ناچاریکردبوون، بۆ خۆ گونجاندن، واز لە هەندێک لە نەرێت و کولتووری جولەکەی خۆیان بێنن. تا باشتر لەگەڵ هەڵومەرجی ئەو هۆزانە بگونجێن. ئەو خۆگەنجاندنەش لەبەر ئەوەبوو. دەیانزانی هۆزە عەرەبیەکان نەرێت و کەلەپووری خۆیان هەیە. و وا بە ئاسانیش وازی لێناهێنن. بەڵام بۆ نەساڕیەکان، زۆر گرنگ بوو، ئەو هۆزە عەرەبە کۆچەرییە شەڕکەرانە، باوەڕی نەساڕی وەربگرن. ئەو دەمە ڕاستەوخۆ، دەبنە پشتو پەنا بۆ پلانەکەنیان. لە شەڕی ئازادکردنی ئۆرشەلیم و خاکی پەیمان.

لەو دەمەدا، بەلایانەوە هیچ گرنگ نەبوو، ئایا عەرەب چەند لە خوێنی جولەکە دوور یا نزیکبوون. بەڵکوو گرنگ ئەوەبوو، کات بە فیڕۆ نەدەن. و هەڵومەرجی جیۆسیاسی وادەخوازێ. ڕەگ لە ناو عەرەب دابکوتن[210].

ئەو هەڵوێستەشیان وایکردبوو، قسەکردن لەسەر ڕێباز و یاساکانی دینی جولەکە، ببووە شتێکی لاوەکی . لە جیاتی ئەوە ئامانجی سەرەکی ئەوەبوو، کە ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی ئەوەندە بێهێز بووبوو، نەساریەکان نەیاندەویست ئەو دەرفەتە لەدەست بدەن. بەڵکوو دەبوایە هەڵێکیتر بۆ ڕزگارکردنی ئۆرشەلیم بدۆزنەوە. هۆزە عەرەبیەکانیش گەرەنتیەک بوون. کە ئەو کاتە خەریک بوون دەهاتنە ناو دینی نەسارێ ئەوەش لە دەوروبەری سەدەی ٥ و ٦ س.ب دابوو.

ئەوەی جێگای هەڵوێستە لەسەرکردنە، نەساریەکان سەرەڕای جۆش و خرۆشیان بۆ گێڕانەوەی ئۆرشەلیم، پلانێکی ڕەوانیان بۆ ڕزگارکردنی خاکی پەیمان نەبوو. تەنیا هەنگاویان وازهێنان بوو لەو هەڵسوکەوتە خراپە داگیرکاریانەی، کە تا ئەو دەمە مێژوو لەسەریان دەگێڕێتەوە. لەلایەکیتر ئیمپراتۆری بێزەنتی متمانەی لەسەر ئەو هۆزە عەرەبیانە بوو، کە بۆ پاراستن و چاوەدێری خاکی ئیمپراتۆری، وەک هێزی پشتیوان بەکرێی دەگرتن. [211]

نەسارێ، بە شێوەیەکی بەربلاو لە ناو هۆزە عەرەبیەکان لە پەرەسەندن دابوو. بەڵام ئەو بڵاو بوونەوەیە تاک تاک، یان بە دەستەی بچووک بچووک بوون. بەدەگمەن ڕێکەوتووە سەرجەمی هۆزێک پێکەوە هاتبنە سەر دینی نەسارێ. هەروەها جیاوازیش لە ناوچە بۆ ناوچەیەکیتر هەبووە. لە حیرە، غەسان و بیابانی شام و باکووری سووریا، هاتنە سەر دینی

---

[210] Ibid. Pp 44
[211] Ibid. Pp 45

نەسارِی، تا ئاستێکی باش چڕتر بوو، لە ناوەچەکانی تر. هەر زوو لە حیجاز تاک تاک هاتوونەتە سەر دینی نەسارِی. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، نەسارِی و جولەکە، شان بەشانی یەک لەناو عەرەب نلسراوبوون. بۆیە چالاکی کارکردن هەم ئاسان بوو. بەوەی عەرەب لە زووترەوە ئاشنایەتیان لەگەڵ دینە ئیبراهیمیەکان هەبوو. هەم لەلایەکیتر سەخت بوو. لەبەر ئەوەی دەبوایە رِێگایەک بدۆزنەوە. کە بۆیان بسەلمێنن کە ئەوان لەسەر راستن، نەک جولەکە و کریستیانەکان. هەروەها عەرەبەکان کلیل بوون بۆ نەسارِیەکان. لەبەر ئەوەی جێی متمانەی رِۆم بوون. ئەوەش هەم کارەکەی سەختتر دەکرد، لەبەر ئەوەی عەرەب بەرژەوەندی قووڵی لەگەڵ ئیمپراتۆری رِۆم دا هەبوو. لەهەمان کاتدا دەرفەتێک بوو کە بتوانن عەرەب بەو کارامەیی شەرِ و شارەزاییان لە خاڵە لاواز و بەهێزەکانی رِۆم هەبوو لە ناوچەکەدا.

نەسارِیەکان ئەوەیان باشدەزانی کە بوونی پاشا، فەرماندە و سەرۆک هۆز رِێخۆشکەر بوو، بۆ بە کۆمەڵ وەرگرتنی دینی نەساری. ئەوەش بە چەمکی (گەل لەسەر دینی پاشایانن) پێناسە دەکرد.

بوونە نەسارِی وەک باوەڕی تاک یان دەستپێشخەری تاک دەگمەنە. ئەوەش بۆ ئەو ژینگەیەی، کە دەستەڵاتی سەرەک هۆز، دەستەڵاتێکی رەهابووە. و تاک هەرگیز ناتوانێ بە ئازادی خۆی ئەو دینە هەڵبژێرێ کە ئارەزوویەتی.

لەلایەکیتر هۆزێک هاتبێتە سەر دینی نەسارِی، دەگەرِێتەوە بۆ چەند هۆکارێک.
١ رەنگە سەرۆکی هۆز باوەرِێکی هەبووبێ، کە زۆر نزیک بووبێ، لە باوەڕی دینی نەسارِیەکان.
٢ یان هۆکاری سیاسی،
٣ یان ئابووری، نەتەوایەتی.

٤ یان هۆزێک، وەک بەرابەرێ لەگەڵ هۆزێکیتر [212]

هەندێک سەرۆک هۆز بەهۆی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دینی نەساڕی یان دینێکی تریان وەردەگرت. بۆ نموونە، یەک لەوانە سەرۆکی هۆزی الضجاعمة، هاتە سەر دینی نەساڕی. لەبەر ئەوەی ڕەبەنێکی نەساڕی، بۆی لەبەر خودا پاڕایەوە کوڕێکی بداتێ.

نموونەیەکیتر، نەعمانی پاشای حیرە دوای چاکبوونەوەی لە نەخۆشی (عصبی) لە سەردەستی ئەسقەفێکی نەساڕی. یەکسەر باوەڕی هێنا. ئەوەش لە خۆیدا ببووە پیشەیەکی ڕەبەن و ئەسقەفەکانی دینی نەساڕی، لە ناو هۆزە عەرەبەکانی شام و میسۆپۆتامیا، تا دەگاتە حیجاز. و کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر هەستی خەڵکی هەبوو.

نموونەی لەم جۆرە زۆرن کە کاریان کردۆتە سەر تاک و کۆمەڵ یان سەرۆک هۆزێک تا ئەو دینە نوێیە وەربگرن. بۆ نەساڕیەکانیش کارێکی ئاسانتر بووە. کە لەو ڕێگایەوە بگەنە خەڵکی جۆراوجۆر. لەلایەکیتر هەمیشە دیالۆگی خودا ناسی، بێ بڕانەوە لە نێوان ئەسقەف و نزیکەکانی و دەوڵەمەند و سەرکردەکانی عەرەب بەردەوام بووە. هەر ئەوەش کاریگەری لەسەر گوێگرانی لە ناو هۆز و بنەماڵەکان داناوە. و ڕێگای خۆشکردووە، تا تاکەکانی هۆز، بە ئاسانی هاتبنە سەر ڕێبازی دینی نەساری. ئەوەش بەبێ قووڵبوونەوە لە بوارەکانی باوەڕ یان دیدێکی فراونتر سەبارەت بە دین و دینداری [213]

---

[212] العودات، حسين (١٩٩٢) العرب النصارى، عرض تاريخى . الأهالى للطباعة و النشر و التوزيع ص٣١ - ٣٢

[213] هەمان سەرچاوە ص ٣٢

# دروستکردنی ڕەچەڵەکێکی ساختە بۆ عەرەب

نەسارییەکان پلانێکی کاریگەریان دانابوو، بۆ ڕاکێشانی هۆزە عەرەبەکانی بیابانی شام، بە ئاڕاستەی دەریای ناوەڕاست. ئەویش بەکارهێنانی دین بوو، کە توانیبوویان مێژووێکی ساختە بۆ عەرەب و خزمایەتیان لەگەڵ گەلی جولەکە و نەبی ئیبراهیم دروستبکەن. بە کورتی پوختەی بانگەشەکەیان بەم شێوەیە بوو:

> ئێمە نەسارین و نەوەی ئیبراهیم و ئیسحاقین. ئێوەی عەرەبیش نەوەی ئیبراهیمن لە ڕێگای ئیسماعیلەوە. بۆ گونجاندنی مەبەستەکەیان درەختی ڕەچەلەکیان بۆ عەرەب دروستکردبوو. کە لەگەڵ ئامانجەکانی خۆیان بگونجێ.

بەپێی ئەو ڕەچەڵەکە، ئێوەی عەرەب و ئێمەی جولەکە، هەردووک لامان، لە یەک ڕەچەڵەکین. کە دەگاتەوە باپیرەی مەزن ئیبراهیم. باوکی نەبیەکانیترە. و دامەزرێنەری یەکەمین دینی ڕاستیە.

بەو پێیەش ئێمە ئامۆزاین، براین و سەر بەیەک ڕەچەڵەکین لە هەمان نەتەوە. هەروەها لە دینیشدا هاوبەشین. پەیڕەوی دینی ڕەوا و ڕێنماییەکانی موسا، و یاسای تەورات دەکەین. کە بە وەحی بۆ موسا هاتووە. هەروەها پەیڕەوی یاساکانی یەسوی کریست کە لە ئینجیل [214] داهاتووە دەکەین. بۆیە ئێمە تاکە دینی ئیبراهیمی ڕەواین. و میراتگری خاکی پەیمانین. کە

---

[214] مەبەست یەک تاکە ئینجیلە. ئەویش ئینجیلی عیبرانیی ئەپۆکریفە، نەک چوار ئینجیلەکانیتر.

خودا پەیمانی بە ئیبراهیم و نەوەکانی داوە.

ئەم ڕەچەڵەکە، و هۆنینەوەی چیرۆکی ڕەچەڵەکی ئیبراهیم بۆ عەرەب، لە هیچ پەرتووکێکی دینی جولەکە بونی نییە. تەنانەت لە هیچ پەرتووکێکی مێژووش ناوی نەهێنراوە. تاکە سەرچاوە بۆ ئەو ڕەچەڵەک هۆنینەوەیە، پەرتووکی کۆمەڵی نەسارییەکانە. کە دان بە جولەکەی ئیسرائیل دانانێن. و بە گومرا ناویان دەبەن. ئەو چیرۆکەش لە قورئان ڕەنگی داوەتەوە، و بە ئایەت پێگای ئیسماعیل بەرزتر دەکاتەوە.[215]

القرآن الكريم – البقرة ٢ : ١٢٧

وَإِذۡ يَرۡفَعُ إِبۡرَٰهِـۧمُ ٱلۡقَوَاعِدَ مِنَ ٱلۡبَيۡتِ وَإِسۡمَٰعِيلُ رَبَّنَا تَقَبَّلۡ مِنَّآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ (١٢٧)

ئەو کاتەی ئیبراهیم و ئیسماعیل پایەکانی ماڵی خوایان بەرزدەکردەوە (هەڵدەنا) دەیانگوت: ئەی پەروەردگار، ئەو کارەمان لێ وەربگرە. تۆ هەر خۆت بیستەر و زانای (١٢٧)

ئەوەی لەم ئایەتە دەبینی پێچەوانەی سەرجەم مێژووە. لەبەر ئەوەی نە ئیبراهیم و نە ئیسماعیل، بە هیچ شێوەیەک ڕوویان لە حیجاز نەکردووە.[216] هەروەها کەعبەش بوونی نەبووە.[217]

سەربڕینی کوڕێکی ئیبراهیم

قورئان - سورة الصافات ٣٧ :١٠٢ - ١٠٨

---

[215] العودات، حسين (١٩٩٢) العرب النصارى، عرض تاريخى . الأهالى للطباعة و النشر و التوزيع ل ٤٦

[216] بڕوانە بەشی مەککە بەپێێ سەرچاوەکانی ئیسلام.

[217] ئەو باسە لە پەرتووکی مەککە لە نێوان ئەفسانە و مێژوو، بە درێژی باسکراوە

فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ ٱلسَّعۡيَ قَالَ يَٰبُنَيَّ إِنِّيٓ أَرَىٰ فِي ٱلۡمَنَامِ أَنِّيٓ أَذۡبَحُكَ فَٱنظُرۡ مَاذَا تَرَىٰۚ
قَالَ يَٰٓأَبَتِ ٱفۡعَلۡ مَا تُؤۡمَرُۖ سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلصَّٰبِرِينَ (١٠٢) فَلَمَّآ
أَسۡلَمَا وَتَلَّهُۥ لِلۡجَبِينِ (١٠٣) وَنَٰدَيۡنَٰهُ أَن يَٰٓإِبۡرَٰهِيمُ (١٠٤) قَدۡ صَدَّقۡتَ ٱلرُّءۡيَآۚ
إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ (١٠٥) إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلۡبَلَٰٓؤُاْ
ٱلۡمُبِينُ (١٠٦) وَفَدَيۡنَٰهُ بِذِبۡحٍ عَظِيمٖ (١٠٧) وَتَرَكۡنَا عَلَيۡهِ فِي ٱلۡأٓخِرِينَ(١٠٨)

کاتێ گەیشتە تەمەنێک کە توانی بەوگە بگرێ. گوتی: کوڕی خۆم! من لە خەونمدا وام دیوە تۆ سەر دەبڕم. خۆت چۆنی لێکدەدەیتەوە؟ گوتی: بەوکە، هەر شتێ پێت سپێردراوە، بە جێی بێنە! خودا حەزبکا، بەم زوانە تێدەگەی کە منیش لە خۆڕاگرانم (١٠٢) کاتێ هەردوو ملکەچ بوون و لەسەر ڕوو درێژیکرد (١٠٣) بانگمان کرد: ئەی ئیبراهیم! (١٠٤) ئەوا خەونەکەت هاتەدی. ئێمە ئاوا پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە (١٠٥ )دیارە ئەوە تاقیکردنەوەیەکی ئاشکرابوو (١٠٦) ئێمە ئەومان بە بەلاگێڕییەکی هەرە گەورە کڕیەوە (١٠٧) واشمانکرد نەوەی دوای ئەویش هەر بە چاکە باسی بکا (١٠٨)

دواتر لە ووتاریان بۆ هۆزە عەرەبەکان لەسەر پرۆژەی گێڕانەوەی خاکی پەیمان و ئازادکردنی ئۆرشەلیم و دووبارە بنیاتنانەوەی پەیکەری پەرستگا، بەردەوام دەبن. کە پرۆژەی هەموو گەلی ئیبراهیمە. دەڵێن:

بۆیە ئێوەی عەرەب بەیعەت دەدەنە ئێمەی یەهودی نەساری. لەبەر ئەوەی ئێمە ئامۆزاین، و برای دینی ڕاستین. ئێمە دەبینە سەرکردەتان و گشت جیهان ئازاد دەکەین. لەم ڕێگەیەوە هەلومەرجی پێویست دەرەخسێنین بۆ گەڕانەوەی کریست بۆ سەرزەوی. بۆ ئەوەی سەر لە نوێ ئازادی بکا. دەبێتە سەرکردەی چەکدارمان. و لە شەڕ و گوناە رزگارمان دەبێ.

ئێمەش دەبینە هەڵبژاردە لە جیهانی مەزن، دەبینە سەربازی خودا. ئێمەی کوڕانی ئیسحاق و ئیسماعیل ![218]

نەسارییەکان، دژی هەردوو دەوڵەتی ساسانی و بیزەنتی بوون. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەوڵەتی بیزەنتی هەر لە کۆتایی سەدەی چوارەمەوە، بە تایبەتی سەردەمی ئیمپراتۆر تیۆدۆسیوسی یەکەم (٣٤٧ – ٣٩٥س.ب) دژایەتی سەرجەم ڕێبازەکانی نەسارى دەکرد. تەنانەت لە یەک کوشتار، هێزەکانی ئیمپراتۆری ڕۆم، دوو سەد هەزار قیبتی لایەنگرانی یەک سرووشتی یەسوی کوشت. و سەرجەمی نەساڕییەکانیان لە میسر دەربەدەر بوون.

کاتی عەرەبە موسوڵمانەکان میسریان داگیرکرد. لەوێ ڕۆمیان دەرپەڕاند، ئەکلیرێسی قیبتی هەڵاتبوو. و لە ترسی ژیانی، لە بیابان خۆی حەشاردابوو. هەروەها ڕێبازی یاقوبی تەنیا لە ناو کۆمەڵگەکانی عەرەب و ئارامی و قیبتی و لە ئەرمینیا بڵاو بووبوەوە. ئەوانەش گشتیان ئەو کۆمەڵگانە بوون، کە بەردەوام لە ژێر جەوری بیزەنتی و ساسانی دا بوون. و خەونی ئەوەیان دەدیت ڕۆژێک بێ، دەرفەتی ڕزگاربوونیان بۆ بڕەخسێ[219].

---

[218] هەمان سەرچاوە ص ٤٦

[219] العودات، حسين (١٩٩٢) العرب النصاری، عرض تاریخی . الأهالی للطباعة و النشر و التوزیع ص ٥٦ – ٥٧

# ئیبراهیم و بەڵاگێڕی کوڕەکەی

ڕەچەڵەکی ساختە، کە نەساڕیەکان بۆ عەرەبیان دروستکردبوو، تا سەردەمی خەلافەتی عومەر هەر بەردەوام بوو. یەک لەوانە، کێشەی ئیبڕاهیم و بەڵاگێڕکردنی کوڕەکەی بوو. بە گوێرەی تەورات ئەوە ئیسحاقە دەکرێتە بەڵاگێڕ. کەچی لەجیهانی ئیسلامیدا بە تێکڕا دەڵێن ئەوە ئیسماعیل بووە، ئیبراهیم کردییە بەڵاگێڕ. هەرچەندە هیچ ئاماژەیەک لە قوڕئان دانییە کە ئیبراهیم ویستوویە، کام لە کوڕەکانی سەربڕێ. لە قوڕئان لە سورەتی الصافات، ئاماژە بەم پرسە کراوە. بەڵام بەبێ ئەوەی ناوی هیچ لە کوڕەکانی ئیبراهیم ئیسحاق یان ئیسماعیل بێنێ.

لەسەرەتای ئیسلام و سەردەمی محمد لە ژیاندا بوو، نەساڕیەکان ڕۆڵی گرنگیان لەسەر بنیاتنانی ئەو ڕێبازە هەبوو کە محمد بانگهێژی بۆ دەکرد. هیچ کێشەیەک لەسەر ئەوە نەبوو جیاوازی هەیە یان نا. بەڵام دوای کۆچی دوایی محمد و کوشتن دەربەدەربوونی نەساڕیەکان. و هاتنی نەوەیەکی نوێ بۆ سەر شانۆی دەستەڵات، کێشەکان ڕەوتێکی تریان وەرگرت.

بەپێی گێڕانەوی ثعلبی النیسابوری، موسوڵمانان لەسەر ئەوەی کامە کوڕی ئیبڕاهیم بووە بەڵاگێڕ. ئیسحاق یان ئیسماعیل بووە، بووبوونە دووبەرە.

بەرەی یەکەم بریتی بوون لە عومەری کوڕی خەتاب و عەلی کوڕی أبی طالب دواکەوتووانیان، وەک کعب الاحبار. ئەوانە نەوەی یەکەمی سەرەتای ئیسلام و هاوتەمەنی

محمد و تابگره قەشە وەرقە بوون دەیانگوت ئەوە ئیسحاق بوو ئیبراهیم بۆ سەربڕین ئامادەی کرد.

کەچی بەرەی دووەم ئەوانە بریتی بوون لە عبداللەی کوڕی عومەر وسعید کوڕی المسیب و الشعبی دەیانگوت نەخێر ئەوە ئیسماعیل بوو ئیبراهیم بۆ سەربڕێن ئامادەی کرد. گرووپی دووەم نەوەی دواتر بوون. [220]

ئەوەش نیشانەیەکی ئاشکرایە، کە بەردەوامی هۆنینەوەی ڕەچەڵەکی عەرەب، و زیاتر بەستانەوەی بە ڕەچەڵەکی ئیبراهیم دوای نەساڕیەکانیش، تا ئێستاشی لەگەڵدابێ، لەناو عەرەب هەر بەردەوامە. بەتایبەتی بە نەمانی نەوەی بەرایی، هاوسەردەمی محمد، و دەستەڵاتی نەساڕیەکان، کێشەکە تا دەهات زیاتر بەسەریەوە دەنرا.

[220] الثعلبی، ابو اسحاق. قصص الانبیاء المسمی عرائس المجالس ص ۹۱

# هاوپەیمانی ساسانی و نەساڕیەکان

هەوڵی دووەمیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٦١٣ س.ب. نەساڕیەکان، بەردەوام هانی ئیمپراتۆریەتی ساسانیان دەدا، بۆ داگیرکردنی شام و حمس و شاری ئابامیای ڕۆمانی کە بە (القلعة المضيق) نلسرابوو.

لەو کاتەدا هەڵومەرجەکان بۆ شەڕ دژی ڕۆم، بە تەواوی ڕەخسابوون. بیری نەتەوەیی عەرەبی نەساری چەکەرەی کردبوو. گەیشتبووە ئاستی ئەوەی ببێتە لایەنێکی کاریگەر لەشەڕ دژی ڕۆم. لەوەش گرنگتر، ئەو خەونەی کە تا ئێستا نەساڕیەکان، بۆ وەرگرتنەوەی ئۆڕشەلیم دەیان بینی. ئێستا ببووە خەونی هیوای عەرەبەکانی نەساڕیش، بۆ گەیشتنە ئۆڕشەلیم، و شادبوون بە دیداری پەرستگای خودا. لەوەش کاریگەرتر، بە جیهاد دژی کریستیانەکانی کە لە ئۆڕشەلیم نیشتەجێن. و قڕکردنیان تا لەو ڕێگایەوە، بەهەشتی خودا مسۆگەرکەن. بەو بیانۆیەی، گوایە جولەکە دەربەدەرەکان، لە دیداری پەرستگا و ماڵی خودا قەدەخە دەکەن.

یەکەم هەنگاویان لەشکرێکی تێکەڵاویان لە عەرەبی قورەیش، کە بووبوونە نەساڕی دروستکرد. ئەوانە ئامادەبوون، بۆ دینە نوێکەیان هەموو شت بکەن. ئەو لەشکرەش بە سەرپەرشتی نەساری بوو. کەهەم ڕەبەن و ئەسقەفی دینین. و هەم شارەزای ئۆڕشەلیم و پەرستگای ماڵی خودان. بەم لەشکرە تێکەڵاوە، چوونە ناو سوپای ساسانی لە ژێر

فەرماندەی یەک لە سەوکردە زیرەکەکانی ساسانی بە ناوی ڕۆمیزانس (کە نازناوی: شاهەربارازا) بوو. [221]

لەو کاتەدا زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی خاکی ئیسرائیل و کەنعان، کریستیان بوون. کەمینەیەکیش جولەکە بوون. کە دوژمنایەتیەکی مێژووییان لەگەڵ بیزەنتیەکان دا هەبوو. بەتایبەتی وەک داگیرکەری خاکی پەیمان. ئەو خاکەی لە بنەڕەتدا، خودا داویەتیە گەلی بەنی ئیسرائیل. بۆیە هاوسۆزیان لەگەڵ دەوڵەتی ساسانی، هەڵوێستێکی سرووشتی بوو. و پەیوەندیان لەگەڵ ساسانیەکان لەڕێگای ڕەوەندی جولەکە لە بابل هەبوو. ئەوانە بە چەند ڕاپەڕینێک دژی بیزەنتیەکان هەڵسان. و یارمەتی ساسانیەکانیان دا بۆ هاتنە ناو شار. لە مانگی ئەپریلی ساڵی ٦١٤ س.ب ئۆرشەلیم گەمارۆدرا. بەیارمەتی جولەکەڕاپەڕیوەکان، شار کەوتە دەستی ساسانیەکان و نەسارییەکان و عەرەبی قورەیش.

ئەوەی لەو شەڕە کارەساتی بەوکەوت کرستیانەکان بوون. کەوتنە بەر کوشتارێکی گەورە، و قڕکردنی بەکۆمەڵ، لەلایەن نەسارییەکان. دەرئەنجامی ئەو تاوانە گەورانە لەو کوشتار، و کاری دەمارگیری و بە سوتاندنی کەنیسە و شوێنە پیرۆزەکانی کریستیانەکان. ژمارەی کوژراوەکان بە نزیکەی شەست هەزار کەسی کریستیانی مەزەندە دەکرێ. بەلام بەپێی دۆزینەوەی شوێنەوارناسی. لە گۆمی مامێلا لاشەی هەزاران کەس دۆزراوەتەوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ماوەیە. و ئەوەش دەیسەلمێنێ کەژمارەی کوژراوانی کریستیانی زۆر لەوە زیاترن، کە تا ئێستا تۆمار- یان مەزەندەکراون. ئەوە بێجگە لەڕاگواستن، و دوورخستنەوەی ٣٥ هەزار کریستیان بۆ دەرەوەی ئۆرشەلیم. [222]

[221] Odon Lafontaine (Olaf) The great secret of Islam. Pp 49
[222] Ibid.

دوای سەرکەوتنی ساسانیەکان بەسەر ڕۆم، و گرتنی ئۆرشەلیم. باشترین ڕێگایان بۆ کاروباری بەڕێوەبردنی شار ئەوەبوو، داوایان لە جولەکان کرد، تا بتوانن لە سرووت و پەرستنەکانیان بەردەوام بن. لە هەمان کاتدا جولەکە، زۆر لەو نەسارییانە بە گومان بوون، کە بەو هێزە گەورەیەی عەرەب، و دەستەڵاتی گەورەی ساسانیەکان گەڕابوونەوە. لەبەر ئەوەی دەیانزانی مەبەستیان تاڵان و بڕۆ نییە. بەڵکوو گەڕانەوەیان بۆ دروستکردنەوەی پەرستگایە. و دواتر گۆڕینی تۆپۆگرافیای دانیشتوانە. و خۆ ئامادەکردنە بۆ گەڕانەوەی یەسوی کریست. ئەو ناکۆکیە وایکرد کە نەسارییەکان، جولەکان ناچاربکەن. ملیان بۆکەچ کەن. ئەوەش لە بەرژەوەندی ئیمپراتۆری ساسانی دانەبوو.

جەنەراڵی ساسانی لایەنگیری حاخامەکانی ئۆرشەلیمیان کرد. لەبەر ئەوەی یارمەتی و ئاسانکارییان بۆ کردبوون، بۆ هاتنە ناو شار. بۆیە نەسارییەکان و هاوپەیمانە عەرەبەکانی قوڕەیشیان لە ئۆرشەلیم دەرکردن. و لە سەرتاپای ئیسرائیل دووریان خستنەوە. ئەو دەرکردنەش بووە فتیلەی ئاگرێکی گەورەتر. [223]

دوای دەرکردنی نەسارییەکان و عەرەبە قوڕەیشیە هاودینەکانیان لە ئۆرشەلیم. تووڕەیی و بێهیوایی عەرەبە قوڕەیشیەکان، گەیشتە ئاستێکی چاوەڕوان نەکراو. لە بارێکی زۆر ناخۆشدابوون. لەلایەک هیوای دروستکردنەوەی پەرستگای ئۆرشەلیم، و گەڕانەوەی کریست بەباچوو. لەلایەکیتر ژیانی جارانیشیان نەمابوو. لەوە دەترسان هۆزە عەرەبیەکانی تری شام، بە چاوێکی نزم و بەزەیی سەیریان بکەن. ئەوانە لەنێوان دوو ئالتەرناتیڤ تەنیا یەکیان بەدەستەوە مابوو.

---

[223] Ibid.

١ گەڕانەوەیان بۆ کاروپیشەی جارانیان لە دزی و ڕێگری و شوانکارەیی، زۆر سەخت بوو. تازە هیوایەکیان بە ئیمپراتۆریەتی ساسانی نەمابوو.

٢ ڕێگای چوونە پاڵ ئیمپراتۆری ڕۆمیان لێگیرابوو. لەبەر ئەوەی، هاوکاریان لەگەڵ ئیمپراتۆری ساسانی، و شەڕکردنیان دژی هێزەاکانی ڕۆم، بووبووە هۆی قینی ئیمپراتوری بێزەنتی. بەتایبەتی کۆمەڵکوژی کریستیانەکان. کە ئەندامانی دینی دەوڵەت بوون. وەک شکاندنی شکۆی ئیمپراتۆری سەیر دەکرا. لێبووردنی لەلایەن ڕۆم ئەستەم بوو.

لەو دەمەدا، تاکەڕێگا کۆچکردن بوو. بۆ حیجاز، کە برا نەسارِیەکانیان، لەوێ پێگایەکی دینی و دەستەڵات بوون. بۆیە چاکترین ڕێگا بۆ ئەو شەڕکەرانە کۆچکردن بوو، بۆ خاکی حیجاز کە برا نەسارِیەکانی تری قورەیشیان لەوێ بوون. خەریکی بڵاوکردنەوەی دینی نەسارِی بوون. سەرەڕای ئەوە، بە هاتنی ئەوان (نەسارِیەکان) هێز و توانایان لە خاکی حیجاز،زیاتر دەبێ. و لەگەڵ برا نەسارِیەکانی نیشتەجێی یەتروب، دەبنە دەستەڵاتدار و ڕێبەری دینی. کە دەمێک بوو لە ڕێگای قەشە وەرەقە بن نوفل و بوحەیرای ڕەبەن، تا ئاستێکی باش پێگایان بە هێزبووبوو.

سەرەڕای ئەوە ئەو کۆچبەرانەش، وەک خاوەن ئەزموونی شەڕ. دەیانتوانی یەکسەر ببنە هێزێک، بۆ بەهێزتر کردنی نەسارِیەکانی حیجاز.

سەرەڕای ئەو هەڵومەرجە نالەبارە. و ترسی ماڵ و گیان لە هەموولایەکەوە. هێشتا نەسارِیەکان، تا ئەو کاتەش وازیان لەکارو پیشەی تاوانبارکردن و هەڕەشەی کوشتن بەرامبەر جولەکە و کریستیانەکان نەدەهێنا. و بەردەوامبوون لە خەونی ئازادکردنی ئۆرشەلیم، و

سەرجەمی خاکی پەیمان. بۆ گەڕانەوە و چاوەڕوانی کریست هەر بەردەوام بوون. ئێستا بەو شکەستە، ئەوەندەی تر قینیان هەڵگرتبوو.

حاخامەکانی جولەکەیان بەوە تاوانبار دەکردن، کە گوڕینیان لە پەرتووکی پیرۆز داکردووە. و بە مەبەستی خۆیان دایانڕشتۆتەوە. ئەوەش بە ڕای ئەوان، گومڕاییە لەدین. و نکۆڵیکردنە لەوەی کە لە تەورات دا هاتووە. بەڵام ڕاستیەکەی تەنیا بیانۆیەکی بێ بنەمابوو. مەبەستی سەرەکیان، تەنیا تۆمەت بوو بە حاخامەکانی جولەکە. ئەگینا تالمود تەنیا ڕاڤەکردنی چیرۆکەکانی ناو تەورات و کولتووری یەهودی گەلێرییە. لەگەڵ کەلەپووری باوی دینی ناوچەکانی گەلانی سامی.[224]

[224] Ibid. Pp 50

## مەککە لە بواری شوێنەوارناسی

لە ڕووی شوێنەوار ناسییەوە ناوچەی مەککە زۆر هەژارە. کە تا ئێستاش لە لیستی یونسکۆ دانییە. دان جیبسن لە پەرتووکی جوگرافیای قورئان دەنووسێ:

> لە ساڵی ٢٠٠٢ دەرفەتێکم بۆ ڕەخسا، سەردانی دووەمین کۆنفرانسی توێژینەوەی نەبەتییەکان بکەم، کە لە شاری پێترای ئوردن بەسترا. کۆنفرانسەکە لەلایەن زانکۆی ئەلحسێن بن تەلالەوە ڕێکخرابوو. لە کۆنفرانسەکەدا هەڵێکم بۆ ڕەخسا لەگەڵ چەند شوێنەوارناسێکی پێشەنگی ئوردنی و سعودی قسە بکەم. بە تایبەتی دەربارەی تۆمارە شوێنەوارییەکان لە مەککە و دەوروبەری پرسیارم لێکردن. کەچی ئەوان نەیانویست بە ئاشکرا ئاماژە بە ناویان بکرێ، یان ناویان بهێنرێت، بەڵام دانیان بەوەدا نا کە تۆمارە شوێنەوارییەکان لە مەککە لە بنەڕەتدا پێش ساڵی ٩٠٠ی س.ب بوونیان نەبووە. من چاوەڕێم دەکرد، بەرگری لەو بۆچوونە بکەن. کە مەککەی کۆن شارێکی دیواردارە و خانوو و باخچە و بینای گشتی و پەرستگای تێدایە .سەریان لەقاند و گوتیان: هیچ شتێکی لەو جۆرە لەوێ نەبوو.[225]

ئەو دان پێدانانەی شوێنەوارناسانی عەرەبی ئوردن و سعودی، دانپیانانێکی ڕاستەوخۆیە. و

---

[225] Dan Gibson ( 2011) Qur'ānic Geography. A survey and evaluation of the geographical references in the Qur'ān with suggested solutions for various problems and issues. Independant Scholar’s Press. Canada. Pp 223

بەڵگەیە بۆ ئەوەی تا دوای سەدەی نۆیەمی س.ب هیچ شوێنەوارێکی کۆن لە مەککە بەتایبەتی کەعبە نەبووە. واتە ٢٦٨ ساڵ دوای کۆچی دوایی محمد. بۆیە بەشێوەیەکی لێبڕاو قەدەخەکراوە، بەدواداچوون و هەڵکۆڵین، لە هیچ شوێنی مەککە دا بکرێ.

## شاری مەککە پیرۆز نیە!

هەرچەندە لە سەرجەمی کەلەپووری ئیسلام مەککە بە شاری پیرۆز ناودەبرێ. کەچی هیچ بەڵگەیەکی جێ متمانە نییە، ئەو دەربڕینە پشتڕاست بکاتەوە. لە جیاتی ئەوە شاری پیرۆز، گشت نیشانەکانی لەگەڵ پێترا دەگونجێ.

بەپێی بەڵگەی شوێنەوارناسی، دەبێ پێترا بووبێ، نەک مەککە. دوای سەد ساڵ لە تێپەڕبوونی پەیامبەری ئیسلام. واتە لەسەردەمی عەباسیەکان، گوندی مەککە، لە سعودیە کرایە شاری پیرۆزی ئیسلام. لە یەکەم هەنگاو ڕەنگە مرۆڤ باوەڕ نەکا. بەڵام دان گیبسن بە بەڵگەی شوێنەوارناسی و مێژوویی، بە شێوەیەکی دۆکومێنت و ڕوونکرنەوەی لۆژیک، گومان بۆ ئەو بۆچوونەی ناهێڵێتەوە.

سوڕەتی آل عمران ٣: ٩٦

> یەکەم ماڵ کە بۆ خەڵك دانرا، ئەوەیە لە بەککە، پیرۆز و هیدایەتە بۆ خەڵك. (٩٦)

ئەو ئایەتە باسی کەعبە (بیت) ماڵ دەکا. بەڵام باسی ئەوە ناکا ئەو کەعبە و بەیتە لە کوێن. پارتیشیا کرۆن لە پەرتووکی بازرگانی مەککە و سەرهەڵدانی ئیسلام ڕای وایە:

> لە سەرجەمی ئەدەبیاتی ئیسلام سەبارەت بە مەککە. و شێوەی باسکردنیان، لەگەڵ جوگرافیای هەڵکەوتنی شاری مەککە یەک ناگرێتەوە. بۆ نموونە

ئەدەبیاتی ئیسلامی سەرەتا بە (شاری پیرۆز) یان (دایکی گوندان) ناوی دەبا. بە پێی ئەو دوو ناوە، دەبێ ئەو شارە زۆر گەورەبێ. بە دەیان جێگای خۆش و ئاپوورەی خەڵکی تێدابێ، کە جێگای سەرسوورمان بن. تەنانەت لە زۆربەی سەرچاوەکان شاری پیرۆز، بە ڕێگای ناوەندی بازرگانی دادەنرێ. خەڵکی مەککەش بە بازرگانی گەورە و خاوەن کاروانی هەزاران ووشتر مەزەندە دەکرا. یەک لەو بازرگانە گەورانە مامی نەبی محمد، أبی طالب بووە. کە بە شێوەی بەردەوام کاروانی گەورەی ناردوونەتە شام. جاروباریش خۆی لەگەلیان چووە.

سەرەڕای ئەو هەموو نەگونجانەی مەککە. چ لە ڕێی ئاوەدانی، یان ژینگەی جوگرافی لەگەڵ دەقەکانی قورئان، و سەرچاوە مێژووییەکان. هێشتا موسوڵمانان لەسەر ئەوە سوورن، کە ئەو شارە دەبێ مەککە بووبێ. و ئەو ناوەندی بازرگانیەش بووە کە باسدەکرێ. پاتریشیا کرۆن دەڵێ:

مەککە شوێنێکی ووشکانی قاقڕ بووە. شوێنی وا ووشکانیش بە سروشتی خۆی نابێتە وێستگەی وا مەزنی کاروانی بازرگانی.

لەلایەکیتر، ئەگە مەککە ئەو شارە مەزن و دێرینە بوایە، دەبوایە ناوی لە نەخشەو تۆمارە کۆنەکان هەبووایە. ڕەنگە گوندێک یان هەوارێکی ڕەوەندە بەدەویەکانی عەرەب بووبێ. لەبەر ئەوەی لە نەخشەکانی کۆنی وەک پتۆلیمۆس، کە شارە گرنگ و بەناوبانگەکان تۆمارکراون. کەچی مەککە نادۆزینەوە.

مەککە وەک شوێنی ئاوەدانی، لەدوای ساڵی ٩٠٠ س.ب ناوی بەدەرکەوت. کە دەکاتە ٢٦٨ ساڵ دوای مردنی محمد.

گیبسن لە سەردانێکی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وا ڕێک دەکەوێ، کاتی حەج دەبێ. لەگەڵ

چەند حاجیەک، کەلە حەج گەڕابوونەوە. سەبارەت بە سروشتی مەککە و دەرورو بەری، گفتوگۆیان لەگەڵ دەکا. و بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە:

من بۆ یەکەمجار لەوە ئاگادار بوومەوە، کە ئەمە پرسێکە کاتێک قسەم لەگەڵ موسڵمانە باوەڕدارەکان دەکرد. ئەوان لە یەکەم گەشتی حەجیان گەڕابوونەوە. هەندێکیان سەرسوڕمانی خۆیان لە بچووکی شاخەکانی مەککە و دووریيان لە شارەکە پیشاندەدا. و گومانی خویان سەبارەت بە مەککە دەردەبڕی. بە جۆرێک، لەوە بێهیوا بوون، کە مەککە دیمەنی ئەو شارە نییە ئەوان، کاتی خوێندنەوەی قورئان و حەدیسەکان، لە خەیاڵیان وێناکردبوو. ئەو دەربڕین و کاردانەوەی ئەوان، وای لێکردم بپرسم ئایا چاوەڕوانی هەڵەیان هەبووە. ڕەنگە بە هەڵە لێکدانەوەیان بۆ بڕگەکانی ئایەت و حەدیس کردبێ. یان خودی بڕگەکان شتێکیان وتووە کە لەگەڵ شوێنەکەدا نەگونجێت.

بەپێی دەقە نووسراوەکانی ئیسلامی بەرایی. چیای حەڕا، کە ئەشکەوتی حەڕا دەکەوێتە لای سەرەوەی. دەبێ بەرامبەر شاربێ. و دەکەوێتە لای بەرزایی مەککە. لە ڕاستیدا چیای حەڕا، مەودایەک لە کەعبە دوورە. و بەسەر شاریش دانانۆڕێ.[226]

لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دروست دەبێ. کاتێ حاجیەکی موسوڵمان، دوای خوێندنەوەی دەقەکانی قورئان و شێوەی وێناکردنی مەککە، ئاوا بە گومان دەکەوێ. دیارە ناکۆکی لە نێوان دەقەکانی قورئان و جوگرافای ناوچەی مەککە بە ئاشکرا هەست پێدەکرێ.


---

[226] Gibson ،Dan ( 2011) Qur'ānic Geography. A survey and evaluation of the geographical references in the Qur'ān with suggested solutions for various problems and issues. Independant Scholar’s Press. Canada. Pp. 222



ئەشکەوتی حەڕا لە دەرەوەی شاری مەککە. لەو سەردەمەدا، زۆر لە شار دوور بووە.

سەرەڕای ئەوە دەقەکانی ئەدەبی ئیسلامی بەرایی. باسی مەکە، وەک شوێنێکی بەرزایی دەکەن. کە شوێنێکی لێژاییشی لەبەردەم دا هەیە. ئەو لێژاییە ڕێگایەکیشی بە تەنیشت دا دەڕوا. کەچی مەککەی ئێستا لە دەشتاییەکی کراوەیە. چیاکانی لە شاخەبەردی بچووک پێکهاتوون. کە لە ناو لم ڕاست دەرچووین و بەرزدەبنەوە. و هیچ چیای وا بەرزی تێدانییە. کە بەسەر نزمایی دۆڵایی دا بڕوانێ. بۆیە گومانێکی زۆر لەوەیە، پەرتووکەکانی ئیسلامی بەرایی، باسی شوێنێکیتر بکەن. کە زیاتر لەگەڵ دیمەنی ئەو ئایەتانە بێنەوە، کە لە قورئان تایبەتن بە شوێنی سەرهەڵدانی دین و ژیانی خەڵکی. کەچی لە سەرتاسەری ناوچەی مەککە و دەوروبەی شوێنی وا نادۆزرێتەوە.




بەشێک لە نەخشەی دوورگەی عەرەبی، کە پتۆلیموس لە ساڵی ١٥٠ س.ب کێشاویەتی، تێیدا ناوی مەککە نادۆزرێتەوە.

لەلایەکیتر باسی دوو بوت، یان دوو شوێنی بوتپەرستی دەکرێ، کە هەر یەکەیان لەسەر ترۆپکی چیایەکن. بەڵام ئێستا بەڵگەیەکی شوێنەوارناسی، لەسەر ئەو شوێنانە، یان ئەو بوتانە نییە. بە شێوەیەکی گشتی شوێنەوارێک یا وێرانەیەکی ئەو پەرستگایانە، لە دەوروبەری مەککە نادۆزرێتەوە. تەنانەت بۆ بە سەر چیا کەوتن، ڕێچکەیەکیش نییە. [227]

[227] Ibid. Pp. 5

## داگیرکردنی مەککە

ساڵی ٦٢٩ س.ب هێرشی لەشکری ئیسلام بۆ سەر مؤتة کرا. کەچی تا ئێستاش، بیر لە داگیرکردنی مەککە نەکرابووەوە. بەڵکوو ساڵێک دواتر، لە ساڵی ٦٣٠ س.ب هێرشی دەوڵەتی ئیسلام بۆ سەر مەککە کرا، و بەبێ شەڕ و خوێنڕێژی داگیرکرا. تەنانەت لە قورئانیش بە ڕاشکاوی ئاماژەی پێدەکا.

القرآن الکریم - سورة الفتح ٤٨ : ٢٤

هەر ئەوە بوو، ئێوەی لە دەستی ئەوان پاراست و ئەوانیشی لە ئێوە پاراست.
کاتی لە ناو مەککە ئێوەی بەسەریاندا سەرخست. ئێوە هەر کارێکتان دەکرد،
خودا دەیدی (٢٤)

ئەوەش وامان لێدەکا جارێکیتر، خوێندنەوە بۆ ئەو دوو ڕووداوە بکەین. و نیشانەی پرسیار بخەینە سەر دەربڕینەکانی مێژوونووسانی موسوڵمان. لەبەر ئەوەی گشت نیشانەکان، بۆ ئەوە دەچن کە ئیسلام لە مەککە سەری هەڵنەدابێ. ئەوە باوەڕەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی بەڵگەی بەهێز لە ناو قورئان و مێژووی نووسراو و شووێنەوار ناسی، گشتیان ئاماژە بە ئاڕاستەی شارێکیتر دەکەن.

## کەعبەی مەککە

خانووی کەعبە لە مەککە، وەک هەر خانوێکیتری ئەو سەردەمە بووە. بریتی بووە لە خانووێکی بچووک. وەک بیۆگرافی نووسانی موسوڵمان باسدەکەن. (لە کەڵەکە بەردی، بەقەد باڵای مرۆڤێکی ئاسایی) بووە. هۆزەکانی عەرەبی خۆیان، چەندین جار، بە پاچ کەعبەیان هەڵوەشاندووە. و دواتر بە ئاسانی دروستیانکردۆتەوە. ئایا لۆژیک ڕێگای ئەوە

دەدا، کەعبە لە کەڵەکە بەردی بەقەد باڵای مرۆڤ بووبێ. لەگەڵ ئەوەشدا بە دەیان بوتی زۆر گەورەی تێدا بوون.[228] ئەو خانووە کەڵەکە بەردەش تا سەردەمی خەلافەتی عمر کوڕی خەتاب هەر وەک خۆی مابوو. ئەوسا خانوێکی باشتری لەسەر دروستکراوە.

## لات و عوز و منات

سەبارەت بە ناوی سێ بوتەکانی لات و عوز و مەنات، کە لە ئایەتێکی قورئاندا هاتووە. ڕاڤەکار و بیۆگرافی نووسانی موسوڵمان باسی ئەوە دەکەن، کە لە پێش هاتنی ئیسلام لە شاری مەککە. ئەو سێ بوتە لەگەڵ دەیان بوتی دیکە لەناو کەعبە دابووین، و دەپەرستران. بە بەراوردکردنێک لەگەڵ خانووی کەعبە لە مەککە، ناتوانێ جێگای باوەڕبێ کە مەبەستی شاری مەککەی حیجاز بێ. لەبەر ئەوەی، سەرەڕای نەبوونی جێگا لە ناو کەعبە. وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، کە هەر بەقەد بەرزی باڵای مرۆڤێکی ئاسایی بووە. تا بگرە لە قورئانیش ئاماژە بەوە ناکا، کە ئەو بوتانە لە کوێ بووین. بۆیە دەکرێ لە هەر شوێنێکی تری ئەو جیهانە بووبن. ئەوەش ناکۆکە لەگەڵ لێتۆژینەوەی شوێنەوارناسی. کە ئاماژە بە شوێنێکیتر دەکا.

القرآن الكريم – سورة النجم ٥٣: ١٩ – ٢١

ئاخۆ ئێوە تەنیا لات وعوزەتان بینیوە (١٩) سێیەمیشیان کە مەناتە. یەکێکی ترە لە بوتەکان (٢٠) ئاخۆ منداڵی ئێوە نێرە و خوداش کچی هەیە (٢١)

[228] إبن إسحق. محمد بن إسحق. السيرة النبوية. المحقق: أحمد فريد المزيدي. دار الكتب العلمية. (٢٠٠٤) ص ١٩٣

هەرچەند ئەو دیمەنە و گشت دیمەنەکانی تری قورئان باسیان دەکا. دەدرێنە پاڵ مەککە. بەڵام بە بەدواداچوونێکی وورد. کێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە. و ئاماژەکان بۆ ناوچەکانی باکوور دەڕۆن. ئەو شێوە دەربڕینە وێنای دینەکانی باکووری دوورگەی عەرەبی دەکا. بە تایبەتی ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی نەبەتیەکان.

ئەوەش هەر لە بوونی پەیکەری بەردی و پارچەی شەشپاڵوی پیرۆز، تا دەگاتە چەقی دینی کە پەرستن و سرووتەکانی، وەک نەریتی حەجکردن، کە ئێستا لە مەککە بەردەوامە. یان بەڵاگێڕکردن و هتد. کە تێیدا بەردی ڕەشی نەیزەک پیرۆز دەکرا.

نەبەتیەکان خودایەکیان هەبووە بەناوی (دوشارا) وەک بەردە ڕەشەکە دەپەرسترا. تا دەگاتە هەمان ناوی خوداکانی لە قورئان داهاتوون، هەریەک لەوانە پەرستگای تایبەتی خۆی هەبووە:

اللات: خودای بڕشت و کشتوکاڵی جیهانی خواروو.

العوزي: خودای هێز، کە گریمانە دەکرێ ئەو خودایە لە بنەڕەتدا میسری بێ و بەرامبەر ئێیزس.

مەنات: خودای ڕێکەوت و چارەنووس.

ئەو سێ بوتانە یان خودایانە، هەرسێکیان ناوەکانیان لەگەڵ خوداکانی تر، لە دەوری خودای نەبەتی (دوشارا) هەڵکۆلراون، کە پێدەچێ ئەوانە خودای بچووکتربن. و ئەرکی خودایەتی بەشێک لە بەڕێوەبردنی جیهانیان لەسەر شانبێ. [229]

---

[229] Petra: lost city of stone. Civilization ca 2013. 02. 03
- Hearly, John F. (2001) 4. The Religion of the nabataeans: A conspectus Religions in the Greco – Roman World 136. Boston Brill pp. 107 – 119
- Jane, Tylor. Petra and the Lost kingdom of Nabataeans 1:B Tauris Publishers 2001, pp 130



The Allāt Temple at Ramm

پەرستگای اللات لە ڕام، کە دەکەوێتە ٥٠ کم باکووری ڕۆژهەڵاتی عەقەبە

هەرچەندە کەلەپووری عەرەبی ئیسلامی، نکۆڵی لەوانە دەکا. و بیانۆشیان ئەوەیە، گوایە کاتی خۆی کەسێک بە ناوی (عمرو إبن لحي) ئەو بوتانەی لە باکووری دوورگە، بەر لە هاتنی ئیسلام هێناونەتە مەککە. بەڵام یەکەم هیچ سەرچاوەیەکی بێلایەن ئەوە پشتڕاست ناکاتەوە. دووەم ئەگەر ئەو بوتانە هاتبن، کوا شوێنەواری ئەو بوتانە و دەیان بوتیتر، کە مێژوونووسانی موسوڵمان، بەردەوام ئاماژەیان پێدەکەن. و دەڵێن هەبووین.[230]

سەڕەای ئەوە ناوی (الله)، وەک خودای دینە ئیبراهیمیەکان لە زۆر نەخش و شوێنەواری

- Hommel, First, Encyclopedia of Islam. Vol. 1, pp. 380.

[230] علي، دکتور جواد. المفصل فی تاریخ العرب قبل الإسلام ج ١١، ص ٢٥٣

نەبەتی لە سەرجەمی ناوچەکانی باکوور  دەبینرێ.[231] ئەوەش دەیسەلمێنێ کە خەڵکی ئەو ناوچەیە باوەڕیان بە الله هەبووە. و ناوی الله لە بنەڕەتدا لە ئێل هاتووە کە ئیبڕاهیم لەگەڵی دواوە.

سەرەڕای ئەوە، لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی نەبەتیەکان، بە تایبەتی لە پێترا، و ناوچەکانی دەوروبەری، هەر لە بوونی بە دەیان پەیکەری بەردی، لە پارچەی شەشپاڵوی پیرۆز، تا دەگاتە چەقی دینی کە پەرستن و سرووتە دینیەکانیتر. یەک لەوانە حەجکردنە ئێستا کە سەردانی پێتراو خوداکانی کراوە. و بەڵاگێڕکردن نەرێتێکی ئاسایی و هەرە پیرۆز بووە.

بەپێی لێکدانەوەی دان گیبسن، پرۆسەی حەج و عومرەی موسوڵمانان، کە ئێستا لە مەککە دەیکەن. دەبێ گشتی لە پێترا بووبێ. کەواتە دەبێ دوای کۆچی یەهودیە نەساریەکان بۆ حیجاز، وەک کۆپی دروستکرابێ. ناوچەکانی دەوروبەری پێترا، بە تێکڕایی، زۆر باشتر، هەم لەگەڵ دیمەنەکانی جوگرافیای ناو قورئان، و هەم لەگەڵ شوێنە هەڵکەنراوەکانی شوێنەوارناسی لەووڵاتی نەبەتییە دەگونجێن. کە پێترا ناوەندی دینی و بەڕێوەبردنی بووە.

## پێترا پایتەختی نەبەتیەکان

پێترا شاریکی شوێنەوارناسییە، دەکەوێتە پارێزگای مەعان بە دووری ٣٦کم. لە شانیشینی ئوردونی هاشمی. ناوچەی پێترا دەکەوێتە نێوان  عەمان و عەقەبە. شاری پێترا ، نزیکەی ١٠٠ کم لە باکووری عەقەبە دوورە. کە دەکەوێتە بیابانی عەقەبە. هەروەها ٢٢٥کم لە باشووری عەمانی پایتەخت.

[231] Alfred, Guillaume (1990) Islam Penguin. Pp. 7

پێترا بە باڵاخانەی لە شاخ داتاشراو، و ئاوەڕۆی ئاو و پردی بەناوبانگی هونەری کۆنی لێن. لەبەر ڕەنگی سووریاوی شاخ و بەردەکانی، ناوی بە (شاری گوڵ) دەرکردووە. شوێنێکی ستراتیژی گرنگی، لە سەر ڕێگای ئاوریشم، لە نێوان میسۆپۆتامیا و ئیسرائیل و میسر هەبووە.

بە پێی سەرچاوەکانی مێژوو، پێترا پایتەختی ئەدۆم (عاد) لە باکووری عەرەبستان، کەوتۆتە ناو دۆڵێکی بەردین. ئەو دۆڵە لە گشت لایەکەوە، بە چیا دەورە دراوە. بەرزترینیان چیای (هۆرە) یە. وادیارە ناوەکە وەرگێڕانێکی یۆنانیە لە ناوی عیبری ڕەسەنی شوێنەکە (سێلا) بەرد هاتووە.

لە دەوروبەری ساڵی ٣١٢ پ.س.ب، نەبەتیەکان پێترایان داگیرکرد. هەر لەو کاتەوە کردیانە پایتەخی وولاتی نەبەتی. تا ساڵی ١٠٦ س.ب پایترختی دەوڵەتی نەبەتی بوو. دەوڵەتی نەبەتیش لەبەر شوێنی ستراتیژی، گرنگیەکی زۆری بۆ بازرگانی نێوان شارستانیەکانی هەبوو. پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ ئیمپراتۆری ڕۆم و میسر هەبووە. دواتر لەبەر گرنگی شوێنی، لە سەردەمی تراژان (٥٣ – ١١٧ س.ب) [232] ئمپراتۆری ڕۆم، پێترا داگیرکرا. و بووە بەشێک لە ئیمپراتۆری ڕۆما. هەر لەو دەمەوە کرایە، پایتەختی پارێزگای عەرەبی پێتریا.

دواتر لە ناوەڕاستی سەدەی حەوتەم، بە هۆی کۆچی یەهودیە نەساریەکان بەرەو باشوور، بە تایبەتی حیجاز. پێترا ئەو گرنگییەی نامێنێ، چۆل دەبێ. و بە تەنیا دەبێتە شوێنی کۆچەریەکانی ئەو دەڤەرە، دواجار لەکاتی داگیرکردنی ئیسلام بە تەواوی لەناو چوو، .[233]

---

[232] Trajanus

[233] Jewish Encyclopedia, Petra

-*Seeger, Josh (1996)* ،*__Retrieving the Past: Essays on Archaeological Research__ pp 52*



Ad-Deir Monastery in Petra, Jordan

شوێنەواری خانەقای ئەد دێر لە پێترا، ئوردن

بەپێی سەرچاوەکانی مێژوویی، دەبێ لە بنەڕەتدا، یەهودیە نەسارپەکان دوای بڵاوبوونەوەیان بە خاکی شامدا، ڕێبەر و پێشڕەوەکانیان هەم لە پێترا و هەم لە شاری بوسری ژیابن. و لە پەرەدان بە دین بەردەوام بووبن. بەڵام دوای کۆچیان بۆ مەدینە لە حیجاز، و دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلام، ئێرەش وەک ناوەندییەکی سیاسی دینی لە گرنگی کەم بووبێتەوە. هەر ئەو شوێنەش قیبلەی باوەڕدارانی ئیسلام بووە، تا ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچی.

گیبسن بە پشتیوانی مێژوونووسانی، وەک تەبەری لەلایەک، و لەلایەکیتر لێتۆژینەوەیەکی شوێنەوارناسی مەیدانی نەخشەی ئەو شوێنە پیرۆزانەی لە پێترا دیاریکردوون. کە ئێستا موسوڵمانان لە مەککە و دەوروبەری خەریکی پیرۆزکردنیانن.




نەخشەی حەج و عەمرەی موسوڵمانان، لە پێترا. کە جیبسن لە پەرتووکی خۆی، بە ناوی (قیبلەی سارەتایی ئیسلام) تۆماری کردووە. لەلای ڕاستەوە مەروة، کەعبة، سەفا، مینا (شوێنی ڕەجمی شەیتان)، بازاڕی عەکاز، ذو الحولەیفە، موزدەلیفە، عەرەفە و مەیدانی عەرەفە.[234]

[234] Gibson, Dan (2017) Early Islamic Qiblas. Pp 269

# دوای گرتنی مەککە هێشتا ئیسلام نەبووە

ڕەنگە خوێنەر دوای خوێندنەوەی ئەو مێژووە، دورودرێژە. پرسیار بکا. ئەی دینی ئیسلام کەی دروستبوو؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە، دەبێ جارێکیتر گوزەرێک بەناو مێژووی ئەو دەیەیە دا بکەین، کە گوایە یەکەم بانگهێشی دینی ئیسلامی تێداکراوە. و بە ووردی تاوتوێی ئایەتەکانی قورئان بکەین. لەگەڵ بەراوردکردنیان بە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی، و ژینگەی نووسەری قورئان. ئەوسا بۆمان دەردەکەوێ قۆناغی مەککە، لە فێرکردن و هوشیارکردنەوەی دینی نەسارى بووە، نەک بانگهێشی دینێکی نوێ.

## یەکەم

ئامادەکردنی محمد وەک جێنیشینی وەرەقە، بە ناوەرۆکی ئەو پەرتووکەی قەشە وەرەقە خەریکی وەرگێڕانی بوو بۆ عەرەبی. کە بریتی بوو لە بەردەوامی ناوەرۆکی پیرۆزیەکانی دینی نەسارى.

قەشە وەرەقە، تەواوی هیوای لەسەر محمد بنیات نابوو. کە بتوانێ دوای خۆی بەردەوامی بەو ڕێبازە بدا، کە قەشە وەرەقە و بوحیرای ڕەبەن بە دەیان ساڵ خزمەتیان کردبوو. ئەوەش

له چەندین ئایەتی قورئان، بە روونی ئاماژی پێکراوە. کە کەسانێک هەن، ئەو گرنگیە نوێیە دیاردەکەن. کە محمد وەدەستی هێنابوون و خۆی لەسەر ڕادەهێنان.

لەلایەکیتر هەر لەو سەردەمەدا، قەشە وەرەقە ئینجیلی عیبرانی کە تا ئەو دەمە بە زمانی ئارامی و عیبری بوو، بۆ نەسارِیە عەرەبەکان و بانگهێژی دینی، وەردەگێڕایە سەر زمانی عەرەبی. و محمدیش بانگهێژی دینی نەسارِی لە مەککە پێدەکرد. لەو قۆناغەدا ئیسلام وەک دینێکی سەربەخۆ بوونی نەبووە. بەڵکوو ئامادەکردنی شێوەی دەربڕین و لیتۆرگی محمد بۆ بانگهێژەکەی لە چوارچێوەی ئامۆژگارِیی و ڕێنمایی دینی نەسارِی دابوون، ئەوەش بە پێی ئینجیلە وەگێڕدراوەکە. کە سەرچاوەیەک بوو، بۆ محمد و بانگهێژەکەی لە سەردەمی مەککە. [235]

هەر ئەوەشە وایکردووە، لە ناو زۆر ئایەتی جیاجیای قورئانی مەککە، ڕاستەوخۆ ئەو شتانە دووبارە بوونەتەوە. کە لە ئینجیلی عیبرانی دابوون.

لەسورەتی فصلت ناڕاستەوخۆ ئەوە دەدرکێنێ، کە ئەگەر ڕوونکردنەوەکان بە زمانی عەجەمی بوایە. ئەوە باوەڕدارانی عەرەب گلەییان دەکرد بۆ بەعەرەبی ڕوون نەکراونەتەوە تا لێی تێبگەن.

القرأن الكريم - سورة فصلت ٤١: ٤٤

وَلَوۡ جَعَلۡنَٰهُ قُرۡءَانًا أَعۡجَمِيًّا لَّقَالُواْ لَوۡلَا فُصِّلَتۡ ءَايَٰتُهُۥٓۖ ءَا۬عۡجَمِيّٞ (٤٤)

ئەگەر ئەم قورئانەمان بە عەجەمی بناردبایە، دەیانگوت ئایەتەکانی بە ڕوونی ڕوون نەکراونەتەوە.(٤٤)

---

[235] صحيح بخاری ١: ٣٨ – ٣٩، صحيح مسلم ١: ٧٨ – ٧٩، أغانی للأصفهانی ١: ١١٤، ابن كثير سيرة النبوية ١: ٣٨٦، الحريری أبو موسى، قس و نبی ٩٥

له ئایەتێکی تردا، بە ڕوونی باسی ئەو وەگێڕانە دەکا، کە قەشە وەرەقە خەریکی بوو. و بووبووە سەرچاوەش بۆ ئاسانکاری لە بانگەیژەکەی محمد. و تێگەیشتنی عەرەب لە ناوەرۆکی پەیامەکەی. کە ڕۆژانە دەیەویست بیگەیێنێ.

القرآن الكريم - سورة الزخرف ٤٣: ٣

إِنَّا جَعَلۡنَـٰهُ قُرۡءَٰنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ (٣)

لەڕاستیدا، ئێمە قورئانمان کردۆتە عەرەبی بۆ ئەوەی لێی تێبگەن (٣)

هەروەها لە سوڕەتی (هود) دان بەوە دادەنێ، کە ئایەتەکان لەلایەن پسپۆڕێک ڕوونکراونەتەوە. ئەو پسپۆرەش بێجگە لە قەشە وەرەقە ناتوانێ کەسێکیتر بێ.

القرأان الكريم - سورة هود ١١: ١- ٢

الٓرۚ كِتَـٰبٌ أُحۡكِمَتۡ ءَايَـٰتُهُۥ ثُمَّ فُصِّلَتۡ مِن لَّدُنۡ حَكِيمٍ خَبِيرٍ (١) أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّا ٱللَّهَۚ إِنَّنِي لَكُم مِّنۡهُ نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ (٢)

الر، پەرتووکێکە ئایەتەکانی بە پتەوی داڕێژراون. دواتر لەلایەن کارزانی کارامە ڕوونکراونەتەوە (١) بێجگە لە خودا هیچی تر مەپەرستن. منیش بۆتان ئاگادارکەرەوە و مۆژدە دەرم (٢)

لە قورئاندا بە ڕاشکاوی دەڵێ: محمد هیچی لەسەر نییە. تەنیا ئەرک و ئاسانکاری، لە پەیامی پێشتر کە بۆی مانەتەوە بڵاو دەکاتەوە.[236]

[236] الحريري أبو موسى (٢٠٠٥) قس و نبی، بحث فی نشأة الإسلام قس. ص ١١٩

دووەم

خاڵێکیتر، کە دەبێ ڕەچاوبکرێ. و تەواوکەری خاڵی یەکەمە، لە سەرتاسەری قورئانی مەککە، بێجگە لە سورەتی الأعراف ئایەتی ١٥٧ و ١٥٨ لە هیچ ئایەتێکیتر، لەو قۆناغەدا (قۆناغی مەککە) محمد بە نەبی ناو نابا. بەڵکو بە موژدەدەر (مبشر) و ئامۆژگاریکەر ناوی دەبا.

القرأن الكريم – الأعراف ٧: ١٥٧ – ١٥٨

ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِيَّ ٱلۡأُمِّيَّ ٱلَّذِي يَجِدُونَهُۥ مَكۡتُوبًا عِندَهُمۡ فِي ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَٱلۡإِنجِيلِ يَأۡمُرُهُم بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَىٰهُمۡ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡخَبَٰٓئِثَ وَيَضَعُ عَنۡهُمۡ إِصۡرَهُمۡ وَٱلۡأَغۡلَٰلَ ٱلَّتِي كَانَتۡ عَلَيۡهِمۡۚ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِهِۦ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَٱتَّبَعُواْ ٱلنُّورَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ مَعَهُۥٓ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ (١٥٧) قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُمۡ جَمِيعًا ٱلَّذِي لَهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحۡيِۦ وَيُمِيتُۖ فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِ ٱلنَّبِيِّ ٱلۡأُمِّيِّ ٱلَّذِي يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ وَكَلِمَٰتِهِۦ وَٱتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمۡ تَهۡتَدُونَ (١٥٨)

بۆ ئەوانەی کە شوێن پەیامبەر کەوتوون. کە پەیامبەرێکی ئومیە. و لەلایەن پەروەردگارەوە هاتووە (١٥٧) بڵێ ئەی خەڵکینە من پەیامبەر و نێردەی خودام، بۆ ئێوە هەمووتان ................. کەواتە باوڕ بە خودا و پەیامبەری بهێنن. کە نێرداوێکی ئومیە. ئەویش باوەڕی بە خودا و ووتەکانی هەیە. ئێوەش شوێنی کەون و پەیڕەوی بکەن. تا بکەونە سەر ڕێگای ڕاست (١٥٨)

کاتێ لە سەرتاسەری قورئانی مەککە، محمد بە نەبێ ناو نابا. بەڵکوو وەک موژدەدەرێک دەیناسێنێ. بۆمان دەسەلمێنێ. محمد تەنیا موژدەدەرێکی نەساڕی بووە. هیچکام لە قەشە وەرەقە و محمد بیریان لە نەبییەتی نەکردۆتەوە. بەڵکوو بەپێی ڕێنمایی پەیمانی کۆن. قەشە

ومرەقە دەیەویست محمد پەروەردە بکا، تا لە دوای مردنی خۆی، ببێتە جێنیشینی، بۆ سەرپەرشتی، نەسارییەکانی ناوچەکانی حیجاز. بۆ ئەوەی دوای مەرگی قەشە ومرەقە کاروباری ڕەوتی یەهودیە نەسارییەکان هەر بەردەوام بێ. [237]

نموونەیەکیتر، کە ئەو شتە پشتڕاست دەکاتەوە. نووسراوێکی بچووک، کە بریتیە لە تەنیا هەشت دێر. ئەو دەقە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی هەشتەمی س.ب بەڵگەنامەیەکە، چەند ڕوونکردنەوەیەکی سەبارەت بە مێژوو و ناوی کەسانی، بەشدار لە شەڕی بەدری تێدایە. بە شێوەیەکی ڕووماڵ سەبارەت بەو سەرکەوتنەی، یاوەرانی محمد بەسەر مەککیەکاندا.

لەناو ئەو دەقە ناوی محمد دوو جار هاتووە، بەڵام بەبێ پێدا هەڵگوتنی وەک (صلی الله علیه و سلم) یان شتێکی لەو شێوەیە. [238]

دەقێکی تر لەسەرکاغەزی بەرەدی. بەڵام ئەوەیان درێژترە. وگێڕانەوەیەکە لە نزیکەی ٢٠ لاپەڕەدا. باسی قۆناخی سەرەتای محمد لە مەدینە دەکا. لەوەدا چیرۆکی گفتوگۆی لەگەڵ خەڵکی مەدینە دەخوێنیتەوە. ئەوەش وەک خۆ ئامادەکردن و مانەوەی لەوێ.[239]

تەنانەت لە قوناغی مەدینەش، تا ماوەیەکی زۆر، کاریگەری و ڕۆڵی دیار و بەرچاوی قەشە و ڕەبەنەکانی نەساری، لەسەر محمد هێشتا هەرماوە. و بە ڕوونی بەدیدەکرێ. ئەوەش ڕەنگدانەوەی ئەو هەوڵە زۆرەی بۆ پەروەردەکردنی دراوە. لە ئایەتی قورئانی مەدینە ئاماژەی

---

[237] الحريري أبو موسى (٢٠٠٥) قس و نبی، بحث فی نشأة الإسلام قس. ص ٨٧

[238] A. Grohmann (1963) Arabia pappyri from Hirbet, el. Mird. Louvain-Leuven. Bibliothéque du Muséon. Vol. 52. 1963

[239] De Prèmare, Alfred-louis (2002) The foundations of Islam, between Writing and History. Pp 18

پێکراوە. کە چەند کەسانی دڵسۆز و نەرم و بێفێزن.

القرآن الكريم – سورة المائدة ٥: ٨٢

لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ ٱلنَّاسِ عَدَٰوَةً لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلۡيَهُودَ وَٱلَّذِينَ أَشۡرَكُواْۖ وَلَتَجِدَنَّ أَقۡرَبَهُم مَّوَدَّةً لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّ مِنۡهُمۡ قِسِّيسِينَ وَرُهۡبَانًا وَأَنَّهُمۡ لَا يَسۡتَكۡبِرُونَ (٨٢)

دەبینی نزیکترین لە سۆز و خۆشەویستی بۆ ئەوانەی باوەڕیان هێناوە. ئەوانەن کە دەڵێن: ئێمە نەسرانین. ئەوەش لەبەر ئەوەی هەندێکیان قەشەن و هەندێکیشیان ڕەبەنی (ڕهبان) دیندارن بێگومان ئەوانە لەڕاستی ڕەواییدا خۆ بە زلزان نین(٨٢)

هەرچەندە سوڕەتی المائدة سووڕەتێکی مەدینەیە، بەوەش بۆمان دەسەلمێنێ، تا قۆناخی کۆتایی مەدینە، و دوای کۆچی نەسارییەکان و قوڕەیشیە هاوپەیمانەکانی. شتێک بە ناوی دینێکی نوێ بوونی نەبووە. دوای کۆچ و بوونی ئەو هەموو شەڕکەرە لە مەدینە محمد و قوڕەیشیەکانی تری یاوەری، بە خەیاڵی دینێکی نوێ داهاتن، کە ڕەنگدانەوەی ژیان و هەڵومەرجەکانی بیابانی دوورگەی عەرەبی بێ. بەڵام هێشتا نووسەری قوڕئان، لە ژێرکاریگەری نەسارییەکان دابوو. و ئەوانی بە دلسۆز و پشت و پەنا دەزانێ. و بۆ هەر کارێکی دین، ڕاڤەی کارە ئاڵۆزەکان، ڕوو لەوان دەکرد.

دوا بەڵگەی زۆر گرنگ، سەبارەت بە محمد و دینی یەهودی نەساری. ئەو ڕۆژەی مەککە لەلایەن لەشکری دەوڵەتی ئیسلام داگیرکرا. ئەو کاتەی محمد گەیشتە مەککە، یەکسەر چووە ناو بەیت. و فەزلی کوری عەباسی کوری عبدالمطلبی نارد، کە هەندێک ئاوی زەمزەم بێنێ. دوایی فەرمانی دا قوماشێک تەڕکەن و ئەو وێنانەی لەسەر بەرد و دیوارەکانی ناوەوەی کەعبە دروستکرابوون، پێ ڕەشکەنەوە. هەر لەو کاتە، دەستی لەسەر دوو وێنە دانان، و

گوتی بێجگە لەوانەی لە ژێردەستم دان، ئەوانیتر هەمووی ڕەشکەنەوە. کە دەستی بەرزکردەوە وێنەی یەسو (عیسا) و مریەمی دایکی بوون. [240]

ئەو ڕووداوە دەیسەلمێنێ، تا ڕۆژی داگیرکردنی مەککە، محمد و یاوەرانی هەر لەسەر دینی نەسارِی بووین. و دوای ئەوە، هەنگاو بۆ دروستبوونی دینی ئیسلام هاویشتراوە.

بۆیە دەتوانین بڵێین دینی ئیسلام وەک ناوێک بووە، بۆ دەوڵەتە نوێکەی مەدینە. ئەوەش هەنگاوێک بووە، لە لاساییکردنەوەی دەوڵەتی ڕۆم لە هەنگاونان بۆ دانانی دینی کریستیانی بە دینی دەوڵەت.

پرۆسەی پەروەردەکردنی محمد، لە سەرەتادا بۆ نەبییەتی نەبووە. بوڵکوو بۆ ئەوە بووە ببێتە ئەسقەف بەسەر کاروبارەکانی دین لە حیجاز. بەڵام یەکەم مردنی قەشە وەرەقە و دواتریش مردنی خەدیجەی هاوسەری و ئەبی تالبی مامی. بە تایبەتی لە کۆتایی قۆناغی مەککە، دەست والابوونی محمد لەلایەک و لەلایەکیتر گۆڕانی هەلومەرجەکانی سیاسی و سەربازی وایکرد. لەشکرێکی نەسارِیەکان و قورەیشیەکان وەک چەکداری خاوەن ئەزموون بێنە شاری مەدینە. و دروستبوونی دەرفەتێکی گەورە بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسلام. بەڵام هێشتا پرسی دین، لە ئارادا نەبووە. تا داگیرکردنی مەککە لە ساڵی ٦٣٠ س.ب. کە دەکاتە تەنیا دوو ساڵ بەر لە کۆچی دوایی محمد. ڕەنگە بتوانین بڵێین پرسی دەرسبوونی دینی ئیسلام، دوای محمد هاتبێتە ئارا. زۆربەی نیشانەکان بەو ئاڕاستەیە دادەڕۆن!! بۆیە گریمانەی بەهێز ئەوەیە دینی ئیسلام، ماوەیەکی زۆر دوای کۆچی دوایی محمد دروست بووبێ.

---

[240] الحريري أبو موسى (٢٠٠٥) قس و نبی، بحث فی نشأة الإسلام، ص ١٩

# بەراورد لە نێوان وەحی دینی کریستیان و ئیسلامدا

بەرکوڵی باس

دین بەرهەمی هزری مرۆڤە. دیاردەیەکە هەر لە سەرەتای پەیدابوونی هۆش و گەڕانی بەدوای ناسنامەیەکدا، چەکەرەی کردووە و ئیتر هەنگاو بە هەنگاو پەرەی سەندووە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی قۆناخی ڕاووشکار و بەرەو کۆمەڵگەی کشتوکاڵی. ئەنجامی تەمی ئەو ئەندیشە و گەشەسەندنیان، بە درێژایی دەیان هەزار ساڵ، هەر لەو کاتەی مرۆڤ زمانی گرۆگاڵی کردووە. و هەستی بە سرووشتی بێ لەمپەری دەوروبەری کردووە. لە هەمانکاتدا هەنگاو بە هەنگاو ئەو ئەندیشانە تەراویلکەی ئاسۆییەکی دووریان لە مێشکی مرۆڤ دا کردۆتە چەقی بیرو باوەڕیک. و بوونەتە هۆی بزواندن و فراوانترکردنی ئاستی هوشیاری.

ئەو چەکەرەکردنی هزر و پەیدابوون لەلایەک، و لەلایەکیتر داکوتانی ڕیشەی کولتوور و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بوونەتە پێویستی بیروباوەڕێک کە بتوانێ بەلای کەمی وەڵامی هەندێک پرسیاری گرنگی پێبێ. ئەوەش وایکردووە کولتووری کۆمەڵایەتی و هزری پرسیارە گرنگەکان، دیاردەیەکی نوێ بێننەدی.  و ناوی لێ بنێن دین. بە درێژایی مێژووی هەزاران ساڵ کولتووری کۆمەڵایەتی و دین بە شێوەیەکی هاوتەریب یەکتریان تەواو کردووە. و ڕەگو ڕیشەی کۆمەڵگە و نەرێتەکانی ڕۆچوونەتە ناو دین. و توانیویانە فۆرم و ناوەرۆکی پیکبێنن. لەلایەکی تریش دین ڕەنگدانەوەی ژینگەی کۆمەڵایەتییە و لە چوارچێوەی ئەو کولتوورە

گەشە دەکا. یان بە شێوەیەکیتر دین لە هەناوی کۆمەڵگە و شێوەی بیرکردنەوەی چەکەرەی کردووە. بۆیە بۆ لێکۆڵینەوە لە هەرکامیان دین یان کۆمەڵگە ناکرێ ڕەچاوی ئەو ڕەگوڕیشە مێژووییە نەکرێ کە پێکی بەستوونەتەوە.

لێکۆڵینەوە لە بوراەکانی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و دەروونناسی. ئەوەی دووپاتەکردۆتەوە .کە گرنگی گەڕان بەدوای ڕێچکە باریکەکانی پەرسەندنی هزری مرۆڤ و کاریگەرییەکانی. وەک پاشخانێک بۆ کۆمەڵگە و بیروباوەڕەکانی، بەردی بناخەن بۆ گەیشتنە ئەنجامی ساخکردنەوە. [241]

بۆ بەراوردکردنی دوو دین، چەند چمکێک هەن، کە وەک چەقی پیرۆزی دین دەبینرین. ئەو چمکانە دیندار بە دین و پیرۆزییەکانی دەبەستنەوە.، لە چاوێلکەی ئەو چمکانە، پەیوەندی دین و دیندار دەبینین. لە هەمان کاتدا، هەر ناوەرۆکی ئەو چمکانەن بنەڕەتێکی هاوبەش لە دین پێکدێنن. و لیکدانەوەیان دەبیتە فاکتەری یەکلاکەرەوە. بۆ لەلایەک تێگەیشتن لەبەهای پیرۆزی ئەو چمکانە.
لە بەرئەوەی وەک دیاردەیەک بە شێوەی جیاوز و ناوچەیی، لە ناو گشت دینەکاندا بوونیان هەیە. لێکۆڵەرەوە بۆ ساخکردنەوەی ئاستی پێشکەوتنی هەر یەک لە دینەکان و ژینگەیان. دەتوانێ وەک کۆمپاسێک بەکاریان بێنێ، بۆ ئاستی بیرکردنەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و شێوەی پەیوەندیان بە خودا.

ئەو چمکانەش: وەحی، خودا(الله)، باوەڕ (عقیدە)، مرۆڤ،ڕاستی، هەڵە، نەبیەتی، پیرۆزی و هتد. لە هەر دینێک دا، وەک کلیل وان بۆ کردنەوەی دەرگای ژوورە نهێنییەکانی پەیوەندی نێوان دیندار و دین و خودا، و شێوەی پەرستن. هەر یەکیش لە دینەکان بە شێوەیەک

[241] Durkheim, Emile (1995) The Elementary forms of Religious life

تێڕوانینی لەسەریان هەیە. مرۆڤ بە خوێندنەوەی هەمان چمک، لە ناو دەقەکانی دوو یان چەند دینێک. دەرفەت وەردەگرێ، تا بەراوردێکی فرەڕەهەندیان بۆ بکا.

لەم باسەدا چمکی (وەحی) هەڵبژێردراوە، بو پەیوەندی خودا بە نەبییەکانەوە، بەراورد دەکرێ. لێکۆڵینەوەکە سەبارەت بە جیاوازی ڕێگای وەحی. و چۆنییەتی دروستبوونی فۆرمی دین. و پەیوەندی دیندار بە دەقەکانی وەحی و کۆمەڵگە بەگشتی گرێدەدا.

وەحی

وەحی یان پەیامی خودا بۆ پەیامبەران لە هەر دینێک، شێوەیەکی تایبەتی خۆی هەیە. ئەو شێوەیەش دەتوانێ هەم ئاراستە و هەم ناوەرۆک و فۆرمی دین دروست بکا. ئەو فۆرم و ناوەرۆکەش لە ڕێگای لێکۆڵینەوە، دەتوانرێ چۆنییەتی دین و پیرۆزییەکانی، لە ڕێگای پەیامەکانی وەحی بەدی بکرێ. هەروەها هۆکاری دیاردە و ڕەفتاری دینداران دەستنیشان بکرێ. تا دەگاتە ئاستی فەرمانبەرداری تاکی باوەڕدار. بۆیە بە قووڵبوونەوە لە شێوە و ناوەرۆکی وەحی، سیما و جیهانبینی دین ئاشکرا دەبێ. مرۆڤ لە ڕوانگەیەکی تر و بە شێوەیەکی روونتر، بە ناوەرۆک و ڕەوتی دین ئاشنا دەبێ. تا دەگاتە چوارچێوەی پەرەسەندنی کۆمەڵگە و شێوەی پەیوەندی دیندار لەگەڵ خۆی و دینەکەی. ئەوەش لە بنەڕەتدا، کاردانەوەی دوولایەنەی دین و کۆمەڵگەیە لەسەر یەکتری. کە ڕەگەکانی لە قووڵایی کولتووری شارستانی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆچوون. ئەوەش لە چوارچێوەی ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو. کە شوێنەواری لەو چەند هەزار ساڵەی دوایی، مۆرکی خۆی بەڕاشکاوی لەسەر داناوە. [242]

[242] قزی، جوزف (٢٠٠٦) بين المسيحيه و الاسلام. دار من اجل المعرفه. دار عقل. لبنان ل ١٠

ئەو باسە، بە نۆ خاڵ یان نۆ ڕەهەند، چمکی وەحی و ڕەنگدانەوەی لە نێوان دوو دینی کریستیان و ئیسلام بەراورد دەکا. هەوڵێکە بۆ ڕەواندنەوەی تەم و مژ لەسەر تێکستە پیرۆزەکانی هەردوو دینەکە. و دیاردەو شێوەڕەفتاری دیندار . کە بە ڕۆڵی خۆی هاوسەنگییە لە نێوان ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگە و دین. ئەوەش دەرفەتمان دەداتێ، کە گرێ ئاڵۆزەکانی دین بە شێوەیەکی سادەتر ببینین و تێبگەین.

کە دەڵێین وەحی کریستیانی ئەوە هەردوو پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ دەگرێتەوە. لەبەر ئەوەی دینی کریستیانی بەردەوامی دینی جولەکەیە. و باوەڕیشی بە پەیمانی کۆن (لە دینی جولەکە دەبێتە تەناخ) هەیە. ئەوەش بە شایەتی ووتەی یەسوی کریست، لە ئینجیلی مەتیاس (مەتی) دا.

لە ئینجیلی مەتیاس (مەتی) ٥: ١٧ - ٢٠

(١٧) وا بیر نەکەنەوە من هاتووم تەورات یان نووسراوی پیامبەران بسڕمەوە. نەهاتووم بۆ سڕینەوەیان. بەڵکو هاتووم بۆ تەواوکردنیان(١٨) ڕاستیتان پێ دەڵێم: هەتا زەوی و ئاسمان لەئارادا بێت، تیپێک یان خاڵێک لە تەورات لەناو ناچێ، هەتا هەمووی دێتە دی (١٩) بۆیە ئەوەی بچووکترینی ئەمڕاسپاردانە بشکێنێت و خەڵکیش ئاوا فێر بکا، لە شانشینی ئاسمان بە بچووکترین ناودەبري. بەڵام ئەوەی پەیڕەوی بکات و خەڵکی فێر بکات، لە شانشینی ئاسمان بە مەزن ناودەبردرێ (٢٠) ئیتر پێتان دەڵێم: ئەگەر ڕاست و دروستیتان لە مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان زیاتر نەبێت، هەرگیز ناچنە ناو شانشینی ئاسمان

تێبینی:

ڕەنگە هەندێک چمک و دەربڕین لە نێوان خاڵەکاندا دووبارە ببنەوە، ئەوەش دەگێڕێتەوە بۆ هاوبەشی ئەو چمک و دەربڕینانە لە نێوان خاڵە جیاجیاکان.

خاڵی یەکەم:

وەحی وەک پەیامی مێژوویی و کۆمەڵایەتی

وەحی لە دینی کریستیانی پەیامێکی مێژووییە. واتە لەسەر بنچینەی مێژوویی و کرۆنۆلۆژیای ڕووداوەکان و کاریگەریان وەستاوە. بۆیە هەر پەیامێک بە کۆنتێکستی خۆیەوە بەندە. هەمیشە بە ڕووداوێک یان چەند ڕووداوێک بەستراوەتەوە. و لە گەڵیان کاردانەوەی هەیە. لە هەر ڕووداوێک یان دیدارێکی خودایی دیاردەی شوێن و کات بە ڕوونی دیارە. بەو پێیەش ڕووماڵی دۆخی کەسەکان و گۆڕانکارییەکان، بە شێوەی چیرۆکی پڕ ووردەکاری دەگێڕدرێتەوە. کە تێیدا هەمیشە ڕەچاوی کولتوور و شارستانی و نەرێت، لە گەیاندنی پەیامەکان دا کراوە. ئەو پەیامە بە پێی هونەر و ئەدەبی تایبەتی کات و شوێن لە شێوەی گێڕانەوە دا، بەڕاشکاوی دیاردەکەوێ.

ئەم دەربڕینەش بەڕاشکاوی لە کۆنگرەی دووەمی ڤاتیکان، بەو شێوەیە دەربڕدرا: پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ووشەی خودا و ڕووداوە مێژووییەکاندا هەیە. کە بە تەنیا هزر و تیوورییەکان ناگرێتەوە. بەڵکوو مێژوو و ڕووداوەکانیش بەشێوەی کرۆنۆلۆژی، تێگەیشتنی هەلومەرجەکان لەخۆدەگرێ. [243]

243 دستور عقائد فی الوح الالاهی عدد کۆڕی دووەمی ڤاتیکان لە نیوان ساڵانی ١٩٦٢ – ١٩٦٥ بەسترا. کۆڕەکە بریتی بوو لە چوار هەنگاو. و بە گرنگترین ڕووداوی ساڵانی ١٩٠٠ دادەنرێ. لەو کۆڕەدا کەنیسەی کاتۆلیک بەخۆداچوونەوەیەکی مەزن و نوێکردنەوەیەکی بەرفراوانی لە باوەڕ و بۆچوون و ڕێکخستنەکانی کەنیسەی کاتۆلیکی داکرد.) کۆڕی یەکەمی ڤاتیکان لە ٨ – ١٢ - ١٨٦٩ تا ٢٠ – ١٠ – ١٨٧٠ ی خایاند.

دەتوانین بۆ سەلماندنی شێوە و فۆرمی ئەو پەیوەندیە، بەدواداچوونێک دەربارەی سەفەری ئیبراهیم لە ئوری کلدانی بۆ حاران و دوایی بەدیداری لەگەڵ خودا دا. [244] یان دۆزینەوەی موسا لە قەراخی نیل. تا دەگاتە دیداری لەگەڵ خۆدا لە کێوی هۆریب. سەرەڕای ئەوەی بە شەقکردنی دەریا و گەیشتنە خاکی بەنی ئیسرائیل. [245]

دوای مردنی موسا، چۆن خودا فەرمانی بە یەشوی کوڕی نون کرد، بۆ کۆکردنەوەی هۆزەکانی بەنی ئیسرائیل .... هتد. دەبینین چۆن وەحی شێوەیەکی کرۆنۆلۆژیای هەیە. و لە هەر هەنگاوێک، دیدارەکانی شوێن و مێژوو و دەرئەنجامی ڕوونی سەبارەت بە ڕووداوەکان ئاوەڵاکردووە. لە دینی کریستیانیش گشت ڕووداوەکانی لە چوارچێوەی ئینجیل دان. هەنگاو بە هەنگاو، [246] گشت ئەو ڕووداوانە، ئەگەر چیرۆکی جیا جیا و لە سەردەمی جیاجیان لە ناو تەورات و دواتر ئینجیل هاتوون. کەچی تەواوکەری یەکترین و مرۆڤ هەم شوێنی جوگرافی، هەم سەردەمی ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان هەست پێدەکات. ئەوەش وادەکا بە ووردبوونەوە، هەڵە و خورافیە نالۆژیکییەکانی ناو دەقەکانیش بە ئاسانی ببینرێن. بەوەش ڕێگا ئاوەڵادەبێ بۆ ڕەخنە و بە دواداچوون.

وەحی لە ئیسلامدا

لە ئیسلام دا وەحی پەیوەندی بە ڕووداوی مێژووییەوە نییە. تەنانەت ڕەچاوی کەسی گەیێنەریش (محمد) ناکا. کات و شوێن بوونیان نییە. هیچ پەیوەندی لە نێوان دەقی وەحی و ژیانی بەرفراوان و کولتووری دەوڵەمەندی کۆمەڵگە دا نییە. تەنانەت ئامۆژگاری و بێ پەندەکان بێ بنەمان یان هەڵەی تێدایە. بۆیە وەحی لە ئیسلام پەیامێکی ئەبستراکتە، بەبێ

---

[244] هورات - ئەفراندن
٧ تەناخ - یەشو ١: ١
[245] تەورات - دەرچوون
[246] تەناخ - یەشو ١: ١

بوونی کات و شوێن. ئەوەش هۆکاری سەرەکییە کە باوەڕدار ناتوانێ، بە ئاسانی خۆی تێدا بناسێتەوە. بەڵکوو وەک دەقێکی پیرۆزی سەپاو وەریدەگرێ. بەبێ ئەوەی بزانێ کەی و لە کوێ و بۆ ئەو پەیامە هاتووە. با وەک نموونە سەیرێکی ئەو چەند ئایەتە بکەین:

سورەتی یس ٣٦: ١٣ - ١٧

وَٱضۡرِبۡ لَهُم مَّثَلًا أَصۡحَـٰبَ ٱلۡقَرۡيَةِ إِذۡ جَآءَهَا ٱلۡمُرۡسَلُونَ (١٣) إِذۡ أَرۡسَلۡنَآ إِلَيۡهِمُ
ٱثۡنَيۡنِ فَكَذَّبُوهُمَا فَعَزَّزۡنَا بِثَالِثٖ فَقَالُوٓاْ إِنَّآ إِلَيۡكُم مُّرۡسَلُونَ (١٤) قَالُواْ مَآ أَنتُمۡ إِلَّا
بَشَرٞ مِّثۡلُنَا وَمَآ أَنزَلَ ٱلرَّحۡمَـٰنُ مِن شَيۡءٍ إِنۡ أَنتُمۡ إِلَّا تَكۡذِبُونَ (١٥) قَالُواْ رَبُّنَا يَعۡلَمُ
إِنَّآ إِلَيۡكُمۡ لَمُرۡسَلُونَ (١٦) وَمَا عَلَيۡنَآ إِلَّا ٱلۡبَلَـٰغُ ٱلۡمُبِينُ (١٧)

دە بەسەرهاتی خەڵکی ئاواییەکەیان بە نموونە بۆ بگێڕەوە، کە نێردە چوونە لایان (١٣) ئەو دەمەی دووکەسمان ناردن، کەس بڕوای پێ نەکردن، نێردەی سێ یەمیشمان نارد، کە یارمەتی ئەوان بدا. گوتیان ئێمە بێگومان بۆلای ئێوە نێردراوین (١٤) گوتیان ئێوە وەک خۆمان مرۆڤن. خودا هیچی نەناردۆتە خوار، ئێوە تەنیا درۆزنن (١٥) گوتیان پەروەردگارمان خۆی دەزانێ، کە ئێمە بۆ لای ئێوە ڕاسپێردراوین (١٦) گوتیان: ئێمە ئەوەندەمان لەسەرە، پەیامی ئەو بە ڕوونی بگەیەنین (١٧).

لەو چەند ئایەتە خودا دەیەوێ باوەڕداران بە پەندێک ئامۆژگاری بکا. کە چی بەسەر ئاواییەک هێناوە، تەنیا لەبەر ئەوەی باوەڕیان بە نێردەکانی ئەو نەکردووە. بەڵام بە هیچ شێوەیەک نە کات، نە شوێن، نە کام نەتەوەیە تەنانەت نێردەکان دیار نییە کێن. دیمەنێکی پڕ تەموومژ. باوەڕدار ناتوانێ، خۆی تێدا بناسێتەوە. و دوور لە تێگەیشتنی پەیڕەوکارانی ئیسلامە. بۆیە بە ناچاری دەبێ سیناریۆی بۆ دروستبکرێ. ئەو سیناریۆیانەش چ پەیامبەر خۆی وەک پاشکۆ بە فەرموودە یان ڕاڤەکاران و مێژوو نووسانی موسوڵمان، بۆ پینەکردن

و دۆزینەوەی ڕوونکردنەوەیەک تووشی هەڵەی مێژوویی، کۆمەڵایەتی دەبن. ناتوانن چۆن ڕوونی بکەنەوە. هەر یەکەیان دەقی ڕاڤەی پێشتری خۆی دووبارە دەکاتەوە.

لە فەرموودەیەکی محمد دەگێڕنەوە، کە لەگەڵ هاوارێک شاری ئەنتاکیا وێران بوو. یەک لەوانەی کە دەگێڕێتەوە قتادەیە، ئەویش لە ابن عباس وەریگرتووە، کە دەڵێ جوبرائیل هاوارێکی کرد، ئەو کافرانەی کە مابوون، ئەوانیش مردن. [247]
ابن اسحاق لە وهب بن منیە و کعب دەگێڕێتەوە: لە شاری ئەنتاکیا یەک لە فیرعەونەکان، بەناوی أنطیخس کوڕی أنطیخس کوڕی أنطیخس، بوتی دەپەرست. و هاوبەشی بۆ خودا دروست دەکرد. خودا نێردەی بۆ ناردن، کە سێ کەس بوون. سادق و سادوق و شەلوم. خودا دوو کەسی بۆ شارەکەی ناردن . کە بە درۆیان هێنانەوە، خودا سێیەمیشی نارد. [248]

ابن اسحاق بەردەوام دەبێ و دەڵێ ئەوانە لە قوتابیانی کریست (مسیح) بوون. کاتی فیرعەون سوور بوو، لەسەر کوشتنی ئەو قوتابیە نێردراوانەی کریست لە ئەنتاکیا. خودا فیرعەون و سەرجەم خەڵکەکەی لەناوبردن. دواتر ابن اسحاق بۆ ڕاڤەکردنی قوڕئان دەڵێ : ئەو پاشایە و خەڵکی ئەنتاکیا لەناو چوون، لەسەر ڕووی زەوی نەمان، هیچ کەسیان دەرنەچوون. [249]

ئەوەی جێگای هەڵوێستەکردنە، ئەو پێنج ئایەتە چەند ئەبستراکتن و دوورن لە تێگەیشتنی دیندار. دوو ئەوەندە ڕاڤەکاران بە دروستکردنی مێژوویێکی ساختە تێکیانداوە: هەموو ڕاڤەکارانی ئیسلام، ئەو ئاواییە، بە شاری ئەنتاکیا دادەنێن.

---

[247] تفسیر القرطبی، تفسیر سورة یس

[248] ئەنتیخس لە ڕاستیدا ناوی بنەماڵەی سێلیکوس نیکاتۆربوو، هەر ناوی ئەنتاکیاش لەوەوە هاتووە. بڕوانە سەرچاوەی ١٠

[249] تاریخ الطبری، المجلد الاول صفحة ٣٧٩ - ٣٨٠

کورتەیەک دەربارەی شاری ئەنتاکیا:

شاری ئەنتاکیا دەکەوێتە باکووری سووریای کۆن، بە دیوی تورکیاوە کە ئێستا نزیکەی ١٩ کم لە سنووری سوریا دوورە. ٣٠ کم لە دەریای ناوەڕست دوورە. ئەو شارە ساڵی ٣٠٠ پ.ز لەلایەن سێلێکوس نیکاتۆر (Selecus Nicator) دروستکراوە. سێلێکوس یەک لەو چوار سەرکردەیە بوو، کە دوای مردنی ئەسکەندەری مەزن. لە دابەشکردنی دەستەڵات، ناوچەکانی سووریای بەبەر کەوت. مەبەستی سەرەکی لە دروستکردنی شاری ئەنتاکیا ئەوەبوو ، شوێنەکەی زۆر ستراتیژی بوو بۆ بازرگانی و بەستنەوەی ڕۆژهەڵات بە ئەوروپاوە وهەر ئەوەش بوو وایکرد ئەنتاکیا هەر لە سەرەتاوە، ببێتە شارێکی مێترۆپۆلیتان. [250]

چەند هەڵەیەکی ڕاڤەکاران دەربارەی ئەو چیرۆکە و شاری ئەنتاکیا:

یەکەم: ناوی (ئەنتاکیا)، لە ئەنتیۆخوس (Antiochus) هاتووە کە دەگەڕێتەوە بۆ ناوی بنەماڵەی سێلێکوس. تا ئەو ناوە و بنەماڵەکەیان، بە نەمری بمێنێتەوە. نەک فیرعەون ناوی (أنطیخس کوڕی أنطیخس کوڕی أنطیخس) بووبێ.

دووەم: هیچ کاتێک ئەنتاکیا پایتەختی فیرعەون نەبووە. بە پێچەوانەوە، پایتەختی فیرعەونەکان هەمیشە لە میسر بووە، نەک لە سووریا و ئاسیای بچووک.

سێیەم: ئەو کاتەی ئەنتاکیا دروستکرا، چەند ساڵێک بوو ئەسکەندەری مەزن ٣٣٢ پ.ز کۆتایی بە ڕژێمی فیرعەونەکان هێنابوو. واتە فیرعەونەکان ٣٢ ساڵ بەر لە دروستکردنی ئەنتاکیا، دەستەڵاتیان نەمابوو. کەچی قوتابیەکانی کریست پۆلس و بەرنابا و سیمۆن و.... هتد ساڵی ٣٩ - ٤١ زاییی لە ئەنتاکیا بووین و هەر لەوێش دینی کریستانیان (مسیحی) دامەزراندووە. ماوەی نێوان فیرعەونەکان، تا دەگاتە ئەو کاتەی نێردەکان چووین بۆ ئەنتاکیا ، دەکاتە ٣٧١ سال.

[250] Encycklopedia Britannica, Antakya

چوارەم: لە بەر ئەوەی ئەنتاکیا شارێکی میترۆپۆلیتان و بازرگانی بوو. ئازادی ڕەهای تێدابووە. هەر پاولۆس و بەرنابا خۆیان دان بەوە دادەنێن کە بەئازادی لەوێ دەژیان و بانگەیشی دینەکەیان دەکرد. زۆر لاینگیریان پەیداکردووە.

پەیمانی نوێ - کردەوەی نێردەکان ١١: ٢٢ - ٢٣

(٢٢) ئەم هەواڵە گەیشتە کڵێسای ئۆرشەلیم، ئەوانیش بەرنابایان بۆ ئەنتاکیا نارد. (٢٣) کاتێک گەیشت و بڕشتی خودای بینی، دڵشاد بوو .

ئەوە یەک لە دەیان ئایەتی ناو قورئانە کە دوورە لەژیانی ڕۆژانەی دیندار. بەڵکوو تەنیا وەک ترسێک بۆ پیشاندانی گەورەیی خودا. تۆقاندنی دیناران و ملکەچیان هاتووە. [251]

پێنجەم: ئەو سێ نێردەی کریست (مسیح) ناوی سادق و سادوق و شەلوم نەبوون، بەڵکوو ژمارەیان زیاتر بوو. ناسراوەکانیان پاولۆس، بەرنابا و سیمۆن و تۆماس و چەند نێردەی تر بوون. ئەوانە لەبەر چەوساندنەوە، لە ئۆرشێلیمەوە ڕایانکردبووە ئەنتاکیا. لەبەرئەوەی شارێکی ئازاد بوو. هیچ کەس نەیدەچەوساندنەوە. هەڵبەتە یەکەم جار بەرنابا یان نارد بۆ ئەوێ، دوای ساڵێک ئەوسا پاولۆس و ئەوانیتر، گەیشتنەوە ئەو. بۆ گەواهی ئەوەش با چەند بڕگەیەک لە پەیمانی نوێ، بخوینینەوە:

پەیمانی نوێ - کردەوەی نێردەکان ١٣: ١

(١) لە کڵێسای ئەنتاکیا، چەند نێردەیەک و مامۆستایەک هەبوون بەرناباس، شیمۆن ناسراو بە ڕەش، کۆلیۆسیۆسی کوڕینی، مەنایینی شیربرای هیرۆدسی ئەنتیپاسی پاشا، لەگەڵ شاول (شاول ناوی پاولۆسە پیش بوونی بە کریستیان)

---

[251] الصلیبی، کمال. البحث عن مسیح قراءة جدیدە فی الاناجیل

بەو لێکدانەوەیە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەگەر ئەو شارە ئەنتاکیا نەبێ، ئەوە چیرۆکێکی دروستکراوە. ئەگەر ئەنتاکیاش بێ ئەوە هەڵەکانی لەوە گەورەترن، کە وەحی لەسەر داببەزێ. بە هەرلایەک لێکی بدەیتەوە ناتوانێ ببێتە بەشێک لە تێگەیشتنی گوێگر و هەست بەوە بکات کە ئەو ئایەتە باسی ژیان و کۆمەڵگەیەک دەکا، کە کاریگەری لەسەر ئەو هەبێ. ئەوە تەنیا بۆ تۆقاندنی باوەڕدارانە و هیچیتر. [252]

جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوانپەیامی ئەو دوو دینەدا هەیە. پەیامی کریستیان لە هەر هەنگاوێکی ڕاست یان هەڵە بەستراوەتە و بە کۆنێکستێک و باوەڕدار هەست بە دیمەنی ڕووداوەکان دەکا و دەتوانێ خۆی تێدا بناسێتەوە، یان هەڵوێستەی لەسەر بکا. کەچی لە دینی ئیسلام زۆربەی هەر زۆری ئایەتەکانی قوڕئان بۆ محمد هاتوون، بەبێ ڕەچاوکردنی هەلومەرج و کولتوور وژیانی خەڵکی. تا ئەو ئاستەی باوەڕدار نەتوانێ لێی تێبگا و وەڵامی تەنیا (الله اعلم) بێ.

خاڵی دووەم

وەحی لە نێوان سرووشی پەیامبەر و لەوحی مەحفوز

لە دینی کریستیان دەقەکانی پەرتووکی پیرۆز، بریتین لە سرووشی (إلهام) پەیامبەران. لەگەڵ هەلومەرجەکان دەگونجێن و ڕێبەرانی دین ڕاڤەی خۆیان بە پێی بەرژەوەندی دین و کۆمەڵگە دەتوانن بیگونجێنن. دەقێک نییە لە لەوحی مەحفوز نووسرابێ و نەتوانرێ مانای تری لێ نەبێتەوە. بەو پێیەش دەقەکانی تەورات و ئینجیل بە پێی کات و شوێن و باری کۆمەڵایەتی گونجاون. و هەمیشە بە سرووش گوزارە لە پەیامی خودا دەکەن. واتە دەقەکانی پەرتووکە پیرۆزەکان، گوزارەی مرۆڤن دوای دیداریان لەگەڵ خودا. دواتر بەپیی تیگەیشتنی

---

[252] پەیمانی نوێ کردەی نیردەکان

خۆیان گوزارە لەو دیدارە دەکەن. ئەوەش دەبیتە هەوێن بۆ ئاڕاستەی دین. دواتر ئەو سرووشە تۆماردەکرێن. و دەبنە ڕێنمایی و فەرمانی خودایی بۆ دینداران.

با لەناو چوار ئینجیلە کانونیەکان سەیرێکی کەسایەتی یەسوی کریست بکەین. و بزانین هەریەکەیان چۆن گوزارە لە یەسو دەکەن و هۆکارەکەشی چییە.
جیاوازی دەربڕینی نێوان ئینجیلەکان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەریەک لەو نێردانە ڕووی ئینجیلەکەی بۆ شوێنێکی دیاریکراوبووە. شێوەی دەربڕین داڕشتنەکانیش لەگەڵ کۆمەڵگە و پاشخانی کولتووری و مێژوویی ئەو نەتەوەیە گونجێندراوە. ئەوە و سەرەڕای تێگەیشتن و شێوەی دەربڕینی نێردەکە خۆی.

ئینجیلی مەتیاس (مەتی) ڕووی لە یەهودیەکان و بەنی ئیسرائیل کردووە. بۆیە ئەوەندە پێگیری لەسەر دەقەکانی تەورات دەکا. زۆربەی لەسەر پاشاکانی یەهوودی دەنووسێ. لە سەرتاسەری ئینجیلەکەی نزیکەی ٦٠ جار بە شێوەی جیاواز ئاماژە بە پەیمانی کۆن دەکا. [253]

پەیمانی نوێ - ئینجیلی مەتیاس ٥: ١٧ – ١٨

(١٧) وا بیر نەکەنەوە من هاتووم تەورات و نووسراوی پەیامبەران بسڕمەوە. بۆ سڕینەوەیان نەهاتووم. بەڵکوو بۆ تەواوکردنیان هاتووم (١٨) ڕاستیتان پێ دەڵێم: هەتا زەوی و ئاسمان لە ئارادابێ. تیپێک یان خاڵێک لە تەورات لەناو ناچێ. هەتا هەمووی دێتە دی.

[253] یوسف ریاض (٢٠١٢) من تكوين الى الرؤيا الاناجيل الاربع ص

مارکوس (مرقص) ڕووی ئینجیلەکەی لە ڕۆمانەکانە. شێوەی نووسەینەکەی لەگەڵ ئاوەز و باری کۆمەڵایەتی ڕۆما گونجاندووە. بۆیە شێوەیەکی پوخت و کورت، لە گێڕانەوەکانی دەبینین. هەروەها بچووکترین پەرتووکە لە چوار ئینجیلە کانونیەکان.

مارکوس ١: ١ - ٣

(١) سەرەتای مزگێنی یەسوی مەسیحی کوڕی خودا، لە پەرتووکی ئیشایای پەیامبەر دا نووسراوە (٢): من نێردراوی خۆم لە پێشەوە دەنێرم، ئەوەی ڕێگات بۆ ئامادە دەکا، (٣) کەسێک لە چۆلەوانی هاوار دەکا و دەڵێ: ڕێگا بۆ هاتنی خودا ئامادە کەن،ڕێچکەکانی بۆ ڕێکخەن.

لوکاس (لۆقا) پزیشکێکی یۆنانی بوو و یۆنانیش وولاتی ئەفسانە و لانکەی کولتووری چیرۆک و هونەری گێڕانەوەیە. بۆیە لە نووسینی دەقەکاندا شێوەی چیرۆکی بەکار هێناوە بۆ گەیاندنی مزگێنی.

لوکاس ١٩: ٥ - ١٠

(٥) کە یەسو گەیشتە شوێنەکە، چاوی هەڵبڕی و فەرمووی: زەکا، وەرە خوارەوە. چونکە دەبێ ئەمڕۆ لە ماڵی تۆ بمێنمەوە (٦) جا خێرا هاتە خوارەوە و بە خۆشی پیشوازی لیکرد.

(٧) هەموو بینیان و دەستیان بە بۆڵە بۆڵکرد و گوتیان، چووە بۆتە میوانی گوناهبارێک. (٨) بەڵام زەکا ڕاوەستا و بە کریستی خاوەن شکۆی گوت: گەورەم ئەوەتا نیوەی سامانەکەم، دەدەمە هەژاران. و ئەگەر بەهەر شێوەیەک فێڵم لە کەسێک کردبێ، چوار بەرامبەر دەیدەمەوە. (٩) یەسوش پێی فەرموو: ئەمڕۆ ڕزگاری بۆ ئەو ماڵە هات، لەبەر ئەوەی ئەویش کوڕی

ئیبراهیمه. (١٠) چونکه کوڕی مرۆڤ هاتووه، به دوای لەناوچواندا بگەڕێ
و ڕزگاریان بکا

بەڵام یۆهانێس (یۆحەنا) هەرچەندە ووشە و ڕاڤەی یەهودی بەکارهێناوە. بەڵام زیاتر هەوڵی داوە، یەسوی کریست بۆ ئاستی خودا بەرزتر کاتەوە. و وەک خودا دەیناسێنێ. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، لە دوای کاولبوونی ئۆرشەلیم، یۆهانێس ئینجیلەکەی خۆی نووسیوە. لەو کاتەدا دینی یەهودی ڕۆڵی نامێنێ، و دژایەتی لەلایەن دینی کریستیانی دەکرێ، کریستیانیش دەبێتە دینێکی بەربڵاو و پەرە سەندوو.[254]

پەیمانی نوێ – ئینجیلی یۆهانێس ١: ١ – ٥

(١) لە سەرەتا ووشەکە هەبوو. ووشەکە لەلای خودابوو. ووشەکە خودا خۆی بوو (٢) ئەو لەسەرەتاوە لەلای خودابوو (٣) هەموو شتیک بەو وەدیهاتووە. بەبێ ئەو هیچ شت وەدی نەهاتووە، لەوانەی کە وەدیهاتوون. (٤) ووشەکە سەرچاوەی ژیان بوو. ژیانەکەش ڕووناکی مرۆڤ بوو (٥) ڕووناکییەکە لە تاریکی دا دەدرەوشێتەوە و تاریکی بەسەریدا زاڵ نەبووە.

لە هەرچوار ئینجیلەکە ئازادییەک لە دەربڕین دەبینین، کە بەستراوەتەوە بە ئاستی زانینی نێردەکە. لەگەڵ شێوەی گێڕانەوەی و کۆمەڵگەی کە دەبێ مزگێنییەکەی ئاراستەبکرێ. هیچ دەقێک لە ناو ئینجیلەکان، چەقبەستوو نییە. مەرجی سەرەکی گەیاندنی پەیامی کریستە بە خەڵکی و بڵاوکردنەوەی دینە کە بتوانێ لەگەڵ ئارەزوو و تێگەیشتنی باوەڕداران بگونجێ.

[254] یوسف ڕیاض (٢٠١٢) من تكوين الى الرؤيا الاناجيل الاربع. ل

ئیسلام

له دینی ئیسلام به پێچەوانەوه دەقەکانی قورئان له لەوحی مەحفوز نووسراون. لەلایەن خوداوه نێردراون و نابێ دەستکاری بکرێن. به نووسرانی دەقەکانی وەحی له (اللوح المحفوظ). ئەوەش وادەکا که وەحی بەر لەوەی بۆ کۆمەڵگەبێ و ڕەچاوی ژیان و کولتوور بەتایبەتی دینداران بکا نووسرابێ. و ناتوانرێ به هیچ شێوەیەک دەسکاری بکرێ. لەبەر ئەوەی دەقێکه لەگەڵ ئەفراندندا نووسراون و لەوێ هەڵگیراون. که دەبێ تەنیا بووترێنەوه و پەیرەو بکرێن. ئەوەش سەرچاوەی چەقبەستوویی و نه جولانی کۆمەڵگەی ئیسلامی لەگەڵ خۆیدا هێناوه.

سورة البروج ٨٥: ٢١- ٢٢

(٢١) بَلْ هُوَ قُرْآنٌ مَجِيدٌ (٢٢) فِي لَوْحٍ مَحْفُوظٍ

ئەو قورئانه پایەداره(٢١) له لەوحی مەحفوزدایه (پارەزراوه) (٢٢)

به پێی ئایەتەکانی قورئان له ئیسلامدا، وەحی لەلایەن خوداوه، له ڕێگای جوبرائیلەوه دێ. محمد دەستی تێدانییه. بەڵکوو تەنیا به دەستی دووەم (لەرێی جوبرائیلەوه) وەریگرتوون. ئەو چمکەش له ده ئایەتی قورئان ڕاستەوخۆ باسی دابەزینی وەحی دەکەن. لێرەدا دوو ئایەت به نموونه دێنینەوه:

سورة الشعراء ٢٦: ١٩٢

وَإِنَّهُ لَتَنْزِيلُ رَبِّ الْعَالَمِينَ (١٩٢)

ئەوه دابەزێنراوی پەروەردگاری جیهانه (٩٢)

سورة الحاقه ٦٩: ٤٣

تَنْزِيلٌ مِنْ رَبِّ الْعَالَمِينَ (٤٣)

لەلایەن پەروەردگاری جیهان نێردراوەتە خوار (٤٣)

لە ئیسلام وەحی وەک داستانێکی درێژی پڕ ووردەکاری نیە. بەڵکوو بە شێوەی پچڕ پچڕ. ئایەت بە ئایەت، یان چەند ئایەتێک پێکەوە هاتوون. ئەو ئایەتانەش هیچ پەیوەندییەکیان بە کات و شوێن، یان ژیانی ڕۆژانەی باوەڕ دارانەوە نەبووە. [255]

بەپێی لیکدانەوەیڕاڤەکارانی ئیسلام، پەیامبەر، وەحی بەزمانی خودا داڕشتۆتەوە. واتە چۆن لە جوبرائیل بیستوویە، هەروا دەربڕیوون. و بە هیچ شێوەیەک نەڕایەکی هەیە، و نە لە قسەکانی خۆی ئاماژەیان پێدەکا. تەنیا دواتر بە فەرمووده تەواوکاری یانڕاڤەیەک دەردەبڕێ. تەنانەت بۆی نییە مێشکی خۆشی بۆ لەبەرکردن بەکاربێنێ، بەو پێیەی خودا دڵنیایی ئەوەی دەداتێ کە بۆی هەڵدەگرێ. [256]

لەوەش زیاتر، خودا هەردەم ویستبێتی وەحی بۆ محمد ناردووە، هەر کاتێکیش ویستبێتی بڕیویەتی. بەو واتایە محمد وەک پەیامبەر ناتوانێ ئیلهامێک یان بۆچوونێکی ڕاستەوخۆی تێکەڵ بە ووتەکانی خودا بکا. [257]

ئەگەر سەرنجێکی ئەو دەربڕینانەی ناو دەقەکانی قورئان بدەین، دەبینین، کە ئایەتەکانی قورئان و واتاکانیان، ناتوانرێ بەهیچ شێوەیەک نەڕاڤەی ئازادانە بکرێن و نە بەپێی کات و شوێن بگەنجێندرێن. لێرەدا کێشەکە سەر هەڵدەدا. کاتێ ئایەتێک لە سەردەمێک بۆ

[255] السیوطی، جلال الدین. الإتقان فی علوم القرأن ج ١، ص

[256] الشیخ صبحی الصالح. مباحث فی علوم القرأن ص ٣٠، ٣٣

[257] هەمان سەرچاوە ص ٣٨

سەردەمێکیتر ناگونجێ، ئەوە بە ناچاری دەبێ بە ئایەتێکیتر نەسخ بکرێ (لە خاڵی هەشتەم باس دەکرێ). لەگەڵ ئەوەش دا ئایەتە نەسخکراوەکە لاناچێ و سەر لە دینداران دەشیوێنێ. کام ئایەت لەکام هەڵومەرج دەتوانرێ بەکاربێ. بە گشتی دەقەکانی قورئان کێشەی سەرەکین، بۆ دیندار و لێکدانەوەیان.

خاڵی سێیەم:

پەیوەندی خودا لەگەڵ نەبیەکانی

دینی کریستیانی

لە دینی کریستیانی و دینی یەهودی دا، خودا هاودەمی نەبییەکانە. ڕاستەوخۆ ڕاوێژیان لەگەڵ دەکا و دەست لەکارەکانیان وەردەدا، بەشداری دیالۆگیان دەکا و هاوبەشێ خەمیانە. نەبی خودا لە ماڵی خۆی و سەررێگاکان دەبینێ. بە ووشە و دەربڕنی خۆی دێتە ناو ڕووداوە مێژوویی و چیرۆکەکانی ژیانی کۆمەڵگە. [258]

خودا خۆی هەواڵی لەدایکبوونی ئیسحاقی دایە ئیبراهیم، خۆی فەرمانی پێدا ئیسحاق بکاتە بەلاگێر و هەر خۆشی بەرانێکی پێشکەش کرد تا ئیسحاق سەرنەبڕێ. لە هەر سێ ڕێکەوتیش، خودا ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ ئیبراهیم کرد(تەورات ئەفراندن ). هەر خودا خۆی دوو جار لە دەربە دەری، سەردانی هاجەری کرد. موسای پەیامبەر لە ناکاو لە پەنا دەوەنێک، خودای لە چیای هۆریب بینی. و موژدەی پەیامبەری بۆ گەلی ئیسرائیل پێدا. خودای کریستیان، بە وەحی و شێوەی چاوەڕوانکراو لەگەڵ نەبیەکان دەدوێ. هەروەک هاوسۆز و هاودەمی بێ. خودا ڕاستەوخۆ وەحی نانێرێ، بەڵکوو نەبیەکانن دوای دیدار و ڕووداوەکان سرووشیان (إلهام) بۆ دێ. و بە ئاوەز و هزری خۆیان سەربردەکان دەگێڕنەوە.

---

[258] قزی، جوزف (٢٠٠٦) بین المسیحیە و الاسلام. دار من اجل المعرفە. لبنان ل ٢٢

بۆ نموونە، کاتی خودا لەگەڵ نەبی حەزقیێل دەدوێ. دواتر حەزقیێل فەرمانی خودا وەک کەسی سێیەم دەگێڕێتەوە:

پەیمانی کۆن - حەزقیێل ٣: ٤- ٥

> پێی فەرمووم: ئەی کوڕی مرۆڤ! بڕۆ بۆ لای بەنی ئیسرائیل و بە فەرموودەکانی من لەگەڵیان بدوێ (٥) بۆ لای گەلێکی قسە ئاڵۆز و زمان گران نەنێردراوی. بەڵکوو بۆ لای بەنی ئیسرائیل

مرۆڤ لە ڕێگای باوەڕی خودایی، بیر لە کردەوەکانی دەکاتەوە. و لە ڕێگای ئەو کردەوانە ڕاستیەکان بە باشە و بە خراپە ڕوون دەبنەوە. لە ژیانی ڕۆژانە و کردەوەکانیان، و خوداناسیان ڕەنگ دەداتەوە. بۆیە دەکری نەبی و پەیڕەوکرانی دینی کریستیانی هەم لەلایەک بە ئاسانی دەتوانن لە گەڵ پرۆسەکان بن و هەم لێشیان تێبگەن. ئەوە سەرای ئازادی بەرامبەر پیرۆزییەکان و گوزارە لێکردنیان.

ئیسلام

لە دینی ئیسلام خودا هەرگیز پەیامبەری نەبینیوە. بەڵکو لە ڕێگای فریشتەی جوبرائیل پەیامەکانی دەگەیێنێ. خودا تەنیا وەک دەستەڵات دارێک فەرمان دەدا. و دەقی وەحی بە ئایەت دەنێرێ. ئەوەش وایکردووە، ئایەت و سوورەتەکانی قورئان تێکەڵاویان تێبکەوێ پەیڕەوکار لە نێوان سێ کەس خودا، جوبرائیل و پەیامبەر، نەزانێ کێ قسەدەکا. با بە چوار نموونە سەرنجی چەند ئایەتێک بدەین:

سورة البقرة ٢: ١٩٩

له پاشان لەو شوێنە بگەڕێنەوە، کە خەڵکی لێی دەگەڕێنەوە و داوای لێبووردن لە خودا بکەن. (١٩٩)

لێرەدا کەسی سێیەم قسە دەکا، نەک خودا، فەرمان دەدا داوای لێبووردن لە خودا بکەن. ئەو کەسەکێیە؟

سورة الأحزاب ٣٣: ٥٠

ئەی پەیامبەر! ئێمە ئەوژنانەمان بۆ ڕەوادیوی، کە مارەییت پیداون، ئەوانەش کە لە تاڵان دەستت کەوتوون و خودا کردوونییەتە پشکی تۆ. هەروەها کچە مامەکانت، کچە پوورەکانت، کچانی خوشکی خاڵت، کە لەگەڵ تۆ ئاوارەبوون. بە تۆ دەشێن. [259]

کەچی لەم ئایەتە ڕاستەو خۆ خودا قسەدەکا. و مۆڵەتی مارەیی دەداتە پەیامبەر!!

سورة النساء ٤: ١٣٠

خۆ ئەگەر لەیەکیش جیاببنەوە، هەر یەکەیان پێویستی بە بەزەیی خودایە...(١٣٠)

لەو ئایەتەش کەسی سێیەمە. داواکاری خودا دەگەیێنێ!!

سورة النساء ٤: ١٣١

بەو خودایەی هەر شتێک لە ئاسمان و زەوەیدا. ئەو کەسانەش کە پێشتر پەرتووکی ئێمەیان بۆ هات، ئێوەشمان ڕاسپاردووە کە دەبێ لە خودا بترسن. (١٣١)

---

[259] قزی، جوزف (٢٠٠٦) بين المسيحيه و الاسلام. دار من اجل المعرفه. لبنان ل ١٠

به هەمان شێوە خودا باسی خۆی بە کەسی سێیەم دەکا.

لەو چەند ئایەتە، خوێنەر نازانێ کێ قسەدەکا، جارێک ڕاستەوخۆ بەناوی خۆی، و جارێک کەسێکی تر بەناوی خواد قسە دەکا، خوداش لەوێ نییە. لە هەمان کاتدا دەزانین پەیامبەر هەرگیز خودای نەبینیووە. کەچی بۆ پرسی ڕەوایی ژنهێنان خۆی، وەک کەسی یەکەم دەدوێ. سەرجەمی ئەو گۆڕانی قسەکەر لە ئایەتەکانی قورئان، وامان لێدەکات گومان لەوە بکەین کە کەسێکی ترە بە ناوی خودا قسە دەکا. یان خودا سوێند بە خۆی دەخوا. هەر دوای ئەوە بە کۆ قسە دەکات کە پەرتووکی بۆ کەسانی تریش ناردووە.
لە هەمان کاتدا بە ترس و تۆقاندن فەرمان بە گوێڕایەڵی دەدا. لە قورئان مرۆڤ لە خودا دەترسێ و پەیامەکانی زیاتر توند و یەک ڕەهەندین. ئەوەش لە سەرجەمی قورئان دووبارە دەبێتەوە. و ڕاستەوخۆ لە ژیان و خوداپەرستی موسوڵمان ڕەنگی داوەتەوە. دیندار تەنیا شتەکانی پێی دەگوترێ دووبارە دەکاتەوە. مافی ئەوەی نییە بیریان لێ بکاتەوە. تاکە وەڵام بۆ هەر پرسیارێک، کە وەڵامی پێویستی بە بیرکردنەوە هەبێ بە (الله أعلم) وەلام دەدرێتەوە. [260]

خاڵی چوارەم

وەحی وەک ئاڕاستە بۆ تاک یان کۆمەڵ

کریستیانی

لە کریستیانی وەحی متمانە لەسەر ڕێنمایی و ئامۆژگاری یەک تاکە پەیامبەر ناکا. بەڵکوو لە ماوەی ٢٠ سەدە دا، هەر لەسەردەمی ئیبراهیمەوە تا هاتنی یەسو (یسوع) پەرەی سەندووە. کە لەلایەن چەندین نەبی، یەک لە دوای یەک، دوای دیداری خودا، سرووشیان (إلهام)

[260] القرآن الكريم – النساء ٤: ١٣٠

بۆ هاتووە. پەیامی خودا بە شێوە و فۆرمێک دەگەیێنن کە لەگەڵ مێژوو و باری کۆمەڵایەتی و زمان بگونجێ. ئەوەش وەک پرۆسەیەک هەنگاو بە هەنگاو. تا دوکەوتنی کریست کە خاوەنی وەحی بنەڕەتییە. هەر بۆیە دەبینین پەرتووکە پیرۆزەکانی یەهودی تا دەگاتە ئینجیل، بریتین لە ٣٩ پەرتووک کە بە پەیمانی کۆن دەنلسرێن و (لەدینی یەهودی بە تەناخ نلسراوە). ئەو پەرتووکانە لە سەردەمی جیاجیا. و بۆ کەسی جیاجیا وەک سرووش دوای دیداری خودا گەیێندراون. لەناو ئەو پەرتووکانە جیاوازی کات و شوێن بەڕاشکاوی دیارە. و یەک لە دوای یەک، بە شێوەی کرۆنۆلۆژی یەکتری تەواودەکەن.

سەبارەت بە سرووش، نموونەیەکی دیار لە دەربڕینی یەسو سەبارەت بەوەی، بۆ قوتابیەکانی یەسو بە ڕۆژوو نابن. لێرەدا دەبینین، یەسوو بە شێوەیەکی ڕەوانبێژی بەرز و هێمای گەنجاو، گوزارە لە ویستی خۆی و جیهانی کریستیانی دەکا. [261]

ئینجیلی مارکوس (مرقص) ٢: ١٨ – ٢٠

(١٨) کاتێ قوتابییەکانی یەحیا و فەریسییەکان بە ڕۆژوو بوون، چەند کەسێک هاتنە لای یەسو. و لێیان پرسی بۆچی قوتابییەکانی یەحیا و فەریسییەکان بە ڕۆژوو دەبن. بەڵام قوتابیەکانی تۆ بە ڕۆژوو نابن؟ (١٩) یەسو پێی فەرموون بەشدارانی زەماوەند دەتوانن بە ڕۆژوو نەبن، کاتێ زاوایان لەگەڵ دایە؟ هەتا زاوا لەگەڵیان دابێ، ناتوانن بە ڕۆژوو بن. زاوایان لێ دوورخرێتەوە، ئەوسا لەو ڕۆژەوە، دەبێ بە ڕۆژوو بن.

گەیاندنی پەیامی خودایی لەلای کریستیانی، بەند نییە بە تاکە ئایەتێک لە لەوحی محفوز، بەڵکوو دەربڕینێکی ڕەوانبێژی و پڕ سرووشە. هەم گوزارە لەخواستی نەبی و خوداکەی دەکا. هەمیش بەستراوەتەوە بە پەند و ئیدیۆمی گەلێری، کەگوێگران و پەیڕەوکارانی بە ئاسانی لێی

---

[261] قزی، جوزف (٢٠٠٦) بین المسیحیه و الاسلام. دار من اجل المعرفه. لبنان ل ١٥

تێدەگەن. بۆیە دەتوانین بڵێین، خودا لەڕێگەی نەبیەکانی لەگەڵ مرۆڤ بەزمان و شێوەی خۆیان قسە دەکا. لەو کاتانە، خودا لە دەستەڵاتی خۆی دادەبەزێ و لەگەڵ مرۆڤ بە زمانێکی سادە، دەکەوێتە گفتوگۆ. ئەوە خودایە ووتەکانی، بەزمانی مرۆڤ ولەسەر شێوەی مرۆڤ لەڕێگای نەبیەکانی دەگەیێنێ.[262]

لە ئیسلام دا وەحی تەنیا بۆ یەک کەس (محمد) هاتووە. و بە یەک پەرتووک ئەویش قورئانە، بە یەک زمانە کە عەرەبیە، لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە ٢٣ ساڵی خایاندووە. لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوی عەرەب لە مەککە و مەدینە. ئەوەش لە گشت لایەکەوە سنووری وەحی تەسک دەکاتەوە. ئایەتەکانی قورئان تەنیا، بۆ یەک کەسن (محمد). نەک گشت مرۆڤایەتی. وەحی تەنیا بۆ محمدە. و تەنیا لە پێناوی بەرژەوەندی و ئارەزووەکانی ئەو دابەزیون. ڕەنگە خەڵکیتر لە هەندێ شت سوودمەند بووبن. بەڵام هەمیشە ئارەزوو و بەرژەوەندی نەبی لە پێش باوەڕدارانە. بۆیە کێشەی گەورەی وەحی لە ئیسلام، تێگەیشتن و هەست پێکردنی پەیڕەوکارانیەتی. یان بە واتایەکیتر هاتنی وەحی وەک دیمانیەکی ئەبستراکت، پەیوەندی بەژیان و کولتووری خەڵکەوە نیە. پەیامێکە دوورە لەژیانی ڕۆژانە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئاسایی خەڵکی. جا ئەوەش چ بە زمانی دەربڕین و یان پرۆسەی کردەوەکانی نەبی بەرامبەر پەیڕەوکاران. سەرجەمیشی بەناوی خودا، فەرماندەکا.[263]
نموونەیەک لەو ئایەتانەی کە تایبەتە بە بەرژەوەندی محمد. ئەویش سەبارەت بە پەیوەندی خۆی بەزەید و زەینەب:

سورة الاحزاب ٣٣: ٣٧ - ٣٨

---

[262] قزی، جوزف (٢٠٠٦) بین المسیحیه و الاسلام. دار من اجل المعرفه. لبنان ل ١٣

[263] هەمان سەرچاوە ل١٤

ئەوە بڵێ (محمد) چیت بە ئەو (زەید) گوت. کە خودا بڕشتی بەسەردا ڕشتبوو. تۆش چاکەت لەگەڵی کرد. ژنەکەت (زەینەب) لای خۆت بهێڵەوە و لە خودا بترسە. لە ترسی خەڵکی شت لە دڵی خۆت دەشاریتەوە، کە خودا ئاشکرای دەکا. سەرەڕای ئەوەی خودا شیاوترە لێی بترسی . ئەوجا کاتی زەید پێویستی پێی (زەینەب) نەما. لێی جیا بووەوە، ئێمەش ئەومان (زەینەب) لە تۆ مارەکرد. بۆ ئەوەی هیچ سەخڵەتی (تاوان) نەبێ. هیچ شتێک باوەڕداران ،لەژنانی بەکوڕکراوەکانیان (تبنی) ناگرێ. کاتێ پێویستیان پێیان نەما و لێیان جیابوونەوە، فەرمانی خودا دەبێ بێتەجێ. (٣٧) هیچ سەخڵەتی (تاوان) ێک لە سەر پەیامبەر نییە، لە (مارەکردنی زەینەب) کە خودا فەرمانی پێکردبێ. ئەوەش بە پێی سونەتی خودا ڕێگای پێدراوە. لە ناو پەیامبەرانی پێشتریش هەروا بووە. فەرمانی خوداش بڕیارێکی بڕاوەیە (٣٨)

ئەو دوو ئایەتەی سەرەوە لە سوورەتی الاحزاب دەری دەخات. کە دینداران هیچ هەست بەوە ناکەن، ئەو وەحیە پەیوەندییەکی بەژیان و شارستانییەتی باوی ئەو سەردەمەوە هەبێ. هەر بۆیە هاتن و نەهاتنی بۆ ئەوان هەر یەکە. خەڵکی ئاسایی و یاوەرانی پەیامبەر، بە کەمترین شێوە هەستی پێ ناکەن، و لێشی تێناگەن. تا خۆیانی تێدا بیناسنەوە. بەڵکوو دژایەتی ڕەفتاری محمدن و ئەو ئایەتەش تەنیا بۆمحمد و دژی ئەوان گوتراوە. سەرەڕای ئەوە لە هیچ پەرتووکیتر، یان بۆ هیچ نەبییەکی تر نەهاتووە. کە دەڵێ (ئەوەش بە پێی سونەتی خودا ڕێگای پێدراوە. لە ناو پەیامبەرانی پێشتریش هەروا بووە). ئەوە و چەندین سوورەتی تر، کە دیندار ناتوانێ بە ئاسانی لێی تێبگا و بتوانێ بیکاتە بەشێک لە تێگەیشتنی خۆی. و ڕاڤەکردنێکی خۆماڵی و سادە. ئەو بۆچوونە ڕاڤەکارانی بەناوبانگی ئیسلامیش دەگرێتەوە. سەرەڕای هەڵەی مێژوویی کەگوایە، ئەو ئۆفەرە بۆ پەیامبەرانی تریش هاتبێ!!.

خاڵی پێنجەم

بەردەوامی مێژوو لە وەحیدا

لە وەحی کریستیانەکان، پەرەسندن قۆناخ بە قۆناخ بێ بڕانەوە بەردەوامە. پەرتووکەکان گشتیان پێکەوە بەستراونەتەوە. کە بە ماوەی زیاتر لە دوو هەزار ساڵ، و بە دەیان و سەدان نەوە لە دوای یەک دا تێپەڕیون. و پەیڕەوکاری هەموو پەرتووکەکان بووین. بەوەش پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ (تەناخ و ئینجیل) دروست بووە.

بەبێ بوون و گەڕانەوە بۆ پەیمانی کۆن، پەیمانی نوێ شرۆڤەی ئەستەمە و بەتاڵ دەمێنێتەوە. پەیمانی کۆنیش بەبێ پەرتووکەکانی پەیمانی نوێ، تەنیا ئەفسانە و یاساکانی خودان و ووشەی مردووین.

بەو پێیەش پەیمانی نوێ هەمیشە لە ژێر ڕۆشنایی پەیمانی کۆن دەخوێندرێتەوە. وەک قسەیەکی کۆنی کریستیانی دەڵێ: ناوەڕۆک و مانای پەیمانی نوێ لە ناو پەیمانی کۆندا حەشاردراوە. یانی کۆن لە ڕوخساری نوێ دەدۆزرێتەوە. [264]

لە ئیسلام  و وەحی دا، دابڕانێکی گەورە لە نێوان قورئان و پەرتووکەکانی پێش خۆی هەیە. دان بە تەورات و ئینجیل دادەنرێ، هەروەها دان بە بەنی ئیسرائیلیش دادەنێ. کەچی لە قورئان دا بە هیچ شێوەیەک باسی ئەوە ناکا، کە موسوڵمان وەک سەرچاوەیەکی پیرۆز بۆیان بگەڕێتەوە. تەنانەت دژیشیان دەوەستێتەوە. بە کورتی ڕێگایەک نییە کە کاریان پێ بکا. ئەوەش وا دەکا کە قورئان تاکە سەرچاوەبێ، بۆ ئەوەی باوەڕی موسوڵمان، سەبارەت بە کاروباری دینی و جیهانی بۆی بگەڕەتەوە. تاکی موسوڵمان نابێ لە هیچ کاروبارێکی دینی یان کۆمەڵایەتی کار بە ئینجیل یان تەورات بکا. بەوەش مەیدانی بیرکردنەوە، بۆ موسوڵمان تەسک دەکاتەوە و لە کولتووری دینی زیاتر لە سێ هەزار ساڵی دادەبڕێ. لە جیاتی ئەوە

---

[264] قزی، جوزف (٢٠٠٦) بين المسيحيه و الاسلام. دار من اجل المعرفه. لبنان ل ١٦ — ١٧

پاساوی تری وەک ئەو دوو پەرتووکە تەورات و ئینجیل دەستکاری کراون و گۆڕانیان تێداکراوە و جێگای متمانە نین. بەڵام بە هیچ شێوەیەک نە لە قورئان، نە ڕاڤەکارانی ئیسلام باسی ئەو گۆڕینە ناکەن. کە کەی و چۆن کراون. لەکام پەرتووک و چی گۆڕاوە و بەکام بەڵگە؟ بێ ئاگا لەوەی تەنیا پەیمانی نوێی دان پێدانراو بریتییە لە چوار ئینجیل و ٢٣ نامە. هیچیان ڕاستەوخۆ پەرتووکی یەسو نین. هەر چوار ئینجیلەکەش کە لە پەیمانی نوێدان، قوتابیانی یەسو وەک گێڕانەوە نووسیویانن. نامەکانیش ١٣ نامە هی پاولۆسن کە نێردەیەک بووە و بەس. ١٠ نامەکەی تریش هی نێردەکانی ترن. بۆیە لە بنەڕەتدا گشت ئینجیل هەر لەسەرەتاوە سرووشە (ئیلهام)، نەک وەحی و ئەوە تەوراتیش دەگرێتەوە. ڕێبەرانی ئیسلام نازانن کە تەورات و ئینجیل لە بنەڕەتدا قسەی پەیامبەرانن دەربارەی دیداری خودا. نەک قسەی خودا. [265]

خاڵی شەشەم

جیاوازی پەیوەندی نێوان ووشە و گیان (روح) لە وەحی دا

وەحی کریستیان و پەیمانی نوێ، لەسەر بنەمای ووشە دانەنراوە. بەڵکوو پەیمانی گیانە (روح). هەر ئەوەشە وادەکا، دیندار پابەند بە ووشە بە ووشەی ناو پەرتووک نەبێ، بەڵکوو پابەندی گیانی بە وەحییەوە هەبێ. وەک گیان و ناخی مرۆڤ پێکەوە، یەکتری تەواو بکەن. و دیندار بە دین و پەیامی خوداییەوە دەبەستنەوە.

پەیمانی نوێ - نامەی پاولۆس بۆ خەڵکی رۆما (سەبارەت بەوەی، بۆ کریستیانەکان خەتەنە ناکەن)

پەیمانی نوێ - نامە بۆ خەڵکی ڕۆم ٢ :٢٩

(٢٩) بەڵام ئەوەی لە ناخەوە جولەکە بێت، ئەوا لە ڕاستیدا جولەکەیە، هەروەها ئەگەر خەتەنەکردن تەنها بەگوێرەی یاسای نووسراو ئەنجام

[265] هەمان سەرچاوە ل ١٨

بدرێت، ئەوا خەتەنەکردن نییە. بەڵکو خەتەنەکردنی لە ناخەوە، لەڕێگەی گیانی پیرۆزەوەیە. خەتەنەکردنڕاستەقینەیە ستایشی لەلای خەڵک نییە، بەڵکو لەلای خودایە

نەبی یەرمیا دیداری خۆی لەگەڵ خودا دەگێڕێتەوە

پەیمانی کۆن - یەرمیا ٣١: ٣٣

(٣٣) یەزدان دەفەرموێ: ئەمە ئەو پەیمانەیە، کە لەدوای ئەو ڕۆژانە، لەگەڵ بنەماڵەی ئیسرائیل دەیبەستم. فێرکردنەکەم دەخەمە ناو بیرکردنەوەیان و لەسەر دڵیان دەنووسم. من دەبمە خودای ئەوان و ئەوانیش دەبنە گەلی من.

بۆیە دەبینین لە ناو دینی کریستیانی  بنەمایەک دروستبووە بۆ دروستبوونی زانستی خوداناسی (Christian theology). مەبەست لەوەزانستی لێکۆڵینەوەیە، بەپێی لۆژیک. کە شرۆڤەیەکی هزری بنەماکانی دین، بەشێوەیەکی بنەڕەتی دەکا. هەروەها دینی کریستیانی لەگەڵ دینەکانیتر بەراوردکاردەکا. ئەوەش بە مەبەستی لەلایەک دانانی بناخەیەک بۆ بەرگریکردن لە دین و لە لایەکی تریش ڕێگا هەموارکردن، بۆ چاکسازی بەردەوام لە دین و گونجاندنی لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵگە. سەرەڕای ئەوەش یارمەتیەکی زۆرگەورەیە بۆ پەیداکردنی شارەزایی لەسەر جیهان و بڵاوکردنەوەی مزگێنی دین. [266]

[266] دستور عقائد فى الوح الالاهى عدد ٢

زانستی خوداناسی دابەشی سەر لقی جیاجیا دەکرێ. بۆ بە دواداچوون و قووڵبوونەوە. وەک خوداناسی باوەڕ، ئەدەب، مێژوو، فەلسەفە و سرووشت و هتد. بەوەش دەتوانێ چەندین ڕەهەند لە بوارەکانی جیهانبینی و پەرەسەندن لەخۆ دەگرێ.[267]

لە ئیسلام جیاوازی لە نێوان ووشە و گیاندا نییە، لە بەر سێ هۆ:

١ . وەحی خودا لە قورئان لە مێشکی مرۆڤ و ئەزموونی ژیانیەوە نایە، بەڵکوو وەحی (ووشە و گیان) بەرهەمی خودایە، نەک مرۆڤ. تەنانەت محمد ناتوانێ لێی دەرچێ.

سورة الحجر ١٥: ٩

ئێمە خۆمان ئەو قورئانەمان دابەزاندووە و هەر بە خۆشمان دەیپارێزین (٩).

٢ . موسوڵمان شتێک بەناوی پەرجوی (اعجاز) قورئان دووبارە دەکەنەوە. ئەوەش مانای وایە پەرجو لە شێوەی دەربڕین و گوزارەکردن و دیمەن و لێکچواندن و یاساکان و.... هتد، کە بریتییە لە چۆنییەتی یاریکردن بە ووشە و زمان و تەنیا کاری شێوەی دەربڕینی زمانەوانییە. ئەوەش شێوەیەکە لە بەراوکێی زمانەوانی، نەک خوداناسی. تا ئەو ئاستەی کە لەناو دەقی قورئان مەیدانخوازی لە مرۆڤ و جنۆکە و شاعیر و کاهین دەکا. بەوەی کە ووشەکانی قورئان ووشەکانی گیانن (روح) پەرجوی خودان. باسەیرێکی ئەو دوو ئایەتەی قورئان بکەین، چۆن نووسەری قورئان وەک بەراوکێ لە داڕستنی ئەدەبی مەیدان دەخوازێ:

سورة هود ١١: ١٣

أَمۡ يَقُولُونَ ٱفۡتَرَىٰهُۖ قُلۡ فَأۡتُواْ بِعَشۡرِ سُوَرٖ مِّثۡلِهِۦ مُفۡتَرَيَٰتٖ وَٱدۡعُواْ مَنِ ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ (١٣)

[267] Nationalencyklopedin

یان دەڵێن خۆی هەڵی بەستووە، ئەگەر ڕاست دەکەن با دە سوورەتی وەک ئەوە بێنن (١٣)

سورة یونس ١٠: ٣٨
مۡ يَقُولُونَ ٱفۡتَرَىٰهُۖ قُلۡ فَأۡتُواْ بِسُورَةٖ مِّثۡلِهِۦ(٣٨)
دەڵێن خۆی هەڵبەستوون، پێیان بڵێ با تاکە سوورەتێکی وەک ئەوە بێن (٣٨)

دەربڕینی ئەو دوو ئایەتە، دەیسەلمێنێ کە نووسەری قورئان، گرنگی هەرە زۆری بە شێوەی ئایەتەکان داوە. و ئەوەندی شانازی بە هۆنینەوەی ئایەتەکان کردووە، چواریەکی ئەوەندە بیری لە ناوەڕۆکەکانیان نەکردۆتەوە.

٣. بەڵگەیەکی تر لەسەر پەرجوی ووشە، پەرتووکەکانی ڕاڤەکارانی قورئان و سەرجەم موسوڵمانان. هیچیان جیاوازی لە نێوان مەبەستی نووسەر کە خودایە، و شێوەی گوزارە کە ئەویش هەر لە خوداوەیە ناکەن.

دەرئەنجام گیان و ووشە توند لە قورئان پێچراون. ئەوەش هەر لە سەرەتاوە موسوڵمانان بە توندی گرتوویانە. کە دەبێ قورئان ووشە بە ووشە ئەزبەر بکرێ. تەنانەت نووسینەوەی ووشەکان زۆر بە ووردی دووپاتە بکرێنەوە. لە خوێندنەوەش یاساکانی تجوید بە توندی پەیڕەوبکرێ. و لە سەلەوات لێدان هیچی نەگۆڕێ. تا دەگاتە ئەو ئاستەی ناوەڕۆک وەک چەقی دین پشتگوێ بخرێ. لە جیاتی ئەوە شتی لاوەکی وەک چۆن ووشەکان دەردەبڕی. بەبێ ئەوەی بیر لە شێوەی بیرکردنەوە و ئاستی شرۆڤە و گرنگی بۆ کۆمەڵگە. ئەوەش وایکردووە بە درێژایی مێژوو تەنیا خەریکی خۆ دووبارەکردنەوەبن.

ئەو شێوە بیرکردنەوە و پەیوەندی دیندار. و توندی نێوان ووشە و گیان لە وەحی ئیسلام وایکردووە، کە قوتابخانەی (زانستی کەلام) دروست بێ. زانستی کەلام لەو بابەتانە دەپێچێتەوە، کە پەیوەندیان بە بنەماکانی دین، بۆ نموونە لێتۆژینەوە لەسەر ئاکار و کردارەکانی خودا. و دەستنیاشان کردنی حەڵاڵ و حەرام، یان ڕۆژی هەڵسانەوە. [268]

هەروەها لە پەرەگرافەکانی شەریعە هەر لە هاتنی پەیامبەر و دانانی ئیمام تا دەگاتە پاداشت و سزا. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە هەر هەموویان ناتوانن لە چوارچێوەی دەقەکانی قورئان دەربچن. لە بەرامبەر ئەوە دا لە ئیسلامدا شتێک نییە بە ناوی زانستی خوداناسی. یانی لێکۆڵینەوەی هزری، بۆ قووڵبوونەوە لە ووردەکاری لەسەر کاروباری خودا پەرستی. و بە شێوەیەکی ئازاد بەراوردی ئیسلام لەگەڵ دینەکانیتر بکرێ. کە دەرفەت بۆ پێشکەوتن و فراوانکردنی سرووش (الهام) بدا. هەروەها پەرستنێکی لیتورگی لە ئیسلامدا بوونی نییە، کە بتوانن لەو ڕێگایەوە لە ووشە و تجویدکردن ڕزگاریان بێ، بەرەو خوداپەرستییەکی ئازادانەتر. بە شێوە و زمانی خۆیان پەرستنی خودا بکەن. هەر بۆیە جەژن و بۆنە دینییەکان تەنیا بیرکردنەوەی قورئانن و هیچیتر. [269]

هەرچەندە ڕێبەرانی موسوڵمان دەڵێن زانستی کەلام لەسەر بنەمای قورئان و فەرموودەکانی پەیامبەرە، بەڵام فەرموودەکانی پەیامبەریش ناتوانن لە چوارچێوەی قورئان دەربچن. بەڵکوو یان ڕوونکردنەوەن یان پینەکردنن بۆ قورئان. زانستی و شێوە و پەرەسەندنی پەیوەندی بە ژینگەی سیاسی کۆمەڵایەتیەوە هەیە. ئەگەر سەرهەڵدان و ناکۆکی لەسەر ئاکارەکانی موسوڵمان و ئیمام، لە سەردەمی عەلی کوڕی ئەبی تالب دەستی پیکرد. کە بریتی بوو لە شێوەیەک بۆ بەرەنگاربوونەی خەواریجەکان دەستی پێکرد، کەچی لەسەردەمی عەباسییەکان گەیشتە ترۆپک. ئەوەش لەبەر دەستەلاتی ئەفسانەو ئەدەبیاتی یۆنانی و

[268] زانستی کەلام
[269] هەمان سەرچاوە

وەگێڕانی کە بووە دەستەڵاتێکی جێگای ترس، لەسەر زانستی کەلام. بۆیە خوداناسی و گفتوگۆ لەسەر قورئان و خودا، لە ناکاو گۆرا بۆ دیسپلینی ئیسلام. و کاری تەنیا بەوگریکردنە لە قورئان و پەیوەندی بەخوداوە. (ئەوە باسێکی درێژە لێرە جێگای نابێتەوە).

خاڵی حەوتەم

جیاوازی کردار و گفتار لە نێوان کریستیان و ئیسلام

لە وەحی کریستیانی پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان کردار وگفتار دا هەیە. هەروەک لە کۆنگرەی دووەمی ڤاتیکان دا ڕوونکراوەتەوە:

وەحی لەسەر بنەمای لەگەڵ یەک گونجانی کردار و گفتار دادەمەزرێ. کە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوانیان دا هەیە. بە شێوەی کردەوەکانی خودا لە مێژووی ڕزگاری. کە باوەڕە ڕاستەکانی گوزارە لەسەر پشتیوانی گفتارەکان دەکا، لە هەمان کاتدا گفتار دربڕی کردارن. و نهێنیەکانی ناوەرۆکی کردار ڕووندەکەنەوە. [270]

جیاوازی لە نێوان کردار و گفتار یان پەیوەندیان پێکەوە. ئاکارێکی تایبەتی لە کەسایەتی دینداری کریستیان دروستکردووە. بە هۆی پتەوی نێوان کردار و گفتار مرۆڤی کریستیان دەبێ ڕاستگۆ بێ. و شتەکانی لەلا، یەکلاکەرەوەبن لە ژیانیدا. دەبێ دەروون و ڕوخساری لەگەڵ یەک بگونجێن، جا بە نهێنی و ئاشکرا. [271]

سەرەڕای ئەوەی لە مێژووی کریستیانیزم دا شەڕ و ئاژاوە بووین و ئەوەش چ لەگەڵ دینەکانیتر یان لەناو ڕێبازەکانی دینی کریستیانی خۆیان. و سەرەڕای ڕاوەدوونانی زانستکار و

---

[270] قزی، جوزف (٢٠٠٦) بين المسيحيه والاسلام. دار من اجل المعرفه. لبنان ل ٢٠

[271] هەمان سەرچاوە

هونەرمەن و فیلەسووفان. بەڵام نەبوونی پشتگیری لە دەقەکانی ئینجیل نەیان توانیوە بەردەوام بن و پەرەسەندن و ئاشتی و پێکەوە ژیان دەرفەتی بۆ ڕەخساوە. لە دوای ئەوە کۆمەڵگەش وەک لەکەیەک سەیری کردووە. تاکی کریستیان هەمیشە کردارەکانی لەگەڵ ڕەفتاری تا ئاستێکی باش پەیڕەوکردووە و هەمیشە گەڕاوەتەوە بۆ ڕاسپێرییەکانی یەسو و ئینجیل بۆ ئاسوودەبوونی دەروونی.

بەڵام لە ئیسلام دا وەحی هیچ دەربارەی پەیوەندی نێوان کردار و گفتار دیارنییە. لەبەر ئەوەی لە ئیسلام، وەحی تەنیا بۆ محمد هاتووە. کەچی تەنانەت لە ڕوانگەی موسوڵمانان خۆیانەوە، کردەوەکانی محمد بێ کاریگەرین. تەنانەت ووتەکانیشی پەیوەندیان بە وەحی نییە. ئەوەش لە قورئان بە ووتەکانی خودا (کلام الله) دەردەبڕدرێن. ووتەکانی خوداش هەتاهەتایین و گوزارە لە کردەوەی کاتێک ناکەن. کە کاریگەری ڕووداوەکانی مێژوویی بە پێی کات و شوێن لەسەربێ. [272]

هەر ئەوەشە وایکردووە کە هیچ ڕەنگدانەوەی داگیرکارییەکان، کاروباری بازرگانی، شەڕ، کۆچ و دوژمنایەتی لەگەڵ قورەیش، قڕکردنی بەنی قورەیزە و خێلەکانی تر، تا دەگاتە ڕێککەوتنەکان. گشت ئەوانە کە بە فەرمانی محمد خۆی بووین و دەستێکی ڕەهای تێیاندا هەبووە. زۆربەیان بە درێژایی ١٤٤٠ ساڵە، لە زۆر کاتدا چارەنووس ساز و سونەتی نەبین. کەچی هیچ پەیوەندیان بە وەحییەوە نییە. و لە دەرەوەی قورئانن. [273]

لەکاتێکدا موسوڵمان هزری وا بنیات نراوە، کە کردار و گفتار لەیەک جیابکاتەوە. ئەوەش وادەکا جیاوازییەکی تەواو لە نێوان دەروون و ڕوخساریدا دروست بێ. هەروەها نهێنی و ئاشکرا. جیاوازی لە نێوان گیان و ماتریال. ئەوەش سەرجەمی، دوو کەسایەتی لە یەک کەس دا بنیات ناوە. ئەوەش گرفتێکی گەورەی بۆ موسوڵمانان دروستکردووە. کە شتێک

---

[272] هەمان سەرچاوە ل ٢٢
[273] هەمان سەرچاوە ل ٢٣

دەکەن بەناوی سونەتی نەبی و شتێکیتر وەحی بەپێی (کلام الله) و تا مێژوو هەیە دیندار یان ئەوەتە نکۆڵی لێدەکا، ئەگەر نەیتوانی ئەوا شانازی پێوەدەکا. نموونەی ئەو داگیرکاری و کوشتن و بڕینەش، بە ئاشکرا لە کوردستان دەبینرێ. تا ئێستاش دینداری موسوڵمان باوەڕی وایە کورد خۆی بۆتە موسوڵمان. و بە شێوەیەکی دڕوندانە داگیر نەکراوە. ئەوە سەرەڕای سەدان بەڵگە و شووێنەواری دڕوندایەتی لەشکری ئیسلام لە کوردستان. [274]

خاڵی هەشتەم

ناسخ و منسوخ لە وەحی دا

لە دینی کریستیانی ناسخ و منسوخ بوونی نییە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، یەکەم تەورات لە ماوەی دوو هەزار ساڵ دابەزیووە، کە ئەگەر شتێک بۆ نەبییەک دابەزییێ. ئەوە دەماودەم هاتووە. کاتی دەوروبەری ساڵی ٤٠٠ پ.ز نووسرایەوە. [275] ئەوەش وایکردووە ناسخ بوونیننەبێ. یان ئەگەر هەشبووبێ ئەوا دیار لەکام پەرتووک و هۆکارەکەی چیبووە!! دواتر ئینجیلیش دەقەکانی نووسراوەی تەوراتی وەرگرتووە. دووەم چەندین نەبی دوای یەک بە شێوەی کرۆنۆلۆژی هاتوون. بەردەوام تەواوکەری یەکتری بووین. لەلایەکی تر وەحیەکانیش زیاتر ڕۆڵی مێژوویی و کۆمەڵایەتیان هەیە، کە بە ئازادی ڕاڤە دەکرێن. و چەقبەستوو نین، تا ببنە یاسا. ئەوەش وا دەکا ئازادی تاکی باوەڕدار لە پەیرەوکردنیان ڕەچاوبکرێ. ئەوە تەنیا دە فەرمایشتەکانی خودا بۆ موسا ناگرێتەوە، کە گوایە فەرمایشتی خودان. بۆیە نە لە تەورات یان ئینجیل نابینی، دەقێک یان ڕێنمایەک باوەڕدار ناچاری

---

[274] هەمان سەرچاوە ل ٢٥

[275] الصلیبی، کمال (٢٠٠٦) خفایا التوراة و أسرار شعب إسرائیل. الطبعة السادسة

شتێک بکات کە هەستی پێ نەکا و لە دەرەوەی بەرژەوەندی کۆمەڵگەبێ یان بە بیانۆی منسوخ دەقێک یان پەرەگرافێک وەلابنرێ.[276]

سەرەڕای ئەوەی خودا ئەو پەیمانەی بە نەبیەکی دابێ، چەندی بەسەر دا تێبپەڕێ، هەمان بەڵێن دووبارەی دەکاتەوە. بۆ نموونە ئەوکاتەی ئیبراهیم گەیشتە وولاتی کەنعان خودا پەیمانی پێدا کە ئەو خاکە دەداتە  نەوەکانی ئیبراهیم.

تەورات - ئەفراندن ١٢: ٦ - ٧

(٦) ئەبرام بە خاکەکەدا تێپەڕی هەتا گەیشتە دار بەڕووەکەی مۆرە لە شەخەم. لەو کاتە کەنعانییەکان لە خاکەکە بوون

(٧) خودا بۆ ئەبرام دەرکەوت و فەرمووی: ئەم خاکە دەدەمە نەوەی تۆ. ئەویش لەوێ بەڵاگەڕگایەکی بۆ خودا دروستکرد کە بۆی دەرکەوتبوو.

دوای نزیکەی پێنج سەد ساڵ، جارێکیتر دوای دەرچوونی موسا لەگەڵ بەنی ئیسرائیل، خودا بۆی دەردەکەوێ و دەفەرموێ، ئەو خاکەی پەیمانی بە ئیبراهیم و نەوەکانی دابوو، ئێستا دەیداتە نەوەکانی ئەو.

تەورات - دەرچوون ٣٣: ١

(١) خودا بە موسای فەرموو: لێرە بڕۆ، خۆت و ئەو گەلەی لە خاکی میسرەوە هێناتە دەروە. بڕۆنە ئەو خاکەی سوێندم بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب خوارد و فەرموو دەیدەمە نەتەوەکەت.

[276] قزی، جوزف (٢٠٠٦) بين المسيحيه و الاسلام. دار من اجل المعرفه. لبنان ل ١٠

ئەوەش دەیسەلمێنێ کە دەقەکانی تەورات و ئینجیل نەک تەنیا بە پێی کرۆنۆلۆژیان، بەڵکوو تەواوکەری یەکترین و خودا پەروەردگارێکی دەم دەمی نییە. شتیشی لە بیر ناچێ. لە شەڕو ئاشتی و فەرمانەکانی سەرتاسەرین. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە نەبیەکانن فەرمانەکانی خودا، بە سرووش و مەزەندەی خۆیان دادەڕێژنەوە و بۆ باوەڕدارانی دەگێڕنەوە.

ناسخ و منسوخ لە ئیسلامدا

کەچی ناسخ و منسوخ لە قورئان گرفتێکی گەورەیەی بۆ دینی ئیسلام دروستکردووە. ئەوەش بە هۆی بوونی یەک پەرتووک، کە بۆ یەک کەس و لەماوەی ٢٣ ساڵ دا هاتووە. هەرچەندە محمد هەوڵی داوە بە فەرمووده کەلێنی ناکۆکییەکان پڕبکاتەوە، کەچی ناکۆکییەکان ئەوەندە گەورەن. بوتە کێشەیەک بۆ باوەڕدار و ڕێبەرانی دینی ئیسلام. کە بە درێژایی مێژوو بۆ یەکلا بوونەوەی پرسەکانی دینی و کۆمەڵایەتی. بە شێوەیەکی بەردەوام و سیستەماتیک یەخەی گرتوون. لەلایەکیتر بەهۆی بوونی قورئان لە لەوحی مەحفووزەوە، ناتوانرێ مەنسوخەکان لابرێ و لێی دەرباز ببن. لە هەمان پەرتووک (قورئان) ناسخ و منسوخ لەسەر یەک کەڵەکە بووین. بۆیە هەمیشە ڕێبەرانی دین و باوەڕداران، لەلایەک بەپێی ئارەزوو شوێنی ناسخ و مەنسووخ دەگۆڕن. لەلایەکیتریش بە پینەو پەڕۆ دەیانەوێ، کەمو کووڕیەکانی قورئان پەردەپۆش کەن. ئەوە سەرەڕای دیاربوونی، ئایەت و سورەتەکان بەپێی مێژووی گوتنەوەیان لەلایەن محمدەوە. سەیری ئەو دوو نموونەیە بکە:

سورة الکافرون ١٠٩: ٦

دینی خۆتان بۆ خۆتان و دینی خۆم بۆ خۆم (٦)

سورەتێکی مەککەیە کە پێش کۆچ بۆ مەدینە هاتووە.

دواتر هەمان کێشەی دینی و کۆمەڵایەتی:

سورة التوبة ٩: ٥ (سورەتێکی مەدینەیە، دوای کۆچ بۆ مەدینە و بەهێز بوونی ئیسلام هاتووە)

هەر مانگی حرام کۆتایی هات، لە هەر کوێ بێدینتان دۆزینەوە بیانکوژن. کە دۆزیتاننەوە، بیانگرن و بەندیان کەن. بۆیان لە بۆسە دانیشن و دەستیان لێ مەپارێزن. ئەگەر پەشیمان بوونەوە و تۆبەیانکرد. نوێژیان کرد و زەکاتیان دا. وازیان لێبێنن. خودا لێبووردە و دلۆڤانە.

بە هەموو یاسایەک سورەتی دووەم هی یەکەم نەسخ دەکا. لە بەر ئەوەی سورەتەکانی مەدینە دواتر هاتوون. و دەبێ موسوڵمان کار بەوان بکا. کەچی سەبارەت بە کێشەی یەکسانی و پێکەوە ژیان، لە هەر موسوڵمانێک بپرسە. یەکسەر ئەو ئایەتەی سورەتی الکافرون وەک ئایەتێکی ناسخ و کرا، بە نموونە دەیهێنێتەوە. کەچی بەپێی کرۆنۆلۆژیای ناسخ و منسوخ، نابێ کاری پێ بکرێ. هەرچەندە ئەو ئایەتە و دەیان ئایەتی تر بە فەرموودەی (من بدل دینه فاقتلوه) پشتڕاست کراوەتەوە کە زۆربەی ڕاڤەکاران ئاماژەی پێدەکەن بۆ نموونە بخاری لە(سحیح بخاری باب حکم الرتد و المرتده .... ژمارە: ٦٩٢٢) هەروەها احمد بە فەرموودەی ژمارە ١٨٧١، الترمذی ژمارە ١٤٥٨، ابو داود ژمارە ٤٣٥١ و ابن حاج ژمارە ٢٥٣٥. ئیتر گشت ئاماژەکان ئەوەیە سورەتی التوبە نەسخی سورەتی الکافرونی کردووە. کەچی دیندارەکان هەر پەنا بۆ ئایەتێکی منسوخ دەبەن، بۆ خۆ دەربازکردن.

بەگشتی ناسخ و منسوخ کێشەیەکی گەورەیە بۆ ئیسلام نە دەتوانێ لێی دەربازبێ ( لەبەر ئەوەی لە لوح المحفوض) نووسراوە و نە دەتوانێ پینەشی کات..وک خەنجەرێک لە قوڕگی گیر بووە. نە دەتوانێ قووتی دا نە دەشتوانێ دەری بێنێ.

خاڵی نۆیەم

خودا لە نێوان ڕاوێژ و ئامۆژگاری و فەرماندان لە وەحی دا

کریستیان

له دینی کریستیانی خودا ئامۆژگاره و بەردەوام ڕاوێژ دەکا. بەهیچ شێوەیەک مرۆڤی نەکردۆتە بەلاگیری ئارەزووەکانی خۆی. بەڵکوو لەجیاتی ئەوە خۆی ئامادەیە لە پێناوی ژیان و ئارامبوونیان دوژمنانیان ڕامالێ یان لەناو ببا.

تەورات دەرچوون ٣٣: ١

(١) خودا بە موسای فەرموو: لێرە بڕۆ، خۆت و ئەو گەلەی لە خاکی میسرەوە هێناوتە دەرەوە، بڕۆنە ئەو خاکەی سوێندم بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب خوارد و فەرمووم: دەیدەمە نەوەکەت (٢) فریشتەیەکیش لەپێشتەوە دەنێرم و کەنعانی و ئەموری و حیتی و پریزی و حیڤی و یەبوسییەکان ڕادەماڵم . (٣) بۆ خاکێک کە شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێت، بەڵام من نامەوێ بەرەنگارتان ببمەوە، چونکە ئێوە گەلیکی سەرسەختن و نەوەک لە ڕێگا کۆتاییت پێ بهێنم.

خودا دوای دەربازبوونی موسا و گەلەکەی لە میسر و گەیشتنیانە و پەرینەوە لە دەریا. موسا ئامۆژگاری دەکا و هانیان دەدا بۆ گەڕانەوە بۆ خاکی کەنعان . تەنانەت بۆ ئەوەی تووشی زیان نەبن، فریشتەیەکیش دەنێري بۆ ڕامالینی ئەو هۆزانەی کە گومانیان لیدەکري بەرەنگاريان ببنەوە. لە کۆتایی دەبینین، چۆن خودا خۆی لە شەڕی بەنی ئیسرائیل دەپارێزێ، کە خۆی هەڵیبژاردوون. ئەوەش بە ڵگەیەکی ڕوونە کە خودا گەلی ئیسرائیلی خۆشدەوێ. ئەو ڕێزگرتنەش کە خودا بۆ ئەو گەلەی داناوە، لە قورئان بە ڕاشکاوی دەردەبڕێ.

سورة البقرة ٢: ٤٧

> ئەی بەنی ئیسرائیل بیر لەو چاکانە بکەنەوە، کە من لەگەڵ ئێوەم کرد. و لە خەڵکی هەموو جیهان زیاتر ڕێزم لە ئێوە نا.(٤٧)

بۆیە خودا تاکە داوای لە گەلی ئیسرائیل ئەوەیە، یەک بەڵاگێڕی سادە بۆ خودابکەن. ئیتر بەهەشت بەدەست دێنن.
ئەو هەڵوێستەی خودا لە ئینجیلیش بە ئاشکرا دەردەبڕي. یەسو ژیانی خۆی پێشکەشی نەتەوەکەی دەکا و خۆی بەو شوانە دادەنێ کەژیانی لە پێناویان بەخت دەکا:

ئینجیلی یۆهانێس (یۆحەنا) ١٠: ١١

> (١١) منم شوانە دڵسۆزەکە. شوانی دڵسۆزیش ژیانی خۆی لە پیناوی مەڕەکانی دادەنێ.

هەروەها خۆی بەو نانە دادەنێ کە لە ئاسمانەوە دابەزیووە، تەنیا بە ئاشنابوون پێی،ژیانی هەتاهەتایی وەدەست دێنێ. ئامادەیە جەستەی خۆی ببەخشێ بۆ ئەوەی باوەڕدارانی بگەنە ئەو ژیانە هەتا هەتاییە.

ئینجیلی یۆهانێس (یۆحەنا) ٦: ٥١

منم ئەو نانە زیندووەی کە لە ئاسمانەوە دابەزیووە. ئەگەر یەکێک لەو نانە بخوا، بۆ هەتا هەتایە دەژی. ئەو نانەش کە بۆژیانی جیهان دەیبەخشم جەستەمە.

لە ئیسلام دا

لە دینی ئیسلام کێشەکە پێچەوانەیە، خودا خاوەنی گیان و سامانی باوەڕدارانە و داوایان لێدەکا. بۆ ئەوەی بگەنە بەهەشت دەبێ شەڕی بۆ بکەن. بێ باوەڕان بکوژن. بەبێ

پەردەپۆشی بە باوەڕداران دەڵێ، دەبێ بکوژن و بشکوژرێن. ئەوەش مەرجێکی سەرەکیە بۆ ئەوەی پاداشت وەربگرن و بەهەشت وەدەست بێنن.

سورة التوبة ۹: ۱۱۱

> خودا گیان و سامانی باوەڕدارانی کڕیوە. لە جیاتی ئەوەدا، دەیانباتە بەهەشت. باوەڕدارانیش، ئەوانەن کە لەڕێی خودا شەڕدەکەن، و دەکوژن و دەشکوژرێن. لە تەورات و ئینجیل و قورئانیشدا بەڵێنی وەها دراوە. سا کێ بۆ ئەنجامدانی بەڵێن دروستترە. دەسا ئێوە، بەو سەودایە مزگێنی بەیەکتری بدەن، کە دەستکەوتێکی زۆر گەورەیە، دەستتان کەوتووە. (۱۱۱)

ئەوەی لەو ئایەتە، جێگای هەڵوێستەیە، نووسەری قورئان نەک تەنیا خۆی بەڵکوو تەورات و ئینجیلیش دێنێتە ناو باس و قسەی هەڵبەستراو بە ناوی ئەوانیش دەکا. لەڕاستیدا نە لە تەورات و نەلە ئینجیل، خودا داوای لە باوەڕداران نەکردووە، خەڵکی بۆ بکوژن. بە پێچەوانەوە دەقەکان هەمیشە ئاماژە بەوە دەکەن کە خودا ئەو کارەی بۆ ئەوان کردووە. ئەو شەڕ و کوشتارانەی لە ناو دەقەکانی تەورات هەن. هیچیان بۆ خودا نین. بەڵکوو داگیرکارین یان بەرگرین، لە بەنی ئیسرائیل.

خودای قورئان باوەڕداران هان دەدا بۆ کوشتن. بە ڕاشکاوی پێیان دەڵێ: دەستیان لێ مەپارێزن، تا پەشیمان دەبنەوە، و تۆبە دەکەن. هیشتا خودا لیبووردەیە.:
سورة التوبه ۹: ۵

> هەر مانگی حرام کۆتایی هات، لە هەر کوێ بێدینتان دۆزینەوە بیانکوژن. کە دۆزیتاننەوە، بیانگرن و بەندیان کەن. بۆیان لە بۆسە دانیشن و دەستیان لێ

مەپارێزن. ئەگەر پەشیمان بوونەوە و تۆبەیانکرد. نوێژیان کرد و زەکاتیان دا. وازیان لێبێنن. خودا لێبووردە و دلۆڤانە.

هەرچەندە هەر دوو دینی کریستیانی و ئیسلام دوو دینین، لە یەک ناوچەی جوگرافی و سەردەمێکی زۆر لەیەک نزیک دروست بووین کە تەنیا ٦٠٠ سال نێوانیانە. و لە دایکبووی هەمان سەرچاوەن کە دینە ئیبراهیمییەکانن، کەچی خودا دوو کەسایەتی دژی بە یەکی هەیە. لە دینی کریستیانی ئامادەیە خۆی دابەزێ و بەرگری لە گەلی ئیسرائیل بکا و بڕشتیان بداتێ تەنانەت بەرگەی گلەو گازاندەشیان دەگرێ. لە سەردەمی یسو و کریستیانی، یەسوو وەک شوانێک دڵسۆزە بۆ مەڕەکانی و گیانی خۆی، لە پیناویان بەخت دەکا. تا ئاسوودەبن و بە ئارامی بژین. بەلام لە هاتنی دینی ئیسلام خودا گۆڕاوە. خودایەکی خۆپەرست، لە پێناوی ئارەزووەکانی خۆی، دیندار بە کوشتن دەدا. ئەو بەهەشتەی کە خۆی بەبێ بەرامبەر و بە دڵخۆشیەوە پێشکەش یەهودی و کریستیانەکانی دەکرد. ئێستا وەک پاداشت بۆ کوشتنی خەڵکی دەیان داتێ. گیانی دینداری کڕیوە. و خۆی چۆنی بییەوێ، وەک کۆیلەیەکی سادە سەودایان لەگەڵ دەکا. بەهەشت دەکاتە پاداشت بەرامبەر کوشتن و کوژران لە پیناوی خودا.

## پوختەی باس

دینەکان بەگشتی بەرهەمی هزری مرۆڤن، لە قۆناخ و شوێنی دیاریکراو. هەر ئەوەشە وا دەکا دیاردە کۆمەڵایەتییە باوەکانی کۆمەڵگە و سرووشتی نەریت و کولتوور, بەڕاشکاوی بەسەر داببڕێن. ئاکارە باوەکانی کۆمەڵگە، دەبنە بنەما و دیاردەکانی دین. هەر ئەوەشە وا دەکا، دین بە ئاسانی بتوانێ لە چوارچێوەی ناو چەیەکی جوگرافی چەکەرە بکا و ڕەگ دابکوتێ.[277]

[277] Durkheim, Emile (1995) The Elementary forms of Religious life

کەلەپووری باوی کۆمەڵگە ئەگەر بانگەوازی خوداییش نەبێ، کەچی دەبێتە ڕیشەی خۆ داکوتانی دین. کە دەتوانرێ لە ڕێگەی ڕیتوالەکانی بە کۆمەڵگەیەکی دیرایکراو گرێ بدرێ.

دینی کریستیانی لە هەناوی دینی یەهوودی و گەلی ئیسرائیل لە دایک بووە. هەر لەویشەوە گەشەی سەندووە. کەلەپووری یەهوودی و کۆمەڵگەی بەنی ئیسرائیل، بنەما و ناوەرۆکی کریستیانی پێکدێنن. ئەوەش بەڕاشکاوی دانی پیدانراوە. و هەڵسوکەوتی تاکەکانی کریستیانی لەگەڵ دەقە دینییەکان و ناوچەی جوگرافی دەگونجێن. و ناوچە بە ناوچە دوای تێپەڕبوونی کات، ڕەوتی نوێی دین، بە ڕەنگی کولتووری ناوچەیەکی نوێ دیاردەکەوي. ئەو دیاردەیەش بە ڕاشکاوی لە نێوان کاتۆلیک و پرۆتستانت لەلایەک. و لەلایەکیتر لە هەر کێشومرێکی جیهان بە باشی، هەست پیدەکرێ. لە وولاتانی باکووری ئەورپا پرۆتستانتەکان نەرمن ، و لەگەڵ کولتوور و کەلەپووری باکووری ئەورپا گونجاون. کەچی کاتۆلیکی ڕێبازێکی توندە. ڕەگی توندییەکەشی لە چەوسانەوە و توندوتیژی ئیمپراتۆری ڕۆم چ لە ئۆرشەلیم و دواتریش لە ڕۆم. دواتر کە کریستیانیزم، بووە بەشیک لە دەستەڵات، ئەو کولتوور و نەرێتە توندانەی وەک خۆی مانەوە. بەشداری کردنی لە داگیرکارییەکانی ڕۆم. لە هەمان کاتدا بە پشتیوانی ئیمپراتۆری ڕۆم قەڵاچۆی،ڕێبازەکانی تری کریستیانی لە ناوچە جیاجیاکانی ئەورپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستداکرد. [278]

دینی ئیسلام هەرچەندە دینێکی ئیبراهیمیە. و دەستە خوشکی هەر دوو دینی یەهودی و کریستیانییە. کەچی ئاکار و کولتووری دووڕگەی عەرەبی، بۆتە بنەما و بنەڕەتی دین. و ڕەنگدانەوەی شەڕو داگیرکاری و و تاڵان وەک بەشێکی دانەبڕاو، بە درێژایی مێژوو بوونەتە ناوەرۆک. ئەوەش هەر لەسەرەتای دەکەوتنی دین لە مەککە چرۆی کردووە. و دواتر لە دامەزرانی دەوڵەتی ئیسلام لە مەدینە، بوونەتە بنەمای ناو دەقەکانی قورئان، وەک فەرمانی خودایی دووبارە دەبنەوە. [279]

---

[278] الصلیبی، کمال (بدون تاریخ) البحث عن یسوع، قراءة جدیدة في الآناجیل
[279] قرآن الکریم- سورة توبة

به پێی دەقە نووسراوەکانی هەر دینێک، وەحی یان ئیلهامی نەبی، بریتییە لە ئەنجامی پەیوەندی ناڕاستەوخۆ یان  دیداری ڕاستەوخۆی لەگەڵ خودا. ئەو پەیوەندییەش دەبێتە بنەمایەکی سەرەکی، بۆ ئاراستەی دین و شێوەی پراکتیزەکردنی. جا هەر دینێک بەو شێوەیەی وەحی بۆ دێ، یان بە واتایەکیتر. پەیوەندی خودا بە نێردەی خۆی و شێوەی گەیاندنی پەیامی دین. دەبێتە بناخەی ئاراستەی دین و چۆنییەتی پەیڕەوکردنی. ئەگەر بە ووردی بەراوردێکی ئەو نۆ خاڵەی، پێشتری ناو ئەو باسە بکەین. بۆمان دەردەکەوێ، کە وەحی لە هەر یەک لە دینەکانی کریستیان و ئیسلام. پەیوەندی نێوان ناوەرۆکی وەحی و ئاراستەی دین، شێوەیەکی تایبەت بەخۆی و جیا لە دینەکەیتر هەڵنراوە. ئەو هەڵنانەش دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی جوگرافی و ژینگە و کولتووری کۆمەڵایەتی دین. کە دەتوانن بناخە و   جیهانێکی تایبەتی دینی وەدی بێنن. ڕەنگدانەوەی دیمەنەکانی کۆمەڵایەتی، مێژوویی و دەروونی بەڕاشکاوی تێدا هەست پێبکرێ وببینرێ.

بۆیە دەتوانین لە دەلاقەی دەقەکانی وەحی، وەک بە نەرمی وزبری فەرمانەکانی خودا بکەین. هەر لەو دەلاقەیەوە دەتوانین تێگەیشتنی خۆمان، سەبارەت بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، و ئاستی پێشکەوتنی شارستانی بکەین. تا دەگاتە ئاکارە تایبەتییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە و هەڵسەنگاندن و داڕشتنی بنەماکانی دین، بە پێی کولتوور و کەلەپووری کۆمەڵگە.

لە دینی کریستیانی دا، شێوەی دەربڕینی وەحی ئازادییەکی  بەرفراوانی تێدایە. کە دیندار هەست بە بوونی زەمینەی بیرکردنەوەی ئازادانەتر دەکا. چونکە دەزانێ ئەوە نەبییەک قسەکانی خودا دەگێڕێتەوە. و دەتوانرێ هەمان پەیام فۆرمی تر وەربگرێ. تا لەگەڵ شوێن و کولتوور و زمان دا بگونجێ. مەرجی سەرەکی، ئەوەیە کە چوارچێوەی پەیامەکە بتوانێ و بە گونجاوی بگەیێنرێ. ئەوەش دەبێتە هۆی داهێنان و بەرەو پێشەوە چوونی کۆمەڵگە.

ناوەرۆکی دەقەکانی پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ، ئەو دیمەنەمان بۆ بەرجەستە دەکەن، کە کۆمەڵگەی بەنی ئیسرائیل لە سەردەمی سەرهەڵدانی دین و بڵاوبوونەوەی، لە چ ئاستێکی کولتووری و شارستانی دابووە. ئەو کاتەی یەسو بە قوتابیەکانی دەڵێ: (ئەو نانەش کە بۆ ژیانی جیهان دەیبەخشم جەستەمە) [280] لەوە تێدەگەین ئەوە یەسو نییە، کە گیانی لێبووردەیی هەیە. بەڵکوو ئەوە کولتوورێکە ڕەنگدانەوەی لەسەر گیانی پەروەردە بوونی یەسو هەبووە.

لە مێژووی پەرەسەندنی دینی کریستیانی چەندین جار سەلمێندراوە. کە توند و تیژی و داگیرکاری لە ماوەیەکی دیاریکراو ڕوویداوە. کەچی دواتر بنەما کۆمەڵایەتییەکانی بەنی ئیسرائیل، بڕیاردەربووین. بۆ گۆڕینی ئاڕاستەی بەپێی ئینجیل و تەورات.

نموونەی ئەو توند و تیژی و داگیرکاریانەش. شەڕەکانی سولەیمان ،دوای دەربەدەرکردنی ئەبیاتار کاهینی مەزن. دین بووە ئامرازیک بەدەستی دەوڵەتەوە. [281] دواتر لە سەرەتای دینی کریستیانی و تێکەڵ بوونی دین لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتی ڕۆم. کە بە کوشتن و دەربەدەرکردنی نەیارانی کاتۆلیکی. و دواتر لە شەڕی خاچپەرستان، لە ئەنجامی دەستەڵاتی دین بەسەر دەوڵەت. و ناچارکردنی میر و پاشاکانی ئەوروپا بۆ داگیرکردنی ئۆرشەلیم. بەڵام هەریەک لەوانە دواتر بە گەڕانەوە بە ئاڕاستەی دین، هێوربوونەوە. ئەو ڕووداوانە وەک پەڵەیەکی چلکن لە مێژووی کریستیانی دەژمێردرێن. و هەر تاکێکی کۆمەڵگەی کریستیانی بە ڕاشکاوی وەک تاوانێک بەرامبەر مرۆڤ و دین سەیریان دەکا.

ئەوەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە کە ئەو ڕووداوانە، کردوەی مرۆڤن لەسەردەمێکی دیاریکراووو ڕەنگدانەوەی ناوەرۆکی وەحی کریستیانی نین. لە کۆمەڵگەی دینی کریستیانی،

---

[280] پەیمانی نوێ - ئینجیلی یۆهانێس (یۆحەنا) ٦: ٥

[281] الصلیبی، کمال (بدون تاریخ) البحث عن یسوع، قراءة جدیدة فی الآناجیل، ص ١١٨

خودا پەرستی ڕاستەوخۆ بە ووشەکانی ناو ئینجیل بەستراونەتەوە و وەک گیانی پیرۆز سەیر دەکرێن. بۆیە دەبینین چ ڕێنیسانس و دواتر بوارەکانی تری زانستی کە ڕێک دژی بۆچوونی کەنیسە بوون، لە هەمان کاتدا لە ناو هەناوی کەنیسە سەریان هەڵدا و پەرەیان سەند. کەرەکتەرە سەرەکیەکانیش، هەر پیاوانی دینی خۆیان بوون. ئەوەش هەر لە کۆپەرنیکۆس، گالیلۆ، دیکارت کە خۆیان پایاوانی دین بووین، لە هەمان کاتدا پەرەیان بە زانست داوە. ئەوانە لەلایەن کەنیسەوە بەرهەڵسی کراون. بەڵام هەرگیز نەبۆتە ڕاوەستانی ڕەوڕەوەی پێشکەوتن. هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی دەقەکانی ئینجیل تێکستی چەقبەستوو نین. هزری زانستی و لێکدانەوەی تا ئاستێکی باش لە ناو پیاوانی دین بوونی هەبووە . واتە هەر کەسێک لە چوارچێوەی دینداری دەیتوانێ بۆچوون و بیروڕای خۆی لە بواری زانستی و ئەدەب و هونەر هەبێ و پەرەی پێبدا.

بەو مانایەش دین دەبێتە باوەڕبوونیی تاک و ناکرێتە دێوجامەیەک بۆ ڕاوکردنی هەر کەسێک دژی دەقە پەرۆزەکان بێ. لە هەمان کاتدا، لە چوارچێوەی سرووشی (إلهام) کەنیسە لەرێگای زانستی خودا ناسی، لێکۆڵینەوە لەسەر بیروباوەڕ وقووڵبوونەوە لە دینی کریستیانی و بەراوردی لەگەڵ دینەکانیتر. هەر لە سەرەتاوە بووە کرانەوەیەک بەرەو ئازادی تاک بۆ پەرەسەندن و کرانەوەی دەرگاش بەرەو جیهانێکی فراوانتر بۆ گەیاندنی پەیامی دینی کریستیانی بە جیهانی دەرەوە.

ئەوەش ڕەنگە هەر لە سەرەتادا دوای لە خاچدانی یەسو، بڵاوکردنەوەی پەیامی دین بە شەڕ و داگیرکاری نەبوو. بەڵکوو بە شێوەی مزگێنی و دیالۆگ بوو. جا هەر نێردەیەک، بۆ بڵاوکردنەوەی مزگێنی کریستیانی، بەرەو ناوچەیەک کەوتەرێ. ئەو قوتابیانەی یەسوو، هەریەک بە پێی تێگەیشتنی خۆی و کولتوور و ئاستی شارستانی، باوەڕ و کردەوەکانی

یەسوی تۆمارکردووە. لەوەش زیاتر نامەکانی پاولۆس کەژمارەیان ١٣ نامەیە. هەر یەکەیان لە ئاستی هەر یەک لە چوار ئینجیلەکان دان.[282]

بۆیە دەتوانین بە ڕاشکاوی بڵێین. ئاستی شارستانی و کولتووری، وولاتانی خاوەن دینی کریستیانی. هەر لە سەرەتاوە لانکەی پێشکەوتن و لێکدانەوەی فراوانتر بووین. ئەوەش لە سادەیی و تێگەیشتنی پەیامی یەسو بۆ ئیسرائیل و چۆنییەتی دووبارە گێڕانەوە وڕاڤەکردنی لە دەقی ئینجیل، و گونجاندنی لەگەڵ کولتووری ناوچەکەی. دەبینین چۆن هەر یەک لە نێردەکان بانگهێشتی پەیامەکەی، لەگەڵ شوێنی مزگینییەکە گونجاندووە. ئەوەش دەمانگەیینیتە ئەو سەرئەنجامەی، پەیامی خودایی لای کریستیان بەشێکە لە کولتوور و کراوەترە لەوەی تۆ وەک نامەیەکی ئاسمانی بیبینی.

بە پێچەوانەوە لە دینی ئیسلام، نەبوونی تێڕامانی ئازادانە. و بەندبوون بە ووشە بە ووشەی دەقەکانی قورئان، وای کردووە، ببێتە پەیامێکی ئەبستراکت. و دیندار نەتوانێ خۆی تێدا بناسێتەوە. نەبوونی کۆنێکست لە دەقەکانی وەحی. کە دیندار بتوانێ تێگەیشتنی خۆی لەسەر لە ڕەوتی دینەکەی بنیات بنێ. بەو مانایەش هەڵومەرجی هاتنی هەر ئایەتێک، نەبەستراوەتەوە بە کۆمەڵگە. و ڕەوتی ژیان و پێشکەوتنی مێژوویی، و کۆمەڵایەتی. یان ڕووداوەکان بێجگە لە ترس و تۆقان، ناتوانن کاریگەرییان لەسەر تاکی باوەڕدار هەبێ. بەڵکوو بە پێچەوانەوە شێوەی ئەبستراکت لە ئایەتەکان و ژینگەی کۆمەڵایەتی دین، هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە. تا دیندار خۆی تێدا بناسێتەوە. هەر ئەوەشە وایکردووە دیندار نە تێی دەگا و نە هەستی پێدەکا. بیجگە سووڕانەوە لە ناو بازنەی ترس و خۆخواردنەوە.

دینی ئیسلام هەر لە سەرەتای دروستبوونی بە شەڕ و داگیرکاری و سەپاندن دینی بڵاوکردۆتەوە. ئەوەش بۆتە کولتوورێک کە دینداری موسوڵمان وەک شانازی دەیبینێ. و

---

[282] پەیمانی نوێ - نامەکانی پاولۆس

هەر لە سەرەتادا ئەو دەرفەتەی لێبڕاوە کە بچێتە ناوەرۆکی ئایەتەکان و لێیان تێبگا. لەبەر ئەوەی وا تێگەیێندراوە کە قورئان لە (لوح المحفوظ) نووسراوە و کەس بۆی نییە بە چاوی ڕەخنەی تێی بڕوانێ. ئەوەشە وایکردووە، کە لە دینی ئیسلام دەرفەتی بەراوردکردنی دەقەکانی قورئان، لە گەڵ پەرتووکی دینەکانی تر، بوونی نەبێ. تا بتوانرێ ببێتە بنەمایەک بۆ هوشیارکردنەوە و پەرەسەندنی دین . ئەوەش گشت دەرفەتەکان لە بەردەم دینداری موسوڵمان دادەخا. ودەبێتە هۆکارێک، کە تەنیا لە ناو چوارچێوەی داخراوی ئایەتەکانی قورئان دا بسووڕێتەوە. و نەتوانێ هیچ شتێک لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە ببینێ. و لەگەڵ دەقەکانی قورئان بەراوردیان کا. تا بتوانێ باشتر و فراوانتر لە دینەکەی خۆی تێبگا و قووڵبێتەوە و سەرڕاست و بە چاوی ڕەخنەگرانە تێی بڕوانێ. بۆیە یاریکردن بە ووشە و شێوەی خوێندنەوە (تجوید) و چۆنیەتی سەردانی ئاودەست و دەستنوێژگرتن. وەک چەقی دین سەیر دەکرێ.

ئەوەش وایکردووە بە درێژایی مێژوو، دینەکانی تر لەلای موسوڵمان لەجیاتی لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی ڕێگای لەیەک نزیکبوونەوە. تەنیا نەفرەتیان لێکراوە و کوشتن و سووکایەتی و تالان و داگیرکارییان پێ ڕەوا بینراوە.

سەرەڕای ئەوە کردار و گفتاری موسوڵمانان پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە. بۆیە پراکتیکێکی تر سەری هەڵداوە بە ناوی (سونەتی نەبی). هەر ڕەفتارێکی موسوڵمان، ئەگەر لە چوارچێوەی قورئان جێگای نەبێتەوە. ئەوا بە ناوی سونەتی نەبی دادەنێن.

ئەگەر هەردوو پەرتووکی ئینجیل و قورئان دوو سەرچاون بۆ خورافاتی دین و بەربەست لەبەردەم زانست. هەروەها ناتوانرێ وەک سەرچاوەیەکی زانستی بکرێنە بەڵگە بۆ ڕەوایی دینێک. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەریەک لەو پەرتووکانە ڕەنگدانەوەی هزر و کولتوور و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەیەکی جوگرافین. و دەکرێ بەراشکاوی بکرێنە

کۆمپاسێک بۆ هەڵسەنگاندنی ژینگەی جوگرافی و کۆمەڵایەتی بۆ دین. و هۆکارەکانی ناوەرۆک و شێوەی دروستبوونی.

لە کۆتاییدا سەرەڕای هەردوو دینەکە پەرتووکەکانیان تەنیا خورافاتن، لەگەڵ ئەوەشدا ئینجیل هەرچەندە ٦٠٠ ساڵ مێژووی بەر لە قورئانە. کەچی لە شێوەی دەربڕین و نەرمی و سادەیی بەرامبەر بە قورئان، دیاردەکانی پێشکەوتنی شارستانی و کۆمەڵگە بە ئاشکرا دیارە. باسی تەورات هەر ناکرێ لەبەر ئەوەی نزیکەی هەزار هەشت ساڵ پێش قورئانە. بەرامبەر بەوە دەبینین قورئان کۆمەڵگە و بیری مرۆڤی بۆ سێ هەزار ساڵ پێشتر گەڕاندۆتەوە. بە پێی دەقەکانی هانی کوشتن و داگیرکاری و تاڵان و بە سەباباکردن دەدا. بەوەش دەکرێ بڵێین ئەفسانەکانی سۆمەری و بابلی زۆر لە قورئان لۆژیکترن و پەیوەندیان توندترە بە کۆمەڵگەوە.

# ئینجیل پێشبینی ناوی احمد (محمد) ناکا

لەوەتەی مرۆڤ وەبیری دێ، دیندارانی موسوڵمان خوێندەوار و نە خویندەوار، مەلا و موفتی دەڵێن پەرتووکەکانی تەورات و ئینجیل گۆڕاون و بەڵاڕی دابراون. بۆیە ناتوانرێ باوەڕیان پێبکرێ. کاتی پرسیاریان لێدەکەی چۆن؟ و بەکام بەڵگە؟ چی گۆڕاوە؟ دەقە بنەڕەتییەکە چی بووە، و لەبەرچی گۆڕاوە؟ وەڵامێکی لۆژیکی و بەڵگەیەک وەرناگری. ئەوەی دەیبیستی، تەنیا گوتیان و مەلا فەرمووی و هتد.

ئەو باسە ئاورِ لەو گوتیان و دەڵێن ناداتەوە. بەڵکوو بە سۆراخی مشتومڕێکی موسوڵمانانەوە دادەچێ. کە ڕەنگە هەر ئەوەشبێ بنەڕەتی دەنگۆی گۆڕدرانی هەردوو پەرتووکی یەهودی و کریستیانی. ئەویش سەبارەت بە باسی محمد و پێشبینی هاتنی ناوی لە ناو دەقەکانی ئینجیل دا. ئەو باسە، دەمێکی باشە لەناو موسوڵمانان بەردەوام جێگای مشتومڕ بووە. بەپێی باوەڕی موسوڵمانان لە ئینجیلدا پێشبینی لە هاتنی محمد یان احمد کراوە. کە دەبێ ئەو محمدە، مەبەستی پەیامبەری ئیسلام بێ. لە هەمان کاتدا دەڵێن: لەبەر ئەوەی ئینجیل گۆرانی تێداکراوە، ئەو دەقانەی کە باسی لە پێشبینی هاتنی پەیامبەریان تێدایە، گورِدراون. بەڵام بەکام بەڵگە ئەو دەربڕینە پشتڕاست دەکرێتەوە. ئایا لۆژیک ڕێگا دەدا پەرتووکێک بەر لە ٦٠٠ ساڵ پێشبینی هاتنی پەیامبەرێک بکا؟ بە کورتی ئەو بۆچوونەی موسوڵمانان، تا چ ئاستێک ڕاستە؟

موسوڵمانان بۆ سەلماندنی ئەو پێشبینییە، بێجگە لە گومان و تێبینی، هەنگاوێکی تریان نەهاویشتووە. بێگومان بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەلقەیەک لە نێوان ئینجیل و قورئان یان

محمد، هەر بە گوتیان و دەفەرموون نابێ. بەڵکوو پێویستی بە بەڵگە و ووردەکاری لۆژیکی هەیە.

ڕاستی گرفتەکەش دەگەڕێتەوە بۆ یەک ووشە، لە چوار پەرەگرافی ئینجیلی یۆحەنا. موسوڵمانانی خستۆتە بیرکردنەوە. ئەو ووشەیەش لە دەقە یۆنانیەکان هاتووە ووشەی (پاراکلیتۆس) (Paracletos)ە. واتە پارێزەر، یارمەتیدەر یان ڕاوێژکار. کەچی موسوڵمانان پێیان وایە ئەو ووشەیە دەبوایە (پێریکلیتۆس) (Pericletos) بوایە، چونکە گونجاوتر دەبوو. کە دەکاتە سەنا، سوپاسگوزار محمد یان احمد. بەوەش سورەتی الصف ئایەتی ٦ لە قورئان پشتڕاست دەکاتەوە.[283]

سورة الصف ٦١: ٦

وَإِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِنْ بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ فَلَمَّا جَاءَهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا هَذَا سِحْرٌ مُبِينٌ (٦)

کاتی عیسای کوڕی مریەم گوتی: ئەی بەنی ئیسرائیل من نێردەی خودام بۆ لای ئێوە. ئەو تەوراتەی کە لە پێش مندا هاتووە بەڕاستی دادەنێم. موژدەتان لێیێ پەیامبەرێک لە دوای من دێ و ناوی ئەحمەدە. کاتی هات و بە چەند نیشانەی ڕوون و ئاشکرا هاتە لایان. گوتیان ئەوە هەر جادووەێکی ئاشکرایە.(٦)

---

[283] Linda Barto (2009) The Bible and the quran at the edge of Renaissance. Pp66

لەبنەڕەتدا ئەوە تاکە مەبەستی دیندارانی موسوڵمانە. ئەگینا هیچ پەیوەندییەکی لۆژیکی نییە، بۆ ئەوەی لە دەقێکی ئینجیل ووشەی پێریکلیتۆس گونجاوتر بێ لە پاراکلیتۆس.[284]

ئەوەی زیاتر جێگای سەرسوڕمانە ڕێبازی شیعە لەوەش زیاتر دەڕۆن. بە بیانۆی گوایە قەشەیەک لە ئێران بۆتە موسوڵمان، بە پێی لێکدانەوەی ئەو قەشەیە. دەبێ یۆحەنا خۆی ئەو گۆڕانەی کردبێ. بە لێکدانەوەی نووسەر. یەسوو ووتار و قسەکانی لەگەڵ خەڵکی، بە زمانی ئارامی بووە. کەچی کاتی یۆحەنا ئینجیلی بە زمانی یۆنانی دەنووسییەوە، ڕەچاوی قسەکانی یەسوی نەکردووە. لە نووسینی ئینجیل بە یۆنانی گۆڕانی تێداکردوە. بەڵام هیچ بەڵگەیەک یان ڕوونکردنەوەیەکی لۆژیکی ناخاتە ڕوو. بۆیە ناتوانرێ وەک بەڵگەیەکی زانستی وەربگیرێ.[285]

گشت ئەو باس و مشتومڕی پێشبینیەش، تەنیا لە گوتیان و بیستوومانە و ئەگەری وا هەیە یان باشتر دەگونجێ، زیاتر تێپەڕناکا. کە دێتە سەر هێنانی بەڵگە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونیان، ئەوا خۆیان دەبوێرن. و دواتر لەسەر هەمان ریتم بەردەوام دەبن.

ئەوەی جێگای باسکردنە هەر چوار ئینجیلە قانوونیەکان یەکەم جار بە زمانی یۆنانی نووسراون. و لە ئەدەبیاتی کلاسیکی یۆنانی نەک تەنیا یەکەم دەستنووسی ئینجیلەکان، بەڵکوو سەرجەم ئەدەبی ئەفسانە، تادەگاتە نووسراوە فەلسەفی و هونەری و شەڕ و هتد. پارێزراون. ئینجیلەکانیش بە هەمان شێوە لە چوارچێوەی ئارشیڤی کۆن دا ماون. کە واتە ئەوەش پێچەوانەی، ئەو بۆچوونە نیشان دەدا. لەگەڵ ئەوەشدا موسوڵمانان، هەر لەسەر گومان و گوتی و گوتیانی خۆیان هەر بەردەوامن. بێ ئەوەی بۆمان ڕوونکەنەوە کە دەقە

---

[284] Islam in its own Words, Wednesday 21 July 2010, Paraclete or Pericletos
[285] على الشيخ. هبة السماء. رحلتى من مسيحية الى الإسلام ل ١٧١

بنەڕەتیەکە چی بووە؟ و چۆن گوڕاوە؟ ئەوەی تەنیا ئاماژەی پێدەکەن ئینجیلی یۆحەنایە کە گوایە، ئاماژەی بەو پێشبینیە کردووە.[286]

لەو باسەدا هەوڵ دەدرێ، لە سێ گۆشەنیگای جیاواز، سەرنجی ئەو پێشبینییە بدرێ. ئەوەش بە مەبەستی دەرفەت وەرگرتن بۆ قووڵبوونەوە، و ساخکردنەوەی بەشێوەیەک، تا دەکرێ تێگەیشتنێکی گونجاو و لۆژیکی لەسەر دارێژین.

## گۆشەنیگای یەکەم

پەیامبەرانی بەنی ئیسرائیل لە هەردوو پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ، یارمەتی دەر و پارێزەر راوێژکاری مرۆڤ بووین بەرامبەر خودا. هیچ پەرگرافێک یان لە هیچ ڕووداوێک لە هەردوو پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ نابینی، یەک لە پەیامبەرەکان لەبەر خودا پاڕابێتەوە یان سەنای بۆ بکا و سوپاسگوزاری بێ. بۆیە ناکری محمد یان احمد پێشبینی کرابێ. بەوەش جیاوازییەکی بنەڕەتی لە ڕۆڵی پەیامبەرایەتی، نێوان پەیامبەرانی بەنی ئیسرائیل، بە یەسووشەوە و پەیامبەری ئیسلام دا هەیە.

ڕۆڵی پەیامبەرەکانی بەنی ئیسرائیل پارێزەر و ڕاوێژکار و یارمەتی دەر بووە، نەک پاڕانەوە و سەناکردن. وەک ڕۆڵی پەیامبەری ئیسلام. ئەوان ڕاوێژ لەگەڵ خودا دەکەن. و پارێزەری گەلی ئیسرائیلن لە بەرامبەری. ئەوەش لە ناو هەردوو دینی یەهودی و کریستیانی دا بە دەیان جار دووبارە دەبێتەوە. بۆ باشتر تێگەیشتن و پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونە، سێ نموونە دێنینەوە:

سەبارەت بە کاولکردنی شاری سەدوم و ڕاوێژی ئیبراهیم لەگەڵ خودا.

[286] یوسف ریاض (٢٠١٢) من تكوين الى الرؤيا الاناجيل الاربع.

پەیمانی کۆن – ئەفراندن ١٨: ٢٣ -٢٥

(٢٣) ئیبراهیم تۆزی چووە پێشتر و گوتی: دەتەوەێ لەو شارە چاکە و خراپە پێکەوە سزا بدەی؟ (٢٤) ڕەنگە پەنجا کەسی باشی تێدابێ. ئایا هەر لەناوی دەبەی. لە پێناو ئەو پەنجا کەسە پیاوچاکە نایبەخشی؟ حاشا شتی وا لەتۆ ناوەشێتەوە! پیاوچاک لەگەڵ پیاوخراپان بکوژی! ئەو دەمە چاک و خراپ وەک یەکیان لێدێ. دوور بێ لە تۆ! فەرمانڕەوای سەرجەمی زەوی، دادوەری وا ناکا!

ئەگەر بە ووردی سەرنج بدەین دەبینین لە سەر کێشەی سەدووم، خودا ئەوەندە تووڕەیە خەریکە شارەکە وێرانبکا. بەڵام ئیبراهیم لە دەستەڵاتەوە، وەک ڕاوێژکارێکی متمانە بەخۆ، قسەی لەگەڵ دەکا. نەک لەبەری بپاڕێتەوە یان سوپاس گوزاری بێ و سەنای بکا. تەنانەت لە قسەکانی و هەڵوێستی، خەریکە خودا تەریق دەکاتەوە. ئەوەی بەبیر دێنێتەوە، کە دەستەڵاتداری هەموو زەوەی ئەو بێدادیە ناکا.

نموونەی دووەم:

دوای دەرچوونی موسا لەگەڵ بەنی ئیسرائیل لە میسر و دەربازبوونیان لە ڕوباری نیل.

پەیمانی کۆن دەرچوون ١٧: ٣ – ٦

(٣) بەڵام گەل (خەڵک) تێنوویان بوو و کەوتنە گلە و گازاندە، بەرامبەر موسا. گوتیان: بۆچی ئێمەت لە میسر هێنایە دەرەوە. تا خۆمان و منداڵ و مەڕوماڵاتمان لە تێنووان بمرین؟

(٤) ئیتر موسا بۆ خودا هاواری کرد: چی لەو گەلە بکەم؟ پاش کەمێکی دیکە، بەرد بارانم دەکەن.

(٥) خودا بە موسای فەرمووو: لە پێش گەلەکەتدا برۆ و هەندێک پیری ئیسرائیل لەگەڵ خۆت بەرە. ئەو گۆچانەی کە ڕووباری نیلت پێ شەقکرد. لە دەستت دابێ و برۆ (٦) من بەر لە تۆ لەسەر ئەو تاشە بەردە لە حۆریف وەستاوم. لە تاشە بەردەکە دەدەی، ئاوی لێ هەڵدەقوڵێ و گەل دەیخۆنەوە. (٧)

موسا دوای دەربازبوونیان لە میسر و گەیشتنە خاکی کەنعان. ئەوەندە ووشک بوو گەلەکەی خەریک بوو لە تێنوێتی بمرن. و دەست بە گلە و گازاندە لە موسا دەکەن. موسا لەبەر خودا ناپاڕێتەوە، بەڵکوو هاوار دەکا چی لەو گەلە بکەم؟ بۆ منت لەگەڵ گەلی ئیسرائیل هێنایە دەرەوە. ئەگەر چارەسەرێک نەدۆزییەوە ڕەنگە بەردبارانم بکەن. ناپاڕێتەوە و خوداش چاوەڕوانی پاڕانەوە نییە، لەجیاتی ئەوە هەر زوو بەدەنگییەوە دی و فێری پەرجوێکی دەکات. بە گۆچان لە تاشە بەردێک بدا ئاوی لێ دەردەچێ. تا خەلکی ئارام بێتەوە. لێرەدا دەبینین هەم گەلی ئیسرائیل و هەم موسا خودا منەتباردەکەن، نەک پێچەوانەی.

نموونەی سێیەم

یەسوو لە بێهیوایی گلەیی خۆی ئاراستەی ئۆرشەلیم دەکا. هەرچەندە ویستوویەتی پارێزگاریان لیبکا. بەڵام سوودی نەبووە. و نەیان ویستووە. بۆیە بێهیوایە.

پەیمانی نوێ ئینجیلی مەتی ٢٣: ٣٧

(٣٧) ئەی ئۆرشەلیم. بکوژی پەیامبەران و بەردبارانکەری ئەوانەی بۆ نێردراون. چەند جار ویستم منداڵەکانت کۆبکەمەوە. هەروەک چۆن مریشک جووجەڵەکانی لە ژێربالێدا کۆدەکاتەوە. بەڵام نەتانویست.

لەسەرتاسەری هەر چوار ئینجیلەکە نابینین یەسوو لەبەر خودا بپاڕێتەوە، بەلکوو داواکاری هەیە لە باوک پارێزگاری لە گەلەکەی دەکات. هەرچەندە ئەوان دوژمنی خۆدا و پەیمبەرەکانی بووین. یەسوو دەیەوێ وەک چۆن مریشک جووجەڵکەکانی دەخاتە ژێر باڵی ئەویش بەو شیوەیە گەلی ئیسرائیل بخاتە ژێرباڵی و بیانپارێزێ. و ببێتە ڕزگارکەریان. بەڵام بێهیوایە چونکە ئەوان نەیان ویست پارێزگار و ڕزگارکەرێکیان هەبێ. یەسو نە ساناکار و نە سوپاس گوزارە بەڵکوو پارێزەرە و دەیەوێ یارمەتی گەلەکەی بدا.

لەو سێ نموونەیەدا پیشانمان دەدا کە پەیامبەران سەناکار و سوپاسگوزار نەبووین. بەڵکوو پارێزەر و ڕاوێژکار بووین، بۆ گەل و مرۆڤ بەرامبەر خودا. بۆیە ناکرێ ووشەی (محمد یان احمد) لە ئینجیل هاتبێ.

خاڵی دووەم

یۆحەنا کێیە و ئینجیلەکەی چۆن نووسیوە؟

گشت دەنگۆی پێشبینیەکە ئاماژە بەوە دەکا کە لە ئینجیلی یۆحەنا، ئاماژەی پێکردبێ و دواتر گۆرانی تێداکرابێ.

١- ئەوەی ڕاستییێ هەر چوار ئینجیلە قانونیەکان دوای یەسوو بە ماوەیەکی دوور نووسراونەتەوە: کە دەتوانین بڵێین نەوەیەک تا دوو نەوە دوای لە خاچدانی کریست دەست بە نووسرانەوەیان کراوە. کریست سالی ٣٠ ز لە خاچدراوە. و یەکەم ئینجیل دوای ٣٨ ساڵ دوای لە خاچدانی، لەلایەن مارکوس نووسراوەتەوە. و هەر چوار ئینجیلەکەش بۆ یەکەم جار، بە زمانی یۆنانی نووسراونەتەوە. و مێژووی نووسینییان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

ئینجیلی مارکوس (مرقص) لە نێوان ساڵانی ٦٨ تا ٧٣ زاینی نووسراوە

ئینجیلی ماتێوس (مەتی) لە نێوان ساڵانی ٧٠ تا ٩٠ زاییني نووسراوە

ئینجیلی لوکاس (لوقا) له نێوان ساڵانی ٨٠  تا ١٠٠ زاینیی نووسراوه

ئینجیلی یۆهاننێس (یوحەنا) له نێوان ساڵانی ٩٠ تا ١١٠ نووسراوه

هیچ له نووسەرانی ئینجیل وەک نووسەرێک دانەنیشتوون و یەکسەر بۆ ماوەیەکی کورت سەرجەمی ئینجیلەکه بنووسنەوە. بەڵکوو بەپێی پێویست و ماوەی جیاجیا، وەک بیرەوەری نووسراونەتەوه. [287]

لەلایەکیتر دەبینین ئینجیلی یۆحەنا دوا ئینجیله نووسرابێتەوە. که نزیکەی ٦٠ ساڵ دوای له خاچدانی یەسو، دەست به نووسرانەوەی کراوە. سەرەڕای ئەوه نووسەر و بیرمەندی سوری فراس السواح دەڵی بێجگه له مەتی، هیچ له نووسەرانی ئینجیلەکانی تر ڕاستەوخۆ گوێیان له یەسو نەبووه و نەیان بینیوه. کەچی گشت متمانەیەک بۆ نووسینەوەی ئینجیل، بێجگه له مەتی لەلای هەر سێ نووسەرەکەی تر لەسەر نامەکانی پاولۆس بووه.[288]

بەپێی مێژووی لێکۆڵینەوه، نامەکانی پاولۆس، ماوەیەک پێش ئنجیلەکان نووسراون. و سەرچاوەی هەره گرنگی نووسینەوەی ئینجیلەکان بووین. بۆیه ڕێگەی تێناچی پاولۆس باسی ئەو پێشبینییەی نەکردبێ. بەڵام یەک له نێردەکانی باسی بکا. سەرەڕای ئەوەی متمانەی تەواوی وەک سەرچاوه، لەسەر پاولۆس بووبێ.[289]

بۆیه مرۆڤ تەنیا گریمانەی ئەوه دەکا، که یۆحەنا مەبەستێکی تایبەتی، له نووسینەوەی ئینجیلەکەی هەبووبێ. ئەوەش دەبێ بۆ لێکۆڵینەوه به هەند وەربگیرێ. با له دوو ڕوانگەوه سەرنجی ئەو دیمانیه بدەین:

---

[287] Lena Einhorn (2006) Vad hände på vägen till Damaskus? På spaning efter den verklige Jesus från Nasaret. s.19

[288] السواح، فراس. الوجه الاخر للمسيح ص  ١٥

[289] الصلیبی، کمال البحث عن مسیح قراءة جدیده فی الاناجیل ص ١٤

١- خالێکی گرنگ لێرەدا هەیە کە دەبێ بۆ بەدواداچوون ڕەچاوی بکەین. ئەویش یۆحەنا ناوەرۆکی ئنجیلەکەی جیاوازە لەگەڵ هەرسێ ئینجیلەکانی تر. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، نووسینەوەی ئەو ئینجیلە بۆ دوای ساڵی ٧٠ زایینی دەگەڕێتەوە، کە سەرئەنجامی ڕاپەڕینی یەهودی (٦٦ -٧٠ ز) شاری ئۆرشەلیم سەرتاپای سوتێنرا و کاولکرا. تەنیا شوێنەوارێک کە مابێتەوە دیواری رۆژئاوای شار بوو، کە تائێستاش لە دوور و نزیک وەک شوێنێکی پیرۆز سەردانی دەکرێ، نزاو پاڕانەوەی بەرامبەر دەکەن. دوای سووتان و کاولبوونی ئۆرشەلیم ئەو کەلێنە دەرفەتی دا کریستیانەکان، کە ئاڕاستەیەکی نوێ وەربگرن. بۆ دەرچوون لە ژێر تارمایی دینی یەهوودی. و بتوانن وەک دینێک و پەیامبەرێکی دوور لە کاریگەری تەورات و موسا پەرە بستێنن. یۆحەنا لەو هەڵومەرجەدا دوای کاولبوونی ئۆرشەلیم دەستی بە نووسینەوەی ئینجیلەکەی کرد. هەر ئەوەش وایکرد، کە شێوەیەکی تایبەتی و جیاوازی لەگەڵ سێ ئینجیلەکەی تردا هەبێ. لە ئینجیلی یۆحەنا یەسوو کوڕی مرۆڤ نییە. بەڵکوو بە خودای دادەنێ (ووشەکە خۆی خودابوو)[290] ئەوەش بۆ دەربازبوون و بەرزکردنەوەی یەسوو وەک کریست و موژدەی گەڕانەوە بە کریستیانەکان دەدا، کە وەک پارێزەرێک و یاریدەدەرێک دەگەڕێتەوە.[291]

٢- ناکۆکی نێوان کریستیان و نەساڕیەکان گەیشتبووە ئاستی هەرە بەرز. کە بەر لە ماوەی ڕاپەڕینی یەهودی، نەساڕیەکان لەلایەن ئیمپراتۆریەتی ڕۆم کەوتبوونە بەر شاڵاوی پاکتاوکردن. کەنیسەی خەتەنە، کە لەلایەن بنەماڵەی یەسو بەتایبەتی یاقوبی برای یەسو سەرپەرشتی دەکرا داخرابوو. لە جیاتی ئەوە کەنیسەیەیەکی تر کرابووەوە. کە ڕێبازی کریستیانی و پاولۆسی پەیرەو دەکرد. گشت ئەو کردەوانەش لەلایەن ئیمپراتۆری ڕۆم

[290] پەیمانی نوێ – ئینجیلی یۆحەنا ١: ١

[291] Jewish Encyclopedia - Jerusalem.

جێبەجێ دەکران. کە بە مەبەستی پاکتاوکردنی سەرجەم بنەماڵەی داود بوو. لە ساڵی ٦٢ ز یاقوبی برای یەسوو لە ئۆرشەلیم بە ئاشکرا کوژرا. و بەوەش لە ڕاستیدا هەم کۆتایی بە بنەماڵەی داود هات. و هەم نەساریەکان بۆ شام و دوورگەی عەرەبی و میسۆپۆتامیا دەرکران و ئاوارەبوون. وبەرامبەر بەوە کریستیانەکان هەنگاو بە هەنگاو لە پەرسەندن دابوون. یۆحەنا نزیکە ٢٠ ساڵ دواتر واتە ساڵی ٩٠ ز دەستی بە نووسینەوەی ئینجیلەکەی کرد. مەبەستی نووسینی بەو شێوەیە پێدانی سیمایەکی نوێ بوو، بە دینی کریستیانی و بەتایبەتی یەسوو. کە بە لە خاچدانی کۆتایی نەهاتووە و بەم زوانە لەلای باوک دەگەڕێتەوە، و بۆ هەتا هەتایە لەلامان دەمێنێتەوە. گشت ئەو هەڵومەرجە وادەکا. شێوەی نووسینی و پەیمانی گەڕانەوە بە قوتابی و پەیڕەوانی کارێکی پێویست بێ، بۆ بەردەوام بوون بڵاوکردنەوەی موژدەی پەیامی کریست.[292]

خاڵی سێیەم

ئەو پەرەگرافانەی ئینجیلی یۆحەنا کە، بەپێی گۆتەی موسوڵمانان گومانی لێدەکرێ مەبەست (محمد یان احمد) بێ. وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، لە زمانی یۆنانی دوو ووشە هەن، کە بە گۆڕینی تەنیا یەک تیپ ماناکەی دەگۆڕێ.

پێشتر باسی دوو ووشە کرا. کە بەپێی تێبینی موسوڵمانان دەبێ گۆڕان لە نێوانیاندا کرابێ. ئەو دوو ووشەیەش، یەکەم (پاراکلیت یان پاراکلیتۆس) کە بە مانای پارێزەر، یارمەتیدەر یان ڕاوێژکار دێ. ووشەی (پاراکلیتۆس) بۆ یەکەم جار لەلایەن دێمۆستێنێس ( ٣٨٤ – ٣٢٢ پ.ز) (Demosthenes)کە گەورەترین ووتاربێژ بووە. توانیویەتی بە ووتارێکی خرۆشێنەر، باوەڕ بە خەڵکی ئەسینا بێنێ، کە دروستکردنی هێزی دەریا لە ئایندەدا لە هێرشی ئیمپراتۆری فارس دەیانپارێزێ. هەر ئەو لەو ووتارەدا ووشەی (پاراکلیتۆس)ی بە مانای پارێزەر یان

[292] تفسير إنجيل يوحەنا، الأنبا أثناسيوى ص ١١٧ و ٢٠٥

یارمەتیدەر بەکار هێناوە. لە ئینجیلی یۆحەنا ووشەی پاراکلیتۆس بە هەمان مانا بەکارهاتووە، واتە پارێزەر یان یارمەیدەر یان ڕاوێژکار.[293]

دووەم ووشەی پێریکلیت یان پێریکلیتۆس کە بەمانای سەناکار، ستایشکار یان سوپاسگوزار دێ. لە عەرەبی بە مانای (محمد یان احمد). ئەگەر ئەو دوو ووشەیە جێگۆڕکێیان پێبکرێ ئەوا ماناکانیان دەگۆڕێ.

دکتۆر منقذ السقار دەڵێ ووشەکە لە بنەڕەتدا بەو مانایە نایە کە موسوڵمان لێی تێگەیشتوون، کە پاراکلیتۆس ئاماژە بەناوی محمد یان احمد بکا. بەپێی ڕاڤەی کەنیسە بە مانای کەسێک دێ کە ( یارمەتیدەر، پارێزەور یان ناوبژیکەر و ڕاوێژکار بێ) بۆیە ناکرێ بە مانای سەناکار (محمد) یان احمد بێ. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی موسوڵمانان باوەڕیان وایە کە کریستیانەکان ئەو ووشەیەیان گۆڕیووە.

هەڵبەتە ئەو تێبینی کردنەش، لە ئەنجامی لەیەک نزیکی ئەو دوو ووشەیە، سەرنجی موسوڵمانانی ڕاکێشاوە. کە بە تەنیا گۆڕینی تیپپی ی بۆ ئا، ووشەکە مانای لە بنەڕەتدا دەگۆڕێ. واتە پێریکلتۆس کردویانە بە پاراکلیتۆس. ئەوەش لە بنەڕەتدا ناگونجێ. لەبەر ئەوەی لە دەقی پەرەگرافەکانی ئینجیلی یۆحەنا ئەگەر ووشەکە بگۆڕین لەگەڵ ناوەرۆکی سەرجەمی دەقەکە نایەتەوە، و تێکی دەدا.[294]

با سەیرێکی ئەو چوار دەقە بکەین کە لە ئینجیلی یۆحەنادا هاتوون. و موسوڵمانان گومانیان لەسەر هەن.

---

[293] Encyclopedia Britannica

[294] السقار، الدکتور منقذ. هل بشر الکتاب المقدس بمحمد

دەق یەکەم

پەیمانی نوێ – ئینجیلی یۆحەنا ١٤: ١٦ – ١٨

(١٦) منیش داوا لە باوک دەکەم پارێزەرێکی (یارمەتیدەرێکی) ترتان بداتێ. کە هەتا هەتایێ لەگەڵتان بمێنێتەوە (١٧) گیانی ڕاستی جیهان ناتوانێ وەریبگرێ. چونکە نایبینێ و نایناسێ. بەڵام ئێوە دەیناسن. چونکە لەگەڵتان دەمێنێتەوە و لە ناو ئێوەدا دەبێ. (١٨) بە هەتیوی بەجێتان ناهێڵم، دێمەوە لاتان.

لێرەدا بە ئاشکرا دیارە کە یەسو لەم سێ پەرگرافەدا، یەکەم باسی پارێزەر دەکا. کە هەتا هەتایە بمێنێتەوە و پارێزگاریان لێبکا. دووەم باسی گیان (روح) دەکا. ئەوەش تایبەتە بە دینی کریستیان. و مەبەستی گیانی پیرۆزە. دواتر باسی ئەوە دەکا کە تەنیا ئێوە دەیناسن چونکە بینیوتانە و لەگەڵتان دابووە. لە کۆتایی باسی خۆی دەکات، کە لەگەڵیان دەمێنێتەوە و بە هەتیوی بەجێیان ناهێڵێ. کە سەرتاسەری هەرسی پەرەگرافەکە گوزارە لە کریست خۆی دەکا. وەک گیانی پیرۆز و ڕاستی دەگەڕیتەوە و پارێزگاری لە قوتابیان و دینداران دەکا.

دەق دووەم

پەیمانی نوێ – ئینجیلی یۆحەنا ١٤: ٢٦

(٢٦) بەڵام پارێزەرەکە (یارمەتیدەرەکە)، گیانی پیرۆز، ئەوەی باوک بەناوی منەوە دەینێرێت. ئەو هەموو شتێکتان فێردەکا. هەموو ئەو شتانەی من پێم گوتوون، بیرتان دەخاتەوە.

لەو پەرەگرافە بە ڕوونی دەڵێ (پارێزەرەکە گیانی پیرۆز)ە. کە باوک دەینێرێ. بەو چمکەش ڕوونە کە ئەو شتانەیان بەبیر دێنێتەوە، کە ئێستا ئەو خۆی فێری کردوون و بەردەوامی بە

پەیامەکەی دەدا. هەم گیانی پیرۆز و هەم پەیامی یەسو ناتوانن پەیامی پەیامبەری ئیسلام بن. چونکە پەیامەکان لە بنەڕەتدا جیاوازن و گیانی پیرۆز لە ئیسلام دا نییە. تەنانەت دینی ئیسلام گیانی پیرۆز کە لە سیانەی (ثالوث) کریستیانەکان دێ ڕەت دەکاتەوە. و تایبەتە بە یەسو و دینی کریستیانی. (دواتر باسی دەکرێ)

دەقی سێیەم

پەیمانی نوێ – ئینجیلی یۆحەنا ١٥: ٢٦

> (٢٦) جا کاتێ پارێزەرەکە (یارمەتیدەرەکە) دێ، ئەوەی لەلای باوکەوە بۆتانی دەنێرم. کە گیانی ڕاستییە. لە باوکەوە هەڵدەقوڵێ. ئەو شایەتیم بۆ دەدا. ئێوەش شایەتی بۆ دەدەن. چونکە لەسەرەتاوە لەگەڵ منن.

لەو پەرەگرافە پارێزەرەکە لەلای باوکەوە دێ، و گیانی ڕاستییە (پیرۆزە)، و لە باوکەوە هەڵدەقوڵێ. دیارە مەبەست کوڕی باوکە، بۆیە لێی هەڵدەقوڵێ. دەبینین گەواهیدەرەکانیش هەر قوتابیەکانی یەسو خۆیی. چونکە لەسەرەتاوە ئەوان لەگەڵیدا بووین. ناکرێ لە کریست زیاتر کەسێکی تر بێ.

دەقی چوارەم

پەیمانی نوێ – ئینجیلی یۆحەنا ١٦: ٧

> (٧) بەڵام ڕاستیتان پێدەڵێم. بۆ ئێوە باشترە من بڕۆم. چونکە ئەگەر من نەڕۆم، پارێزەرەکەتان (یارمەتیدەرەکەتان) بۆ نایەت. بەڵام ئەگەر بڕۆم بۆتان دەنێرم.

ئەو پەرەگرافە زیاتر بەستراوەتەوە بە گەڕانەوەی کریست بۆ لای باوکی، تا گیانی پیرۆز بگەڕێتەوە. ئەگەر ئەو نەڕوا، ئەوە گیانی بپیرۆزیش نایێ، چونکە هەردووکیان لە یەک

جەستەدان دوای مەرگ لەیەک جیا دەبنەوە و گیانی پیرۆز دەگەڕێتەوە لای قوتابی و پێرەوکاران، و جەستەش بوونی نامێنێ.

ئەوە ئەو چوار دەقەن ، بەپێی لێکدانەوەی موسوڵمانان، بنەڕەتن بۆ مشتومڕی، پێشبینی کردنی محمد لە ئینجیلی یۆحەنا. کە پێیان وایە دەبێ مەبەستی پەیامبەری ئیسلام بێ. ئەو گەڕانەوەیە یان هاتنەوەیە پێش وەخت یەسو پەیمانی بە قوتابیەکانی دابوو، کە کارەکانی دوای مردنی بەردەوام دەبێ و تەواویان دەکا. بەوەش کە باوکی (واتە خودا) گیانی پیرۆز دەنێرێ بۆ یارمەتی قوتابیانی. بەپێی ئینجیلی یۆحەنا وەک بەرگریکارێک دێ بۆ پارێزگاری دژی تاوانەکانی شەیتان دەوەستێتەوە و مرۆڤایەتی ڕزگار دەکا.

بەپێی پەرتووکی (معجم اللاهوت الكتابي) ووشەی پاراكلیت کەلە ئینجیلی یۆحەنا هاتووە، گوزارە وەک (ناو) لە کەس ناکا، بەڵکو جێناوە و مەبەست ئەرکی سەرشانییەتی، کە بە ڕۆڵی پارێزەر، یارمەتیدەر یان ڕاوێژکار هەڵدەستێ. ئەو کەسەش یەسوی کریست خۆیەتی. کە لەلای باوک دەبێتە پارێزەر و بە گیانی پیرۆز بەرگری لە باوەڕداران دەکا. کەچی موسوڵمانان لەو باوەڕەدان کە ووشەی پاراکلیتۆس نییە بەڵکوو پێریکلیتۆس یان پێریکلیتە. کە بە مانای سەنا و سوپاسگوزاری دێ (احمد). ئەوە کریستیانەکان گوڕیویانە بۆ پاراکلیتۆس. تا مانای بگۆڕی و گوزارە لەسەر پەیامبەری ئیسلام نەکا.[295]

هەولێ موسوڵمانان و مشتومڕیان، پشتڕاستکردنەوەی ئایەتی شەشی سورەتی الصف کە پێشتر ئاماژەی پێکراوە. بەڵام بە هیچ شێوەیەک ڕێی تێناچی. لەبەر ئەوەی ناوەرۆکی هەر چوار دەقەکان بە گۆڕینی ووشەیەک تێکدەچێ. چ لە ڕووی ماناوە، چ لەڕووی ئاکار و پەیوەندی پەیامبەرانی بەنی ئسرائیل لەگەڵ خودا. بۆیە دەربڕینەکە سەرلەبەری هەڵەیە:

[295] معجم اللاهوت الكتابي – مادة باراقليت

یەکەم لەڕووی ڕووماڵی زانستیانە، پێویستی بە بەڵگە بنبەست هەیە. کە ئەو ووشەیە گۆڕاوە. بۆ ئەوەش دەبێ بە بەڵگە پیشانی بدەن کە گۆڕاوە و لە بنەڕەتدا شتێکیتر بووە.

دووەم لە هیچ کام لە سێ ئینجیلەکانی تر چ قانوونیەکان یان ئەپۆکریفەکان، بە هیچ شێوەیەک باسی ئەوە نەکراوە، تا بتوانین بەراوردێکیان لە نێوان بکەین. (تێبینی: بێجگە لەو چوار ئینجیلە، چەندین ئینجیلی تریش هەن بە ناوی ئەپۆکریف (شاراوە))

سێیەم ناکرێ یەسو باسی گەڕانەوەی پیامبەرێک بکا، کە سەرجەمی پەیامەکەی پێچەوانەی پەیامی یەسو و کریستیانی بێ.
بەم سێ خاڵە بۆمان دەردەکەوێ، کە گۆڕدران لە ئینجیل، جێگای باوەڕ نییە. و تەنیا وەک تاوانێکی بێ بنەما دراوەتە پاڵ کریستیانی.

لەلایەکیتر ئەگەر لێکدانەوەیەکی ئەو چوار دەقە لەگەڵ سەرجەم ئینجیلی یۆحەنا بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو بۆچوونەی موسوڵمانان لە بنەڕەتدا بۆچوونێکی نالۆژیکییە. با بەراوردێکی نێوان، یەک ڕستەی ناو ئەو دەقانە. لەگەڵ دەقی یەکەمی ئینجیلی یۆحەنا، کە وەک دەستپێک بۆ ئینجیلەکەی خۆی بکەین. بزانین تا چەند لەگەڵ یەک دێنەوە، کە موسوڵمانان لێ بە گومانن:

پەیمانی نوێ – ئینجیلی یۆحەنا ١٥: ٢٦

> (٢٦) جا کاتێک یارمەتیدەرەکە دێت، ئەوەی لەلایەن باوکەوە بۆتانی دەنێرم، کە ڕۆحی ڕاستییە کە لە باوکەوە هەڵدەقوڵێت، ئەو شایەتیم بۆ دەدا. (٢٧) ئێوەش شایەتی دەدەن، چونکە لە سەرەتاوە لەگەڵ منن. کە گیانی ڕاستییە. لە باوکەوە هەڵدەقوڵێ.

پەیمانی نویٚ – ئینجیلی یۆحەنا ١: ١و ٤

(١) لە سەرەتادا ووشەکە هەبوو. ووشەکە لەلای خودا بوو، ووشەکە خودا خۆی بوو(٤) ووشەکە سەرچاوەی ژیان بوو. ژیانەکەش ڕووناکی مرۆڤ بوو. (٢٣)

تەنیا بەیەک سەرنجی لە نێوان ئەو دوو دەربڕینە. بۆمان دەردەکەویٚ کە ژیانی ڕاستی لەلای خۆداوەیە و لە خوداوە هەڵدەقوڵیٚ. و ڕووناکی خودایە. ئەوە لە زۆر جێگایتر لە ئینجیلی یۆحەنا دووبارە دەبێتەوە. بۆیە ناکریٚ لێکدانەوەیەکی تری بۆ بکریٚ.

شتێکی گرنگتر هەیە سەبارەت بە گیانی پیرۆز. ئەویش لە قورئان، ئەو کەسانەی باسی (ثالث لە قورأن و ثالوث لە ئینجیل) بکەن بە کافر دادەنرێن:

سورة المائده ٥: ٧٣

لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ ثَالِثُ ثَلَاثَةٍ وَمَا مِنْ إِلَهٍ إِلَّا إِلَهٌ وَاحِدٌ وَإِنْ لَمْ يَنْتَهُوا عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ

ئەوانەی کفریان کرد، کە گوتیان خودا سێیەمینە لە سێیان. هیچ خودایەک بێجگە لە خودای تاک و تەنیا نییە. ئەگەر دەست لەو قسانە هەڵنەگرن، تووشی ئازارێکی بەسۆدەبن. (٢٤)

هەڵبەتە مەبەست لە سیانەی (ثالوث) کریستیانەکانە. کە دەڵیٚ ( باوک، کوڕ و گیانی پیرۆز)

سورة النساء ٤: ١٧١

يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لَا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ وَلَا تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ إِلَّا الْحَقَّ (١٧١)

ئەی خاوەن پەرتووک، زێدەڕۆیی لە دینەکەتان مەکەن. بێجگە لە ڕاستی دەربارەی خودا مەبێژن (١٧١)

ئەو دوو ئایەتە، ڕاشکاوانە پەیرەوکارانی دینی کریستیانی بە کافر ناو دەبەن. لە سورەتی المائدە، قورئان ئەو کەسانەی (ثالوث) دەکەن بە کافر دادەنێ. سیانەش بریتییە لە (باوک، کوڕ و گیانی پیرۆز)، لە هەر چوار دەقەکانی ئینجیلی یۆحەنا باسی گەڕانەوەی گیانی پیرۆز یان گیانی ڕاستی دەکا. سەرەڕای ئەوەی کریستیانەکان بەتایبەتی ئینجیلی یۆحەنا یەسو بە خودا دادەنێ (ووشەکە خودا بوو). بۆیە لە قورئان بە ڕاشکاوی دەڵێ (لَا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ) زێدەڕۆیی لە دینتان مەکەن. با ئەوەشمان لەبیر نەچی گۆتەی سیانەی (باوک، کوڕ و گیانی پیرۆز) یەکەمین جار لەلایەن پاولۆس، لە نامەیەکی بۆ خەڵکی کۆڕۆنتۆس بەکارهاتووە.

پرسیارەکە لەوە دایە بۆچی دینێک دینێکیتر بە کفر دابنێ و لە سەرتاسەری چوار ئینجیل و ٢٣ نامەی نێردەکانی، و زیاتر لە ٢٠ ئینجیلی ئەپۆکریف، تەنیا یەک ووشە ئەوەندە گرنگبێ، و بتوانێ سەرتاپای دینێکی بێ تۆمەتبار بکا؟

بێگومان دیارە مەبەستی لەو ووشەیە، تەنیا پشتڕاستکردنەوەی ئایەتی شەشەمی سورەتی الصف. بە دروستکردنی ئەو گومانە دەیانەوێ بیسەلمێنن کە ئەوەی لە قورئان هاتووە، پێشوەخت لە لەوحی مەحفوز نووسراوە. ئەوەش گومانێکی بێ بەڵگە و بەبێ لێکدانەوەیەکی لۆژیکانەیە کە ناتوانێ جێگای باوەڕ بێ. لەبەر ئەوەی بە تەنیا ڕووماڵکردنی ئینجیلی یۆحەنا هیچ لە شتەکە ناگۆڕێ. بەڵکوو دەبێ سەرجەم ئینجیلەکانی تر و نامەکانیش، بەتایبەتی نامەکانی پاولۆس بە هەند وەربگیرێن. نامەکانی پاولۆس گرنگترین سەرچاوەی دینی کریستیانین. نەک بە وەرگێڕانێکی هەڵە لە ووشەی (پاراکلیتۆس)ی یۆنانی. بە پێچەوانەوە

دەبێ لێکدانەوەیەکی سەرجەم پرۆسەی ژیان و کردەوەکانی یەسوو، لە ناو ئینجیل و دۆکومێنتە مێژوویەکانی سەردەمی خۆی وەک سەرچاوەی قووڵبوونەوە، بە مێژوونووسانی ئەو سەردەمە. وەک ئوسێبوسی قەیسەری(٢٦٣ – ٣٣٩ ز) (Eusibus of Caesarea) کە خاوەنی پەرتووکی (مێژووی کریستیانیی) ( Church History OR Ecclesiastical History) و مەزنترین پەرتووکە سەبارەت بە دینی کریستایانی. وەک زەمینەیەکی مێژوویی بۆ دینی کریستیانی دەبینرێ. ئەوەش بە هۆی ئەوەی ڕەخنەگرێکی مەزن بوو بەرامبەر ئینجیل. هەمیشە هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی بە هەند وەردەگیرا. ئەو هەڵوێستانەی وایکرد، دوای کۆڕی نیقیا، ناچاربکرێ دەستبەرداری هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی بێ، و بەر لێبووردنی قیسەر کۆنستەنتینی یەکەم کەوت. ئەوەی جێگای سەرنجە، ئوسێبوس متمانەی لەسەر ووتە و نووسینەکانی پاپیاس (Papias) (٦٠ – ١٣٠ ز) دەکرد کە قەشەیەک بوو ئاشنایی، لەگەڵ هەردوو مەتی و مەرقص هەبوو. پێنج پەرتووکی لەسەر ئینجیلەکان نووسیون، بەڵام بەداخەوە ئێمە تەنیا لە ڕێگای ئوسیبوسەوە دەیناسین و پەرتووکەکانی گوم بووین.[296]

بە پشت بەستن بە لەلایەک مێژووی کریستیانی و ڕەخنەو ناکۆکییەکانی ناوەوەی. کە گشتی بە تۆمارکراوی ماون وەک مێژوویێکی زیندوو. لەلایەکیتر جیاوازی پەیامی یەسو ، بەرامبەر خودا و پاریزگاری گەلی ئیسرائیل. ناتوانرێ ئەو تۆمەتەی موسوڵمانان ڕاستبێ، چونکە بە هەر شێوەیەکبێ نالۆژیکییە. ئەو نالۆژیکییەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار:

یەکەم: یەسو بەهیچ شێوەیەک ناکرێ پێشبینی پەیامبەرێک بکا. کە لە دەرەوەی ڕۆڵی پەیامبەرانی بنی ئیسرائیل بێ. هیچ لەوان بە پاڕانەوە، سەنا یان سوپاسکردن لەگەڵ خودا قسەیان نەکردووە، بەڵکوو هەمیشە وەک پارێزەری مرۆڤ و ڕاوێژکاری خودابووین. (ئەوەش لە خاڵی یەکەمی ئەو باسە بە نموونە خراوەتە ڕوو).

---

[296] Encyclopedia Britannica

دووەم: هەر چوار پەرەگرافەکانی ئینجیلی یۆحەنا باسی (گیانی پیرۆز) دەکەن. تا دەگاتە یەسو دەڵێ دەگەڕێمەوە لاتان و بە هەتیوی بەجێتان نایەڵم. کەواتە بە تەنیا گۆڕینی یەک ووشە ناکۆکی لە سەرتاسەری دەربڕینەکە دروست دەبێ. یان دەبێ پاراکلیتۆس (پارێزەر) بێ کە لەگەڵ پەیامبەرانی ئیسرائیلی. و سەرجەمی هەر چوار پەرەگرافەکە باش دەگونجێ. یان دەبێ سەرجەمی پەرگرافەکان گۆرابن تا مانای نوێ وەربگرێ. بۆ ئەوەش پێویستی هەم بە بەڵگەی مێژوویی، بە تایبەتی دەقی بنەڕەت ئەگەر هەبێ. و لەگەڵ هەڵوێست و کەسایەتی و پەیوەندی پەیامبەرانی بەنی ئیسرائیل ناگونجێ. بۆیە جێگای باوەڕ نییە.

سەرەڕای ئەوە، یەسو دەڵێ تا من نەڕۆم ئەو ناتوانێ بێ. باشە بۆ شەش سەد ساڵ چاوەڕوانی کرد تا پەیامبەرێک بێ، لەگەڵ سەرجەمی پەیامی یەسو جیاوازبێ؟ ئەوەش پێچەوانەی گشت بۆچوونێکی لۆژیکییە.

لە کۆتاییدا ڕاستی دروستکردنی، ئەو تۆمەتە بۆ کریستیانەکان، لەلایەن ڕاڤەکارانی موسوڵمان. وەک ئەوە وایە بە بەردێک سێ چۆلەکە بکوژن.

یەکەم: خۆ دەربازکردن لە نەسرانی بوونیان. کە تا ئێستاش وەک سەرچاوەو بنەڕەتی دینی ئیسلام دادەنرێن. بە تایبەتی قورئانی مەککە. کە بەپێی لێکۆڵینەوە وەرگێڕانی ئینجیلی عیبرانییە. وەک حاشاکردنێک. بەڵگەی ئەوەش سورەتی الصف ٦١: ٦ کە پێشتر باسکراوە، سورەتێکی مەدینەیە و مەبەستیش لەوە نووسەری قورئان بۆ خۆ دەبازکردنی لە نەسرانی بوون. بەلکوو خۆ ناساندن وەک پەرە پێدەری پەیامی یەسووی کریست. کە ئەوەتە کریستیانەکان و پەیامبەریان پێشبینی هاتنی پەیامبەری ئیسلامیان کردووە. بۆیە ئێمە و نەسارییەکانی دوو ڕووی یەک دراو نین. بەلکوو محمد بەر لە شەش سەد سال پێشتر پێشبینیکراوە. بۆیە لەگەڵ نەساریەکان تەنیا وەک دینێکی ئیبراهیمین و بەس.

دووەم: بەو تۆمەتە کریستیانەکان،تاوانبار دەکرێن، بەوەی دەستکاری ئینجیلیان کردووە، بۆیە دەبێ بە گومڕا دابنرێن. و زێدەڕۆییان لە دینەکەیان کردووە. تەنانەت قسەی یەسوشیان گۆڕیووە.

سێیەم: ناساندنی قورئان وەک پەرتووکێکی ئاسمانی. کە ئەوەتا ئایەتێکی قورئان، چۆن لە لەوحی مەحفوز نووسرابوو، ئاوا بەر لە شەش سەد ساڵ لەمەوبەر، بە دەق ئینجیل پشتڕاست کراوەتەوە. و پیرۆزییەکەی شتێکی ئاسمانییە.

# سورەتی یاسین و کێشەی ئەنتاکیا

نووسەری قورئان لە سورەتی یاسین ئایەتەکانی ١٣ – تا ٢٥ ، باسی چیرۆکێک دەکا، کە دوو نێردە چوونەتە گوندێک، بۆ گەیاندنی پەیامی خودا، و ڕاپی کردنی خەڵکەکە بە هاتنە سەر ڕێگای ڕاست. کەچی خەڵکی گوند باوەڕیان پێناکەن،

ئەوەندەی بەناو ئایەتەکانی قورئان و ڕاڤەکانیان دادەچیتەوە، هەڵەی گەورەتر دەدۆزیتەوە. و نەزانی نووسەری قورئانت بۆ دەرەدەکەوێ. بەردەوام زانیاری هەڵە، بەناوی وەحی پیرۆز، کە لە خوداوە هاتبن تۆماردەکا. زۆربەی ڕووداوەکانی لە قورئان تۆمارکراون، بە بەراوردێکی مێژوویی و جوگرافی و کۆمەڵایەتی دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی نووسەری قورئان، بێجگە لە مرۆڤێکی سادەی بەدەوی دوورگەی عەرەبی هیچیتر نییە.

ئەگەر لە ژێر ڕۆشنایی سورەتی یاسین، سۆراخێکی بەدوای ڕووداوی ئەنتاکیا و نێردەکان بکرێ. لە ڕاستیدا ئەو ڕووداوە، بەڵگەیە، کە نووسەری قورئان ئاستی زانین و ئاگاداری لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی ئاستی کۆمەڵایەتی و دینی ژینگەی خۆیەتی. و ئەو چیرۆکەشی لە فۆلکلۆری دوورگە وەرگرتووە. ئەگینا لە چوارچێوەی کولتووری ژینگەی خۆی بەدەرەوە، لە هەموو شتێک بێ ئاگایە.

بە شێوەیەکی ووردی ڕەخنەگرانە لە ئایەتەکانی ١٣ – ٢٥ هەروەها ئایەتەکانی ٢٨ - ٢٩ لە سورەتی یاسین قووڵبوونەوە بکرێ، دەردەکەوێ سەرەڕای ئەوەی نووسەری قورئان، لە تەمەنی بیستساڵیەوە بە درێژایی ئەو ماوەی تا دەستی بە بانگهێژی دینەکەیکرد، لە تەمەنی

٤٠ ساڵی. گەشتی بازرگانی بۆووڵاتانی شام و ئیسرائیل کردووه.[297] و لەوێش هەم دەستەڵاتدارییەتی ڕۆم و هەم قەشە و ڕەبەنەکانی یەهودی نەسارِی دیون. کەواتە دەبێ باش ئاگای لە ڕەوتی کۆمەڵایەتی و دینی ئەو ناوچانە هەبووبێ. سەرەڕای ئەوەش بۆ لێکدانەوەی ئەو چەند ئایەتانە، ڕاڤەکارانی موسوڵمان، بە پشتبەستن بە حەدیسەکانی پەیامبەر، بۆ ئەو ئایەتانە، دەردەکەوێ کە هەڵەکان ئەوەندە زەقن. کە ناکرێ لەدەرەوەی سنووری کەلەپووری کۆنی ناوچەکە دەربچن.

لە قورئان، سورەتی یاسین ئایەتەکانی ١٣ تا ٢٥ بۆ پەند دادانی باوەڕداران، و تۆڵەی بەزەبری خودا، باسی کارەساتێک دەکا، کە دەبێ ڕوویدابێ، و خودا مرۆڤی شارێکی قڕکردبێ. بەڵام لەبەر ناکۆکی مێژوویی و جوگرافی و کەسایەتیەکانی ناو چیرۆکەکە، دەکرێ هەڵوێستەی لەسەربکرێ. و نالۆژیکی لە دەقی قورئان وا دەخوازێ. کە سەرەتاتکێیەک لەگەڵ ئایەتەکان و ڕاڤەی موسوڵمانان بکەین.
بەر لە قسەکردن لەسەر چیرۆکەکە، خراپ نابێ، گوزەرێک بەناو ئایەتەکاندا بکرێ.

سورة يس ٣٦: ١٣- ٢٥

وَٱضۡرِبۡ لَهُم مَّثَلًا أَصۡحَٰبَ ٱلۡقَرۡيَةِ إِذۡ جَآءَهَا ٱلۡمُرۡسَلُونَ (١٣) إِذۡ أَرۡسَلۡنَآ إِلَيۡهِمُ ٱثۡنَيۡنِ فَكَذَّبُوهُمَا فَعَزَّزۡنَا بِثَالِثٖ فَقَالُوٓاْ إِنَّآ إِلَيۡكُم مُّرۡسَلُونَ (١٤) قَالُواْ مَآ أَنتُمۡ إِلَّا بَشَرٞ مِّثۡلُنَا وَمَآ أَنزَلَ ٱلرَّحۡمَٰنُ مِن شَيۡءٍ إِنۡ أَنتُمۡ إِلَّا تَكۡذِبُونَ (١٥) قَالُواْ رَبُّنَا يَعۡلَمُ إِنَّآ إِلَيۡكُمۡ لَمُرۡسَلُونَ (١٦) وَمَا عَلَيۡنَآ إِلَّا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ (١٧) قَالُوٓاْ إِنَّا تَطَيَّرۡنَا بِكُمۡۖ لَئِن لَّمۡ تَنتَهُواْ لَنَرۡجُمَنَّكُمۡ وَلَيَمَسَّنَّكُم مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٞ (١٨) قَالُواْ طَٰٓئِرُكُم مَّعَكُمۡ أَئِن ذُكِّرۡتُمۚ بَلۡ أَنتُمۡ قَوۡمٞ مُّسۡرِفُونَ (١٩) وَجَآءَ مِنۡ أَقۡصَا ٱلۡمَدِينَةِ رَجُلٞ يَسۡعَىٰ قَالَ يَٰقَوۡمِ ٱتَّبِعُواْ ٱلۡمُرۡسَلِينَ (٢٠) ٱتَّبِعُواْ مَن لَّا يَسۡـَٔلُكُمۡ

[297] إبن هشام، السيرة النبوية الجزء الأول ص ٧١١ – ٧١٢

أَجۡرٗا وَهُم مُّهۡتَدُونَ (٢١) وَمَا لِيَ لَآ أَعۡبُدُ ٱلَّذِي فَطَرَنِي وَإِلَيۡهِ
تُرۡجَعُونَ (٢٢) ءَأَتَّخِذُ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً إِن يُرِدۡنِ ٱلرَّحۡمَٰنُ بِضُرّٖ لَّا تُغۡنِ عَنِّي
شَفَٰعَتُهُمۡ شَيۡـٔٗا وَلَا يُنقِذُونِ (٢٣) إِنِّيٓ إِذٗا لَّفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ (٢٤) إِنِّيٓ ءَامَنتُ
بِرَبِّكُمۡ فَٱسۡمَعُونِ (٢٥)

بەسەرهاتی خەڵکی ئاواییەکەیان بە نموونە بۆ بێنەوە، کە نێردەکان چوونە لایان (١٣) دوو نێردەمان بۆیان ناردن، کەسیان بڕوای پێ نەکردن، نێردەی سێیەمیشمان نارده لایان، یارمەتی ئە دوو دانە بدا. گوتیان ئێمە بۆ لای ئێوە نێردراوین (١٤) گوتیان ئێوە هەر مرۆڤێکی وەک خۆمانن، و خودا هیچی نەناردۆتە خوار، ئێوە درۆدەکەن. (١٥) گوتیان پەروەردگارمان دەزانێ کە ئێمە بۆ لای ئێوە ڕاسپێردراوین (١٦) گوتیان ئێمە، هەر ئەوەندەمان لەسەرە، پەیامی ئەوتان پێ بگەیێنین، هیچیترنا. (١٧) گوتیان پێوقەدەمی ئێوە بۆ ئێمە شۆمە. و دەست هەڵنەگرن، بەردبارانتان دەکەین. و بە سەختی ئەشکەنجەتان دەدەین (١٨) گوتیان شۆمی لە خۆتانە، ئەگەر خوداکەتان بەیادتان بهێنرێتەوە، بەڕاستی ئێوە خەڵکێکی لەخۆ دەرچوون (١٩) پیاوێک لەوپەڕی شارەوە بە گورجی دەهات. گوتی: ئەی خەڵکەکەم شوێن نێردەکان کەون (٢٠) پەیرەوی ئەوانە بکەن، کە شارەزای ڕێگەی خودان، و هیچ پاداشتێکیان لێتان ناوێ (٢١) جا بۆچی ئەو کەسە نەپەرستم کە منی ئەفراند. و هەمووومان بۆ ئەو دەگەڕێینەوە (٢٢) چۆن من بێجگە لەو خودایە بە خۆمەوەبگرم. ئەگەر خودا بیەوێ بەڵایەکم بەسەربێنێ، تکای ئەوان هیچ سوودێکم پێ ناگەیێنێ، و ناتوانن ڕزگارم کەن (٢٣) دە کەواتە من بە ئاشکرا گومرام (٢٤) من بە پەروەردگاری ئێوە، باوەڕم هێنا، جا گوێبگرن (٢٥)

لەو سورەتەدا لە ئایەتی ١٣ دەڵی (نموونەی خەڵکی گوندیان بۆ بێنەوە) دەبێ ئەو ڕووداوە لە گوندێک ڕوویدابێ. کەچی لەهەمان سورەت ئایەتی ٢٠ دەڵێ (پیاوێک لەو پەڕی شارەوە بە ڕاکردن هات). دیار نییە، ئەو ئاواییە شارە یان گوند. کە ئەوەندە گرنگ بووبێ نێردەی بۆ ناردرابن. و دواتر نێردەیەکیتریش بەدوایان دا نێردرابێ.

بە پێی لێکدانەوەی الطبري دەڵێ لەم سورەتەدا، یەسوی کوڕی مریەم، دووان لە نێردەکانی بۆ مزگێنی دان ناردنە ئەو گوندە (شارە). بەڵام خەڵکی گوند بە درۆیان خستنەوە. دواتر یەسو کەسی سێیەمیشی نارد.[298]

سەرجەمی ڕاڤەکارانی موسوڵمان، لە ڕاڤەکردنی ئەو چەند ئایەتە، دەڵێن لەو ئاوەدانیە، مەبەستی ئەنتاکیایە، لە ئاسیای بچووک. بۆ ئەوەش ئاماژە بەوە دەکەن، کە لە پەیامبەر بیستوویانە، مەبەستی ئەو چەند ئایەتە ئەنتاکیایە هەروەها الألوسی دەڵێ ئەو گوندەی إبن عباس باسی دەکا ئەنتاکیایە.[299]

ابن كثير لە أبو جعفر دەگێڕێتەوە، دەڵێ: خودا فەرمووی ئەی محمد چیرۆکی نێردەکانی گوندەکە، بۆ بێدینان بگێڕیوە، و بڵێ ئەوە ئەنتاکیا بوو. بەڵام کە دێتە سەر نێردەکان جیاوازی دروست دەبێ. هەندێکیان دەڵێن ئەوانە نێردەی یەسوی کوڕی مریەم بوون، بۆ ئەوێ ناردن.[300]

---

298 الطبري، جامع البيان عن تأويل القرآن، الجزء التاسع عشر ص ٤١٣
299 الألوسي، روح المعاني، في تفسير يس
300 ابن كثير، تفسير القرآن العظيم الجزء التاسع عشر ص ٣٥١

ابن عباس لە کعب الأحبار[301] دەگێڕێتەوە، کە شاری ئەنتاکیا فیرعەونی لێبوو، و بوتی دەپەرستن. خودا نێردەکانی ناردن، کە ناویان صادق، صدوق و شلۆم بوو.[302]

بە لێکدانەوەی گشت ئەوانە، دەق ئەو ئایەتانە ئاماژە بە هەردوو نێردە پاولۆس و بەرنابا دەکەن، کە هەردووکیان لە ئەنتاکیا بووین. دواتر سێیەمیش هاتووە. لێرەدا دەکرێ ناکۆکییەکانی ئەو چەند ئایەتە بکرێنە چەند خاڵ.

خاڵی یەکەم: کە جێگای سەرسوڕمانە پاولۆس و بەرنابا هەرگیز لە ئەنتاکیا تووشی کێشە نەبووین. بەڵکوو زۆر ئازادانە کاریان کردووە. ئەوەش لە پەیمانی نوێ - کردەوەی نێردان بە ڕوونی باسی لێکراوە، بە درێژایی ئەوکاتەی نێردەکان، لە ئەنتاکیا بووین، هیچ شتێک ڕووی نەداوە. بە پێچەوانەوە لەبەر ئارامی شار و ئازادی کارکردن. هەر لەوێ دینی کریستیانیان ڕاگەیاند.

پەیمانی نوێ - کردەوەی نێردان ١١: ٢٢ - ٢٤

> (٢٢) ئەم هەواڵە گەیشتە کڵێسای ئۆرشەلیم، ئەوانیش بەرنابایان بۆ ئەنتاکیا نارد .(٢٣) کاتێک گەیشت و بڕشتی خودای بینی، دڵخۆش بوو، هەمووانی هاندا بە هەموو دڵیانەوە لەگەڵ کریستی خاوەن شکۆ بمێننەوە، (٢٤) چونکە پیاوچاک بوو، پڕبوو لە ڕۆحی پیرۆز و باوەڕ.

---

[301] کعب الأحبار (٧٢ پ.ک – ٣٢ک/ ٥٥١- ٦٥١ س.ب) یەهودیەکی خەڵکی یەمەن بوو، لە ڕەچەڵەکی حمیري. زانارییەکی بێوێنەی لەسەر نەبیە ئیبراهیمیەکان، و مێژووی ئیسڕائیل بوو. لەسەردەمی خەلافەتی ئەبو بەکر ئیسلام بوو. هاتە مەدینە، بەڵام لەسەردەمی عومەر تووشی ناکۆکی بوو، لەسەر لێکدانەوەی ڕووداوەکان. بەرەو شام کۆچی کرد. لە شاری حمص نیشتەجێ بوو. هەر لەوێش کۆچی دوایی کرد. سەرچاوە الدکتور خلیل إسماعیل ألیاس (٢٠٠٧) کعب الأحبار، و أثره فی التفسیر. دار الکتب العلمیة بیروت لبنان.

[302] الطبري الجزء التاسع عشر ص ٤١٤

خەڵکێکی زۆریش هاتنە پاڵ کریستی خاوەن شکۆ. (٢٥) ئەوسا چوو بۆ تەرسۆس تاکو بەدوای شاولدا بگەڕێت، (٢٦) کاتێک دۆزییەوە بۆ ئەنتاکیای هێنا. ئیتر ساڵێکی تەواو لە کڵێسا کۆبوونەوە و خەڵکێکی زۆریان فێرکرد. یەکەم جاریش لە ئەنتاکیا قوتابییەکان ناویان لێنرا کریستیانی.

شاری ئەنتاکیا کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئاسیای بچووک، لەسەر قەراخی ڕووباری ئاسی (عاصی) ( Orontes (Asi) لە ناوچەی هەتای ( Hatay) نزیکەی ٣٠ کم لە دەریای سپی ناوەڕاست دوورە. ساڵی ٣٠١ پ.س.ب لەلاین سێلێوکۆس نیکاتۆری یەکەم (٣٥٨ – ٢٨١ پ.س.ب) ( Seleukos I Nikator)، لە دوای مردنی ئەسکەندەری مەکەدۆنی بە ناوی ئەنتیۆخوس (Antiochus ) کە ناوی بنەماڵەکەیەتی، دروستکراوە. ئەنتاکیا لە دوای شاری ڕۆما پیرۆزترین شوێنە بۆ کریستیانەکان، لەبەر ئەوەی دینی کریستیانی لە و شارە دروستبووە.[303]

خاڵی دووەم: ئەنتاکیا هیچ کات پایتەختی فیرعەون نەبووە. بە درێژایی مێژوو شوێنی فیرعەونەکان میسر بووە. سەرەڕای ئەوە ئەنتیخۆس نازناوی بنەماڵەی پاشایانی سێلێوکی بووە کە فەرمانڕەوای سووریا بوون. زۆر پێشتر لە ڕۆمانی بووە، بەڵکوو زۆر دواتربووە، کە دینی کریستیانی دروستبوو.

إبن إسحاق لەوەش زیاتر نالۆژیکانە دەڵێ:

لە شاری ئەنتاکیا فیرعەونێک هەبوو ناوی ئەنتێخیس کوڕی ئەنتێخیس کوڕی ئەنتێخیس بوتی دەپەرسن. خودا سێ نێردەی ناردن بەناوی سادق، سادوق و شەلوم. خودای دوانی ناردنە لایان، بەدرۆیان خستنەوە. دواتر سێیەمیشی نارد.

---

[303] Encyclopedia Britannica

إبن إسحاق بەردەوام دەبێ، ئەوانە قوتابی کریست بوون. کاتێ فیرعەون سووربوو، لەسەر ئەوەی ئەو قوتابیە نێردانەی کریست لە ئەنتاکیا بکوژێ، خودا فیرعەون و گشت دانیشتوانی ئەنتاکیای قڕکردن.

دواتر بەردەوام دەبێ:

> ئەو پاشایە و خەڵکی ئەنتاکیا ماڵوێران بوون. قڕبوون و لەسەر زەوی نەمان.[304]

خاڵی سێیەم: لە هەمان سورەت ئایەتی ١٣ ئەنتاکیا گوندە، کەچی لە ئایەتی ٢٠ی هەمان سورەت شارە. ئەگەر گوندبێ ئەوە نابێ ئەنتاکیابێ. لەبەر ئەوەی، ئەنتاکیا لەبەر گرنگی شوێنەکەی، هەر لە دروستبوونەوە، وەک شارێکی میترۆپۆلیتانی، چەقی بازرگانی و سیاسی بووە. شارێکی فرەزمان و نەتەوە و باوەڕ بووە. لەو شارە خەڵکی بە ئازادی بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەگەز و باوەڕ کاری دینی و سیاسیان کردووە.

دواتر ڕاڤەکارانی موسوڵمان، وەک إبن کثیر کە زانیاری لەسەر ئەوانەی پێشتری خۆی کۆپیکردووە، لەجیاتی ناوی مارکوس، یۆهانێسی نووسیووە. بێ ئەوەی ئاگای لەوەبێ کە مارکوس خۆی ناوی (مارکوس یۆهانێس) بووە. هەروەها ناوی پاولۆس بە بولیس دەنووسن.[305]

المسعودی دەڵێ پاولۆس یەک لەو کەسانە بووە، کە قورئان لەو ڕووداوە مەبەستی بووە[306]

---

[304] ابن كثير، تفسير القرآن الكريم. المجلد الحادي عشر، ص ٣٥٧
[305] ابن كثير، تفسير القرآن العظيم تفسير سورة يس
[306] المسعودي، مروج الذهب، الجزء الأول، ص ٧٣

خاڵی چوارەم: یەسو هەرگیز نێردەی بۆ دەرەوەی ئیسرائیل نەناردوون. لەبەر ئەوەی:

١ وەک مێژوو ناچێتەوە سەرەیەک. چونکە یەسو ساڵی ٣٠ س.ب واتە لەتەمەنی سی ساڵی لە خاچدرا. کەچی پاولۆس و بارنابا و هاوەڵەکانیان. لە ساڵی ٤٠ س.ب بەدواوە لە ئەنتاکیا بووین. بۆیە هیچ لۆژیکێک ڕێگا نادا یەسو ١٠ ساڵ دوای مردنی نێردە ناردبن.

٢ یەسو پەیامی بانگهێژەکەی ڕووی لە گەڵی بەنی ئیسرائیل بوو. کە پەرەدان بووە بۆ بەردەوامی یاساکانی تەورات.

پەیمانی نویٚ ئینجیلی مەتیاس ٥: ١٧

> (١٧) وا بیر نەکەنەوە من هاتووم تەورات یان نووسراوی پەیامبەران بسڕمەوە، نەهاتووم بۆ سڕینەوەیان، بەڵکو هاتووم بۆ تەواوکردنیان.

دواتر خۆی دەڵێ تەنانەت لە خاکی ئیسرائیلیش تەنیا هەوڵدەن مەڕە وونبووەکانی ماڵی ئیسرائیل بدۆزنەوە.

پەیمانی نویٚ ئینجیلی مەتیاس١٠: ٥

> (٥) یەسو ئەم دوازدە کەسەی نارد، فەرمانی پێ کردن: بە ڕێگای نەتەوەکاندا مەڕۆن و مەچنە شاری سامیرەییەکان، (٦) بەڵکو لەبری ئەوە بڕۆنە لای مەڕە ونبووەکانی ماڵی ئیسرائیل.

بە ڕەچاوکردنی پەیامی یەسو ناکرێ ئەوانە نێردەی یەسوبن، یان هەر شتی وا ڕووی دابێ.

خاڵیٚ پێنجەم: کە خاڵێکی زۆر گرنگە لە دینی یەهودی نەساڕی دواتریش ئیسلام پاولۆس و هاوڕیٚ نێردەکانیتری، بە گومڕا دادەنران. بەوە تاوانباری دەکەن کە دینی کریستیانی بەلارێدابردووە. ناکریٚ نووسەری قورئان لەلایەک گرووپێک بە گومرا و دژی خودا دابنیٚ، لەلایەکیتر خودا لەبەر بڵاوکردنەوەی ئەوان شارێک وێرانکا. لەو خاڵەدا جوانتر ڕووندەبێتەوە کە نووسەری قورئان، هیچ زانیاریەکی لە سەر مێژوو و جوگرافیا و کەسایەتیەکان نەبووە. و هە بە گوتیان و دەڵێن شتەکانی دەربڕیون.

خاڵی شەشەم: باسی هاوارێک، گرمەیەک یا نەعرەتەیەک دەکا، کە شاری لە چرکەساتێک خامۆشکردووە.

القرآن الكريم – سورة يس ٣٦: ٢٨ - ٢٩

سورة يس ٣٦: ٢٨ – ٢٩

وَمَآ أَنزَلۡنَا عَلَىٰ قَوۡمِهِۦ مِنۢ بَعۡدِهِۦ مِن جُندٖ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَمَا كُنَّا مُنزِلِينَ (٢٨) إِن كَانَتۡ إِلَّا صَيۡحَةٗ وَٰحِدَةٗ فَإِذَا هُمۡ خَٰمِدُونَ (٢٩)

دوای ئەو، ئێمە هیچ لەشکرمان لە ئاسمان بۆ هۆزەکەی ئەو دانەبەزاند، (بەر لەوەش) هەر دامانئەبەزاند. (٢٨) هەر تەنیا هاوارێک (نەعرەتەیەک) بوو، لە ناکاو گشت دامرکان و مردن(٢٩).

هەروەها حەدیسەکانی محمدیان هێناون و دووپاتەی ئەوەیانکردۆتەوە، کە شاری ئەنتاکیا لە ئەنجامی ئەو هاوارە کاولبووە، و پاشاکەشی مردووە.[307]

[307] المقدسي، البدء و التاريخ ص ١٦٤، ابن كثير البداية و النهاية الجزء الأول ص ٢٣٥

خاڵی حەوتەم: لەلایەکیتر ئەگەر نووسەری قورئان ئەو کارەساتە دەداتە پاڵ ئەنتاکیا، و ئیمپراتۆری ڕۆمانی هەژاندبێ، بێگومان دەبێ گەورەترین هەواڵی تۆمارکراوبێ. بۆیە بەدواداچوونێکی کورت بۆ زیاتر ڕوونبوونەوە، خراپ نییە.

هەڵبەتە لە شاری ئەنتاکیا هیچ بوومەلەرزە یان بورکان یا هەر شتێکی وێرانکەری تر، لەو سەردەمە، نە لە شار یان دەوروبەری نزیکی ڕووی نەداوە. ئەوەی کە ڕوویداوە، لە سەدەی یەکەمی س.ب و سەدەکانی دواتر گەورەترین بورکان لە ناوچەی ڤیزۆڤ بووە، کە لە دەوروبەری ساڵی ٧٩ س.ب لە شاری پۆمپێی (Pompeii ) کە دەکەوێتە نزیک شاری ناپۆلی لە ئیتالیا و وێرانیکرد.

کەچی پاولۆس و بەرنابا و نێردەکانیتر لە نێوان سالانی ٤٠ تا ٤٩ س.ب لە شاری ئەنتاکیا بوون. ئەوەش لە ڕووی مێژووییەوە، لە ڕوودانی بورکانی ڤیزۆڤ ماوەیەکی دوورە. لەهەمان کاتدا مێژوونووسانی ڕۆمانی ئەو سەردەمە، بە درێژی و پڕ ووردەکاری هەواڵەکانی ئەو بورکانەیان تۆمارکردووە. هەروەک چاودێری ڕووداوەکان ڕۆژ بە ڕۆژ هەواڵەکانیان باسکردوون. و زۆر بە خرۆشەوە بە ووردەکاری لە ڕەهەندی جیاوازەوە، کارەساتەکەیان بە هەڵسەنگاندنەوە تۆمارکردووە. یەک لەو کەسانەی کە خۆی ئەو بورکانەی بینیووە، مێژوونووسی ڕۆمانی پلینی بچووک (٦١ – ١١٣ س.ب) بوو. تەنانەت ئەو بوومەلەرزە بچووکەی پێش بورکانەکەشی کە لە ساڵی ٦٤ س.ب ڕووی داوە، زۆر بە ووردی تۆمارکردووە.[308]

[308] Pliny the Younger Book 10, Letter 96 and 97, A.N. Sherwin- White (1966) The Letters of Pliny. Oxford: Claredon.

دوای ئەو مێژوونووس سوێتۆنیوس (٧٠ – ١٤٠ س.ب) لە پەرتووکی ژیانی ئیمپراتۆر، بەتایبەتی قەیسەر نیرۆن کە بەشێکە لە پەرتووکی ژیانی ١٢ قەیسەر تۆمارکردووە، بە هیچ شێوەیەک باس لە وە ناکا، لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست بورکان یان بوومەلەرزە یا شتێکی لەو شێوەیە ڕوویدابێ.[309]

هەروەها تاسیتوس (٥٦ – ١٢٠ س.ب) لە پەرتووکی پانزەم دەنووسێ:
هەروەها بوومولەرزە بەشێکی گەورەی لە شاری پۆمپێی کاولکرد، شارێک پڕ لە دانیشتوان لە ناوچەی کامپانیا.[310]

ئەو بوومەلەرزە بچووکە کە بە پانزە ساڵ بەر لە بورکانەکە هاتووە، جیاوازی کاتی لەگەڵ دوا هەواڵی نێردەکانی کریست لە ئەنتاکیا نزیکەی ١٣ ساڵ بووە. هەروەها ماوەی نێوان بوومەلەرزە لەگەڵ بورکان ٥٩ ساڵ بووە. کە تێکڕای جیاوازی نێوان نێرەدەکان لە ئەنتاکیا (ساڵی ٤٠ تا ٤٩ س.ب) کە دەڵێ هەر لە چوونیان، واتە ساڵی ٤٠ س.ب، تا دەگاتە بورکانە گەورەکە لە ساڵی ٧٩ س.ب دەکاتە ٣٩ ساڵ ئەوەش ماوەیەکی درێژە بۆ ڕێکەوتەی ڕووداوی مێژوویی. و بە هێچ شێوەیەک ڕێی تێناچی ئەو بورکانەبێ.

ڕەنگبێ بوومەلەرزە و تەقینەوەی بورکان دەنگی هەبووبێ. بەڵام بە لێکدانەوەیەکی زانستی، ئەگەر ئەو دەنگە هەرچەند گەورەش بووبێ، ناکرێ لە ناوچەی ناپۆلی لە ئیتاڵیا بتوانێ شارێک لە ئاسیای بچووک، لە دووری ٤٤٤٩کم[311] بە دەنگی تەقینەوەی وێرانکا.

---

[309] Suetonius, Gaius. live of the Caesares.
[310] Tacitus´s Histories XV
[311] بە پێوانەی (GPS) دووری نێوان پۆمپێی لە ناوەڕاستی ئیتالیا و ئەنتاکیا. بڕوانە وێنەی هاوپێچ

له کۆتاییدا ئەو ئایەتانە و قسەی پیامبەر وسەبارەت بە ئەنتاکیا بەڵگەن، کە قورئان بەرهەمی مێشکی مرۆڤە لەسەردەمێکی دیاریکراو، کە ڕەنگدانەوەی شێوە و ئاستی زانینی ناتوانێ لە چوارچێوەی ئەو ناوچە جوگرافیە دەرچێ. بە هیچ لۆژیکێک ڕێگەی تێناچێ خودایەک لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە، هەڵەی وا گەورە و بەو شێوەیە بکا.

# قورئان باسی یەک ئینجیل دەکا

ئەمڕۆ لە هەر کەسێک سەبارەت بە ئینجیل، بپرسی. یەکسەر دەزانی بێجگە لە چوار ئینجیلی قانونی، زیاتر لە بیست و پێنج تا سی ئینجیلی ئەپۆکریفیشمان (منحول) هەن. و تا دێ هیتریش دەدۆزرێنەوە. کەچی قورئان تەنیا باسی یەک ئینجیل دەکا.[312]

هەڵبەتە نووسەری قورئان باش دەیزانی، کە لە یەک ئینجیل زیاتر هەن. بەڵام ئەو ئینجیلەی کە قورئان و نووسەرەکەی، ئەو بەها گەورەییەی پێ دەبەخشێ. و بەرێزەوە ناوی دەبا. تەنیا ئینجیلی عیبرانییە. کە قەشە وەرەقە خەریکی تەرگومی بوو. و یەهودیە نەسرانییەکانی ئەبیۆنیش پەیرەویان دەکرد. ئەمەش نموونەیەک، سەبارەت بەوەی قورئان باسی یەک ئینجیل دەکا.

القورآن الكريم – سورة المائدة ٥: ٤٦

وَقَفَّيْنَا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم بِعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ ۖ وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْإِنجِيلَ (٤٦)

لە شوێن ئەوان عیسای کوڕی مریەممان نارد. کە باوەڕی بە تەورات هەبوو. کە پێشتر لەو هاتبوو، ئینجیلیشمان بۆ نارد (٤٦)

312 الحريري، أبو موسى، قس و نبی ل ٣٦

# ئینجیلی عیبرانی

(ئەو ئینجیلەی نەسارییەکان پەیڕەویان دەکرد)

ئینجیلی عیبرانی (یا ئینجیلی مەتی عیبرانی) کە تا ئێستاشی لەگەڵ دابێ، لەلایەن هیچ ڕاڤەکارێکی موسوڵمان باسنەکراوە. و تا لە توانایان دابووبێ پەراوێزیان خستووە. بەڵام بە پێچەوانەوە لەلای مێژوونووسانی کەنیسە وەک هەر ئینجیلێکی تری ئەپۆکریفی (منحول) باسیکراوە. و گەواهی بۆ بوونی دەدەن. لەو مێژوونووسانە ئێریانووس مەترانی لیۆن (٢٠٨ س.ب مردووە). ئێکلینرۆسی ئەسکەندەری (٢١٦ س.ب مردووە)، ئۆسابیوسی قەیسەرری (٣٤٠ س.ب مردووە) مردووە، ئەبیفانیوس مەترانی قوبرس (٤٠٣ س.ب مردووە)، هەروەها سانت جیرۆم (٤٢٠ س.ب مردووە).[313]

ئەوسابیۆسی قەیسەری دەڵێ:

> لە ڕوانگەی ئەو عیبریانەی باوەڕیان بە یەسو هێنا، ئینجیلی عیبری ڕاستترین ئینجیل بوو. ئەوانە سەرجەم نەرێتەکانی یەهودیان دەپاراست، پەیڕەوی یاساکانی تەوراتیان دەکرد. باوەڕیان وابوو،

[313] الأناجيل المنحولة، الكنيسة الشرق (٨) ترجمة اسكندر شديد، دير سيدة النصر، (٢٠٠٤) ص ٩٧

> دەربازبوون تەنیا بە کریست نابێ، بەڵکوو هەروەها دەبێ بەپێی یاساکانی موساش بێ.[314]

ئەبیفانیوس ئەسقەفی قوبرس، سەبارەت بە ئینجیلی عیبری ئەوەی لەسەر زیاد دەکا و دەڵێ:

> سەبارەت بە ئەبیونیە نەسارییەکان، لە چوار سەد ساڵی یەکەمی کەنیسە، ئەبیونیەکان باوەڕیان بە ئینجیلی مەتی هەبوو. متمانەیان تەنیا بەو دەکرد. و پێیان دەگوت ئینجیلی عیبرانی و ئینجیلی مەتی.[315]

هەموو تەقەللای یەهودیە نەسارییەکان بۆ ڕازیکردنی یەهودیە حاخامەکان، ئەوە بوو باوەڕ بە یەسو بێنن. بەڵام کە سەر نەکەوتن، کەوتنە هێرش و تاوانبارکردنیان. ئەوەش لە قورئانی مەدینە بەڕاشکاوی دەخوێنینەوە.

القرآن الکریم – سورة البقرة ٢: ٨٧

> ئێمە پەرتووکمان دا بە موسا. و چەند پەیامبەری تریشمان لە دوای ئەو ناردن. چەند بەڵگەی ئاشکراشمان دانە عیسای کوڕی مریەم. لە گیانی پیرۆزی خۆشمان هاوکاریمان کرد. تاکوو ئێستا، هەر پەیامبەرێکتان بۆ هاتبێ، خۆتان لەو بەزلتر زانیووە. و بە هەندکیانتان گوت درۆزن و هەندێکیشتان هەر کوشتن (٨٧)

314 هەمان سەرچاوە
315 هەمان سەرچاوە

ئەو بەڵگەنامە و سەرچاوانەی لەبەر دەستدان، کە لە سەرەتای ئیسلام، سەرچاوەی ئەدەبی ئیسلامین، و بە زمانی عەرەبی نووسراون. بێجگە لە چەند سەرچاوەیەکی دەرەوەی بێزنەی دین. ئەوانەش شێوەیەکی قووڵ و فراوانیان نەداوەتە بابەتەکە. تا بتوانین، لە گۆشەنیگای ئەوانەوە مێژوویێکی ڕوون ببینین.

کەواتە ئەو پەرتووکە بە هەراوەی لەسەر قورئان و ئیسلام و محمد نووسراون. گشتیان یەک لایەنەن. و تەنیا پێداهەڵگوتنن. ئەو جۆرە پەرتووکانەش ناتوانن بەتەنیا بکرێنە پاشخانی لێکدانەوەیەکی قووڵ، بۆ ژیان و ژینگەی مەککە. و کاریگەری لەسەر کەسایەتیی محمد، و دواتریش دەقەکانی قورئان.[316]

لە سەدەی هەشتەمی زایینی، بۆ نموونە ڕاڤەکاری قورئان مقاتل بن سليمان ( ٧٦٥ س.ب مردووە) بە ئارەزووی خۆی سەبارەت بە دابەزینی ئایەتەکانی قورئان دەدوێ. بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەک بۆ پشتڕاستکردنەوەی دەربڕینەکانی بخاتە ڕوو.

زۆربەی گێڕانەوەکانی سەرەتای هاتنی ئیسلام. کە مەبەستی مێژوویيان هەبووبێ، بەشێوەیەکی ڕێکوپێک نەگەیشتوونەتە ئێمە. بەڵکوو تەنیا لە ڕێگای پەرتووکی دواتر. بەلای کەمی تا ٦٣٢ س.ب. بەمانای ١١ کۆچی. ئەو ساڵەی بە پێی لێکدانەوەی پیۆگرافی نووسانی موسوڵمان، وا دادەنرێ ساڵی مردنی نەبی محمد بووبێ.

[316] Alfred-louis de Prémare (2002) The foundations of Islam, between Writing and History. Pp 14

# ئینجیلی عیبرانی و قورئان

شتێکی سەرسوڕهێن نیە، ئەگەر بڵێین، فێرکردن و هوشیارکردنەوەی دین لە مەککە، و ئامادەکردنی ئەو پەرتووکەی، قەشە وەرەقە خەریکی وەگێڕانی بوو بۆ عەرەبی بەستراوبووەوە. و هەر خۆشی (وەرەقە) بە هەمان پەرتووک محمدیشی پەروەردەدەکرد. و تەواوی هیوای لەسەر بنیات نابوو. ئەوەش لە چەندین ئایەتی قورئان، بە روونی ئاماژی پێکراوە. کە کەسانێک هەن، ئەو گرنگیە نوێیە دیاردەکەن. کە نەبی وەدەستی هێنابوون و خۆی لەسەر ڕادەهێنان.

لەلایەکیتر هەر لەو سەردەمەدا، قەشە وەرەقە ئینجیلی عیبرانی کە تا ئەو دەمە بە زمانی ئارامی بوو، بە شێوەی تەوگوم وەردەگێڕایە سەر زمانی عەرەبی. دوای ئەوە هەر جارەی ئایەتێک یان چەند ئایەتی بۆ محمد ئامادە دەکردن. و شێوەی دەربڕین و لیتۆرگی محمد بۆ بانگهێژەکەی لە چوارچێوەی ئامۆژگاریی و ڕێنمایی قەشە دابوون، بەوەش ئینجیلە وەگێڕدراوەکە، دەبووە سەرچاوەیەک بۆ محمد و بانگهێژەکەی لە سەردەمی مەککە. [317]

هەر ئەوەشە وایکردووە، لە ناو زۆر ئایەتی جیاجیای قورئانی مەککە، ڕاستەوخۆ ئەو شتانە دووبارە بوونەتەوە. کە لە ئینجیلی عیبرانی دابوون.

---

[317] صحیح بخاری ١: ٣٨ – ٣٩، صحیح مسلم ١: ٧٨ – ٧٩، أغانی للأصفهانی ١: ١١٤، ابن کثیر سیر: نبویة ١: ٣٨٦، قس و نبی ٩٥

لەسورەتی فصلت ناڕاستەوخۆ ئەوە دەدرکێنێ، بەڵگە بۆ ئەوە دێنێتەوە، کە ئەگەر تەرگومی عەرەبی نەبوایە. و دەقەکان هەر بە عەجەمی بان. ئەوە باوەڕدارانی عەرەب گلەییان دەکرد. بۆ بە زمانی عەرەبی نین تالێی تێبگەین.

سورة فصلت ٤١: ٤٤

وَلَوۡ جَعَلۡنَٰهُ قُرۡءَانًا أَعۡجَمِيًّا لَّقَالُواْ لَوۡلَا فُصِّلَتۡ ءَايَٰتُهُۥٓ (٤٤)

ئەگەر ئەم قورئانەمان بە عەجەمی بناردبایە، دەیانگوت، ئایەتەکانی بە ڕوونی شرۆڤە نەکراون.(٤٤)

لە سورەتی (هد) بە ڕاشکاوی دان بەوە دادەنێ، کە ئایەتەکانی قورئان لەلایەن پسپۆرێک ڕوونکراونەتەوە. ئەو پسپۆرەش بێجگە لە قەشە وەرەقە ناتوانێ کەسێکیتر بێ.

سورة هود ١١: ١- ٢

الٓرۚ كِتَٰبٌ أُحۡكِمَتۡ ءَايَٰتُهُۥ ثُمَّ فُصِّلَتۡ مِن لَّدُنۡ حَكِيمٍ خَبِيرٍ (١) أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّا ٱللَّهَۚ إِنَّنِي لَكُم مِّنۡهُ نَذِيرٞ وَبَشِيرٞ (٢)

الر، پەرتووکێکە ئایەتەکانی بە پتەوی داڕێژراون. دواتر لەلایەن کارزانی کارامە ڕوونکراونەتەوە (١) بێجگە لە خودا هیچی تر مەپەرستن. منیش بۆتان ئاگادارکەرەوە و موژدە دەرم (٢) [318]

له قورئاندا به ڕاشکاوی دەڵێ: محمد هیچی لەسەر نییە. تەنیا ئەرک و ئاسانکاری، له پەیامی پێشتر که بۆی مانەتەوه بڵاو دەکاتەوه.[319]

ئەو بەڵگانه، گشتیان ئەوه دەسەلمێنن، که قورئانی عەرەبی له ڕاستیدا عەجەمیه، واته بریتییه له ڕوونکردنەوەی ناوەرۆکی پەرتووکەکانی پێش خۆی، که بەزمانی تر هاتبن. و هیچی نوێی تێدانەبێ. محمدیش تەنیا ئەوەی لەسەره، خەڵکی عەرەب له ناوەرۆکی پەرتووکەکانی پێش خۆی ئاگادار کاتەوه. تا تێی بگەن. و گلەیی و ڕەخنەیان نەبێ.

## نەساری و ئیسلام دوو ڕووی یەک دراون

لێرەدا جێگەی ئاماژە پێکردنه، که دینی تاک و دینی به کۆمەڵ پەیوەندییەکی هاوتەریی توندیان پێکەوه هەیه. وەک پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵگه تەواوکەری یەکترین. و تاک هەمیشه له چوارچێوەی کۆمەڵ دەبینرێ. لەلایەک وەک تاکێکی ئازاد و لەلایەکیتر، پابەند به نەریت و یاساکانی کۆمەڵگه. ئەوەش یەکەیەکی بنەڕەتییه، که کۆمەڵگەی لەسەر بنیات دەنرێ.

لەو ڕوانگەیەوه، کۆمەڵگه و نەریتەکانی بڕیاردەرن، که تاکەکانی چۆن ڕێز له پیرۆزیەکان بگرن. و ریتوالەکانیش وەک هاودەنگی تاکن و گوزارەن لەسەر ئەوەی که

[319] الحریری، أبو موسی، قس و نبی ص ١١٩

ئەو تاکە لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵگەیەدایە. بە هەمان شێوە تێگەیشتنی تاک لە دیاردەکانی دین، لە ژێر تارمایی دیاردەکانی پیرۆزی کۆمەڵایەتین. بۆیە تاک وەک کولتوورێکی بۆماوە ئەو پیرۆزیانە وەردەگرێ، کە بەشێکن هاوکێشە کۆمەڵایەتیەکان. وەک ئاراستەیەکی دەروونناسی کۆمەڵایەتی پێی پەروەردەدەکرێ. لێکۆڵینەوەکانی دەروونناسی ئەوە نیشان دەدەن، کە گشت پیرۆزییەکان، لای مرۆڤ، لە کاردانەوەی بەرامبەر ژینگەی کۆمەڵایەتی سەرچاوە دەگرن. ئەوەش بەڵگەیە، بۆ ئەوەی، دین بەرهەمی کۆمەڵگەیە و دیاردەکانی میتۆلۆژی و پیرۆزییەکانیشی، گوزارەن لە نەریتەکانی کۆمەڵگە و پەیڕەوکردنیان. ئەو شێوەیەش دیاردە

سەرەتاییەکانن بۆ ژیانی دین. [320]

قورئانی ئیسلامیش لە هەناوی کۆمەڵگەی یەهودی نەسارێ چاوی هەڵێناوە. و لە زۆر بابەتی گرنگ، وەک کۆپیەکی ئینجیلی عیبرانییە. بۆ نموونە سەبارەت بە یەسوی کریست و دایکی و گیانی پیرۆز. چاکە کردن و بەخشین. لە گشتیان گرنگتر سەبارەت بە ڕۆژی هەڵسانەوە. ئەو بابەتانە چۆن لە قورئان هەن بە هەمان شێوە لە ئینجیلی عیبرانیش بە شێوەیەکی یەکجار لەیەکچوو هەن. [321]

دکتۆر جەواد علی سەبارەت بە باوەڕی ئەبیۆنی دەڵێ: باوەڕیان بە تاکە خودا هەبوو، کە ئەفرێنەری گەردوونە، نکۆڵیشیان هەروەک ئیسلام لە ڕێبازی پاولۆسی نێردە

---

[320] Durkheim, Emile (1995) The elementary forms of Religious .lifeTranslation and Introduction by Karen E. Fields

[321] الحريري، أبو موسى، قس و نبي، ص ١٠٠

دەکرد. باوەڕیان وابوو کریست مرۆڤێکی وەک ئێمە ئاسایی بووە. و خودا هەڵبیژاردووە ببێتە نەبی. وەک گشت نەبیەکانی تری بەنی ئیسرائیل. [322]

لە قورئان خۆی دان بەوە دادەنێ کە محمد نەیدەزانی پەرتووک چییە و باوەڕ چییە؟ ئەگەر کەسێک ڕێنمایی نەکردبایە:

سورة الشورى ٤٢: ٥٢

مَا كُنتَ تَدۡرِي مَا ٱلۡكِتَـٰبُ وَلَا ٱلۡإِيمَـٰنُ وَلَـٰكِن جَعَلۡنَـٰهُ نُورًا نَّهۡدِي بِهِۦ مَن نَّشَآءُ (٥٢)

تۆ نەت دەزانی پەرتووک کامەیە و باوەڕ چیە. بەڵام ئێمە ئەوەمان کردە مەشخەڵێک و ڕێنمایی هەوکەسی پێدەکەین بمانەوێ (٥٢)

بە لێکدانەوەیەک بۆ پاشخانی محمد. وەک نەسڕیەک، هەروەها پەیوەندی نزیکی بە قەشە وەڕەقە بن نوفل، بە ئاسانی لە مەبەستی ئەو ئایەتە، تێدەگەین. کە مەشخەڵی ئەو ڕەنماییانە، کێن و چیان ویستووە فێری بکەن. هەر ئەوەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکا، کە قورئانی عەرەبی، کۆمەڵگەی ئیسلامی، ناتوانن لە دەرەوەی کۆمەڵگەی یەهودی نەسڕی و ئینجیلی عیبرانی بن.، کە قەشە وەرەقە هەم وەریدەگێڕا و هەم ئامۆژگاری و ڕێنمایی محمدی پێدەکرد. و محمدیش بەزمانی خۆی و پەخشان ئاسا بۆ خەڵکی دەگوتەوە. [323]

---

[322] علي، د. جواد (١٩٩٣) المفصل في تاريخ العرب قبل الإسلام. الطبعة الثانية. جامعة بغداد. ج ٦ ص ٦٣٥

[323] الحريري، أبو موسى، قس و نبی ص٣٠

بەڵگەیەکیتری زۆر گرنگ، کە دەیسەلمێنێ محمد تا داگیرکردنی مەکەش هەر لەژێر کاریگەری باوەڕی نەسارِی دابووە.

لە ڕۆژی داگیرکردنی مەککە محمد چووە ناو بەیت. و فەزلی کوری عەباسی کوری عبدالمطلبی نارد، کە ئاوای زەمزەم بێنێ. دوایی فەرمانی دا، قوماشێک تەڕکەن و ئەو وێنانەی لەسەر دیواری کەعبە دروستکرابوون، پێ ڕەشکەنەوە. دوایی دەستی لەسەر دوو وێنەدانا گوتی بێجگە لەوانەی لە ژێردەستم دان، ئەوانیتر هەمووی لەناوبەرن. کە دەستی بەرزکردەوە وێنەی عیسا و مریەمی دایکی بوون[324].

هەر لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە قورئانی مەککە و ئینجیلی مەتی عیبرانی، دوو ڕووی یەک دراون. واتە قورئان تەرگومی ئینجیلی عیبرانییە بۆ عەرەبی. تا نەتەوەی عەرەب لێی تێبگەن.

---

[324] هەمان سەرچاوە، ص ١٩

# الفاتحة، سوورەتی قورئان نییە

لە پەرتووکی ژینگەی نووسینی قورئان و قۆناخەکانی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی، بە درێژی باسی ئەو سورەتە کراوە، ئەوەی لێرە دەخرێتە ڕوو سەرچاوەی ئەو سوورەتەیە کە بریتییە لە نزاو پاڕانەوەی ئارامیەکان.

کێشەی سورەتی الفاتحة لە قورئان، تێکەڵبوونی نزا و پاڕانەوەی ڕۆژانەی موسوڵمانانە، کە بە هەڵە بە سورەتێک  لە سوورەتەکانی قورئان دانراوە. نموونەیەکی بەرچاوی ئەو دیاردەیەش سوورەتی الفاتحەیە. کە لەلایەک کراوەتە سوورەتی یەکەمی قورئانی فەرمی، لەلایەکیتر هەندێک لە نووسەرانی قورئان بە سورەتی دانانێن و پێیان وایە نزاو پاڕانەوەیە، لەکاتی نوێژ و پرسە و .... هتد.

موسوڵمانان هەر ڕۆژەی، پینج جار نوێژ دەکەن. و لە هەر جارەشی بەپێی رکاتەکان، ئەوەندە جارە سورەتی الفاتحە دەخوێنن. بەڵام ئەوەی بیریان لێ نەکردبێتەوە، دوو خاڵە
یەکەم: ئایا الفاتحة سورەتی قورئانە؟
دووەم: کۆتایی سوورەتەکە، یان ئایەتی ژمارە ٧ چی دەڵێ. و لە ڕووی مرۆڤایەتی چۆن لێکدەدرێتەوە.

پرسی سورەتی الفاتحة، هەر لەناو موسوڵمانانی بەرایی، ناکۆکی لەسەر ئەوە هەبوو، کە سورەتێکی قورئانە یان تەنیا ڕیتوالی پاڕانەوەیە لە نوێژ و خوداپەرستیدا.  لەبەر ئەوەی زیاتر شێوەی ڕیتوالی پاڕانەوەی هەیە بۆ خودا. نەک سورەتێکی خودا، بۆ باوەڕدارانی ناردبێ.

با وای دابنێین وەک موسوڵمانان دەڵێن قورئان ووتەی خودایە. کە ووتەی خودابێ دەمێ شێوەی ڕەوانبێژی سورەتەکانی، دەبێ لە ئەوەوە (خودا) ڕووی لە مرۆڤ بێ. بەڵام ئەو سورەتە پێچەوانەیە. لەبەر ئەوەی، لەناو سورەتەکەدا کەسێکیتر، سەنای خودا (حمد لله) دەکا. واتە خودا خۆی لەخۆی دەپارێتەوە. یان ئەوە کەسی سێیەمە سەنا بۆ خودا دەکا. لە هەردوو بارەکەدا، گومانی زۆر لەوە دەکرێ، کە ئەو سورەتە هی قورئان بێ. بۆیە ڕێگەی تێناچی ئەو سورەتە لەلای خوداوە هاتبێ.

سیوطی سەبارەت بەو سورەتە دەڵێ: إبن مسعود ڕەتی دەکردەوە، ئەو سورەتە لەگەڵ هەردوو سورەتی المعوذتین. لە قورئانین. تەنانەت هیچیان لە مصحەفی إبن مسعود دانین. ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی ئیسلام دوودڵیەکی زۆر لەسەر ڕەسەنی ئەو سوورەتە هەبێ. [325] بەڵام ئەو خاڵەیان بۆ ئەو باسە گرنگ نییە.

القرآن الكريم – سورة الفاتحة ١: ١- ٧

> بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان (١) ستایش بۆ خودای جیهانیان (٢) بەخشندە و دلۆڤانە (٣) خاوەنی ڕۆژی لێپرسینەوەیە (٤) تەنیا تۆ دەپەرستین و پشت بە تۆ دەبەستین (٥) بۆ ڕێگای ڕاست ڕێنماییمان بکە (٦) ڕێگای ئەوانەی برشتت پێ بەخشین، نەک ئەوانەی تووڕەیی تۆیان بەسەردا باری، و نەک گومڕاکانیش (٧)

بە بەروادکردێک لەگەڵ پەرتووکی (قریانا)ی سریانی بۆمان دەردەکەوێ کە دەقی سوورەتەکە، کۆپیەکی دەسکاریکراوی نزا و پاڕانەوەیە، لە سریانییەوە وەرگیراوە. بێجگە لەوەی سورەتێکی قورئان نییە، سەرەڕائ ئەوە لە پەرتوکی (قریانا)ی سریانی دزراوە.

---

[325] السیوطی الإتقان في علوم القرآن. الطبعة الثانية، الجزء الأول ص ٢١٢

ئەوەش فاتحەی سریانیە لەگەڵ وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی عەرەبی لەناو کەوانەداو لە ژێریشیەوە دەقی الفاتحەی قورئان نووسراوەتەوە :

ܒܫܡ ܐܠܗܐ ܪܚܡܢ ܪܚܝܡ

بْشِم آلوهو رَحْمُنْ رْحيمْ (باسم الله الرحمان المحبوب)

ܗܡܕܐ ܠܠܗܐ ܪܒ ܥܠܡܢ

بسم الله الرحمن الرحيم (١)  (قرآن)

هْمودو لالوهو راب عَلْمينْ (الحمد لله كبير الدهور)

ܪܚܡܢ ܪܚܝܡ

الحمد لله رب العالمين (٢) (قرآن)

رُحمونْ رْحيمْ (الرحمان المحبوب)

ܡܠܟ ܝܘܡ ܕܝܢܐ

الرحمن الرحيم (٣) (قرآن)

مَلْكْ يُومْ دِينو (مالك يوم الحساب)

ܐܝܟܐ ܐܢܬ ܢܥܒܕ

مالك يوم الدين (٤) قرآن)

أيْكو آتْ نِعْبِدْ (أينما كنتَ نعبدك)

ܘ ܐܝܟܐ ܐܢܬ ܐܬܥܢܝܡ

إياك نعبد (٥) (قرآن)

وْ أيْكو آت آتِغْنيمْ (وأينما كنت نطلب عونك)

ܐܗܕܐ ܠܢ ܠܣܘܪܛܐ ܕܡܬܬܩܢ

وإياك نستعين (٥) (قرآن)

إهْدو لان لْسورْطو إدْمِدْخيمْ (أهدنا الطريق المستقيم)

ܣܘܪܛܐ ܕܗܘܢ ܕܐܢܥܡܬ ܥܠܝܗܘܢ

اهدنا الصراط المستقيم (٦) (قرآن)

سوڕطو إدهِنون دَنِعْمُتْ عَليهون (طريق الذين أنعمت عليهم)

صراط الذين أنعمت عليهم (٧)

هەردوو دەقەکە دوو کۆپی یەکترین. ئەوەی جیاوازی لە نێوان دەقی ناو پەرتووکی قریانای ئارامی، تەنیا لەکۆتایی سورەتی الفاتحة، ڕستەیەکی ڕەگەزپەرستی لێ زیادکراوە. غير المغضوب عليهم ولا الضالين (٧) مەبەستی یەهودی و کریستیانەکانن.[326]

---

[326] الحوار المتمدن

## دارشتنی ڕەچەڵەکێکی ساختە بۆ عەرەب

یەهودیە نەسارییەکان پلانێکی کاریگەریان دانابوو، بۆ ڕاکێشانی هۆزە عەرەبەکانی بیابانی شام، بە ئاڕاستەی دەریای ناوەڕاست. ئەویش بەکارهێنانی دین بوو، کە توانیبوویان مێژوویێکی ساختە بۆ عەرەب و خزمایەتیان لەگەڵ گەلی یەهودی و نەبی ئیبراهیم دروستبکەن. بە کورتی پوختەی بانگهێژەکەیان بەم شێوەیە بوو:

> ئێمە یەهودی نەسارین و نەوەی ئیبراهیم و ئیسحاقین. ئێوەی عەرەبیش نەوەی ئیبراهیمن لە ڕێگای ئیسماعیلەوە. بۆ گونجاندنی مەبەستەکەیان درەختی ڕەچەلەکیان بۆ عەرەب دروستکردبوو. کە لەگەڵ ئامانجەکانی خۆیان بگونجێ.

بەپێی ئەو ڕەچەڵەکە، ئێوەی عەرەب و ئێمەی یەهودی، هەردووک لامان، لە یەک ڕەچەڵەکین. کە دەگاتەوە باپیرەی مەزن ئیبراهیم. باوکی نەبیەکانیترە. و دامەزرێنەری یەکەمین دینی ڕاستیە.

بەو پێیەش ئێمە ئامۆزاین، براین و سەر بەیەک ڕەچەڵەکین لە هەمان نەتەوە. هەروەها لە دینیشدا هاوبەشین. پەیڕەوی دینی ڕەوا و ڕێنماییەکانی موسا، و یاسای تەورات دەکەین. کە بە وەحی بۆ موسا هاتووە. هەروەها پەیڕەوی یاساکانی یەسوی کریست کە لە ئینجیل [327] داهاتووە دەکەین. بۆیە ئێمە تاکە دینی ئیبراهیمی ڕەواین. و میراتگری خاکی پەیمانین. کە

---

[327] مەبەست یەک تاکە ئینجیلە. ئەویش ئینجیلی عیبرانیی ئەپۆکریفە، نەک چوار ئینجیلەکانیتر.

خودا پەیمانی بە ئیبراهیم و نەوەکانی داوە.

ئەم ڕەچەڵەکە، و هۆنینەوەی چیرۆکی ڕەچەڵەکی ئیبراهیم بۆ عەرەب، لە هیچ پەرتووکێکی دینی یەهودی بونی نییە. تەنانەت لە هیچ پەرتووکێکی مێژووش ناوی نەهێنراوە. تاکە سەرچاوە بۆ ئەو ڕەچەڵەک هۆنینەوەیە، پەرتووکی کۆمەڵی یەهودی نەسارییەکانە. کە دان بە یەهودیە حاخامەکان دانانێن. و بە گومرا ناویان دەبەن. ئەو چیرۆکەش لە قورئان ڕەنگی داوەتەوە، و بە ئایەت پێگای ئیسماعیل بەرزتر دەکاتەوە :[328]

البقرة ٢ : ١٢٧

وَإِذۡ يَرۡفَعُ إِبۡرَٰهِـۧمُ ٱلۡقَوَاعِدَ مِنَ ٱلۡبَيۡتِ وَإِسۡمَٰعِيلُ رَبَّنَا تَقَبَّلۡ مِنَّآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ (١٢٧)

ئەو کاتەی ئیبراهیم و ئیسماعیل پایەکانی ماڵی خوایان بەرزدەکردەوە (هەڵدەنا) دەیانگوت: ئەی پەروەردگار، ئەو کارەمان لێ وەربگرە. تۆ هەر خۆت بیستەر و زانای (١٢٧)

ئەوەی لەم ئایەتە دەبینی پێچەوانەی سەرجەم مێژووە. لەبەر ئەوەی نە ئیبراهیم و نە ئیسماعیل، بە هیچ شێوەیەک ڕوویان لە حیجاز نەکردووە. هەروەها کەعبەش بوونی نەبووە. [329]

---

[328] العودات، حسین (١٩٩٢) العرب النصاری، عرض تاریخی . الأهالی للطباعة و النشر و التوزیع ل ٤٦

[329] ئەو باسە لە پەرتووکی مەککە لە نێوان ئەفسانە و مێژوو، بە درێژی باسکراوە

سەربڕینی کوڕێکی ئیبراهیم

سورة الصافات ٣٧ :١٠٢ - ١٠٨

فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ ٱلسَّعۡيَ قَالَ يَٰبُنَيَّ إِنِّيٓ أَرَىٰ فِي ٱلۡمَنَامِ أَنِّيٓ أَذۡبَحُكَ فَٱنظُرۡ مَاذَا تَرَىٰۚ قَالَ يَٰٓأَبَتِ ٱفۡعَلۡ مَا تُؤۡمَرُۖ سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلصَّٰبِرِينَ (١٠٢) فَلَمَّآ أَسۡلَمَا وَتَلَّهُۥ لِلۡجَبِينِ (١٠٣) وَنَٰدَيۡنَٰهُ أَن يَٰٓإِبۡرَٰهِيمُ (١٠٥) قَدۡ صَدَّقۡتَ ٱلرُّءۡيَآۚ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡمُحۡسِنِينَ ١٠٥ إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلۡبَلَٰٓؤُاْ ٱلۡمُبِينُ (١٠٦) وَفَدَيۡنَٰهُ بِذِبۡحٍ عَظِيمٖ (١٠٧) وَتَرَكۡنَا عَلَيۡهِ فِي ٱلۡأٓخِرِينَ (١٠٨)

کاتێ گەیشتە تەمەنێک کە توانی بەوگە بگرێ. گوتی: کوڕی خۆم! من لە خەونمدا وام دیوە تۆ سەر دەبڕم. خۆت چۆنی لێکدەدەیتەوە؟ گوتی: بەوکە، هەر شتێ پێت سپێردراوە، بە جێی بێنە! خودا حەزبکا، بەم زوانە تێدەگەی کە منیش لە خۆڕاگرانم (١٠٢) کاتێ هەردوو ملکەچ بوون و لەسەر ڕوو درێژیکرد  (١٠٣) بانگمان کرد: ئەی ئیبراهیم! (١٠٤) ئەوا خەونەکەت هاتەدی. ئێمە ئاوا پاداشتی چاکەکاران دەدەینەوە (١٠٥ )دیارە ئەوە تاقیکردنەوەیەکی ئاشکرابوو (١٠٦) ئێمە ئەومان بە بەڵاگێڕییەکی هەرە گەورە کڕیەوە (١٠٧) واشمانکرد نەوەی دوای ئەویش هەر بە چاکە باسی بکا (١٠٨)

دواتر لە ووتاریان بۆ هۆزە عەرەبەکان لەسەر پرۆژەی گێڕانەوەی خاکی پەیمان و ئازادکردنی ئۆرشەلیم و دووبارە بنیاتنانەوەی پەیکەری پەرستگا، بەردەوام دەبن. کە پرۆژەی هەموو گەلی ئیبراهیمە. دەڵێن:

بۆیە ئێوەی عەرەب بەیعەت دەدەنە ئێمەی یەهودی نەسارێ. لەبەر ئەوەی ئێمە ئامۆزاین، و برای دینی ڕاستین. ئێمە دەبینە سەرکردەتان و گشت جیهان ئازاد دەکەین. لەو ڕێگەوە هەلومەرجی پێویست دەڕەخسێنین بۆ گەڕانەوەی کریست بۆ سەرزەوی. بۆ ئەوەی سەر لە نوێ جیهان ئازاد بکا. دەبێتە سەرکردەی چەکدارانمان. و لە شەڕ و گوناە ڕزگارمان دەبێ. ئێمەش دەبینە هەلبژاردە لە جیهانی مەزن، دەبینە سەربازی خودا. ئێمەی کوڕانی ئیسحاق و ئیسماعیل [330]!

یەهودیە نەسارییەکان، دژی هەردوو دەوڵەتی ساسانی و بێزەنتی بوون. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەوڵەتی بێزەنتی هەر لە کۆتایی سەدەی چوارەمەوە، بە تایبەتی سەردەمی ئیمپراتۆر تیۆدۆسیوسی یەکەم (٣٤٧ – ٣٩٥س.ب) دژایەتی سەرجەم ڕێبازەکانی یەهودی نەسارێ دەکرد. تەنانەت لە یەک کوشتار، هێزەکانی ئیمپراتۆری ڕۆم، دوو سەد هەزار قیبتی لایەنگرانی یەک سرووشتی یەسوی کوشت. و سەرجەمی یەهودیە نەسارپیەکانیان لە میسر دەربەدەر بوون.

کاتی عەرەبە موسوڵمانەکان میسریان داگیرکرد. لەوێ ڕۆمیان دەرپەڕاند، ئەکلیرێسی قیبتی هەڵاتبوو. و لە ترسی ژیانی، لە بیابان خۆی حەشاردابوو. هەروەها ڕێبازی یاقوبی تەنیا لە ناو کۆمەڵگەکانی عەرەب و ئارامی و قیبتی و لە ئەرمینیا بڵاو بووبوەوە. ئەوانەش گشتیان ئەو کۆمەڵگانە بوون، کە بەردەوام لە ژێر جەوری بێزەنتی و ساسانی دا بوون. و خەونی ئەوەیان دەدیت ڕۆژێک بێ، دەرفەتی ڕزگاربوونیان بۆ برەخسێ[331].

---

[330] هەمان سەرچاوە ص ٤٦

[331] العودات، حسین (١٩٩٢) العرب النصارى، عرض تاريخي . الأهالي للطباعة و النشر و التوزيع ص ٥٦ – ٥٧

# محمد و دینی نەساڕی

سەرپەرشتی کردنی قەشە وەرەقە لە ئاهەنگی هاوسەرگیری خەدیجە و محمد، بەپێی ڕێبازی دینی یەهودی نەساڕی، نیشانەیەکی بەهێزە، بۆ ئەوەی کە محمد خۆیشی باوەڕی بە یەهودی نەساڕی هەبووە. لە یاساکانی یەهودی نەساڕی مرۆڤ بۆی هەیە تەنیا یەک جار ژن بێنێ. و ناتوانێ لێی جیابێتەوە. مەگەر تەنیا دوای مردنی ژنەکەی. بە پێی ئەو یاسایەش تا خەدیجە لە ژیاندا مابێ، محمد ناتوانێ ژنی دووەم بێنێ. و ناشتوانێ لێی جیابێتەوە. وەک مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە تا خەدیجە لە ژیاندابوو. محمد هیچ ژنی تری نەهێنا و لە خەدیجەش جیا نەبووەوە.[332]

بە سەرنجدانێک لە گشت ئەو ئەفسانە و چیرۆکانەی، کە لە تەورات و ئینجیل دا هاتوون. و شێوەی ڕوونکردنەوەکانیان، بە بەراورد لەگەڵ قورئان، بۆمان دەردەکەوێ کە. محمد نزیکییەکی زۆری، لەگەڵ سەرچاوەکانی یەهودی نەساڕی دا هەبووە. و لەژێر سەرپەرشتی قەشە وەرەقە کوڕی نۆفل دابوو. ئەو فێری زانیاریەکانی دینی دەکرد. بۆ ئەوەی لە ئایندە ببێتە جێنیشینی.[333]

ئەوەی کە جیای دەکاتەوە شێوەی گێڕانەوەکانە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ وەرگێڕانی ئەو دەقانە، لە زمانی عیبری و ئارامی بۆ عەرەبی. وەرگێڕانەکان شێوەیەکی تایبەتیان هەبوو. پێیان

---

[332] هەمان سەرچاوە ل ٣٩

[333] أبو موسى، الحريري (٢٠١٠) قس و نبي. بحث في نشأة الإسلام. ص ٤١

دەگوت (تەرگوم). [334] ئەو شێوە وەرگێڕانە. وەک وەرگێڕانی ئێستای مۆدێرن نەبووە. بەڵکوو ئەو کەسەی تەرگومی دەکرد، بە ئارەزووی خۆی چمک و گوزارەکانی دەگەیاندن. تا لەگەڵ هەڵومەرجی نوێدا بگونجێن. ئەو شێوە وەرگێڕانەش لەو سەردەمەدا باو بووە. کە بە شێوەی پەخشان ڕوونیان دەکردنەوە. واتە وەرگێڕ بە ئارەزووی خۆی چمک و گوزارەی، سەبارەت بەو چیرۆک و ئەفسانانە دەربڕیون. لە وەرگێڕانی بۆ عەرەبی، لەلایەن یەهودیە نەسارییەکان دەبوایە، دەقەکان لەگەڵ ڕێبازیان بگونجێن، و لە ناو هەژار و بێ پەناکان شوێنیان ببێتەوە. و بە دینی خۆیانی بزانن.[335]

ئەوەش بەڵگەیە، کە محمد لەسەردەمی مەککە، نەبی نەبووە. و تەنیا موژدەدەرێکی یەهودی نەساری بووە.

گشت نیشانەکان ئاماژە بەوە دەکەن. کە ژینگەی هەرە نزیکی محمد لە هەردوو، بەری دایک و باوکی یەهودی نەساری بووە. محمد خۆیشی موژدەدەرێک بووە، لە ژێر سەرپەرشتی قەشە وەرەقە کوڕی نۆفل. لە چەندین ئایەتی قورئان ئاماژە بو ڕێز و گەورەیی کەسایەتیەکانی یەهودی نەساری کراوە. ( ئەو باسە بە درێژی دواتر بۆی دەگەڕێینەوە)

## نەساریەکانی مەککە

[334] سەبارەت بە مانای تەرگوم، دواتر بە درێژی بۆی دەگەڕێینەوە

[335] الحریری، ابو موسی (٢٠٠٥) قس و نبی، بحث فی نشأة الإسلام ص ٢٣

له قورئان تەنیا ناوی نەسارێ یا نەسرانی هاتووە[336]. بەڵام نەسارێ وەک دینێکی فراوانی ناو ڕەوتەکانی دینی یەهودی، ڕەوتی جیاوازی تێدابوون. ئەو ڕەوتانەش کەم یان زۆر پەیڕەوکاریان لە ناوچەکانی مەککە و یەتروب تائف هەبوون. و کاریگەریشیان لەسەر ژیان و باوەڕی خەڵکی بەهێزبوو. بۆیە لەجێی خۆیەتی، ئەگەر بە کورتیش بێ، باسی ئەو ڕەوتانە بکەین. و بزانین تاچەند ڕێنمایی و باوەڕیان بە گشتی لە ناو قورئان ڕەنگی داوەتەوە.

ڕێبازەکانی دینی یەهودی نەسارێ زۆر پێشتر، لە ئیسرائیل دروستبووین. دوای لە خاچدانی یەسو (عیسا) و دەستبەسەر ڕێبازی دینی لەلایەن بنەماڵەکەیان بە سەرۆکایەتی یاقوب. کێشە لە نێوان بنەماڵەی یەسو لەلایەک، و نێردەکانی دروستبوو. کە دواتر نێردەکان لە ئەنتاکیان ناویان لە خۆیان نا کریستیانی، و لەیەکەی تر بە پشتیوانی و سەرۆکایەتی بنەماڵەی یەسو ناویان لێنرا نەسارێیەکان[337] (یەهودیە نەسارێیەکان) ئەو ڕەوتە دوای بەهێزبوونی کریستیانەکان. و بوونیان بە دینی دەوڵەت. شوێنیان لە ئۆرشەلیم نەما. و کۆچیان بۆ شام و میسۆپۆتامیا و حیجاز کرد. یەک لەو شارانەی کە ژمارەیەکی زۆر لێ نیشتەجێ بوون، مەککە بوو. ئەوانە وەک تۆڕێکی کۆمەڵایەتی و دینی، لە مەککە و یەتروب دەوروپشتی دەژیان و چالاک بوون. ڕایەڵەکانی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە، پانتاییەکی فراوانی لە ناو دانیشتوان داگرتبوو. هەرچەندە گشتیان بە یەهودی نەسارێ ناسرابوون. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوانە جیاوزیان لە باوەڕ و بنەماکانی دینی داهەبوو. هەرچەندە دژایەتی یەکتریان،

---

[336] لە قورئان بە هەردوو ناوی نەسرانی و نەسارێ هاتووە. ئەو ناوە لە بنەڕەتدا ناوێکی ئارامییە. نەسرانی تاکە و کۆی دەکاتە نەسارێ

[337] ئەو باسە بە درێژی لە پەرتووکی دینی ئیسلام و پاشخانی مێژوویی باسکراوە.

به توند و تیژی نەدەکرد، کەچی جیاوازی لە نێوانیادا هەبوو. ئەوەش لە ناو ئایەتەکانی قورئان بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێ.

بەر لە کۆچی یەهودیە نەسارپەکان بۆ حیجاز. و لە سەرەتای سەدەی چوارەم، دوای ڕاگەیاندنی دینی کریستیانی وەک دینی دەوڵەت لە ڕۆما. و بوونیان بە بەشیک لە دەستەڵات، یەهودیە نەسارپیەکان کە دوژمنی لە مێژینەیان بوون، کەوتنە بارێکی ناهەموار و شوێن پێیان لە وولاتی شام و ئیسرائیل بە شێوەیەکی دیار، لەق بوو. ئەوەش وایکرد، تا دەهات ناکۆکی دەکەوتە نێوانیان. و ڕێبازی جیاواز لەناویان دروست دەبوون. دوای ماوەیەک بووبوونە چەندین ڕێبازی هەمەجۆر، بە ووتاری جیاوازەوە دەهاتنە مەیدان. بەڵام لە حیجاز، بە تایبەتی مەککە و یەتروب، بە گشتی سێ ڕێبازی هەبوون. و هەر ڕێبازەی بە ووتاری جیاوازی خۆی هاتبووە گۆڕەپانی بانگهێژی دینی. هەر ڕێبازەشی خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ یەکتریدا هەبوو. بەڵام خاڵەکانی جیاوازیان زیاتر زەقدەبوونەوە. و وەک چەکێک بۆ کاریگەری ، لە مەیدانی بەرابرکێی دینی دەخرانە ڕوو.

ئەو سێ ڕێبازەش بریتی بوون لە:

ئەبیونی: تا ڕێژەیەک نەرم بوون

ڤێرینتیزم: زێدەڕۆییان لە یەهودییەتی خۆیاندا دەکرد

کەسائیەکان: گنووسی بوون، زێدەڕۆییان لە دینداری دا دەکرد.

## ئەبیۆنی

## Ebionisme

ئەوانە کۆمەڵێکی یەهودی بوون، پەیڕەوی کریستیان دەکرد، بە نەبیەکی مەزنیان دەزانی. دانیان بە خودایەتی کریست دانەدەنا. تەنانەت بو کوری خوداشیان نەدەزانی. بە باوەڕی ئەوان، یەسو مرۆڤێک بوو. وەک هەموو مرۆڤێکیتری ئەو سەر زەمینە. دوای لە ئاو هەڵکێشانی (تعمید) بەدەستی یۆهانێس سرووشی بۆهات. واتە ژیانی کریستی و هەتا هەتایی لەو دەمە دەستی پێکرد، کە لە ئاو هەڵکێشرا. [338]

ئەبیونیەکان کۆمەڵێک یەهوودی کۆن بوون، کە بووبوونە یەهودی نەسارِی. کە لە عیبری بەمانای (هەژاران یان چینی هەژاران) دێ. بیروباوەڕیان تێکەڵاوییەک بوو لە نێوان، دینی موسا، و باوەڕبوونیان بە یەسو. بە مانایەکیتر یەهودی سەربە یەسوی نلسری بوون. باوەڕیان بە یەکتایی خودا کە ئەفرێنەری گەردوونە هەبووە.

نەساری ئەبیۆنی هەر لە سەرەتاوە لەلایەن کەنیسەی کاتۆلیکی بە گومڕا دادەنران. هۆکارەکەشی دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی نەسارِی ئەبیونییەکان هەر لە سەرەتادا، باوەڕیان بە خودایی یەسو نەبوو، بە کوڕی خوداشیان نەدەزانی. هەروەها باوەڕیان بەوەش نەبوو کە یەسو لەخاچ درابێ. و دوای سێ ڕۆژ هەڵسابێتەوە. ئەو زانیاریانە بەردەوام قەشە وەرەقە فێری محمدی دەکردن. و محمدیش لە قورئانەکەی بە ناوی وەحی تۆماری دەکردن. [339]

---

[338] الحریری، أبو موسا. قس و نبی ل ٢٥

[339] الحريري، أبو موسی، قس و نبی ل ٧٨، سيرة الحلبيه ١: ٢٦٨

ئەوانە نکۆڵیان لە بیروباوەڕی پۆلس وەک نێردەی خودا دەکرد. ڕێزی گەورەیان بۆ ڕۆژی شەممە هەبوو. و بە ڕۆژێکی پیرۆزیان دادەنا. ئەبیونییەکان دوو گرووپ بوون. زۆربەیان باوەڕیان وابوو کە کریست وەک ئێمە مرۆڤ بووە. نێردەی خودا بووە. و بۆ گشت مرۆڤایەتی نێردراوە. نێردەیەک بوو، وەک هەموو نەبیە نێردراوەکانی تر. هەندێک باوەڕیان بە پاکیزەیی مریەم هەبوو. بە باوەڕی یەهودی نەسارِی، لەدایکبوونی یەسوو پەیوەندی بە
مرۆڤەوە نەبووە.

گرووپێکی تر باوەڕیان وابوو، یەسو کوری مریەم لە یوسفە و مرۆڤێکی تەواو بووە. نکۆڵیان لە لەخاچدانی دەکرد. باوەڕیان وابو ئەوەی لە خاچ دراوە کریست نەبووە. یەکێکی هاوشێوەی ئەو بووە لە خاچدراوە.

یەهودیە نەسارِیەکان لە لەلایەن کریستیانەکان و یەهودیە حاخامەکان، بە گومڕا دادەنران. ئەوانە پەیڕەوی ئینجیلی مەتی عیبرانیان دەکرد. و بەشێک لەوانە، لە ئەشکەوتی قومران لە باکووری ڕۆژئاوای دەریای مردوو، بۆ یەکەمین جار بەدیار کەوتن.

ئەبیونیەکان لە سەرەتادا، هەندێک لە فەریسیەکانی یەهودی بوون و باوەڕیان یەسو هێنابوو. و بووبوونە نەسارِی. دواتریش هەندێک لە ئەسینیە قومرانیەکانیان هاتنە ڕیزیان. ئەوانە باوەڕیان بەسەرۆکایەتی بنەماڵەی یەسو (أهل البیت) هەبوو.

ئاڕاستەی ووتاریشیان بەرامبەر گنوسی بوو. ئەوەش هەر وەک باوەڕێکی بنەڕەتی، هەر لە دینی یەهودی لەگەڵ خۆیان هێنابوویان. [340]

ئەبیۆنیەکان بە گشتی، شێوەی ووتاریان تا ئاستێک نەرم بوو، ئاڕاستەی باوەڕیان، بەلای یەهودیە نەساڕییەکانی بەنی ئیسرائیل بوو. کە دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی یاقوبی برای یەسو.

مێژوونووسان بە تێکڕایی، لەسەر ئەو ڕایەن. کە ئەبیۆنی دوای ئەوەی ئەسینیەکان بوونە نەساڕی، وەک ڕێبازێکی سەربەخۆ دەستی پێکرد. ئەوەش بەتایبەتی دوای ڕاپەڕینی ٦٦-٧٠ س.ب، کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی ژیان و بەردەوامی دینی و کۆمەڵایەتی یەهودی کەوتبووە دۆخێکی ترسناک. ئەوەش دەیسەلمێنێ کە چەند ڕەوتی نەساڕی، لە سەردەمی جیاواز و بە باوەڕی جیاواز دەرکەوتوون. [341]

ئەبیۆنیەکان پێیان وایە لە بنەڕەتدا خراپە لە مرۆڤە، نەک لە ئادەم. بەڵکوو ئەنجامی هاوسەرگیری هەندێک لە منداڵانی خودا (فریشتە)، لەگەڵ کچانی مرۆڤ خراپە دروست بوو. ئەوانە نکۆڵی لە ڕەچەڵەکی ئادەم دەکەن. ئەبیۆنیی ئەوە بە هەڵە دادەنێن. لەلای ئەوان ئادەم یەکەم نەبی خودایە، هەروەک نەبیەکانیتر، و خودا تۆبەی هەڵەی ئادەمی لە بەهەشت وەرگرتووە. ئەو باوەڕە لە قورئانیش، بە ڕوونی دووبارە بۆتەوە.[342]

سورة البقرة ٢: ٣٧

فَتَلَقَّىٰٓ ءَادَمُ مِن رَّبِّهِۦ كَلِمَـٰتٍ فَتَابَ عَلَيْهِ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ (٣٧)

---

340 علی، دکتور جواد. مفصل فی تاریخ العرب قبل الاسلام ج ٦، ص ٦٣٥، الحریری، أبو موسی. قس و نبی ص ١٣

341 الحداد، یوسف درة، قرآن دعوة نصرانیة. ص ١٤٤

342 هەمان سەرچاوە. ص ١٤٧

ئادەم    لە پەروەردگارەوە چەند ووشەیەکی پێگەیشت. ئەوسا تۆبەی وەرگرت. هەر خۆیەتی، لە پەشیمانان دەبوورێ (٣٧)

بە ووردبوونەوەیەک لە سورەتی طە، دەردەکەوێ کە چیرۆکی دەبەدەرکردنی ئادەم و حەوا لە بەهەشت، لە تەورات هاتووە. و لەگەڵ کۆچ و رەوی نەسارپیەکان، ئەو باوەرەش گەیشتە حیجاز و تێکەڵی قورئان بوو.

سورة طه ٢٠: ١٢١ – ١٢٢

فَأَكَلَا مِنۡهَا فَبَدَتۡ لَهُمَا سَوۡءَٰتُهُمَا وَطَفِقَا يَخۡصِفَانِ عَلَيۡهِمَا مِن وَرَقِ ٱلۡجَنَّةِۚ وَعَصَىٰٓ ءَادَمُ رَبَّهُۥ فَغَوَىٰ (١٢١) ثُمَّ ٱجۡتَبَٰهُ رَبُّهُۥ فَتَابَ عَلَيۡهِ وَهَدَىٰ (١٢٢)

ئەوسا هەردووکیان لە بەری درەختەکەیان خوارد. شەرمیان بەدەرکەوت. خەریک بوون بە گەڵای بەهەشت خۆیان داپۆشن. ئادەم لە فەرمانی پەروەردگاری لادا. و لە رێ دەرچوو (١٢١) پاشان پەروەردگار، ئەوی هەڵبژارد. و پەشیمانی لێوەرگرت و رێگای نیشاندا (١٢٢)

بە گەڕانەوەیەکی وورد، بۆ مێژووی نەبیەکانی بەنی ئیسرائیل. بە تایبەتی دەقەکانی تەورات. دەگەینە ئەو تێگەیشتنە، کە نەبیەتی بۆ نەتەوەکان، هەر لە ئادەمەوە، لە رێگای نوح و آل عمران هاتووە. هەر بۆیە بۆ هەر نەتەوەیەک پەیامبەرێک هەیە. و بۆ هەر چارەنووسێکیش پەرتووکێک هەیە. بەڵام کریست دوا نەبیە و پەرتووکەکەشی دوا پەرتووکە. مەزنترین نەبییە، کە بۆ مرۆڤایەتی هاتبێ. هەروەک موسا.[343]

[343] The Panarion of Epiphanius of Salamis. Books I. 30: 3. Second revised edition. Translated by Frank Williams. Drill. Leiden. Boston. 2013.

ئەوەش لە پەیمانی کۆن. لە پەرتووکی دواووتار. بە ڕوونی دەری دەبڕێ.

پەیمانی کۆن – دواووتار ١٨: ١٥

(١٥) خودای پەروەردگارتان لەناو ئێوە، لە براکانتان پەیامبەرێکی وەک منتان بۆ دەستنیشان دەکات، گوێی لێ دەگرن.

سورة البقرة ٢: ٢١٣

كَانَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً فَبَعَثَ ٱللَّهُ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ لِيَحۡكُمَ بَيۡنَ ٱلنَّاسِ فِيمَا ٱخۡتَلَفُواْ فِيهِۚ وَمَا ٱخۡتَلَفَ فِيهِ إِلَّا ٱلَّذِينَ أُوتُوهُ (٢١٣)

خەلکی بەرایی هەموو یەک چین و بەرە بوون. خودا پەیامبەری ناردن. موژدەدەر و ترسێنەر بن. پەرتووکی ڕاست و ڕەوای لەگەڵ ناردن تا ئەو شتەی بوونە بنەمای کێشەیان، بۆیان یەکلا کەنەوە (٢١٣)

سەبارەت بە لەدایکبوونی یەسو. نەسارییەکان باوەڕیان بە پەرجوی لە دایکبوونی لە پاکیزەیەک هەیە. کە مرۆڤ دەستی لێ نەدابێ. بەڵام ووتاری ئەبیونی دەڵێ لەدایکبوونی یەسو، وەک هەر مرۆڤێکیتر سرووشتی بووە. ئەوەش بە گەواهی ئێپیفانیوس، لەسەر هەڵوێستی ئەبیونی. باوەڕی قورئانیش وەک ووتاری نەسارییەکان وایە.[344]

ئەبیونییەکان ووشەی خودا لە کوڕی مریەم دەبەستنەوە. کەسایەتی کریست ووشەی خودایە، و ڕوحی لەوەوەیە. هەروەک ئۆرێژین سەبارەت بەوە دەربڕی، لە قورئانیش هەمان باوەڕە.

[344] الحداد، يوسف درة، قرآن دعوة نصرانية. ص ١٤٥

سورة النساء ٤: ١٧

إِنَّمَا ٱلتَّوۡبَةُ عَلَى ٱللَّهِ لِلَّذِينَ يَعۡمَلُونَ ٱلسُّوٓءَ بِجَهَٰلَةٖ ثُمَّ يَتُوبُونَ مِن قَرِيبٖ (١٧)
خودا تۆبه تەنیا لەوانە وەردەگرێ، کە لە نەزانیەوە، خراپەیان لێ ڕوودەدا. و
بە گورجی پەشیمان دەبنەوە (١٧)

لای نەسارپیەکان مەرگی کریست و هەڵسانەوەی، گەواهی بەرزبوونەوەیەتی بۆ ئاسمان. نەک خۆ بەختکردنی بۆ هەڵەی مورۆڤ.[345]

ووتاری نەسارِی کرنۆشی فریشتان بۆ ئادەم و ڕەتکردنەوەی ئەهریمەن (ئیبلیس) بۆ کڕنۆشبردن، بووە هۆی دەرکردنی لە بەهەشت. ئەوەش حەوت جار لە قورئان دووبارە کراوەتەوە. [346]

لە ڕێبازی ئەبیونیی بوونە ڕەبەن قەدەخەیە. و پێیان وایە گوناهە بەرامبەر پەیامی زاوزێ و پەرەسەندنی وەچەی ئادەم. بۆیە بەکوڵەوە، هانی هاوسەرگیری دەدەن.[347] لە قورئانیش ئەو ڕەتکردنەوەیە لە سورەتی الحدید دا هاتووە.[348]

سورة الحدید ٥٧: ٢٧

---

[345] هەمان سەرچاوە. ص ١٤٦

[346] بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەو ئایەتانەی قورئان بکە ٢: ٢٤، ٧: ١٠، ١٥: ٣٠، ١٧: ٦١، ١٨: ٥١، ٢٠: ١١٦، ٣٨: ٧٣

[347] The Panarion of Epiphanius of Salamis. Books I. 2:30. Second revised edition. Translated by Frank Williams. Drill. Leiden. Boston. 2013.

[348] الحداد، یوسف درة. قرآن دعوة نصرانیة. ص ١٤٧

وَرَهۡبَانِيَّةً ٱبۡتَدَعُوهَا مَا كَتَبۡنَـٰهَا عَلَيۡهِمۡ إِلَّا ٱبۡتِغَآءَ رِضۡوَٰنِ ٱللَّهِ فَمَا رَعَوۡهَا حَقَّ رِعَايَتِهَاۖ فَـَٔاتَيۡنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنۡهُمۡ أَجۡرَهُمۡۖ وَكَثِيرٞ مِّنۡهُمۡ فَٰسِقُونَ (٢٧)

ئەو ڕەبەنیەش کە هەیانە، ئێمە بۆمان نەنووسیون. خۆیان دایانهێناوە. ئەو کارەشیان بۆ ڕەزامەندی خودا بوو. بۆشیان نەکرا، وەک پێویستە پێکی بێنن. (٢٧)

ئەبیونیەکان وەک گشت نەساریەکانیتری بەنی ئیسرائیل، هەر ڕۆژ بەر لە نوێژکردن، دەستنوێژ دەشۆن. و لە دوای جووت بوون خۆیان دەشۆن (غسل). ئەوەش لە قورئان لە سورەتی المائدة ٧ دووبارە بۆتەوە.

سورة المائدة ٥: ٦

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ وَأَرۡجُلَكُمۡ إِلَى ٱلۡكَعۡبَيۡنِۚ وَإِن كُنتُمۡ جُنُبٗا فَٱطَّهَّرُواْۚ وَإِن كُنتُم مَّرۡضَىٰٓ أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوۡ جَآءَ أَحَدٞ مِّنكُم مِّنَ ٱلۡغَآئِطِ أَوۡ لَـٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمۡ تَجِدُواْ مَآءٗ فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدٗا طَيِّبٗا فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُم مِّنۡهُۚ مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيَجۡعَلَ عَلَيۡكُم مِّنۡ حَرَجٖ وَلَـٰكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمۡ وَلِيُتِمَّ نِعۡمَتَهُۥ (٦)

ئەی خەڵکی باوەڕدار، ئەگەر بڕیارتان دا نوێژ بکەن. دەم و چاو و دەستەکانتان تا سەر ئەنیشکان بشۆن. دەستتان بە تەڕی بەسەرتان دا بماڵن. و پێکانیشتان هەتا سەر گوێزینگ بشۆن. ئەگەر تووشی لەش پیسی بوون، خۆتان پاککەنەوە. ئەگەر نەخۆش یان ڕێبوار بوون، یان یەکێکتان لە ئاودەست هاتەدەر. یان لەگەڵ ژنان بەر یەک کەوتن. و دەستتان با ئاو ڕانەگیشت، بە تۆزی پاکی سەر زەوی دەم و چاو و دەستەکانتان

تێکهەرشێلن. خودا بتانخاتە تەنگەتاوی. بەڵام گەرەکیە خاوێنتان کاتەوە. بە تەواوی چاکەتان لەگەڵ بکا (٦)

بەو شێوەیە دەبینین کە ڕێبازی سەرەکی، کە بۆتە سەرجاوە بۆ دینی ئیسلام ڕێبازی ئەبیۆنیە. و تا ئاستێکی زۆر دەقەکان و باوەڕی ڕێبازی ئەبیۆنی لە قورئان ڕەنگیداوەتەوە. قەشە وەرەقە کوڕی نۆفل سەرۆکی کەینسەی یەهودیە نەسارپەکان لە مەککە، لەسەر ئەو ڕێبازە بوو.

## قێریتیزم

## Cèrinthisme

ئەو ڕێبازە دەگەڕێتەوە بۆ دامەزرێنەرەکەی (قێرنث). ئەوانە باوەڕیان وابوو یەسو فریشتەیەکی ئاسمانی بووە. وەک نموونە هاتۆتە سەر زەوی. ئەوەش لە ووتاریان بۆ بانگهێژی باوەڕیان بوو، فریشتەی خودا دەبێ زەمینی بێ. ڕۆڵی کریست ئەوە بووە خەڵکەکەی لە داگیرکاری رۆم، و هێزی بێگانە ڕزگار بکا. قێرنث دەڵێ بەهەشتی ئاسمان بریتیە لە چێژی لەش و ئارەزووەکانی. ئۆسابیوسی قەیسەری دەربارەی قێرنث دەنووسێ:

ئەو خۆی جەستەی خۆی خۆشدەویست و کەسێکی شەهوانی بوو. خەونی بەوەوە دەبینی، فریشتە ئەو خواردنانە دێنێ، کە ئەو حەزی لێیە. واتە خواردن،شراب و چێژی جەستە. .[349]

[349] قس و نبی ل ٢٦

ئەگەر بە ووردی لە بەهەشتەکەی قورئان وورد ببینەوە، ڕێک ئەو بەهەشتەیە قرنثیەکان لە خواردن و خواردنەوە و حۆری و غلمان باسی دەکەن.



خەونی دینداران ، هونەرمەندی فەرەنسی: Echille Zo 1870

بە شێوەیەکی گشتی قیرنثیەکان، لە ناو یەهودیە نەسارپیەکان، لە ئەبیونیەکان توندڕەوتر و خۆسەپێنتربوون.

ئەوانە نوێنەری توندڕەوەکانی، ناو یەهودیە نەسارپەکان بوون. لەگەڵ ئەوەشدا، یەکێتی بیروباوەڕ، یان خاڵی هاوبەش لە نێوان ئەبیونی و قیرنتثیەکان هەبوو. هەروەها ئێپیفانیوس، ئەبیونی و قیرنتثی ڕووی باوەڕەوە، وەک بنەڕەتێک لە ژێر یەک چەتری بیروباوەڕ دەبینێ.[350]

[350] The Panarion of Epiphanius of Salamis. Books I. 51: 6. Second revised edition. Translated by Frank Williams. Drill. Leiden. Boston. 2013.

هەر ئەوەشبوو کە قیرنثیەکان و ئەبیۆنیە توندڕەوەکان، خاوەنی هەمان باوەڕبوون. و متمانەیان بە یەک ئینجیل دەکرد. کە پێیان دەگوت (ئینجیلی دوانزە نێردەکە) کە لە بنەڕەتدا ئینجیلی عیبرانی مەتی بوو.[351] ئەو باوەڕەش دوای پەیدابوونی ئیسلام، هەر بەردەوام بوو. و وەک میراتێک، بەبەر دینە نوێکەدا بڕا.

لە سەرەتادا تا سەدەی سێیەمی س.ب قیرنثی، بە هیچ شێوەیەک لە ئەبیونییەکان جیا نەدەکرانەوە. لەوە بەدواوە، پەیتا پەیتا دەستیان بە زێدەڕۆیی، و توندڕەوی کرد. [352] ئەوەش وایکرد هەم لە ئەبیونیەکان دابڕێن. و هەمیش خۆیان پەراوێز بخرێن. و دوور لە کۆمەلگە لەسەر زێدەڕۆیی و تەندڕەوی خۆیان بەردەوام بن.

ئەوەی قیرنثی لە ئەبیونی جیادەکردەوە، باوەڕ بە خودایی کریستی زەوی بوو. کە هەر لە هەزار ساڵ جارێکیتر دەگەڕێتەوە. بە بەهەشتێکی خۆش لە هەر مێوەیەک دوان، لەگەڵ حور العین کە وەک لؤلؤ و مەرجانن.[353] ئەو خەونانەی قیرنث، وەک ئاوێنەیەک، لە قورئان دەبینینەوە. کە لە چەندین ئایەتی قورئان دووبارە بۆتەوە.

لەو سێ سوورەتەی خوارەوە بە جوانی نیشانی دەدا. کە ڕۆڵی ڕێبازی قیرنثی لەسەر قورئان ڕەوتی پەرەسەندنی ئیسلام تا ئاستێکی زۆر کاریگەری هەبووە.

سورة محمد ٤٧: ١٥

---

[351] Ibid. 89: 43
[352] Eusebius Pamphilius. Church history. 7: 15. 1904 New York
[353353] Ibid. 7:25

مَّثَلُ ٱلۡجَنَّةِ ٱلَّتِي وُعِدَ ٱلۡمُتَّقُونَۖ فِيهَآ أَنۡهَٰرٞ مِّن مَّآءٍ غَيۡرِ ءَاسِنٖ وَأَنۡهَٰرٞ مِّن لَّبَنٖ لَّمۡ يَتَغَيَّرۡ طَعۡمُهُۥ وَأَنۡهَٰرٞ مِّنۡ خَمۡرٖ لَّذَّةٖ لِّلشَّٰرِبِينَ وَأَنۡهَٰرٞ مِّنۡ عَسَلٖ مُّصَفّٗىۖ وَلَهُمۡ فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ وَمَغۡفِرَةٞ مِّن رَّبِّهِمۡۖ كَمَنۡ هُوَ خَٰلِدٞ فِي ٱلنَّارِ وَسُقُواْ مَآءً حَمِيمٗا فَقَطَّعَ أَمۡعَآءَهُمۡ (١٥)

ئەو بەهەشتەی خودا بەڵێنی بە پارێزکارانی داوە. چەندین ڕووباری وای تێدایە، ئاوەکانیان شلوێ نابن. چەند ڕووباری شیری تێدایە، هەرگیز تامی ناگۆڕاوە. چەندین ڕووباری شەڕابی پێدا دەڕوا، تا بخۆنەوە کەیفیان پێدێ. چەند ڕووباریش لە هەنگوینی پاڵێوراو هەن. هەر مێوەیەکیش بخوازن، تێیدایە. لەگەڵ لێبووردەیی پەروەردگاریان. چۆن ئەمانە دەبنە هاوتای ئەو کەسانەی هەتاهەتایە، هەر دەبێ لە ئاگردابن. و ئاوی کوڵاویان دەرخوارد بدرێ، کە ڕیخۆڵەکانینان لەت و پەتکا (١٥)

سورة يس ٣٦: ٥٥ – ٥٧

إِنَّ أَصۡحَٰبَ ٱلۡجَنَّةِ ٱلۡيَوۡمَ فِي شُغُلٖ فَٰكِهُونَ (٥٥) هُمۡ وَأَزۡوَٰجُهُمۡ فِي ظِلَٰلٍ عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ مُتَّكِـُٔونَ (٥٦) لَهُمۡ فِيهَا فَٰكِهَةٞ وَلَهُم مَّا يَدَّعُونَ (٥٧)

ئەوانەی بەهەشتین، ئەمڕۆ سەرگەرمی خۆشین (٥٥) خۆیان و هاوسەرەکانیان لە سێبەر، لەسەر تەخت پاڵیان داوەتەوە (٥٦) لە بەهەشت هەر مێوەیەک داوابکەن، ئامادەیە (٥٧)

سورة الدخان ٤٤: ٥١ – ٥٥

إِنَّ ٱلۡمُتَّقِينَ فِي مَقَامٍ أَمِينٖ (٥١) فِي جَنَّٰتٖ وَعُيُونٖ (٥٢) يَلۡبَسُونَ مِن سُندُسٖ وَإِسۡتَبۡرَقٖ مُّتَقَٰبِلِينَ (٥٣) كَذَٰلِكَ وَزَوَّجۡنَٰهُم بِحُورٍ عِينٖ (٥٤) يَدۡعُونَ فِيهَا بِكُلِّ فَٰكِهَةٍ ءَامِنِينَ (٥٥)

پارێزکاران له شوێنێکی ئارام دان (٥١) لەناو باخ و نزیک کانیاوان (٥٢) له پۆشاکی ئاوریشمی ناسک و ئەستوور دەپۆشن. بەرامبەر یەکتر دادەنیشن (٥٣) هەروەها کیژانی چاو گەوره و جوان دەکەینه هاوسەریان (٥٤) لەو بەهەشته دا، گشت جۆره مێوەیەک به ئارامی داوادەکەن (٥٥)

بەم بەراوردکردنه، بۆمان دەردەکەوێ بەهەشتی قیرنث، هەمان بەهەشتی قورئانه. که له رێگای یەهودیه نەسارییەکان گەیشتۆته ناو قورئانی ئیسلام. و بۆته بەشێک له پەیامی دین.

ئێریانوس لێیان دەگێڕێتەوه که گرووپێک له قیرنثیەکان، به پێچەوانەی رێبازی سەرەکی، رایان وابوو یەسو له پاکیزه نەبووه. ئەوه کارێکی ئەسەتەمه. بەڵکوو کوڕی یوسف و مریەم بوو. هەروەکوو گشت کەسێکیتر. بەڵام بەهۆی پیرۆزی، ئاژاوەنانەوه و لێزانی، توانی ببێته ئەو مرۆڤەی، ڕەوتی مێژوو بگۆڕێ. و ببێته کەسێکی پیرۆز و بەرزتر. تا له کۆتایی پەیامەکەشی هەڵکێشرایەوه ئاسمان.[354]

سورة النساء ٤: ١٥٧ – ١٥٨

وَقَوۡلِهِمۡ إِنَّا قَتَلۡنَا ٱلۡمَسِيحَ عِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ رَسُولَ ٱللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَٰكِن شُبِّهَ لَهُمۡۚ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ ٱخۡتَلَفُواْ فِيهِ لَفِي شَكّٖ مِّنۡهُۚ مَا لَهُم بِهِۦ مِنۡ عِلۡمٍ إِلَّا ٱتِّبَاعَ ٱلظَّنِّۚ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينَۢا (١٥٧) بَل رَّفَعَهُ ٱللَّهُ إِلَيۡهِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمٗا (١٥٨)

لەبەر ئەوەی که دەیانگوت، ئێمه یەسوی کوڕی مریەممان کوشت، که پەیامبەری خودایه. کەچی نه ئەوان کوشتیان، نه توانیشیان له خاچیدەن. سەریان لێشێوابوو. نەیانناسی. ئەو کەسانه لەناو خۆیاندا، لەسەر یەسو

[354] Eranaeus of Lyon. Against Heresies book1, chapter 3, paragraph 4

دووبەرەکیان تێکەوت. لە ڕاکەیان دوودڵبوون، لەسەر کوشتنی. هیچیان نەیانەدەزانی. بێگومان نەیانکوشت (١٥٧) بەڵکوو خودا بۆلای خۆی هەڵیکێشا. خودا هەمیشە خاوەن دەستەڵات بووە و لێزانە (١٥٨)

# کەسائیە گنووسیەکان

## Elxaisme

ئەوانە لە ترۆپکی گنووسی (سەلەفی) بوون. تەنانەت پەیرەوکرانی بە (اهل العلم) ناودەبران. باوەڕیان وابوو کە کریست وەک هەموو مرۆڤێکیتر وایە. لەلای ئەوان کریست پێش مردنی مرۆڤێکی ئاسایی، ناوی یەسو بووە. گیانی پیرۆز جارێک (دایکە) کریستی مێینەیە. و جارێک جوبرائیلە و نێرینەیە. کەسائی باوەڕیان وایە کە فریشتە لە ناو پەرتووکی ئاسمان لە لەوحی محفوض لە تابلۆی پیرۆز بۆ جوبرائیل دابەزاند. و فێری پەندو پەرجوی کرد. [355]

کەسائیەکان لە ژێر تارمایی گنوسیە هێلینیستیەکان پەیدابوون. ئامانجی سەرەکیان، بەرەنگاربوونەوە. و کەمکردنەوەی هەژمووونی قێریتیزمی توندڕەو بوو. لەبەر ئەوەی، بەڕای ئەوان کیرنثیەکان، دەیانەویست ڕەوتی یەهودی نەسارێ بەرەو یەهودی حاخامی بگۆڕن.

---

[355] الحريرى، أبو موسى. قس و نبى ل ٢٦- ٢٧

هیپۆلیت دەنووسێ: کەسائیەکان ژیانی کریستیانی، لەسەر یاسای موسا دەبینن. و دەڵێن هەرکەس، باوەڕداربێ، دەبێ خەتەنە بکرێ. و پەیڕەوی فەرمانەکانی تەورات بکا. [356]

ئیپیفانیوس دەڵێ: کەسائی لە سەرەتادا وەک یەهودی نەساڕی بیری دەکردەوە. بەڵام ئیستا لەو ڕێبازە دەرچووە. فەرمان بە پەیڕەوکارانی دەدا، ئۆڕشەلیم ڕووگەی نوێژیانە، هەروەک یەهودی حاخامی. ئەوەی کەسائی لە یەهودی جیا دەکاتەوە، لای ئەوان قەدەخەیە بۆ خودا بەڵاگێڕ بە کوشتنەوە بکەن. و لە جیاتی ئەوە خواردن دەبەخشنەوە.[357]

باوەڕی کەسائی سەبارەت بە نەبیەتی و دەرکەوتنی نەبی دروست و ڕەوا، دوودڵن. ئەوان باوەڕیان وایە، خودا لە ڕوحی خۆی فووی لە ئادەم کرد. و بووە یەکەم نەبی لەسەر دینی ڕاست و ڕەوا. لەبەر ئەوەی ئادەم ڕوحی خودای تێدا گیرسایەوە. بۆیە بەردەوامە تا دەگاتە کریست. [358]

لە باوەڕی کەسائیەکان ڕەگەزی مرۆڤ دوای ئادەم، بە کاریگەری مادە گەندەڵ بوو. (ئەوەش تیورییەکی گنوسییە) دینیشیان گەندەڵکرد. مادەی گەندەڵ لە مرۆڤ، بە تایبەتی ژن ڕەنگی دایەوە. شەهوەت، و تاوان خراپی تێدایە. بەڵام خودا بە سۆزە، بۆ ڕەگەزی مرۆڤ. لە ڕوحی خۆی بۆ نەبییەکانی نارد. تا خۆگربن و پارێزگاری لە دینی ڕاست ڕەوا بکەن. هەروەک هابیل، آخنوخ، ئیدریس، ئیبراهیم، ئیسحاق، یاقوب و موسا.

هیپۆلیت دەڵێ لە باوەڕی کەسائیدا، کریست مرۆڤێکە وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی تر. و هاتووە یاساکانی موسا لە جەستە پاککاتەوە. و بیگوازێتەوە بۆ گیان. واتە پەرستن بە گیان و

---

[356] Hippolyte Taine, Selected writings 9: 14

[357] The Panarion of Epiphanius of Salamis. Books I. 19:1:5. Second revised edition. Translated by Frank Williams. Drill. Leiden. Boston. 2013.
[358] Ibid. 53:1:18

له ناخەوە. لەلای ئەوان تەنیا ئەسینی لە ناو یەهودیە نەسارِییەکان گیانین (روح). بەو شێوەیە دەیانەوێ دینی یەهودی نەسارِی بگۆڕن بۆ ئەسینی گنوسی خۆیان. [359]

# رِۆڵی قەشە وەرەقە لەسەر ووتاری قورِئان

نووسەری قورِئان بێ پەردە و بە شانازییەوە ئامۆژە بە یارمەتی قەشەی پسپۆر دەکا. ئەوەش گەورەیی مامۆستا و رِێنماییکەرە بۆی. کە تا چ ئاستێک کاریگەری لەسەر محمد هەبووە.

[359] Hippolyte Taine, Selected writings 9:14

چەندین جار بە ڕوونی و وەک شانازی، لە ناو ئایەتەکانی قورئان ئاماژەی پێکراوە. با نموونەیەک لە سوورەتەکانی مەککە بێنینەوە. کە تێایدا، شانازی نووسەری قورئان بەرامبەر ئەو پسپۆرانە، بە ڕوونی لە دەربڕینەکانی ڕوون و دیارن:

سورة یونس ١٠: ٩٤

فَإِن كُنتَ فِي شَكّٖ مِّمَّآ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ فَسۡـَٔلِ ٱلَّذِينَ يَقۡرَءُونَ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكَۚ (٩٤)

ئەگەر تۆ لەوەی بۆمان ناردووی بە گومانی. دە لەو کەسانە بپرسە، کە بەر لە تۆ پەرتووکیان خوێندۆتەوە. (٩٤)

مرۆڤ بۆی هەیە بپرسێ ئەو کەسانە کێ بوون، پێش محمد پەرتووکیان خوێندبێتەوە. و لە محمدیش نزیکبن؟. ئەوەندەش شارەزابن ڕێنمایی بکەن، کە قورئان بە شانازییەوە، ئاماژەیان پێبکا؟ بیجگە لە چەند قەشە و ڕەبەنی یەهودی نەساری کەسیتر نەبوون. لەناو ئەوانە وەرەقە کوڕێ نۆفل و بحیرا و عداسی نەبینەوی، کەسی تری وا نادۆزینەوە، ئەوەندە لە محمد نزیک بووبێ. هەر نووسەری قورئان خۆی دان بەوە دادەنێ.

سورة المائدة ٥: ٨٢

لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ ٱلنَّاسِ عَدَٰوَةٗ لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلۡيَهُودَ وَٱلَّذِينَ أَشۡرَكُواْۖ وَلَتَجِدَنَّ أَقۡرَبَهُم مَّوَدَّةٗ لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّ مِنۡهُمۡ قِسِّيسِينَ وَرُهۡبَانٗا وَأَنَّهُمۡ لَا يَسۡتَكۡبِرُونَ (٨٢)

دەبینی نزیکترین لە سۆز و خۆشەویستی بۆ ئەوانەی باوەڕیان هێناوە. ئەوانەن کە دەڵێن: ئێمە نەسرانین. ئەوەش لەبەر ئەوەی هەندێکیان

قەشەن و هەندێکیشیان ڕەبەنی (ڕهبان) دیندارن بێگومان ئەوانە لە ڕاستی ڕەواییدا خۆ بە زلزان نین(٨٢)

قەشە وەرەقە بە هۆی نزیکی لە عبدالمطلب و دواتریش لە أبی طالب زۆر لە محمد نزیک بوو. جا هەرکاتێ، محمد لە شتێ تێنەدەگەیشت. یان گومانی لە تێگەیشتنی هەبوایە. بێگومان پرسیاری لە پسپۆڕێک دەکرد. ئەویش قەشە وەرەقە بوو.

ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی، کە محمد مامۆستای هەبووە. و قورئانیش سەرچاوەکەی پەرتووکێکی پێشتر بووە. هەروەها ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە قورئانی محمد، خوێندنەوەی پەرتووکێکی پێشترە. و ڕەنگدانەوەی ئەو پەرتووکەی پێشتریش لە گوزارە و شێوەی ڕەوانبێژی قورئان بە جوانی دەردەکەوێ. [360]

بۆیە بۆ گەڕان بۆ سەرچاوەی دەقەکانی قورئانی مەککە، بێجگە لە قەشە وەرەقە و ئینجیلی مەتی عیبرانی بیر لە هیچ شتێکیتر بکەیەنەوە.

## قەشە وەرەقە و ڕێبازی ئەبیۆنی

بەدیارکەوتنی قەشە وەرەقە لە ڕێبازی ئەبیۆنی و بەتایبەتی وەک کەسایەتییەکی دیار لە ناو هۆزی قورەیش. و سەرەڕای ئەوە کەسێکی دەوڵەمەند بوو، کاریگەرییەکی

[360] الحريري، أبو موسى. قس و نبی ص ١٠٢

زۆری، لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و بڕەوی دینی لە هەردوو شاری مەککە و یەتروب هەبوو. جێبەجێ کردنی نەرێت و ڕێنماییەکانی، لەگەڵ کەسایەتی، بەڵگەن بۆ ئەوەی سەر بەو ڕێبازە بووە. بێجگە لەو ڕێنماییانەی دەبینین کاریگەرییەکی قووڵیشی لەسەر نووسەری قورئان هەبووە. ئەوەش لە ڕێگای هامووشۆ و خەڵوەتی لە ئەشکەوتی حەڕا لەگەڵ عبدالمطلب، و عثمان بن الحویرث، و عبیدالله بن جحش، و أبی أمیه بن المغیره و أمیة بن أبی سلط ... و هیتر[361]

إبن هشام لە بیۆگرافیاکەی خۆیدا دەنووسێ: تحنث هەمان تحنف و واتە خەڵوەت کردن
و خودا پەرستن بە درێژایی شەوان و کاری خێر و باشەکردن. هەروەها مانگێکی تەواو لە ساڵدا بە رۆژوو دەبوون، نانیان دەدایە برسیان[362].

بەپێی گەواهی گێڕانەوەی پەرتووک و نامەکان. یەهودی نەساری بەشێوەیەکی بەربڵاو، لە مەککە و حیجاز و سەرتاسەری دوورگەی عەرەبی و وولاتی شام نەک تەنیا هەبوون، بەڵکوو کاریگەریان لەسەر ڕەوتەکانی کۆمەڵایەتی، دین و بازرگانیش هەبوو. ئەوەش ئەوە دەگەیێنێ، کە خاوەنی پێگە و دەستەڵات بوون لە مەککە و یەتروب و ئاوەدانیەکانیتری حیجاز.

ئەوەی کە لێرەدا دەبێ بگوترێ، ئەوەیە کە ئەو ڕێبازە نەسارییەی قەشە وەرەقە کوڕی نۆفل پەیڕەوی دەکرد، جیاواز بوو لەوەی ئەنجومەنی ئۆرشەلیم. کە لە سەردەمی

---

[361] السیره الحلبیه ١: ٢٦٠
[362] سیره ابن هشام ١: ٢١٨، ٢٢٢

یاقوبی برای یەسو بڕیاری لەسەر درابوو. لە سەر هێندێک پرس هاوڕابوون، و لە هەندێکیتر جیاواز.

جیاوازییەکان : نکۆڵی لە خودایەتی کریست دەکرد. باوەڕی بەوە نەبوو کە کریست کوڕی خودایە. بە لێبڕاوی نکۆڵی لە لەخاچدان و هەڵسانەوەی دەکرد.

هاوڕابوون: لە جێبەجێکردنی یاساکانی تەورات و ئینجیل پێکەوە، خەتەنەکردن و بەڕۆژووبوون، باوەڕیان بەوە نەبوو بە تەنیا باوەڕ بە کریست ڕزگاریان دەبێ. باوەڕی یەهودی نەساڕی، قەشە وەرەقە و زۆربەی قوڕەیش پەیڕەویان دەکرد. ڕەوتی ئەبیونیە بوو. [363]

## مێژوونووسانی موسوڵمان و نەبیەتی محمد

بەپێی ڕاڤەکار و مێژوونووسانی موسوڵمان دەبێ، محمد لەتەمەنی چل ساڵی، ڕۆژێکیان دوای گەڕانەوەی لە ئەشکەوتی حەڕا، بە دیداری جوبڕائیل گەیشتبێ. ئەو دیدارە تاساندوویەتی. و بە ترس و شێواوی. هاتۆتەوە ماڵ. و بە دەنگی لەرزۆک و پەشۆکاوی سەرجەمی

[363] هەمان سەرچاوە ص ١٩

چیرۆکەکەی بۆ خەدیجە گێڕابێتەوە. دواتر خەدیجە جلی خۆی گۆڕیێ، و خۆی گەیاندبێتە لای قەشە وەرەقەی ئامۆزای. بە درێژی چیرۆکی بەسەرهاتەکەی محمدی بۆ گێڕابێتەوە. دوای ئەوە قەشە وەرەقە پێی گوتووە:

> پیرۆزە، پیرۆزە. بەو کەسەی گیانی وەرەقەی بەدەستە. ئەی خەدیجە ئەگەر باوەڕم پێ بکەی، وەک ئەوەی بۆ موسا هات. ئەویش (محمد) نەبی ئەو نەتەوەیە. پێی ڕابگەیێنە ئەوە ئێستا سەلمێندرا.[364]

کێشەی سەرەکی ئەو چیرۆکە لەوە دایە. چۆن قەشە وەرەقە زانی؟ ئایا پێشبینی لە خوێندنەوەی ئاینده دەکرد؟

بێگومان ئەو چێرۆکە و چەندین چیرۆکیتری سەیر و سەمەرەی، مێژوونووسانی موسوڵمان باسیانکردوون. بێ بنەمان و تەنیا لە ناو هۆنینەوەی چیرۆکەکانی ئەوان دایاندۆزیتەوە. ئەگینا لە هیچ سەرچاوەیەکیتری دەرەوەی سیرە -و مێژوونووسانی موسوڵمان دەستناکەون.

ئێمە ئەوە دەزانین محمد و قەشە وەرەقە بەردەوام هاودەمی یەکتری بوون. هەم خزمایەتیان هەبوو. و هەم هەردووکیان لەسەر دینی یەهودی ناسارِی بوون.

سەرەڕای ئەوە وەرەقە لەکاتی پێویستی ئامۆژگاری محمدی دەکرد، بە تایبەتی سەبارەت بە نەبیە کۆنەکان و وەحی و باوەڕداری لەسەر ڕێبازی دینی ئیبراهیم. بەڵام گشت ئەوانە، مانای ئەوە نادەن، کە هەر لەو سەردەمە زانراوە محمد دەبێتە نەبی نەتەوەی عەرەب. چیرۆکەکە، بەوەش کۆتایی نایە. و بەردەوام دەبێ. و قەشە بە دڵنیاییەوە هەستی بە ئارەزووی خودا دەکرد و بە خەدیجەی دەیگوت:

---

[364] بن هشام ج١، ص ٢٢١، الحلبية ج١، ص ٢٦٢، إبن سعد ج١، ص١١٥

> ئەگەر ئەوە ڕاستبێ ئەی خەدیجە، محمد نەبی ئەو نەتەوەیە. دەمزانی ئەو بوونەوەرێکی ئەو نەتەوەیە، و نەبی چاوەڕوانکراوی ئەو سەردەمەیە. [365]

با وای دابنێین، ئەوە وەحی بوو بۆ محمد هات. ئەی قەشە وەڕەقە چۆن زانی یا هەستی پێکرد. خۆ دەبێ توانای پێشبینیکردنی هەبووبێ، کە نەیبووە!! بە لێکدانەوەیەکی لۆژیک، ئەوە محمد نییە وەحی بۆ هاتووە. بەڵکوو ئەوە مێژوونووسانی موسوڵمانن، بە هۆنینەوەی چیرۆکی بێ بنەما، سەبارەت قەشە وەڕەقە. کە وەک جادووێک جیهانێکی خەیاڵی بۆ محمد دروست دەکا.

لەڕاستیدا، ئەوەی قەشە وەڕەقە هەوڵیدەدا، محمد فێری ئامۆژگاری دین بکا. و چۆن کەنیسە بەڕێوەببا. ئەو چیرۆکانە، لە بنەڕەتدا گشتیان لەلایەن بیۆگرافی و مێژوونووسانی موسوڵمان دروستکراون. ئەگەر قەشە وەڕەقە وەک بیۆگرافینووسان دەڵێن پێشبینی نەبیەتی محمدی دەکرد، ئەی بۆ خۆی باوەڕی پێ نەهێنا. و هەر لەسەر دینی یەهودی نەساڕی مرد. بێجگە لەوە محمد تەنیا ئامرازێک بووە، بۆ هێنانە دی ئەو جیهانەی وەرەقە دەیەویست، نەک محمد.

باشە مرۆڤ پرسیار دەکا: ئەوە لە کوێوە ئەی وەرەقە؟ چۆنت زانی ویستی خودایە؟ ئایا توانای پەرجوو (معجزة)ی پێشبینی کردنی پەیامبەرێکی نوێت هەبوو، کە بتوانی ئاگات لە فەرمانەکانی ئاسمان بێ؟

---

[365] سیرە ابن هشام ١ج، ص ١٧٥ - ١٧٧، السیرە الحلبیە ١ج، ص ١٥١

سەرەڕای ئەوە بیۆگرافینووسان بەوەش ناوەستن. و ڕۆڵی خدیجەش لەو پلانە دیاردەکەن. خەدیجەش بە ڕێنماییەکانی وەرەقەی ئامۆزای هەروەک لە بیۆگرافیاکان دا هاتووە، دەبێ بەشێک بێ لە پلانی قەشە و ئاگاداری پرۆسەکەش بووبێ:

خدیجە پەیڕەوی ڕێنماییەکانی وەرەقەی دەکرد. [366]

بەلێکدانەوەیەکی لۆژیکانە ڕووندەبێتەوە، کە ئەو چیرۆکە و زۆربەتریش بێ بنەمان، و سەرلەبەریان دروستکراون. ڕاستە پەیوەندی بەهێز لە نێوان قەشە وەرەقە و محمد هەبووە. تا دەگاتە ڕێنمایی دینی و فێرکردنی چیرۆکی نەبیەکانی کۆنی ئیبراهیمی، و بەگشتی سەبارەت بە دەقەکانی تەورات و ڕووداوەکانی. ئەوە ڕێنمایی و فێرکردنەش بۆ ئەوە بووە تا محمد ببێتە جینیشینی قەشە وەرەقە بۆ سەرۆکایەتی کەنیسەی یەهودیە نەسارییەکان لە مەککە، و ڕەنگە یەتروبیش. ئەو پەیوەندییەش لە بەشی داهاتوو، درێژەی پێدەدرێ.

## پەیوەندی قەشە وەرەقە و محمد

بۆ تێگەیشتن لە پەیامی قورئانی مەککە، دەبێ بە گرنگی ڕەچاوی ڕۆڵی قەشە وەرەقە کوڕی نۆفل بکەین. لەبەر ئەوەی ئەگەر قەشە وەرەقە، داهێنەری دینە نوێکەی محمدیش

---

[366] الحریری، قس و نبی ل ٧٤ ، السیرە الحلبیە ١: ٢٧٥

نەبووبێ. ئەوا کاریگەرییەکی لە ڕادە بەدەری لەسەر پێگەیاندنی محمد، و ئاڕاستەکردنی هەبووە. بۆیە ئەگەر بە کورتیش بێ، دەبێ باسێکی ئەو مرۆڤە مەزنە بکەین. کە ڕاڤەکار و بیۆگرافی نووسانی ئیسلام بە مەبەست، تا پێیان کرابێ پەراویزیان خستووە.

هەرچەندە ئێمە زۆر سەبارەت بە ساڵی لەدایک بوون. و ژیانی سەرەتایی قەشە وەرەقە نازانین. بەڵام دەگێڕنەوە کە زیاتر لە سەد ساڵ ژیاوە. ئەوەش دوور نییە. چونکە هاوڕێ و هاوبیری عبدالمطلبی باپیرەی محمد بووە. و یەک لە حەنەفیە هەرە لە پێشەکانی شاری مەککە بوو. [367]هەر ساڵێک بۆ خودا پەرستی، لە ئەشکەوتی حەرا لەگەڵ عبدالمطلب، باپیرەی محمد و چەندین حەنەفی تر خەڵوەتیان دەکرد. [368] بە گوێرەی سەرچاوەکانی ئیسلامی و نائیسلامی قەشە وەرەقە مامۆستا، و ڕێنوێنی محمد بووە، بۆ پرسە دینییەکان. هەروەها محمدی، فێری زانیاری لەسەر دین و نەبیەکانی پێشتر دەکرد. بەتایبەتی تەورات و ئنجیل. سەبارەت بەو چیرۆک و ئەفسانانەی، سەبارەت بە نەبیەکانی پێشتر هاتبوون. [369] قەشە وەرەقە هەر لە منداڵییەوە محمدی دەناسی. و بەتایبەتی لە ساڵانی گەنجی، ئەرکی پەروەردەکردن، و پێگەیاندنی لایەنی ڕوحی کەوتبووە سەرشان. ئەوەش قۆناخیکی گرنگ بوو لە ژیانی محمد. بەتایبەتی ڕاهێنانی ڕەوانی (ڕوحی). و پێگەیاندنی بە زانیاری دینی. لە بنەڕەتدا، ئەوە پلانێکی کۆن بوو. کە هەر لە منداڵیەوە بۆ ئامادەکردنی محمد دانرابوو. لەبەر ئەوەی هەم گەنجێکی زیرەک و ڕەوانبێژ بوو، و هەمیش لە بنەماڵەیەکی ناودار و دەوڵەمەدبوو. بە ئاسانی لە لەلای گشت بنەماڵەکانی قورەیش لە مەککە و ئەتروب، بۆ سەرۆکایەتی کەنیسەی یەهودیە نەسڕیەکان پەسند دەکرا.

---

[367] سیرة الحلبیة ۱: ٢٧٤

[368] ط. الحلبی (۱۹۷۳). نوادر المخطوطات. تحقیق عبدالسلام هارون جلد ۱ ص ۳۲۷

[369] حوار المتمدن

قەشە وەرەقە لە ڕووی زانیاری دین و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، بلیمەتێکی بێ هاوتابوو. توانیبووی بە شێوەیەکی پتەو تۆڕێکی کۆمەڵایەتی لە دەوری محمد دروست بکا. تا لەڕێگەی ئەو تۆڕە بتوانێ بەشێوەیەکی فرە ڕەهەندی و گشتگیر، لەلایەک محمد بۆ ئەوکێکی پڕبەرپرسیارێتی ئامادە بکا. لەلایەکیتر هەنگاو بە هەنگاو لەسەر زانیارییەکانی دین و سرووشت پەروەردەی بکەن. [370]

ئەو کەسانەی لەناو ئەو تۆڕە دابوون. و یارمەتی قەشەیان دەدا. و گوێیان لە فەرمان و بانگهێژەکانی دەگرت. هەروەها ئاگایان لە پلانەکانیشی هەبوو، چەند کەسێکی نزیکی محمد و قەشە وەرەقە بوون. گرنگترینیان خدیجە ژنی محمد، أبو طالبی مام و سەرپەرشتیاری محمد، ئەبو بەکری سدیق برادەری گیانی بەگیانی محمد. هەروەها باوکی خدیجە دوای ڕەزامەندی لەسەر هاوسەرگیری محمد و خەدیجە، و عمرو برای خدیجە بوون. گشت ئەو کەسانە لە پلانی ئامادەکردنی محمد بە شێوەی جۆراوجۆر بەشداربوون. سەرەڕای ئەوە ڕاهب بوحیرا کە مەترانی نەسارییەکان لە شاری بوسری لە شام دادەنیشت. هەروەها ڕاهب عداسی نینوی. هەر یەک لەوانە بەپێی توانا و ئەو ڕۆڵەی پێی درابوو، لەسەر شانۆ، بۆ ئەنجام دانی پرۆسەی سیناریۆکە دەردەکەوتن. کەچی دەرهێنەری شانۆ و خاوەن بڕیار تەنیا قەشە وەرەقە بوو. ئەوانی تر گشتیان هەریەک بەپێی پێویست، و ئارەزووی قەشە وەرەقە یارمەتیان دەدا. پێشبینییەکانیش لەسەر ئایندەی محمد لە گشت لایەکەوە، وا ڕێکخرابوو. بەپێی پەرتووکی پیرۆزی تەورات، بۆ کاریگەتربوون، لەسەر زمانی جادوو و کاهین، انس و جن، و درەخت و بەرد. جۆرەکانی گیانداران، پاشا و ناوداران، و فریشتە و مرۆڤ

---

[370] الحریری،أبو موسی. قس و نبی ل ٦٠

دەسووڕایەوە. ئەوەش بێ دوودڵی لە پەرتووکەکانی سیرە و ڕاڤەکاران دووبارە دەبوونەوە و ناویان دەهێنان و چیرۆکیان لەسەر دەگێڕانەوە. [371]

ئەو پلانەش پێش هاوسەرگیری محمد و خەدیجە بووە. ئەو کاتەی هێشتا محمد بازرگانی بۆ خەدیجە دەکرد، لە هاتوچۆی بۆ شام. وەک خزمەتکارێکی جێ متمانە، هەموو ئەو شتانەی کە بەسەری دەهاتن و بینیبوونی بۆ خەدیجەی دەگێڕانەوە. هەر دوای ئەوە، خەدیجە بەپەلە دەچووە لای قەشە وەرەقە. و سەرلەبەری هەواڵ و بەسەرهاتەکانی بۆ دەگێڕایەوە. کە خزمەتکارەکەی لەو سەفەرە چی بینیوە. [372]

بیۆگرافینووسان بەسەرهاتێک سەبارەت بە خەدیجە دەگێڕنەوە: دەڵێن خدیجە تا دەهات بە تێکچوونی محمدی مێردی، زیاتر سەخڵەت دەبوو. هەمیشە پێیەکی لای وەرەقە بوو، ئەویتری لای عەداسی نەینەوی بوو. دوایی ڕۆژێکیان سەربردەی بەسەرهاتی مێردەکەی بۆ عەداس گێڕایەوە. عەداس پێی گوت:

> ئەی خەدیجە، ڕەنگە شەیتان هاتبێتە مێشکی و تێکی بدا. ئەو پەرتووکە ببە، بۆ مێردەکەت فڕێبدە. ئەگەر شێت بووبێ، ئەوە شەیتانی لێ دەردەچێ. ئەگەر لای خوداوە هاتبێ هیچ زیانی پێ ناگەیێنێ. [373]

---

[371] الحریری، قس و نبی ل ٧٣ ، السیرە المکیە ١: ١٨٣، السیرە الحلبیە ١: ٣٦٧
[372] ابن هشام ١:١٧٥، امل فی التاریخ ٢:٣٩، الحلبیە ١: ١٤٧- ١٥٢، ابن الکثیر، السیرە النبویە ١: ٢٦٨

[373] قس و نبی ل ٧٨. السیرە الحلبیە ١: ٢٦٨

هەرچەندە لە بەردەوامی چیرۆکەکەدا دەڵێ، دوای ئەو دیدارەی لەگەڵ عەداس، خەدیجە پەرتووکەکەی هنا و گەڕایەوە لای مێردی. بەڵام لەوەزیاتر بەردەوام نابێ، ئاخۆ خەدیجە ڕێنمایی عەداسی جێبەجێکردووە یان نا!! یان دەرئەنجامەکەی چۆن بووە.

هەر لەو جۆرە چیرۆکانە بەردەوام دەبن. و دەڵێن هەر جارەی ئایەتێکی نوێ بۆ محمد دەهات. ئەوەندە دوودڵ و تەنگاو دەبوو. و جێگای پێ نەدەما و دەلەرزی. جارێکیان، لەو کاتەی خەریکی ئامۆژگاری و پەند دادان بوو، دەستی بە لەرزین کرد. دەم و چاوی سوورهەڵگەڕا، نێوچەوانی ئارەقی لێدەچۆڕا. تووشی دڵ لێدانی بەهێز بوو. گەڕایەوە ماڵەوە بە پشێوی و ترس چووە لای خەدیجە. پێی گوت دامپۆشە، دامپۆشە بە جل و بەرگی گەرم. دوای ئەوەی هێور بووەوە خەدیجە لێی پرسی چی ڕوودیداوە. ئەویش بۆی گێڕایەوە. خەدیجە گوتی:

نەخێر بە خودا، خودا ئەگەر مزگێنی بێ، خودا شەرم لە تۆ ناکا . [374]

بیۆگرافینووسان بەردەوام دەبن: دوای هێوربوونەوەی محمد، خەدیجە وەک هەمیشە خۆی دەگەیاندە لای پسپۆری خودایی، وەرەقەی ئامۆزای. و پێی گوت:

ئەی مام گوێ لە برازات بگرە. مەبەستی ئەوەبوو وەرەقە گوێ لە محمد بگرێ.

دوای ئەوە وەرەقە محمدی بینی و پرسیاری لێکرد: برازای خۆم، چی دەبینی؟
محمد ئەوەی دیبووی بۆی گێڕایەوە. قەشە وەرەقە دووبارە گەشایەوە، گۆتەکەی خۆی دووبارەکردەوە:

[374] الحریری، أبو موسی. قس و نبی ل ٨٠

ئەو یاسایە کە بۆ موسا دابەزی، ئەوە جارێکی تری لەسەرزیادکرد. خۆزگەم من لقێک بام لێی و لە سەردەمی ئەو بانگهێژە. [375]

ئەوەی جێی پرسیارە، ئەگەر جوبرائیل هاتبێ، هەڵبەتە بە مەبەستی پەیام پێدان بووە. بۆ بەو شێوە ترسێنەرە هاتووە. و وەک جۆکە دواندوویەتی. بۆ بە شێوەیەکی نەرم و خۆی نەدەناساند و پەیامی پێ نەدەدا؟ یان بۆ خەدیجە هەمیشە بۆ لای قەشەکانی یەهودی نەساری ڕای دەکرد؟ گشت ئەو دیاردانە دوورن لە ڕاستی. بەڵکوو ئەوە قەشە وەرەقەیە هەر جارەی پەیامێکی نوێ دەداتە محمد، بۆ ئەوەی لە بەرامبەر خەڵکی موژدەبدا، و ترس گرتوویەتی و تا دەگاتە شێوان و لەرزین. ڕەنگە لە ترسی هەڵەی گەیاندنی موژدەکەبووبێ. یان هەر شێوەیەک لە نەخۆشی فێگرتنی هەبووبێ، و لەو کاتانەی ویستوویەتی پەیامەکەی بگەیێنێ، گرتوویەتی.

بۆیە سەردان بۆ لای قەشە وەرەقە و ئامۆژگارییەکانی، بووبوونە سەرچاوە بۆ هێوربوونەوەی محمد و خەدیجە. بۆیە دەبینین دوای ماوەیەکیتر. محمد تەنیا بە چوونی خەدیجە ناوەستێ. و خۆی ئەو هەنگاوەی هەلگردەگرێ. و لەگەڵ ئەبو بەکری سدیق سەردانی قەشە وەرەقەدەکا. و داوای ڕاڤەی ئەو تەنگاوی و دل لێدان و خەیاڵ بڵاویەیان لێکرد. نازانێ لە کوێ دێن، کێن و مانایان چیە؟ محمد بە وەرەقەی ڕاگەیاند کە ئامۆژگاری بکات. گوتی:

ئەو کاتەی کە بە تەنیا لە خەڵوەت دام، لە پشتمەوە گوێم لە دەنگێک بوو ئەی محمد، ئەی محمد، دوایی وەک لە زەوی ڕۆبچێ وابوو.

---

[375] السیره الحلبیه ١: ٢٦٣ و ٢٦٧، تاریخ الطبری ٢: ٢٩٨ – ٢٩٩، الحریری، قس و نبی ل٨١

هەرچۆنی بێ قەشە وەرەقە ئامۆژگاریکرد و ڕەنمایی دایە. کە هێمن بێ، سام نەیگرێ و ئارام بێ. پێی گوت:

هیچ مەکە. کاتی بۆ لات هات، بوەستە و گوێبگرە چی دەڵێ. ئەوسا وەرەدەر. [376]

دوای ماوەیەک لەو هەڵومەرجە خەدیجە بەوەش نەوەستا. بۆ دڵنیابوون نامەیەکی بۆ بحیرای ڕەبەن، لە شاری بەسری لە شام نووسی. و پرسیاری جوبرائیلی لێکرد. خدیجە ووتی مێردم (بعلي) و وەرەقەی ئامۆزام هەواڵیان پێدام کە پێی گەیشتووە. لە وەڵامدا بحیرا نووسی:

پیرۆزە، پیرۆزە. ئەی گەورەی ژنانی قورەیش. من بەو ناوە بانگت بکەم؟

ئەوەش بەڵگەیە، کە بحیرای ڕەبەنیش. بەشدارە لە پلانی ئامادەکردنی محمد، لەلایەن قەشە وەرەقە. بۆیە ڕاستەو خۆ، وەک بەشێک لە پرۆسەی پلانەکە. بۆیە بە گەورەی ژنانی قورەیش ناوی خەدیجە دەبا. و بێ سێ و دوو، بە پیرۆز، پیرۆز دەست پێدەکا.

قەشە وەرەقە خاوەنی گەنجینەیەکی مەزنی زانیاریی بوو، لەسەر دینەکان. زۆر بە کارامەیی و بە ئارەزوو، بۆ بەرژەوەندی یەهودیە ناسارییەکان کاری دەکرد. هەرئەوەش بوو دەیەویست محمد ئامادەبکا، بۆ بەردەوامی و سەروەری دین.

ئەوەش بەڵگەیە کە وەرەقە بەزیرەکی خۆی، پلانی بۆ ئایندەی محمد، و پرۆسەی چۆنییەتی ئەنجامدانی دانابوو، و پەیڕەوی دەکرد. کە هەنگاو بە هەنگاو دەقەکانی ئینجیلی عیبرانی بۆ

---

[376] الحريري، قس و نبى ل ٧٧ ، الحلبيه ١: ٢٦٣

موژده دەدانە محمد. کە دوایی محمد لەسەر ڕێنماییەکانی قەشە بە شێوەی ڕەوانبێژی بیانکاتەڕێنمایی بۆ خەڵک. و هەر ئەو دەقانەی ئینجیلی مەتی عیبرانی، بوونە قورئانی مەککە.

## مردنی قەشە و هەتیو بوونی محمد

بەپێی بیۆگرافینووسان دەبێ محمد لە تەمەنی ٤٠ ساڵی دەستی بە بانگهێژ/مزگێنی کردووە. چوار ساڵ دوای یەکەم بانگهێژی محمد، هێشتا وەک پێویستە، لە پرۆسەی قوتابیەتی دەرنەچووبوو. قەشە وەرەقە کۆچی دوایی کرد. واتە کە قەشە وەرەقە مرد محمد تەمەنی ٤٤ ساڵ بوو. لەو دەمەوە کەس نەما ڕێنمایی و ئامۆژگاری بکا، دەقەکانی ئینجیلی بۆ ئامادە بکا. بەوەش محمد تووشی شۆک بوو. وەک شێتی لێهات. خەمۆکی تەنگی پێ هەڵچنیبوو. و هەمیشە لەبەر خۆی قسەی دەکرد. [377]

کاریگەری مەرگی قەشە وەرەقە، لەسەر محمد بێ ئەندازە بوو. لە قۆناخی یەکەم وەک شێتی لێهات. تەنانەت خەونی پێوە دەبینی. جارێکیان پەیامبەر دەڵێ:

من قەشەم بینی، واتە وەرەقە لە بەهەشت. جلێکی ئاوریشمی لەبەردابوو

لەریوایەتێکی تر دەڵێ:

---

[377] الحريري، أبو موسى، قس و نبی ص ٣٥

بینیم. بینیم جلێکی سپی لەبەردابوو. وای بۆ دەچم ئەگەر دۆزەخی بوایە، نەدەبوو جلی سپی لەبەردابوایە. [378]

مردنی قەشە وەرەقە، کاریگەری بە ئاشکرا سەر محمد دانابوو. تا ئەو رادەیەی، توانای ئەوەی نامابوو، چیتر بانگەشەی بکا. دوای ئەوە بۆ ماوەیەک، پەیامبەر نە باسی جوبرائیلی دەکرد و نە پەیامێکی نوێ پێبوو. تەنانەت لە عائیشە دەگێڕنەوە کە گوتوویەتی:

کە قەشە وەرەقە مرد وەحیش وەستا. ئەو گێڕانەوەی عائیشە، لە صەحیحی بوخاریش داهاتووە: کە وەرەقە مرد سرووش (وحی) بڕایەوە. [379]

لەو گێڕانەوەی پرۆسەی دین و هۆنینەوەی بیۆگرافینووسان. نالۆژیکی بە ئاشکرا دیارە. هەر بیۆگرافینووسان خۆیان دەڵێن محمد لەتەمەنی ٥٣ ساڵی بوو کە عائیشەی تەمەن ٨ ساڵی هێنا. بەوپێیەش کە عائیشە لەدایک بوو، محمد تەمەنی ٤٥ ساڵ بوو قەشە وەرەقەش ساڵێک پێشتر مردبوو. چونکە کە قەشە وەرەقە مرد محمد تەمەنی ٤٤ ساڵی بوو. کە عائیشە قەشەی نەدیێ چۆن زانی کە قەشە مرد، وەحی وەستا. یان چۆن زانی قەشە ئینجیلی عیبرانی وەردەگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی. لەبەر ئەوە هیچ لە ڕاڤەکار و بیۆگرافینووسان ناڵێن عائیشە لە کەسێکیتر گوێی لێبووە. دەڵێن عائیشە وای گوتووە. ئەوەش نابێتە جێی متمانە.

دەرئەنجامی ئەو بەڵگانەی سەرەوە، دەگەینە ئەو باوەڕەی کە بەلای کەمی، لە قۆناخی مەککەدا محمد بانگەشەی دینێکی نوێی نەکردووە. بەڵکوو موژدەدەرێکی دینی یەهودی

---

[378] الحريري، أبو موسى، قس و نبی ل ٤٢، کتاب السيرة الحلبيه ١: ٢٧٤
[379] الحريري، کبو موسى، قس و نبی ل ٤١

نەسارِی بووە. و کە قەشە وەرەقەش مرد ئیتر کەس نەما دەقەکانی ئینجیلی عیبرانی بۆ ئامادە بکا. و رێنمایی بۆ بانگهێژی بکا. تەنانەت وەک کەسایەتیەک بۆ سەرۆکایەتی پەرستگای یەهودی نەسارِی پەروەردەی بکا. بۆیە لەو کاتە بەدواوە، نە محمد پەیامی پێما و نە دینی یەهودی نەسرانیش توانی وەک خۆی بمێنێتەوە. سەرەرای ئەوەش ژیانی محمد، دوای چەند ساڵی تر بە مردنی ئەبی طالب و خدیجە خراپتر بوو. جیاوازیەکانی پەیام و کەسایەتی محمد بەتەواوی لە دوای کۆچ بۆ یەترب بەدیارکەوتن.

## مەرگی وەرەقە و سەرەتای قۆناخێکی تر

بۆیە ئەگەر بە گومانەوە سەرنج بدەین، بۆمان دەردەکەوێ، کە محمد دوای مردنی قەشە، دەستی ئاوەڵا بووە. شێوەی ئایەتەکانیش گۆڕان. تا دەهات قۆناخێکی نوێ لەژیان و پەیامی محمد بەدیاردەکەوت. بۆیە دەتوانین بڵێین تا قەشە وەرەقە، ئەبی طالب و خدیجە مابوون، بیرۆکەی دینێکی نوێ لە ئارادا نەبووە. نە قەشە وەرەقە باوەری بە پەیامبەرایەتی محمد هەبووە. نە محمدیش لەو قۆناخەدا کە سەرەتای بانگهێژ بووە، باوەری بەوە هەبووە کە نەبی بێ. تەنانەت ئەبی طالب باوەری بەوە نەبووە کە محمد نەبی بووبێ. هەرچەندە مێژوونووسانی موسوڵمان دەڵێن خەدیجە یەکەم کەس بووە باوەری بە محمد هێناوە. کەچی ئەوەش جێی گومانە و تەنیا بۆی هۆنراوەتەوە.

لەجیاتی ئەوە لۆژیکترە کە قەشە وەرەقە دەیەویست محمد ببێتە جێنیشینی لەسەرۆکایەتی کەنیسەی نەسارییەکانی مەککە، تا برەو بە کاری خودایی لەناو عەرەب بدا. هەردووک ئەبی طالب و خدیجەش پاڵپشتی تەواوی بوون. چونکە گەورەیی قورەیش لەناو هۆزە عەرەبیەکان هەر لە سەردەمی قصي بن کلاب شتێکی بەڵگە نەویست بوو. ئەوانیش

دەیانەویست لەو قەیرانەی دوای مەرگی عبدالمطلب ئالترنەتیڤێکی بەهێز بدۆزنەوە، کە محمد بوو. تا بتوانێ هەم پارێزگاری لە بەردەوامبوونی ڕێبازی یەهودی نەسارێی لە حیجاز بکا. و هەوڵبدا ڕەوتەکانی بەنی ئیسرائیل و باوەڕیان و پەرتووکەکانیان، لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. هەم  توانای و پایەی کۆمەڵایەتی بنی هاشم، لەناو هۆزە عەرەبەکانی دووڕگەی عەرەبی  بەرزڕابگرێ. کە ئەوەش خۆزگەی گشت لایەکیان بوو، بۆ بەردەوامی مەزنی هۆزی قورەیش، و بنەماڵەی بنی هاشم. بەتایبەتی خەونی یەهودیە نەسارێیەکان، بۆ گەشانەوەی ڕێبازە دینیەکەیان لە حیجاز. تا گەڕانەوە بۆ خاکی پەیمان [380]

[380]الحریري، أبو موسی،  قس و نبی  ص ٨٧

# محمد دینێکی نوێی دروستکردنەکرد

لێرە دەکرێ هەڵوێستەیەک لەسەر ئەو پرۆسەیە بکرێ کە بۆگرافینووسان هۆنیویانەتەوە. و پرسیارێک بورووژێندرێ:

- چۆن محمدزانی لە پێش ئەو وەحی هاتووە؟

- یا مامۆستایەکی پسپۆر و بلیمەت محمدی فێری ووردەکاری دین و مێژووی نەبیەکانی پێشترکرد. کە دواتر بە گیانی توورەی کۆمەڵایەتی و دینی، کۆمەڵی دوورگەی عەرەبی سەراوژێرکا. [381]

گریمانەی یەکەم ئەستەمە. چونکە محمد هیچ کام لەزمانەکانی عیبری و نە ئارامی نەزانیوە، تا ئەو شتانەی لە قورئان دا هاتوون سەبارەت بە داستانی نەبیەکانی تر. و هەواڵ و چیرۆک و ڕووداوەکانی ناو پەرتووکەکانی پێشتر، یاساکانی تەورات، پەند و ئەفسانەکان. و ڕێنماییەکانی ئینجیل لە ناو قورئان بۆ دینە نوێکەی تۆماربکا.

بەڵام گریمانەی دووەم، زۆر ڕێی تێدەچێ. محمد هەمیشە متمانەی بەردەوامی لەسەر کەسێک هەبوو، کە زانیاری پەرتووکەکانی پێشتری پێبوو. پرسیاری لێدەکرد، ڕەنمایی لێ وەردەگرت. ئەوەش لە قورئان بە ئاشکرا ئاماژەی پێکراوە. [382]

سورة الرعد ١٣: ٤٣

وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَسۡتَ مُرۡسَلٗاۚ قُلۡ كَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدَۢا بَيۡنِي وَبَيۡنَكُمۡ وَمَنۡ عِندَهُۥ عِلۡمُ ٱلۡكِتَٰبِ (٤٣)

---

381 الحداد، یوسف درة، قرآن دعوة نصرانية ص ١٢١

382 هەمان سەرچاوە ص ١٢٢

ئەوانەی بێ باوەڕن و پێت دەڵێن، تۆ پەیامبەرنی. تۆش پێیان بڵێ خودا و کەسێک کە زانستی پەرتووکی لەلایە، بۆ گەواهی نێوان من و ئێوە بەسە (٤٣)

ناوەرۆکی ئەم ئایەتە بە ڕوونی پێمان دەڵێ. ئەو کەسەی، لە نزیکی محمد بوو. هامووشۆی بەردەوامی لەگەڵ دابوو. سەرەڕای ئەوە مامۆستاشی بوو. بێجگە لە قەشە وەرەقە لە مەککە کەسی تر نییە. هەر ئەویش بەپێی ڕاڤەکار و مێژوونووسانی موسوڵمان ڕێنمایی دەکرد و فێری ئینجیل و تەوراتی دەکرد. ئەو گریمانەیە هیلاری بیلوچ پشتڕاستی دەکاتەوە، و دەڵێ:

ئیسلام وەک لاڕێ (گومڕا) دەستی پێکرد. پارێزگاری لە سیمای یەهودی بە باوەڕۆکێکی نوێ و یەکتاپەرستی و ڕەها دەکرد. کە بەگشت شێوەیەک کریستیانی بەرجەستەکردنی خودا و کریستی (یەسو) ڕەتدەکردەوە، و بە تەنیا مرۆڤی دادەنا. [383]

383 Hilaire Belloc, What kind of Religion is Islam

# تابلۆی پارێزراو لە دینی ئیسلام

کەسێک نییە زاراوەی تابلۆی پارێزراوی (لوح المحفوظ) بەر گوێ نەکەوتبێ. ئەوەی جێگای سەرنجە مێژوونووس و ڕاڤەکارانی موسوڵمان لەسەر ئەو تابلۆیە بە سەدان چیرۆکیان هۆنیوەتەوە. لێرەدا قسەی چەند ڕاڤەکارێکی موسوڵمان دەنووسینەوە.

طبری دەڵی ئەو تابلۆیە لە نێوچەوانی ئیسرافیل هەڵکۆڵراوە. کەچی إبن كثير لەوەش زیاتر دەڕوا. و دەڵێ: تابلۆیەکی لە مرواری سپیە، درێژی لە نێوان ئاسمان و زەویە. پانی لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە. چوارچێوەکەی مرواریە. ناوەوەی مرواری سوورە. پێنووسەکەی تیشکە و ووشەکانی پەیمانن بە تەخت...... هتد [384]

فتح الباري دەڵێ تابلۆی پارێزراو لە سەرووی تەختە (عرش) [385]

القرطبي دەڵێ تابلۆیەکە لە مرواری سوور، لەلای سەرەوەی تەخت (عرش) قایمکراوە [386].

مقاتل دەڵێ تابلۆی پارێزراو لەلای ڕاستی تەختە (عرش). [387]

سیوطی لە إبن عباس دەگێڕێتەوە: خودا تابلۆی پارێزراوی لە ماوەی سەد ساڵ دروستکرد. [388]

---

[384] إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي الدمشقي، البداية والنهاية. دار عالم الكتب. 2003م. ص26

[385] تفسير القرطبي ج19 ص298.

[386] فتح الباري شرح صحيح البخاري لأبي الفضل العسقلاني ج 13 ص 526

[387] تفسير القرطبي ج19 ص298

[388] كتاب الدر المنثور للسيوطي ج6 ص74

ئەوە بەگشتی لێکدانەوەی ڕاڤەکار و مێژوونووسانی موسوڵمانە. کە خۆشیان نەدەزانن باسی چیدەکەن. نە لەسەر ئەوە هاوڕان تابلۆی پارێزراو چیە، و لە کۆیە. لەلایەکیتر لەناو دەقەکانی قورئان ڕاستەوخۆ جارێک ناوی (لوح المحفوظ البرج ٢٢) هاتووە، جارێکیش بە (کتاب مکنون الواقعة ٧٨) هاتووە، کە دەبێ سەرچاوەی هەڵێنجانی ئایەتەکانی قورئان بن.

سەرەڕای ئەوە چەندین ئایەتی تر هەن ،کە بە خوێندنەوەیان بۆمان دەردەکەوێ، مەبەستیان هەمان ئەو تابلۆیەیە، کە وەک سەرچاوە ئایەتەکانی قورئانی لێ وەرگیراون. و بەردەوامیش قورئان ستایشی ئەو سەرچاوەیە دەکا. و وەک سەرچاوەیەکی بەنرخ ناوی دێنێ. بەپێی لێکدانەوەی موسوڵمانان، ئەو تابلۆیە دەبێ گشت زانیارییەکانی لەسەر چارەنووسی مرۆڤ و سرووشت و گەردوون بە گشتی تێدابێ.

سورة البرج ٨٥: ٢١ – ٢٢

بَلۡ هُوَ قُرۡءَانٞ مَّجِيدٞ (٢١) فِي لَوۡحٖ مَّحۡفُوظِۭ (٢٢)

ئەو قورئانە شکۆدارە (٢١) لە تابلۆ پارێزراوە (٢٢)

سورة الواقعة ٥٦: ٧٧ – ٧٨

إِنَّهُۥ لَقُرۡءَانٞ كَرِيمٞ (٧٨) فِي كِتَٰبٖ مَّكۡنُونٖ (٧٨)

ئەوە قورئانێکی بەڕێزە (٧٧) لە پەرتووکێکی شاراوەدایە (٧٨)

لە قورئان تەنیا ناوی دێنێ و وەک سەرچاوەیەکی قورئان باسی دەکا. بۆیە بۆمان دەردەکەوێ مێژوونووس و ڕاڤەکارانی موسوڵمان ئەو لێکدانەوانەیان بە ئارەزووی خۆیان کردووە. هیچ بنەڕەتێکی لۆژیکی یان زانستی تێدانییە.

بەڵام ئەگەر بە چاوێکی وورد و ڕەخنەگرانە، بەناو مێژووی دینە ئیبراهیمیەکاندا شۆڕببینەوە. بە ئاسانی هەست بە دووبارە بوونەوەی دەقەکانی پەرتووکە پیرۆزەکانیان دەکەین. ئەو دووبارە بوونەوەیەش، هەمیشە دەقاودەق نییە. بەڵکوو بەشێوەی گوزارە و دەردەبڕینی ئازادانە بووە. و بە ئارەزووی خۆیان شتیان لێ گۆڕیووە، یان لەسەریان زیادکردووە. ئەو شێوە وەرگێڕانە، لە بواری مێژووییەوە پێ دەگوترێ (تەرگوم. کۆی: تەرگومیم) Targum: Targumim. [389]

دەستپێکردنی تەرگوم لە نێوان زمانی عیبری و ئارامی، لە ساڵی ٥٩٧ پ.س.ب ئەو کاتەی کلدانیەکان، یەهودییەکانیان لە خاکی خۆیان بە کۆیلەیی هێنانە بابل. و دواتر لە ساڵی ٥٨٧ پ.س.ب جارێکیتر هێرشیان کردەوە سەر ئۆرشەلیم و داگیرکردەوە. پەرستگایان ڕووخاند و سەرجەمی شاریان سوتاند.

دواتر یەهودیەکان لە بابل، لە دیلی دەژیان. و هەنگاو بە هەنگاو خەریکی کاری ڕۆژانەبوون. بە هۆی هەڵومەرجی کۆمەڵایەتی و جوگرافی. لەناو یەهودیەکان لەسەرخۆ، زمانی ئارامی جێگای عیبری دەگرتەوە. منداڵەکانیان لە جیاتی عیبری فێری ئارامی دەبوون.

لە بابل نە پەرستگایەک و نە پەرتووکێکی پیرۆز هەبوو. بۆیە ماڵێکیان دروستکرد، بە ناوی ماڵی کۆبوونەوە. کە بۆ پەرستن تێیدا کۆدەبوونەوە. لە پاڵ ئەوەش پێشڕەوانی دین خەریکی ئامادەکردنی دەقە پیرۆزەکانی یەهودی بە زمانی ئارامی بوون. شێوەی ئامادەکردنەکە ناوی لێنرا تەرگوم. واتە وەرگێڕانی دەقێک بە شێوەی ڕوونکردنەوە. کە زۆربەی جار وەرگێڕ، بۆ

---

[389] Philip S. Alexander, (1992) "Targum, Targumim," in The Anchor Bible Dictionary, ed. David Noel Freedman (New York: Doubleday), 6:320–31

گونجاندنی دەقەکە لەگەڵ زمان و کولتووری زمانە نوێکە، خۆی شت لە دەقەکە دەگۆڕی یان لێی زیاد دەکرد.[390]

لە سەرەتادا ئەو دەقە (تەرگوم)انە لەلایەن پێشڕەوانی دین دانیان پێدا نەدەنرا. بەڵکوو تەنیا وەک ئەدەبی دینی گەلێری چاولێدەکران. بەڵام دوایی بۆ دەقەکانی دەرەوەی تەورات وەک پەرتووکەکانی نەبیەکان و تێکستەکان پەسندکران.

ئەو دەقانە بەگشتی لە پەرتووکێک کۆکرانەوە، بە ناوی تەوراتی ئارامی. و لە ناوچەکانی شام، کە زمانی فەرمی ئارامی بوو. پارێزگاری لێدەکرا. کە دواتر لە کەنیسەی گەورەی ئەنتاکیا پارێزرا. و یەهودیە نەسارِیەکان وەک سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو، بەردەوام بۆ دەگەڕانەوە. هەرچەندە ئەو تەوراتە بەهۆی وەرگێڕانی بەشێوەی تەرگوم، و گونجاندنی لەگەڵ مەبەستی سیاسی و جوگرافی، جیاوازی لەگەڵ تەوراتی عیبری هەبوو. کەچی یەهودیە نەسارِیەکان، چەندین چیرۆک و ئەفسانەیان لەو تەوراتە ئارامیە وەرگرتوون. هەر ئەوەش وایکردووە چیرۆکی نەبیەکان و ئەفسانەکانی کۆن لەگەڵ چیرۆک و ئەفسانەکانی تەوراتی عیبری ناکۆک بن. ئەوەش سەرچاوەی ئەو تاوانانەیە، کە قەشە و رەبەنەکانی یەهودی نەسارِی تەوراتی عیبری پێ تاوانباردەکەن. کە گوایە گۆڕانیان لە دەقەکانی تەورات داکردووە. دوای ئەوەی دینی یەهودی نەسارِی گۆڕا بۆ ئیسلام، بە هەمان شێوە ڕێبەرانی موسوڵمان، لەسەر ئەو تاوانبارکردنە هەر بەردەوام بوون. وەک میراتێک هەمان شتیان دووبارە دەکردەوە.

[390] آل عیسی، د. محمد. تاریخ الإسلام المبکر ص ٦٩

له قورئاندا له چەندین ئایەت دان بەوە دادەنێ کە تەورات پەرتووکێکی مەزنە و پێشڕەوە بۆ قورئان.

سورة هود ١١: ١٧

أَفَمَن كَانَ عَلَىٰ بَيِّنَةٖ مِّن رَّبِّهِۦ وَيَتۡلُوهُ شَاهِدٞ مِّنۡهُ وَمِن قَبۡلِهِۦ كِتَٰبُ مُوسَىٰٓ إِمَامٗا وَرَحۡمَةًۚ أُوْلَٰٓئِكَ يُؤۡمِنُونَ بِهِۦۚ وَمَن يَكۡفُرۡ بِهِۦ مِنَ ٱلۡأَحۡزَابِ فَٱلنَّارُ مَوۡعِدُهُۥۚ فَلَا تَكُ فِي مِرۡيَةٖ مِّنۡهُۚ إِنَّهُ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكَ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤۡمِنُونَ (١٧)

ئاخۆ کەسێک لە پەروەردگاری خۆیەوە بەڵگەی ڕوونی پێدراوە، و گەواهێکیش لەلایەن خوداوە بەشوێنیا هاتووە. و پەرتووکی موساش بەرلەوە، پێشڕەو (إماما) و جێی بەزەیی بوو باسی دەکا. بۆ ئەوانەن باوەڕی پێدێنن. و هەرکەسیش لەو کۆمەڵانە نکۆڵی لێبکا، جێگای ئاگرە، سا تۆ لێ بەگومان مەبە. ئەوە ڕاستە و لە پەروەردگارتەوەیە. کەچی زۆربەی ئەو خەڵکە باوەڕ ناکەن. (١٧)

سەرنج بدە چۆن قورئان، پەرتووکی موسا بە پێشڕەو (إماما) ناودەبا، ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی قورئان، تەوراتی بە چاوساخ و پێشڕەوی خۆی دەزانێ. سەرەڕای ئەوە، بە دەیان چیرۆک و ئەفسانەی کۆن لەسەر نەبی و پیرۆزییەکانی دینی یەهودی لە قورئان دووبارە بوونەتەوە. کە لە زۆربەیان لادانێک یان یان لەگەڵ تەوراتی عیبری هەیە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەرگومەی بۆ چیرۆکەکە کراوە. بۆ نموونە لە چیرۆکی سلێمان و شاژنی سەبا. گێڕانەوەی قورئان، جیاوازە لەگەڵ تەورات. لە جیاتی ئەوە نووسەری قورئان لە تەرگومی دووەمی پەرتووکی ئێستەر چیرۆکەکەی وەرگرتووە. سەرەڕای نووسەری قورئان، هەندێک ووردەکاری ناو تەرگومی دووەمی ئەستیری گۆڕیووە.

سورة المائدة ٥: ٤٣

وَكَيْفَ يُحَكِّمُونَكَ وَعِندَهُمُ ٱلتَّوْرَىٰةُ فِيهَا حُكْمُ ٱللَّهِ ثُمَّ يَتَوَلَّوْنَ مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَۚ وَمَآ أُوْلَـٰٓئِكَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ (٤٣)

جا چۆن ئەوانە دێنەلات، کە بە کێشەیان ڕابگەی. لە کاتێکدا تەوراتیان هەیە، کە فەرمانی خودای تێدان. کەچی دوای ئەوەش لە پێڕاگەیشتنەکەی تۆ خۆ دەبوێرن. خۆ ئەوانە بە باوەڕدارنین (٤٣)

لەو ئایەتە نووسەری قورئان بە ئاشکرا گەروەیی تەورات و پیرۆزی لەسەر قورئان دەردەبڕێ. ئەگەر باوەڕ بە تەورات نەکەن چۆن باوەڕ بە قورئان دەکەن.

سورة المائدة ٥: ٤٨

وَلْيَحْكُمْ أَهْلُ ٱلْإِنجِيلِ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فِيهِۚ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَـٰسِقُونَ (٤٧)

دەبا خەڵکانی ئینجیلیان لەلایە، بەپێی ناوەڕۆکی کە خودا ناردوویەتە خوار فەرمان بدەن. ئەو کەسانەی لەو فەرمانانەی خودا ناردوویەتیە خوار لابدەن، دیارە ئەوانە لە سەرپێچیکەرانن (٤٧)

لێرەدا نووسەر تەنیا بە تەورات ناوەستێ بەڵکوو ئینجیلی عیبرانیش کە یەهودیە نەساڕیەکان بەکاریان دێنا. وەک پەرتووکێکی مەزن و سەرچاوەیەکی پیرۆز دەبینێ. تێبینی: لێرەدا ناوی تەنیا یەک ئینجیل دێنێ، ئەگەر مەبەستی ئینجیلەکانی قانوونی کریستیانی با ئەوە دەبوایە بە کۆ ناوی بردبان.

به کورتی تابلۆی پارێزراو لە ئاسمان نییە و لە مرواری و دوڕ و گەوهەریش نییە. بەڵکوو تەوراتی تەرگومی ئارامییە لە کەنیسەی گەورەی ئەنتاکیا، کە سورەت و ئایەتەکانی قورئانی لێ کۆپیکراون.

## تابلۆی پارێزراو لە قورئان

لە گشت دینەکان بە شێوەیەک دەبێ تۆمارێکی خودایی هەبێ کە مرۆڤ لە ڕۆژی دوایی، بخاتە بەردەم لێپرسینەوە. بەڵام جیاوازی لە ناو شێوە و ناوەرۆکی هەریەکیان لە گەڵ ئەویتر دا هەبووە. لەو باسەدا باسی سێ تابلۆ دەکەین: تابلۆی چارەنووسی سۆمەر، تابلۆی ژیان لە یەهودی و کریستیانی و لە کۆتاییش تابلۆی چارەنووس لە قورئاندا.

تابلۆی چارەنووسەکان

تابلۆی چارەنووسەکان (Tablet of Destinies) لەگەڵ سامان و تاج و تەختەکەی، یەکێک بوو لەو شتانەی کە خاوەندارێتییەکەی گەرەنتی دەدایە ئێنلیل، کە خاوەنی پێگەی باڵایە، لە فەرمانڕەوایەتی گەردوون. و کۆنترۆڵکەری کاروباری مرۆڤ و خوداوەندەکان، لە تابلۆی چارەنووسەکان، لە نووسینی میخیی پێشبینی دەکرا، هەروەها بە مۆری بلووری مۆرکراوە، بە واتایەکی تر وەک بەڵگەنامەیەکی یاسایی نەگۆڕ یان پەیماننامەیەکی ڕێگەپێدراو .خودا بەم شێوەیە باس دەکرێ کە بە دەستیەوە گرتووە یان

به مەمکیەوە (سنگیەوە) گرتووە. تابلۆکە گەرەنتی دەسەڵاتی دیاریکردنی چارەنووسی جیهان بۆ هەڵگرەکەی مسۆگەر دەکا. [391]

بەپێی ئەو ڕوونکردنەوەی سەرەوە، تابلۆی چارەنووسەکان لە ئەفسانەکانی شارستانی سۆمەری، بریتیە لە دۆکومێنتێک کە گەرەنتی دەستەلات دەداتە خودای (ئێنلیل). ڕەوایی و توانای لەسەر چارەنووسی جیهاندەداتێ. ئەو تابلۆیە دۆکۆمێنتی دەستەڵاتە، لە دەستی هەرکەس بێ ئەو کەسە دەستەڵاتی بەسەر جیهان دا هەیە.

چیرۆکی خودای نینۆرتا و کیسەڵ

ئەفسانەی نینورتا و کیسەڵ، ئەو دەقە کە لە هەڵکۆڵینەکانی (ئور)دا دۆزرایەوە، کە پێکهاتووە لە یەک تابلۆ، شەست دێڕی تێدایە. و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی گواستنەوەی نێوان هەزارەی سێیەم و دووەم.

دەقی ئەفسانەی سۆمەری، سەبارەت بە دزینی تابلۆی چارەنووسەکان، لەلایەن باڵندەی ئەنزووەوە .لێرەدا ئێنکی، خودای ئاوە شیرینەکان و جادوو و لێزانی (حکمة)، گاڵتە بە نینورتا دەکات، و وانەیەک سەبارەت بە خۆبەزلزانی فێر دەکا. بۆ ئەوەش یارمەتی کیسەڵێک وەردەگرێ.
پرۆسەی چیرۆکەکە بەم شێوەیە: دوای ئەوەی ئەنزو تابلۆی چارەنووسەکانی دزی، و لەگەڵ خۆی بردی و فڕی. نینورتا هێرشی کردە سەر ئەنزۆی باڵندە. و وای لێکرد تابلۆکە

[391] Black Jeremy and Green Anthony (2004) En Illustrated Dictionary. Gods, Demons and symbols of Ancient Mesopotamia. The Brittish Museum Press. Pp. 173

بخاته ناو ئاپسۆ، ئاوە شیرینەکانی ژێرزەمین، ناوچەی دەستەڵاتی ئێنکی. ئینکی دڵخۆش بوو و ستایشی نینورتای کرد. وەک بەزێنەرێکی گەورەی ئەنزو. و گوتی کە بۆ هەمیشە ڕێز لە ناوەکەی دەگیرێت. بەڵام نینورتا بەوەندە ڕازی نەبوو. ئەو تابلۆکەی بۆ خۆی دەویست، بۆیە دەستی کرد بە پیلانگێڕی دژی ئێنکی. ئینکی یەکسەر پێشبینی کرد، کە چی لە دڵی نینورتادا هەیە. وەک هۆشدارییەک شەپۆلی ئەپسۆی جووڵاند. و وەزیرەکەی ئیسیمۆدی نارد بۆ بینینی نینورتا. بەڵام خۆبەزلزانی نینورتا ئەوەندە گەورە بوو، کە بوێری ئەوەی هەبوو دەستی لە دژی ئیسیمود بەرز بکاتەوە.

ئێنکی بە تووڕەییەوە، هەندێک گڵی لە ئەپسۆکە لە قالب دا. بۆ ئەوەی کیسەڵێک دروست بکا. و ژیانی پێبەخشی و خستیەکار و بە نینۆکە بەهێزەکانی چاڵێکی قووڵی لێدا. کاتێک نینورتا بەردەوام بوو لە هەڕەشەکردن، بۆ سەر ئێنکی، ئینکی وردە وردە پاشەکشەی بەرەو تەڵەکە کرد. لەناکاو کیسەڵەکە لە پشتیەوە هاتە دەرەوە و دەستی بەسەر نینورتادا گرت، لەو کاتە ئێنکی پاڵێکی بۆ ناو چاڵەکە پێوەنا. نینورتا نەیتوانی لە چاڵەکە سەرکەوێتە دەرەوە. ئێنکی لە لێواری چاڵەکەدا وەستا، و سەیری خوارەوەی کرد. و بینی نینورتا، زۆرلە قووڵایی دایە. لەویَ لەناو چاڵەکە هێشتا لە چنگی کیسەڵەکە دابوو. . ئێنکی بەدەنگی بەرز گاڵتەی پێکرد، و گوتی: تۆ پلانت دانابوو بمکوژیت. تۆ بە خەیاڵە گەورەکانت! شاخەکانت ڕام کردووە. و ئێستا تەنانەت ناتوانیت لە چاڵێک سەرکەوی، کە کیسەڵێک هەڵیکەندووە! تۆ چ پاڵەوانێکی؟

بەڵام کێ بەلایدا تێدەپەڕی، نینهورساگ بوو، خۆشەویستەکەی ئێنکی. بەڕاکردن هات و بینی هاوسەرەکەی خودای گەنج ئازار دەدات...کوڕەکەیان؟؟؟ خودا گەورەکە یەکسەر وەستا، بۆ ئەوەی سەرزەنشتی ئێنکی بکا. و ئەوکاتەی بیرخستەوە کە لە دیلمون ژیانی ڕزگار کرد، کاتێک ئێنکی ئارەزووهەڵسا، و ڕووەکە قەدەغەکراوەکانی خوارد کە وای لێکرد، تووشی نەخۆشیەکی کوشندە بێ. دیسانەوە وەک زۆر جاریتری ڕابردوو، نینهورساگ دوا قسەی

خۆی بە ئێنکی گوت. و ئەوەش قسەی خودای مەزنە، کە سەرپێچی ناکرێت: من ڕزگارم کرد، ئێستا کوڕەکەت ڕزگار بکە![392]

پەرتووکی ژیان لە پەیمانی نوێدا

پەرتووکی ژیان لە مێژووی دینی کریستیانی تەنیا لە پەرتووکی بینینی یۆهانس هاتووە. و باسی ئەوە دەکا ئەو پەرتووکە کردەوەی پیاو چاکانی تێدا تۆمار دەکرێ. لە ڕۆژی پەسڵان، هەر کەس ناوی لەو پەرتووکە دانەبێ، دەچێتە دۆزەخ. ئەوەش دیار دەدا کە لەو پەرتووکە کاری خراپەکاری تۆمار ناکرێ. بەڵام هەر ناوێک لەو پەرتووکە نەبێ خراپەکارە.

پەیمانی نوێ - بینینی یۆهانیس ٢: ١١ - ١٥

لێپرسینەوە لە مردووان

(١١) پاشان تەختێکی گەورەی سپیم بینی و ئەوەی لەسەری دانیشتبوو. ئاسمان و زەوی لەبەر ڕووی هەڵاتبوون، شوێنی دیکەیان بۆ خۆیان نەدۆزییەوە .(١٢) مردووەکانم بینی بە گەورە و بچووکەوە، لەبەردەم تەختەکەدا ڕاوەستابوون و پەڕتووکەکان کرانەوە. پەڕتووکێکی دیکەش کە پەڕتووکی ژیانە کرابووەوە. مردووەکان بەگوێرەی کردەوەکانیان، کە لە پەڕتووکەکان نووسراوە بڕیاریان لەسەر دەدرا. (١٣) دەریاش مردووەکانی

[392] The Electronic Text Corpus of Sumerian Literatur, NINURTA AND THE TURTLE OR: NINURTA AND ENKI

ناوخۆی ڕادەست کرد. هەروەها مردن و جیهانی مردووان مردووەکانی خۆیان دایە دەست. و هەریەکە و بەگوێرەی کردەوەکانی بڕیاری لەسەر دەدرا .(١٤) مردن و جیهانی مردووان فڕێدرانە دەریاچە ئاگرەکە. ئەم دەریاچە ئاگرە مردنی دووەمە (١٥) هەرکەسێک ناوی لە پەڕتووکی ژیاندا تۆمار نەکرابوو، فڕێدرایە دەریاچە ئاگرەکە.

پەرتووکی ژیان وەک دیارە شتێکی پێشوەختە نییە، بەڵکوو چارەنووسی مرۆڤ، بە چاکە و خراپەی کردەوەکانی، لە ژیاندا بەستراوەتەوە. تۆمارەکانی هاوکاتی ژیانییەتی. بەپێی یاساکانی موسا، هەڵدەسەنگێندرێن، و دەبنە بنەما بۆ ئەوەی مرۆڤ ناوی لە پەرتووکی ژیاندا هەبێ یان نا!! هەرکەسێک لە ڕۆژی لێپرسیەنەوە ناوی لەو پەرتووکە هەبێ ئەوا دەربازی دەبێ. بەپێی ئەو ڕوونکردنەوەیە، خودا چارەنووسی مرۆڤی پێشوخت تۆمار نەکردووە. بەڵکوو یاسای بۆ داناون. و بەپێی ئەو یاسایە چاکە و خراپەیان تۆماردەکرێ.

# تێکەڵکردنی گوێرەکەی زێڕین و سامەری

له سورەتی طه له ئایەتی ٨٥  تا ٩٥ نووسەری قورئان چیرۆکێک دەگێڕێتەوە، که گوایه سامیریەکان بەنی ئیسرائیلیان گومڕا کردووە. ڕاستی ئەو چیرۆکه له پەیمانی نوێ – کردەوەی نێردەکان داهاتووە، و باسی مزگێنی دەری سامیری دەکا. کەچی نووسەری قورئان، لەگەڵ چیرۆکی گوێرەکەی زێڕینی، بەنی ئیسرائیل تێکەڵیکردووە.

لەو چیرۆکەدا له نێوان گوێرەکەی زێڕین لەسەردەمی موسا و سامریەکان دەیسەلمێنێ که نووسەری قورئان چیرۆکەکان، به تێکەڵاوی وەردەگرێ. تەنانەت مێژووی سەردەمەکان و کەسایەتیەکانیش تێکەڵ دەکا.

سورة طه ٢٠: ٨٥ – ٩٥

قَالَ فَإِنَّا قَدْ فَتَنَّا قَوْمَكَ مِنْ بَعْدِكَ وَأَضَلَّهُمُ ٱلسَّامِرِيُّ (٨٥) فَرَجَعَ مُوسَىٰٓ إِلَىٰ قَوْمِهِۦ غَضْبَٰنَ أَسِفًاۚ قَالَ يَٰقَوْمِ أَلَمْ يَعِدْكُمْ رَبُّكُمْ وَعْدًا حَسَنًاۚ أَفَطَالَ عَلَيْكُمُ ٱلْعَهْدُ أَمْ أَرَدتُّمْ أَن يَحِلَّ عَلَيْكُمْ غَضَبٌ مِّن رَّبِّكُمْ فَأَخْلَفْتُم مَّوْعِدِي (٨٦) قَالُواْ مَآ أَخْلَفْنَا مَوْعِدَكَ بِمَلْكِنَا وَلَٰكِنَّا حُمِّلْنَآ أَوْزَارًا مِّن زِينَةِ ٱلْقَوْمِ فَقَذَفْنَٰهَا فَكَذَٰلِكَ أَلْقَى ٱلسَّامِرِيُّ (٨٧) فَأَخْرَجَ لَهُمْ عِجْلًا جَسَدًا لَّهُۥ خُوَارٌ فَقَالُواْ هَٰذَآ إِلَٰهُكُمْ وَإِلَٰهُ مُوسَىٰ فَنَسِيَ (٨٨) أَفَلَا يَرَوْنَ أَلَّا يَرْجِعُ إِلَيْهِمْ قَوْلًا وَلَا يَمْلِكُ لَهُمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا (٨٩) وَلَقَدْ قَالَ لَهُمْ هَٰرُونُ مِن قَبْلُ يَٰقَوْمِ إِنَّمَا فُتِنتُم بِهِۦۖ وَإِنَّ رَبَّكُمُ ٱلرَّحْمَٰنُ فَٱتَّبِعُونِي وَأَطِيعُوٓاْ أَمْرِي (٩٠) قَالُواْ لَن نَّبْرَحَ عَلَيْهِ عَٰكِفِينَ حَتَّىٰ يَرْجِعَ إِلَيْنَا مُوسَىٰ (٩١) قَالَ يَٰهَٰرُونُ مَا مَنَعَكَ إِذْ رَأَيْتَهُمْ ضَلُّوٓاْ (٩٢) أَلَّا تَتَّبِعَنِۖ أَفَعَصَيْتَ أَمْرِي (٩٣) قَالَ يَبْنَؤُمَّ لَا تَأْخُذْ بِلِحْيَتِي وَلَا بِرَأْسِيٓۖ إِنِّي خَشِيتُ أَن تَقُولَ فَرَّقْتَ بَيْنَ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ وَلَمْ تَرْقُبْ قَوْلِي (٩٤) قَالَ فَمَا خَطْبُكَ يَٰسَٰمِرِيُّ (٩٥)

گوتی: پاش تۆ ئێمە هۆزەکەتمان تووشی ئاژاوە کرد، سامیری گومڕای کردن (٨٥) ئەوسا موسا بە تووڕەیی و پەشۆکاوی، هاتەوە ناو هۆزەکەی. گوتی: گەلۆ! ئاخۆ پەروەردگاری ئێوە! ئەی خوداکەم بەڵێنێکی باشی پێتان نەدا؟ یان پەیمانەکە زۆری بەسەردا تێپەڕی؟ یا ویستتان بەر تووڕەیی پەروەردگارتان بکەون؟ وا پەیمانی منتان شکاند؟ (٨٦) گوتیان ئێمە بە خۆشی خۆمان پەیمانی تۆمان پێشێل نەشکاند، چەند بار خشڵی هۆزەکەیان، لە کۆڵ نابووین، ئەوەبوو فڕێماندا، هەروەها سامیریش فڕێیاندا. (٨٧) جا لاشەی گوێرەکەیەکی بۆ دەرهێنان کە دەیبۆڕاند، جا گوتیان ئەوە خودای ئێوەیە و خودای موساشە، جا موسا ئەوەی لەبیرچوو. (٨٨) ئاخۆ ئەوانە نابینن، نە وەڵامێکیان دەداتەوە. و نە دەستەڵاتێکی هەیە. نە زیانیان پێدەگەیێنێ و نە سوود. (٨٩) هارونیش پێشتر پێی گوتبوون، گەلۆ، ئێوە بەو گوێرەکەیە تاقیکراونەتەوە، پەروەردگارتان دەهێندەی ڕۆزیتانە، دەورن، وەدوای من کەون و ملکەچی فە رمانەکانی من بن (٩٠) گوتیان هەرگیز لای نارۆین، تاکو موسا دەگەڕێتەوە لامان. (٩١) گوتی: ئەی هارون چی ڕێگای لێ گرتی کە ئەوانت بینی گومڕابوون. (٩٢) شوێنم کەوی؟ ئاخۆ تۆش، لە فەرمانی من سەرپێچیت کرد ؟ (٩٣) گو تی ئەی کوڕی دایکم، ڕیشم بەردە و قژم مەگرە، من لەوە ترسام کە بڵێی، تۆ دووبەرەکیت خستە نێوان من و بەنی ئیسرائیل، و لەسەر قسەی من ڕانەوەستای. (٩٤) گوتی: سامری ئەو کارە چیبوو کردت؟ (٩٥)

کاتی محمد ئەو شتانەی دەربارەی سامیریەکان نووسی. بە دڵنیاییەوە بیری لە سایمۆنی جادووکەری سامیری دەکردەوە، ئەوەش لە پەیمانی نوی کردەوەی نێردەکان دا هاتووە.

سایمۆن خەڵکی شاری سامیرەی بە جادووەکانی لە خشتە دەبرد. بەراوردێک لە نێوان سەرزەنشتی موسا بۆ سامیریەکان . و سەرزەنشتی پەترۆس لە کردەوەی نێردەکان. محمد دەیەویست سامیریەکان لە پەرتووکی کردەوەی نێردەکان بەکار بێنێ. بەڵام بیخاتە سەردەمی موسا، کە ماوەی نێوان ئەو دوو ڕووداوە ١٥٠٠ ساڵ بووە.

پەیمانی کۆن - دەرچوون ٣٢: ١ - ٣٥

چیرۆکی گوێرەکەی زێڕین

(١) کاتێک گەل بینی موسا لە هاتنەخوارەوە لە کێو دواکەوت، لە دەوری هارون کۆبوونەوە و پێیان گوت: وەرە! چەند خودایەکمان بۆ دروستکە لەپێشمانەوە بڕۆن، چونکە ئەم موسایە، ئەو پیاوەی ئێمەی لە خاکی میسرەوە دەرهێنا نازانین چی لێهات.

(٢) هارونیش وەڵامی دانەوە: ئەو گوارە زێڕانەی لە گوێی ژن و کوڕ و کچەکانتانە لێی بکەنەوە، و بۆ منی بێنن (٣) . جا هەموو گەل ئەو گوارانەی لە گوێیان بوون لێیان کردنەوە و بۆ هارونیان هێنان (٤) ئەویش لە دەستیانی وەرگرت و بە قاڵب شێوەی گوێرەکەیەکی دارشت و بە قەڵەم و چەکوش ڕێکیخست، ئینجا گوتیان: ئەی ئیسرائیل، ئەمە خوداکەمانە، ئەوەی ئێمەی لە خاکی میسرەوە دەرهێنا.

(٥) کاتێک هارون ئەمەی بینی، قوربانگایەکی لەپێش گوێرەکەکە دروستکرد، بانگەوازی دا و گوتی: بەیانی جەژنە بۆ خودا. (٦) ئینجا بەیانی زوو هەڵسان و قوربانی سووتاندنیان سەرخست و قوربانی هاوبەشییان پێشکەش کرد، ئەوسا گەل بۆ خواردن و خواردنەوە دانیشتن، پاشان دەستیانکرد ڕابواردن.

(٧) جا خودا بە موسای فەرموو: بڕۆ خوارەوە، چونکە گەلەکەت گەندەڵ بوو، ئەوەی لە خاکی میسرەوە هێناتە دەرەوە (٨) زوو لایاندا لەو ڕێگایەی کە

فەرمانم پێکردن، کۆتەڵی گوێرەکەیەکیان بۆ خۆیان دروستکردووە و کڕنۆشی بۆ دەبەن. و قوربانی بۆ سەر دەبڕن، دەڵێن: ئەی ئیسرائیل، ئەوە خوداوکەمانە، ئەوەی ئێمەی لە خاکی میسرەوە دەرهێنا.

(٩) هەروەها خودا بە موسای فەرموو: تەماشای ئەو گەلەم کرد، ئەوان گەلێکی کەلەڕەقن .(١٠) ئێستاش لێمگەڕێ با تووڕەییم بەسەریاندا بێتە جۆش و کۆتاییان پێ بێنم، تۆش دەکەمە گەلێکی مەزن.

(١١) بەڵام موسا لە خودای پەروەردگاری خۆی پاڕایەوە، گوتی: خودایە، بۆچی تووڕەییت بەسەر گەلەکەتدا دێتە جۆش، کە لە خاکی میسرەوە بە توانایەکی مەزن و دەستێکی بەهێزەوە دەرتهێنا؟ (١٢) بۆچی میسرییەکان بڵێن: بە نیازخراپی دەریهێنان هەتا لە کێوەکان بیانکوژێ و لەسەر ڕووی زەوی نەیانهێڵێ؟ جۆشی تووڕەییت دابمرکێنەوە و ئەو سزایە ڕەت بکەرەوە کە فەرمووت، بەسەر گەلەکەتدا دەیسەپێنی. (١٣) ئیبراهیم و ئیسحاق و ئیسرائیلی خزمەتکارانت بەبیر بێتەوە، کە بە گیانی خۆت سوێندت بۆیان خوارد و پێت فەرموون، نەوەکانتان زۆر دەکەم وەک ئەستێرەکانی ئاسمان و هەموو ئەم خاکەش کە باسم کرد، دەیدەمە نەوەکانتان و دەبێتە موڵکیان بۆ هەتاهەتایە. (١٤) ئینجا خودا پاشگەز بووەوە لەو کارەساتەی فەرمووی، کە ویستی بە گەلەکەی بکات. (١٥) موسا ڕووی وەرگێڕا و لە کێوەکە هاتە خوارەوە، دوو تەختەکەی پەیمانیشی لە دەست بوو، ئەو تەختانەی لە هەردوو ڕووەکەی نووسرابوون، لەم لاو لەو لاوە نووسرابوون (١٦) تەختەکان دەستکردی خودان و نووسینەکەش نووسینی خودایە لەسەر تەختەکان نەخشێنراوە.

(١٧) کاتێک یەشو گوێی لە دەنگی گەل بوو کە هاواریان دەکرد، بە موسای گوت: دەنگی جەنگە لە ئۆردوگا!

(١٨) ئەویش گوتی :نە دەنگی هاواری سەرکەوتنە، و نە دەنگی هاواری دۆڕاندنە، بەڵکو دەنگی گۆرانییە، ئەوەی گوێم لێیە.

(١٩) ئەوە بوو کاتێک لە ئۆردوگاکە نزیک کەوتەوە، چاوی بە گوێرەکە و سەما کەوت، تووڕەیی موسا جۆشا و هەردوو تەختەکەی لە دەستیەوە فڕێدا و لە خوار کێوەکە شکاندنی .(٢٠) هەروەها ئەو گوێرەکەیەی دروستیان کردبوو بردی و سووتاندی، هاڕی هەتا بووە تۆز، بەسەر ئاوەکەدا بەبای کرد و ئاوەکەی بە نەوەی ئیسرائیل خواردەوە.

(٢١) موسا بە هارونی گوت: ئەم گەلە چییان لێکردووی، هەتا ئەو گوناهە گەورەیەیان بەسەربهێنی؟

(٢٢) هارونیش گوتی: با تووڕەیی گەورەم نەجۆشێ، خۆت دەزانی چۆن دڵی ئەو گەلە مەیلی خراپەکاری هەیە .(٢٣) پێیان گوتم: چەند خودایەکمان بۆ دروستکە لەپێشمانەوە بڕۆن، چونکە ئەو موسایە، ئەو پیاوەی ئێمەی لە خاکی میسرەوە دەرهێنا، نازانین چی لێهات. (٢٤) منیش پێم گوتن: کێ زێڕی پێوەیە با لێی بکاتەوە و بمداتێ. ئینجا فڕێمدایە ناو ئاگر و ئەم گوێرەکەیەی لێ دەرچوو!

(٢٥) موسا بینی گەل بەرەڵا کراوە، چونکە هارون بەرەڵای کردبوون، هەتا ببنە گاڵتەجاڕ لەناو بەرهەڵستکارانیان .(٢٦) ئینجا موسا لە دەروازەی ئۆردوگاکە وەستا و گوتی: کێ بۆ خودایە با بێتە لام. ئیتر هەموو نەوەی لێڤی لێی کۆبوونەوە.

(٢٧) ئەویش پێی گوتن: خودای پەروەردگاری ئیسرائیل ئەوە دەفەرموێ: با هەریەکە شمشێرەکەی لە لاڕانییەوە ببەستێ، دەروازە بە دەروازە بە ئۆردوگاکەدا تێبپەڕن و بگەڕێنەوە، با هەریەکە بکوژێ، جا برای بێت یان هاوڕێ یان دراوسێ .(٢٨) نەوەی لێڤیش بەم جۆرەیان کرد، هەروەک موسا گوتی، ئەو ڕۆژە نزیکەی سێ هەزار پیاو لە گەل کەوتن .(٢٩) موسا گوتی:

ئەمڕۆ ئێوە بۆ خودا تەرخان کراون، لەبەر ئەوەی ئێوە لە دژی کوڕ و براکانتان بوون، ئیتر ئەمڕۆ بڕشتی پێ بەخشین.

(٣٠) ئەوە بوو بۆ بەیانی موسا بە گەلی گوت: ئێوە گوناهێکی گەورەتان کردووە، بەڵام ئێستا سەردەکەوم بۆ لای خودا، بەڵکو داوای لێبکەم لە گوناهەکەتان خۆشبێ.

(٣١) ئیتر موسا گەڕایەوە لای خودا و گوتی: ئای کە ئەو گەلە گوناهێکی گەورەی کرد و خودای زێڕینیان بۆ خۆیان دروستکرد، (٣٢) بەڵام ئێستا لە گوناهیان خۆشبە، ئەگەر نا، لە پەڕتووکەکەی خۆت بمسڕەوە کە نووسیوتە.

(٣٣) خوداش بە موسای فەرموو: ئەوەی گوناهی سەبارەت بە من کردبێ لە پەڕتووکی خۆم دەیسڕمەوە .(٣٤) ئێستاش برۆ پێشڕەوی گەل بکە بۆ ئەو شوێنەی پێم گوتی، فریشتەکەم وا لەپێشتت دەڕوا، بەڵام کاتێک ڕۆژی سزادان هات، لەسەر گوناهەکانیان سزایان دەدەم.

(٣٥) ئیتر خودا گەلی تووشی دەرد کرد، لەسەر ئەوەی لەگەڵ گوێرەکەکە کردیان کە هارون دروستی کردبوو.

لە قورئان باسی سامری دەکا، کەچی سامری لە چیرۆکی بنەڕەتی دانییە. بەڵکوو ئەو کەسەی گوێرەکەی زێڕینی دروستکرد هاڕونی برای موسا بوو. بەڵام سامەری وەک ڕەچەڵەک لەناو گەلی بەنی ئیسرائیل لەسەردەمی موسا گرفتێکیان نەبووە. و لەسەرجەم ٥ پەرتووکەکانی تەورات باسیان ناکا. بەڵکوو دوای دامەزرانی دەوڵەتی یەهودا، بەتایبەتی سەردەمی سولێمان کە پەرستگای ئۆڕشەلیمی بنیات نا، سامریەکان باوەڕیان پێ نەهێنا.

پەیمانی نوێ - کردەوەی نێردەکان ٨: ٤ - ١٩

مزگێنیدەری لە سامیرە

(٤) ئەوانەی پەرشوبڵاو ببوونەوە دەگەڕان و مزگێنی وشەی خودایان بڵاودەکردەوە .(٥) فیلیپۆس بەرەو شاری سامەرە چووە خوارەوە. و لەوێ مزگێنی کریستی بە خەڵکەکە ڕاگەیاند .(٦) خەڵکەکە بە یەک دڵ گوێیان لەوە دەگرت کە فیلیپۆس دەیگوت، کاتێک ئەو نیشانانەیان دەبیست و دەبینی کە دەیکرد. (٧) ڕۆحی پیسیش لە زۆر کەس لەوانەی تێیاندا بوو بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد و دەردەچوون، زۆر گۆج و شەلیش چاکبوونەوە. (٨) جا خۆشییەکی گەورە ئەو شارەی گرتەوە.

(٩) پێشتر لە شارەکە پیاوێک هەبوو ناوی شیمۆن بوو، جادووی دەکرد و خەڵکی سامیرەی سەرسام کردبوو، دەیگوت: پیاوێکی پایەبەرزم! (١٠) گەورە و بچووک هەموو گوێیان لێ دەگرت و دەیانگوت: ئەمەیە هێزی خودا کە پێی دەگوترێ گەورە. (١١) ئەوان گوێیان بۆ دەگرت، چونکە لەمێژ بوو بە جادووەکەی سەرسامی کردبوون .(١٢) بەڵام کاتێک فیلیپۆس مزگێنی پاشایەتی خودا و ناوی یەسوی کریستی پێدان، باوەڕیان کرد و ژن و پیاو لە ئاو هەڵکێشران .(١٣) شیمۆنیش باوەڕی هێنا، کاتێک لە ئاو هەڵکێشرا دوای فیلیپۆس کەوت، نیشانە و پەرجووی گەورەی دەبینی دەکرا، سەرسام بوو.

(١٤) کاتێک نێردراوان لە ئۆرشەلیم بیستیان سامیرە پەیامی خودای قبوڵ کردووە، پەترۆس و یۆحەنایان بۆ ناردن .(١٥) کاتێک هاتن، نوێژیان بۆ کردن تاکو گیانی پیرۆز وەربگرن، (١٦) چونکە هێشتا گیانی پیرۆز نەهاتبووە سەر کەسیان، تەنها بە ناوی یەسوی خاوەن شکۆ لە ئاو هەڵکێشرابوون .(١٧) جا پەترۆس و یۆحەنا دەستیان لەسەر دانان و گیانی پیرۆزیان وەرگرت.

(١٨) شیمۆن بینی کە نێردراوان دەستیان لەسەر خەڵک دادەنێن گیانی پیرۆز دەدرێت، پارەی بۆ هێنان و (١٩) گوتی: ئەو دەسەڵاتە بە منیش بدەن، تاکو دەست لەسەر هەرکەسێک دابنێم گیانی پیرۆز وەربگرێت.
(٢٠)پەترۆس پێی گوت: با زیوەکەت لەگەڵ خۆت لەناوبچێت! چونکە واتزانی بەهرەی خودا بە پارە دەبێت !(٢١) لەم شتەدا نە بەشت هەیە و نە پشک، چونکە دڵت بەرامبەر خودا ڕاست نییە .(٢٢) لەم خراپەیەت تۆبە بکە و لە مەسیحی خاوەن شکۆ بپاڕێوە بەڵکو لە مەبەستی دڵت خۆش بێت، (٢٣) چونکە دەتبینم کە پڕیت لە تاڵی و لە بەندی گوناهیت.
(٢٤) شیمۆن گوتی: ئێوە لە پێناوی من داوا لە مەسیحی خاوەن شکۆ بکەن، تاکو هیچ شتێک لەوەی باستان کرد بە سەرمدا نەیەت.
(٢٥) دوای ئەوەی پەترۆس و یۆحەنا لەبارەی یەسوەوە گەواهیان دا و پەیامی کریستی خاوەن شکۆیان ڕاگەیاند، گەڕانەوە ئۆرشەلیم و مزگێنییان دایە زۆر گوندی سامیرەیی.

بە خوێندنەوەی چیرۆکی قوڕئان و بەراوردکردنی بە هەردوو چیرۆکەکانی پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ، بە ئاسانی دەردەکەوێ کە نووسەری قوڕئان، تەنیا ئاشنایەتی دەماودەمی لە فۆلکلۆری جولەکان هەبووە. ئەگینا ئەو دوو چیرۆکانە، جیاوازیان هەزارساڵە و کەراکتەرەکانیش زۆر جیاوازن.

## نە مریەم پاکیزەبوو و یەوسوش کوڕی خودا

لە تەورات پەرتووکی ئەشعیا بۆ پێشبینی لە پەیامبەران دەنووسێ ژنێکی گەنج کوڕێکی دەبێ. لەسەردەمی ئیمپاتۆریەتی پەتلیمۆس (٣٠٥ - ٣٠ پ.ز)ڕێگا درا تەورات لە عیبرییەوە بکرێتە

یۆنانی. بۆ ئەو مەبەستەش گرووپێک بەناوی حەفتا. ئەو ناوەش لەبەر ئەوەی گرووپەکە لە حەفتا وەگێڕ پێک هاتبوو. وەگێڕانەکە لە ٢٧٥ - ١٠٠ پ.ز خایاند. ئەوەی جێگای سەرنجە هەڵەیەکی تێکەوتتبوو کە سەرجەمی ڕەوتی مێژووی لە هەردوو دینی کریستیانی و ئیسلام گۆڕی. [393]

پەیمانی کۆن پەرتووکی ئەشعیا(Jasaja) ٧: ١٤

> (١٤)لەبەر ئەوەی پەروەردگار خۆی نیشانەیەکتان دەداتێ. ئەوەتا ژنێکی گەنج سکی پڕدەبێ . و کوڕێکی لێدەبێ. ناوی لێدەنێ ئیمانوێل.

لە عیبری ووشەی ئالما(Alma) بە ژنی گەنج دێ. بەڵام لە دەقە وەگێڕدراوە یۆنانییەکە کراوەتە پارثێیۆس (Partheuos) کە لە یۆنانی دەکاتە کچی پاکیزە.
بەڵام لە عیبری کچی پاکیزە دەبێتە بەتولە (Betula) (کە لە عەرەبی دەبێتە بتول). ئەو ووشەیە لە تەوراتی عیبری بوونی نییە. [394]

لە تەوراتی یۆنانی دەبێتە:

> لەبەر ئەوەی پەروەردگار خۆی نیشانەیەکتان دەداتێ. ئەوەتا پاکیزەیەک سکی پڕدەبێ . و کوڕێکی لێدەبێ. ناوی لێدەنێ ئیمانوێل

دواتر لە دەقی ئینجیلی مەتی وەک سەرچاوە، ئاماژە بۆ هەمان دەقی ئەشعیا دەکا:

---

[393] History of the Bible, Septuagint, LXX

[394] Historia 2020-01-30, Sju myter om Jesu födelse

پەیمانی نویٚ ئینجیلی مەتیاس (مەتی) ١: ٢٢ - ٢٣

(٢٢) ئەمانە هەمووی ڕویدا. هەتا ئەوەی لە ڕیٚگەی پەیامبەرەکەی فەرموودەکەی بیٚتە دی (٢٣) ئەوەتا پاکیزەیەک سکی پڕدەبیٚ و کوڕیٚکی دەبیٚ. ناوی لیٚدەنیٚن ئیمانۆئل، واتە خودا لەگەڵمانایە.

دواتر لە پەیمانی کۆنی کریستیانەکان وەک خۆیەتی و چاک نەکراوەتەوە. ئەوەش دەگەڕیٚتەوە بۆ ئەوەی، ئەو کاریگەرییە هەر بمیٚنیٚ. کەچی لە تەوراتی عیبری بوونی نییە. بەپیٚی نەریٚتی کریستیانی یەسووی ناسریٚت لە یەک کاتدا خودایە، کوڕی خودایە و مرۆڤیشە. پرسی خودابوونی هەر لە دوای لە خاچدانی سەری هەڵداوە وجیٚگای ناکۆکی بووە. تا لە ساڵی ٣٢٥ ز کۆنستەنتین قەیسەری ڕۆم ناچار بوو ٣٠٠ ئەسقەف بۆ کۆنفرانسی کەنیسە بانگهیٚژ بکا. ئەوەش بە مەبەستی یەکلاکردنەوەی پرسی یەسوو کیٚ بووە و چی بوو؟

لە کۆنفرانسەکە بڕیار درا کە یەسوو خودا، مرۆڤە. هەرچەندە ناکۆکی زۆر هەبوو و بڕیارەکە بەیەک دەنگ نەبوو. بەڵام لەو دەمەوە بۆتە تیٚگەیشتنیٚکی زاڵ و باو لە ناو ڕەوتەکانی کریستیانی.

سورەتی تحریم ٦٦: ١٢

وَمَرۡيَمَ ٱبۡنَتَ عِمۡرَٰنَ ٱلَّتِيٓ أَحۡصَنَتۡ فَرۡجَهَا فَنَفَخۡنَا فِيهِ مِن رُّوحِنَا وَصَدَّقَتۡ بِكَلِمَٰتِ رَبِّهَا وَكُتُبِهِۦ وَكَانَتۡ مِنَ ٱلۡقَٰنِتِينَ **(١٢)**

مریەمی کچی عمران ، ئەوەی داویٚنی خۆی پاکڕاگرت ئەوسا ئیٚمە، لە ڕوحی خۆمان فوومان تیٚکرد. باوڕی بە ووتەکانی پەروەردگار و پەرتووکەکانی هیٚنابوو. و لە ڕیٚزی فەرمانبەرداران دابوو (١٢).

پرسەکە لێرەدا ئەوەیە. ئەو وەرگێڕانە زیاتر لە ٧٠٠ ساڵ پێش قورئان بووە. و زووتریش لە نووسراوی تری عیبری و ئارامی ئاماژەی پێکراوە. ئەگەر قورئان لەلایەن پەروەردگارێکەوە هاتبێ، کە زانیاری لەسەر هەموو زمانێک و ڕووداوەکان هەبێ، تەنانەت تەوراتیش هەر پەرتووکێکی خۆیەتی. چۆن نەیزانی مریەم پاکیزە نییە و ئەوە هەڵەی وەرگێڕانە؟ یان ڕاستی ئەوەیە کە نووسەری قورئان زانیاری لە ژینگەی نزیکی خۆی وەرگرتووە بۆ پشتڕاسکردنەوەی بانگهێژی خۆی. ئەو ژینگەیەش نەسارییەکانن و مریەم بە پاکیزە دادەنێن. بۆیە دەتوانین بە ڕاشکاوی بڵێین نووسەری قورئان مرۆڤە و هیچیتر.

## چیرۆکی خوانی ئاسمان

ئەوەندەی قورئان بە شێوەی بەراوردکاری دەخوێنیتەوە، زیاتر بۆ دەردەکەوێ نووسەری قورئان لە خۆیەوە، ئەفسانەی پەرتووکەکانی پێش خۆی دووبارە بە شێوەیەکی ناتەواو کۆپیکردوون. و بەناوی خودا و لە ڕێگای فریشتەوە ڕایگەیاندوون.

لەو پۆستەدا سەبارەت بە سورەتی المائیدة دزیەکی تری، ئەو پەرتووکە دەخەینە ڕوو. هەڵبەتە دەبێ ناوی سوورەتەکەش هەر لەو چەند ئایەتەوە هاتبێ. بە هەرحاڵ ئەو دووبارەکردنەوەیە، دڵنیامان دەکاتەوە، کە شێوەی وەرگێڕانەکەی لە ئەدەبێ زارەکی، یەهودی نەسارپیەوە، بە شێوەی دەماودەم گەیشتبێتە نووسەری قورئان، چیرۆکەکە بەم شێوەیە:

کریست لە سورەتی المائیدة ٥: ١١٢- ١١٥ ئەوەی پەیوەندی بەم سورەتەوە هەیە. دڵنیامان دەکاتەوە شێوەی وەرگێڕانەکەی لە دەبێ بە شێوەی دەماودەم گەیشتبێتە نووسەری قورئان، چیرۆکەکە بەم شێوەیە:

المائدة ٥: ١١٢ – ١١٥

إِذۡ قَالَ ٱلۡحَوَارِيُّونَ يَٰعِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ هَلۡ يَسۡتَطِيعُ رَبُّكَ أَن يُنَزِّلَ عَلَيۡنَا مَآئِدَةٗ مِّنَ ٱلسَّمَآءِۖ قَالَ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ (١١٢) قَالُواْ نُرِيدُ أَن نَّأۡكُلَ مِنۡهَا وَتَطۡمَئِنَّ قُلُوبُنَا وَنَعۡلَمَ أَن قَدۡ صَدَقۡتَنَا وَنَكُونَ عَلَيۡهَا مِنَ ٱلشَّٰهِدِينَ (١١٣) قَالَ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ ٱللَّهُمَّ رَبَّنَآ أَنزِلۡ عَلَيۡنَا مَآئِدَةٗ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ تَكُونُ لَنَا عِيدٗا لِّأَوَّلِنَا وَءَاخِرِنَا وَءَايَةٗ مِّنكَۖ وَٱرۡزُقۡنَا وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلرَّٰزِقِينَ (١١٤) قَالَ ٱللَّهُ إِنِّي مُنَزِّلُهَا عَلَيۡكُمۡۖ فَمَن يَكۡفُرۡ بَعۡدُ مِنكُمۡ فَإِنِّيٓ أُعَذِّبُهُۥ عَذَابٗا لَّآ أُعَذِّبُهُۥٓ أَحَدٗا مِّنَ ٱلۡعَٰلَمِينَ(١١٥)

کە نێردەکان گوتیان: ئەی یەسوی کوڕی مەریەم ئایا خوداکەت دەتوانێ خوانێک خواردنمان لە ئاسمان بۆ دابەزێنێ، گوتی: ئەگەر ئێوە باوەڕدارن لە خودا بترسن (١١٢) گوتیان دەمانەوێ لێی بخۆین و دڵەکانمان دڵنیا بێت و بزانین، لەگەڵمانا ڕاستگۆی، و بۆی ببینە گەواهیدەر (١١٣) یەسوی کوڕی مەریەم گوتی: خودای مەزن خوانێک خواردنمان لە ئاسمان بۆ دابەزێنە. کە بۆ سەرەتا و کۆتاییمان بێ بە جەژن و پەڕجوێک

بێت لە تۆوە، وە بژێومان پێ بدە، وە هەر تۆ چاکترین بژێوی دەری (١١٤) خودا گوتی: بە سەرتاندا دادەبەزێنم، سا هەر کەسێك لە دوای ئەوە گومڕاپی بکا، ئەوە بە دڵنیاییەوە، سزایەکی دەدەم کە هیچ کەسێك لە جیهانەکان بەم جۆرە سزا نەدرابێت (١١٥)

سورەتی المائدة یەک لە سوورەتەکانی مەدینەیە. بۆیە گرنگی لەوەدایە لە بواری مێژووییەوە، بزانین چ کۆنتێکستێکی هەیە. ئەو کاتەی موسوڵمانان لە مەدینە جێگیر بوون، ئەزموونێکی تریان پێبوو. کە پێشتر نەیان بوو. ئەویش نزیکی لە کریستیانەکان ڕێبازی یەعقوبی[395] بوو. لە سەردەمی مەککە نووسەری قورئان کریستیانی نەدەناسین، لەبەر ئەوەی لە شاری مەککە تەنیا نەساری هەبوون. ئەوانیش باوەڕیان بە چوار ئینجیلە قانونیەکان نەبوو. بەڵکوو ئینجیلی عیبرانیان پەیڕەو دەکرد. بەڵام دوای کۆچی هەندێک لە موسوڵمانان بۆ حەبەشە، بۆ یەکەمجار لەگەڵ کریستیانەکان ئاشنایەتیان پەیداکرد. و هەر لەوانیش چیرۆک و ئەفسانەی میللی کریستیانیان بیستن. و دوای گەڕانەوەیان لەگەڵ خۆیان هێنانیانەوە.
لەبەر ئەوەی ئەم ئەفسانەیە، تێکەڵاوی نێوان چەند پڕگەی لەیەک جیاوازی پەیمانی نوێن، بۆیە گەڕاندنەوەی هەر بەشێکی ئەو چیرۆکە بۆ شوێنی خۆی لە پەیمانی نوێ، سیمای چیرۆکەکەی المائدەمان بۆ دەردەچێ. کە لە بنەڕەتدا چیرۆکێکی فۆلکلۆری کریستیانەکانی حەبەشەیە.

ئەوەی لە کریست بە ئاشکرا لە هەر چوار ئینجیلەکانی قانونی باسی داکا، دوا خوانی ماڵئاواییە. بەڵام بە هیچ شێوەیەک لەو دەقانە باسی دابەزینی خوانێک لە ئاسمان ناکا.

---

[395] ڕێبازی یەعقوب، ڕێبازێکی گومرابوو لەبەر ئەوەی کریستی بە یەک سرووشت دەزانی، پەیڕەوی ڕێبازی ئەسقەفی میسری یەعقوب البەرادعی دەکرد، ئەوانە لە یەمەن و حیجاز بڵاوبوون. کە لە دەستی دەستەڵاتی کاتۆلیک و دەوڵەتیی ڕۆم هەڵاتبوون.

بۆیە دەبێ بیر لە برگە و چیرۆکی تر بکەینەوە. بۆ نموونە لوکاس ٢٠: ٣٠) کە کریست بە قوتابیەکانی دەڵێ:

بۆ ئەوەی لەسەر خوانی من لە شانشینی مندا بخۆن و بخۆنەوە.

بێ گومان محەمەد دەیزانی کە کریستیانەکان ئاهەنگی ئێوارەخوانی کریست (مسیح) دەکەن، ئەوەش بەپێی (مەتیاس ٢٦: ٢٦ – ٢٩) (مارکوس ١٤: ١٧ – ٢٥) (لوکاس ٢٢: ١٤ – ٣٠ ) (یۆهانێس ١٣: ١ – ٣٠) و یەکەمی کۆرنۆس ١١: ٢٠ – ٣٤). بەڵام سەبارەت بە دابەزینی خوانێک لە ئاسمانەوە دەبێ لە خەوی پەرۆسەوە هاتبێ:

پەیمانی نوێ – ئینجیلی مەتیاس (مەتی) ٢٦: ٢٦- ٢٩

(٢٦)کاتێک نانیان دەخوارد، یەسو نانێکی هەڵگرت، سوپاسی خودای کرد و لەتی کرد، دایە نێردەکانی و فەرمووی: وەرگرن، بخۆن، ئەمە جەستەی منە.

(٢٧) ئینجا جامێکی هەڵگرت و سوپاسی خودای کرد، پێیدان و فەرمووی: هەموو لێی بخۆنەوە، (٢٨) چونکە ئەمە خوێنی منە، خوێنی پەیمانەکەیە کە لە پێناوی خەڵکێکی زۆر بۆ گوناە بەخشین دەڕژێت .(٢٩) پێتان دەڵێم: لەمەودوا ئیتر لەم بەرهەمەی مێو ناخۆمەوە، هەتا ئەو ڕۆژە دێت کە سەر لە نوێ لە شانشینی باوکم لەگەڵتان دەیخۆمەوە.

پەیمانی نوێ – ئینجیلی لوکاس (لۆقا) ٢٢: ١٤ - ٢٣

(١٤)کە کاتەکە هات یەسو لەسەر خوان دانیشت، نێردەکانیش لەگەڵی بوون .(١٥) پێی فەرموون: زۆر ئارەزووم کرد پێش ئازار چێژتنم ئەم نانەی

پەسخەتان لەگەڵ بخۆم، (١٦) چونکە پێتان دەڵێم: ئیتر نانی پەسخە ناخۆم هەتا لە شانشینی خودا بە تەواویی دێتە دی.
(١٧) جامێکی هەڵگرت و سوپاسی خودای کرد، فەرمووی: ئەمە بگرن و لەنێوان خۆتان بەشی کەن .(١٨) پێتان دەڵێم: ئیتر لە بەرهەمی مێو ناخۆمەوە هەتا شانشینی خودا دێ.
(١٩) نانێکی هەڵگرت، سوپاسی خودای کرد و لەتی کرد، پێیدان و فەرمووی: ئەمە جەستەی منە، کە لە پێناوی ئێوە بەخت دەکرێ. ئەمە بۆ یادکردنەوەی من بکەن.
(٢٠) بە هەمان شێوە پاش نانخواردن، جامەکەی هەڵگرت و فەرمووی: ئەم جامە پەیمانی نوێیە بە خوێنی من، کە لە پێناوی ئێوە دەڕژێ. (٢١) بەڵام ئەو دەستەی کە بە گرتنم دەدات لەگەڵ من لەسەر خوانە .(٢٢) کوڕی مرۆڤ بەگوێرەی ئەوەی بۆی دانراوە دەڕوات، بەڵام قوڕ بەسەر ئەوەی ناپاکی لێدەکا (٢٣) ئیتر لەناو خۆیان کەوتنە مشتومڕ، ئاخۆ کامیان خەریکە ئەمە بکات.

لە هەردوو ئینجیلی مەتیاس و لوکاس باسی ئێوارەخوان دەکا. کەچی باسێک لە دابەزینی ئەو خوانە، لە ئاسمانەوە نییە. بەڵام لە خەونی پەترۆس کە یەک لە نێردە هەرە نزیکەکانی یەسو بووە. و بەردەوام لە ئینجیلەکان باسی دابەزینی خوان لە ئاسمانەوەکراوە:

پەیمانی نوێ -کردەوەی نێردان ١٠: ٩ – ١٦

(٩) بۆ بەیانی، کاتی بە ڕێگاوە بوون و لە شارەکە نزیک دەبوونەوە، نزیکەی کاتژمێر دوازدە، پەترۆس بۆ نوێژکردن چووە سەربان. (١٠) ئەوە بوو برسی بوو، ئارەزووی نانخواردنی دەکرد،

کاتێک ئامادەیان دەکرد، ئەو خەوی لێکەوت (١١) ئاسمانی بە کراوەیی بینی، شتێک لە شێوەی چەرچەفێکی گەورە دەهاتە خوارەوە بۆ سەر زەوی کە لە هەر چوار لاوە گرێدرا بوو .(١٢) هەموو جۆرە ئاژەڵی چوارپێ و خشۆکی سەر زەوی و باڵندەی ئاسمانی تێدابوو .
(١٣) ئینجا دەنگێک بانگی کرد: پەترۆس هەستە، سەربڕە و بخۆ!
(١٤) پەترۆس گوتی: نەخێر، ئەی خاوەن شکۆ، چونکە هەرگیز شتی گڵاو یان حەرامم نەخواردووە.
(١٥) دیسان دەنگەکە لەگەڵی دوا: ئەوەی خودا پاکی کردووەتەوە تۆ بە گڵاوی دامەنێ.
(١٦) ئەمەش سێبارە بووەوە و دەستبەجێ چەرچەفەکە بۆ ئاسمان بەرزکرایەوە.

وشەکانی کۆتایی ئەو بڕگەیەی کە لە سورەتی ئەلمائدة وەرگیراون. ئەوەش بەڵگەیەکە، بۆ ئەوەی محەمەد بیری لە ئێوارەخوانی کریست دەکردەوە. چونکە پێدەچێت دەنگدانەوەیەکی بەهێزی لە ئاگادارکردنەوەی پۆڵسی پیرۆز دابووبێ، لە بەشداریکردنی ناشایستە لەو نهێنییە.

پەیمانی نوێ - یەکەمی کۆرنۆس ١١: ٢٣ – ٢٧

(٢٣) ئەوەی بە ئێوەم دا لە کریستی خاوەن شکۆم وەرگرتووە: ئەوە بوو یەسوی خاوەن شکۆ لەو شەوەی تێیدا بە گرتن درا، نانێکی هەڵگرت، (٢٤) سوپاسی خودای کرد و لەتی کرد، فەرمووی: ئەمە جەستەی منە کە لە پێناوی ئێوەیە. ئەمە بۆ یادکردنەوەی من

بکەن. (٢٥) بە هەمان شێوە پاش نانخواردن، جامەکەی هەڵگرت و فەرمووی: ئەم جامە پەیمانی نوێیە بە خوێنی من. هەر جارێک دەیخۆنەوە، ئەمە بۆ یادکردنەوەی من بکەن (٢٦) جا هەر کاتێک لەم نانەتان خوارد و لەم جامەتان خواردەوە، ئەوا مردنی یەسوی خاوەن شکۆ ڕادەگەیەنن، هەتا دێتەوە. (٢٧) کەواتە ئەوەی بە شێوازێکی ناشایستە نانەکە بخوات یان لە جامەکەی کریستی خاوەن شکۆ بخواتەوە، ئەوا بەرامبەر بە جەستە و خوێنی کریستی خاوەن شکۆ تاوانبارە.

تەواوی بڕگەکە بەڵگەیە بۆ ئەوەی محەمەد چەندە زانیاری زۆر کەمی لەسەر پەیمانی نوێ هەبووە .هیچ کەسێک کە کتێبەکەی خوێندبێتەوە یان بیستبێتی، نەیدەتوانی دیدگای پەترۆس لەگەڵ کتێبی ...دامەزراوەی ئێوارەخوانی پەروەردگار، یان ئەو بینینەی گۆڕی بۆ دابەزینی خوانێکی بژێوی لە ئاسمانەوە لە ژیانی کریست. وێنایەکی سەرنجڕاکێشە بۆ شێوازی گەشەکردنی ئەفسانەکان.

ئەو چەند بڕگەیە سەرچاوەن بۆ ئایەتەکانی قورئان لە سورەتی المائیدة. ئەوەش بەڵگەیەکی ڕوونە کە نووسەری قورئان دوو هەڵەی کردووە. یەکەم قوتابیانی کریست بە هیچ شێوەیەک داوای خوانیان لە ئاسمانەوە نەکردووە. بەڵکوو کەم زانینی نووسەری قورئانە سەبارەت بە دواخوانی ماڵئاوایی. دووەم سەرجەمی چیرۆکەکە خەونێکی پەترۆسە کە لە کردەوەی نێردان هاتووە. کە دەنگدانەوەی لەناو کولتووری گەلێری کریستیانی هەبووە. و نووسەری قورئانیش سەروگوێلاکی شکاندووە. و بە مل کریستی دابڕیووە.

ئەو دەقە بەڵگەیە بۆ ئەوەی نووسەری قورئان چەندە زانیاری زۆر کەمی لەسەر پەیمانی نوێ هەبووە .هیچ کەسێک کە کتێبەکەی خوێندبێتەوە یان بیستبێتی، نەیدەتوانی دیدگای پەترۆس لەگەڵ کتێبی ...دامەزراوەی ئێوارەخوانی پەروەردگار، یان ئەو بینینەی گۆڕی بۆ دابەزینی خوانێکی بژێوی لە ئاسمانەوە لە ژیانی کریست. وێنایەکی سەرنجڕاکێشە بۆ شێوازی گەشەکردنی ئەفسانەکان.

ئەوەش بەگشتی دەیسەلمێنێ کە قورئان، بێجگە لە کۆپییەکی خراپی سەروگوێ شکاوی پەرتووکەکانی پێشتر زیاتر نییە. و بەرهەمی گێڕانەوەی چەندین بارەی کەلەپووری میللی یەهودی و کریستیانی و یەهودیە نەساریەکانە، بە تێکەڵاوکردنی لەگەڵ کولتووری جاهیلی دوورگەی عەرەبی. نەک پەرتووکێکی خودایی و سەرئاسا.

## یەسو باڵندە دروستدەکا

بەڵگەیەکیتر بۆ سەلماندنی، ئەوەی کە نووسەری قورئان چیرۆکەکانی لە سەرچاوە لاوەکیەکان وەردەگرێ. لە دوو سورەتی قورئان باسی بەسەرهاتێک دەکا، کە یەسو بە منداڵی باڵندەی لە قوڕ دروستکردووە، لەبەر چاوی خەڵک بە فووێک گیانی وەبەر دێنێ و دەفڕێ. ئەو چیرۆکە، لە هیچ لە ئینجیلە قانونیەکان دانییە. کەچی لە ئینجیلی لەدایکبوونی مریەم دا هەیە، کە یەک لە ئینجیلە ئەپۆکریفەکان (المنحول)

سورة آل عمران ٣: ٤٩

وَرَسُولًا إِلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ أَنِّي قَدۡ جِئۡتُكُم بِـَٔايَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ أَنِّيٓ أَخۡلُقُ لَكُم مِّنَ ٱلطِّينِ كَهَيۡـَٔةِ ٱلطَّيۡرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيۡرَۢا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۖ وَأُبۡرِئُ ٱلۡأَكۡمَهَ وَٱلۡأَبۡرَصَ وَأُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۖ وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأۡكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لَّكُمۡ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ(٤٩)

و پێغەمبەرێك بۆ نەوەكانی ئیسرائیل: لە ڕاستیدا من بە نیشانەیەك لە لایەن خوداكەتانەوە بۆتان هاتووم، لە ڕاستیدا من لە قوڕێك كە لە شێوەی باڵندەیە باڵندەیەكتان بۆ دروست دەكەم بە مۆڵەتی خودا، كاتی فووی پیادا دەكەم دەبێتە باڵندە. (٤٩)

سورة المائدة ٤: ١١٠

وَإِذۡ تَخۡلُقُ مِنَ ٱلطِّينِ كَهَيۡـَٔةِ ٱلطَّيۡرِ بِإِذۡنِي فَتَنفُخُ فِيهَا فَتَكُونُ طَيۡرَۢا بِإِذۡنِيۖ. (١١٠)

و لە قوڕ لە شێوەی باڵندەت دروست دەكرد بە مۆڵەتی خۆم، جا فووت پیادا دەكرد و بە مۆڵەتی من دەبوو بە باڵندە. (١١٠)

لە ئینجیلی لە دایكبوونی مریەم، دەق ٢٧ – یەسو باڵندە دەئەفرێنێ (یخلق)

دوای ئەوەی خەڵكەكە ئەم هەموو قەرەباڵغییەیان بینی، عیسا قوڕی لە دەریاچە بچووكەكان وەرگرت كە دروستی كردبوو و دوانزە لیگی لێ دروست كرد. یەكێک لە منداڵە جولەكەكان پرسیاری ئەوەی دەكرد كە چی دەكات؟ بە یوسفی گوت: ئای یوسف، ئایا نەتبینی عیسای منداڵەكەت لە ڕۆژی شەممەدا شتێک بكات كە ڕێگەپێنەدراوە، گوتی: بۆچی لە ڕۆژی شەممەدا ئەو كارەت كرد كە ڕێگە پێنەدراوە؟ بەڵام عیسا كە گوێی لە یوسف بوو، بە دەست چەپڵەی لێدا و بە تەپڵە قوڕەكەی گوت: بفڕە و

بەپێی ئەو فەرمانەی کە پێی دابوو، دەستی کرد بە فڕین. وە لەبەردەم جەماوەرێکی زۆردا کە دەیانتوانی بیبینن و ناوی لێ بنێن، بە باڵندەکانی گوت: وەرن بەسەر زەوی و هەموو جیهاندا بفڕن، و بژین! هەموو ئامادەبووان تووشی شۆک بوون کاتێک نیشانەکانی وەک ئەمانەیان بینی، بە سەرسامی و سەرسوڕمانەوە. هەندێک کەس ستایشیانکرد و سەرسام بوون. هەندێکی تریش تاوانباریان کرد و هەندێکیان چوونە لای سەرۆک کاهینەکان و سەرۆکی پەرستگاکان و ئاگادارکرانەوە کە یەسوی کوڕی یوسف، بە ئامادەبوونی هەموو گەلی ئیسرائیل پەرجوو (معجیزة) و نیشانەی گەورە ئەنجام دەدات. ئەمەش لە نێوان دوانزە هۆزی ئیسرائیلدا ڕوویدا.[396]

## ووشتر بە کونی دەرزیەوە ناچێ

لە قورئاندا، نووسەری قورئان، گەف لەو کەسانە دەکا، کە ئایەتەکانی بەدرۆ دادەنێن. و دەڵێ دەروازەکانی ئاسمانیان بۆ ناکرێتەوە، تاوەکوو ووشتر بە کونی درزی دانەچێ. لە ڕاستیدا ئەو دەربڕینەی قورئان زۆر کۆنترە. و لە سێ لە ئینجیلە قانونیەکان دا هاتووە.

سورة الأعراف ٧ :٤٠

[396] إنجيل ولادة مريم. نص ٢٧

إِنَّ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَاسْتَكْبَرُوا عَنْهَا لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَابُ السَّمَاءِ وَلَا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى يَلِجَ الْجَمَلُ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُجْرِمِينَ الأعراف/ 40.

ئەوانەی ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ دانا، و لەخۆبایی بوون، دەروازەکانی ئاسمانیان بۆ ناکرێتەوە، تاوەکوو ووشتر لە کونی دەرزی دانەچێ، ئێمە ئاوا سزای تاوانباران دەدەین (٤٠)

دەق ئەو ئایەتە، کۆپیەکی قسەی یەسو (عیسا)یە. کە لە پەرەگرافێکی، سێ ئینجیلی مەتیاس، مارکوس و لوکاس دووبارە بۆتەوە. تاکە جیاوازی ئەوەیە نووسەری قورئان دژی هەرکەسێکە کە باوەڕی بە قورئان نییە (کافرە). بەڵام لە ئینجیل دەوڵەمەند ناچێتە شانیشینی خودا (بەهەشت).

مەتی ١٩: ٢٤

(٢٤) دیسان پێتان دەڵێم: ئاسانترە وشتر بە کونی دەرزییەکەوە بچێت لەوەی دەوڵەمەندێک بچێتە ناو شانشینی خودا.

پەیمانی نوێ - مارکوس ١٠: ٢٥

(٢٥) ئاسانترە وشتر بە کونی دەرزییەکەوە بچێ لەوەی دەوڵەمەندێک بچێتە ناو شانشینی خودا.

پەیمانی نوێ - لوکاس ١٨: ٢٥

(٢٥) ئاسانترە وشتر بە کونی دەرزییەکەوە بچێ لەوەی دەوڵەمەندێک بچێتە ناو شانشینی خودا.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەو ئایەتەی قورئان و پەرەگرافەی هەرسێ ئینجیلەکان، زۆر لەوانە کۆنترە. مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ ٦٠٠ ساڵ پ.س.ب. لە تالموودی بابلی دا هاتووە. کە دەبێ ئەویش لە پێشتر وەریگرتبێ.

ئەو کاتەی کە جولەکە لە بابل، بە دیلی دەژیان (٥٩٧ – ٥٣٨ پ.س.ب) ئەو گوزارەیان بۆ شتێک بەکاردێنا کە ڕێگەی تێنەچی ئەنجام بدرێ. و دەیانگووت:

وەک ئەوە وایە مرۆڤ، درەختێکی لەزێڕ و فیلێک بە کونی دەرزیدا ببا. [397]

ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی قورئان قسەی حاخامەکانی جولەکە. و یەسو کە خۆی هەم جولەکە بووە. و هەمیش وەک پێشڕەوێکی دینی شارەزایی باشی لە دین و مێژووی جولەکە هەبووە. وەک دیاردەیەکی ڕەوانبێژی، بەرامبەر دەوڵەمەند بەکاری هێناوە. کەچی نووسەری قورئان نەک هەر دووبارەی کردۆتەوە، بەڵکوو وەک دەربڕینێکی گشتگیر بۆ گشت مرۆڤایەتی دەرەوەی هاوەڵان و باوەڕدارانی خۆی بەکاری هێناوە. و بە تاوانبار ناوی بردوون.

## چیرۆکی یارانی ئەشکەوت

### أهل الكهف

[397] R. Sheshith, The whole works: Hore Hebraicae et Talmudicae. Vol. 11 The Babylonian Talmud. Berakhat 55B

یارانی ئەشکەوت کە لە قورئاندا سورة الكهف ١٨: ٨ – ٢١ هاتووە، سەرچاوەکەی هیچ لە پەرتووکە پیرۆزەکانی یەهودی و کریستیانی نین، بەڵکوو بریتییە لە گێڕانەوەی ئەفسانەیەکی کریستیانەکانی سەرەتا. و لە پەرتووکێک بە ناوی شکۆمەندی شەهیدان دا، ئەو ئەفسانەیە، بە چیرۆکی ژمارەی ٩٤ و بەناونیشانی The Seven Sleepers at Ephesus. تۆمارکراوە.

چیرۆکی یارانی ئەشکەوت لە قورئان

القرآن الكريم - سورة الكهف ١٨: ٩ – ٢٢

أَمۡ حَسِبۡتَ أَنَّ أَصۡحَٰبَ ٱلۡكَهۡفِ وَٱلرَّقِيمِ كَانُواْ مِنۡ ءَايَٰتِنَا عَجَبًا (٩) إِذۡ أَوَى
ٱلۡفِتۡيَةُ إِلَى ٱلۡكَهۡفِ فَقَالُواْ رَبَّنَآ ءَاتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحۡمَةٗ وَهَيِّئۡ لَنَا مِنۡ أَمۡرِنَا
رَشَدٗا (١٠) فَضَرَبۡنَا عَلَىٰٓ ءَاذَانِهِمۡ فِي ٱلۡكَهۡفِ سِنِينَ عَدَدٗا (١١) ثُمَّ بَعَثۡنَٰهُمۡ
لِنَعۡلَمَ أَيُّ ٱلۡحِزۡبَيۡنِ أَحۡصَىٰ لِمَا لَبِثُوٓاْ أَمَدٗا (١٢) نَّحۡنُ نَقُصُّ عَلَيۡكَ نَبَأَهُم
بِٱلۡحَقِّۚ إِنَّهُمۡ فِتۡيَةٌ ءَامَنُواْ بِرَبِّهِمۡ وَزِدۡنَٰهُمۡ هُدٗى (١٣) وَرَبَطۡنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ إِذۡ
قَامُواْ فَقَالُواْ رَبُّنَا رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ لَن نَّدۡعُوَاْ مِن دُونِهِۦٓ إِلَٰهٗاۖ لَّقَدۡ قُلۡنَآ
إِذٗا شَطَطًا (١٤) هَٰٓؤُلَآءِ قَوۡمُنَا ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةٗۖ لَّوۡلَا يَأۡتُونَ عَلَيۡهِم
بِسُلۡطَٰنِۭ بَيِّنٖۖ فَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبٗا (١٥) وَإِذِ ٱعۡتَزَلۡتُمُوهُمۡ
وَمَا يَعۡبُدُونَ إِلَّا ٱللَّهَ فَأۡوُۥٓاْ إِلَى ٱلۡكَهۡفِ يَنشُرۡ لَكُمۡ رَبُّكُم مِّن رَّحۡمَتِهِۦ وَيُهَيِّئۡ لَكُم
مِّنۡ أَمۡرِكُم مِّرۡفَقٗا (١٦) وَتَرَى ٱلشَّمۡسَ إِذَا طَلَعَت تَّزَٰوَرُ عَن كَهۡفِهِمۡ ذَاتَ
ٱلۡيَمِينِ وَإِذَا غَرَبَت تَّقۡرِضُهُمۡ ذَاتَ ٱلشِّمَالِ وَهُمۡ فِي فَجۡوَةٖ مِّنۡهُۚ ذَٰلِكَ مِنۡ
ءَايَٰتِ ٱللَّهِۗ مَن يَهۡدِ ٱللَّهُ فَهُوَ ٱلۡمُهۡتَدِۖ وَمَن يُضۡلِلۡ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ وَلِيّٗا
مُّرۡشِدٗا (١٧) وَتَحۡسَبُهُمۡ أَيۡقَاظٗا وَهُمۡ رُقُودٞۚ وَنُقَلِّبُهُمۡ ذَاتَ ٱلۡيَمِينِ وَذَاتَ

ٱلشِّمَالِۖ وَكَلۡبُهُم بَٰسِطٞ ذِرَاعَيۡهِ بِٱلۡوَصِيدِۚ لَوِ ٱطَّلَعۡتَ عَلَيۡهِمۡ لَوَلَّيۡتَ مِنۡهُمۡ فِرَارٗا وَلَمُلِئۡتَ مِنۡهُمۡ رُعۡبٗا (١٨) وَكَذَٰلِكَ بَعَثۡنَٰهُمۡ لِيَتَسَآءَلُواْ بَيۡنَهُمۡۚ قَالَ قَآئِلٞ مِّنۡهُمۡ كَمۡ لَبِثۡتُمۡۖ قَالُواْ لَبِثۡنَا يَوۡمًا أَوۡ بَعۡضَ يَوۡمٖۚ قَالُواْ رَبُّكُمۡ أَعۡلَمُ بِمَا لَبِثۡتُمۡ فَٱبۡعَثُوٓاْ أَحَدَكُم بِوَرِقِكُمۡ هَٰذِهِۦٓ إِلَى ٱلۡمَدِينَةِ فَلۡيَنظُرۡ أَيُّهَآ أَزۡكَىٰ طَعَامٗا فَلۡيَأۡتِكُم بِرِزۡقٖ مِّنۡهُ وَلۡيَتَلَطَّفۡ وَلَا يُشۡعِرَنَّ بِكُمۡ أَحَدًا (١٩) إِنَّهُمۡ إِن يَظۡهَرُواْ عَلَيۡكُمۡ يَرۡجُمُوكُمۡ أَوۡ يُعِيدُوكُمۡ فِي مِلَّتِهِمۡ وَلَن تُفۡلِحُوٓاْ إِذًا أَبَدٗا (٢٠) وَكَذَٰلِكَ أَعۡثَرۡنَا عَلَيۡهِمۡ لِيَعۡلَمُوٓاْ أَنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞ وَأَنَّ ٱلسَّاعَةَ لَا رَيۡبَ فِيهَآ إِذۡ يَتَنَٰزَعُونَ بَيۡنَهُمۡ أَمۡرَهُمۡۖ فَقَالُواْ ٱبۡنُواْ عَلَيۡهِم بُنۡيَٰنٗاۖ رَّبُّهُمۡ أَعۡلَمُ بِهِمۡۚ قَالَ ٱلَّذِينَ غَلَبُواْ عَلَىٰٓ أَمۡرِهِمۡ لَنَتَّخِذَنَّ عَلَيۡهِم مَّسۡجِدٗا (٢١) سَيَقُولُونَ ثَلَٰثَةٞ رَّابِعُهُمۡ كَلۡبُهُمۡ وَيَقُولُونَ خَمۡسَةٞ سَادِسُهُمۡ كَلۡبُهُمۡ رَجۡمَۢا بِٱلۡغَيۡبِۖ وَيَقُولُونَ سَبۡعَةٞ وَثَامِنُهُمۡ كَلۡبُهُمۡۚ قُل رَّبِّيٓ أَعۡلَمُ بِعِدَّتِهِم مَّا يَعۡلَمُهُمۡ إِلَّا قَلِيلٞۗ فَلَا تُمَارِ فِيهِمۡ إِلَّا مِرَآءٗ ظَٰهِرٗا وَلَا تَسۡتَفۡتِ فِيهِم مِّنۡهُمۡ أَحَدٗا (٢٢)

تۆ پێت وابوو، یارانی ئەشکەوت و ڕەقیم، لە ناو بەڵگەکانی ئێمە دا سەیرە؟ (٩) کاتی گەنجەکان، پەنایان بۆ ئەشکەوتەکە برد، گوتیان: ئەی پەروەردگار: هەمووومان بەر بەزەیی خۆت بخە. و کارەکەمان مەیسەر کە (١٠) لەو ئەشکەوتەدا. تا ماوەی چەند ساڵ، گوێی گشتیانمان ئاخنی و کەوتنە خەو (١١) پاشان بە ئاگامان هێنان. تا بزانن، کامەیان ساڵەکانی ئەو مانەوەیان لە بیرە (١٢) ئێمە سەربردەی ڕاستی ئەوانت بۆ دەگێڕینەوە. چەند گەنجێک بوون. بەڕاستی باوەڕیان بە پەروەردگاری خۆیان هەبوو. ئێمەش زیاتر شارەزامان کردبوون (١٣) ئازایەتیشمان وەبەرنان، کە ڕاپەڕین. ئەوسا گوتیان: پەروەردگارمان، پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەمینە. بێجگە لەو ئەگەر هانا بۆ هەر خودایەکی تر بەرین، دیارە ئێمە لە ڕاستی گوتن لاماندواە (١٤) ئەوانە لە نەتەوەی ئێمەن، جگە لە ئەو، چەند

خودای تریشیان هەن، چۆنە بەڵگەیەکی ئاشکرایان بۆ ناهێنن، جا کێ لەوە ستەمکارترە کە درۆ بە ناوی خوداوە بکا؟ (١٥)

وە کە ئێوە خۆتان لەوان دابڕیووە، و ئەوان هیچ ناپەرستن، تەنها خودا نەبێ، دەسا پەنا ببەنە بەر ئەشکەوتەکە، خودا وەبەر بەزەیی خۆیتان دەخا. هۆیەکتان بۆ دەڕەخسێنێ. (١٦) کە خۆر هەڵدێ، بڕوانە لەلای دەستە ڕاستی ئەشکەوتەکەی داوە. لە کاتی زەردەپەڕیشدا، لە دەستە چەپەوە لێیان دەدا. و ئەوان لە گۆڕایی ناویدا بوون، ئەوە لە نیشانەکا نی خودایە، هەر کەسێك خودا کاری ڕاستبێنێ، ئەوە لە کارڕاستانە. وە ئەوەی گومڕای بکا ئەوە هەرگیز ڕێنیشاندەرێکی بۆ نادۆزێتەوە. (١٧) تۆ پێت وایە کە بێدارن، لە کاتێکدا ئەوان خەوتوون، و بە ڕاست و چەپ هەگێڕ وەرگێڕیان پێدەکەین. سەگەکەشیان لەلای ڕێسمەی دەرگا وەرکەوتبوو. و ئەگەر چاوێکت لێکردبان، بە دڵنیاییەوە لێیانەوە ڕات دەکرد، وە لێیان دەتۆقای. (١٨) و بەم جۆرە بە ئاگامان هێنانەوە. بۆ ئەوەی لە یەکتر بپرسن، یەکێکیان گوتی چەند مانەوە؟ گوتیان ڕۆژێك یان چەند ڕۆژێك ماینەوە، گوتیان پەروەردگار باشتر دەزانێ چەند مانەوە. با یەکێکیان بەم دراوە بۆ شار بنێرن. بۆ ئەوەی سەیرکات کام خواردن پاکترە، خواردنێکتان لە ئەو بۆ بێنێ. وە با نەرم و نیان بێت و هیچ کەسێك هەستتان پێ نەکا (١٩) چونکە ئەوان ئەگەر دەستیان پێتا ڕابگا، ئەوە بەردبارانتان دەکەن. یان دەتانگێڕنەوە سەر دینی خۆیان، ئیتر هەرگیز ڕزگارتان نابێ. (٢٠) هەر بەم جۆرە وامان کرد، کە پێتان بزانن. بۆ ئەوەی بزانن کە بەڵێنێ خودا ڕاستە، ڕۆژی سەڵاش هیچ گومانێکی لەسەر نییە، کە لە نێوانی خۆیاندا مشتومڕیان لەسەر پرسەکەیان دەکرد، گوتیان بینایەکیان لەسەر دروستبکەن، خوداکەیان باشتر لەسەریان دەزانێ، ئەوانەی قسەیان باشتر

دەڕۆیی ،گوتیان سوێند بێت پەرستگایەکیان لە سەر دروستدەکەین. (٢١) هەندێ دەڵێن سیان بوون و چوارەمیان سەگەکەیان بوو، وە هەندێك خەڵك دەڵێن پێنج بوون، شەشەمیان سەگەکەیان بوو. لە خۆیانەوە قسە لە خەیاڵەوە دەکەن. و هەندێک دەڵێن حەوت بوون. و هەشتەمیان سەگەکەیان بوو. بڵێ خوداکەم ژمارەیان باشتر دەزانی. هیچ کەسێك نایانزانێ تەنیا کەمێك نەبێ، جا تۆ زۆر لەسەر باسەکە مەڕۆ. سەبارەت بەوانیش لە کەسیان مەپرسە . (٢٢)

## چیرۆکی حەوت خەوتووەکە، لە کەلەپووری کریستیانی

داستانی حەوت خەوتوەکانی ئێفێسوس

لە پەرتووکی شەهیدانی شکۆمەند. گریگۆری تۆرس[398]

٩٤ حەوت خەوتووەکەی ئێفسوس

[398] Gregory of Tours (1988) The glory of the Martyrs. Liverpool University Press.

ئەوەش چیرۆکی حەوت براکەیە کە لە ئێفسوس لە سەردەمەی ئیمپراتۆر دیسیوس، لەو کاتەی چەوساندنەوەی کریستیانەکان لە گۆڕنران. حەوت پیاو بە دیلگیران و هێنرانە بەردەم ئیمپراتۆر. ئەو حەوت کەسەش ناویان ماکسیمیانوس، مالخوس، مارتینیانوس، کۆنستەنتینوس، دیۆیسیوس، یوهانێس و سێراپیۆن بوو. سەرەڕای ئەوە چەندین پێشنیاریان بۆ خۆدانەدەست خستنە بەردەم. بەڵام ئەوان ملیان کەچ نەکرد. بە هۆی ئەوەی ئیمپراتۆر ڕێزی بۆیان هەبوو، مۆڵەتی یەک هەفتەی بۆ بیرکردنەوە پێدان. تا بە زوویی نەمرن. بەڵام چوار پیاوەکە خۆیان لە ئەشکەوتێک شاردەوە. و لەو ناو ئەشکەوتەکە ماوەیەکی زۆر مانەوە. یەک لەوانە ئەشکەوت بەجێ دێڵی، بۆ ئەوەی بچێ شتی پێویست بکڕێ. کاتی ئیمپراتۆر گەڕایەوە ئێفسوس، حەوت پیاوەکە لە خودا پاڕانەوە لەو ترسە ڕزگاریان کات. نوێژیان کرد و کڕنۆشیان برد و خەوتن. کاتی ئیمپراتۆر زانی، ئەوانە هێشتا لە ئەشکەوت ماون. فەرمانی دا بە یارمەتی خودا، دەرگای ئەشکەوتەکە بە بەردی گەورە بگرن. گوتی ئەوەی ڕەتی دەکاتەوە بەڵاگێڕی بۆ خوداکەمان بدا. با لەوێ بمرێ. لەو کاتەی بەو کارە هەڵدەستان، کریستیانێک ناوی شەهیدەکانی لەسەر تابلۆیەکی مسی نووسی. و بە دزی لە دەرگای ئەشکەوت پێش داخستنی داینا.

دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ، کەنیسە ئارامی بەخۆیەوە بینی. تیۆدۆرۆس[399] کە خۆی کریستیان بوو، بوو بە ئیمپراتۆر. بدعەی سەدووقیەکان کە باوەڕیان بە ڕۆژی پەسڵان نییە، بە پیس دادەنرێ. لە

[399] دیسیوس لە نێوان ٢٤٩ – ٢٥١ س.ب ئیمپراتۆر بوو. تیودۆسیوس دووەم لە نێوان ٤٠٨ – ٤٥٠ س.ب ئیمپراتۆر بوو. لە سەردەمی پەیمانی نوێ

بڵاوبوونەوە دابوو. یەک لە دانیشتوانی ئێفسوس دەیەویست ئەو چیایە بکاتە چەند هۆڵی گەورە ، بۆ هاوێری میگەل. بە وەرگێڕانی بەردەگەورەکان بۆ دروستکردنی دیواری هۆڵەکان. بێ ئەوەی بزانێ چی لە ژوورەوە ڕوویداوە، دەرگای ئەشکەوتی کردەوە. بەڵام ژووری ناو ئەشکەوتەکەی نەدۆزیەوە. خودا گیانی بەبەر حەوت پیاوەکە نایەوە و لەخەو هەڵسان. وایان زانی یەک شەوە خەوتوون.گەنجترینیان، نارد بۆ ئەوەی خواردن بکڕێ.کاتی گەنجەکە گەیشتە دەروازەی شار. لە ناکاو چاوی بە وێنە خاچی مەزن کەوت. و گوێی لێبوو خەڵکی سوێند بە ناوی کریست دەخۆن. تەنیا بە پیشاندانی ئەو پارەیەی سەردەمی دیسیوس، کە پێی بوو. بازرگانەکە گرتی و پێی گوت: تۆ پارەیەکت هێناوە دەمێکە بەسەرچووە. گەنجەکە ئەو تۆمەتەی ڕەتکردەوە. و بردیانە بەر دەمی مەتران و دادوەری شار، لەوێش تاوانی خرایە پاڵ. گەنجەکە لە ژێر هەڕەشە، ناچارکرا نهێنیەکە ئاشکرا بکا. و بردنیە ئەو ئەشکەوتەی پیاوەکانی تری لێبوون. کاتی ئسقەف چووە ناو ئەشکەوتەکە و تابلۆی سەرەکی کە ناوەکانی تێدا تۆمارکرابوون دۆزیەوە. ئەسقەف قسەی لەگەڵ پیاوەکان کرد. دوایی بە خێرایی ئەسقەف هەواڵی دایە ئیمپراتۆر تیودۆرسیوس. و ئیمپراتۆر هات و بە کڕنۆشبردن، ڕێزی لێگرتن. حەوت پیاوەکە لەگەڵ ئیمپراتۆر خۆی بەم شێوەیە قسەیان کرد: خودا پەرستی بڵاوبۆتەوە، ئەی ئەوگوستوسی مەزن. کە دەیەویست گەلی کریستیانی بچەوسێنێتەوە، لەسەر پەیمانی خودا. بەو قسەیەی مردوو هەڵناستنەوە. لەبەر ئەوە، هەروەک دەزانن، هەمووومان بەرپرسیارین لەبەردەم دادگای کریست.

هەروەک پاولۆسی نێردە نووسیویە (کۆرنسیوسی دووەم ١٠: ٥) خودا فەرمانی پێداین، هەڵسینەوە و ئەو شتانەتان پێ بڵێین. ئاگادار بە، تووشی دڵەڕاوکێ نەبی. و لە شانیشینی خودا، دوورکەویتەوە.

دووەم کۆرنسۆس ١٠: ٥ - ٦

> (٥) هەموو بەڵگەیەک و هەر شتێک کە بۆ بەرهەڵستی زانیاری خودا دەربکەوێت لەناوی دەبەین، هەموو بیرێکیش بۆ گوێڕایەڵی کریست بە دیل دەگرین (٦) هەر کاتێک ئێوە تەواو ملکەچ بوون، ئەو کاتە ئامادەین سزای هەموو یاخیبوونێک بدەین. خودا فەرمانی پێداین کە هەڵسینەوە و ئەو شتانەتان پێ بڵێین.

ئیمپراتۆر تیودۆرسیوس گوێی ڕاگرت و سوپاسی خودایکرد، کە لێنەگەڕا میللەتەکەی بکەوێتە هیلاکی. بەڵام پیاوەکان جارێکیتر ڕاکشان و خەوتنەوە. لەو کاتەوە ئیمپراتۆر تیودورسیوس ویستی گۆڕی لە زێڕیان بۆ بنیات بنێ. لە بیری خۆی ئەوەی هەست پێکرد کە نەیکا. تا ئێستاش پیاوەکان لەو قوژبنە خەوتوون. بە سەرپۆشی لە ئاوریشم کەتان داپۆشراون. ئازارەکانیان تۆمارکراون. [400]

[400] Gregory of Tours (2004) Glory of the Martyrs .Translated with an introduction and notes by RAYMOND VAN DAM. Translated Texts for Historians. Vol. 4. 94. The Seven Sleepers at Ephesus. Pp 87 - 88

# ئایەتی خاتم النبیین خوێندنەوەیەکی ترهەڵدەگرێ

سورة الأحزاب ٣٣: ٤٠

مَا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِنْ رِجَالِكُم وَلَكِنْ رَسُولَ اللهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ وَكَانَ اللهُ بِكُلِّ شَيءٍ عَليماً (٤٠)

محمد باوکی هیچ کام لە پیاوەکانی ئێوە نییە. بەڵام نێردەی خودایە و دوا نەبیە و خوداش ئاگاداری هەموو شتێکە (٤٠)

لێکۆڵینەوە هەمیشە کارێکی پڕ کێشەیە. بەتایبەتی بەدواداچوون و ساخکردنەوەی بەرهەمێکی زۆر کۆن، کە سەرچاوەی بێلایەن و جێ متمانە بە دەگمەن دەستبکەون. جا لەوەش سەختتر، کێشەی پەرتووکە دینییەکانە. کە هەرگیز دەرفەتی دیالۆگ و ڕەخنەی تێدا نییە .بەڵکوو وەک پەرتووکێی ئاسمانی، بە سەرچاوەیەکی نەگۆڕ بۆ ژیان و ڕەفتارەکانی مرۆڤ دادەنرێن. هەرکەسێک ڕەخنە یان سەرنجێکی هەبووبێ ئەوا بەهەموو تواناوەڕێگری لێکراوە. تا گەیشتۆتە ئاستی کوشتن. بەم شێوەیە وا لە دیندار کراوە، کە هەرگیز بە ڕەخنە سەیری پەرتووکی پیرۆزی دینەکەی خۆی نەکا. ئەوەش وایکردووە، بەردەوام بە مەبەست یان نا، بەڵگە و دۆکومێنتی ساخکەرەوە لەناو بچن و لە جیاتی ئەوە، بەڵگە و ساخکردنەوەی پڕ تەمومژ ولابەلا جێگایان بگرنەوە. ئەوەش کارێکی ئاسایی و پرۆگرام بۆکراوبووە. کە بە درێژایی مێژووی پەرەسەندن،ڕێگای بۆ خۆش کراوە. بۆڕەوایی دان چمکێک، یان بۆچوونێکی جیاواز، کە لە هەلومەرجێکی تر ئەستەمە جێگای ببێتەوە.

بۆ ئەو مەبەستەش سیاسەتی ترساندن و پاداشت بۆ گۆڕینی چمکی دیاردەکان و گۆڕینی ئاراستەیان، بەو لایەدا کە باوەڕدار خۆی دەیەوێ. لەگەڵ ئەوەشدا لە بە تروسکەی ڕووناکی چرا ڕەشکە لە توونێلە تاریکەکان، لێکۆڵەرەوە دەتوانێ بە سۆراخی دەق و بەڵگە یەکلاکەرەوەکان دا بگەڕێ، و لە دەلاقەی لەبیرکراوی

ڕاڤەکارەکانی خۆیان‌زانیاری یان بەڵگە بدۆزێتەوە، کە ڕووناکی بخاتە سەر چمک یان دەقە شێوێنراوەکان . لە دەرەوەی سنووری دینیش، هەمیشە هەست بە ناهاوسەنگی هەڵەو لارێیی کراوە و دەکرێ. کە بە تێڕوانینێک دەردەکەوێ کە بە لێکدانەوەیەکی لۆژیکی یەک ناگرێتەوە. بۆیە هەمیشە سەرچاوە لێرە و لەوێ، دەست دەکەون. کە زۆر یان کەم پەردە لەسەر ڕاستییەکان هەڵماڵن.

هەرسێ پەرتووکی دینە ئیبراهیمییەکان تەورات، ئینجیل و قورئان بە درێژایی مێژووی تەمەنیان، کەوتوونەتە بەر چاوێلکەی ڕەخنە. و هەڵەکانیان خراونەتە ڕوو و شرۆڤەی بۆکراوە. لەم باسەدا سەرنجی ڕەخنەگرانە دەکرێتە قورئانی ئیسلام. کە مرۆڤی خوێندەوار زوو هەست بە هەڵەکانی دەکا. جا بە ئاشکرایی یان نهێنی خراوەنەتە بەر سەرنجی ڕەخنەگرانە. قورئان دەمێکە بۆتە جێی سەرنجی توێژەرانی عەرەب و ڕۆژئاوایی. ئەوەش لەبەر هەڵەی لە ڕادەبەدەری ناو دەقەکانی. بە دەیان پەرتووکی بە زمانە جۆراوجۆرەکان لەسەر نووسراوە.

ئەو تۆژینەوانە ئەگەر لە ناو سنووری دەستەڵاتی ئیسلام بووبێ، ئەوا بە توندترین شێوەسزادراوە. و ناو و ناتۆرەی سوکی بۆ دۆزراوەتەوە و بەزەندیق و معتزلە .... هتد تاوانبارکراوە. لە لەگەڵ ئەوەشدا نەتوانراوە ئەو دەنگەڕەخنەگرانە وا بە ئاسانی کپ بکرێن. شارەزایانی‌زمانی عەرەبی و زمانەکانی ئارامی، عیبری و یۆنانی ... هتد. هەبووین و هەن کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردوون. بەرامبەر بەوەش زانایانی موسوڵمان و دیندارەکان لە جیاتی دەستخۆشی لێکردن، و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان، بە پێچەوانەوە بەرگریان لێکردوون. و ڕەخنەگرانیان بەوە تاوانبارکردووە، کە لە قورئان

تێناگەن. یان مانای ئەو چمک و زاراوانە تەنیا خودا خۆی دەزانێ. یان ئەوە کاری ئەوان نییە. و بەلای کەمی سووکایەتیان پێکردوون.

ئەو هەڵانەی لەناو دەقەکانی قورئان هەن، لە بوارەکانی زمانەوانی، مێژوویی، جوگرافی و ڕووداو و کەسایەتی و هتد. هەر عەرەبی زانێک بە تەنیا سەرنجێکی ڕەخنەگرانە، جوان هەستیان پێدەکات. بەڵام هەڵە تەنیا لە تێکستەکان دانیین. بەڵکو جۆرێکی تریش هەڵە هەیە، کە پێویستی بە وورووژاندنە. ئەویش لێکدانەوەی تێکستەکانی قورئان و پێدانی ناوەرۆکێک کە لەگەڵ پەیامی ئایەتەکە یەکناگرنەوە. ئەو جۆرە هەڵانەش لە ئەنجامی نەزانین، یان بە هەڵە تێگەیشتن لە ووشە یان چمکێک هاتوون. تێنەگەیشتن و لێکدانەوەی هەڵە بۆ ئایەتەکانی قورئان، وایانکردووە کە لە هەندێک شوێن تێکستەکە دیمەنێکی کۆمێدی یان ترسناک وەربگرێ. یان بەلای کەمی دووربێ لەو مانایەی ئایەتەکەی بۆ نووسراوەتەوە.

هەندێک لەو هەڵانە ڕەنگە بێ وەیبن. و هەندێکیشیان بەڕاستی چارەنووس سازبن.
نموونەیەکی ئەو جۆرە هەڵانە،
سورة الواقعة ٥٦: ٢٢ – ٢٣
وَحُورٌ عِينٌ **(٢٢)** كَأَمۡثَـٰلِ ٱللُّؤۡلُوِٕ ٱلۡمَكۡنُونِ **(٢٣)**
و کیژی سپێ چاوبەڵەك (٢٢) دەڵێی مرواری شاراوەن (٢٣)

ئەو دوو ئایەتە، ڕەنگە تا ئێستا گیانی ملیۆنان کەسی دروێنەکردبێ. لەپێناوی گەیشتنە ٧٢ حۆری لە بەهەشت. کەچی ئایەتەکە مانایەکی تری هەیە، کە هەر فڕی بەسەر حۆرییەوە نییە [401]

ئەو تێگەیشتنە هەڵانە بونەتە هۆی گرفتی گەورە. و دروستکردنی دەردەسەری هەم بۆموسوڵمان و هەم ڕێبەرانی دین کە ناچار دەبن بە پینە و پەڕۆکردن لێی دەربازبن. لە جیاتی دانپێدانان و ڕاستکردنەوەی ڕاڤەکانیان. تا دێ ڕۆژ دوای ڕۆژ پینە و پەڕۆی زیاتر بۆ ئەو هەڵانە دەکەن. کاتی وەڵامێکی لۆژیکی و ڕاییکەریان پێ نابێ دەست دەکەنە هەڕەشە و تاوانبارکردن.

ئەو بابەتەی لەو نووسینە دەخرێتە ڕوو. ئایەتێکی قورئانە سەبارەت بەوەی، محمد دوا نەبیی اللەیە لەسەر زەوی. و لەو بەدواوە هیچ نەبییەکی تر نایەت و هەر بەو پێیەش دینی ئیسلام دوا دینە بۆ مرۆڤ هاتبێ!!

---

[401] Luxenberg, Christoph (2007) The syro- Aramic Reading of the Koran. Acontribution to the Decoding of the Language of the Koran.

# کێشەی ساخکردنەوی ئایەتەکانی قورئان

بۆ لێکۆڵینەوە و تێگەیشتن لە تێکستەکانی قورئان، دەبێ لێکۆڵەرەوە بە قووڵی ڕەچاوی دوو کێشە بکات. ئەو دوو کێشەیەش هەر لە دوای تێپەڕبوونی قۆناخی یەکەمی پەرەسندنی دینی ئیسلام. سەریان هەڵداوە و هەنگاو بە هەنگاو سەختتر و ئەستەمتر بووین. بەردەوام تا ئێستاشی لەگەڵدابێ، گرفتی گەورەن بۆ ساخکردنەوە و لێکۆڵینەوەی زۆر لە ئایەتەکانی قورئان. ئەگەر نەتوانین لەو دوو کێشەیە تێبگەین. وبۆ لێکۆڵینەوە لە دەقەکانی قورئان ڕەچاویان بکەین، ئەوا ناشتوانین بە دروستی لە زمانی قورئان بگەین. و زوو دەگەینە بنبەست. و بەدواداچوون بۆ مانای ڕاستی ئایەتەکان ئەستەم دەبێ. کێشەکانیش:

١-زمانی قورئان و گرفتەکانی

٢- کێشەی خاڵ و سەروبۆرلە تیپە ئارامییەکان.

## ١-زمانی قورئان و گرفتەکانی

کێشەی گەورەی ڕاڤەکارانی موسوڵمان ئەوەیە کە بە هەڵە لە ووشە و چمکەکانی قورئان دەگەن. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ زمانی قورئان و تێنەگەیشتنی ووشە بیانییەکانی ناو ئایەتەکان. کە زۆر لە ئایەتەکان دەبنە گرێکوێرەی ڕاڤەکاران و ناچار دەبن لێکدانەوەیەکی بە مەزەندەی بۆ بکەن. لەو بارەوە ئەلفۆنس میگنانە (١٨٧٨

- ۱۹۳۷) باوەڕی وایە، کە لەبەر نەبوونی زمانێکی ستاندارد و پێشکەوتووی عەرەبی. کە نووسەری قورئان توانیبای بیکاتە دەربڕی ئاراستەی ڕەوتی دینی خۆی. پێویستی زۆری بە زاراوە و ووشەی وا هەبوو، کە لە زمانی عەرەبی دەستنەدەکەوتن. بۆیە نووسەرەکەی بۆ دەربڕینیان و ئاسانکردنی ئایدیا نوێکەی سەبارەت بە ئیسلام، بەرەورووی سەختی زۆر بۆتەوە. ناچار بووە ووشە و چمکی نوێ بۆ دەربڕینەکانی بگونجێنێ، کە زمانی عەرەبی هێشتا ڕێزمانێک یان فەرهەنگێکی زمانی جێگیری نەبووە. لە هەمان کاتدا نەیدەوێرا ووشەی نوێ دابتاشێ. چونکە ترسی ئەوەی هەبوو کەس لێیان تێنەگا. باشترین ڕێگا ئەوەبوو، کە ئەو ووشە و چمکانە بۆ ئەیدیا نوێکەی بەکاربێنێ، کە گوێگرەکانی لێیان تێدەگەیشتن. و لە زمانەکانی دیکەی نزیکی زمانی عەرەبی هەبوون. ئەو ووشانە بووبوونە زاراوەی زمانی کەنیسە و سیناگۆگەکانی دینی. کە بە سەدان ساڵ پێش لەدایکبوونی خۆی و یاوەرانی دەوروبەری لە ناوچەی مەککە، لە لایەن قەشەکانی نەساری و ڕابینەکانی جولەکە، لە ووتاریاندا بۆ ڕێنمایی کۆمەڵگە و ڕێڕەوی دینی و چاکە بەکاریان دەهێنان.[402] ئەو بۆ چوونە، لەلایەن کریستۆف لوکسێنبێرگیش بە شێوەیەکی تر پشتڕاستکراوەتەوە. لوکسێنبێرگ زیاتر ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی گوێگرەکانی لەو ووشە و زاراوانە تێدەگەیشتن. ئەو دەڵێ قورئان بە زمانی پاراوی عەرەبی نەنووسراوەتەوە، کە لە بیابان و لەلایەن هۆزە شوانکارەکان بەکار دەهات. بەڵکوو تێکەڵاوێکی فرەزمانی بووە. کە لەو سەردەمەدا زمانی بازرگانی بووە لە شاری مەککە. بریتی بووە لە تێکەڵاوی لە چەندین زمانی ئەو بازرگانانەی چ بۆ بازرگانی دەهاتنە مەککە. یان ئەو بازرگانانەی سەر بە نەتەوەکانی

[402] Mignana, Alphonse (1927) Syriac influence on the style of the Kur´an Source: John Rylands Library Bulletin, Manchester, 1927, volume 11, pages 77-98. Pp87

تر. کە لە مەککە جێگیربوون. ئەوەش وایکردبوو، خەلکی مەککە بۆ پەیوندی باشتر، ووشە و چمکی ئەوزمانانە لە کاروباری ڕۆژانەیاندا بەکاربێنن. هەر بۆیەش ئەوزمانە تێکەڵاوە ببووەزمانی ڕۆژانەی بازاڕەکانی مەککە[403]. ئیجا لەزمانی کەنیسەو سیناگۆگ بێ، یان لە بازاڕی فرەزمانی مەککە بێ، باشترین ڕێگا بوو، کە نووسەری قورئان بەکاری بێنێ بۆ ئەوەی پەیامەکەی بگەیێنێتە خەڵکی مەککە، باتایبەتی قورەیش. هەر ئەوش بۆتە هۆی فرەزمانی لە قورئاندا. هەر ئەوزمانە بوو کە قورەیش وەک زمانی بازاڕ و کەنیسەو سیناگۆگ بەکاریان دەهێنا. زمانی دەربڕینی دەقەکانی قورئانیش بە هەمان شێوە، بەرهەمی ئەو زمانە تێکەڵاوەن. لەلایەکی تر سەرچاوەکانی چیرۆک و بەسەرهاتەکانی ناو قورئانیش بریتی بوون لە لیتورگی نەسرانییەکانی مەککە. دوای تۆمارکردنی سەرجەمی قورئان و تێپەڕینی ماوەیەکی زۆر، مانای زۆر شت لێلی تێکەوت. خەڵکی لەوزمانە بازرگانییە تێکەڵاوە نەدەگەیشتن. هەوڵیاندا ئەوزاراوەو ڕستانەی تێنەدەگەیشتن بە مەزەندە بیکەنە عەرەبی ستاندارد. هەر ئەوەش بووە هۆی پەیدا بوونی زۆرڕاڤەی هەڵە، بۆ لێکدانەوەی ووشەکانی ناو ئایەتەکانی قورئان، کە ووشەی بیانی بوون. ئەو فرەزمانییە لە قورئان وایکرد هەندێک لە لێکۆڵەرەوانی موسوڵمانیش ئاماژەی بۆ بکەن. ابو بکر الواسطی لە پەرتووکی (الإرشاد فی القراءات العشر) دەڵێ: قورئان بە پەنجازمانە. دوایی دەست بەژماردنیان دەکات. بێجگە لە عەرەبی، فارس، ڕۆم. نبط، حبشە و بەربەر وسریانی و عیبرانی و قبط و ...هتد.[404]
هەروەها إمام سیوطی باسی سی و هەشت زمان دەکات، بێجگە لە عەرەبی.[405]

---

[403] Luxenberg, Christoph (2007) The syro- Aramic Reading of the Koran. Acontribution to the Decoding of the Language of the Koran.

[404] عبدالکریم. خلیل (١٩٩٧) قریش من قبیلة الی الدولة المرکزیة. ص٢٠

[405] الشیخ الإمام جلال الدین عبدالحمن السیوطی الشافعی. الإتقان فی علوم القرآن . الجزء الأول ص ١٧٧

هەرچەندە لە زمان مەبەست ووشەی زمانە جۆراوجۆرەکانە. ئەو ئاماژە پێکردنە، لە خۆیا وەک پێکردن و دانپدانانە بۆ لێکدانەوەی مانای ئایەتەکانی زۆر شوێنی قورئان. نموونەیەکیتر کە زۆر جێگای سەرنجە، ئەوەیە عومەری کوڕی خەتاب لە وەڵامی پرسیارێکدا گوتی : قورئان تەنیا گەنجانی قورەیش دەینووسنەوە. [406] ئەگەر کەسێک بە قووڵی لێی ووردبێتەوە. و پرسیار بکات. دەبێ گەنجانی قورەیش کێ بن؟. هەر ئەوانەن کە ڕۆژانە لەو بازاڕە فرەزمانییەی ناوەڕاستی مەککە بەشداری گفتوگۆ و مامڵەتی بازرگانی دەبوون. زمانەکەشیان هەڵێنجراوی ئەو تێکەڵاویە بوو کە بە درێژایی مێژووی بازرگانی شاری مەککە. و تێپەڕبوونی خەڵکی نا عەرەب، ئەو زمانە تێکەڵاوە دروستبووە. دەبینین عومەر بەوەش ناوەستێ و هەمیشە دووپاتەی ئەوەی دەکردەوە، کە دروست نییە بێجگە لە زمانی قورەیش قورئان بەهیچ زمانێکیتر بخوێندرێتەوە. [407] هەڵبەتە ئەو شێوەزمانە تێکەڵاوە و زۆری ووشەی بیانی وایکرد، بە تێپەڕبوونی کات و دروستبوونی بناخەی زمانی عەرەبی، ئەو ووشەو چمکانەش نەمێنن. ئیتر تێگەیشتنیان بۆ خەلکی ببێتە شتێکی ئەستەم.

---

406 عبدالکریم. خلیل عبدالکریم. خلیل (١٩٩٧) قریش من قبیلة الی الدولة المرکزیة. ص ١٩

407 شاهین الدکتۆر عبد الصبور (٢٠٠٥) تاریخ القران ص ١١٢-١١٣

## ٢- کێشەی خاڵ و سەروبۆرلە تیپە ئارامییەکان

هەموو ئەو کەسانەی شارەزاییان لە مێژووی نووسینەوەی قورئان هەیە، دەزانن یەکەمین جار قورئان بە تیپی ئارامی نووسراوەتەوە. لەو سەردەمەشدا بە هیچ شێوەیەک خاڵ و سەروبۆر بۆ تیپە ئارامیەکان نەبووە. بۆیە نازانرێ، تیپەکانی هاوشێوەی وەک ح، خ، ج یان ت، ب، ث ... هتد. چۆن بووین، کە گۆڕانیان مانای ووشەکەش دەگۆڕێ. و خوێنەر تووشی سەرلێشێوان دەکات. سەرەڕای ئەوە (فتحە، کسرە، شدە، ضمە و سکون) لەسەر و ژێری تیپەکان چۆن بووین. کە مانای ووشەکانیان پێوە بەستراوەتەوە.

دەستنووسەکانی قورئانی، وەک هەموو نووسراوە ئارامییەکانی ئەو سەردەمە، بێ سەروبۆر بووین. تەنیا وێنەی ووشەکانی تێدابووە. هەرچەندە لە قۆناخی یەکەمی دەوڵەتی ئیسلامیدا، بە هۆی نزیکی خەڵکی لەیەکەوە. و بوونی ئەو کەسانەی قورئانیان لەبەر بووە. ئایەتەکان بەردەوام بە شێوەیزارەکی لەلایەن خەڵکی دووبارە دەکرانەوە. و لەلایەن خەڵکی کە لە بەریان بوو یان لە کۆڕ و دانیشتنی سەردەمی پەیامبەر بووین، پشتڕاست دەکرانەوە. بۆیە کێشە لە خوێندنەوە و تێگەیشتنی ئایەتەکان ئەگەر هەشبووبێ ئەوەندە گەورە نەبووە. بەڵام دوای پەرسەندن و فراوانبوونی سنووری دەوڵەتی ئیسلام، ئەوانەی قورئانیان لەبەربوو و یان هاوسەردەمی پەیامبەر بوون دەکوژران یان دەمردن. بەو شێوەیە تەنیا دەستنووسەکان مابوونەوە. کە تاکە سەرچاوەبوون، بۆ ئەوەی لەکاتی جیاوازی یان

هەڵە لە خوێندنەوە بۆیان بگەڕێنەوە. ئەو دەستنووسانەش بەبێ خاڵ و سەروبۆربوون.

لە شوێنە دوورەکانی وەک عێراق و شام. گرفتی تێگەیشتن و خوێندەوەی قورئانی بێ سەروبۆر تا دەهات گەورەتر دەبوو. خەڵکی جیاواز و شێوەزاری زۆر لەیەک دوور لە سێبەری دەستەڵاتی ئیسلام. کە هەم لە ڕووی زمانەوە و هەم لەڕووی وێنەی ووشەکان، تێگەیشتنی ببووە کارێکی ئەستەم. کە هەمیشە ناکۆکی لەسەر تێگەیشتنی ئایەتەکانی قورئان لە ناو موسوڵمانان دروست دەکرد. خەڵکی دەستنووسەکانی قورئانی سەردەمی خەلیفە عثمان کوڕی عفان (٤٧ پ.ک - ٣٥ کۆچی/ ٥٧٦-٦٥٦ زایینی) کە خەلافەتی لە ساڵانی نێوان (٢٣-٣٥ کۆچی بوو) کۆپی دەکرد و دەستاودەست لەیەکیان وەردەگرت. و بۆ لێکدانەوەی کێشە جیاوازەکان بۆی دەگەڕانەوە. کەچی زۆربەی جار بە هۆی نەبوونی سەروبۆر کێشەکان یەکلا نەدەبوونەوە.

ئەو کێشەیە هەروابوو، تا گەیشتە سەردەمی عبدالملك کوڕی مروان (٢٦-٨٦ کۆچی/ ٦٤٦-٧٠٥ زایینی). تا دەهات دەستنووسەکان زیاتر دەبوون و کێشە و ناکۆکییەکانیش زیاتر و گەورەتر دەبوون. حجاج کوڕی یوسف الثقفی (٤٠-٩٥ کۆچی/ ٦٦٠-٧٤ زایینی) لە ساڵی ٧٥ کۆچی بووە والی عێراق (بۆ ماوەی ٢٠ساڵ والی عێراق بوو).

حەجاج هەرزوو هەستی بەو گرفتە گەورەیە کردبوو. زۆر بە ڕەخنە بوو لە سەر خەتی نووسین و خوێندنەوەی عەرەبی. و ناکۆکی لە تێگەیشتنی نامە فەرمییەکان و بە تایبەتی قورئان. کە بۆ زۆر پرسی کۆمەڵایەتی و دینی چارەنووسساز بوون.  بۆیە پرسی: ئایا ناکرێ سەروبۆر بۆ تیپە هاوشێوەکان بکرێ. تا خوێندنەوەیان ئاسانتربێ؟ دوای ڕاوێژ لەگەڵ چەند کەسێکی تر، بڕیاری دا کە خاڵ و سەروبۆر لەسەرو ژێری تیپە هاوشێوەکان دابنێن. بۆ

ئەوەی بتوانرێ ئاسانتر و بەشێوەی ڕاست بخوێندرێنەوە. ئەوەبوو نصر بن عاصم ئەو کارەی گرتە ئەستۆ. لە زۆر سەرچاوە دا هاتووە کە ابو اسود الدولی یەکەم جار بەو کارە هەڵساوە و نصر بن عاصم لەو وەریگرتووە. هەڵبەتە ئەوەی نصر بن عاصم کردی، بە گشتی بۆ زمانی عەرەبی بووە. دواتر یحیی بن یعمر لە نصر بن عاصم بە مەبەستی نووسینەوەی قورئان وەریگرتووە. و سەروبۆری بۆ سەرجەم سورەتەکانی قورئان کردووە. ئەوەش زۆر کارئاسانی بۆ خوێندنەوە کرد و بووە ستانداردێک بۆ خوێندنەوە و نووسینەوە لە زمانی عەرەبی بەگشتی قورئان بەتایبەتی [408] بەڵام ئەو سەروبۆانە، تا چەند لە شوێنی خۆیانن. کە ماوەی نێوان کۆکردنەوەی قورئان لە سەردەمی عوسمان تا دەگاتە سەردەمی عبدالملک بن مروان و دانانی خاڵ و سەروبۆر بۆ ووشەکان خۆی لە نزیکەی پەنجا ساڵ دەدات؟؟.

## خاتم النبیین

لەوەتەی بەبیرمان دێ، لەماڵ، لە گفتوگۆی چایخانە و ووتاری مەلا لە مزگەوت و تا دەگاتە منارەو بەدەنگی بەرزی بڵندگۆکان، گوێمان لێدەبێ ئیسلام دوا دینە و محمدیش دوا پەیامبەری اللهیە. کە لێیان دەپرسی، بەچ بەڵگەیەک؟ خێرا ئایەتی ٤٠ لە (سورەتی الاحزاب) لە قورئان (خاتم النبیین)، وەک بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگر و زۆر بە دڵنیایی دێننەوە.

سورة الأحزاب ٣٣: ٤٠

---

408 الصلیبی، دکتۆر کمال. البحث عن مسیح قراءة جدیده فی الاناجیل

مَا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِنْ رِجَالِكُم وَلَكِنْ رَسُولَ اللهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ وَكَانَ اللهُ بِكُلِّ شَيءٍ عَليماً (٤٠)

محمد بلوکی هیچ کام له پیاوەکانی ئێوە نییە. بەڵام نێردەی خودایە و دوا نەبیە و خوداش ئاگاداری هەموو شتێکە (٤٠)

ئەوە لێکدانەوەی فەرمی دین و ڕاڤەکارانی دینی ئیسلامە.

هەڵبەتە پرسی کە پەیامبەر (دوا نەبی) یە، لە ناو دینەکان شتێکی نویٚ نییە. و تەنیا ئیسلام ناگرێتەوە. هەموو دینەکان بە شێوەیەک ئەو دەربڕینە دووبارە دەکەنەوە. دینی جولەکە بێجگە لە موسا، باوەڕیان بە هیچ پەیامبەرێکی تری لە دوای نییە. نە یەسو (عیسا) و نە محمد وەک پەیامبەر ناناسن. [409]کریستیانەکان باوەڕیان بە موسا هەیە، بەڵام لە دوای یەسو باوەڕیان بە هیچ پەیمبەرێکی تر نییە. پێیان وایە کە یەسو کوڕی خودایە و دوا نەبی بوو. ئیتر کەسیتر لەدوای ئەو نایە. و چاوەڕوانن کریستی (مسیح) چاوەڕوانکراو بگەڕێتەوە [410]. هەرچەندە بۆ ئەو دوو پەیامبەرە دەقێکی پەرتووکی پیرۆز یان ڕاستەوخۆ ئەو بۆچوونە پشتڕاست ناکاتەوە. ئەوەی کە دووبارەی دەکەنەوە بریتییە لەخوێندنەوە و ڕاڤەکردنی تێکستە پیرۆزەکان. تا بتوانن ڕەوایی ڕەها وەک پیرۆزییەکی هەتا هەتایی بە دینی خویان بدەن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دیاردەیە لە ناو دینەکانی تر، ئەو بۆچوونە بۆ ئیسلامیش شتێکی ئاساییە. کە موسوڵمانان محمد بە دوا پەیامبەر بزانن. تا بشتوانن نکۆڵی لە هاتنی پەیامبەرێکی تر بکەن. کەچی ئەوەی جیاوازی لە تێکستی قورئان هەیەو موسوڵمانان بۆ بەوگری لە دوا پەیامبەرایەتی محمد پشتی پێدەبەستن، ئایەتی ٤٠ سورەتی الاحزابە. کە

409 الحداد يوسف درة. القرآن دعوة نصرانية
410 هەمان سەرچاوە

سورەتێکی (مەدینە) مدنی/ دوای کۆچکردنە بۆ یەتروب. بە سەرنجێک لە سەرجەمی سوورەتەکانی ناو قورئان و ووردبوونەوەیکی بەراوردکارانە، بۆمان دەردەکەوێ، ئەو ئایەتە وەک منداڵێکی هەتیوە لە ناو قورئان. لە سەرجەمی ئایەتەکانی ناو قورئان، هیچ ئایەتێک یان ئاماژەیەکی تری لەم شێوەیە نادۆزرێتەوە. بەڵکوو تاکە ئایەتە ئاماژەی پێکردووە (خَاتَمَ النَّبِيِّينَ) و هیچیتر. بە پێچەوانەوە لە زۆر شوێنی تری قورئان باسی پەیامبەرانی تر کراوە. بە تایبەتی بە دەیان جار باسی ئیبراهیم و موسا و یەسو، بە شێوەی جۆراوجۆر کراوە. و ناویان هاتووە. کە تەواو پێچەوانەی چمکی ئەوئایەتەن.

## چمکی خاتم النبیین

تێگەیشتن لە چمکی ئایەتی (خاتم النبیین)، کلیلە بۆ کردنەوەی دوگایەک بۆ لێکدانەوەی ئایەتەکە، و گەیشتنە دەرئەنجامێکی گونجاو. چونکە نهێنی ماناکەی خۆی لەو دووزاراوەیە دا حەشارداوە. تەمومژی هەڵەی ڕاڤەکارانیش، دەگەڕێتەوە بۆ چۆنییەتی تێگەیشتنیان لەو دوو ووشەیە (خَاتَمَ و النَّبِيِّينَ). نازانرێ، کەی ئەو چمکە بەو شێوەیە (لە ڕووی مانا و گەرداندن) بۆتە ماڵ بەسەر قورئاندا. بەڵام دەبێ زۆر دوای مردنی محمد بووبێ. ئەگەر زووتر بوایە، ڕەنگە کەسانی نزیک پەیامبەر کاردانەوەیان بۆ ئەو لێکدانەوەیە هەبووایە. بۆیە کەس ناتوانێ و ناوێرێ ڕەخنەی لێبگرێ. وەک چمکێکی بەڵگەنەوێست هیچ کەس بیری لێناکاتەوە. بە درێژایی مێژووی سەروبۆری تیپەکانی عەرەبی بەردەوام بە (دوا نبی) دانراوە. ئەگەرچی ناکۆکی لە ماناکەیدا هەیە!! بۆیە لە نووسینە هەوڵ دەدرێ، لە هەردوو ووشەی (خاتم) و (نبیین) دەست پێبکەین.

١- ووشەی (خاتم)

هەر لە کۆکردنەوەی قورئان لە سەردەمی خەلیفەی سێیەم عوسمان کوڕی عفان. تا دەگاتە سەردەمی عبدالملک کوڕی مەروان کە پێشتر ئاماژەی پێکرا. بۆ نزیکەی پەنجا ساڵ قورئان بێ سەروبۆری بووە. و زیاتر بەپێی تێگەیشتن خوێندراوەتەوە. بۆیە سەختە بتوانین ئالتەرنەتیڤێک بۆ خوێندنەوەی ووشەکان بدۆزینەوە. بێجگە لە دەقی ئایەتەکە لە ناو قورئان، هیچ دۆکومێنتێکی ترمان لە بەر دەستدانییە، پشتڕاست یان ڕەتی بکاتەوە، تا بەراوردی پێ بکەین. هەر لەبەر ئەوە، ئایەتەکە چۆن لە قورئان داهاتووە. بەپێی ئەو نووسینەوەیە، بۆ لێکدانەوەی ووشەکانی (وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ) دەکرێتە سەرچاوە. ئەگەر وانەکرێ، ساخکردنەوەی دەبێتە شتێکی ئەستەم. بۆیە هەوڵدەدرێ بە ڕەچاوکردنی ئەو سەر و بۆرەی بۆیکراوە، هەر بەوپێیە لێکدانەوەیەکی زمانەوانی بۆ مانای ئایەتەکە بکرێ.

بەر لە هەموو شتێک با بزانین ووشەی (خاتم) لە زمانی عەرەبی، مانای/ماناکانی چین و لە کام بوار چ مانایەک دەدەن. دوایی کامە لە ماناکان گونجاوە بۆ دروستی و لۆژیکی ئەو ئایەتە.

بەپێی فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی ووشەی خاتم، (ئەوەندەی چنگ کەوتبێ) شەش مانای جیاوازی هەیە[411]. بەپێی ئەو بوارەی لێی بەکاردێ:

١. خاتم: کۆتایی، دوا. (هەروەک موسوڵمانان ئاماژەی بۆ دەکەن. کە محمد دوا پەیامبەرە).

٢. خاتم: ختم الادارة. مۆری کارگێڕی، بۆ ڕاستاندنی نامە یان دۆکومێنتی فەرمی کە ماکی ڕەسەنی پێبدات. لە هەمان کاتدا بۆ پشتڕاستکردنەوەی بابەتێک یان ڕاستاندنی (تصديق) شتێک بەکاردێ. ئەو زاراوەیە بە قسەش بۆلایەنگیری و پەسەندکردن یان ڕاستاندن و هاوڕابوون بەکاردێ.

[411] منجد اللغة و الاعلام، معجم لاروس، معجم الوسيط، معجم شمس العلوم، المعجم الغنى، معجم الرائد، لغة الفقهاء.

٣. خاتم: خاتم الزواج. ئالقەی هاوسەرگیری، ئەموستیلە، ئەنگوستیلە

٤. خاتم: پاکیزە (باکرە). کچ کە هێشتا سەرمۆر بێ و نەبۆبێتە ژن.

٥. خاتم: پەڵەی مووی سپی نێوچەوانی ئەسپ

٦. خاتم: قەتماخەی برین (پزیشکی)

ئەو مانایەنە بە تێکڕایی، لە ناو فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی، بۆ ووشەی خاتم دەستدەکەون. بەڵام ئەوەی بۆ ئەو نووسینە گرنگە، یەکەم و دووەمن. بەپێی لێکدانەوەی جیاجیا، دەکرێ جێگایان لێرە ببێتەوە. و ببنە بنەمایەک بۆ ساخکردنەوەی ماناکانیان و گونجانی لەگەڵ پەیامی ئایەتەکە. کە ئایا محمد دوا پەیامبەر بووە. یان محمد پەیامبەرەکانی تری (ڕاستاندووە) پشتڕاست کردۆتەوە.

بەپێی فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی (وَخَاتِمُ النبِين) بە کەسرە لەژێر (ت) دەکاتە دوا نەبی. لێرەدا خاتم بە دوا یان کۆتا دێ. بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەگەر فتحە لەسەر (ت) بێ، دەبێتە پشتڕاستکردنەوە یان ڕاستاندن. ئەو دەمە مانای ئایەتەکە بە تەواوی دەگۆڕێ و پەیامەکە دەبێتە پشتڕاستکردنەوە یان ڕاستاندن. لە فەرهەنگی (الغنی) بەو شێوەیە ڕوونی دەکاتەوە: (وضع خَاتَمٌ الادارة على قرارات جديدة)

جا ئەگەر سەیرێکی ئایەتەکە بکەین دەبینین بە فەتحە لەسەر (ت)یە )وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ [412]

یوسف درة الحداد بەو شێوەیە ڕوونی دەکاتەوە:

للفظ خاتم قراءتان :على الكسر (خاتِم: بمعنى خاتمة ألأنبياء. و(على الفتح) خاتَم (بمعنى ألة الختم) [413]

412 شاهين، الدکتۆر عبد الصبور (٢٠٠٥) تاريخ القران ص ١١٢-١١٣

413 الحداد يوسف درة. القرآن دعوة نصرانية

لێرەدا بەپێی زمانەوانی عەرەبی ستاندارد، ڕووندەبێتەوە کە مەبەست دوا نەبی نییە .بەڵکوو پشتڕاستکردنەوەی (ڕاستاندنی) نەبییەکانی ترە، و بەڕاستیان دەزانێ و پەیڕەوی ڕێگای ئەوان دەکات. ئەوەش ئەو بەڵگەمان دەداتێ کە لێکدانەوەی موسوڵمانان بۆ ووشەی خاتم تەنیا دووبارە کردنەوەیەکە، بەبێ گەڕان بە دوای سەرچاوە و ساخکردنەوەی زمانەوانی و گەیشتنە مانایەکی دروست.

٢- النبیین:

لە ناو دینە ئیبراهیمییەکان دوو زاراوە هەن کە هەم گرنگن و هەمیش ڕێزبەندییەک لە نێوانیاندا هەیە. بۆهەر پەیامبەرێک پێگا و ئاستی گرنگیان لە ناو دین دیار دەکا. ئەو دوو زاراوەیەش (نبی) و (رسول)ن.

أ- نەبی (النبیین) لە بنەڕەتدا ووشەیەکی کۆنی میسریە لەسەردەمی فیرعەونەکان بە مانای (سەرۆک) دێ. گشت فیرعەونەکانیش نازناوی نەبیان هەبووە. واتە سەرۆک یان سەوکردەی ئیمپراتۆرییەتی میسر. ئەوەش نیشانی دەدات کە فیرعەون نە خودابووە، و نە خۆشی بە خودا زانیوە. بەڵکوو سەرۆکی ئیمپراتۆرییەتێک بووە. ئەوەش پێچەوانەی دەقی ناو پەرتووکە دینییەکانە کە فیرعەون بە خودا دانرابێ. بەڵکوو سەرۆکی ووڵات بووە. ئەو ووشەیە تا ئێستاش لە ناوچەکانی ووڵاتی حەبەشە (ئەثیوبیا) بە هەمان مانا بۆ سەرۆک هۆز و خێڵەکان بەکاردێ.

لە ئەنجامی پەیوەندی و هاموشۆی نێوان بنی ئیسرائیل و میسر بە درێژایی زیاتر لە هەزار ساڵ، ئەو ووشەیەش هاتۆتە ناوزمانی عیبری. دوای هاتنی ووشەی نەبی بۆ ناوزمانی عیبری، ئەوا لە ڕووی زمانەوانیش بۆ گەردانن، فۆرمێکی نوێ وەرگرتووە، تا لەگەڵ زمانی عیبری

بگونجێ. ئەوەش لە ڕووی زمانەوانییەوە شتێکی ئاساییە. کاتێ ووشەیەک یان زاراوەیەک دێتە ناو زمانێکیتر، ئەوا لەڕووی زمانەوانییەوە دووبارە دادەڕێژرێتەوە تا فۆرمێکی لەبار لە زمانە نوێکەدا وەربگرێ. ووشەی نەبی وەک تاک: نبی و کۆیەکەشی دەبێتە: نبییم. زاراوەکەش مانا میسریەکەی وەک خۆی پاراستووە و لە زمانی عیبری بەهەمان مانا بەکاردێ. بەتایبەتیش وەک نازناوێک بۆ بنەماڵەی داود بەکارهاتووە. ئەوەش بەرەچاوکردنی کە بنەمالەی داود پاشا بووین، شتێکی ئاساییە، بە ناوی نەبی (سەرۆک) ناو ببرێن. [414]

بۆ بەرچاو ڕوونی وتێگەیشتنی ئاسانترلە گرفتەکە، لەناو بنی ئیسرائیل دوو بنەماڵە هەبووین. کە بە درێژایی مێژوو، بەشێوەیەکی هاوتەریب بەنی ئیسرائیلیان بەڕێوە بردووە. بنەماڵەی داود پاشا بووین و وولاتیان لە ڕووی سەربازی، ئابووری و کارگێڕی بەڕێوەبردووە. هەرچەندە دەسەڵاتی وولاتیان بەدەستەوە بووە، کەچی هەوڵیان نەداوە خۆیان تێکەڵی کاروباری دین بکەن [415]. بەرامبەر ئەوە بنەماڵەی لاوین هەڵگری لایەنی دینی یەهودی بووین و کاهینەکانی (عیبری:کۆهن) جولەکە لەو بنەماڵەیە بووین. بۆیە بە بنەماڵەی داود گوتراوە نەبی و بە بنەماڵەی لاوین و بە دیاریکراویش بنەماڵەی هاڕوون دەگوترا کاهن. کە بەپێی تەورات هاڕون یەکەمین کاهن بووە لە دینی جولەکە. [416]

دوای پەڕینەوەی ووشەی (نەبی) بۆ زمانی عەرەبی و بە دیاریکراویش قورئان تێکەڵاوییەک پەیدابوو. هەر ئەو تێکەڵاوییەش وایکردووە کە ووشەی (نبی) مانای بنەڕەتی خۆی

[414] الذیب، الدکتور سامی. الحوار المتمدن
[415] لە دوای مردنی نەبی داود و هاتنە سەر تەختی نەبی سولەیمانی کوڕی داود. لەبەر ناکۆکی و لەسەر جێنیشینی داود، بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتی خۆی دوژمنەکانی خۆی پاکتاوکرد. لەلایەک خزمەکانی خۆی لە ناو دەسەڵات پاکتاوکرد و لە ناو دینیش ناحەزەکانی خۆی پەراگەندەکرد
[416] الصلیبی دکتۆر کمال. البحث عن مسیح قراءة جدیده فی الاناجیل

لەدەست بدا. هەرچەندە نازانین نووسەری قورئان تا چەند لە ڕەگوڕیشەی مانای نەبی لە زمانی میسری و عیبری ئاگاداربووە. تا بتوانێ لە هێنانی بۆ ناو ئایەتەکانی قورئان، مانا بنەڕەتییەکەی ڕەچاوبکا.

ووشەی نەبی لە زمانی عەرەبی بەگشتی و لە قورئان بەتایبەتی ناوەرۆکێکیتری وەگرت. کە لە بواری گشتی دا بۆ هەواڵ گەیێن یان ئەوکەسەی هەواڵ پەخش دەکا (مذیع) بەکار دێ. و لە بواری دینیشەوە بە مانای گەیێنەری پەیامی دینی بەکار دێ. بۆیە لە ڕووی فۆرم و ناوەرۆک ووشەی نەبی ئەو ڕۆڵەی میسری و عیبری لەبەر داکەنرا و ڕۆڵ و ناوەرۆکێکی تری پێ بەخشرا. لە زاراوەیەکی فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردن، گۆڕا بۆ زاراوەیەکی کۆمەڵایەتی. و خزێنراوەتە ناو زۆر کایەی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگە. بەتایبەتیش ڕۆلی پیرۆز بۆ گەیێنەری پەیامی دینی و ئاراستەکردنی کاروباری کۆمەڵگە، بە گیانی خودایی بە ئاراستەیەکی دیاریکراو. [417]

لە ڕووی زمانەوانیشەوە ڕەچاوی گەرداندن بۆ (نەبی) لە ناو دەقەکانی قورئان نەکراوە. کە بەپێی زمانی عەرەبی ستانداردی هاوچەرخ دەبێتە (الانبیاء). کەچی لە (ئایەتی ٤٠ سوورەتی الاحزاب) نووسراوە (النبیین). ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، لەو سەردەمەی قورئان هاتووە زمانی عەرەبی ڕێزمانێکی جێگیری نەبووە. نووسەری قورئانیش لەبەر ناشارەزایی لە ڕێزمانی عەرەبی یان هەرهۆیەکی تر.ڕەچاوی ئەوەی نەکردووە. دەق (کۆی:نبییم)ی عیبری وەگرتووە. تاکە شت کە گۆڕانی بەسەردا هاتبێ، لە عیبرییەکە کۆ بە تیپی (م) تەواو دەبێ لە قورئان بۆتە (ن). جا ئەگەر بە پێی ڕێزمانی عەرەبی لێکی بدەینەوە، دەبێتە دوو نەبی نەک کۆ. کە دەبوایە (الانبیاء) بوایە. [418]

---

[417] الذیب، دکتۆر سامی. الحوار المتمدن
[418] هەمان سەرچاوە

ب.رسول

ووشەی رسول: بە مانای نێردە یان پەیامبەر دێ. زاراوەیەکی بەرزترە لە نەبی. بەو پێیەی نێردەی خودایە بۆ خەڵک. لە سایتی (الإسلام سوأل و جواب). کە سایتێکی دیندارەکانە. هەمیشە خەریکی پینەو پەرۆیە بۆ قورئان و حدیسەکان. بە ڕاشکاوی دان بەوەدا دەنێ و دەنووسێ ( کل رسول فهو نبی، و لیس کل نبی رسول) واتە گشت نێردەیەک نەبیە، بەڵام گشت نەبیەک نێردە نییە.

لێرەدا پرسیارێک سەر هەڵدەدا. ئایا بۆ لەناو ئایەتەکەدا دوارسول نەبوو؟ کە پلەی لە نەبی بەرزترە. لە جیاتی (خاتم النبیین) بنووسرایە (خاتم المرسلین). هەرچەندە بە ڕەچاوکردنی (خَاتَمَ)، هێشتا ناتوانێ مانای دوا نێردە بدات. کەچی دیالۆگ و هەڵوێستەکان سەبارەت بەو ئایەتە بە شێوەیەکیتر دەبوون. تەنانەت لە صحیح مسلم دەنووسێ: (وإنما قال خاتم النبیین ولم یقل المرسلین) [419]

لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە پێی کەلەپووری ناوچەکە دەبێ ١٢٤ هەزار نەبی هاتبن. ئەگەر بەپێی زمانی میسری و عیبری لێکی بدەینەوە. ژمارەکە هەندێک لۆژیکی تێدایە و دەبێتە جێگای متمانە. بە ژماردنی گشت فیرعەون و سەرۆک و پاشا و میرەکان و سەرۆک خێل و هۆزەکانی ئەو ناوچەیە ڕنگە ئەو ژمارەیە دەربچێ!. ئەوکاتە مرۆڤ هەست دەکا، لۆژیکێک لەم ژمارە زۆرە دا هەیە. کەچی نەبی ئەو ڕۆڵە پیرۆزەی نامێنێ کە لە زمانی عەرەبی بەبەری دابڕاوە. وەک ئەوەی لێدێ بڵێی ١٢٤ هەزار سەرۆک هەبووین. بەڵام ئەگەر ئەو ژمارەیە بە نەبی (پەیامبەر) دابنێین. وەک لە زمانی قورئان هاتووە، ئەوا بە لێکدانەوەیەکی بیرکاری

---

419 صحیح مسلم. للامام ابی الحسین مسلم بن الحجاج القشری النیسابوری المتوفی ٢٦١ هجریة. مع شرحه المسمی اکمال اکمال المعلم، للامام ابی عبدالله محمد بن خلفه الوشانی الاتی المالکی. الجزء الاول، ص ٣

ساده بۆمان دەردەکەوێ شتێکی ناهاوسەنگە و هیچ لۆژیکێکی تێدا نابێ. بۆیە ناتوانێ جێگای متمانەبێ.

گریمان با وای دابنێین هیچ نەبی تر نایە، محمد دوا نەبی بوو. باشە بەڵام ڕێ لەوە ناگرێ نێردەیەک (رسول) بێت، لەبەر ئەوە لە قورئان باسی ئەوەی نەکردووە کە دوا نێردەیە. و نێردەش ڕاستەوخۆ پەیامبەری خودایە، واتە لە هەمان کاتدا نەبییە. هەر لە هەمان سایتی (الإسلام سوأل و جواب) دەنووسێ (محمدرسول اللهیە، بۆیە بێگومان نەبیە). ئەی باشە ئەگەر نێردەیەکی (رسول) تر هات، ئەو کاتە چی دەبێ؟ بێگومان ئەویش رەسولە،ڕاستەوخۆ نەبییە. لەو کاتەدا ئایەتەکە چ گرنگییەکی دەمەنێ؟ کاتێ رسول بێ، پێویستی بە مۆڵەتی کەس نییە. لەبەر ئەوەی نێردەیە (رسول) و پلەی لە نەبی بەرزترە. ئیتر ئەو ئایەتە بێکار دەمێنێ و وەک موسوڵمانەکان دەڵێن (نەسخ) دەبێ. چونکە نێردە هاتووە و ئاستی لە نەبی بەرزترە و ڕاستەوخۆ نەبیە. [420]

خاتم النبيين لە حەدیس و ڕیوایەت دا

حەدیس و روایەت، بە شێوەیەکی گشتی دوو بواری زۆر گرنگن بۆ موسوڵمانان، کە هەمیشە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئایەتێک یان هەڵوەرجێکی کۆمەڵایەتی، یان دینی پشتییان پێدەبەستن. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرتەماوین. ناکرێ بە لێبڕاوی جێگای متمانەبن. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دووری ماوەی نێوان مردنی پەیامبەر و دەستپێکی کۆکردنەوەی حەدیسەکان. یەکەمین جار ساڵی ٨٤٠ س.ب لەلایەن ابن سعد (١٦٨-٢٣٠ ک/ ٧٨٤-٨٤٥ ز)

[420] الإسلام سوأل و جواب

حەدیسکان لە پەرتووکێک بەناوی (کتاب الطبقات الکبیر) لە ١١ بەرگ دا کۆکرانەوە، کە بە (الطبقات ابن سعد) نلسراوە.

دوای ئەو بخاری (محمد بن اسماعیل البخاری ١٩٤-٢٥٦ ک/ ٨١٠-٨٧٠ ز) لە ساڵی ٨٦٩ ز صحیح البخاری نووسراوەتەوە.

لە دوای بوخاری، مسلم (إمام أبی الحسین مسلم بن الحجاج القشری النیسابوری ٢٠٦-٢٦١ ک ٨٢٢-٨٧٥ ز) لە ساڵی ٨٧٤زایینی حەدیسەکانی پەیامبەری لە پەرتووکێک بەناوی (صحیح مسلم) بڵاوکردەوە.

ئەگەر سەیرێکی ئەوە بکەین کە محمد ساڵی ٦٣٢ س.ب مردووە. کەواتە یەکەم کۆکردنەوەی حەدیسەکان ٦٣٢-٨٤٠ دەکاتە ٢٠٨ ساڵ دوای مردنی محمد بووە. هەڵبەتە ئێمە نازانین تا چ ڕادەیەک بوخاری سوودی لە (الطبقات ابن سعد) وەریگرتووە. ئەگەر وەرینەگرتبێ، ئەوە دەکاتە ٢٣٧ ساڵ دوای مردنی محمد. هەر هەمووشی متمانە لەسەر ئەو کەسانە دەکەن، کە لە کەسانیتر بیستوویانە ئەوانیش لە کەسانی تر بیستوویانە [421] سەرجەمی گێڕانەوەکانیش بریتین لە دەستی چوارەم و پێنجەم و هتد. لەلایەکیتر بە هەموو شێوەیەک ماوەی زیاتر لە ١٥٠ ساڵ دوای دانانی سەروبۆر و جێگیربوونی نووسین و خوێندنەوەی زمانی عەرەبی.

کەواتە چۆن بزانین دروستکراو نیین؟ ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی ئیگنێس گۆڵدیزەر (١٨٥٠ – ١٩٢١س.ب) دەڵێ ناتوانین بڵێین هەر حەدیسێکی صحیح محمد گوتوویەتی. لەبەر ئەوەی دروستکردنی حەدیس بەناوی پەیامبەر، تا هاتنی دەوڵەتی عەباسیش هەر بەردەوام بوو. خەلیفەکانی عەباسی دەیانەویست بەهانە بۆ زەوتکردنی دەستەڵات لە ئەمەوییەکان

[421] شاهین، الدکتۆر عبد الصبور (٢٠٠٥) تاریخ القران ص ٩١

بێننەوە. داوایان لە زانا دینییەکان دەکرد، حەدیس دابنێن، کە پشتیوانی لەوان بکات و لۆمەی ئەمەویەکان بکات. تا ڕەوایی بە دەوڵەتی عەباسی دژی ئەمەوییەکان بدا. جا بیری لەبکەرەوە، یەکەم دەوڵەتی عەباسی لە ساڵی ١٣٢کۆچی٧٥٠/ س.ب دامەزرا. بەو پێیە بخاري بەزیاتر لە ١٠٠ ساڵ دوای دامەزرانی دەوڵەتی عەباسی صحیحی نووسیوە. کەواتە مەحاڵە، لە پڕووشکی شەڕە حەدیسی نێوان عەباسی و ئەمەوی دەربازبووبێ. هەندێک لەحەدیس گێڕەوەکان تا سێ سەد هەزار حەدیسیان کۆکردبووەوە. هەر ئەو کەسەی کۆیکردۆنەتەوە. لەناو حەدیسەکانی خۆی، هەندێکیان ڕێک دژی هەندێکیتریان بوون. جا ئەگەر خەڵکێک بە درۆ حەدیس بەناوی محمد دروستکرد، کەواتە بە هەمان شێوە لە پێناوی دەستەڵات و بەرژەوەندی هەڵوەرجەکان، بە دەیان و سەدان ئایەتی قورئانیش دروستکراون [422] ئەو قسانەی گولدزیەر بۆ هەردووک قورئان و حەدیسەکانی پەیامبەر ڕەوایە. کە دەتوانرێ لێکدانەوەی زۆری بۆ بکرێ. و زۆر پرسیار لەخۆ دەگرێ!!. بەڵام جێگای ئێرە نییە.

بۆیە هەر حەدیسێک دەبێ زۆر بەگومانەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ. بەلای کەم، لە دوو ڕوانگەوە لێی ووردبینەوە.

یەکەم شێوەی گێڕانەوەی و بەراوردکردنی لەگەڵ حەدیسەکانی تری پەیامبەر، بۆ دڵنیابوون لە شێوەی داڕشتن و دەربڕینی.

دووەم بۆنەی هاتنی حەدیسەکە. کە لە خۆیەوە خاڵێکی گرنگە. ئەوەش بە ڕەچاوکردنی دووری ماوەی نێوان مردنی پەیامبەر و گێڕانەوەی حەدیسەکە.

---

[422] Goldziher, Ignas (1969) Muslim Studies (Muhammedanische Studien). Volume 1

سەرەڕای ئەوەی، هەروەک گولدێزەر ئاماژەی پێدەکا. ڕەنگە بە مەبەستێکی سیاسی دروستکرابن. بۆیە دەبێ هەڵومەرجی تۆمارکردنی لەگەڵ باری سیاسی و کۆمەڵایەتی لایەنە ناکۆکەکانی ناو ئیسلام هەڵسەنگێندرێ. هەر بۆیە ناتاونرێ بە ئاسانی بکرێتە سەرچاوە بۆ لێکۆڵینەوە و متمانەی پێ بکرێ.

سەرەڕای گومان لە لێکدانەوەی مانای حەدیسەکەش، دەبێ هەروەک چۆن لە شێوەی لێکدانەوەی ئایەتەکانی قورئان بە گومان بووین، بۆ حەدیسەکانیش بەهەمان شێوە بەگومان بین. ئەوەش دیاردەیەکە ڕووچۆتە ناو قووڵایی دەقەکانی هەردوو قورئان حەدیسەکان.

با لە بخارییەوە دەست پێبکەین:

لە صحیح بخاری (١٨- باب خاتم النبيين صلى الله عليه وسلم) دوو حەدیس هەن. هەردووکیان لە دوای یەک هاتوون کە هەمان حەدیسن بە گێڕانەوە لەلایەن دوو سەرچاوەی (کەسانی) جیاواز.

حەدیسی یەکەم ژمارە:٣٥٣٤ – حدثنا محمد بن سنان: حدثنا سليم: حدثنا سعيد بن ميناء، عن جابر بن عبد الله رضي الله عنهما قال: قال النبي صلى الله عليه وسلم) :مثلي ومثل الأنبياء، كرجل بنى دارا، فأكملها وأحسنها إلا موضع لبنة، فجعل الناس يدخلونها ويتعجبون ويقولون: لولا موضع اللبنة. [423]

[423] صحيح البخاری للامام ابی عبدالله محمد بن اسماعيل البخاری ١٩٣ -٢٥٦ هجری. طبعه جديده مضبوطه و مصححه و مفهرسه. دار ابن كثير. دمشق -بيروت. طبعه الاولى ١٤٢٣ هجری -٢٠٠٢ م حديث رقم: ٣٥٣٤

٣٥٣٤ هەروەک من و نەبیەکانی پێش من. وەک ئەو پیاوەی خانوێکی دروستکرد. باشتری کرد و جوانکاری تێداکرد. بێجگە لەیەک خشت لە گوشەیەک. خەڵکی سەری لێدەدا. و پێی سەرسام بوون. پێیان دەگوت: ئەگەر ئەو خشتە دانەنرایە!.

حەدیسی دووەمژمارە ٣٥٣٥ – حدثنا قتيبة بن سعيد: حدثنا إسماعيل بن جعفر، عن عبد الله بن دينار، عن أبي صالح، عن أبي هريرة رضي الله عنه: أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال) :إن مثلي مثل الأنبياء من قبلي، كمثل رجل بنى بيتا، فأحسنه وأجمله إلا موضع لبنة من زاوية، فجعل الناس يطوفون به، ويعجبون له ويقولون: هلا وضعت هذه اللبنة؟ قال: فأنا اللبنة، وأنا خاتم النبيين. [424]

٣٥٣٥ هەروەک من و نەبیەکانی پێش من. وەک ئەو پیاوەی خانوێکی دروستکرد. باشتری کرد و جوانکاری تێداکرد. بێجگە لەیەک خشت لە گوشەیەک. خەڵکی سەری لێدەدا. و پێی سەرسام بوون. پێیان دەگوت: ئەگەر ئەو خشتەشت دانابوایە؟. گوتی: من ئەو خشتەم. من دوا نەبیم.

حەدیسی یەکەم گێڕانەوەیەکی سادەی وەک پەند وایە. کۆتاییەکەشی ناتەواە. کەچی لە حەدیسی دووەم، کە هەمان گێڕانەوەیە. تەنیا دوو ووشەی لەسەر زیادکراوە.

لێرەدا گومان لەسەر بنەڕەتی حەدیسەکە دروست دەبێ. دوو گێڕانەوەی جیاواز لەیەکتری دوو پەیامی زۆر جیاواز. ئەوەی جێگای گومانە، یان هەردوو حەدیسەکە دروستکراون. چونکە یەکەم لەنگی لە کۆتایی حەدیسەکەدا هەیە. دووەمش هەر هامەنە و

424 صحيح البخاری للامام ابی عبدالله محمد بن اسماعيل البخاری ١٩٣ -٢٥٦ هجری. طبعة جديده مضبوطة و مصححة و مفهرسة. دار ابن كثير. دمشق -بيروت. طبعه الاولى ١٤٢٣ هجری -٢٠٠٢ م حديث رقم: ٣٥٣٥

دەستکاریکراوە و کۆتاییەکەی لێ زیاد کراوە. ئەگینا ئەگەر ڕاستبوایە دەبوایە هەردووک حەدیسەکە یەکتری پشتڕاستکەنەوە. بۆیە ناکرێ هیچ لە حەدیسەکان جێگای متمانە بن. بەتایبەتی حەدیسی دووەم ٣٥٣٥ (قال :فأنا اللبنة، وأنا خاتم النبيين)زیادکراوە و کە لەگەڵ تەواوی پەیامی حەدیسەکانی پەیامبەر ناکۆکە.

سەبارەت بە صحیحی موسلم ئەوە هەرماڵی وێرانە. لە پێشەکی صحيح مسلم ( نووسیویەتی :(قوله خاتم النبيين) بفتح التاء و كسرها هو اخرهم، فلانبى بعده. و انما قال خاتم النبيين ولم يقل المرسلين.[425]

مسلم بێ گوێدانە ڕێزمانی عەرەبی و ڕۆڵی کسر و فتح. بڕیاری خۆی دەدات. کە بەهەردووک کسر خاتِم: و فتح خاتَم هەر دوا نەبییە ( پێت خۆش بێ یان نا هەر ئەوەیە!!). ئەوەش ڕێک پێچەوانەی ڕێزمان و فەرهەنگی عەرەبیە. کە (کسر و فتح) دوو مانای تەواو جیاواز بە ختم دەبەخشن. هەرچەندە دان بەوەش دادەنێ کە دەڵێ (دەڵێ خاتم النبيين، ناڵی خاتم المرسلين). بۆیە مسلم لە دوولاوە بە هەڵە داچووە. یەکەم لایەنی ڕێزمانی کە جیاوازی لە نێوان سەروبۆری فەتح و کەسر نەکردووە. دووەم دەنووسێ: ئەو گوتوویەتی خاتم نەبی و نەیگوتووە خاتم المرسلين. ئێ باشە ئەگەر نێردە نەبێ، بۆ نەبی بێ؟ ئەوەش وامان لێدەکا نەتوانین متمانە بەو بۆچوونەی مسلم بکەین. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ناڕاستی لە گێڕانەوەی حەدیسەکانی صحیحی موسلم، با حەدیسێکی تری بێنینەوە، بۆ بەراوردکردن، لەسەر دروستی گێڕانەوەکانی: هەرچەندە ئەو حەدیسە سەبارەت بە هەڵومەرجێکی ترە. بەڵام مەبەست لێرە ئاماژەکردنە بە نالۆژیکی حەدیسەکان و تا چەند جێی متمانەن.

---

[425] صحيح مسلم. للامام ابى الحسين مسلم بن الحجاج القشرى النيسابورى المتوفى ٢٦١ هجرية. مع شرحه المسمى اكمال اكمال المعلم، للامام ابى عبدالله محمد بن خلفه الوشانى الاتى المالكى. الجزء الاول، ص ٣

٢٧٦٧-عن أَبي موسى رضي الله عنه، عن النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قال:
يجيء يوم القيامة ناس من المسلمين بذنوب أمثال الجبال، فيغفرها اللهُ لهم ويضعها على اليهود والنصارى. [426]
٢٧٦٧ نەبی دەڵێ: ڕۆژی قیامەت دێ خەڵکی موسوڵمان بەووێنەی چیا تاوان دەکەن، خودا لێیان خۆش دەبێ تاوانەکان دەخاتە سەر یەهودی و نەسارییەکان.

بە ووردبوونەوەیەک لەو حەدیسە و بەراوردکردنی لەگەڵ ئایەتەکانی قورئان و حەدیسەکانی تری پەیامبەر. نالۆژیکی و بێمانایی لەو دوو دەربڕینەی مسلم بە ڕاشکاوی دیارە. هەر زوو مرۆڤ تێدەگات، ئەو حەدیسە دروستکراوە. لە بەر ئەوەی هەم لە قورئان و هەم لە حەدیسەکانی تری پەیامبەر، ئەو دوو دینە بە (أهل الكتاب) دادەنێ و بە دینی ڕەوای خودا دەیانژمێرێ. چۆن لە یەک حەدیس، بە بێ هیچ هۆیەکی لۆژیکی خراپەکارییەکانی موسوڵمانان بخرێنە سەر شانی ئەوان؟ ئەگەر دینی ئیسلام و پەیامبەرەکەی سەرڕاستبن، دەبوایە یان لە سەرجەمی قورئان و حەدیسەکان یەهودی و نەسرانییەکان ڕەتکەنەوە. یان وەک دینێکی الله چاولێبکرێن. نەک هەرچی بن هەر خراپەکارن. جا ئەگەر ئەو حەدیسە هی محمد بێ، ئەوا دوو فاقیی لە کردار و ڕەفتارەکانی داهەیە. ئەگینا ناتوانین متمانە بە دروستی ئەو حەدیسە بکەین.

سەرەڕای ئەوە هەمان ئایەتی ٤٠ سوورەتی الاحزاب، بە ریوایەتێکی عائیشە هەردوو حەدیسەکانی بخاری و موسلم ڕەتدەکاتەوە.
هەرچەندە ئەو ڕیواتەش بە دوو شێوە لەلایەن کەسانی جیاوازەوە گێڕدراوەتەوە، کەچی هەمان پەیامە:

[426] صحيح مسلم. للامام ابى الحسين مسلم بن الحجاج القشرى النيسابورى المتوفى ٢٦١ هجريه. (وهو ثانى كتابين، هما أصح الكتب المصنفة). الجزء الاول، خادم الكتاب و السنه محمد فواد عبدالباقى. دار الكتب العلميه بيروت- لبنان. حديث رقم:٢٧٦٧

رواه إبن أبي شيبة في مصنفه عن جرير بن حازم: "حَدَّثَنَا حُسَيْنُ بْنُ مُحَمَّدٍ ، قَالَ : حَدَّثَنَا جَرِيرُ بْنُ حَازِمٍ ، عَنْ عَائِشَةَ ، قَالَتْ : قُولُوا : "خَاتَمُ النَّبِيِّينَ , وَلا تَقُولُوا : لا نَبِيَّ بَعْدَهُ". [427]

له عائیشه دەگێڕنەوە کە گوتوویەتی: بڵێن ڕاستێنەری نەبیانە ، و نەڵێن هیچ نەبی لەدوای ئەو نییە.

دواتر له تفسیر یحیی بن سلام لەوەش زیاتر دەڕوات، بەڵکوو عیسا بە دوا نەبی دادەنێ.

رواه يحيى بن سلام عن الربيع في تفسيره: "الرَّبِيعُ بْنُ صُبَيْحٍ، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ سِيرِينَ، عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: لا تَقُولُوا: لا نَبِيَّ بَعْدَ مُحَمَّدٍ، وَقُولُوا: خَاتَمُ النَّبِيِّينَ ، فَإِنَّهُ يَنْزِلُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ حَكَمًا عَدْلا وَإِمَامًا مُقْسِطًا، فَيَقْتُلُ الدَّجَّالَ، وَيَكْسِرُ الصَّلِيبَ، وَيَقْتُلُ الْخِنْزِيرَ، وَيَضَعُ الْجِزْيَةَ، وَتَضَعُ الْحَرْبُ أَوْزَارَهَا". [428]

بە هەمان شێوەی پێشتر لە عائیشە دەگێڕنەوە کە گوتوویەتی: مەڵێن هیچ نەبی دوای محمد نیە، و بڵێن ڕاستێنەری نەبیانە. ئەوە یەسوی کوڕی مریەمە دادەبەزێ. و دادوەری ڕەوا دەکا و ئیمامێکی ڕەوایە، دەجال دەکوژێ، خاچ دەشکێنێ و.... هتد. عائیشە مەبەستی گەڕانەوەی یەسوە، وەک نەسڕییەکان (کریستی چاوەڕوانکراو) دێتەوە. کە لە ئیسلامیش بە ناوی (مهدی منتظر) ناو دەبرێ.

ئەوەی جێگای هەڵوێستەکردنە لەو ڕیوایەتە ئەوەیە، کە ئەو بۆ چوونە پشتڕاستدەکاتەوە کە ئیسلام و پەیامەکەی لە قۆناخی سەرەتادا لەژێر کاریگەری بەهێزی نەسرانییەکاندا بووە.

---

[427] أبو بكر عبد الله بن محمد بن أبي شيبة الكوفي. المصنف في الأحاديث والآثار،، 5/336، الطبعة الأولى، 1409، مكتبة الرشد – الرياض، تحقيق : كمال يوسف الحوت. حديث 26653

[428] يحيى بن سلام بن ابي ثعلبه).١٢٤ - ٢٠٠هجرى ٧٤٢ -٨١٥ م (تفسير يحيى بن سلام. سُورَةُ الأَحْزَابِ، تَفْسِيرُ سُورَةِ الأَحْزَابِ. ٥١٩

محمد ئەو پایە بەرزەی نەبووە کە لە ڕوانگەی دینییەوە، بتوانێ وەک نێردەی خودا ببینرێ. بەڵکوو ئەو کەسە کریست (مەسیح) بووە. وەک عائیشە گوتەنی دەگەڕێتەوە و جیهان ڕزگار دەکات. بۆیە ناکرێ کەسایەتی محمد وەک دوانەبی ببینرێ.

بە لێکدانەوەیەکی گشتی بۆمان دەردەکەوێ کە لە سەرجەمی پەرتووکەکانی صحیح چەواشەکاری تێدایە. جا ئەو چەواشەکارییە، دەبێ لە دوو ڕووەوە تێی بڕوانین:

یەکەم ڕاڤەکاران و کۆکەرەوەی حەدیسەکان پابەند بووین، بەو مانایەی بەسەر خاتم دابڕاوە. و بۆتە کولتوورێکی باو کە ڕاڤەکاران، ئەگەر هەستیشیان بە هەڵە کردبێ، نەیان وێراوە گوزارەی تری بۆ بکەن.

دووەم لە ئەنجامی دروستبوونی هەڵومەرجی سیاسی کە وایکردووە حەدیس و ڕیوایەت لە بەرژەوەندی لایەنێکی سیاسی دەستەڵاتدار دروستبکرێن. ئەگینا ناکرێ ئەو کەسانەی وەک پسپۆر لە بوارێکدا کار دەکەن. هەڵەی وا ئاشکرایان لەسەر تێبپەڕێ و کاردانەوەیان نەبێ.

جا لە هەربارێک دابێ. و بە هەر هۆیەک بووبێ، بە هەڵە لێکدراوەتەوە. بۆیە وادەکات متمانەیان پێ نەکرێ. ئەوەی کە دەتوانرێ بگوترێ، ناکۆکی نێوان دەربڕینەکان ناتوانن ڕاستی بشارنەوە. سەرەڕای ئەوەش زمانی ئەو سەردەمەی محمد تێیداژیاوە.زمانێکی تێکەڵاو بووە کە تێگەیشتنی کردۆتە کارێکی ئەستەم.

بەراوردێک لە نێوان ئایەتی ٤٠، سورەتی الاحزاب لەگەڵ چەند ئایەتی تر

با لە چەند ئایەتی تری قورئان وردبینەوە و لەگەڵ ئەو ئایەتە دا بەراوردیان بکەین. تا بتوانین بگەینە ئەنجامگیرییەک بۆ مەبەستی (خاتم النبیین). نووسەری قورئان لە چەندین

شوێن له قورئان پەیڕەوی (اتباع)ی خۆی بۆ یەسو دووپاته دەکاتەوە ( وقفينا بعيسى) (البقره ٨٧، المائده ٤٩، الحديد ٢٧) واتای ئەو ئایەته (قفينا من بعده بالرسل) ووشەی (قفينا) دەکاته (اتبعنا). واته پەیڕەوی پەیامبەری ئەومان لەدوای خۆیکرد. هەروەها له سورەتی الصافات ئایەتی ٣٧ سەبارەت بە محمد هاتووه دەڵێ:

سورة الصافات ٣٧: ٣٧

بَلْ جَآءَ بِٱلْحَقِّ وَصَدَّقَ ٱلْمُرْسَلِينَ (٣٧)

بەڵکوو ئەو ڕاستی لەگەڵ خۆی هێناو و بڕواشی به پەیامبەرانی خوداکرد.(٣٧)

سورة البقره ٢: ٨٧

وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ وَقَفَّيْنَا مِنْ بَعْدِهِ بِالرُّسُلِ وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ أَفَكُلَّمَا جَاءَكُمْ رَسُولٌ بِمَا لَا تَهْوَى أَنْفُسُكُمُ اسْتَكْبَرْتُمْ فَفَرِيقًا كَذَّبْتُمْ وَفَرِيقًا تَقْتُلُونَ (٨٧)

ئێمه پەرتووکمان بۆ موسا نارد و چەند پەیامبەری تریشمان بەدوایدانارد. چەندین بەڵگەی ئاشکراشمان دایه عیسای کوڕی مریەم. له گیانی پیرۆزی خۆشمان یارمەتیمان دا. تاکو ئێستا هەر پەیامبەرێکتان بۆ هاتبێ و بانگهێشتی کردبێ، ئێوه به دڵتان نەبووە و، خۆتان لەو به زلترزانیوه. بەهەندێکتان گوت درۆزن. هەندێکیشتان هەر کوشتن (البقره ٨٧)

سورەتی الحديد ٥٧: ٢٧

ثُمَّ قَفَّيْنَا عَلَى آثَارِهِم بِرُسُلِنَا وَقَفَّيْنَا بِعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ وَآتَيْنَاهُ الإِنجِيلَ وَجَعَلْنَا فِي قُلُوبِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُ رَأْفَةً وَرَحْمَةً وَرَهْبَانِيَّةً ابْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَاهَا عَلَيْهِمْ إِلاَّ ابْتِغَاءَ رِضْوَانِ اللَّهِ (٢٧)

دوای ئەوان زۆر پەیامبەری ترمان نارد. دوای ئەوانیش عیسای کوڕی مریەممان نارد و ئینجیلمان پێ بەخشی. سۆز و میهرەبانیشمان خستە دڵی پەیڕەوانی. ئەو ڕەبەنیەش کە هەیانە ئێمە بۆمان نەنووسیون، بۆ خۆیان دایان هێناوە. ئەو کارەشیان بۆ ڕەزامەندی خودا بوو. ( ٢٧)

تەنانەت لە سورەتی یونس، نووسەری قورئان پاکانە بۆ ئەوە دەکا کە قورئان باوەڕی بە پەرتووکەکانی تر هەیە. لێرەدا دەیەوێ پەرتووکەکانی تر واتە تەورات و ئینجیل، بکاتە بارمتە بۆ پشتیوانی کردنی قورئان، تا وەک پەرتووکێکی خودایی وەربگیرێ:

سورة یونس ١٠: ٣٧

وَمَا كَانَ هَـٰذَا الْقُرْآنُ أَن يُفْتَرَىٰ مِن دُونِ اللَّهِ وَلَـٰكِن تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ الْكِتَابِ لَا رَيْبَ فِيهِ مِن رَّبِّ الْعَالَمِينَ (٣٧)

ناکرێ ئەو قورئانە هی خودا نەبێ و هەڵبەسترابێ. کەچی ئەم قورئانە باوەڕ بەوە دەکات کە پێشتر هاتووە و ئێستاش لەبەر دەستدایە و ڕوونیشی دەکاتەوە. هیچ گومانی تێدانییە، لەلایەن پەروەردگاری گشت جیهانەوە هاتووە (٣٧)

هەڵبەتە زۆر ئایەتی تر هەن، کە بەهەمان شێوە محمد پاکانە دەکات و دەیەوێت هەردوو موسا و یەسو و پەرتووکەکانیان بکاتە گەواهی. تا ڕەوایی بە خۆی و قورئانەکەی بدا. بەڵام بە مەبەست ئەو چەند ئایەتە هەڵبژێردراون. بۆ ئەوەی نیشانی بدەین کە بەپێی کرۆنۆلۆژیای مێژوویی نووسینەوەیان، گرفتەکە هێشتا گەورەتر دەبێ. لەبەرئەوەی ئەو ئایەتانە تێکەڵاون لە نێوان سورەتەکانی مەککە (مکی) و مەدینە (مدنی). بۆ نموونە ئایەتەکانی (سورة الأحزاب، سورة البقره و سورة الحدید) هەرسێکیان سورەتی (مدنی) واتە دوای کۆچی محمد بۆ مدینە

نووسراون، هەردوو سورەتی (سورة الصافات وسورة یونس) مکی ین. کەواتە لە ناوەڕاستی مکی و مدنی ئەو ئایەتە هاتووە و ئیتر هیچ جارێکی تر نەهاتووتەوە. گریمان ئەگەر تەنیا سورەتەکانی مکی بان ئەوە موسوڵمانان دەیانگوت (منسوخ)ن. بەڵام دەبینین ئایەتی (مدنی) ش هەن کەواتە هیچ لۆژیکێک ڕێگا نادا، لە ناوەڕاستی قورئان یەک ئایەت بێ، کە پێچەوانەی سەرجەم قورئان بێ. هەردوای ئەوە ئایەتی تر بێن دژ بەو ئایەتە و ئێمەش بە ئاسانی ڕەوایی بە ڕاڤەی هەڵە بدەین. [429]

سەرەڕای ئەوە بە وورد بوونەوەیەک لە سورەتی یونس، ئایەتی ۳۷ بۆمان دەردەکەوێ چۆن محمد شێوەیەک شیرزەیی پێوەدیارە بۆ ئەوەی خەڵکی پێی باوەڕبکەن، کە قورئان لەلایەن الله ناردراوە. سەرەڕای ئەوە بە پەرۆشەوە ئاماژە بە پەرتووکە دینییەکانی تر دەکات، کە باوەڕی پێیان هەیە.

بە بەراوردێک لە نێوان سورەتی الاحزاب ئایەتی ٤٠ و ئایەتەکانی تری ناو سورەتەکانی قورئان، بۆمان دەردەکەوێ. لێکدانەوەی (خَاتَمَ النَّبِيِّينَ) بە هیچ لۆژیکێک ناکرێ مانای دوا نەبی بدا. یەکەم بەپێی لێکدانەوەی زمانەوانیی دەرفەتێ ئەوەی نەهێشتووتەوە، کە بێجگە لەڕاستاندن یان پشتڕاستکردنەوە، هیچ مانایەکی تری هەبێ. هەروەها سەرجەمی ئایەتەکانی تری قورئان، پێچەوانەی ناوەرۆکی ئەو ئایەتەن. دووەم لێکدانەوەی بە (دوا نەبی) هەڵەیە و دەبێ پشتڕاسکردنەوە (ڕاستاندن) بێ، نەک دوا (کۆتا). لەلایەکی تر زاراوەی نەبی بەپێی پەرەسندنی. و گۆڕانی ناوەرۆکی زاراوەکە ناتوانێ دوا نەبی بێ. چونکە رسول هەیە و ئاستی بەرزترە. بۆیە چمکێکی نەگونجاو دەردەچێ.

---

[429] الذیب، الدکتورسامي (٢٠١٦) القرآن الكريم بالتسلسل التاريخي. وفقًا للأزهر بالرسم الكوفي المجرد والإملائي والعثماني مع علامات الترقيم الحديثة ومصادر القرآن وأسباب النزول والقراءات المختلفة والناسخ والمنسوخ ومعاني الكلمات والأخطاء اللغوية والإنشائية

بەڕەچاوکردنی هەمەلایەنی مانای ئایەتەکە دەبێتە:

سورة الأحزاب ٣٣: ٤٠

مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَـٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمًا (٤٠)

محمد باوکی هیچ کام لە پیاوەکانی ئێوە نییە. بەڵام نێردەی خودایە و ڕاستێنەری نەبییەکانی ترە و خوداش ئاگاداری هەموو شتێکە (٤٠)

## دوا ووتە

پرسی دوا پەیامبەر، هەرچەندە پرسێکی کۆنە لە دینەکاندا. کە بۆ سەقامگیری و مانەوەیان، هەمیشە پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە، کە دینەکەی ئەوان ڕاستترین دینە، و پەیامبەریشیان دوا پەیامبەرە. هەر بەو لێکدانەوەیەش دین و پەیامبەری دوای خۆیان ڕەتکردۆتەوە. ئەوەش کاردانەوەیەکی ئاساییە، ئەگەر دان بەوەدابنێن هەردینێکی نوێ بێت و بە ڕەوای بزانن، واتە بڕیاری نەمانی خۆیان دەدەن. ئەو کاردانەوەیەش وەک دیاردەیەکی کولتووری دینە ئیبراهیمییەکان، لە هەرسێ دینەکە بە ڕاشکاوی دووبارە بۆتەوە. یەهودیەکان عیسایان بە پەیامبەر دانەنا و موسایان بە پەیامبەری گشت بەنی ئیسرائیل دەژمارد. دواتر کە ئیسلام هات، هەرچەند محمد هەوڵیدا، بێهودەبوو. یەهودیەکان بەوە ڕازی نەبوون، دان بەوەدابنێن محمد پەیامبەری اللەیە. هەر ئەوەش بووە کارەسات بۆ جولەکەکانی خەیبەر، بەنی نەزیر و بنی قورەیزە. دینی کریستیانی باوەڕی بە موسا هەبوو، بەڵام باوەڕی بە هیچ پەیامبەرێک دوای ئەو نەبوو. بۆیە محمد وەک نێردەی الله لەلای کریستیانەکان ڕەتکرایەوە. و ئەنجامەکەشی لەناوچوون و

توانەوەی نەسلڕیەکان بوو، لە ناو دینی ئیسلام. بەڵام لە هەر دوو دینەکانی یەهودی و کریستیان شتێکی ڕاستەو خۆ لەناو پەرتووکی پیرۆزیان نەنووسراوە. ئەوەی هەیە تەنیا ڕاڤەکردنە و کاردانەوەیەکی ئاساییە بۆ مانەوە و ڕەوایی دان بە دینی خۆیان.

کاتێ دینی ئیسلام هات پەیامبەرەکانی هەردوو دینە ئیبراهیمییەکانی بە پێشڕەوی خۆی دانا. تەنانەت لە چەندین ئایەتی جۆراوجۆر خۆی بە پەیرە و بەردەوامی ئەوان دەزانێ. ئەوەش شتێکی سروشتیە کە موسوڵمان بەوگری لە مانەوەی دینی خۆی بکات.
کێشەی موسوڵمانان ئەوەیە، بەپێی ئایەتێکی قورئان محمد بە دوا نەبی (وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ) دادەنێن. ئیسلامیش بە دوا دین. بەو پێیەش هیچ دینێکیتر نابێ بێت و دینەکانی تریش دەبێ بێنە ناو ئیسلام. لەبەر ئەوەی ئیسلام دینی هەتا هەتاییە.

بەڕەچاوکردن و لێکدانەوەیەکی هەمەلایەن بۆ ئایەتی (وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ). چ لە ڕووی زمانەوانی و بەراوردکردنی لەگەڵ ئایەتەکانی تری پێش و پاش ئەو ئایەتە، ناکرێ دوا نەبی بێت. بەڵکوو ڕاستێنەری نەبیەکانی ترە.

لێرەدا پرسیارێک سەر هەڵدەدا. ئایا بۆچی لە ماوەی ١٤٠٠ ساڵە ئەو هەموو زمانزان و ڕاڤەکارانی ئیسلام هەوکیان پێنەکردووە؟ وەڵامەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە ناو دینی ئیسلام، گشت دەرگایەک بۆ ڕەخنەگرتن داخراوە.

ڕاڤەکاران و زمانزانانی ئیسلام، هەرگیز نەیانوێراوە ئاماژەی پێبکەن. ولێی بێدەنگ بووین. یان پینەو پەرۆیان بە چەندین جۆر بۆ کردووە. ئەگینا ناکرێ لەو هەموو عەرەبیزانە و بوونی سەرچاوەی زمانەوانی و فەرهەنگناسی هەوکیان پێ نەکردبێ؟ لە دینی ئیسلام و کولتوورەکەی، قورئان شتێکی نەگۆڕە. بچووکترین ڕەخنە بە گشتی کارەساتی لەدوایە. بۆیە

ئەگەر زانایەک یان عەرەبزانێک کەمترین ڕەخنەی گرتبێ ئەوا بە شێوەیەکی دڕندانە بێدەنگکراوە. نموونەیەکی دیار بۆ ئەو مەبەستە، دوو کەسایەتی بەرزی دینی ئیسلامن ابو ذر عبدالله بن احمد الهروی (٣٥٥- ٤٣٤ کۆچی) و دادوەر (القاضی) ابو ولید الباجی (٤٠٣-٤٧٤ کۆچی/١٠١٣-١٠٨٢ زایینی) کاتی ووتیان محمد خوێندەوار بووە، هێرشێکی توندیان کرایە سەر. بەتایبەتی ابو ولید الباجی گەیشتە ئەو ئاستەی هەندێک مەلا لە ووتاری ڕۆژی هەینی بە جنێو و نەفرەت سووکایەتیان پێکرد (٣٠). جێگای ئاماژەیە ئەو دوو زانایە لە ئەندەلوس لەدایک بووین و پەروەردە بووین. ئەو وولاتەی ابن ڕشدی بەرهەم هێناوە. بۆیە سەیر نییە. کە بوێرانە ڕەخنە لە هەڵەیەکی سەدان ساڵی پێش خۆیانبگرن.

بۆیە موسوڵمانان بە زانا و نەزانەوە. بە درێژایی مێژوو، هەر لە دوای سەروبۆری تیپەکانی قورئان ئەو چمکەی (خاتم النبیین) بە ڕاست دەخوێننەوە و بەهەڵە تێی دەگەن. هەر لەسەریشی بەردەوامن.

# تەرگوم یان تەرگومیم و پاشخانی مێژوویی

ئەگەر بە چاوێکی وورد و ڕەخنەگرانە، بەناو مێژووی دینە ئیبراهیمیەکاندا شۆڕببینەوە. بە ئاسانی هەست بە دووبارە بوونەوەی دەقەکانی پەرتووکە پیرۆزەکانیان دەکەین. ئەو دووبارە بوونەوەیەش، هەمیشە دەقاودەق نییە. بەڵکوو بەشێوەی گوزارە دەردەبڕێ. و لە بواری مێژووییەوە پێ دەگوترێ (تەرگوم کۆی: تەرگومیم) Targum: Targumim یان بە زمانی عەرەبی (ترجوم)

دەستپێکردنی تەرگوم لە نێوان زمانی عیبری و ئارامی، لە ساڵی ٥٩٧ پ.س.ب ئەو کاتەی کلدانیەکان، یەهودییەکانیان لە خاکی خۆیان بە کۆیلەیی هێنانە بابل. و دواتر لە ساڵی ٥٨٧ پ.س.ب جارێکیتر هێرشیان کردەوە سەر ئۆرشەلیم و داگیرکردەوە. پەرستگایان ڕووخاند و سەرجەمی شاریان سوتاند.

دواتر یەهودیەکان لە بابل، لە دیلی دەژیان. و هەنگاو بە هەنگاو خەریکی کاری ڕۆژانەبوون. بە هۆی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و جوگرافی. لەناو یەهودیەکان لەسەرخۆ، زمانی ئارامی جێگای عیبری دەگرتەوە. منداڵەکانیان لە جیاتی عیبری فێری ئارامی دەبوون.

لە بابل نە پەرستگایەک و نە پەرتووکێکی پیرۆز هەبوو. بۆیە ماڵێکیان دروستکرد، بە ناوی ماڵی کۆبوونەوە. کە بۆ پەرستن تێیدا کۆدەبوونەوە. لە پاڵ ئەوەش پێشڕەوانی دین خەریکی ئامادەکردنی دەقە پیرۆزەکانی یەهودی بە زمانی ئارامی بوون. شێوەی ئامادەکردنەکە ناوی لێنرا تەرگوم. واتە وەرگێڕانی دەقێک بە شێوەی ڕوونکردنەوە. کە زۆربەی جار وەرگێڕ، بۆ

گونجاندنی دەقەکە لەگەڵ زمان و کولتووری زمانە نوێکە، خۆی شت لە دەقەکە دەگۆڕی یان لێی زیاد دەکرد. [430]

لە سەرەتادا ئەو دەقە (تەرگوم)انە لەلایەن پێشڕەوانی دین دانیان پێدا نەدەنرا. بەڵکوو تەنیا وەک ئەدەبی دینی گەلێری چاولێدەکران. بەڵام دوایی بۆ دەقەکانی دەرەوەی تەورات وەک پەرتووکەکانی نەبیەکان و تێکستەکان پەسندکران. تەرگوم  یان تەرگومیم لە ناوچەکانی یەمەن تا ماوەیەکی زۆر دواتر، هەر بەردەوام بوون.

ئایەتەکانی قورئان، لە ژێر کاریگەری سەرچاوەکانی یەهودی نەساڕی نووسراونەتەوە. بۆیە ئەگەر بەراوردێکی سەرتاسەری ئایەتەکان، لەگەڵ سەرچاوەکانی نەساڕی بکەین، بۆمان دەردەکەوێ. زۆربەی ئایەتەکانی قورئانی مەککە، لە سەرچاوەکانی یەهودی نەساڕی کۆپیکراون.

[430] Philip S. Alexander, (1992) “Targum, Targumim,” in The Anchor Bible Dictionary, ed. David Noel Freedman (New York: Doubleday), 6:320–31

# سەرەتایەک بۆ بنەڕەتی نەساری

کریستیانەکانی ئەنتاکیاش کە لە دەرەوەی نەتەوەی یەهودی بوون. هەر بەو ناوە دەنلسران. نەک تەنیا بە کۆمەڵی یەهودی نەسارى. ئەو ناوەش باوەڕ وایە لە نێوان ساڵانی ٤٠ تا ٤٤ س.ب هەر بەردەوام بووە. کەچی هـ.پ مانتیگلی [431] دەیسەلمێنێ کە مێژووی ئەو ناوە تا دەوروبەری ساڵی ٦٠س.ب هەر بەردەوام بووە. ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی، لە سەرەتای دەستپێکردنی بانگهێشی یەسو، لە ناو یەهودیان و دەستەڵاتداریەتی ڕۆم، بەم ناوە نلسرابوون. ئەوەش بە ڕوونی لە کردەوەی نێردان ٢٤: ٥ لە تاوانبارکردنی پاولۆس ئاماژەی پێدەکرێ. و پاولۆس وەک سەرۆکی نەسارییەکان ناو دەبرێ: [432]

پەیمانی نوێ – کردەوەی نێردەکان ٢٤: ٥

> (٥) بینیمان ئەو پیاوە خراپەکارە، لە ناو یەهودیەکانی سەرتاپای جیهان خەریکی ئاژاوەنانەوەیە. پێشەوای ڕێبازی نلسریەکانە.

دوای بڵاو بوونەوە و پەرەسەندنی دینی کریستیان لە ژێر ڕۆشنایی نامەکانی پاولۆس لە ئەوروپا، و ڕۆژئاوای شام، و ئیسرائیل. هەنگاو بە هەنگا جێ پێگای یەهودیە نەسارییەکان لە کزی دا. و تا بە فەرمانێکی فەرمی ئیمپراتۆری ڕۆمانی هەدریانوس دەربەدەر کران.

---

[431] H.P Mantegli. (1998) Journal of Theological studies. April 1998. Pp 26-27

[432] فیاض، نبیل (٢٠١٧)، النصاری، تاریخهم و عقائدهم ص ١٥

## پاولۆس و یەسو دوو ڕووی یەک دراون

لەناو ئەدەب و کەلەپووری کریستیانی پاولۆس کەسایەتیەکە، لە بنەڕەتدا ناسنامەی ڕۆمی هەیە. و دەبێ ئەفسەرێکی ڕۆم بووبێ، لەلایەکیتر بەرەگەز یەهودیە. سەرەڕای چیرۆکی نالۆژیک، لە سەر ژیان کردەوەکانی. بەڵام بەرەچاوکردنی ئاکارەکانی کەسایەتی، و پاشخان و کردەوەکانی، دەردەکەوێ کە پاولۆس خۆی یەسوی نلسری بوو. دوای لە خاچدانی شەو، هەر لەلایەن سەربازانی ڕۆم دزراوەتەوە. و هەڵاتووە. دوای چەندین ساڵ بە ناوی پاولۆس دەکەوتووە. و لەسەر پەیامی کریستیانی بەردەوام بووە. بەڵام بەشێوەیەکی نەرم و بڵیمەتانە. و دوور لە توند و تیژی.

## ناکۆکی لەسەر ڕەچەڵەکی یەسو

ڕەنگە ئەم ناونیشانە بۆ زۆر کەس جێگەی سەرسوڕمان بێ. بەڵامڕاستی دیاردە مێژووییەکان ئاڵۆزترن لەوەی ئێمە بیریان لێدەکەینەوە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، مرۆڤ هەمیشە تێگەیشتنی لەسەر بنچینەی تارمایی ڕاستییەکانی دادەڕێژێ، و هەستی پێدەکا. نەک ڕاستیەکان خۆیان. ئەو کێشەیەش لە بنەڕەتدا، دوو هۆکاری هەیە:

یەکەم: دینی کریستیانی بە درێژایی دوو هەزار ساڵ چیرۆکێکی بۆ پاولۆس هۆنیوەتەوە. کە بەردەوام لە ووتارەکانی کەنیسە و ئامۆژگاری، وەک پەرجوێک دەخرێتە ڕوو. و دووبارە دەبێتەوە.

دووەم: لەخاچدانی یەسو، و دەنگۆی هەڵکشانی بۆ ئاسمان لە هەردوو دینی کریستیانی و ئیسلام، سەرەڕای نالۆژیکی. بە گێڕانەوەی بەردەوام. بۆ جیهان بۆتە شتێکی بەڵگە نەویست.

ساخکردنەوەی ئەو گرێکوێرەیەش، بەهۆی دووری لە سەرچاوەی مێژوویی بێ لایەن. کە مرۆڤ بتوانێ خۆی، بە خوێندنەوە و بیرکردنەوە، وەک بە نالۆژیکی ڕووداو، و دیاردەکان بکا. و لەوەش گرنگتر خۆی هەوڵبدا، لەڕێی گەڕان بەدوای وەڵامی گونجاوی تێدا، ڕاستیەکان بدۆزێتەوە. و پرۆسەکانی مێژووش ڕێچکەی خۆیان بە دروستی بگرن.

با بۆ پرسی یەسو (عیسا) لەو سەرچاوانە ووردبینەوە، کە پێش نووسینی ئینجیلەکان. و هەڵبژاردنی هەندێکیان، و پەنادانی ئەوانیتر. ئەوسا دەتوانین تا ئاستێکی باش ڕاستییەکانی مێژوویی و کەسایەتییەکان ببینین. و ئەنجامگیرییەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی لێ وەربگرین.

بەر لەوەی بکەوینە سۆراخی یەسوی ناسری و پاولۆس، با هەندێک لەو سەرچاوانە بخەینە ڕوو. کە باسی لە دایکبوون و ڕەچەڵەکی یەسو دەکەن.

لە گەمارا کە لە دوای میشنا، دووەم پەرتووکی ناوپیرۆزی تالموودە، لەناو دینی یەهودی. ناوی یەسو بەم شێوەیە هاتووە:

یەشوی بن پانتێرە هەوڵدەدا جولەکان لە دینی خویان دووربخاتەوە [433]

نووسەری سوێدی لێنا ئێینهۆڕن دەنووسێ لە ساڵی ١٨٥٩ س.ب شوێنەوارناسان کە

---

[433] Lena Einhorn (2006) Vad hände på vägen till Damaskus? På spaning efter den verklige Jesus från Nasaret. s.19

بەدوای یەسو دادەگەڕان، لە ناوچەی ڕێهنلاند لە ئەڵمانیا لە گوندێک بەناوی بینگەربروک، لە کاتی هەڵکۆڵین گۆڕێکی بەکۆمەڵیان دۆزییەوە. دوای پشکنین دەرکەوت ئەو گۆڕە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەمی س.ب،

ئەو گۆڕە بە کۆمەڵە ئێسک و پرووسکی، سەربازانی ڕۆمن لەوێ کوژراون. ئەوەی جێگای سەرنج بوو، یەک لەو گۆڕانە، ئەفسەرێکی پلە بەرزێ سوپای ڕۆم بوو. بەشی زۆری ناو و زانیاریەکان کەسایەتی لەسەر تابلۆیەک هەر مابوون کە بە لاتینی لەسەر تابلۆیەکە نوسرابوون:

Tib (erius) Iul(ius) Abdes Pantera

Sidonia ann(orum) LXXII

Stipen(diorum) XXXX miles exs( )

Och(orte) I sagittariorum

H(ic) s(itus) e(st)

ڕوونکردنەوە:

تیبێریووس ئیولووس ئەبدێس پانتێرە

خەڵکی سیدۆن (صیدا)، تەمەن ٦٢ ساڵ

٤٠ ساڵ لە خزمەتی سەربازی دا بووە [434]

بە پێی ئەو ڕوونکردنەوانە تەواو ساڵ و شوێنی کارکردنی ئەبدێس پانتێرە لەگەڵ کاتی لەدایک بوونی یەسو دەگونجێ. ئەبدێس بە لاتینی واتە (بن) بە عیبری کە دەکاتە کوڕی پانتێرە، کە باوکی یەسو بووە.

---

[434] Lena Einhorn (2006) Vad hände på vägen till Damaskus? På spaning efter den verklige Jesus från Nasaret. s.72 - 73

هەروەها مێژوونووسی گەورەی بەڕەگەز جوولەکە فلاڤیۆس یوسفوس (٣٧–١٠٠س.ب). وەک گەورەترین مێژوونووس و لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکانی سەردەمی یەسو بووە. نووسەینەکانی  یوسفوس لە باری مێژووی ئەو سەردەمە، گرنگترین و جێمتمانەترین سەرچاوەن، بۆ مێژوونوسان.

یوسفوڤ لە پەرتووکی (شەڕی جوولەکان) دەنووسێ:

کاتی ئەو (دایکی یەسو) سکی پڕبوو لەلایەن ئەو دارتاشەی کە دەزگیرانی بوو لە ماڵ وەدەرنرا، ئەوەش بە تاوانی ئەوەی خیانەتی لێکردووە. و منداڵی لە سەربازێک بە ناوی بن پانتێرا لە سک دابووە[435].

ئەوەی کە زیاتر جێگای هەڵوێستەیە یەسو ڕەگەزنامەی ڕۆمی هەبوو. ئەوەش چ لە ڕووی دینی و چ لەڕووی جوگرافی و کۆمەڵایەتی بۆ کەسێکی بە ڕەگەز یەهودی ئەستەم بوو. چونکە ڕەگەزنامەی ڕۆمی تەنیا ئەو کەسانە وەریان دەگرت کە منداڵی سەربازانی ڕۆم بن.

ئەو بەڵگانە زیاتر نیشانی دەدەن کە یەسو کوڕی بن پانتێرە بووە. بن پانتێرە سەربازێکی پلە بەرزی ڕۆم بووە لە سیدۆن. ئەوەش گومان دەخاتە سەر دەقی هەر چوار ئینجیلەکە. و دەبێ باوەڕ بەوە بێنین، یەسو زۆڵ بووە. واتە دایکی بە هەر شێوەیەک بێ سکی لە سەربازێکی پلە بەرزی ڕۆم، بە ناوی بن پانتێرەی پڕبووە. و بەرهەمەکەیشی یەسو بووە. کەواتە یەسو کوڕی خودا ( بن پادرێ) نییە. بەڵکوو مرۆڤێکی ئاساییە. وەک هەر مرۆڤێکی تر[436].

---

[435] Flavius Josefus. Om det judiska kriget 3:8:7.

[436] Lena Einhorn (2006) Vad hände på vägen till Damaskus? På spaning efter den verklige Jesus från Nasaret. s.54

# لەخاچدانی کریست و ناکۆکییەکانی

کێشەی دووەم لە کرستیانیزمدا لە خاچدانی کریستە. کە لە بنچینەدا. کلیلی زۆر لە نهێنییەکانی یەسو، و دینی کریستیانی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە. ئەو نهێنیانەش بۆ کەنیسە بوونەتە گرفتێک، کە تا ئێستاش هەر خەریکی پینەکردنی هەڵەکانن. بە پێی تێکستەکانی هەر چوار ئینجیل دەبێ کریست لەتەمەنی ٣٠ساڵیدا، لە خاچ درابێ. و دوای ٣ ڕۆژ لە گۆڕنان هەلسابێتەوە و قوتابیەکانی خۆی دیبێ. بەر لە هەمووشیان، مریەمی ماگدەلێنا.

تێکستی هەندێ لە ئینجیلەکان بەوەندە وازنایەنن. بۆ نموونە لە هەر دوو ئینجیلەکانی لوکاس (لۆقا) و مارکوس (مرقص) دا هاتووە کە ئەو ئەفسەرەی سەرپەرشتی لە خاچدانی یەسوی کرد، زۆر نەرم و نیان بووە، تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە یەسو گیانیدا. ئەفسەرە سەردەستەکە بە دڵنەوایی و لە دڵەوە دەڵێ:

پەیمانی نوێ - ئنجیلی لوکاس ٢٣: ٤٧

> (٤٧) سەردەستەکە ئەم شتانەی بینی کەڕوویدا. ساتایشی خودای کرد و گوتی: بەڕاستی ئەو پیاوە بێتاوان بوو.

هەروەها مارکوسیش شتێکی لەم شێوەیە دەردەبڕێ

پەیمانی نوێ - ئینجیلی مارکوس ١٥: ٤٤

(٤٤) پیلاتوس سەرسام بوو. ئاوا بەزوویی یەسو مرد. سەردەستەکەی بانگکرد و لێی پرسی: ئاخۆ دەمێکە مردووە؟

ئەو بابەتە تەنیا لەو دوو ئینجیلە دا هاتووە. و لە هەردوو ئینجیلی ماتیاس (مەتی) و یوهانێس (یۆحنا) دا نابینرێ. بەڵام کێشەکە لێرەوە سەر هەڵدەدا کە دوو لە نووسەرانی ئینجیل باسی شتێکی سەر سوورهێنەر دەکەن، ڕووداوێکی لە بیرکردنەوەی کۆژیک جێگای نابێتەوە. ئەفسەرێکی جەڵلاد، لەکاتی لە خاچ دانی تاوانبار، نەرم نیان بێ.

دەستەڵات هەمێشە خەڵکی دڵ ڕەق و بێ بەزەیی، بۆ ئەو جۆرە کارانە هەڵدەبژێرن. بۆیە مرۆڤ کە ئەو ڕستانە دەخوێنێتەوە نیشانەی پرسیاری بۆ دروست دەبێ. بۆ گەیشنە بنچ و بناوان و دۆزینەوەی، هۆی دیمەنی وا ناکۆک. دەبێ لێتۆژینەوەیەکی قووڵتر و لێکدانەوەیەکی فرە ڕەهەندی بۆ بکا. تا بتوانێ هۆکارەکانی ئەو دیمەنە نالۆژیکە بدۆزێتەوە. و لە نوێ لێکدانەوەی بۆ بکا.

بە بەراوردکردنێکی ووردی ئەو دیمەنەی ئەفسەری جەڵلاد لەگەڵ بەڵگە مێژووییەکان، ناکۆکی ترمان بۆ دەردەکەوێ. کە وامان لێدەکا بەوەندە نەوەستین. و زیاتر دەمانخاتە کەوتنە سۆراخ بەدوای ڕاستی دا. هەر زوو شتی نوێ سەر هەڵدەدا کە گومان لەسەر دروستی زانیاری دەربارەی پرۆسەی لە خاچدانی یەسو دروستدەکا. لەلایەکیتر ناکۆکی نێوان ئینجیلەکانیش گومانەکە بەهێزتر دەکەن.

بۆ نموونە ئیرێنیوس کە ئەسقەفی (بیشۆپ) شاری لیون بووە . لەبنەڕەتدا لە دایک بووی ئاسیای بچووک بوو. واتە تورکیای ئێستا، لە ساڵانی ٢٠٠ س.ب ژیاوە. لە پەرتووکی خۆی دا دەنووسێ کە کریست گەیشتە تەمەنێکی بەرز(تەمەنی پیری). زیاتر لەسەری دەڕوا. و

دەڵێ تەمەنی لە ٥٠ ساڵی تێپەڕیوە. ئیرێنیوس وەک خۆی دەنووسێ ئەو شایەتییەی لە قوتابیانی کریست وەرگرتووە. [437]

ئەگەر ئەو نووسینەی ئیرێنیوس ڕەچاو بکەین. دەبێ یەسو ساڵانێکی زۆر، دوای لە خاچ دان ژیابێ کە لە ئینجیلەکان دیاری کراوە.

لێرەدا پرسیارێک سەر هەڵدەدا. باشە ئەگەر یەسو لە خاچ نەدراوە، چی بەسەرهات؟ لێرەدا دەبێ لە ڕوانگەی تری کێشەکە ووردبینەوە و وەڵامێک وەرگرین کە جێگای باوەڕ بێ.

ئیمە بەپێی بەڵگەنامە دەزانین یەسو خاوەنی ڕەگەزنامەی ڕۆمی بووە. لە یاسای ڕۆم دا، نابێ کەسێکی خاوەن ڕەگەزنامەی ڕۆمی بە هۆی ملپێچییەک بکوژری. تەنیا لەو کاتە دەکوژرێ، ئەگەر خیانەتی دژی ئیمپراتۆری کردبێ. و لەسەری ساخ بووبێتەوە. ئەوسا بڕیاری کوشتنی دەدرێ.

بەپێی بەڵگەنامەکانی ئیمپراتۆری ڕۆم، ئەو خیانەتە تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە خیانەتی سەبازیان کردبێ، یان لە خزمەتی سەربازی هەڵاتبن. جا خۆ یەسو شتێکی وای نەکردووە. تەنیا لەناو هەناوی دینی یەهودی داوای ریفۆرمی دینی دەکرد. و بەرهەڵستکارێکی سەرسەختی حاخامەکانی یەهودی بوو. لەگەڵ ئەوەشدا دژایەتی سەرسەختی ڕۆمەکانی دەکرد. بەڵام خیانەتی نەکردووە. بۆیە پۆنتیوس پیلاتوس (١٠ پ.س.ب – ٣٦ س.ب) کە فەرمانڕەوای ئۆڕشەلیم بوو، نەیدەویست یەسو بکوژرێ. لەبەرئەوەی باوکی سەربازێکی پلە بەرزی سوپای ڕۆم بوو. و زۆر نزیک بوو لەوانەی دەستەڵاتیان لەدەست دابوو، یەسو خۆشی بە رۆم دەژمێردرا.[438]

---

[437] Irenaeus: Adversus haerses part 2, Pp. 22

[438] Lena Einhorn (2006) Vad hände på vägen till Damaskus? På spaning efter den verkliga Jesus från Nasaret. s. 140

لێرەوە وەڵامێکی لۆژیکی ئەوەیە، کە ئەو ئەفسەرە جەللادە نەرم و نیانە، ڕاسپێردراوە کە لێنەگەڕێ یەسو بمرێ. بەڵکوو تەنیا شانۆیەک لەبەر چاوی یەهودی و حاخامەکانیان پیشان بدەن. تاکوو وابزانن یەسو لە خاچ درا و کۆتایی هات. ئیتر دوای ئەوەی کە تاریک دادێ دایدەبەزێنن و داوای لێدەکەن، وولات بەجێ بێڵێ.
یەسو ماوەیەک بۆ تیماری برینەکانی دەست و قاچی ئەنجامی لە خاچدان چارەسەرکردن دەمێنێتەوە. ئێوارەی سێیەم سەر لە قوتابیەکانی دەدا ( هەر ئەوەشە لە ئینجیەلاکان باسی هەڵسانەوەی دەکەن) دوای چاکتر بوونەوەی، ئیتر بەرەوە سووریا بەڕێ دەکەوێ، لە وێشەوە بەرەو تورکیا و ووڵاتی فارس و باکووری هیندستان.

جەواهیر لال نیهرۆ لە نامەیەکدا، بۆ ئەندێرە گاندی کچی لەساڵی ١٩٣٢ نووسیویە:

> لە تەواوی ئاسیای ناوەڕاست لە کشمیر و لاداق و تبت تادەگاتە هەرە باکوور. بڕوایەکی زۆر بەهێز هەیە کە کریست لەو دەڤەرانە سووڕابێتەوە[439]

شتێکی تر کە لێرەدا هەم جێگای هەڵوێستەیە و هەمیش تەواوکەری بابەتەکەیە. کەسایەتیەک، بە ناوی پاولۆس لە ناکاو لەسەر شانۆی ڕووداوەکان دەردەکەوێ. و ڕۆڵی سەرەکی لە بڵاوکردنەوەی دینی کریستیانی وەردەگرێ.

بەپێی سەرچاوەکانی کریستیانی، ئەوە دەخوێنینەوە، کە پاولۆسی نێردە، تا ئەو کاتەی لە سەردانی بۆ خاکی عەرەبی نەگەڕایەوە، دەستی بە بانگهێژی دینی نەکرد. مەبەست لە سەردانی خاکی عەرەب کوێیە؟ و چیکردووە؟ لە هیچ سەرچاوەیەک دیار نییە.[440]

---

[439] Holger Kersten (1986) Jesus lived in India; His unknown life before and after the Crucifixion, Shaftesbury.

[440] الصلیبی، د.کمال. البحث عن یسوع – قراءة جدیدة فی الأناجیل ص ١٠٤

پاولۆس لە تەمەنی نێوان ٤٧ تا ٥٠ ساڵی بە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست دەسووڕێتەوە. و وەک موژدەدەرێک، دینی کریستیانی بڵاو دەکاتەوە. کەچی هەرگیز یەسووی نەبینیووە. و پەرتووکێکیش تا ئەو دەمە لەبەردەست دانەبووین. تا بتوانێ ڕێنماییە دینییەکانی لێوەربگرێ. سەرەڕای ئەوەش، پاولۆس بانگهێژی دینی کریستیانی دەکا. و ڕێنماییش دەداتە نێردە و قوتابیانی یەسو. هەر ئەویش کەراکتەری سەرەکی گرووپی نێردەکانە، دژی یەهودیە نەساریەکان و بنەماڵەی یەسوا! ئەوەش ئاشنایە کە یەسو لەگەڵ یاقوبی برای و بنەماڵەکەی ناتەبا بووین. کەچی دوای لەخاچدانی، وەک لە پێشتر باسکرا، بنەماڵەی مۆنۆپۆلی ڕێبازی یەسو و کەنیسەی خەتەنەیان کرد.

لەوەش زیاتر جێگای سەرنجدانە کە پاولۆس، خۆی نووسەری تێکستە سەرەتاییەکانی ئینجیلیشە بە تایبەتی نامەکانی کە بریتین لە ١٣ نامە دەربارەی کارەکانی و کریستیانیزم لە شوێنی جیا جیا نووسیونی. کە وەک بەشێکی گرنگ و کۆڵەگە ئاسا، پەیمانی نوێ پێک دێنن. لەلایەکیتر هەر ئەو نامانەی پاولۆس، بوونەتە سەرچاوە، بۆ نووسینەوەی هەر چوار ئینجیلە قانونیەکان.

ئەوەی لێرەدا گرنگە، گشت ئەو ڕێکەوتانە لە پاولۆس، ناکرێ بێ هۆبن. بۆیە دەکرێ بەراوردێکی بنەڕەتی، لە نێوان ئەو چیرۆکانە بکەین، کەلەسەر یەسو نووسراون و دوایی لەگەڵ ئەوانەی لەسەر پاولۆس نووسراون، بەراورد بکەین. ئەوسا بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەو دوو کەسایەتییە یەک کەسن. لەبەر ئەوەی چەند بۆشاییەک لەژیانی پاولۆس دا هەیە، بە تایبەتی ژیانی پاولۆس لە تەمەنی مام ناوەندی واتە ٣٠ ساڵ بەسەرەوە. دەست پێدەکا و لە تەمەنی چل ساڵی. و گەورەتر هەوڵدەدا لەو دوورە دەستییە، بانگهێژ بۆ پەیامی یەسوی

کریست بکا. و هەواداری بۆ پەیدا بکا، کە خۆی دانی پێدادەنێ. کە ئەوە تاکە مەبەستییەتی، لەکاتێکدا کریست لەمێژە مردووە. [441]

ڕووداوێکیتر کە جێگای هەڵوێستەکردنە، پاولۆس ماوەیەکی زۆر لە دەرەوی ئۆرشەلیم دەیەوێ بچێتە ناو شار کەچی ناوێرێ، نەوەک بیناسنەوە. بێ ئەوەی ڕوونبکرێتەوە لەبەرچی دەترسێ. و چی کردووە. دوایش کە دەچێتە ناو شار لەوێ خەڵکێ دەیناسنەوە. و داوا لە پۆلیس دەکەن کە پاولۆس بگیرێ، بەڵام کاتێ دەیبەنە لای فێلیکس فەرمانڕەوای ئەوکاتەی ئۆرشەلیم بۆ دادگایی کردن. لە جیاتی ئەوەی بیگرێ. لە دەستی یەهودیان، پارێزگاری لێدەکا.[442]

ئەوەی جێگای سەر سوڕمانە پاولۆس دەڵێ من جولەکەم:

پەیمانی نوێ – کردەوەی نێردان ٢٢: ٢ - ٣

(١) برایان و باوکان، ئێستا گوێ لەو بەرگرییە بگرن کە لە خۆمی دەکەم (٢) کاتێک گوێیان لێبوو بە زمانی عیبری قسەیان بۆ دەکات زیاتر بێدەنگ بوون.

ئەویش گوتی: من جولەکەم، لە تەرسۆسی کیلیکیا لەدایک بووم، بەڵام لەم شارە گەورە بووم، لەبەردەستی گەمالائیل، بە توندی بەگوێرەی تەوراتی باوباپیرانمان فێرکراوم.

لە پەرەگرافێکی تری هەمان دەقی پەیمانی نوێ، دەڵێ: خاوەنی ڕەگەزنامەی ڕۆمی بووە. لە وەڵامدانەوەی بۆ کۆمیساری ڕۆم، بە ڕاشکاوی دەڵێ: لەوکاتەی لە دایک بووە وەریگرتووە. لە هیچ جێگایەکیش ڕون نەکراوەتەوە کە پاولۆس، لە کوێ وە بەچی هۆیەکەوە بوەتە

441 Paulus. The Epistle to the Romans 11:1

442 Paulus. Apostlagärningarna. part 22 Pp.27-28

هاونیشتیمانی ڕۆم. تەنیا خۆی بە کۆمیسارەکەی ڕۆم دەڵێ (بە زگماک هاووڵاتیم)لە کردەوەی نێردەکان دا هاتووە، چۆن کۆمیسارێک گفت و گۆ لەگەڵ پاولۆس دەکا:

پەیمانی نوێ - کردەوەی نێردان ٢٢: ٢٥ - ٢٨

> (٢٥)کاتێک بەستیانەوە تاکو بە قامچی لێی بدەن، پاوڵۆس بە سەرپەلەکەی گوت کە لەوێ وەستا بوو: ئایا لە ڕووی یاساییەوە ڕێتان پێدراوە کە هاوڵاتی ڕۆمانی بەر قامچی بدەن کە هێشتا نەسەلمێنراوە تاوانبارە؟ (٢٦) کاتێک سەرپەلەکە گوێی لەمە بوو چووە لای کۆمیسارەکە، و هەواڵی پێدا و گوتی: ئەوە بەتەمای چی بکەیت؟ ئەم پیاوە هاوڵاتی ڕۆمانییە!
> (٢٧) فەرماندە کۆمیسارەکەش، چوو بۆ لای پاوڵۆس و پێی گوت: پێم بڵێ، تۆ هاوڵاتی ڕۆمانیت؟
> گوتی: بەڵێ.
> (٢٨) کۆمیسارەکە گوتی: من بە پارەیەکی زۆر ئەم هاوڵاتی بوونەم وەرگرت.
> پۆڵس گوتی: بەڵام من بە زگماک هاوڵاتیم.

لە هەردوو ڕەچەڵەکی دینی جولەکە و ڕەگەزنامەی ڕۆمانی وەک کۆپیەکی یەسوی ناسری وایە. لە هەردووکیشیان نازانرێ چۆن وەریانگرتووە. لەجیاتی ئەوە دوو چیرۆکی ئەفسانەی پیرۆزیان بۆ هۆنراوەتەوە.

نیشانەیەکیتر لە پاولۆس، کە زیاتر جێگای هەڵوێستەیە. پاولۆس قاچی بریندار بووە، و

دەشەلی. بە پەیڕەوکار و نێردەکانی دەڵێ من لە پێناوی خودا تێکۆشاوم، وەک ئێستای ئێوە. بەپێی لێکدانەوەی لێتۆژەرەوان دەبێ پاولۆس مەبەستی لە خاچدانی بووبێ.[443]

زۆر لەیەکچوون لە نێوان کەسایەتی و کردەوەکانی پاولۆس و یەسو دا هەن. کە بە ئاسانی دەبنە دروستکردنی گومان لەسەر پاولۆس لەلایەک. و ژیان و لە خاچدانی یەسو لەلایەکیتر. لە خوارەوە ٨ خاڵی لەیەکچوونی هاوبەش لە نێوان یەسو و پاولۆس دەخرێنە ڕوو:

یەکەم: یەسو و پاولۆس خەڵکی یەک شوێنن
دووەم: یەسو و پاولۆس هەردووکیان هاونیشتمانی ڕۆمن
سێیەم: هەردووکیان لەتەمەنی گەنجی دەچنە ئۆرشەلیم
چوارەم: لە ژیانی هەردووکیان دا بۆشاییەکی گەورە، تا دەگاتە تەمەنی گەنجی هەیە
پێنجەم: یەسو و پاولۆس هەردووکیان ڕەبەنن (ژنیان نەهێناوە)
شەشەم: پاولۆس لە چەند جێگایەک لەشێ بریندار بووە، ئەوەش دەسەلمێنێ کە لە خاچدان شوێنەواری بەجێ هێشتووە. تەنانەت لە قسەکانی دەڵێ : من نیشانەکانی کریستم بە جەستەوەیە
حەوتەم: لەیەک چوونێکی یەکجار زۆر لە نێوان گرتن و دادگایی کردنی پاولۆس و یەسو دا هەیە. هەر دەڵێی ئاوێنەی یەکترین.
هەشتەم: پاولۆس لە شێوەی قسەکردن و دیمەن دروستکردن، دەقاو دەق وەک یەسو بوو[444]

ئەو بەراوردکردنە لەگەل ناکۆکی ساڵی لە خاچدانی یەسو، هەڵەکانیش چ لە ناو ئینجیلەکان

---

[443] Lena Einhorn (2006) Vad hände på vägen till Damaskus? På spaning efter den verklige Jesus från Nasaret. s. 210 - 215
[444] Beard Mary et al (1996) Religions of Rome. Volym 1, A history. Cambridge University press. s. 245- 313

و چ لە کەلەپووری کریستیانی دەربارەی لە خاچدانی یەسو و پەیدابوون بانگێژی پاولۆس، وا زەقدەبنەوە. ئیتر بواری ئەوە نادا، گومانێکیتر لەسەر ئەو دوو کەسایەتییە هەبێ. بێجگە لەوەی پاولۆس یەسوی کریستە و بەناو و ناونیشانێکیتر گەڕاوتەوە.

بۆ زیاتر قووڵبوونەوە لە گومانەکەمان، گریمانەیەک دەکەین. با وای دابنێین، ئەگەر یەسو، وەک لە ئینجیل نووسراوە لە سەردەمی پیلاتۆس لە خاچ درابێ. و پیلاتۆس لە نێوان ساڵاکانی ٢٦ تا ٣٦ س.ب فەرمانڕەوای ئۆرشەلیم بووە. کەواتە لەگەڵ نووسینی ئەسقەفی لیۆن ئیرێنیوس، کە ساڵی ٢٠٠ س.ب نووسیویەتی یەک ناگرێتەوە. باوای دابنێین لە تەمەنی ٥٠ ساڵی لە خاچ دراوە کەواتە لەگەل ئینجیل یەکناگرێتەوە. کە نووسراوە لە سەردەمی پیلاتۆس بووە. لەبەر ئەوەی لەسالی ٥٢ تا ٥٩ س.ب ئەنتۆنیوس فێلیکس فەرمانڕەوای ئۆڕشەلیم بووە. و لە هیچ بەڵگەنامەیەک دانییە، فێلیکس بەو کارە هەلستابێ. بۆیە هەر دەبێ بگەڕێینەوە سەر پاولۆس.

هەرچەندە کەسایەتی پاولۆس لە ئینجیلەکان بە ساول ناوبردراوە. کە دواتر بووەتە پاولۆس. کە گوایە کەسێکی زۆر دژی کریستیانەکان بووە. دوایی بە هۆی خەونێک گوایە یەسو هاتۆتە خەونی. و وەرگەڕاوەتە سەر دینی کریستیان. کەچی ئەوەشیان ناکۆکە و لە خورافەیەک زیاتر نییە. بۆیە پاولۆس، یەسو خۆیەتی. و بەو ناوە گەڕاوەتەوە.
کەواتە چیرۆکی لە خاچدانی یەسو، تەنیا شانۆگەرییەکی ڕۆمەکان بووە. بۆ ڕاییکردنی حاخامەکانی یەهودی. بەڵام نەمردووە، دوایی بە بەریندراری ئازادکراوە. ووڵاتی یەهودای بەجێهێشتووە. و دوای ماوەیەکی زۆر گەڕاوەتەوە. بە ئازموونێکی پێگەییوو، لەسەر پەیامی خۆی بەردەوام دەبێ. و تا تەمەنی سەرووی ٥٠ سالیش ژیاوە.

سەرەڕای ئەوەی یەسو لەتەمەنی ٣٠ ساڵی لە خاچ درا. واتە ساڵی ٣٠ س.ب. کەچی چەند ساڵێک دوای ساڵی ٤٠ س.ب دینی کریستیانیان، لە ئەنتاکیا ڕاگەیاند. پرسیارەکە ئەوەیە

بۆ نێردەکان و قوتابیانی یەسو، زیاتر لە ١٠ ساڵ چاوەڕوانیان کرد. بۆ ئەو ماوە دوور و درێژە لە ژێر چەوساندنەوە و خۆ سەپاندنی یاقوب مانەوە.

ئەوەش بەڵگەیەکە کە یەسو دوای ڕۆیشتنی ماوەی زیاتر لە دە ساڵ، گەڕان، ئەوسا گەڕاوەتەوە. ئامادە بوونیشی لە کەنیسەی خەتەنە، دروستکراوە. لەبەر ئەوەی تەنانەت لە چیرۆکەکانی دینی کریستیانی ساول دوای ماوەیەکی زۆر لە ڕێگای سووریا. یەسوی لە خەو بینیووە.

لافۆنتاین سەبارەت بە یەسو دەنووسێ. کە ڕەبەنێکی یەهودی بوو. زۆر باش شارەزایی لە تەورات، و پەرتووکە پیرۆزەکانیتر هەبوو. لە پەرستگاکانی یەهودی وانەی دەگوتەوە. بەڵام بە شێوەی تایبەتی خۆی.

لافۆنتاین درێژەی پێدەدا و دەنووسێ. یەسو باسی خودای بە شێوەیەکی جیاواز، لەوەی خەڵکیتر پێی ڕاهاتبوون دەکرد. خۆی بە کوڕی خودا دەناساند. گوناهی خەڵکی بەناوی خودا پاکدەکردنەوە. هەندێ پەرجووی هەبوون. کۆمەڵێک پیاو و ژن لە دەوری کۆ بووبوونەوە، کە دواتر بوونە قوتابی. بەو شێوەیە کاریگەری قووڵی لەسەر ڕای گشتی دانا. گرنگترگین بابەت کە لە ڕێنماییەکانی باسی دەکرد کێشەی خراپە بوو. و هەروەها چۆن مرۆڤ دەتوانێ بەسەریدا بێ [445].

دکتۆر کەمال صلیبی، لە باسی دیاردەی ئاستی زانین و هوشیاری لە ناو پەیڕەوکارانی یەسوو دا دەڵێ. پاولۆس کەسێکی هوشیار و خوێندەوار بوو. چەندین زمانی دەزانین.

---

[445] Odon Lafontaine (2014) The great secret of Islam. Pp 26

کەچی بە پێچەوانەی قوتابیانی تری یەسو، کە کەسانی سادە و بێ زانیاری، خەڵکی جەلیل بوون.[446]

ئەو بۆچوونەی الصلیبی باش لەگەڵ ئەوە دەگونجێ کە لافۆنتاین باسی داکا. و دەکرێ چاونەترسی و دەستپێشخەری یەسو لە ووتارەکانیدا، لەگەڵ دەستپێشخەری پاولۆس بۆ دینە نوێکەی (کریستیانی). بە ئاسانی بەراورد بکرێن. و هێڵی هاوتەریب لە ژیانیان بەدی بکرێن. ئەوەش بەتایبەتی، لە نامەی دووەمی بۆ کۆتێنیۆس بەراوردبکرێ. و شتە نادیارەکان بە ئاسانی وەک پێ بکرێن.

پەیمانی نوێ ٢ کۆتێنیوس ٣: ٦

ئەوەی ئەو توانایەی دایە ئێمە، تا ببینە خزمەتکاری پەیمانی نوێ، ئەوە نووسراوی کۆن نییە. بەڵکو گیانی پیرۆزە، چونکە نووسراوی کۆن دەکوژێ، بەڵام ڕۆحەکە ژیان دەدا.

بەراوردێکی هەنگاوی پاولۆس بەرامبەر یاساکانی تەورات و کولتووری یەهودی. و دەستپێشخەری بۆ فڕێدانیان، و قسەکردن بەناوی گیان. لەگەڵ بوێری یەسو، و دۆزینەوەی ڕێگایەکی نوێ بۆ دۆزینەوەی خودا. لەیەک چوونێک، مرۆڤ ناتوانێ لەسەری

تێپەڕێ و هەستی پێنەکا.

---

446 الصلیبی، د.کمال. البحث عن یسوع – قراءة جدیدة فی الأناجیل ص ١٠٤

لەلایەکیتر پاولۆس لە ووتار و نووسینەکانیدا، هیچ ئاماژەیەک یان شتێکی لەو ئینجیلە وەرناگرێ. کە یەهودیە نەسارییەکان بەکاریان دێنا. بەڵام لە نووسراوەکانی، کە چۆن ناڕاستەوخۆ ڕەتی دەکاتەوە. دەبێ شارەزاییەکی باشی لەسەر ئەو ئینجیلە، هەبووبێ. سەرەڕای ئەوە پاولۆس لە نامەکانی هەندێک ڕستە بەکاردێنێ. کە سەرچاوەکانیان دیارنین. ئەوەش ئاستی هوشیاری و بوێری ئەومان پیشان دەدا. کە دەتوانێ دینی کریستیانی بەرەو ئاستێکی تری دوور لە دینی یەهوودی ببا.

با چاوێک بە چەند پەرەگرافێکی دوو نامەکانی (تیمۆتی) دا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ چۆن دینی کریستیانی لەژێر ڕۆشنایی پاولۆس چەکەرە دەکا[447].

پەیمانی نوێ - ١ تیمۆتی ٣ :١٦

به دانپێدانانی گشتی، نهێنی لەخواترسی گەورەیە، ئەمەیە:
ئەو لە شێوەی جەستە بەدەرکەوت، گیانی پیرۆز شایەتی ڕاستیەکەیدا. لەلایەن فریشتەکانەوە بینرا. لەنێو گەلان مزگێنی پێدرا، لە جیهان باوەڕی پێکرا. بۆ شکۆداری بەرزکرایەوە.

پەیمانی نوێ - ٢ تیمۆتی ٢:١١-١٣

(١١) ئەوە بە دلنیاییەوە ڕاستە: گەر لەگەڵ کریست بمرین، لەگەڵ ئەو دەژین (١٢) ئەگەر لەپێناویدا دان بەخۆدا بگرین، لەگەڵ ئەو پاشایەتی دەکەین. ئەگەر ئێمە نکۆڵی لێبکەین، ئەویش نکۆڵیمان لێدەکا (١٣) ئەگەر ئێمە دلسۆز نەبین، ئەو بە دڵسۆزی دەمێنێتەوە. چونکە ناتوانێ نکۆڵی لەخۆی بکات.

---

[447] الصلیبی، د.کمال. البحث عن یسوع – قراءة جدیدة فی الأناجیل. ص ١٢٢

پەیمانی نوێ - ٢ تیمۆتی ١: ١١-١٣

(١١) ئەو مزگێنییەی من بۆی بوومە ووتاردەر و نێردراو و مامۆستا (١٢) ئێستا لە پەناوی ئازار دەچێژم. بەڵام شەرمی پێوەناکەم. چونکە دەزانم باوەڕم بەکێ هەیە. دڵنیام خودا دەتوانێ پارێزگاری ئەو شتەم بکا، کەوا بۆی داناوم تا ئەو ڕۆژە (١٣) دەست بەو شتە ڕاستانە بگرە کە لە منەوە بیستووتە، و بەو باوەڕو خۆسەویستییەی لە یەسوی کریست دایە.

بە ووردبوونەوەیەک لەو چەند پەرەگرافەی نامەکانی پاولۆس، بە ڕوونی ئەوە دەبینین کە یەسوی بەر لە خاچدان و یەسوی دوای لە خاچدان دوو کەسایەتی جیاوازن. یەسوی یەکەم چاکسازێکە، بەڵام توند. ئەوەش لە ئینجیلەکان بە جوانی ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە مەتیاس (مەتی) وەک قوتابیەکی سەرەتای پەیامی یەسوە. هەم خۆی لە سێبەری تەورات و یاساکانی موسا دەبینێ. و هەم یەسوی لە تەمەنی لاویدا، بینیوە و گوێی لێگرتووە. بۆیە وەک پەیامبەرێکی شەڕانی، و تەنیا دوارۆژ لە توند و تیژی دەبینێ.

پەیمانی نوێ- مەتی ١٠: ٣٤ – ٣٦

(٣٤) وامەزانن کە من هاتووم ئاشتی بێنمە سەر زەوی. نەخێر بۆ هێنانی ئاشتی نەهاتووم. بەڵکوو شمشێر (٣٥) چونکە من بۆ هەڵگەڕاندنەوەی کوڕ لە باوک، کچ لە دایک، بووک لە خەسوو (٣٦) دوژمنی مرۆڤیش لە خێزانەکەی خۆی دەبێ.

ئەوە یەسوی پێش لەخاچ دانە. تاکە ڕێگا بۆ سەرکەوتنی دینەکەی لە شمشێر دادەبینێ. بەڵام دوای دەربازبوونی، و بە دەیان ساڵ گەڕانی بە جیهاندا. دەبینین یەسوی هێمن، لە پێناوی مرۆڤەکانی سەرزەوەی تێدەکۆشێ. تەنانەت ئامۆژگاری دەکا کە دەمیان پاکبێ:

پەیمانی نوێ – ئینجیلی مارکوس (مرقص) ٧: ١٤ - ١٦

(١٤) دیسان خەڵکەکەی بانگکرد و پێی فەرموون: هەمووتان گوێم لێبگرن، و تێبگەن (١٥). شت نییە لە دەرەوەی مرۆڤەوە بێتە ناوی و گڵاوی بکا. بەڵام ئەوەی لە مرۆڤەوە دێتە دەرەوە، ئەوە گڵاو دەکا (١٦) ئەوەی گوێی هەیە، بۆ بیستن با گوێبگرێ.

بە پێچەوانەی ئینجیلی مەتیاس لێرەدا یەسو، شێوەیەکی تری قووڵتر و دووربینانەتری هەیە. کە زیاتر ئامۆژگاری کۆمەڵایەتیە و دوورکەوتنەوەیە، لە شمشێر و توند و تیژی.

لەلایەکی تر سەرچاوەکانی کریستیانی خۆیان دان بەوە دادەنێن. کە هەر چوار ئینجیلەکە دوای سەردەمی پاولۆس نووسراون. هەر هەمووشیان کاریگەری قسە و نووسینەکانی پاولۆسیان لەسەرە. سەرەڕای ئەوەی بە پێی کەلەپووری کریستیانی، پاولۆس نە قوتابی یەسو بووە. و نە هاودەمیشی بووە. [448]

لەلایەکیتر فراس السواح، لە زمانی ئێوسیبوسی قەیسەری کە لەسەدەی چوارەمی س.ب ژیاوە. و پەرتووکێکی لەسەر مێژووی کەنیسە نووسیووە. کە دەڵێ مەتی (مەتیاس) یەکەم کەس بووە.ڕێنماییەکانی یەسوی کۆکردوونەتەوە. و بە ئارامی نووسیویە. و ناوی لێناوە گۆتە (لۆژیا Logia). هەرچەندە ئێمە نازانین، ئەو گۆتانە ئینجیلی مەتی خۆیەتی. یان چەند ڕێنمایەکن بۆ ووتارەکانی یەسو. [449]

---

448 الصلیبی، د.کمال. البحث عن یسوع – قراءة جدیدة فی الأناجیل ص ١٦١

449 فراس السواح، الوجە الاخر للمسیح ص ١٤

# سورەتی الفیل و کێشەی ڕاڤەکاران

سورەتی الفیل ژمارە ١٠٥، یەکیکە لەئاشناترین سوورەتەکانی قورئان. ئەو سورەتە، وەک نموونەیەک، لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامی وەک پەندێک دووبارەی دەکەنەوە. کە خودا چی بەسەر هێرشبەرانی مەککە هێناوە، لەو کاتەی ویستوویانە کەعبە بڕووخێنن. لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامی، لەو باوەڕەدان. ئەو سوورەتە، تایبەتە بە باسی لەشکری ئەبرەهەی حەبەشی. ئەو کاتەی ویستوویەتی مەککە داگیربکا. و کەعبە بڕووخێنێ. ئەو باوەڕەش هەر لەو کاتەی بیۆگراف - و مێژوونووسانی موسوڵمان، دەستیان بە نووسین کردووە. بەم شێوەیە بەرەوام بووە.

کەلەپووری نووسراوی ئیسلامی، زۆر درەنگ دەست بە نووسینەوەی کراوە. بەپێی لێکدانەوەی مێژوو، نووسینەوەی بیۆگرافیای نەبی محمد، نزیکەی ١٥٠ ساڵ دوای هاتنی قورئان بووە. کە دەکاتە سەردەمی خەلافەتی عەباسی. و یەکەم کەس بەو کارە هەڵسابێ، محمد ابن ئیسحاق (٨٠ک/ ٦٩٩ – ١٥١ ک/ ٧٦٩ س.ب) بوو. کە لە ساڵی ١٢٣ کۆچی، بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ژیان و کردەوەکانی نەبی ئیسلام. دەستی بە کۆکردنەوەی زانیاری، بۆ نووسینەوەی بیۆگرافی نەبی محمد کرد.

هەرچەندە دەستنووسی إبن إسحاق گومبووە. و هیچ کەس نازانێ چی بەسەرهات. دوای ئەویش إبن هشام ( ٢١٨ک/ ٨٣٤ س.ب مردووە) بەردەوام بووە لەسەر پوختەکردنی (کورتکردنەوەی) بیۆگرافی نەبی محمد، کە إبن إسحاق نووسیبوویەوە. بەڵام ئەوەی

ڕاستییدا، إبن هشام تەنیا ئەوانەی تۆمارکردوون، کە لە دەمی قوتابییەکی إبن إسحاق بیستوونی.

دوای ئەوانیش بەردەوامی هەبوو. بە گوێرەی لێکدانەوەی سەرجەمی مەندیل بە سەرەکانی سەردەمی خەلافەتی عەباسی. دەبێ ئەم سوڕەتە، سەبارەت بە هێرشی ئەبرەهەی حەبەشی بێ، بۆ داگیرکردنی مەککە. بەڵام پرسیارەکە لەوە دایە، بە پێی کام سەرچاوە؟

ئەگەر بەدواداچوونێک، بە دوای ئەو بیۆگراف- و مێژوونووسانەدا بکەین، کە سوڕەتەکانی قورئانیان ڕاڤەکردووە. سەرەتا لە الطبری (٨٣٩ – ٩٢٣س.ب) دەست پێدەکا. کە لە ڕێگای إبن هشام، کە ئەویش لە إبن إسحاق وەریگرتووە. بە ووردبوونەوەیەکی سەرپێی بۆمان دەردەکەوێ، ماوەی نێوان إبن إسحاق و طبري، نزیکەی ٢٠٠ ساڵ دەبێ. ئەوەش لە بواری مێژوو، کەلێنێکی گەورەیە. بۆیە ناتوانرێ جێگای متمانە بێ. لە هەر یەکیان لە جیاتی سەرچاوەی مێژووی باوەڕ پێکراو. سەرەڕای کۆپیکردن. تا توانیویانە، بە ئەندیشە و ئارەزووی خۆیان، ئەفسانەیان تۆمارکردوون. بە پێی تێبەربوونی کات ئەو ئەفسانانەش، وەک دیمەنی نامۆ و نالۆژیک، دەبنە هۆی ئەوەی، خوێنەر متمانەی بە هیچ بیۆگرافی و مێژوو نەبێ کە موسوڵمانان دەنووسن.

دوو نموونە لەسەر سورەتی فیل، لە بیۆگرافی نووسینی موسوڵمانان

لێرەدا هەوڵ دەدرێ سەبارەت بە سوڕەتی فیل نموونە لە دوو بیۆگرافی نووسی بەناوبانگی موسوڵمان وەربگیردرێ. کە بۆمان ڕووندەکاتەوە. هەم کۆپی یەکترین و هەم فەنتاسایی ئەفراندنی ئەفسانە لە نووسینەوەکانیاندا دەستی باڵای هەی.

إبن هشام

بەپێی بیۆگرافیای إبن هشام، کە دواتر زۆربەی مێژوونووسانی موسوڵمانی وەک تەبەری لە تاریخ الرسل و الملوک. و ابن الکثیر لە تفسیر إبن کثیر و هتد... وەک کۆپی لە بیۆگرافیاکەی ابن هشام وەریان گرتووە. و بەبێ هیچ زیاد و کەمی، دووبارە تۆماریان کردوتەوە. ئەوەش پوختەیەکی بیۆگرافیای إبن هشامە. زۆر بە کورتی بەم شێوەیە:

سوپای پاشایەتی حەبەشە، توانی بەسەر حەمیریەکانی یەمەندا سەرکەوێ. و یەک لە سەرکردەکانی حەبەشی کریستیان بە ناوی ئەبرەهە کەوال، بە فەرمانی پاشای حەبەشە النجاشی دابنرێ. بەڵام کاتێ ئەبرەهە دەستەڵاتی لە یەمەن گرتە دەست. کەنیسەیەکی گەورەی لە سەنعا دروستکرد، و ناوی نا (القلیس) و دەیەویست ڕووگە و مەزارێکی پیرۆز، وەک ڕقابەری کەعبە، بۆ سەرتاسەری دوورگەی عەرەبی لێ دروستبکا. بەڵام تووشی بەرهەڵستییەکی گەورەبوو. زۆربەی عەرەبی دوورگە حەجیان بۆ کەعبە دەکرد. کەنیسەکەی ئەبرەهە تەنیا، و لە پەراوێز مابووەوە. بێجگە لە کەمێک کریستیان بەولاوە، کەس سەردانی نەدەکرد.
ئەو دیمەنە ئەبرەهەی تووڕەکرد. بەتایبەتی کاتێ عەرەبێکی بەنی کەنانە، لە ناو کەنیسە ڕەفتاری ناشیرینیکرد. ئەبرەهە ئەو ڕەفتارەی، بە سووکایەتی، بۆ دینی کریستیانی بە گشتی و ئەبرەهە بەتایبەتی وەرگرت.

بۆیە ئەبرەهە بڕیاری دا تۆڵەی ئەو سووکایەتییە بکاتەوە. لەشکرێکی گەورەی ئامادەکرد. بە سەرکردایەتی خۆی. ئەو لەشکرە چەندین فیلی لەگەڵ دابوون. یەک لەو فیلانە هی ئەبرەهە بوو. و زۆر گەورەبوو، بە ناوی مەحمود. کە پێش لەشکربوو. لە شکری ئەبرەهە، بەرەو مەککە بەڕێکەوتن و عەرەب لەبەریان هەڵدەهاتن.

چیرۆکەکە بەوە کۆتایی دێ، فیلەکان بەرەو ناوچەی کەعبە دەکەونەڕێ. بەڵام لەناکاو فیلەکان یاخی دەبن، نایانەوێ کەعبە بڕوخێنن. کاتی لەشکر ئامادە بوو، بۆ ڕوخاندنی کەعبە. باڵندە ئاسمانیان تەنیەوە و هەر باڵندەیەکیش، بە دەنووک چەند بەردێکی هەڵگرتبوو. گشتیان بەسەر لەشکری ئەبرەهەدا باراندن. ئەو بەردانە جەستەیان شەقدەکردن و دەمردن. لەشکری ئەبرەهە بەزین و گەڕانەوە شوێنی خۆیان لە دووری کەعبە. بە پێی ڕاڤەی موسوڵمانان دەبێ ئەبرەهە، خۆشی لەو هێرشەدا مردبێ. [450]

ئەو لێکدانەوەیە بە یەکێک لە سەرگوڵی داهێنانەکانی، مێژوونووسانی موسوڵمان، لە سەردەمی عەباسی دادەنرێ. و تا ئێستاشی لەگەڵ دابێ، بێجگە تەوژمی خەیاڵی ئەفسوناویان، هیچ باکیان بە بەڵگەی مێژوویی و شوێنەوار ناسی نەبووە. کەچی وەک بەڵگەیەکی حاشا هەلنەگر، لای موسوڵمانان، کات و ناکات بەکاری دێنن.

إبن کثیر

لە دوای إبن هشام یەک لە بەناوبانگترین ڕاڤەکارانی قورئان إبن کثیر دێ (۷۰۱ک/ ۱۳۰۱ س.ب – ۷۷٤ک/ ۱۳۷۳ س.ب). کە نزیکەی ٥۰۰ ساڵ دوای إبن هشام. هاتووە. بە ئارەزووی خۆی شەن و کەوی کردووە. هەر لەسەر بنەمای إبن هشام، ئەسپی خەیاڵی خۆی تاو داوە. بە سەیرکردنێکی وورد بە دەیان هەڵەی مێژوویی و دینی و کەسایەتی لی دەدۆزیەوە. تا دەگاتە ئاستی نالۆژیکی و زانیاری خیاڵکرد. بۆیە باشترە زۆر بەکورتی، پوختەی نووسینەکەی بخەینە ڕوو.

[450] سیرة إبن هشام

إبن الكثير (٧٧٤ ک) لە ڕاڤەی بۆ (أصحاب الفیل) دەڵێ:

چیرۆکی (أصحاب الفیل) ئەو ڕووداوە لە چیرۆکی (أخدود)ەوە هاتووە. ذا نؤاس دوا پاشای حەمیری مشرک بوو. ئەو (أصحاب الأخدود) ی کوشتن. کە نەسارێ بوون. ژمارەیان نزیکەی ۲۰ هەزارکەس دەبوو، بێجگە لە (دوس ذو ثعلبان) هیچیان دەرنەچوون. ئەویش، بۆ لای قەیسەری پاشای ڕۆم، کە نەسرانی بوو لە شام دادەنیشت. هەڵات و داوای یارمەتی لێکرد. ئەویش نامەیەکی بۆ نجاشی پاشای حەبەشە نووسی. لەبەرە ئەوەی ئەو لێیان نزیکبوو. لەگەڵ نامەکەش دوو شازادە (أمیر)ی ناردن کە أریاط و ئەبرەهة بن الصباح أبا یکسوم بوون، لەگەڵ سوپایەکی گەورە.
ئەوانە چوونە ناو یەمەن. و پاشای حمیری ذو نؤاسیان دەستگیرکرد. و نقومی ناودەریایان کرد و مرد.

حەبەشە پاشایەتی لە یەمەن دامەزراند. دەبوایە یەک لەو دوو شازادەیە ببێتە پاشای یەمەن. ئەویش أریاط و أبرهة بوون، ناکۆکیان کەوتە نێوان، خەریک بوو بکەونە شەر. یەکیان بەویتری گوت. پێویست بەوە ناکا، ئێمە دوو سوپا بەرەنگاری یەک بکەینە! با تەن بە تەن کێشەکە ببڕینەوە.
أریاط بە شمشێر هێرشی کردە سەر ئەبرەهە و لووت و لێوی. و هەروەها ڕوومەتیشی شەقکرد. یەکسەر ئەبرەهە هێرشی کردە سەر أریاط و کوشتی. ئەبرەهە بە برینداری گەڕایەوە، برینەکەی چارەسەرکرا. و چاک بووەوە. لەوە بە دوا ناوی حەبەشی نەما و بووە (أبرهة أشرم). دوای ئەو سەرکەوتنەی بەسەر أریاط، سوپای حەبەشی لەیەمەن دەرکرد. بۆیە نەجاشی نامەیەکی پڕ

گلەیی بۆ نارد. لەسەر ئەو هەڵوێستەی دژی ئەفسەرێکی هاوشانی خۆی و کوشتنی لەسەر دەستەڵات.

ئەبرەهە بۆ نەجاشی نووسی. من کەنیسەیەکت بۆ دروست دەکەم. کە تا ئێستا لەسەر خاکی یەمەن دروست نەکرابێ. و دەستی بە دروستکردنی کەنیسەیەکی گەورە لە سەنعاکرد. ساختمانێک ئەوەندە بەرز، زۆر جوانە بە نەخش و نیگار ڕازاندیەوە. و ناوی لێنا (أقليس)[451] ئەو ناوەش لەبەر بەرزی ساختمانەکە، تەماشاکەر کۆچکەی (کڵاوی) لەسەر دەکەوێ.

ئامانجی ئەبرەهە ئەوەبوو، گشت هوزەکانی عەرەب، لە جیاتی مەککە حەج بۆ کرنیسەی سەنعا بکەن. بەڵام عەرەبەکانی باشووری ڕۆژئاوا و و باکوور، ڕەتیانکردەوە حەج بۆ کەنیسەی کریستیانی نوێ، بە شێوەی ئەتیوپی و ناوەرۆکی ڕۆمانی بکەن. قورەیشیەکان لە گشتیان زیاتر تووڕەبوون. تاوای لێهات شەوێکیان گەنجانی ئەو هۆزە، شەو بە دیواری کەنیسەدا هەڵگەڕان. و پیسایان لە ناو کەنیسە کردبوو. کاتی قەشە ئەوەیان بینی، هەواڵیان دایە ئەبرەهە. ئەویش سوێندی خوارد. کەعبە بڕوخێنێ.

دوای ئەوە بەردەوام دەبێ و دەڵێ:

خودا باڵندەیەکی لە دەریاوە نارد، کە لە شێوەی شەمشەمەکوێرە یان پەڕیسێلکە بوو. هەریەکەیان سێ بەردی هەڵگرتبوو. بەردێک بە دەنووک،دوو بەردیش بە قاچەکانی. لە شێوەی نۆک و نیشک بوون. بەر

---

[451] Eklesia

هەریەک کەوتبان بە لێدانی تووشی هەلاکەت دەبوون. بەڵام گشتیان نەپێکان. [452]

ئەوە کورتەی ڕاڤەی إبن الكثيرە، بۆ درێژەی ئەو ڕاڤەیە خوێنەر دەتوانێ لە (إبن الكثير، تفسير إبن الكثير) بخوێنێتەوە.

سەرەڕای نموونەی ئەو دوو بیۆگرافینووس و ڕاڤەکارە. لە جێی خۆیەتی نموونەیەکیتری جێگای سەرسوڕمان بێنینەوە:

الدميری لە پەرتووکی حياة الحيوانات الكبرى، دەنووسێ:

یەکی محرم بوو، لە ساڵی هەشت سەد و هەشتا و دوو، بە ساڵنامەی ذو القرنين. و نەبی لەو کاتەدا، لە سکی دایکی دابوو. ئەبرەهەی ئەشرەم پاشای حەبەشە. دەیەویست کەعبە بڕووخێنێ. لەبەر ئەوە ی کەنیسەیەکی لە سەنعا دروستکردبوو. دەیەویست حاجی سەر لەوێ بدەن. کەسێک، لە بەنی کەنانە دێ. و شەو سوکایەتی دەکا. ئەویش (ئەبرهە) تووڕە دەبێ و پەیمان دەدا کەعبە بڕووخێنێ. [453]

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە، دەمیری مێژوویێکی ئەفسانە ئاسا دەدا، کە دوورە لە لۆژیک و نامۆیە بە نووسینەوەی مێژووی کەسایەتییەکی سەرەکی دینی ئیسلام. بە درێژایی مێژووی

---

[452] فاضل ص ٤٧

[453] الدميري. محمد بن موسى بن عيسى بن علي. أبو البقاء كمال الدين الشافعي. (ساڵی ٨٠٨ کۆچی مردووە) حياة الحيوانات الكبرى. دار الكتب العلمية . بيروت الطبعة الثانية ١٤٢٤ ک. ص ١٣٠

مرۆڤایەتی. ساڵنامەیەک بە ناوی (ساڵنامەی ذو القرنین)، بوونی نەبووە. و هیچی دەربارە نازانین. ئەگەر مەبەستی ساڵنامەی عیبری بێ. ئەوە دەکاتە زیاتر لە ۳۵۰۰ ساڵ. بە ساڵنامەی گریگۆری ئێستا ۲۰۲۲ . ئەگەر مەبەستی ساڵنامەی حمیری یەمەنی بێ. ئەوا ۸۸۲ – ۱۰۹ دەکاتە ۷۷۳ س.ب. جا بە هەرشێوەیەک لێکی دەدەیتەوە، لە چوارچێوەی خەیاڵ دەناچێ.

هەڵەکانی بیۆگرافی نووسان ڕاڤەکارانی موسوڵمان،

لە چەند خاڵێکدا

١. إبن کثیر دەڵێ ئەو چیرۆکە باسی باسی أصحاب (الأخدود)ە. کۆشتاری نەجران، هیچ پەیوەندییەکی بە کوشتنی أخدودەوە نییە. بەپێی لێتۆژینەوەی نوێ ڕووداوی (أخدود) کە لە قورئان باسیدەکا. هیچ بەڵگەیەک نییە، کە ئەو ڕووداوە لەنەجران ڕوویدابێ. هەر ئەوەشە وای لە شوێنەوارناس دکتۆر عبدالرحمن الطیب الأنصاري کرد. کە بڵێ ڕووداوی أخدود پەیوەندی بە نەجرانەوە نییە.

لەلایەکیتر بیۆگراف- و مێژوونووسانی موسوڵمان ئایەتی ژمارە ٤ لە سورەتی البرج، بەو کوشتارەی نەجران لێکدەدەنەوە.

قورآن الکریم سورة البرج ۸۵: ٤

قُتِلَ أَصْحَابُ الْأُخْدُودِ (٤)

یەکەمیان ناوچەی نەجران و پاشایەتی حمیر بە هەزاران بەڵگەنامە و نەخش و نووسینی لێیە. کە باسی گشت ڕووداوەکانی ناوچە جیاجیاکانی یەمەن، بە تایبەتی نەجران دەکەن و سەرچاوەی زۆرگرنگن بۆ مێژوونووس و شوێنەوارناسان. کەچی بە هیچ شێوەیەک باسی ڕووداوی أخدود ناکە. ئیتر أخدود دەتوانێ هەر کوێ بێ. یان ئەفسانەیەکی کۆنبێ و لە ڕاستیدا هەر نەبووبێ.

ئەو گومانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، سەرچاوەکانی عەرەبی دوو کەسایەتیان لەو ڕووداوە تێکەڵ کردووە. یەکەمیان یوسف أسأر یثأر (٥١٧ – ٥٢٧ س.ب) پاشای حەمیریەکان بووە. ئەویتریش ذي نؤاس کە کەسایەتییەکی ئەفسانەیی کۆنە. سەرچاوەکانی ئیسلام گشتیان بۆ کێشەی نەجران بە ذي نؤاس دەبەستنەوە. کەچی هیچ شوێنەوارێک یان بەڵگەنامەیەک ئاماژەی پێناکا، بە پێچەوانەوە بەڵگەنامە سەبارەت بە یوسف أسأر هەیە. کەچی ئاماژە بەوە ناکا کە نەجرانی سوتاندبێ. [454]

٢. تێکەڵاوکردن، لە نێوان یوسف أسأر و کەسایەتی ئەفسانەیی ذو نؤاس تێکەڵیان کردوو. سەرەڕای ئەوەش ناوی یوسف بن شرحابیل بووە. و دوا پاشای الحمیری (٥٢٤ – ٥٣٥). ڕاستی ئەوەش تەواو پێچەوانەی ئەو دەربڕینەی إبن کثیرە. بەپێی گشت سەرچاوەکانی مێژووی ئەو سەردەمە. دوا پاشای حمیر لەسەر دینی یەهودی بووە. و یەهودیش کافر نین. و بەپێی قورئان أهل الکتابن. و دەوڵەتی حمیریش دەستەڵاتی دینی یەهودی بووە، لە یەمەن. مەبەستی سەرەکی یوسف، فراوانکردنی دەستەڵاتی یەهودی بوو. کە بتوانێ دەوڵەتێکی بەهێزی حەمیری یەهودی لە یەمەن وەدیبێنێ. و سەرجەمی دینەکانی تر بخاتە ژێر ڕکێفی دینی  یەهودی. کە لەماوەیەکی دوور بتوانێ بنبڕیان کا.

٣. إبن الکثیر وایزانیوە، قەیسەر لە سوریا دادەنیشێ. بە پێچەوانەوە، هەمیشە قەیسەر لە بێزەنتە دانیشتووە. لە جیاتی ئەوە، شام لەو سەردەمەدا هۆزەکانی غەساسنەی کریستیانی دەستەڵاتیان هەبوو. کە ناکۆک بوون لەگەڵ کریستیانەکانی نەجران. لەبەر ئەوەی

---

[454] الأنصاری، د. عبدالرحمن الطیف. حادثة الأخدود لم تحدث فی نجران. جریده العکاظ. عدد ٣١٩٢ تاریخ ١٤ مارس ٢٠١٠

کریستیانەکانی حیرە (کوفەی عێراق) سەربە ئاینزای نەستوری بوون، بە هۆی ئەو ناکۆکی دینییەی نێوانیان، ڕەتیانکردەوە. یارمەتی برا کریستیانەکانی یەمین بدەن. لەگەڵ ئەوەشدا چەندین هۆی تریش هەبوو. یەک لەوانە ئەو ناوچانەی کریستیانەکانی نەستوری عێراق لێی دەژیان، لە ژێر دەستەڵاتی ساسانیەکان دابوو. ئەوەش وایکرد. کە لێکدانەوەی تایبەتی سیاسیان بۆ ئەو کێشەیە هەبێ. بێهێزی کریستیانەکانی یەمەن و یارمەتیدانیان لەلایەن کریستیانەکانی عێراق، بە مانای لایەنگیری بێزەنتی دەهاتەوە. و ساسانیەکانی سەخڵەت دەکرد. و لەبەرژەوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی کریستیانەکانی عێراق دانەبوو. بەڵام بێزەنتیەکان دوای ماوەیەکی زۆر، لەو ڕووداوانە. بە هانی هاوپەیمانیەکریستیانەکانی حەبەشە (ئەتیوپیا)ی دا. کە یەمەن داگیربکەن. و پاشایەتی یەهودی بڕوخێنن. هەڵبەتە ئەوەش مەبەستی سەرەکی هاموشۆی بازرگانی و شوێنی ستراتیژی یەمەن بوو.

٤. سەرکردەی داگیرکەر دوو شازادە (أمیر) نەبوون. بەڵکوو تەنیا یەک ئەفسەری ئەتیوپی بوو بە ناوی ئەریات. ئەریات بە لەشکرێکی گەورە هات. و دوا پاشای حەمیری گرت و کۆتایی بە دەستەڵاتیان هێنا. بەڵام دواتر دەستەڵاتی ئەتیپی، وەک هێزی داگیرکەر بەسەر یەمەندا زاڵکرد. و ستەم و بێگاری بە خەڵکی یەمەن دەکرد. تا ڕاپەڕینی ئەبرەهەی حەبەشی کوستنی کۆتایی هێنانی بە دەستەڵاتی ئەتیپی، لە یەمەن.

٥. بیۆگرافی نووسان و ڕاڤەکارانی موسوڵمان تێکەڵاویان لە نێوان سێ ئەبرەهەدا کردووە. ئەبرەهە کەوال (إبن هشام) ئەبرەهە بن صباح أبا یکسوم (إبن کثیر) ئەبرەهە أشرم (إبن کثیر)، و ئەبرەهەی حەبەشی.  بەڵام ئەبرەهەی حەبەشی، بە پێی ئەو تابلۆ شوێنەوار ناسییەی لە بئر مریغان دۆزرایەوە (دواتر باس دەکرێ) دەڵێ من (پاشا ئەبراهە زەبیمان). بەو پێیە گشت ناوەکانیتر هەڵەن.

لەلایەکیتر ئەبرەهە سەرکردەی ئەتیوپی (حەبەشی) نەبوو. بەڵکوو کریستیانی یەمەنی، خەڵکی تەعز بوو. تەنیا نازناوی حەبەشی بووە. (جبل حبشی) دەکەوێتە، سنووری پارێزگای تەعز، لە باشووری یەمەن. و ئێستا ناوچەیەکی کارگێڕی سەربەخویە و ئەبرەهە وەک نازناو وەریگرتووە. ناوچەی جبل حبشی خاوەنی کەلەپوورێکی یەکجار کۆنە. کەلەپووری هەڵکۆڵراو و تابلۆ و شتی تری تێدایە. کە دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە چوار هەزار ساڵ. و تا ئێستاش بەدەیان شتی جیاجیا بە ناوی ئەبرەهە و چیای حەبەشە لە ناوچەکەدا هەن.

٦. ناکۆکی نێوان ئەبرەهە و ئەریات، ناکۆکی کەسی نەبووە، بەڵکوو ململانێیەک بوو، لە نێوان ووڵاتی یەمەنی داگیرکراو. کە ئەبرەهە سەرکردەی بوو. و ووڵاتی حەبەشەی داگیرکەر، کە ئەریات نوێنەرایەتی دەکرد، و بڕیاردەری بوو. لە هەمان کاتدا دەوڵەتی حەبەشە لایەنگیری بێزەنتیەکان بوون. و کۆنترۆڵی ڕێگای بازرگانی دەریا و زەوی لە دەریای سوور و قەراخەکانی بە درێژایی، هەر لە باشووری یەمەنەوە تا دەگاتە ئەیلات و پێترا لە شام و ئیسرائیل. بۆیە یەمەنیەکان بە سەرکردایەتی ئەبرەهە، تەنیا چەوسانەوە و ستەمیان لە دەستەڵاتی دەرەکی حەبەشی بێزەنتی دەدیت. بۆیە بڕیارياندا. لە دەستی ئەتیوپیەکان، کە خۆیان بەسەر یەمەن دا سەپاندبوو، ڕزگار کەن و لە خاکی دایک وەدەریان نێن. [455]

هەرچەندە مێژوونووسانی موسوڵمان لێکدانەوەی هەڵەیان بۆ ئەبرەهەی حەبەشی کردووە، کە دەبێ کریستیانێکی خەڵکی حەبەشی بێ. بە پێچەوانەوە ئەبرەهە لەو کەسایەتییە دوورە. بەڵکوو کەسایەتییەکی سەر بە حەمیریەکان بووە. لە بنەماڵەی ذي العاهر. کە لە پاشایانی کۆنی حەمیری بووین. و لە دانیشتوانی جبل حەبشي بووە، لە تاعز. جبل حەبشي یەک لە گەورەترین چیاکانی یەمەنە. و لە هەندێک سەردەم بە جبل ذەخر

---

[455] فاضل الربيعي (٢٠١٩) النص المبتور. تفسير القرآن و تلفيق التاريخ الرسمي للإسلام. دار الفريد، دمشق، سورية. ص ٢٩

ناسراوە. و دەکەوێتە ناوچەی ڕۆژئاوای جەبل صەبر. کە دۆڵێک، بە ناوی (وادي الضباب) لەیەکیان جیادەکاتەوە. [456]

لە کۆتایی ئەو شەش خاڵەی سەرەوە، با نموونەیەکی سەرنج ڕاکێش بێنینەوە: [457]

دروستکردنی کەسایەتی أبی رغال، گوایە خیانەتی کردووە. و بۆتە چاوساخی لەشکری ئەبرەهە، بۆ سەر مەککە. وەک پینەکردنێکی کێشەکە بۆ گونجاندنی سورەتی الفیل. و ئاسانتر ببێتە جێگای متمانە، یان بەستنەوەی بە ساڵی لەدایکبوونی نەبی، تا بتوانن پیرۆزی کەن و بەرگێکی مێژوویی لەبەرکەن، و زیاتر ببێتە جێگای متمانە. ئەو گرنگیە گەورەیەی بەو سوورەتە درا. و کردیە بنەمای دیبەتی توند لە ناو مێژوونووس و ڕاڤەکارانی موسوڵمانانی هەردوو سەردەمی خەلافەتی ئەمەوی و عەباسی. [458]

دوای ئەو ڕاڤەکارییە بێ بەڵگەی مێژووی و دیبەیتە توندانەی سەبارەت بە چیرۆکی ئەبرەهە و سورەتی فیلیش، هەنگاو بە هەنگاو بوونە بەشێک لە مێژووی فەرمی ئیسلام. لە کاتێکدا موسوڵمانان، تەواو لە بنەڕەتی ئەو سورەتە و پەیوەندی ڕووداوەکەی بێ ئاگابوون. سەرەڕای ئەوە هیچ دەقێک یان بەڵگەیەکی تەنانەت لابەلاش نیە، بگەڕێتەوە سەردەمی چوار خەلیفەی بەرایی. تا بەلای کەمی گەواهیەک هەبێ. کە دوور یا نزیک، ئاماژە بە ڕووداوێک یان هۆکاری ئەو سوورەتە بکا. کەچی لە سەردەمی عەباسیەکان ئەو چیرۆکە هات. و بەبێ هیچ پاشخانێکی مێژووی گونجێندرا. [459]

---

[456] أبو فرج الأصفهاني. الأغاني. دار الفكر. بيروت. الطبعة الثانية. تحقيق سمير جابر

[457] فاضل الربيعي (٢٠١٩) النص المبتور. تفسير القرآن و تلفيق التاريخ الرسمي للإسلام. دار الفريد، دمشق، سورية. ص ١٢٨

[458] هەمان سەرچاوە ص ٢٠

[459] هەمان سەرچاوە ص ٢١ - ٢٢

* ووشەی نجاشي/ نجاسي، لە ڕیشەی نجاشة/ نجاسة هاتووە. بە مانای پیسی. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سۆفیگەرییەتی کریستیانی سەرەتایی. کە باوەڕیان وابوو، جەستە دەبێ بەرزترین پلەی بەڵاگێڕی بێ. لەبەر ئەوەی شتێکی پیسە. دەبێ بەردەوام پاکبکرێتەوە. ئەوەش لە پەرتووکی پیرۆزی کریستیان ، شوێنێکی بەرزی هەبوو. بەتایبەتی لەناو کریستیانەکانی ئەثیوبیا. کە پێی دەگوترا (کبرا نجشت) یانی پیسی مەزن یان النجاشي. ئەو نەرێتە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ مەندائي سەبەئی هەبووە. لە حەبەشە بەگشتی بەکار دەهات. [460]

لەلایەکیتر هیچ بەڵگەیەک نییە کە سورەتی الفیل بە هێرشێک بەناوی هێرشی ئەبرەهەی حەبەشە ببەستێتەوە. لە بەر ئەوەی لە سوورەتەکەدا، نە ناوی مەککە هاتووە. و نە ئەبرەهەی حەبەشی و لەشکرەکەی. سەرەڕای ئەوە ئەگەر مەبەستی هێرشی ئەبرەهە بێ، ئەوە ناکۆکی لە نێوان ئایەتەکان دروست دەبێ. بۆیە دەبێ لە بنەڕەتدا لێکدانەوەی لە چەند ڕەهەندی جیاواز بۆ بکرێ. تا بتوانرێ، دەرئەنجامێکی گونجاو و لۆژیکی پێ بدرێ. ئەوەش بۆ ساخکردنەوەی مەبەستی نووسەری قورئان و ڕاستی ڕووداوەکە، ئەگەر بووبێ.

بنەڕەتی کێشەی دینەکانی یەمەن و ناجێگیری باری سیاسی

ئەگەر بۆ تاوێکیش بێ، با واز لە بیۆگراف - و مێژوونووسانی موسوڵمان بێنین. کێشەکە وەک ڕەهەندێکی مێژووی بخەینە ڕوو. و ڕووداوە مێژوویەکانی یەمەن، لە دیوێکی تر بخەینە ڕوو.

---

[460] الربيعي، دكتور فاضل (٢٠١٩) النص المبتورة. تفسير القرآن و تلفيق التاريخ الرسمي للإسلام. نظرية فى إعادة ترتيب الأديان و العصور. الطبعة الأولى. دار الفرقد. دمشق - سوريا ص ١١٩ – ١٢٠

یوسف بن شراحبیل یەک لە پاشایانی حمیر بوو. بە پێی سەرچاوەکانی عەرەبی، دەبێ کۆمەڵکوژی کریستیانەکانی نەجرانی کردبێ. و شارەکانی سوتاندبن تا دەگاتە بە زیندوویی خەڵکی کریستیانی سووتاندووە. ئەو قڕکردنەشی، بۆ ئەوەی بوو، کرستیانەکانی ئەمەن بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی. بە گوێرەی سەرچاوەکانی عەرەبی، دەبی ئەو هێرشە لە چوارچێوەی پلانی هێرشێکی گەورەتردابووبێ. بۆ سەر هۆزە جۆر بە جۆرەکانی تری کریستیانی ئەمەن. مەبەستی سەرەکی ئەوەبوو، دەوڵەتێکی حەمیری یەهودی بۆ سەرتاسەری یەمەن دابمەزرێنێ.

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجدانە، هۆزەکانی ئەو دەمەی یەمەن، سەربە یەک ڕێبازی دینی دایریکراو نەبوون. بەڵکوو چەندین ڕێبازی تری جیاجیا هەبوون. سەرەڕای ئەوە، زۆریان لەژێر کاریگەری ئمپراتۆری ساسانی، و قوتابخانەی نەستۆری دابوون. هەندێکیتریان بە توندی و ئاشکرا دژایەتی کاهنەکانی یەهودیان دەکرد. بۆیە ناکرێ ذي نواس ئەوەی نەزانییێ و ترسی کاردانەوەی ئەوانی نەبووبێ. لەکاتێکدا هەردوو ئیمپراتۆری بێزەنتی و ساسانی بەردەوام لە ناوچەکانی حەبەشە و دوورگەی عەرەبی ئامادەبوون. [461]

سوڕەتی الفیل و ناکۆکییەکانی لێکدانەوەی

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە سورەتی فیل، لە بنەڕەتدا بەشێک بووە، لە سوڕەتێکیتر. بەناوی (سورة الإيلاف) [462]موسوڵمانانی بەرایی باش ئەوەیان دەزانی. و بە (سورة ألم تر) ناویان دەبرد. کە چی دواتر شتەکان لەلایەن کۆکەرەوانی قورئان گۆڕان. کرانە دووبەش پێنج

---

[461] إغناطيوس الثالث. الشهداء الحميرين العرب فى الوثائق الكنيسة. مجلة البطريركية دمشق ١٩٦٦

[462] ئەو ئیلافە هیچ پەیوەندی بە سوورەتی قورەیش دا نییە.

ئایەت لەوانە، بوونە سورەتێکی سەربەخۆ بەنای الفیل. کە بریتی بوو لە ئایەتەکانی ١ - ٥ ئایەتەکانی ٦ – ٩ کەوتنە ناو سورەتی الفجر.

سورة الفیل ١٠٥: ١ - ٥

أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ (١) أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِي تَضْلِيلٍ (٢) وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ (٣) تَرْمِيهِم بِحِجَارَةٍ مِّن سِجِّيلٍ (٤) فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَّأْكُولٍ (٥)

ئەی نەت بینی پەروەردگارت چی بە خاوەن فیلەکان کرد (١) ئەی فرِک و فێڵەکانیانی پووچەڵ نەکردنەوە (٢) باڵندەی ئەبابیلەی ناردنە سەر (٣) بە بەردی سجیل بەردبارانی کردن (٤) تا وەک کای خوراویان لێکردن (٥)

سورة الفجر ٨٩: ٦ – ٩

أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ (٦) إِرَمَ ذَاتِ ٱلۡعِمَادِ (٧) ٱلَّتِي لَمۡ يُخۡلَقۡ مِثۡلُهَا فِي ٱلۡبِلَٰدِ (٨) وَثَمُودَ ٱلَّذِينَ جَابُواْ ٱلصَّخۡرَ بِٱلۡوَادِ (٩)

ئەی نەتبینی، خوداکەت چی بە عاد کرد (٦) ئیرەمی خاوەن ستوون (٧) شتی لەو جۆرە لە ئاوەدانی دروسنەکراوە (٨) و ثەمود، ئەوانەی بەردیان لە دۆڵەکان دەتاشی (٩)

سورة الإیلاف یان (ألم تر)، لە بنەڕەتدا دەبێ ٩ ئایەت بووبێ و بە کۆکردنەوەیان بەو شێوەیە دەردەچێ

سورة الإلاف ١ – ٩

أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ (١) أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِي تَضْلِيلٍ (٢) وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ (٣) تَرْمِيهِم بِحِجَارَةٍ مِّن سِجِّيلٍ (٤) فَجَعَلَهُمْ

كَعَصْفٍ مَّأْكُولٍ (٥) أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ (٦) إِرَمَ ذَاتِ الْعِمَادِ (٧) الَّتِي لَمْ يُخْلَقْ مِثْلُهَا فِي الْبِلَادِ (٨) وَثَمُودَ الَّذِينَ جَابُوا الصَّخْرَ بِالْوَادِ (٩)
ئەی نەت بینی پەروەردگارت چی بە خاوەن فیلەکان کرد (١) ئەی فڕک و فێڵەکانیانی پووچەڵ نەکردنەوە (٢) باڵندەی ئەبابیلەی ناردنە سەر (٣) بە بەردی سجیل بەردبارانی کردن (٤) تا وەک کای خوراویان لێکردن (٥) ئەی نەتبینی، خوداکەت چی بە عاد کرد (٦) ئیرەمی خاوەن ستوون (٧) شتی لەو جۆرە لە ئاوەدانی دروستنەکراوە (٨) و ثەمود، ئەوانەی بەردیان لە دۆڵەکان دەتاشی (٩)

ئەو نۆ ئایەتانە، وەک سورەتێکی پێکەوە، عمر بن خطاب لە نوێژ دەیخوێندنەوە. [463]

ئەگەر ئەو نۆ ئایەتە لەبەر یەک هەڵوەشێنین ئەوا پێنج ئایەتەکانی، سورەتی الفیل بەتەنیا، شێوەیەکی ئەبستراکت وەردەگرن. و ناتوانرێ بە کارەساتێک یان هەر ڕووداوێکی مێژوویی ببەسترێتەوە. لەبەر ئەوەی بەتاڵە لە ئاماژەی مێژوویی و جوگرافی بۆ لێکدانەوە. با جارێکیتر سورەتی فیل بە تەنیا بخوێنیەنەوە.

القرآن الكريم سورة الفيل ١٠٥: ١ – ٥
أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ (١) أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِي تَضْلِيلٍ (٢) وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ (٣) تَرْمِيهِم بِحِجَارَةٍ مِّن سِجِّيلٍ (٤) فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَّأْكُولٍ (٥)

---

[463] الخازن، علاءالدين على بن محمد (المتوفى ٧٤١ هـ) لباب التأويل فى المعاني التنزيل. تصحيح: محمد علي شاهين. دار الكتب العلمية. بيروت. الطبعة الأولى ١٤١٥.

ئەی نەت بینی پەروەردگارت چی بە خاوەن فیلەکان کرد (١) ئەی فڕک و فێڵەکانیانی پووچەڵ نەکردنەوە (٢) باڵندەی ئەبابیلەی ناردنە سەر (٣) بە بەردی سجیل بەردبارانی کردن (٤) تا وەک کای خوراویان لێکردن (٥)

ئەگەر پێنج ئایەتەکەی الفیل، بەو شێوەیەی پسپۆر و ڕاڤەکارانی موسوڵمان لێکی دەدەنەوە. با بڵێین مەبەستی ئەبرەهە و لەشکرەکەی بووبێ. بەڵام بە ڕەچاوکردنی، هەندێک وردەکاری بۆمان دەردەکەوێ. ئەو لێکدانەوەیە بەلارێ دابردنی مەبەستی سورەتەکەیە.

با لەسەرخۆ لێکدانەوەیەکی لۆژیکی، بۆ کۆنتێکستی سوورەتی الفیل بکەین. ئەوسا، لە چەند ڕەهەندێک لە ناکۆکییەکانی نێوان ئایەتەکانی ووردبینەوە. ئەوەش بۆ گەیشتنە دەر ئەنجامێکی باوەڕ پێکراو. تا بزانرێ ئەم سورەتە چ مەبەستێکی هەیە. بەر لەوەی دەست بە لێتۆژینەوە بکەین، بە چوار خاڵ ناکۆکیەکانی ناو سورەتەکە، دەخەینە ڕوو.

یەکەم: لە کاتی هێرشی ئەبرەهە بۆ حیجاز خەڵکی مەککە بوت پەرست بوون. و کەعبەش، پڕ لە گەورەترین بوتەکانی عەرەبی بوو. ئەوەش قورئان خۆی ناوی لات و عز و مەنات دەبا. لە بەرامبەر ئەوە ئەبرەهە کریستیان بوو. باوەڕی بە خودا هەبوو. جا ئەگەر ئەو سوورەتە مەبەستی لەشکرکێشی ئەبرەهە بێ. کەواتە خودا یارمەتی بوتپەرستان، دژی بەندەکانی خۆی دەدا. ئەوەش دوورە لە ڕاستی. چونکە ڕاستە لە شاری مەککە یەهودی نەساری هەبووین، کەچی زۆربەی دەستەڵاتدارانی مەککە بوت پەرست بووین و کەعبەش بە دەیان بوتی جۆراوجۆی تێدابوون، کە ڕۆژانە دەپەرستران. کەواتە خودا یارمەتی دوژمنانی خۆی، دژی لەشکری خودا پەرستان داوە. بۆیە وەک لۆژیک ناتوانێ جێگای باوەڕ بێ.

دووەم: لە سورەتی الفیل، بە هیچ شێوەیەک نە ناوی ئەبرەهە و نە ناوی مەککە هاتووە. تەنانەت باسی ئەوەش ناکا ئەو شەڕە کەی بووە. تا لە بواری مێژووی بتوانرێ، بە ئاسانتر ساخ بکرێتەو

سێیەم: یەکەمین جار، لێکدانەوی مانای ئەو سورەتە. دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عەباسیەکان. کە دوای زیاتر لە سەد و سی ساڵ، هاتنی قورئانە. ئەوەش ماوەیەکی زۆر دوورە. بۆیە دەبێ جارێکیتر لە چەند ڕەهەندێکەوە، دووبارە لێکدانەوەی بۆ بکرێ.

چوارەم: ئەو فیلانەی لەو سەردەمە، بۆ بەشداری لە شەڕ بەکار دەهێنران، فیلی (هیندی) ئاسایی بوون، نەک ئەفریقایی. لەبەرئەوەی فیلەکانی ناوەڕاستی ئەفریقا لەبەر سەختی ڕامکردنیان، ئەستەم بوو ڕاهێنانی شەڕیان پێ بکەن. تەنیا لە باکووری ئەفریقا ڕەگەزێکی تایبەتی هەبوون کە ئەو کارەیان دەکرد، و بەناوبانگترین بەشداریان لە شەڕی هانیبال بوو دژی ڕۆم. نەک فیلی ئەفریقایی. [464]

## کێشەی تەکنیکی و مێژوویی ساڵی فیل

بێجگە ناکۆکی و تێکەڵ کردنی ڕووداوەکانی یەمەن و گووڕینی کەسایەتی، یان بەستنەوەیان بە کەسایەتی ئەفسانەیی. وا لە خوارەوە سێ خاڵ لە سەر ناکۆکی تەکنیکی کەسایەتیەکانیش دەخەینە ڕوو:

١ ناکۆکییەکی گەورە لەسەر ناوی ئەبرەهە حەبەشە هەیە، کە بڕیاری داگیرکردنی مەککەی دا:

---

[464] Populär historia nr. 11 2017

ئەبرەهەی حەبەشی باوکی یەکسوم، یان ئەبرەهەی ئەشرەم بوو یان ئەبرهە بن صباح بوو. مێژوونووسانی موسوڵمان، دەڵێی ئاگایان لە یەکتری نییە، تا خۆیان لەسەر ناوێک ساخکەنەوە.

٢ ساڵی لەدایکبوونی نەبی محمد، لە ریوایەتێک دەڵێ بە چل ساڵ دوای ساڵی فیل بووە، لە ریوایەتێکیتر دەڵێ پەنجا ساڵ. یان لە ڕیوایەتێکی لاوازتر دەڵێ بە بیست و سێ ساڵ. هەروەها سەرچاوەکانی سەردەمی عەباسی دوای چل ساڵ، پەنجا ساڵ تا دەگاتە بیست ڕۆژ. [465]

٣ ئەوەی کێشەکە زیاتر ئاڵۆزدەکا، ئەوەیە کە دەڵێ ئەبرەهەی حەبەشی لە سەردەمی نەبی نەبووە. بەڵکوو باپیرەی النجاشی بوو. باشە چۆن دەگونجێ؟ لە کاتێکدا ئێمە دەزانین پاشای حەبەشەی کریستیان نەجاشی پاشا بووە. کە هێزێکی گەورەی نارد بۆ داگیرکردنی یەمەنی یەهودی و دواتر مەککە. ئەی چۆن دەگونجێ پاشای حەبەشی باپیرەی خۆی بۆ ئەو داگیرکاریانە بنێرێ؟

ئایا مەبەست لە کامە نەجاشیە؟ دەبێ نەجاشیەکی تریش هەبێ، کە ئێمە نازانین، کێیە؟ [466]

ڕاڤەکارانی سورەتی فیل مێژوویێکی و ئەفسانەیەکی نالۆژیکیان دروستکردووە، کەچی بە درێژایی هەزار و دووسەد ساڵە، ئەو هەڵانە تا ئێستاشی لەگەڵدابێ هەر بەردەوامن. ئەوەش ئەنجامی درککردنیان بە کەلێنی گەورە لە پینەو پەڕۆکانیان. تا کات تێپەڕیووە، بەدەوام بە

[465] فاضل الربيعي (٢٠١٩) النص المبتور. تفسير القرآن و تلفيق التاريخ الرسمي للإسلام. دار الفريد، دمشق، سورية. ص ٥٦
[466] هەمان سەچاوە ٥٦ – ٥٧

داهێنانی نالۆژیکانە پەرەشیان پێ داوە. لە ئەنجامدا بوونەتە زنجیرەیەک هەڵەی وا کە ئەستەمە  وا بە ئاسانی ڕاستبکرێنەوە. لەگەڵ خۆیان تێگەیشتنێکی ڕووکەش و لاوازیان، بۆ سووڕەتێک لە پەرتووکی هەرە پیرۆزی خۆیان بنیات ناوە. کە دژە لەگەڵ بنەڕەتی باوەڕی خۆیان.

چەند خاڵێک لە ناو ڕاڤەی موسوڵمانان، کە وەڵامێکی گونجاویان نییە:

یەکەم: ئەگەر وەک ڕاڤەکارانی چیرۆکەکانی قورئان، بەردەوام دووپاتەی دەکەنەوە. ئەبرەهە کریستیان بووە. واتە تاکپەرست و أهل الکتاب بووە. ئەوەش بەپێی دەقەکانی قورئان. ئەی چۆن بە خایاڵمان دابێ کە خودای کریستیان بوت پەرستەکانی بەسەردا زاڵکردن؟ و باڵندەی ئەبابیلەی نارد، بۆ ئەوەی سوپای کریستانێکی بەندەی خۆی تەفروتوونا بکا.

بەپێی  ڕاڤەکردنە بەناوبانگ و بەربڵاوەکان. خودا لەگەڵ بوتپەرستانی مەککە و بوتەکانیان هاوپەیمان بوو. و بەسەر کریستیانەکاندا سەریخستن. بەپێی بنەڕەتەکانی گشت دینە ئیبراهیمیەکان، کە ئیسلامیش دەگرێتەوە. خودا بەندەکانی خۆی خۆشدەوێن. هەمیشە پشت و پەنایانە. باوەڕدارانی (أهل الکتاب) بەندەی ملکەچی خودان. بۆیە خوداش هەمیشە یارمەیان دەدا. با وای دابنێین، ئەبرەهە هات کەعبە بڕوخێنێ. کەعبەش بە دەیان بوتی تێدابوون. کەواتە وەک چۆن نەبی ئیبراهیم دەیەویست بوتەکان بشکێنێ وماڵیان وێرانکا. تا کەعبەیەکی نوێی پاک بۆ باوەڕداران بنیات بنێ. دەبوایە هێرشەکەی ئەبرەهەش وەک سەر بە دینێکی ئیبراهیمی، لەلای خودا بە هەمان شێوە بەهادار بوایە.

مێژووی هەزارساڵەی مەککە و کەعبە خۆیان گەواهین، بۆ ئەوەی چەندین جار کەعبە ڕوخێندراوە و دواییش سەرلەبەری نۆژەنکراوەتەوە.

ئەگە ئەو ڕاڤەکار و بیۆگرافینووسانە دروست بیرکەنەوە. دەبوایە پێچەوانە بێ. موسوڵمانان بە سەرکەوتنی برایانی کریستیانی أهل الکتاب دڵخۆشبن. لەبەر ئەوەی دەیانەویست ماڵی بوتپەرستان کاولکەن.

بۆیە ڕاڤەکانیان تەواو دژی باوەڕی دینی خۆیانە. و بەپێ قورئان بەدەیان جار دووپاتەی کردۆتەوە. کەچی هەر ڕۆژە ئەو ڕاڤە چەواشەکارییە وەک پەڕجووێک (معجزة) بۆ تێکشکاندنی سوپای ئەبرەهەی کریستیانی برایان. و سەرکەوتنی بوتپەرستان دووپاتە دەکەنەوە.

دووەم: بوونی فیل یان هەشت فیل، لەم هێرشە سەربازییەدا، کە بە هەزاران کیلۆمەتری بیابان ببڕێ. هەر لاباشووری دوورگەی عەرەبی تا دەگاتە مەککە لە باکوور. تێپەڕینی ئەو کاروانە زەبەلاحە، بەناو بیابانێکی ووشکی بێ ئاو و بە قرچەی گەرمی. دەبێ ئەو سوپا گەورەیە پێویستی لە ڕادە بەدەری بە خواردن و ئاو بۆ سەرباز و فیل و ئەسپ هەبووە. ئەوەش بە درێژایی ڕێگا. سەرەڕای ئەوەش فیل لەم هەڵومەرجەدا گرفت بۆ ڕۆیشتنی سوپا دروست دەکا. لە پلانەکانی خۆی یەکجار دوای دەخا. بەرامبەر بەوەی کە ئەگەر تەنیا سەرباز و ئەسپ و هتد بن. لەو هەڵومەرجەدا زیانی زۆر زیاترە لە سوود.

سێیەم: خانووی کەعبە وەک هەر خانوێکیتری ئەو سەردەمە. تا سەردەمی خەلافەتی عمر بن خطاب، بریتی بووە لە خانوێکی بچووک. وەک بیۆگرافانی موسوڵمان باسدەکەن. (لە کەڵەکە بەردی، بەقەد باڵای پیاوێک) بووە. ئەگەر هەر ئەوە بووبێ، چ پێویستی بە فیل دەکا بۆ ڕووخاندنی؟

هۆزەکانی عەرەبی خۆیان، چەندین جار، بە پاچ کەعبەیان هەڵوەشاندووە. و دواتر بە ئاسانی دروستیانکردۆتەوە. ئایا لۆژیک ڕێگای ئەوە دەدا، کەعبە بە پاچ هەڵوەشی، کەچی فیلی لە هەزاران کیلۆمەتریەوە بۆ بێنن، تا دیوارەکانی بڕووخێنن، کە تەنیا ئەوەندەی باڵای مرۆڤ بن. [467]

چوارەم: أصحاب الفيل. بە هیچ شێوە ئاماژە بە سوپای حەبەشی ناکا. ڕێگای تێناچی قورئان بەم شێوەیە باسی سوپایەکی وا زەبەلاح بکا. ئەو ئاماژەیە، زیاتر بە ناوەرۆکی ئەو سێ ئایەتە دەچێ:

سورة الحجر ١٥: ٧٧ - ٧٩

إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ (٧٧) وَإِن كَانَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡأَيۡكَةِ لَظَٰلِمِينَ (٧٨) فَٱنتَقَمۡنَا مِنۡهُمۡ وَإِنَّهُمَا لَبِإِمَامٖ مُّبِينٖ (٧٩)

لەوەدا بەڵگەی ڕوون بۆ باوەڕداران هەیە (٧٧) خاوەن باخە زۆر پڕەکانیش لە ستەمکاران بوون (٧٨) تۆڵەمان لەوانیش کردەوە، جا ئەو دووانە لە سەر ڕێگای ئاشکرا (٧٩)

یان سورة البرج ٨٥: ٤

قُتِلَ أَصْحَابُ الْأُخْدُودِ (٤)

چاڵ هەڵکەناکان کوژران (٤)

---

[467] إبن إسحق. محمد بن إسحق. السيرة النبوية. المحقق: أحمد فريد المزيدي. دار الكتب العلمية. (٢٠٠٤) ص ١٩٣

سورة الفرقان ٢٥: ٣٦ - ٣٨

فَقُلْنَا ٱذْهَبَآ إِلَى ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَـٰتِنَا فَدَمَّرْنَـٰهُمْ تَدْمِيرًا (٣٦) وَقَوْمَ نُوحٍ لَّمَّا كَذَّبُواْ ٱلرُّسُلَ أَغْرَقْنَـٰهُمْ وَجَعَلْنَـٰهُمْ لِلنَّاسِ ءَايَةً ۖ وَأَعْتَدْنَا لِلظَّـٰلِمِينَ عَذَابًا أَلِيمًا (٣٧) وَعَادًا وَثَمُودَاْ وَأَصْحَـٰبَ ٱلرَّسِّ وَقُرُونًۢا بَيْنَ ذَ ٰلِكَ كَثِيرًا (٣٨)

جا گوتمان بڕۆنە لای ئەو نەتەوەی، کە باوەڕیان بە ئایەتەکانی ئێمە نییەو، بە درۆی دەزانن (٣٦) نەتەوەی نوحیش کاتی پەیامبەرانیان بە درۆ زانی، لە ئاودا نقوممانکردن. و کردنمانە پەند بۆ خەڵک. سزای سەختمان بۆ ستەمکاران ئامادەکردووە (٣٧) عاد و سمود و خاوەن چاڵاوەکان. و زۆر گەلی تر، کە لە نێوانیاندابوون (٣٨)

بە ڕەچاوکردنی ئەو سورەتانە. و ئاگادار نەبوون لە مێژووی هەزار ساڵەی دین، لەو شرۆڤانە مرۆڤ وا تێدەگا ئەو گەلە دەبێ فیل پەرست بووبن (أصحاب الفيل) و پیرۆزی و سرووتی تایبەتی خۆیان هەبووبێ. بە تایبەتی بە بەردەوامی بۆ ئایەتی دووەم، لە سورەتی فیل: ئەی فڕک و فێڵەکانیانی پووچەڵ نەکردنەوە (٢)

کە ئەو شێوە پەرستنە، و فرک و فێڵەکانیان بەرەو مالوێرانی بردووون.
کەچی هەر ئەو ڕاڤەکارانە، لە ناو تێکستەکانیاندا، لە ناکاو دەڵێن، ئەبرەهە و سوپاکەی کریستیان بوون و خەڵکی مەککەش بوتپەرست بووین. [468]

سوڕەتی الفيل، لە ڕووی شوێنەوارناسیەوە

[468] فاضل الربيعي (٢٠١٩) النص المبتور. تفسير القرآن و تلفيق التاريخ الرسمي للإسلام. دار الفريد، دمشق، سورية. ص ٧١ - ٧٤

لە سەرەتای ساڵانی پەنجای سەدەی ڕابردوو پاشانیشینی عەرەبی سعودی، بڕیاریدا مۆڵەت بداتە زانایانی بیانی،  بێنە ناو خاکی دوورگەی عەرەبی. و لێتۆژینەوەی مێژوویی و جیولۆژی بکەن.

دوای ئەو بڕیارە گرووپێکی چوار کەسی پسپۆر لە بواری جوراوجۆری زمان و مێژووی سامییەکان سەریان لە ناوەڕاستی دوورگەی عەرەبی دا. ئەو پسپۆرانە بریتی بوون لە کۆنزاک ڕێکمانس،  سەرۆکی گرووپ، جاک ڕێکمانس برازای سەرۆکی گرووپ و پسپۆر لە مێژووی حەمیری و سەبەئی. جۆن فیلبی مێژوونووس و سیاسی. و فیلیپ لیبێنز پسپۆری تابلۆ و دەستنووسی کۆن. ئەو گرووپە لە ساڵی ١٩٥١ز توانیان، سەرکەوتن بەدەست بێنن.

لە ناوچەی بئر مریغان، لە پارێزگای تثلیت. کە سەر بە ناوچەی عەسیرە، لە باشووری پاشا نیشینی عەرەبی سعودی. تابلۆیەکی دەستنووسی کۆن بدۆزنەوە. ناویان لێنا (ڕیکمانس ٥٠٦ ) (Ryckmahs506) ژمارەی جیهانی تابلۆکەیە. دەستنووسی سەر تابلۆکە یەکەم جار وەرگێڕدرایە سەر زمانی فەرەنسی. و دواتر بۆ چەند زمانێکیتر وەرگێڕدرا. ئەو تابلۆیە دووەم تابلۆی ئەبرەهەیە بدۆزرێتەوە. یەکەمیان لە مأرب سەبارەت بە سەرکەوتنی بەسەر ڕاپەڕینێکی توند، بە سەرۆکایەتی یزید بن کبشة بوو.

هەر لەوکاتەی تابلۆکە دۆزرایەوە، لە سەرەتای ساڵانی پەنجای سەدەی ڕابردوو. زۆر بیروڕای جیاوازی لەگەڵ خۆی هێنا. بەڵام ترسناکترینیان ڕای هەندێک ڕۆژهەڵاتناس بوو. کە باوەڕیان وابوو، ئەو دەستنووسە تۆماری هێرشی فیلە، کە ئەبرەهەی حەبەشی سەرکردەی بوو. بۆ ڕوخاندنی کەعبە لە شاری مەککە. لەبەر ئەوەی ئەو تابلۆیە ناڕاستەوخۆ. گومان دەخاتە سەر ئەو چیرۆک و سەربردانەی مێژوونووسانی موسوڵمان، هەزار ساڵە بۆ چارەنووسی ئەبرەهە و سوپا و فیلەکان دایانڕشتووە.

کەچی دەستنووسی، سەر ئەو تابلۆیە ئەوە دەردەخا ئەبرەهە لەگەڵ سوپاکەی بەسەرکەوتوویی، گەڕاوەتەوە. ئەوەش پێچەوانەی مێژوونووسانی موسوڵمانە بۆ سورەتی فیل.

زانیاریەکانی سەر تابلۆی بئر مریغان

ئەو کاتەی ئەبرهەی حەبەشی دوای ئەوە لە شەڕ گەڕاوەتەوە، بەو شوێنەدا تێپەڕیووە. و وەک بەڵگەیەکی مێژووی ئەو تابلۆیەی جێ هێشتووە. کە مێژووەکەی، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٦٦٢ بە پێی ڕۆژژمێری سەبەئی، کە دەکاتە ٥٥٢ س.ب. بووە. ئەوەش بەو مانایەدێ ئەبرەهە وەک مێژوونووسانی موسوڵمان دەڵێن لە ساڵی فیل مردووە. ڕاست نییە. و ئەوەی لە سوورەتی الفیل لە قورئانیش هاتووە، ئەو مەبەستە نادا. کەواتە لەدایکبوونی محمد ڕێکەوتی ساڵی فیل نییە.

تابلۆکە لەسەر بەردێکی سرووشتیە، کە بە زمانی سەبەئی و خەتی ثمود نووسراوە. درێژیەکەی ٥ مەترە. و دە دێری لەسەر نووسراوە. ناوەرۆکی بریتییە لە ٤٤٠ هێما (کۆد). (بڕوانە وێنەی ژمارە ١) [469]

ئەو هەڵکۆڵینە باسی ئەوە دەکا، لەشکری ئەبرهە چۆتە ناو ناکۆکی هۆزەکانی ناوچەی (نەجد) بە تایبەتی هۆزی بەنی عامر. و یارمەتی هۆزەکانی تری داوە. لە ناوچەی حەلبان بارگەی خستووە. بە نهێنی لەگەڵ هۆزەکانی کندة، و مراد و سعد پێکهاتووە. هەروەک لە

[469] لە سایتی حقبة الإسلامية .قصة أصحاب الفيل – التزوير المقدس


نووسینەکە باسدەکا. پەیمانی لەگەڵ عمرو بن منذر بەستووە. سەبارەت بە هۆزی معد. ئەو تابلۆیە نزیکەی ٤٥٠ کم لە ناوچەی حەلبان دوورە. ئێستا وێنەکەی، لە سایتی ئاژانسی شوێنەوار و مۆزەخانەکانی سعودیە دانراوە.

دەقی نووسینی سەر تابلۆ بەردینەکە:

> بە هێزی ڕەحمان و کریست، پاشا ئەبراهە زەبیمان پادشای سەبەء و ذو ڕەیدان و حەزرەموت و یەمامە و هۆزە عەرەبەکانی لە بەرزایی و کەناراوەکان. ئەم نووسراوە، کاتێک نووسراوە کە هۆزی مەعد لەبەهار، مانگی (ذو الثابة) ئەپریل، کەوتە بەرهێرشی داگیر کاری...لەو کاتەی گشت هۆزەکانی بەنی عامر ڕاپەڕین، ئەبرەهە پاشا ئەبو جەبری بە سەرکردە دانا.... لەگەڵ هۆزی سعد و هۆزی مراد. پێش سوپا کەوتن، دژی بەنی عامر...و ڕوویان لە کندة و علیفی لە دۆڵی ذو مرخ کرد. و مراد و سعد لە دۆلی سەرەڕێگا، خەڵکی زۆریان سەربڕی، و بەدیلگرت و... تاڵانێکی زۆریان کرد. هەروەها پاشا شەڕی لە حەلبانیش کرد. و دیلی لێگرتن. دوای ئەوە گفتوگۆیان لەگەڵ عمرو بن منذر لە هۆزی معد کرد. و پێکهاتن. عمرۆ هاتە خزمەتی ئەبرەهە. ئینجا ئەبرەهە، کردیە فەرمانڕەوا لەسەر معد. بە هێزی ڕەحمان، لە مانگی ذو عەلان لە ساڵی شەش سەد و شەست و دوو ئەبرەهە گەڕایەوە. (٦٦٢)

بە سەرنجێک لەم نەخشە هەلکۆڵراوە، بۆمان ڕووندەکاتەوە کە سەرجەمی لێکدانەوەی موسوڵمانان هەڵەن، جا بە مەبەست بێ یان نا. لەبەر ئەوەی:

یەکەم: ئەبرەهە لەم تابلۆ نووسینەدا، کە هێرشی کردۆتە سەردوورگەی عەرەبی، بە هیچ شێوەیەک ناوی مەککە ناهێنێ، سەرەڕای ئەوەی، وەک موسوڵمانان دەڵێن مەبەستی داگیرکردنی مەککە بووە. بە پێی نووسینەکە بە ئاسانی دەتوانین، ئاڕاستەی هێرشەکەی دیارکەین.(بڕوانە وێنەی تەنیشت)



دووەم: لە تابلۆکە بە هیچ شێوەیەک، کەم یان زۆر باسی فیل ناکا. ئەگەر ئەبرەهە، بەو هەموو توانایەوە فیلی لە حەبەشەوە لەسەر دەریای سوور پەڕاندبێتەوە. و بەشداری شەڕی پێکردبان. دەبوایە بەلای کەمی ئاماژەی بە بوونیان بکردایە. یان ناوی هێنابان. لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا گرنگترین و بەکارترین هێزبووە. بۆ هێرشکردن شەڕدا.

سێیەم: لە نووسینی سەر تابلۆکە، ئەوە ڕووندەکاتەوە. کە عەرەب بەزیوون، نەک ئەبرەهە. لە هیچ شوێنێکی مێژووش دیارنییە کە ئەبرەهە لە بەردەم عەرەب شکابێ. بە پێچەوانەوە، بە هۆێ هاوپەیمانی چەند هۆزی عەرەب لەگەڵ لەشکری ئەبرەهە، دژی هۆزەکانی تری عەرەب. بە مانایەکیتر عەرەب خیانەتی لە عەرەب کرد. کە بووە هۆکاری بەزینیان.

چوارەم: ئەو تابلۆیە لە ساڵی ٦٦٢ بە ڕۆژژمێری سەبەئی نووسراوە. کە دەکاتە ٥٥٢ ز. ئەوەش جیاوازی ١٩ ساڵە لەگەڵ ساڵی لەدایک بوونی نەبی محمد ٥٧١ س.ب. کە ٢٥٠ ساڵ دووای ڕووداوەکە تۆماریانکردووە. ئەوەش دەیسەلمێنێ کە ئەو چیرۆکە، بە مەبەست لە سەردەمی عەباسیەکان دروستکراوە. و ڕاست نییە.

پێنجەم: ناوی هۆزەکانی نووسینی، سەر تابلۆکە، هیچ پەیوەندییەکیان بە ناوی هۆزەکانی مەککە و دەوروبەری نییە.




شەشەم: ئەو ناوچەیەی کە شەڕەکانی تێدا کراون، هیچ پەیوەندیان بە حیجاز و مەککەوە نییە. لەبەر ئەوەی، ناوچەی حەلبان دەکەوێتە ناوچەی ریاض و نزیکەی ٨٨٠ کم لە مەککە دوورە. (بڕوانە وێنەی خوارەوە) ئەوەش بەو مانایە دێ شەڕەکان لە ناوچەی نجد کراون.[470] بەگشتی دۆزینەوەی ئەو تابلۆیە گۆڕەپانێکی فراوانی خستە بەردەم لێتۆژەرەوان، و دەرفەتی دا کە لە گۆشەنیگای جیاواز. ئەو سورەتی الفیل لێکبدەنەوە. و لە ڕووی مێژوویيەوە، وەڵامیتر وەربگەرن.

[470] وسیم عفیفی (٢٠١٩) موت أبرهة فی عام الفیل و مولد النبی لم یحدثان. سایت تراثیات

لەهەمان ساڵدا جاک رێکمانس برازای سەرۆکی گرووپی ڕێکمانس، دەقی وەرگێڕانی سەر تابلۆکەی لە گۆڤاری لۆ مۆزیۆنی فەرەنسی بڵاوکردەوە. و جیهانی لێتۆژینەوەی بواری ڕۆژهەڵاتناسی هەژاند. و دەنگی دایەوە. کە تا ئەو دەمە کارێکی وا ڕەچەشکێن نەکرابوو. بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ لە ناو لایەنەکانی ئیسلامی، گومانی خرایە سەر. بەو مانایەی لە پیرۆزی ئیسلام کەمدەکاتەوە. و گومان دەخاتە سەر ئایەتەکانی قورئان. و بەتایبەتی ڕێکنەکەوتنی ساڵی فیل لەگەڵ لە دایکبوونی محمد.

بەپێی لێکدانەوەی مێژووی ئەو سەردەمە، ئەبرەهە ٣ هێرشی دژی هۆزەکانی معد و بنی عامر کردووە. ئەوەش بە هاوپەیمانی لەگەڵ هۆزەکانی سعد و علي و کندة و مراد. ئەو شەڕانەش بە گشتی لە ناوچەی حەلبان بووین. [471]

تابلۆکەی گرووپی ڕێکمانس، شۆڕشێک بوو. و گومانی خستە سەر مێژووی لە دایکبوونی نەبی محمد. دەریخست کە لە ساڵی فیل لەدایک نەبووە. بۆیە دەبێ جارێکیتر لێکدانەوە بۆ پەیوەندی نێوان شەڕەکانی ئەبرەهە لە دوورگەی عەرەبی، و لە دایکبوونی نەبی ئیسلام بکرێتەوە. [472]

نارەزایی ڕۆژهەڵاتناسانی موسوڵمان لەسەر ئەنجامگیری گرووپی ڕیکمانس

ئەنجامی لێکدانەوەی گرووپی ڕێکمانس، پشێوی خستە ناو ڕۆژهەڵاتنووسانی موسوڵمان. لە سەرەتادا بێدەنگ بوون، بەڵام دوایی کە زانیان، لەبەر تێپەڕینی ئەو ماوە درێژە، هەندێک

---

[471] هەمان سەرچاوە
[472] هەمان سەرچاوە

له پیتەکانی سەر تابلۆکە ڕوون نەبوون. یان ڕەنگە گرووپی ڕێکمانس هەندێک ووشە و چمک یان بە هەلە لێکدابێتەوە.

ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەش ئەو دەرفەتەیان قۆستەوە. بە دەنگی ناڕەزاییان، دژی ئەنجامەکانی گرووپی ڕیکمانس هەڵبڕی. و هەوڵیاندەدا، گومان بخەنە سەر دەرئەنجامی کاری گرووپەکە. بە هیوای ئەوەی، وا پیشان بدەن لەبەر ناڕوونی دەستنووسەکە. گرووپی ڕێکمانس بە هەڵە لێکیان دابێتەوە. تا بەلای کەمی، جارێکیتر خورافات بکەنە بەڵگە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی زانستی شوێنەوارناسی و مێژوویی. داوای ئەوەیان دەکرد، کە جارێکیتر ناوەرۆکی تابلۆکە بخوێندرێتەوە. ئەنجامەکەی ساخبکرێتەوە.

ناڕەزایی ناو ڕۆژهەڵاتناسەکانی موسوڵمان و دەستەڵاتیان لە ناو ناوەندییەکانی دەستەڵاتی ووڵات، گەیشتە ئەو ئەنجامەی لە زانکۆی (ملک عبدالعزیز) لە سعودیە، مامۆستای شوێنەوار و مێژووی کۆن عبدالمنعم عبدالحلیم سید، بە سەردان نێردرایە، ناوچەی بئر مریغان. بۆ ئەوەی بەسەرداچوونەوەیەک لەسەر تابلۆکە و کارەکانی گرووپی ڕێکمانس بکا. بە تایبەتی وێنەی ئەو بەشانە بگرن کە ڕوون نەبوون.

عبدالمنعم عبدالحلیم سید، توانی جارێکیتر تابلۆکە بخوێنێتەوە. هەروەها تابلۆیەکی بچووکتر لە نزیک تابلۆ گەورەکە بدۆزێتەوە. کە گرووپی ڕێکمانس، لەسەری تێپەڕیبوون. ئەو تابلۆیە هی سەربازێکی شەڕکەر، بە ناوی (منسي بن ذرانح) بوو، کەسایەتییەکی یەمەنی، و  یەکێک بوو لە شەڕکەرانی ئەبرەهە.

دۆزینەوەی تابلۆی دووەم، دەرفەتی بۆ نێردەی لێتۆژینەوەی زانکۆی ملک عبدالعزیز ڕەخساند، تا بەراورد لە نێوان نووسینی هەردوو تابلۆدا بکا.

له ئەنجامدا، دەرکەوت ئەو چمک و پیتە نارِوونانەی سەر تابلۆ گەورەکەی ئەبرەهە. ناوی مانگ و هۆز و ناوچەکانی پەیوەندیان، بە کات و شوێنی ڕووداوەکانەوە هەبوو.

تابلۆکە باسی ناکۆکی نێوان هوزەکانی ناوچە دەکا، کە ئەبرەهە بۆ لێدانی دوژمنانی لە نەجد، بەکاری دەهێنا. ناوی ئەو هۆزانە و شوێنیان، هیچ پەیوەندیان بەو چیرۆک و گێڕانەوانە نیە، کە عەرەب لەسەر هێرشی فیل تۆماری کردوون. تابلۆکە تۆماری هەوالی هێرشێکی ترە. کە ١٨ تا ٢٣ ساڵ بەر لە هێرشی فیل ڕوویداوە. ئەنجامی بەدواداچوونەکەی زانکۆی ملک عبدالعزیز. لە گۆڤاری زانکۆ بڵاوکرایەوە. [473] بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکای کلیکی ئەم لینکە بکە:

https://prod.kau.edu.sa/centers/spc/jkau/Doc/Art/3/3.pdf

## ڕەهەندی مێژوویی، بۆ کێشەی ناکۆکی ڕووداوی فیل

بێجگە لە دۆزینەوەی تابلۆی بئر مریغان، بەڵگەی تری مێژوویش هەن، ئاماژە بەوە دەکەن. کە ئەو شەڕانەی ئەبرەهە لە خوارووی دوورگەی عەرەبی کردوونی، لەگەڵ ئەو ڕاڤەیە یەک ناگرنەوە، کە بیۆگراف- و مێژوونووسانی موسوڵمان بۆ سورەتی الفیل کردوویانە.

[473] مجلة جامعة ملك عبدالعزيز- الأداب الإنسانية. المجلد ٣، العدد ١ (ديسيمبر/ كانون الأول ١٩٩٠) ص ٧١ – ٩٧

بەڵگەی یەکەم

خەسرۆ ئەنەوشیرەوان (٥٠١ – ٥٧٩س.ب) دەستەڵاتی لەسەر ئیمپراتۆری ساسانی لە نێوان ٥٣١ – ٥٧٩ س.ب هەبوو. لەو سەردەمەدا کێشەی، نێوان ئیمپراتۆری ڕۆمی بێزەنتی و ساسانی بەردەوام بوو. مەگەر بە دەگمەن و شێوەی کاتی، و دواتر هەلدەگیرسایەوە. ئەوەش خۆی لە چەندین بوار دەدۆزییەوە. یەک لەو بوارانە بازرگانی بوو.

گرنگترین کاڵا کە ڕۆمەکان لایان گرنگ بوو، ئاوریشم بوو. هەوڵیان دەدا، تا دەکرێ هەرزانتری بکەن. ڕۆمەکان کاتێک بینییان بازرگانانی ناوچەکانی ئیمپراتۆری ساسانی، بۆ کڕینی ئاوریشم دەچنە چین، ڕۆمەکانیش هەوڵیان دا وەک ئەوان ڕەفتار بکەن. لە ئەنجامدا بازرگانانی ساسانی ناوەندییەکیان لە چین دامەزراند. و لەگەڵ دروست کردنی ئەو بەندەرانە و نیشتەجێبوونی زۆر لە بازرگانەکانیان، لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. ڕۆمەکان بەو کارەی ساسانیەکان، بەشێک لە دەسەڵاتی بەرابرکێی بازرگانیان لەدەستدا. لە کۆتاییدا ئیمپراتۆر یۆستینیان بڕیاریدا لە بواری بازرگانیدا حەبەشییەکان بەکاربهێنێت. ئەوەش وایکرد، لە ڕێگای حەبەشیەکان کۆنترۆڵی یەمەن بکەن. ئەوە زووتر دەستی پێکردبوو.
بۆیە لە سەردەمی خوسرەو، پەیوەندییەکانی نێوان ساسانیەکان و یەمەن، لە ژێر کاریگەری بیزەنتیی دا بوو. یەمەن بە هۆی بیابان، لە دەستەڵاتی ساسانیەکان دابڕابوو. بە پێچەوانەوە ڕۆمەکان لە ڕێگای دەریاوە، و بە پشتیوانی حەبەشیەکان بە ئاسانی توانیبوویان کۆنترۆڵی بکەن. ساسانیەکان، هێزێکی دەریایی بەهێزیان نەبوو، کە بتوانێت ڕێگایەکی وا دوور ببڕێت.

بەڵام لەلایەکیتر خەڵکی یەمەن دژی حەبەشیەکان بوون. تا دەهات خەڵکی یەمەن، لە مانەوەی حەبەشیەکان لە یەمەن بێزارتر دەبوون. لەبەر ئەوەی حەبەشیەکان، لە یەمەن هەم دەستەڵاتدار بوون. و هەمیش وەک هێزێکی داگیرکەر خەڵکی یەمەنیان

دەچەوساندەوە. بۆیە حەمیرییەکانی یەمەن، بیریان لەوە دەکردەوە، دەبێ لەدەستی حەبەشەکان ڕزگار ببن. سەیف بن ذی یزن، کە یەکێک بوو لە شازادەکانی حەمیری. لەگەڵ نعمان، بەرەو حیرە بەڕێدەکەون. و دەچنە دەرباری خوسرەو ئەنوشیروان، کە ئەو دەمە پاشای ئیمپراتۆری ساسانی بوو. بۆ ئەوەی یارمەیتان بدا یەمەن ئازاد بکەن. ئەوەش دەرفەتێکی دایە ساسانیەکان، کە بتوانن ڕۆم لە یەمەن وەدەرنێن و دەستەڵاتی ساسانی بە یارمەتی حەمیریەکان لە یەمەن جێگیرکەن. ئەوان سەرکەوتوو بوون. و حەبیشیەکانیان لە یەمەن دەرکرد. [474]

بە پێی پرۆکۆبیوس مێژوونووسی ڕۆمانی، دەبێ ئەو هێرشەی ساسانیەکان لە سەروبەری ساڵی ٥٧٠ س. ب بووبێ. ئەو دەربڕینەش لەگەڵ جواد علی دەگونجێ.


لەلایەکیتر دکتۆر جواد علی لە پەرتووکی (المفصل في تاريخ العرب قبل الإسلام) دەڵێ ئەبرەهە تا ساڵی ٥٤٥ س.ب لە یەمەن بەردەوام بووە. هەرچەندە باسی مردنی ناکا. بەڵام تا ساڵی ٥٧٠ س.ب نابێ ژیابێ و بە هەر هۆیەک بێ زووتر مردبێ. [475]
کەواتە ڕێگەی تێناچێ ئەبرەهە ئەوەندە ژیابێ تا بگاتە ساڵی ٥٧٠ س.ب و بەرەنگاری خەسرەوی ساسانی ببێتەوە.

بەڵگەی دووەم:
یەکەم کەس کە گومانی خستەسەر مێژووی لەدایکبوونی نەبی محمد. ڕۆژهەڵاتناسی ئیسرائیلی مائیر یەعقوب کیستەر بوو. ئەوەش لە ڕێگای دەستنووسی زیێر بن بکار کە خۆی لە هۆزی قورەیش بووە. تۆماری کردووە.

---

[474] جلیلیان، شهرام. تاریخ تحولات سیاسی ساسانیان، ساڵ چاپ ١٣٩٧ تهران. ص ٣٩٢ - ٣٩٤ ، جواد علی دەنووسێ ئەنوشیران لە دوا ڕۆژانی پاشایەتی هێرشی کردە سەر یەمەن جواد ج ٣ ٥٢٩
[475] جواد علی ج ٣ ل ٥٢٥

٨٧ هل يشير نقش أبرهة الحبشي عند بئر مريغان إلى حملة الفيل؟



شكل (٦)

صورة الصفحة رقم .V 120 من مخطوطة كتاب الزبير بن بكار «نسب قريش» المحفوظة في مكتبة بودليان بأكسفورد تحت رقم Marsh 384 . وقد وضحت المعلومة التي نقلها كستر منها بالسهمين والخط الرأسي في الهامش الايمن للصفحة .

زبێر بن مکار (ساڵی ٢٥٦ کۆچی مردووە) دەڵێ: قورەیش پێش سەردەمی نەبی، سالیان ژماردووون. هەر لە سەردەمی فیلەوە بە پێی ژماردنی ئەوان (قورەیش) نێوان ساڵی فیل و ساڵی شەڕی الفجار [476] چل (٤٠) ساڵە، نێوان ساڵی الفجار و مردنی هاشم بن صغیرة شەش ساڵە. نێوان مردنی هاشم و دروستکردنی کەعبة نۆ ساڵە. بە پێی لێکدانەوەی ئەوان (قورەیش). ماوەی نێوان دروستکردنی کەعبە و کۆچی نەبی بۆ مەدینە پانزە ساڵە. لەو پانزە ساڵەش پێنج ساڵ بەر لە دابەزینی وەحی بووە. کەواتە دەبێتە ٧٠ ساڵ لە نێوان ساڵی فیل و کۆچی نەبی. کە ساڵی ٦٢٢ ز بووە. بە ڕەچاوکردنی نووسینی سەر تابلۆی بئری مریغان ٥٥٢ س.ب. [477]

مێژوونووسانی پێش زبیر بن مکار، وەک إبن هشام (٢٢٣ کۆچی مردووە) لێکدانەوەی ساڵیان کردووە. بەڵام زبێر بە شێوەیەکی سەرڕاست و جیاواز لە دووبارەکردنەوە لێکیداوەتەوە. ئەنجامگیرییەکەی ئەوەیە، ئەگەر لەدایکبوونی نەبی محمد ساڵی فیل بێ. و

---

[476] شەڕی الفجار ساڵی ٥٨٠ – ٥٩٠ ز شەڕێک بوو لە سەردەمی جاهیلی، لە مەککە ڕوویدا. ئەو شەڕە لە نێوان هۆزی کەنانە (کە قورەیشیش دەگرێتەوە) دژی هۆزەکانی قەیس عیلان ( کە هەوازن، غطفان، سەلیم و ثقیف بوون) کە لە مانگی حەرام ڕوویدا.

[477] زبیر بن بكار القرشي (١٠١٠)، جمهرة نسب قريش و أخبارها. تحقيق و قدم له الدكتور عباس هانى الچراخ. الجزء الأول. الطبعة الأولى. دار الكتب العلمية. لبنان

نەبی محمد لە ساڵی ٦٣٢ س.ب مردبێ. بە ڕەچاوکردنی ساڵی فیل بە ٥٥٢ ز. دەبێ نەبی محمد لە تەمەنی ٨٠ ساڵی مردبێ، نەک ٦٣ ساڵی. لەبەر ئەوەی بیۆگراف – و مێژوونووسانی ئیسلام تەمەنی نەبی بە ٦٣ یان ٦٥ سالی دادەنێن ئەوەش هەڵەیە.

## ووشەی الفیل لە ڕووی لێکسیکۆلۆژییەوە

بیۆگراف – و مێژەنووسانی نووسانی موسوڵمان، تا ئێستا، ووشەی (فیل)یان بە گیاندارێک لێکداوەتەوە. کە لەو سەردەمە بۆ شەڕ بەکار هاتووە. ئەوەش تەنیا کۆپیکردنێ، بێ بیکردنەوە بووە. ئەگینا بەپێی سەرجەمی فەرهەنگ و ئیسکلۆپێدیاکانی عەرەبی مانایەکی تری هەیە. کە باشتر دەگونجێ. با بزانین ووشەی فیل لە ڕووی لێکسۆلۆژیەوە مانای چییە. ڕەنگە لایەنێکی بابەتەکەمان بۆ ساخکاتەوە.

معجم المعاني الجامع عربي – عربي

فالَ :فعل (کردار)

فَالَ، يَفِيلُ، مصدر فَيْلٌ، فَيْلَةٌ، فُيُولَةٌ

فال رأيه: أخطأ و ضعف، قبحه

منجد اللغة و الإعلام

فيل: أخطأ و ضعف. فيل: خطأه و قبحه.

معجم لاروس

فيل تفيلا: رأيه: ضعفه و قبحه

ئەوەش باشتر ڕوونی دەکاتەوە کە مەبەست لە ووشەی فیل: هەڵە و ناشیرینیە. و لەگەڵ ئایەتی دووەم باش دێتەوە. کە دەڵێ: ئەی (فڕک و فێڵەکانیانی پووچەڵ نەکردنەوە). ئەگەر ئەبرەهە داگیرکاری کردووە، بە دزی و فڕکو فێڵ نەهاتووە، تا خودا لێیان ئاشکرا بکا. ئەی بۆ خودا لە ساڵی ٧٣ کۆچی کاتی حجاج بن یوسف الثقفی، بە مەنزەنیخ کەعبەی ڕووخاند. و عبداللّٰه إبن زوبێریشی کوشت. هیچ تەیری ئەبابیلە دیار نەبوون. بۆیە دەبێ هەڵوێستەیەک بکەین. لە ڕووی ڕستەسازییەوە، بەراوردێکی ئایەتەکان لەگەڵ یەکدا بکەین.

## لێکدانەوەیەکی لۆژیکی بۆ سورەتی الفیل

بەو پێیەی ئەو سوورەتە نە ناوی مەککە دێنێ و نە ناوی ئەبرەهە. کەواتە دەکرێ مەبەستی هەر ڕووداو و هەر شوێنێکی ێکیتر بێ. بۆیە باشترە بگەڕێینەوە ناو سوورەت و ئایەتەکانی تری قورئان. و بەراوردێکی لۆژیکی بکەین، تا سەرەداوی، وەڵامێکی لۆژیک، بۆ مەبەستی ئەو سورەتە بدۆزینەوە.

لە قورئاندا هاوشێوەی ئەو سوورەتە، لە دوو شوێنی تر دا هاتووە. کە ڕەنگە مەبەست هەمان شتبێ. ئەوەش باشتر ڕوونی دەکاتەوە کە مەبەست لەشکری ئەبرەهە و داگیرکردنی مەککە نەبووە. ئەمەش ئایەتەکان:

سورة هود ١١: ٨٢

قَالُواْ يَـٰلُوطُ إِنَّا رُسُلُ رَبِّكَ لَن يَصِلُوٓاْ إِلَيۡكَۖ فَأَسۡرِ بِأَهۡلِكَ بِقِطۡعٖ مِّنَ ٱلَّيۡلِ وَلَا يَلۡتَفِتۡ مِنكُمۡ أَحَدٌ إِلَّا ٱمۡرَأَتَكَۖ إِنَّهُۥ مُصِيبُهَا مَآ أَصَابَهُمۡۚ إِنَّ مَوۡعِدَهُمُ ٱلصُّبۡحُۚ أَلَيۡسَ ٱلصُّبۡحُ بِقَرِيبٖ (٨١) فَلَمَّا جَآءَ أَمۡرُنَا جَعَلۡنَا عَـٰلِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمۡطَرۡنَا عَلَيۡهَا حِجَارَةٗ مِّن سِجِّيلٖ مَّنضُودٖ (٨٢)

گوتیان ئەی لوت: ئێمە ڕاسپاردەی خوداتین ، دەستی ئەوانت ناگاتێ. تۆ لەگەڵ ماڵ و خێزانت، لە شەودا بکەونە ڕێ. کەستان ئاوڕ نەداتەوە. بێجگە لە ژنەکەت. هەرچی تووشی ئەوان بێ، تووشی ئەویش دێ. ژوانیشیان لە بەرەبەیانە. ئاخۆ بەیان نزیک نییە (٨١) جا کە فەرمانی ئێمە هات، ئەو شوێنەمان سەراوژێرکرد. بە ڕێژنە، بەردی سجیلمان بەسر داباراندن (٨٢)

سورة الحجر ١٥: ٦٨ - ٧٤

قَالَ إِنَّ هَـٰٓؤُلَآءِ ضَيۡفِي فَلَا تَفۡضَحُونِ (٦٨) وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُخۡزُونِ (٦٩) قَالُوٓاْ أَوَلَمۡ نَنۡهَكَ عَنِ ٱلۡعَـٰلَمِينَ (٧٠) قَالَ هَـٰٓؤُلَآءِ بَنَاتِيٓ إِن كُنتُمۡ فَـٰعِلِينَ (٧١) لَعَمۡرُكَ إِنَّهُمۡ لَفِي سَكۡرَتِهِمۡ يَعۡمَهُونَ (٧٢) فَأَخَذَتۡهُمُ ٱلصَّيۡحَةُ مُشۡرِقِينَ (٧٣) فَجَعَلۡنَا عَـٰلِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمۡطَرۡنَا عَلَيۡهِمۡ حِجَارَةٗ مِّن سِجِّيلٍ (٧٤)

گوتی ئەوانە میوانی منن، لە بەرامبەریان ڕووزەردم مەکەن (٦٨) لە خودا بترسن، و ئابڕووم مەبەن (٦٩) گوتیان پێمان نەگوتی، نابێ کەس نزیکت بێ (٧٠) گوتی ئەوە کیژەکانم، وەرن چیتان دەوێ لەگەڵ ئەوان بیکەن (٧١) دەبەگیانی خۆت سوێندە، کە ئەوانە لەبەر سەرمەستی، سەرگەردان

بووین (٧٢) لەگەڵ گزینگی هەتاو شریخە و گرمە گرتنی (٧٣) سەراوژێرمانکرد، و بارانێکمان لە بەردی سجیل بەسەردا باراندن (٧٤).

ئەو چەند ئایەتەی ناو هەردوو سوورەتی هود و الحجر، مانای هاوشێوەیان لەگەڵ سوورەتی الفیل هەیە. کەچی نە ناوی فیل هەیە و نە مەککە، بۆیە ئەگەر بە کۆنتێکستێکی دیاریکراو نەبەسترێنەوە ناتوانن، مانای لۆژیکی ببەخشن.

پێنجەم: سوورەتی الفیل مەبەستی تری هەیە، کە شاری سەدومە لەگەڵ نەتەوەی لوت

پەیمانی کۆن - پەرتووکی ئەفراندن ١٩: ٢٣ – ٢٥

(٢٣) کاتێک خۆر بەسەر زەویدا هەڵهات، لوت گەیشتە ناو زۆعەر. (٢٤) ئینجا خودا گۆگرد و ئاگری بەسەر سەدۆم و عەمۆرادا باراند، لەلایەن خوداوە، لە ئاسمانەوە .(٢٥) هەموو ئەو شارانە، دەوروبەرەکەیان و هەموو دانیشتووانی شارۆچکەکان، و ڕووەکی زەوییەکەشی لەگەڵدا سەرەوژێر کرد.

بەڕەچاوکردنی ئەوەی قورئان زۆر لە چیرۆک و ئەفسانەکانی تەورات و کەلەپووری جولەکەی وەرگرتووە، ناکرێ ئەو سورەتە هەر لە خۆیەوە مانایەک لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەفسانەکانی دینەکانی تربێ. و لێکچوونێکی یەکجار زۆر لە نێوان سورەتەکانی هود و الحجر ئەوە دەسەلمێنن، کە مەبەستی سورەتی فیل بە هەمان ئاڕاستەیە.

## له کۆتاییدا

نووسەری جەزائیری داود سلمان الشویلی، لێکدانەوەیەکی بۆ ئەو ڕاڤەکاریانەی مێژوونووسانی موسوڵمان هەیە. کە ڕەنگە ببێتە بەردی بناخەی ڕاستکردنەوە، بۆ ئەو بەلاڕێدابردن. و چەواشەکارییەی هەر لە سەرەتاوە دەستی پێکردووە.

داود سلمان الشویلی پێی وایە، دەبێ سورەتی الفیل لە چوارچێوەیەکیتر لێکبدرێتەوە. ئەفسانەی طیر الأبابیل. و لێکدانەوەی بەو شێوەیەی ئێستای موسوڵمانان، لە بنەڕەتدا وەک پلانێکی سیاسی بووە. بۆ زیاتر برەودان سیاسەتی عبدالملک بن مروان، و بەرزکردنەوەی، بەهای بیت المقدس لە ئۆرشەلیم، کە خۆی دروستیکردبوو.

ڕووخاندنی کەعبەی مەککە بە مەزەنیخ و کوشتنی عبدالله بن زبیر لە ساڵی ٧٣ک. وەک ئەبرەهەی حەبەشی، بەراوردێک، کە دەکرێ لە ڕووی مێژوویەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ و ووردەکارییەکانی ڕووداوەکانی ڕەچاوبکرێن. ئەگەر ئەبرەهە، دەیەویست مەککە بڕووخێنێ. کەچی حەجاج إبن یوسف الثقفی، خۆی کەعبەی بە مەنزەنیخ ڕوخاند. و کوشتنی عبدالله إبن زبیر، وەک چارەنووسی ئەبرەهە، دەکاتە بنەڕەتی لێکدانەوە.

لێرەدا عبدالملک بن مەروان کاتی مزگەوتی ئەقسای لە ساڵی ٧٢ک دروستکرد، ئامانجی سەرەکی ئەوەبوو، لە بەهای کەعبە کەمکەنەوە. بە سەرنجێک لە سوڕەتی الإسرا ١٧، روونتر دیاردەکەوێ. کە بتوانێ لە بەهای مەککە دابەزێنێ، بۆ مەزنکردنی مسجد الاقصی. و ڕاکێشانی سەرنجی موسوڵمانان. هەندێک لە ئایەتەکانی سورەتی الإسراء لەلایەن حەجاج و عبدالملک زیادکراون. [478]

---

[478] داود سلمان الشویلی. مجلة الثقافة الجزائرية ٠٩- ٠٧ – ٢٠٢١

باسەیرێکی ئایەتی یەکەمی سورەتی إسراء بکەی

سورة الإسراء ١٧: ١

> سُبۡحَـٰنَ ٱلَّذِيٓ أَسۡرَىٰ بِعَبۡدِهِۦ لَيۡلٗا مِّنَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ إِلَى ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡأَقۡصَا ٱلَّذِي بَٰرَكۡنَا حَوۡلَهُۥ لِنُرِيَهُۥ مِنۡ ءَايَٰتِنَآۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ (١)
>
> پاکی و بێ خەوشی، بۆ کەسێ، لە شەوێکدا شەوڕۆی بە بەندەی خۆی کرد. لە مسجد الحرام ەوە تا مسجد القصى. ئەو مزگەوتەی، ئێمە بڕشت و پیرۆزیمان داوەتە دەوروبەری. بەو نیازەی کە هەندێ بەڵگەی خۆمانی نیشان بدەین. هەر خۆی بیستەر و زانایە (١)

لەو ئایەتە دا دەبینین. چۆن جیاوازی لە نێوان دوو مزگەوت دەکا. مسجد الاقصى خودا خۆی بڕشت و پیرۆزی پێداوە. کە چی مسجد الحرام تەنیا قۆناخێکی شەوڕۆیی نەبیە. و هیچیتر.

بۆ پشتراستکردنەوەی ئەو بۆچوونەش، دەبێ سەرنجی محمد مسیح نووسەر و بیرمەندی مەغریبی وەربگرین. کە پسپۆرە لە دەستنووسە (مخطوطة) کۆنەکان دەڵێ:

> کۆنترین کۆپی قورئان کە ئێستا موسوڵمانان بەکاری دێنن دەگەرێتەوە سەردەمی عبدالملک بن مروان. بەڵام لە مصحفی سەنعاء ئەو شتەی تێدا نییە. دوای سێ نەوە خەلیفە فەرمانیدا ئەو مصحەفە لابەرن. لەبەر هۆی سیاسی ئایەتەکانی بگۆڕن. و شتی گونجاوتری تێدا بنووسن. گشت دەستنووسەکانی بە خەتی حیجازی سورەتی فاتحەی تێدانییە. [479]

---

[479] محمد المسيح (٢٠١٧) مخطوطات القرآن. مدخل لدراسة المخطوطات القديمة. كندا WaterLifePublishing. Canada

# قورئان و ناکۆکی مێژوویی، جوگرافی و کومەڵایەتی

نووسەری قورئان چیرۆک و ئەفسانەکانی ناوچەکانی میسۆپۆتامیا و شام و دوورگەی عەرەبی وەک کەلەپووری میللی لەناو خەڵکی بڵاوبووین، وەرگرتوون. و بەناوی خودا تێکەڵی دەقەکانی قورئانی کردوون. بەوەش دەقی چیرۆکەکانی بەلارێدابردوون. ئەگەر چاوێک بە چیرۆکەکانی پەیمانی کۆن یان پەیمانی نوێدا بخشینین دەبینین، نووسەری قورئان هەمان چیرۆکی یا ئەفسانە بەشێوەیەکی هەڵە دەگێڕێتەوە. و زیاتر ڕووی لە کەلەپووری گەلێری کردووە. ئەو ڕووداوانەی کە تەورات، لە ناو دەقەکانی باسیکردوون. نووسەری قورئان لە شوێن و سەردەمی هەڵە دایناون. ئەو جۆرە چیرۆک و ئەفسانانە زۆرن، بەڵام لێرەدا تەنیا دوو چیرۆک وەک نموونە دەخەینە ڕوو. کە لە هەردوو پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ، دەیسەلمێنن چۆن نووسەری قورئان، لە گشت بوارەکانی مێژوویی، جوگرافی و کۆمەڵایەتی تووشی هەڵەی گەورەبوو.

یەکەم: نموونەیەک لە پەیمانی کۆن

هەڵە لە قورئاندا شتێکی نوێ نییە، و بەسەدان جار نووسەرو ڕەخنەگران خستوونیانەتە ڕوو. جا ئەو هەڵانە لە بواری زمان، مێژوو کەسایەتی و جوگرافی و شارستانیەتە جیاوەزەکان لە توێی ئایەتەکانی قورئان دەدۆزرێنەوە. بەڵام ئەوەی کە لەو نووسینە باسدەکرێ، بەڕاستی جێگای هەلوویستەکردنە. لە تاکە ئایەتێکی دوو دێری سێ هەڵەی گەورەی کردوون. بەوەش دەیسەلمێنێ کە نووسەری قورئان، هیچ شارەزایی مێژوو، جوگرافی کەسایەتیەکانی نەبووە. ئەوەی بەلایەوە گرنگ بووە. لە ڕێگەی ڕەوانبێژی بەناوی خودا دەربیبڕێ.

دەبێ ئەوەش لەبەرچاوبگرین، کە محمد توانایەکی لە ئەندازە بەدەری لە گێڕانەوەی چیرۆکی کۆن و ڕووداوەکان هەبوو.  و لەڕێگەی ڕەوانبێژی بە پەخشانە شیعر، دەیتوانی، سەرنجی گوێگر، بۆ باسەکە ڕاکێشێ. ئەوەش النضر بن حارث جوان باسی دەکا[480]. بەوەی محمد لە شام و ئیسرائیل بۆ بازرگانی گەڕابوو. وگەڵێک لە کەلەپووری ئەو ناوچانەی وەرگرتبوون. و  بە توانای ڕەوانبێژی خۆی، بە ئاسانی دیکردنە بەشێک لە بانگهێژی خودایی.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵە یان ساختەکردن و دزینی زانیاری لە گێڕانەوەی چیرۆکەکان، و تۆمارکردنیان لە دەقەکانی قورئان بە ناوی خودا. هێشتا ناتوانن لە چوارچێوەی هەڵەو ساختەکردنی مێژوو دەربچن. و بۆیە لە بوارەکانی مێژوو و جوگرافیا و کۆمەلایەتی وەک بەڵگەی جێی متمانە بەهایەکیان پێ نادرێ. با سەیرێکی ئەو ئایەتە بکەین:

سورة القصص ٢٨: ٣٨

وَقَالَ فِرۡعَوۡنُ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَأُ مَا عَلِمۡتُ لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرِي فَأَوۡقِدۡ لِي يَٰهَٰمَٰنُ عَلَى ٱلطِّينِ فَٱجۡعَل لِّي صَرۡحٗا لَّعَلِّيٓ أَطَّلِعُ إِلَىٰٓ إِلَٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّي لَأَظُنُّهُۥ مِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ (٣٨)

فیرعەون گوتی ئەی دیوخان نیشینان، نەمزانیووە بێجگە لەمن خودایەکتان هەبێ، دەی هامان، تۆ خشتی کاڵم لە ئاگردا بۆ خۆشکە، ئەوسا تەلارێکم بۆ دروست کە، تا لەوێڕا، بڕوانمە خودای موسا، و من پێم وایە موسا لە درۆزنانە. (٣٨)

480 النعماني، شاكر فضل الله، نقد الكتابي للقرآن ص ٢٥

هەڵەی یەکەم: تەلاری بابل و میسر

وەک دەبینین تەلاری بابل لە میسۆپۆتامیایە، بەپێی دەقی تەوراتیش، سەبارەت بە نەوەکانی نوح، کە دوای لافاو، بە چەن نەوەیەک دەیانەویست تەلارێک دروستبکەن سەری بگاتە ئاسمان.

پەیمانی کۆن – ئەفراندن ١١: ١ – ٤

> (١) هەموو جیهان یەک زمان و یەک جۆر قسەکردنیان هەبوو. (٢) ئینجا کاتێک بۆ ڕۆژهەڵات کۆچیان کرد، دەشتاییەکیان لە خاکی شینعار دۆزییەوە و لەوێ نیشتەجێ بوون. (٣) ئینجا بە یەکتریان گوت: وەرن، با خشت دروستبکەین و تەواو سووری بکەینەوە. ئیتر لە جیاتی بەرد خشتیان بەکارهێنا، قوڕی سوورکراوەش لە جیاتی قوڕ. (٤) هەروەها گوتیان: وەرن، با شارێک بۆ خۆمان دروستبکەین لەگەڵ تەلارێک، کە سەری لە ئاسمان بدات. ناوێکیش بۆ خۆمان دروستدەکەین، تاکو بەسەر هەموو ڕووی زەویدا پەرت نەبین.

بە سەرنجێک لە لێتۆژینەوە، ئەگەر لافاو بەر لە هەزارەی شەشەمی پ.س.ب هەڵسابێ، ئەوە لە پەرتووکی ئەفراندن، کە یەکەم پەرتووکی تەوراتە. لە نێوان هەزارەی شەشەم و پێنجەم پ.س.ب تۆمارکرابێ؟. ئەو سەردەمەش لەگەڵ پەیدابوونی سەرەتای شارستانیەتی میسۆپۆتامیای بەر لە سۆمەریەکان دەگونجێ.

کەچی نووسەری قورئان هەمان دەقی هێناوە. و هەندێک گۆڕانکاری تێداکردووە، و بە سەردەمی نەبی موسای بەستۆتەوە. موسا بەگوێرەی لێکدانەوەی سەرچاوەکانی دینی

یەهودی ساڵی ١٥٢٥ پ.س.ب لەدایک بووە. دواتر بە هەڵاتنی لە خاکی میدیان لە سینا خۆی گەیاندۆتە میسر. دواتریش ئیسرائیلیەکان لە دەوروبەری ساڵی ١٤٤٥ پ.س.ب، لە میسر دەرچووین. بەو پێیەش، دووری مێژوویی نێوان چیرۆکی تەورات سەبارەت بە نەوەکانی نوح و سەردەمی موسا، کە نووسەری قورئان باسیدەکا ٣٥٠٠ تا ٤٠٠٠ سال دەبێ.

لەلایەکتر تەلاری بابل یان هەر تەلارێکیتری میسۆپۆتامیا لەلای میسریەکان نەناسراوبوون. خەڵکی میسۆپۆتامیا تەلاری بەرزیان دروستدەکردن، تا لەوێوە پەیوەندی بە خوداوە بکەن. ئەو جۆرە تەلارانە لای میسریەکان بیری لێنەکرابووەوە. خەڵکی میسۆپۆتامیا لە دروستکردنی ئەو جۆرە تەلارانە پسپۆربوون، لێتۆژەرەوان باوەڕیان وایە کە بابلیەکان ئەو هونەرە لە سۆمەریەکان فێربوون. تەلارەکانی بابل بە زیگورات (Ziggurat) ناسرابوون ناوی بنەڕەتی لە سەردەمی بابلی (Ziggruratu) بووە. بە مانای گرد، تەپۆلکە، یان دۆندی چیا دێ. لە سەرتاسەری میسۆپۆتامیا ٢٧ زیگورات هەبووین. هەر یەکەیان لە چەند نهۆم پێکهاتبوون، کە بە پێپیلکە بەسەردەکەوتن. نهۆمی هەرەسەرەوە ناوی پەیکەر یان پەرستگا بوو. کە کاهنەکان لەوێ پەیوەندیان بە خوداوە دەکرد.

ئەو زیگوراتانە، بۆ چاوەدێری ئەستێرانیش بەکاردەهاتن. دیوارەکانی لە خشتی سوورکراوە دروستدەکران. لەو سەردەمە میسریەکان شتی وایان نەدەزانی، هەر لەبەر ئەوەش پەرستگا و هەرەمەکانیان لە بەردی زل بنیات دەنان، کە لە ڕێگای دوور دەیانهێنان.

سەرەڕای ئەوە لەبواری شوێنەوارناسی، هیچ پاشماوەی تەلاری لە قوڕی سووررکراوە دروستکراو نەدۆزراوەتەوە. تا ئەوەی لە قورئان هاتووە پشتڕاستکاتەوە. خۆ ئەگەر تەلارێکی لەو شێوەیە لە میسر هەبوایە، دەبوایە لە سەرتاسەری سەرزەمینی میسر ناوبانگی ببیستراویە. یان بەلای کەمی بەشێک یان بناخەی مابوایە. هەروەکوو تەلاری بابل، کە تا ئێستاش وەک

شوێنەواری شارستانی بابلی هەر ماون و سەرچاوەن بۆ لێتۆژینەوەی ژیان و کولتووری شارستانی ئەو سەردەمە. بەڵام هیچ پاشماوەیەکی ئەو تەلارەی نووسەری قورئان باسی دەکا بوونی نییە [481] .

سەرەڕای ئەوە هیچ نووسەرێکی یەهودی، لە کۆنەوە تا ئێستاشی لەگەڵدابێ، باسی دروستکردنی تەلاری زیگوراتیان لە میسر نەکردووە. تەنانەت مێژوونووسی گەورەی یۆنانی هێرۆدۆتوس (٤٨٥ – ٤٢٤ پ.س.ب) لە سەدەی پێنجەمی پ.س.ب سەردانی میسری کردووە[482]. دوای مێژوونووس و جوگرافیزانی ڕۆمانی سترابۆ (٢٤ – ٦٤ س.ب) کە ڕووماڵی سەرجەمی دوورگەی عەرەبی و شام و ئیسرائیل و میسر کردووە. کەچی هیچ لە ناو لێتۆژینەوەکانی سەبارەت بە زیگورات نادۆزینەوە.[483]

دوای ئەوانەش چەندین مێژوونووس و جوگرافی یۆنانی و ڕۆمانی سەردانی میسریان کردووە. یان لێی نیشتەجێ بوون. بە تایبەتی شاری ئەسکەندەرییە لەسەردەمی ئیمپراتۆری پتۆلیموس بووبووە ناوەندی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و جوگرافی و شوێنەوارناسی. چەندین مێژوونووس و جوگرافی یۆنانی و ڕۆمانی لە ئەسکەندەریە جێگیربوون. و خەریکی ڕووماڵی ئەو وڵاتانەبوون. بەتایبەتی لەو سەردەمە کەسایەتییەکی وەک پتۆلیموس (٩٠ – ١٧٠ س.ب) باسی سەرجەمی شوێنەوار و کارە مەزنەکانی ئەو وڵاتەی کردووە، کەچی بە ووشیەکیش ناوی تەلاری لە خشتی سوورکراوە یان زیگوراتی نەهێناوە.[484]

---

481 Orient institute of the university of Chigago, Revised:Februari 7, 2007.
482 Herodotus ،THE HISTORY
483 The Geography of Strabo, Book I - XVI.
484 Ptolemy Claudius, The Geography, translated by Edward Luther Stevenson, Dover Publications, INC, New York, 1991,

هەڵەی دووەم: بەپێی قورئان، هامان ڕاوێژکار و سەرۆک وەزیرانی فیرعەون بووە
هەڵەی دووەمی نووسەری قورئان لە هەمان ئایەتی سورەتی القصص ٢٨: ٣٨ وەرگرتنی ناوی (هامان)ە، کە ئەو ناوەش لە پەیمانی کۆن پەرتووکی ئێستەر (Ester) وەرگیراوە.

پەیمانی کۆن – پەرتووکی ئێستەر ٣: ١- ٢

> (١) پاش ئەم ڕووداوانە، ئەحەشوێرۆشی پاشا، هامانی کوڕی هەمەداسای ئەگاگی گەورە کرد. و بەرزی کردەوە .پایەیەکی بەرزتری لە پایەی هەموو سەرکردەکانی دیکەی کەلەگەڵی بوون پێ بەخشی. (٢) هەموو کاربەدەستەکانی پاشا کە لەلای دەروازەی پاشاوەن بەپێی فەرمانی پاشا سەریان بۆ هامان دادەنەواند و کڕنۆشیان بۆ دەبرد، بەڵام مۆردەخای سەری بۆ دانەدەنەواند و کڕنۆشی بۆ نەدەبرد.

بەپێی پەیمانی کۆن پەرتووکی ئێستەر هامان ڕاوێژکار و سەرۆک وەزیرانی پاشای فارسی (ئەحشویروش) بووە. لێتۆژەرەوان ئەحشویروش بە یۆنانی (Xerxes I) خەشەیارشای یەکەم (٥١٩ – ٤٦٥ پ.س.ب)کوڕی داریوشی مەزن بووە. دەستەڵاتی لە نێوان (٤٨٥ – ٤٦٥ پ.س.ب) بووە. کەچی نووسەری قورئان ئەو هامانەی بە ڕاوێژکار و سەرۆک وەزیرانی فیرعەون، لە سەردەمی موسا داناوە. کە لە ١٤٤٥ پ.س.ب لە میسر دەرچووین. بەو لێکدانەوەیەش ١٠٢٠ ساڵ دووری نێوان موسا و هامانە.

هەڵەی سێیەم: بەپێی قورئان فیرعەون خۆی بە خودا زانیووە

بەپێی دەقی ئەو ئایەتەی قورئان، دەبێ فیرعەون خودابووبێ. لە کۆمەڵگەی میسری کۆن فیرعەون کوڕی هۆروس (Horus) بووە ، بەو پێیەش نوێنەری خودابووە، لەسەر زەمینی شانیشینی میسر.

دین لە میسری کۆن، وەک باوەڕ ناوەندی ژیانی ڕۆژانە بوو. و یەک لە ڕۆڵەکانی پاشا، وەک نێوەندگیری لە نێوان خوداکان و خەڵکدا بووە. واتە نێردەی خودا یان نوێنەری خودا بووە، کە دواتر لە دینە یەکتاپەرستەکان کاهن و حاخام و قەشە لە ئیسلامیش ئیمام جێیانگرتەوە. کەواتە فیرعەون نێردەی خودابووە، لەسەر زەمینی پاشانیشینی. نەک خۆی بەخودا زانیبێ. بەم ڕۆڵەشی هەم وەک دەستەڵاتدار و بەڕێوەبەری شارستانی، و هەم ڕۆڵی ڕێبەری دینی بینیووە.

پاشا خاوەنی هەموو زەویەکانی میسر بوو، یاسای دەرکرد، باجی کۆدەکردەوە، و وەک فەرماندەی گشتی سوپاش کاری دەکرد.[485] لە ڕووی دینییەوە پاشا ڕیتوالەکانی دینی بەڕێوە دەبردن. و شوێنی پەرستگا نوێیەکانی هەڵدەبژارد. سەرەڕای ئەوە پاشا بەرپرسیار بوو، لە ڕاگرتنی هاوسەنگی و دادپەروەری.

گەورەترین بەرپرسیاری بەرگریکردن بوو لە سەرزەمینی پاشانیشینی میسر. و لە کاتی پێویستدا لەشکری بۆ بەرگریکردن لە وڵات ئامادەدەکرد، یان هێرشی دەکردە سەر ووڵاتانیتر، بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەی سامان بۆ خۆشگوزەرانی ووڵات.[486]

---

[485] Ancient Egypt.co.uk. The British museum 1999. Retrieved 20 december 2017

[486] Pharaoh, World history (2009)

بەپێی سەرچاوەکانی مێژوو، و شوێنەوارناسی، دەقی ئایەتی ٣٨ لە سوورەتی القصص هەڵەیەکی گەورەیە، و بەلاڕێدابردنی ڕاستییە. کە دەڵێ فیرعەون خۆی بە خودا زانیووە.

لە تاکە ئایەتێکی دوو دێری قورئان، سێ هەڵەی وا گەورە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. کە نووسەری قورئان، کەم یان زۆر، ناوی ئەو ڕووداوانەی بیستوون. بەڵام بەبێ بوونی هیچ زانیاریەک لەسەر کەسایەتیەکان، مێژووی یان جوگرافی، وەک ئایەتی قورئان بەناوی خودا تۆماریکردوون. لەلایەکیتریش ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە قورئان دەستکردی مرۆڤە و هەڵەکانیش. ئاستی زانیاری مرۆڤن و هیچیتر.

# لات و عوز و مەنات

سەبارەت بە ناوی سێ بوتەکانی لات و عوز و مەنات، کە لە ئایەتێکی قورئاندا هاتووە. ڕاڤەکار و بیۆگرافی نووسانی موسوڵمان باسی ئەوە دەکەن، کە لە پێش هاتنی ئیسلام لە شاری مەککە. ئەو سێ بوتە لەگەڵ دەیان بوتی دیکە لەناو کەعبە دابووین، و دەپەرستران. بە بەراوردکردنێک لەگەڵ خانووی کەعبە لە مەککە، شتی وا ناتوانێ جێگای باوەڕبێ، کە مەبەستی شاری مەککەی حیجاز بێ. لەبەر ئەوەی، سەرەڕای نەبوونی جێگا لە ناو کەعبە. وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، کە هەر بەقەد بەرزی باڵای مرۆڤێکی ئاسایی بووە. تا بگرە لە قورئانیش ئاماژە بەوە ناکا، کە ئەو بوتانە لە کوێ بووین. بۆیە دەکرێ لە هەر شوێنێکی تری ئەو جیهانە بووبن. ئەوەش ناکۆکە لەگەڵ تۆژینەوەی شوێنەوارناسی. کە ئاماژە بە شوێنێکیتر دەکا.

القرآن الكريم – سورة النجم ٥٣: ١٩ – ٢١

أَفَرَءَيۡتُمُ ٱللَّٰتَ وَٱلۡعُزَّىٰ (١٩) وَمَنَوٰةَ ٱلثَّالِثَةَ ٱلۡأُخۡرَىٰٓ (٢٠) أَلَكُمُ ٱلذَّكَرُ وَلَهُ ٱلۡأُنثَىٰ (٢١)

ئاخۆ ئێوە تەنیا لات وعوزەتان بینیوە (١٩) سێیەمیشیان کە مەناتە. یەکێکی ترە لە بوتەکان (٢٠) ئاخۆ منداڵی ئێوە نێرە و خوداش کچی هەیە (٢١)

هەرچەند ئەو دیمەنە وگشت دیمەنەکانی تری قورئان باسیان دەکا. دەدرێنە پاڵ مەککە. بەڵام بە بەدواداچوونێکی وورد. کێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە. و ئاماژەکان بۆ ناوچەکانی باکوور دەڕۆن. ئەو شێوە دەربڕینە وێنای دینەکانی باکووری دوورگەی عەرەبی دەکا. بە تایبەتی ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی نەبەتیەکان.

ئەوەش هەر لە بوونی پەیکەری بەردی و پارچەی شەشپاڵوی پیرۆز، تا دەگاتە چەقی دینی کە پەرستن و سرووتەکانی، وەک نەریتی حەجکردن، کە ئێستا لە مەککە بەردەوامە. یان بەڵاگێڕکردن و هتد. کە تێیدا بەردی ڕەشی نەیزەک پیرۆز دەکرا.

نەبەتیەکان خودایەکیان هەبووە بەناوی (دوشارا) وەک بەردە ڕەشەکە دەپەرسترا. تا دەگاتە هەمان ناوی خوداکانی لە قورئان داهاتوون، هەریەک لەوانە پەرستگای تایبەتی خۆی هەبووە:

اللات: خودای بڕشت و کشتوکاڵی جیهانی خواروو بووە.

العوزي: خودای هێز، کە گریمانە دەکرێ ئەو خودایە لە بنەڕەتدا میسری بێ و بەرامبەر ئێیزس.

مەنات: خودای ڕێکەوت و چارەنووس.

ئەو سێ بوتانە یان خودایانە، هەرسێکیان ناوەکانیان لەگەڵ خوداکانی تر، لە دەوری خودای نەبەتی (دوشارا) هەڵکۆلراون، کە پێدەچێ ئەوانە خودای بچووکتربن. و ئەرکی خودایەتی بەشێک لە بەڕێوەبردنی جیهانیان لەسەر شان بووبێ. [487]

هەرچەندە کەلەپووری عەرەبی ئیسلامی، نکۆڵی لەوانە دەکا. و بیانۆشیان ئەوەیە، گوایە کاتی خۆی کەسێک بە ناوی (عمرو إبن لحي) ئەو بوتانەی لە باکووری دوورگە، بەر لە هاتنی

[487] Petra: lost city of stone. Civilization ca 2013. 02. 03
- Hearly, John F. (2001) 4. The Religion of the nabataeans: A conspectus Religions in the Greco – Roman World 136. Boston Brill pp. 107 – 119
- Jane, Tylor. Petra and the Lost kingdom of Nabataeans 1:B Tauris Publishers 2001, pp 130
- Hommel, First, Encyclopedia of Islam. Vol. 1, pp. 380.

ئیسلام هێناونەتە مەککە. بەڵام یەکەم هیچ سەرچاوەیەکی بێلایەن ئەوە پشتڕاست ناکاتەوە. دووەم ئەگەر ئەو بوتانە هاتبن، کوا شوێنەواری ئەو بوتانە و دەیان بوتی تر، کە مێژوونووسانی موسوڵمان، بەردەوام ئاماژەیان پێدەکەن. و دەڵێن هەبووین.[488]



The Allāt Temple at Ramm

پەرستگای اللات لە ڕام، کە دەکەوێتە ٥٠ کم باکووری ڕۆژهەڵاتی عەقەبە

سەرەڕای ئەوە ناوی (الله)، وەک خودای دینە ئیبراهیمیەکان لە زۆر نەخش و شوێنەواری نەبەتی لە سەرجەمی ناوچەکانی باکوور دەبینرێ.[489] ئەوەش دەیسەلمێنێ کە خەڵکی ئەو ناوچەیە باوەڕیان بە الله هەبووە. و ناوی الله لە بنەڕەتدا لە ئێل هاتووە کە ئیبراهیم لەگەڵی دواوە.

---

[488] علي، دكتور جواد. المفصل فى تاريخ العرب قبل الإسلام ج ١١، ص ٢٥٣
[489] Alfred, Guillaume (1990) Islam Penguin. Pp. 7

سەرەڕای ئەوە، لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی نەبەتیەکان، بە تایبەتی لە پێترا، و ناوچەکانی دەوروبەری، هەر لە بوونی بە دەیان پەیکەری بەردی، لە پارچەی شەشپاڵوی پیرۆز، تا دەگاتە چەقی دینی کە پەرستن و سرووتە دینیەکانیتر. یەک لەوانە حەجکردنە ئێستا کە سەردانی پێتراو خوداکانی کراوە. و بەڵاگێڕکردن نەریتێکی ئاسایی و هەرە پیرۆز بووە.

بەپێی لێکدانەوەی دان گیبسن، پرۆسەی حەج و عومرەی موسوڵمانان، کە ئێستا لە مەککە دەیکەن. دەبێ گشتی لە پێترا بووبێ. کەواتە دەبێ دوای کۆچی یەهودیە نەسارپەکان بۆ حیجاز، وەک کۆپی دروستکرابێ.

لەلایەکتر ناوچەکانی دەوروبەری پێترا، بە تێکڕایی، زۆر باشتر، هەم لەگەڵ دیمەنەکانی جوگرافیای ناو قورئان، و هەم لەگەڵ شوێنە هەڵکەنراوەکانی شوێنەوارناسی لە وولاتی نەبەتییە دەگونجێن. کە پێترا ناوەندی دینی و بەڕێوەبردنی بووە.

# نەخێر لە ئینجیلی کریستیانی پێشبینی ناوی

## احمد (محمد) ناکا

لەوەتەی مرۆڤ وەبیری دێ، دینداراني موسوڵمان خوێندەوار و نە خویندەوار، مەلا و موفی دەڵێن پەرتووکەکانی تەورات و ئینجیل گۆڕاون و بەلاڕێ دابراون. بۆیە ناتوانرێ باوەڕیان پێبکرێ. کاتی پرسیاریان لێدەکەی چۆن؟ و بەکام بەڵگە؟ چی گۆڕاوە؟ دەقە بنەڕەتییەکە چی بووە، و لەبەرچی گۆڕاوە؟ وەولامێکی لۆژیکی و بەڵگەیەک وەرناگری. ئەوەی دەیبیستی، تەنیا گوتیان و مەلا فەرمووی و هتد.

ئەو باسە ئاوڕ لەو گوتیان و دەڵێن ناداتەوە. بەڵکوو بە سۆراخی مشتومڕێکی موسوڵمانانەوە دادەچێ. کە ڕەنگە هەر ئەوەشبێ بنەڕەتی دەنگۆی گۆڕدرانی هەردوو پەرتووکی یەهودی و کریستیانی. ئەویش سەبارەت بە باسی محمد و پێشبینی هاتنی ناوی لە ناو دەقەکانی ئینجیل دا. ئەو باسە، دەمێکی باشە لەناو موسوڵمانان بەردەوام جێگای مشتومڕ بووە. بەپێی باوەڕی موسوڵمانان لە ئینجیلدا پێشبینی لە هاتنی محمد یان احمد کراوە. کە دەبێ ئەو محمدە، مەبەستی پەیامبەری ئیسلام بێ. لە هەمان کاتدا دەڵێن: لەبەر ئەوەی ئینجیل گۆڕانی تێداکراوە، ئەو دەقانەی کە باسی لە پێشبینی هاتنی پەیامبەریان تێدایە، گوڕدراون. بەڵام بەکام بەڵگە ئەو دەربڕینە پشتڕاست دەکرێتەوە. ئایا لۆژیک ڕێگا دەدا پەرتووکێک بەر لە ٦٠٠ ساڵ پێشبینی هاتنی پەیامبەرێک بکا؟ بە کورتی ئەو بۆچوونەی موسوڵمانان، تا چ ئاستێک ڕاستە؟

موسوڵمانان بۆ سەلماندنی ئەو پێشبینییە، بێجگە لە گومان و تێبینی، هەنگاوێکی تریان نەهاویشتووە. بێگومان بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەلقەیەک لە نێوان ئینجیل و قورئان یان

محمد، هەر بە گوتیان و دەفەرموون نابێ. بەڵکوو پێویستی بە بەڵگە و ووردەکاری لۆژیکی هەیە.

ڕاستی گرفتەکەش دەگەڕێتەوە بۆ یەک ووشە، لە چوار پەرەگرافی ئینجیلی یۆحەنا. موسوڵمانانی خستۆتە بیرکردنەوە. ئەو ووشەیەش لە دەقە یۆنانیەکان هاتووە ووشەی (پاراکلیتۆس) (Paracletos)ە. واتە پارێزەر، یارمەتیدەر یان ڕاوێژکار. کەچی موسوڵمانان پێیان وایە ئەو ووشەیە دەبوایە (پێریکلیتۆس) (Pericletos) بوایە، چونکە گونجاوتر دەبوو. کە دەکاتە سەنا، سوپاسگوزار محمد یان احمد. بەوەش سوڕەتی الصف ئایەتی ٦ لە قورئان پشتڕاست دەکاتەوە.[490]

سورة الصف ٦١: ٦

وَإِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِنْ بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ فَلَمَّا جَاءَهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا هَذَا سِحْرٌ مُبِينٌ (٦)

کاتی عیسای کوڕی مریەم گوتی: ئەی بەنی ئیسرائیل من نێردەی خودام بۆ لای ئێوە. ئەو تەوراتەی کە لە پێش مندا هاتووە بەڕاستی دادەنێم. موژدەتان لێیێ پەیامبەرێک لە دوای من دێ و ناوی ئەحمەدە. کاتی هات و بە چەند نیشانەی ڕوون و ئاشکرا هاتە لایان. گوتیان ئەوە هەر جادووەێکی ئاشکرایە.(٦)

لەبنەڕەتدا ئەوە تاکە مەبەستی دیندارانی موسوڵمانە. ئەگینا هیچ پەیوەندییەکی لۆژیکی نییە، بۆ ئەوەی لە دەقێکی ئینجیل ووشەی پێریکلیتۆس گونجاوتر بێ لە پاراکلیتۆس.[491]

[490] Linda Barto (2009) The Bible and the quran at the edge of Renaissance. Pp66

[491] Islam in its own Words, Wednesday 21 July 2010, Paraclete or Pericletos

ئەوەی زیاتر جێگای سەرسوڕمانە ڕێبازی شیعە لەوەش زیاتر دەڕۆن. بە بیانۆی گوایە قەشەیەک لە ئێران بۆتە موسوڵمان، بە پێی لێکدانەوەی ئەو قەشەیە. دەبێ یۆحەنا خۆی ئەو گۆڕانەی کردبێ. بە لێکدانەوەی نووسەر. یەسوو ووتار و قسەکانی لەگەڵ خەڵکی، بە زمانی ئارامی بووە. کەچی کاتی یۆحەنا ئینجیلی بە زمانی یۆنانی دەنووسییەوە، ڕەچاوی قسەکانی یەسوی نەکردووە. لە نووسینی ئینجیل بە یۆنانی گۆرانی تێداکردوە. بەڵام هیچ بەڵگەیەک یان ڕوونکردنەوەیەکی لۆژیکی ناخاتە ڕوو. بۆیە ناتوانرێ وەک بەڵگەیەکی زانستی وەربگیرێ.[492]

گشت ئەو باس و مشتومڕی پێشبینیەش، تەنیا لە گوتیان و بیستوومانە و ئەگەری وا هەیە یان باشتر دەگونجێ، زیاتر تێپەڕناکا. کە دێتە سەر بەڵگە وەک دۆکومێنت بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونیان، ئەوا خۆیان دەبوێرن. و دواتر لەسەر هەمان ریتم بەردەوام دەبن.

ئەوەی جێگای باسکردنە هەر چوار ئینجیلە قانوونیەکان یەکەم جار بە زمانی یۆنانی نووسراون. و لە ئەدەبیاتی کلاسیکی یۆنانی نەک تەنیا یەکەم دەستنووسی ئینجیلەکان، بەڵکوو سەرجەم ئەدەبی ئەفسانە، تادەگاتە نووسراوە فەلسەفی و هونەری و شەڕ و هتد. پارێزراون. ئینجیلەکانیش بە هەمان شێوە لە چوارچێوەی ئارشیڤی کۆن دا ماون. کە واتە ئەوەش پێچەوانەی، ئەو بۆچوونە نیشان دەدا. لەگەڵ ئەوەشدا موسوڵمانان، هەر لەسەر گومان و گوتی و گوتیانی خۆیان هەر بەردەوامن. بێ ئەوەی بۆمان ڕوونکەنەوە کە دەقە بنەڕەتیەکە چی بووە؟ و چۆن گوڕاوە؟ ئەوەی تەنیا ئاماژەی پێدەکەن ئینجیلی یۆحەنایە کە گوایە، ئاماژەی بەو پێشبینیە کردووە.[493]

---

492 علی الشیخ. هبة السماء. رحلتی من مسیحیة الی الإسلام ل ١٧١

493 یوسف ڕیاض (٢٠١٢) من تکوین الی الرؤیا الاناجیل الاربع.

لەم باسەدا هەوڵ دەدرێ، لە سێ گۆشەنیگای جیاواز، سەرنجی ئەو پێشبینییە بدرێ. ئەوەش بە مەبەستی دەرفەت وەرگرتن بۆ قووڵبوونەوە، و ساخکردنەوەی بەشێوەیەک، تا دەکرێ تێگەیشتنێکی گونجاو و لۆژیکی لەسەر دابڕێژین.

گۆشەنیگای یەکەم

پەیامبەرانی بەنی ئیسرائیل لە هەردوو پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ، یارمەتی دەر و پارێزەر ڕاوێژکاری مرۆڤ بووین بەرامبەر خودا. هیچ پەرگرافێک یان لە هیچ ڕووداوێک لە هەردوو پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ نابینی، یەک لە پەیامبەرەکان لەبەر خودا پاڕابێتەوە یان سەنای بۆ بکا و سوپاسگوزاری بێ. بۆیە ناکری محمد یان احمد پێشبینی کرابێ. بەوەش جیاوازییەکی بنەڕەتی لە ڕۆڵی پەیامبەرایەتی، نێوان پەیامبەرانی بەنی ئیسرائیل، بە یەسووشەوە و پەیامبەری ئیسلام دا هەیە.

ڕۆڵی پەیامبەرەکانی بەنی ئیسڕائیل پارێزەر و ڕاوێژکار و یارمەتی دەر بووە، نەک پاڕانەوە و سەناکردن. وەک ڕۆڵی پەیامبەری ئیسلام. ئەوان ڕاوێژ لەگەڵ خودا دەکەن. و پارێزەری گەلی ئیسرائیلن لە بەرامبەری. ئەوەش لە ناو هەردوو دینی یەهودی و کریستیانی دا بە دەیان جار دووبارە دەبێتەوە. بۆ باشتر تێگەیشتن و پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونە، سێ نموونە دێنینەوە:

سەبارەت بە کاولکردنی شاری سەدوم و ڕاوێژی ئیبراهیم لەگەڵ خودا.

پەیمانی کۆن – ئەفراندن ١٨: ٢٣ -٢٥

(٢٣) ئیبراهیم تۆزی چووە پێشتر و گوتی: دەتەوەێ لەو شارە چاکە و خراپە پێکەوە سزا بدەی؟ (٢٤) ڕەنگە پەنجا کەسی باشی تێدابێ. ئایا هەر لەناوی دەبەی. لە پێناو ئەو پەنجا کەسە پیاوچاکە نایبەخشی؟ حاشا شتی وا لەتۆ ناوەشێتەوە! پیاوچاک لەگەڵ پیاوخراپان بکوژی! ئەو دەمە چاک و خراپ

وەک یەکیان لێدیٚ. دوور بێ لە تۆ! فەرمانڕەوای سەرجەمی زەوی، دادوەری وا ناکا!

ئەگەر بە ووردی سەرنج بدەین دەبینین لە سەر کێشەی سەدووم، خودا ئەوەندە تووڕەیە خەریکە شارەکە وێرانبکا. بەڵام ئیبراهیم لە دەستەڵاتەوە، وەک ڕاوێژکارێکی متمانە بەخۆ، قسەی لەگەڵ دەکا. نەک لەبەری بپاڕێتەوە یان سوپاس گوزاری بێ و سەنای بکا. تەنانەت لە قسەکانی و هەڵوێستی، خەریکە خودا تەریق دەکاتەوە. ئەوەی بەبیر دێنێتەوە، کە دەستەڵاتداری هەموو زەوەی ئەو بێدادیە ناکا.

نموونەی دووەم:

دوای دەرچوونی موسا لەگەڵ بەنی ئیسرائیل لە میسر و دەربازبوونیان لە ڕوباری نیل.

پەیمانی کۆن دەرچوون ١٧: ٣ – ٦

(٣) بەڵام گەل (خەڵک) تێنوویان بوو و کەوتنە گلە و گازاندە، بەرامبەر موسا. گوتیان: بۆچی ئێمەت لە میسر هێنایە دەرەوە. تا خۆمان و منداڵ و مەڕوماڵاتمان لە تێنووان بمرین؟

(٤) ئیتر موسا بۆ خودا هاواری کرد: چی لەو گەلە بکەم؟ پاش کەمێکی دیکە، بەرد بارانم دەکەن.

(٥) خودا بە موسای فەرموو: لە پێش گەلەکەتدا برۆ و هەندێک پیری ئیسرائیل لەگەڵ خۆت بەرە. ئەو گۆچانەی کە ڕووباری نیلت پێ شەقکرد. لە دەستت دابێ و برۆ (٦) من بەر لە تۆ لەسەر ئەو تاشە بەردە لە حۆریف وەستاوم. لە تاشە بەردەکە دەدەی، ئاوی لێ هەڵدەقوڵێ و گەل دەیخۆنەوە. (٧)

موسا دوای دەربازبوونیان لە میسر و گەیشتنە خاکی کەنعان. ئەوەندە ووشک بوو گەلەکەی خەریک بوو لە تێنوێتی بمرن. و دەست بە گلە و گازاندە لە موسا دەکەن. موسا

لەبەر خودا ناپاڕێتەوە، بەڵکوو هاوار دەکا چی لەو گەلە بکەم؟ بۆ منت لەگەڵ گەلی ئیسرائیل هێنایە دەرەوە. ئەگەر چارەسەرێک نەدۆزییەوە ڕەنگە بەردبارانم بکەن. ناپاڕێتەوە و خوداش چاوەڕوانی پاڕانەوە نییە، لەجیاتی ئەوە هەر زوو بەدەنگییەوە دی و فێری پەرجوێکی دەکات. بە گۆچان لە تاشە بەردێک بدا ئاوی لێ دەردەچێ. تا خەلکی ئارام بێتەوە. لێرەدا دەبینین هەم گەلی ئیسرائیل و هەم موسا خودا منەتباردەکەن، نەک پێچەوانەی.

نموونەی سێیەم

یەسوو لە بێهیوایی گلەیی خۆی ئاراستەی ئۆرشەلیم دەکا. هەرچەندە ویستوویەتی پارێزگاریان لیبکا. بەڵام سوودی نەبووە. و نەیان ویستووە. بۆیە بێهیوایە.

پەیمانی نوێ ئینجیلی مەتی ٢٣: ٣٧

> (٣٧) ئەی ئۆرشەلیم. بکوژی پەیامبەران و بەردبارانکەری ئەوانەی بۆ نێردراون. چەند جار ویستم منداڵەکانت کۆبکەمەوە. هەروەک چۆن مریشک جووجەڵەکانی لە ژێربالّیدا کۆدەکاتەوە. بەڵام نەتانویست.

لەسەرتاسەری هەر چوار ئینجیلەکە نابینین یەسوو لەبەر خودا بپاڕێتەوە، بەلکوو داواکاری هەیە لە باوک پارێزگاری لە گەلەکەی دەکات. هەرچەندە ئەوان دوژمنی خۆدا و پەیمبەرەکانی بووین. یەسوو دەیەوێ وەک چۆن مریشک جووجەڵکەکانی دەخاتە ژێر باڵی ئەویش بەو شیوەیە گەلی ئیسرائیل بخاتە ژێرباڵی و بیانپارێزێ. و ببێتە ڕزگارکەریان. بەڵام بێهیوایە چونکە ئەوان نەیان ویست پارێزگار و ڕزگارکەرێکیان هەبێ. یەسو نە ساناکار و نە سوپاس گوزارە بەڵکوو پارێزەرە و دەیەوێ یارمەتی گەلەکەی بدا.

لەو سێ نموونەیەدا پیشانمان دەدا کە پەیامبەران سەناکار و سوپاسگوزار نەبووین. بەڵکوو پارێزەر و ڕاوێژکار بووین، بۆ گەل و مرۆڤ بەرامبەر خودا. بۆیە ناکرێ ووشەی (محمد یان احمد) لە ئینجیل هاتبێ.

خاڵی دووەم

یۆحەنا کێیە و ئینجیلەکەی چۆن نووسیوە؟

گشت دەنگۆی پێشبینیەکە ئاماژە بەوە دەکا کە لە ئینجیلی یۆحەنا، ئاماژەی پێکردبێ و دواتر گۆرانی تێداکرابێ.

١- ئەوەی ڕاستییێ هەر چوار ئینجیلە قانونیەکان دوای یەسوو بە ماوەیەکی دوور نووسراونەتەوە: کە دەتوانین بڵێین نەوەیەک تا دوو نەوە دوای لە خاچدانی کریست دەست بە نووسرانەوەیان کراوە. کریست سالی ٣٠ ز لە خاچدراوە. و یەکەم ئینجیل دوای ٣٨ ساڵ دوای لە خاچدانی، لەلایەن مارکوس نووسراوەتەوە. و هەر چوار ئینجیلەکەش بۆ یەکەم جار، بە زمانی یۆنانی نووسراونەتەوە. و مێژووی نووسینییان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

ئینجیلی مارکوس (مرقص) لە نێوان ساڵانی ٦٨ تا ٧٣ زاینی نووسراوە

ئینجیلی ماتێوس (مەتی) لە نێوان ساڵانی ٧٠ تا ٩٠ زایینی نووسراوە

ئینجیلی لوکاس (لوقا) لە نێوان ساڵانی ٨٠ تا ١٠٠ زاینیی نووسراوە

ئینجیلی یۆهاننێس (یوحەنا) لە نێوان ساڵانی ٩٠ تا ١١٠ نووسراوە

هیچ لە نووسەرانی ئینجیل وەک نووسەرێک دانەنیشتوون و یەکسەر بۆ ماوەیەکی کورت سەرجەمی ئینجیلەکە بنووسنەوە. بەڵکوو بەپێی پێویست و ماوەی جیاجیا، وەک بیرەوەری نووسراونەتەوە. [494]

لەلایەکیتر دەبینین ئینجیلی یۆحەنا دوا ئینجیلە نووسرابێتەوە. کە نزیکەی ٦٠ ساڵ دوای لە خاچدانی یەسو، دەست بە نووسرانەوەی کراوە. سەرەڕای ئەوە نووسەر و بیرمەندی سوری

[494] Lena Einhorn (2006) Vad hände på vägen till Damaskus? På spaning efter den verklige Jesus från Nasaret. s.19

فراس السواح دەڵی بێجگە لە مەتی، هیچ لە نووسەرانی ئینجیلەکانی تر ڕاستەوخۆ گوێیان لە یەسو نەبووە و نەیان بینیوە. کەچی گشت متمانەیەک بۆ نووسینەوەی ئینجیل، بێجگە لە مەتی لەلای هەر سێ نووسەرەکەی تر لەسەر نامەکانی پاولۆس بووە.[495]
بەپێی مێژووی لێکۆڵینەوە، نامەکانی پاولۆس، ماوەیەک پێش ئنجیلەکان نووسراون. و سەرچاوەی هەرە گرنگی نووسینەوەی ئینجیلەکان بووین. بۆیە ڕێگەی تێناچی پاولۆس باسی ئەو پێشبینییەی نەکردبێ. بەڵام یەک لە نێردەکانی باسی بکا. سەرەڕای ئەوەی متمانەی تەواوی وەک سەرچاوە، لەسەر پاولۆس بووبێ.[496]

بۆیە مرۆڤ تەنیا گریمانەی ئەوە دەکا، کە یۆحەنا مەبەستێکی تایبەتی، لە نووسینەوەی ئینجیلەکەی هەبووبێ. ئەوەش دەبێ بۆ لێکۆڵینەوە بە هەند وەربگیرێ. با لە دوو ڕوانگەوە سەرنجی ئەو دیمانیە بدەین:

١- خالێکی گرنگ لێرەدا هەیە کە دەبێ بۆ بەدواداچوون ڕەچاوی بکەین. ئەویش یۆحەنا ناوەرۆکی ئنجیلەکەی جیاوازە لەگەڵ هەرسێ ئینجیلەکانی تر. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، نووسینەوەی ئەو ئینجیلە بۆ دوای ساڵی ٧٠ زایینی دەگەڕێتەوە، کە سەرئەنجامی ڕاپەڕینی یەهودی (٦٦ - ٧٠ ز) شاری ئۆرشەلیم سەرتاپای سوتێنرا و کاولکرا. تەنیا شوێنەوارێک کە مابێتەوە دیواری ڕۆژئاوای شار بوو، کە تائێستاش لە دوور و نزیک وەک شوێنێکی پیرۆز سەردانی دەکرێ، نزاو پاڕانەوەی بەرامبەر دەکەن. دوای سووتان و کاولبوونی ئۆرشەلیم ئەو کەلێنە دەرفەتی دا کریستیانەکان، کە ئاڕاستەیەکی نوێ وەربگرن. بۆ دەرچوون لە ژێر تارمایی دینی یەهوودی. و بتوانن وەک دینێک و پەیامبەرێکی دوور لە کاریگەری تەورات و موسا پەرە بستێنن. یۆحەنا لەو هەلومەرجەدا دوای کاولبوونی

[495] السواح، فراس. الوجه الاخر للمسيح ص ١٥

[496] الصليبى، كمال البحث عن مسيح قراءة جديده فى الاناجيل ص ١٤

ئۆرشەلیم دەستی بە نووسینەوەی ئینجیلەکەی کرد. هەر ئەوەش وایکرد، کە شێوەیەکی تایبەتی و جیاوازی لەگەڵ سێ ئینجیلەکەی تردا هەبێ. لە ئینجیلی یۆحەنا یەسوو کوڕی مرۆڤ نییە. بەڵکوو بە خودای دادەنێ (ووشەکە خۆی خودابوو)[497] ئەوەش بۆ دەربازبوون و بەرزکردنەوەی یەسوو وەک کریست و موژدەی گەڕانەوە بە کریستیانەکان دەدا، کە وەک پارێزەرێک و یاریدەدەرێک دەگەڕێتەوە.[498]

٢- ناکۆکی نێوان کریستیان و نەساریەکان گەیشتبووە ئاستی هەرە بەرز. کە بەر لە ماوەی ڕاپەڕینی یەهودی، نەساریەکان لەلایەن ئیمپراتۆریەتی ڕۆم کەوتبوونە بەر شاڵاوی پاکتاوکردن. کەنیسەی خەتەنە، کە لەلایەن بنەماڵەی یەسو بەتایبەتی یاقوبی برای یەسو سەرپەرشتی دەکرا داخرابوو. لە جیاتی ئەوە کەنیسەیەکی تر کرابووەوە. کە ڕێبازی کریستیانی و پاولۆسی پەیرەو دەکرد. گشت ئەو کردەوانەش لەلایەن ئیمپراتۆری ڕۆم جێبەجێ دەکران. کە بە مەبەستی پاکتاوکردنی سەرجەم بنەماڵەی داود بوو. لە ساڵی ٦٢ ز یاقوبی برای یەسوو لە ئۆرشەلیم بە ئاشکرا کوژرا. و بەوەش لە ڕاستیدا هەم کۆتایی بە بنەماڵەی داود هات. و هەم نەساریەکان بۆ شام و دوورگەی عەرەبی و میسۆپۆتامیا دەرکران و ئاوارەبوون. وبەرامبەر بەوە کریستیانەکان هەنگاو بە هەنگاو لە پەرسەندن دابوون. یۆحەنا نزیکە ٢٠ ساڵ دواتر واتە ساڵی ٩٠ ز دەستی بە نووسینەوەی ئینجیلەکەی کرد. مەبەستی نووسینی بەو شێوەیە پێدانی سیمایەکی نوێ بوو، بە دینی کریستیانی و بەتایبەتی یەسوو. کە بە لە خاچدانی کۆتایی نەهاتووە و بەم زوانە لەلای باوک دەگەڕێتەوە، و بۆ هەتا هەتایە لەلامان دەمێنێتەوە. گشت ئەو هەڵومەرجە وادەکا. شێوەی نووسینی و پەیمانی گەڕانەوە بە قوتابی و پەیڕەوانی کارێکی پێویست بێ، بۆ بەردەوام بوون بڵاوکردنەوەی موژدەی پەیامی کریست.[499]

---

[497] پەیمانی نوێ – ئینجیلی یۆحەنا ١: ١

[498] Jewish Encyclopedia - Jerusalem.

[499] تفسير إنجيل يوحەنا، الأنبا أثناسيوى ص ١١٧ و ٢٠٥

خاڵی سێیەم

ئەو پەرەگرافانەی ئینجیلی یۆحەنا کە، بەپێی گۆتەی موسوڵمانان گومانی لێدەکرێ مەبەست (محمد یان احمد) بێ. وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، لە زمانی یۆنانی دوو ووشە هەن، کە بە گۆڕینی تەنیا یەک تیپ ماناکەی دەگۆڕێ.

پێشتر باسی دوو ووشە کرا. کە بەپێی تێبینی موسوڵمانان دەبێ گۆڕان لە نێوانیاندا کرابێ. ئەو دوو ووشەیەش، یەکەم (پاراکلیت یان پاراکلیتۆس) کە بە مانای پارێزەر، یارمەتیدەر یان ڕاوێژکار دێ. ووشەی (پاراکلیتۆس) بۆ یەکەم جار لەلایەن دێمۆستێنێس ( ٣٨٤ – ٣٢٢ پ.ز) (Demosthenes)کە گەورەترین ووتاربێژ بووە. توانیویەتی بە ووتارێکی خرۆشێنەر، باوەڕ بە خەڵکی ئەسینا بێنێ، کە دروستکردنی هێزی دەریا لە ئایندەدا لە هێرشی ئیمپراتۆری فارس دەیانپارێزێ. هەر ئەو لەو ووتارەدا ووشەی (پاراکلیتۆس)ی بە مانای پارێزەر یان یارمەتیدەر بەکار هێناوە. لە ئینجیلی یۆحەنا ووشەی پاراکلیتۆس بە هەمان مانا بەکارهاتووە، واتە پارێزەر یان یارمەیدەر یان ڕاوێژکار.[500]

دووەم ووشەی پێریکلیت یان پێریکلیتۆس کە بەمانای سەناکار، ستایشکار یان سوپاسگوزار دێ. لە عەرەبی بە مانای (محمد یان احمد). ئەگەر ئەو دوو ووشەیە جێگۆڕکێیان پێبکرێ ئەوا ماناکانیان دەگۆڕێ.

دکتۆر منقذ السقار دەڵێ ووشەکە لە بنەڕەتدا بەو مانایە نایە کە موسوڵمان لێی تێگەیشتوون، کە پاراکلیتۆس ئاماژە بەناوی محمد یان احمد بکا. بەپێی ڕاڤەی کەنیسە بە مانای کەسێک دێ کە ( یارمەتیدەر، پارێزەور یان ناوبژیکەر و ڕاوێژکار بێ) بۆیە ناکرێ بە مانای سەناکار (محمد) یان احمد بێ. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی موسوڵمانان باوەڕیان وایە کە کریستیانەکان ئەو ووشەیەیان گۆڕیووە. هەڵبەتە ئەو تێبینی کردنەش، لە ئەنجامی لەیەک نزیکی ئەو دوو ووشەیە، سەرنجی موسوڵمانانی ڕاکێشاوە. کە بە تەنیا گۆڕینی تیپپی

---

[500] Encyclopedia Britannica

ی بۆ ئا، ووشەکە مانای لە بنەڕەتدا دەگۆڕێ. واتە پێریکلتۆس کردویانە بە پاراکلیتۆس. ئەوەش لە بنەڕەتدا ناگونجێ. لەبەر ئەوەی لە دەق پەرەگرافەکانی ئینجیلی یۆحەنا ئەگەر ووشەکە بگۆڕین لەگەڵ ناوەرۆکی سەرجەمی دەقەکە نایەتەوە، و تێکی دەدا.[501]

با سەیرێکی ئەو چوار دەقە بکەین کە لە ئینجیلی یۆحەنادا هاتوون. و موسوڵمانان گومانیان لەسەر هەن.

دەقی یەکەم

پەیمانی نوێ – ئینجیلی یۆحەنا ١٤: ١٦ – ١٨

> (١٦) منیش داوا لە باوک دەکەم پارێزەرێکی (یارمەتیدەرێکی) ترتان بداتێ. کە هەتا هەتایێ لەگەڵتان بمێنێتەوە (١٧) گیانی ڕاستی جیهان ناتوانێ وەریبگرێ. چونکە نایبینێ و نایناسێ. بەڵام ئێوە دەیناسن. چونکە لەگەڵتان دەمێنێتەوە و لە ناو ئێوەدا دەبێ. (١٨) بە هەتیوی بەجێتان ناهێڵم، دێمەوە لاتان.

لێرەدا بە ئاشکرا دیارە کە یەسو لەم سێ پەرگرافەدا، یەکەم باسی پارێزەر دەکا. کە هەتا هەتایە بمێنێتەوە و پارێزگاریان لێبکا. دووەم باسی گیان (روح) دەکا. ئەوەش تایبەتە بە دینی کریستیان. و مەبەستی گیانی پیرۆزە. دواتر باسی ئەوە دەکا کە تەنیا ئێوە دەیناسن چونکە بینیوتانە و لەگەڵتان دابووە. لە کۆتایی باسی خۆی دەکات، کە لەگەڵیان دەمێنێتەوە و بە هەتیوی بەجێیان ناهێڵێ. کە سەرتاسەری هەرسی پەرەگرافەکە گوزارە لە کریست خۆی دەکا. وەک گیانی پیرۆز و ڕاستی دەگەڕیتەوە و پارێزگاری لە قوتابیان و دینداران دەکا.

---

501 السقار، الدكتور منقذ. هل بشر الكتاب المقدس بمحمد

دەقی دووەم

پەیمانی نوێ – ئینجیلی یۆحەنا ١٤: ٢٦

(٢٦) بەڵام پارێزەرەکە (یارمەتیدەرەکە)، گیانی پیرۆز، ئەوەی باوک بەناوی منەوە دەینێرێت. ئەو هەموو شتێکتان فێردەکا. هەموو ئەو شتانەی من پێم گوتوون، بیرتان دەخاتەوە.

لەو پەرەگرافە بە روونی دەڵێ (پارێزەرەکە گیانی پیرۆز)ە. کە باوک دەینێرێ. بەو چمکەش ڕوونە کە ئەو شتانەیان بەبیر دێنێتەوە، کە ئێستا ئەو خۆی فێری کردوون و بەردەوامی بە پەیامەکەی دەدا. هەم گیانی پیرۆز و هەم پەیامی یەسو ناتوانن پەیامی پەیامبەری ئیسلام بن. چونکە پەیامەکان لە بنەڕەتدا جیاوازن و گیانی پیرۆز لە ئیسلام دا نییە. تەنانەت دینی ئیسلام گیانی پیرۆز کە لە سیانەی (ثالوث) کریستیانەکان دێ ڕەت دەکاتەوە. و تایبەتە بە یەسو و دینی کریستیانی. (دواتر باسی دەکرێ)

دەقی سێیەم

پەیمانی نوێ – ئینجیلی یۆحەنا ١٥: ٢٦

(٢٦) جا کاتێ پارێزەرەکە (یارمەتیدەرەکە) دێ، ئەوەی لەلای باوکەوە بۆتانی دەنێرم. کە گیانی ڕاستییە. لە باوکەوە هەڵدەقوڵێ. ئەو شایەتیم بۆ دەدا. ئێوەش شایەتی بۆ دەدەن. چونکە لەسەرەتاوە لەگەڵ منن.

لەو پەرەگرافە پارێزەرەکە لەلای باوکەوە دێ، و گیانی ڕاستییە (پیرۆزە)، و لە باوکەوە هەڵدەقوڵێ. دیارە مەبەست کوڕی باوکە، بۆیە لێی هەڵدەقوڵێ. دەبینین گەواهیدەرەکانیش

هەر قوتابیەکانی یەسو خۆینی. چونکە لەسەرەتاوە ئەوان لەگەڵیدا بووین. ناکرێ لە کریست زیاتر کەسێکی تر بێ.

دەقی چوارەم

پەیمانی نوێ – ئینجیلی یۆحەنا ١٦: ٧

(٧) بەڵام ڕاستیتان پێدەڵێم. بۆ ئێوە باشترە من بڕۆم. چونکە ئەگەر من نەڕۆم، پارێزەرەکەتان (یارمەتیدەرەکەتان) بۆ نایەت. بەڵام ئەگەر بڕۆم بۆتان دەنێرم.

ئەو پەرەگرافە زیاتر بەستراوەتەوە بە گەڕانەوەی کریست بۆ لای باوکی، تا گیانی پیرۆز بگەڕێتەوە. ئەگەر ئەو نەڕوا، ئەوە گیانی بپیرۆزیش نایێ، چونکە هەردووکیان لە یەک جەستەدان دوای مەرگ لەیەک جیا دەبنەوە و گیانی پیرۆز دەگەڕێتەوە لای قوتابی و پێرەوکاران، و چەستەش بوونی نامێنێ.

ئەوە ئەو چوار دەقەن ، بەپێی لێکدانەوەی موسوڵمانان، بنەڕەتن بۆ مشتومڕی، پێشبینی کردنی محمد لە ئینجیلی یۆحەنا. کە پێیان وایە دەبێ مەبەستی پەیامبەری ئیسلام بێ.

ئەو گەڕانەوەیە یان هاتنەوەیە  پێش وەخت یەسو پەیمانی بە قوتابیەکانی دابوو، کە کارەکانی دوای مردنی بەردەوام دەبێ و تەواویان دەکا. بەوەش کە باوکی (واتە خودا) گیانی پیرۆز دەنێرێ بۆ یارمەتی قوتابیانی.  بەپێی ئینجیلی یۆحەنا وەک بەرگریکارێک دێ بۆ پارێزگاری دژی تاوانەکانی شەیتان دەوەستێتەوە و مرۆڤایەتی ڕزگار دەکا.

بەپێی پەرتووکی (معجم اللاهوت الکتابی) ووشەی پاراکلیت کەلە ئینجیلی یۆحەنا هاتووە، گوزارە وەک (ناو) لە کەس ناکا، بەلکو جێناوە و مەبەست ئەرکی سەرشانییەتی، کە بە ڕۆڵی پارێزەر، یارمەتیدەر یان ڕاوێژکار هەڵدەستێ. ئەو کەسەش یەسوی کریست خۆیەتی. کە

لەلای باوک دەبێتە پارێزەر و بە گیانی پیرۆز بەرگری لە باوەڕداران دەکا. کەچی موسوڵمانان لەو باوەڕەدان کە ووشەی پاراکلیتۆس نییە بەڵکوو پێریکلیتۆس یان پێریکلیتە. کە بە مانای سەنا و سوپاسگوزاری دێ (احمد). ئەوە کریستیانەکان گورپویانە بۆ پاراکلیتۆس. تا مانای بگۆڕی و گوزارە لەسەر پەیامبەری ئیسلام نەکا.[502]
هەولێ موسوڵمانان و مشتومڕیان، پشتڕاستکردنەوەی ئایەتی شەشی سورەتی الصف کە پێشتر ئاماژەی پێکراوە. بەڵام بە هیچ شێوەیەک ڕێی تێناچی. لەبەر ئەوەی ناوەرۆکی هەر چوار دەقەکان بە گۆڕینی ووشەیەک تێکدەچێ. چ لە ڕووی ماناوە، چ لەڕووی ئاکار و پەیوەندی پەیامبەرانی بەنی ئسرائیل لەگەڵ خودا. بۆیە دەربڕینەکە سەرلەبەری هەڵەیە:

یەکەم لەڕووی ڕووماڵی زانستیانە، پێویستی بە بەڵگە بنبەست هەیە. کە ئەو ووشەیە گۆڕاوە. بۆ ئەوەش دەبێ بە بەڵگە پیشانی بدەن کە گۆڕاوە و لە بنەڕەتدا شتێکیتر بووە.

دووەم لە هیچ کام لە سێ ئینجیلەکانی تر چ قانوونیەکان یان ئەپۆکریفەکان، بە هیچ شێوەیەک باسی ئەوە نەکراوە، تا بتوانین بەراوردێکیان لە نێوان بکەین. (تێبینی: بێجگە لەو چوار ئینجیلە، چەندین ئینجیلی تریش هەن بە ناوی ئەپۆکریف (شاراوە))

سێیەم ناکرێ یەسو باسی گەڕانەوەی پیامبەرێک بکا، کە سەرجەمی پەیامەکەی پێچەوانەی پەیامی یەسو و کریستیانی بێ.
بەم سێ خاڵە بۆمان دەردەکەوێ، کە گۆڕدران لە ئینجیل، جێگای باوەڕ نییە. و تەنیا وەک تاوانێکی بێ بنەما دراوەتە پاڵ کریستیانی.

[502] معجم اللاهوت الكتابي – مادة باراقليت

لەلایەکیتر ئەگەر لێکدانەوەیەکی ئەو چوار دەقە لەگەڵ سەرجەم ئینجیلی یۆحەنا بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو بۆچوونەی موسوڵمانان لە بنەڕەتدا بۆچوونێکی نالۆژیکییە. با بەراوردێکی نێوان، یەک ڕستەی ناو ئەو دەقانە. لەگەڵ دەقی یەکەمی ئینجیلی یۆحەنا، کە وەک دەستپێک بۆ ئینجیلەکەی خۆی بکەین. بزانین تا چەند لەگەڵ یەک دێنەوە:

ئەو  پەرەگرافانەی ناو چوار دەقەکەیە کە موسوڵمانان لێ بە گومانن.

پەیمانی نوێ – ئینجیلی یۆحەنا ١٥: ٢٦

(٢٦)    جا کاتێک یارمەتیدەرەکە دێت، ئەوەی لەلایەن باوکەوە بۆتانی دەنێرم، کە ڕۆحی ڕاستییە کە لە باوکەوە هەڵدەقوڵێت، ئەو شایەتیم بۆ دەدات .(٢٧) ئێوەش شایەتی دەدەن، چونکە لە سەرەتاوە لەگەڵ منن. کە گیانی ڕاستییە. لە باوکەوە هەڵدەقوڵێ (٢٢)

پەیمانی نوێ – ئینجیلی یۆحەنا ١: ١و ٤

(١) لە سەرەتادا ووشەکە هەبوو. ووشەکە لەلای خودا بوو، ووشەکە خودا خۆی بوو(٤) ووشەکە سەرچاوەی ژیان بوو. ژیانەکەش ڕووناکی مرۆڤ بوو. (٢٣)

تەنیا بەیەک سەرنجی لە نێوان ئەو دوو دەربڕینە. بۆمان دەردەکەوێ کە ژیانی ڕاستی لەلای خۆداوەیە و لە خوداوە هەڵدەقوڵێ. و ڕووناکی خودایە. ئەوە لە زۆر جێگایتر لە ئینجیلی یۆحەنا دووبارە دەبێتەوە. بۆیە ناکرێ لێکدانەوەیەکی تری بۆ بکرێ.
شتێکی گرنگتر هەیە سەبارەت بە گیانی پیرۆز. ئەویش لە قورئان، ئەوکەسانەی باسی (ثالث لە قورأن و ثالوث لە ئینجیل) بکەن بە کافر دادەنرێن:

سورة المائده ٥: ٧٣

لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ ثَالِثُ ثَلَاثَةٍ وَمَا مِنْ إِلَهٍ إِلَّا إِلَهٌ وَاحِدٌ وَإِنْ لَمْ يَنْتَهُوا عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ

ئەوانەی کفریان کرد، کە گوتیان خودا سێیەمینە لە سێیان. هیچ خودایەک بێجگە لە خودای تاک و تەنیا نییە. ئەگەر دەست لەو قسانە هەڵنەگرن، تووشی ئازارێکی بەسۆدەبن. (٢٤)

هەڵبەتە مەبەست لە سیانەی (ثالوث) کریستیانەکانە. کە دەڵێ ( باوک، کوڕ و گیانی پیرۆز)

سورة النساء ٤: ١٧١

يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لَا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ وَلَا تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ إِلَّا الْحَقَّ

ئەی ئەهلی کتاب زێدەڕۆیی لە دینەکەتان مەکەن. بێجگە لە ڕاستی دەربارەی خودا مەبێژن (٢٥)

ئەو دوو ئایەتە، ڕاشکاوانە پەیرەوکارانی دینی کریستیانی بە کافر ناو دەبەن. لە سورەتی المائده، قورئان ئەو کەسانەی (ثالوث) دەکەن بە کافر دادەنێ. سیانەش بریتییە لە (باوک، کوڕ و گیانی پیرۆز)، لە هەر چوار دەقەکانی ئینجیلی یۆحەنا باسی گەڕانەوەی گیانی پیرۆز یان گیانی ڕاستی دەکا. سەرەڕای ئەوەی کریستیانەکان بەتایبەتی ئینجیلی یۆحەنا یەسو بە خودا دادەنێ (ووشەکە خودا بوو). بۆیە لە قورئان بە ڕاشکاوی دەڵێ (لَا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ) زێدەڕۆیی لە دینتان مەکەن. با ئەوەشمان لەبیر نەچی گۆتەی سیانەی (باوک، کوڕ و گیانی پیرۆز) یەکەمین جار لەلایەن پاولۆس، لە نامەیەکی بۆ خەڵکی کۆرۆنتۆس بەکارهاتووە.

پرسیارەکە لەوە دایە بۆچی دینێک دینێکیتر بە کفر دابنێ و لە سەرتاسەری چوار ئینجیل و ٢٣ نامەی نێردەکانی، و زیاتر لە ٢٠ ئینجیلی ئەپۆکریف، تەنیا یەک ووشە ئەوەندە گرنگبێ، و بتوانێ سەرتاپای دینێکی بێ تۆمەتبار بکا؟

بێگومان دیارە مەبەستی لەو ووشەیە، تەنیا پشتڕاستکردنەوەی ئایەتی شەشەمی سورەتی الصف. بە دروستکردنی ئەو گومانە دەیانەوێ بیسەلمێنن کە ئەوەی لە قورئان هاتووە، پێشوەخت لە لەوحی مەحفوز نووسراوە. ئەوەش گومانێکی بێ بەڵگە و بەبێ لێکدانەوەیەکی لۆژیکانەیە کە ناتوانێ جێگای باوەڕ بێ. لەبەر ئەوەی بە تەنیا ڕووماڵکردنی ئینجیلی یۆحەنا هیچ لە شتەکە ناگۆڕێ. بەڵکوو دەبێ سەرجەم ئینجیلەکانی تر و نامەکانیش، بەتایبەتی نامەکانی پاولۆس بە هەند وەربگیرێن. نامەکانی پاولۆس گرنگترین سەرچاوەی دینی کریستیانین. نەک بە وەرگێڕانێکی هەڵە لە ووشەی (پاراکلیتۆس)ی یۆنانی. بە پێچەوانەوە دەبێ لێکدانەوەیەکی سەرجەم پرۆسەی ژیان و کردەوەکانی یەسوو، لە ناو ئینجیل و دۆکومێنتە مێژووییەکانی سەردەمی خۆی وەک سەرچاوەی قووڵبوونەوە، بە مێژوونووسانی ئەو سەردەمە. وەک ئوسێبوسی قەیسەری(٢٦٣ – ٣٣٩ ز) (Eusibus of Caesarea) کە خاوەنی پەرتووکی (مێژووی کریستیانیی) ( Church History OR Ecclesiastical History) و مەزنترین پەرتووکە سەبارەت بە دینی کریستایانی، و وەک زەمینەیەکی مێژوویی بۆ دینی کریستیانی دەبینرێ. ئەوەش بە هۆی ئەوەی ڕەخنەگرێکی مەزن بوو بەرامبەر ئینجیل. هەمیشە هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی بە هەند وەردەگیرا. هەر ئەوەش وایکرد، دوای کۆڕی نیقیا، ناچاربکرێ دەستبەرداری هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی بێ، و بەر لێبووردنی قیسەر کۆنستەنتینی یەکەم کەوت. ئەوەی جێگای سەرنجە، ئوسێبوس متمانەی لەسەر ووتە و نووسینەکانی پاپیاس (Papias) (٦٠ – ١٣٠ ز) دەکرد کە قەشەیەک بوو ئاشنایی، لەگەڵ هەردوو مەتی و مەرقص هەبوو. پێنج پەرتووکی لەسەر ئینجیلەکان نووسیون، بەڵام بەداخەوە ئێمە تەنیا لە ڕێگای ئوسیبوسەوە دەیناسین و پەرتووکەکانی گوم بووین.[503]

[503] Encyclopedia Britannica

بە پشت بەستن بە لەلایەک مێژووی کریستیانی و ڕەخنەو ناکۆکییەکانی ناوەوەی. کە گشتی بە تۆمارکراوی ماون وەک مێژوویێکی زیندوو. لەلایەکیتر جیاوازی پەیامی یەسو ، بەرامبەر خودا و پاریزگاری گەلی ئیسرائیل. ناتوانرێ ئەو تۆمەتەی موسوڵمانان ڕاستبێ، چونکە بە هەر شێوەیەکبێ نالۆژیکییە. ئەو نالۆژیکییەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار:

یەکەم: یەسو بەهیچ شێوەیەک ناکرێ پێشبینی پەیامبەرێک بکا. کە لە دەرەوەی ڕۆلی پەیامبەرانی بنی ئیسرائیل بێ. هیچ لەوان بە پاڕانەوە، سەنا یان سوپاسکردن لەگەڵ خودا قسەیان نەکردووە، بەڵکوو هەمیشە وەک پارێزەری مرۆڤ و ڕاوێژکاری خودابووین. (ئەوەش لە خاڵی یەکەمی ئەو باسە بە نموونە خراوەتە ڕوو).

دووەم: هەر چوار پەرەگرافەکانی ئینجیلی یۆحەنا باسی (گیانی پیرۆز) دەکەن. تا دەگاتە یەسو دەڵێ دەگەڕێمەوە لاتان و بە هەتیوی بەجێتان نایەڵم. کەواتە  بە تەنیا گۆڕینی یەک ووشە ناکۆکی لە سەرتاسەری دەربڕینەکە دروست دەبێ. یان دەبێ پاراکلیتۆس (پارێزەر) بێ کە لەگەڵ پەیامبەرانی ئیسرائیلی. و سەرجەمی هەر چوار پەرەگرافەکە باش دەگونجێ. یان دەبێ سەرجەمی پەرگرافەکان گۆرابن تا مانای نوێ وەربگرێ. بۆ ئەوەش پێویستی هەم بە بەڵگەی مێژوویە، بە تایبەتی دەقی بنەڕەت ئەگەر هەبێ. و لەگەڵ هەڵوێست و کەسایەتی و پەیوەندی پەیامبەرانی بەنی ئیسرائیل ناگونجێ. بۆیە جێگای باوەڕ نییە.

سەرەڕای ئەوە، یەسو دەڵێ تا من نەڕۆم ئەو ناتوانێ بێ. باشە بۆ شەش سەد ساڵ چاوەڕوانی کرد تا پەیامبەرێک بێ، لەگەڵ سەرجەمی پەیامی یەسو جیاوازبێ؟ ئەوەش پێچەوانەی گشت بۆچوونێکی لۆژیکییە.

له کۆتاییدا ڕاستی دروستکردنی، ئەو تۆمەتە بۆ کریستیانەکان، لەلایەن ڕاڤەکارانی موسوڵمان. وەک ئەوە وایە بە بەردێک سێ چۆلەکە بکوژن.

یەکەم: خۆ دەربازکردن لە نەسرانی بوونیان. کە تا ئێستاش وەک سەرچاوەو بنەڕەتی دینی ئیسلام دادەنرێن. بە تایبەتی قورئانی مەککە. کە بەپێی لێکۆڵینەوە وەرگێڕانی ئینجیلی عیبرانییە. وەک حاشاکردنێک. بەڵگەی ئەوەش سورەتی الصف ٦١: ٦ کە پێشتر باسکراوە، سورەتێکی مەدینەیە و مەبەستیش لەوە نووسەری قورئان بۆ خۆ دەبازکردنی لە نەسرانی بوون. بەلکوو خۆ ناساندن وەک پەرە پێدەری پەیامی یەسووی کریست. کە ئەوەتە کریستیانەکان و پەیامبەریان پێشبینی هاتنی پەیامبەری ئیسلامیان کردووە. بۆیە ئێمە و نەسارییەکانی دوو ڕووی یەک دراو نین. بەلکوو محمد بەر لە شەش سەد سال پێشتر پێشبینیکراوە. بۆیە لەگەڵ نەساریەکان تەنیا وەک دینێکی ئیبراهیمین و بەس.

دووەم: بەو تۆمەتە کریستیانەکان،تاوانبار دەکرێن، بەوەی دەستکاری ئینجیلیان کردووە، بۆیە دەبێ بە گومڕا دابنرێن. و زێدەڕۆییان لە دینەکەیان کردووە. تەنانەت قسەی یەسوشیان گۆڕیووە.

سێیەم: ناساندنی قورئان وەک پەرتووکێکی ئاسمانی. کە ئەوەتا ئایەتێکی قورئان، چۆن لە لەوحی مەحفوز نووسرابوو، ئاوا بەر لە شەش سەد ساڵ لەمەوبەر، بە دەقی ئینجیل پشتڕاست کراوەتەوە. و پیرۆزییەکەی شتێکی ئاسمانییە.

# نەبی ئومی، و خوێندەواری

سورة الجمعة ٦٢: ٢

هُوَ ٱلَّذِي بَعَثَ فِي ٱلۡأُمِّيِّـۧنَ رَسُولٗا مِّنۡهُمۡ يَتۡلُواْ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمۡ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَإِن كَانُواْ مِن قَبۡلُ لَفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ (٢)

هەر ئەویشە، لە گەلەکان پەیامبەرێکی لە خۆیان بۆ ناردن، کە ئایەتەکانی ئەویان بۆ بخوێنێتەوە، و فێرە نووسین لەکارزانیان بکا. هەر چەندئەوان لە پێشتر، لەو پەڕی گومڕایی دا دەژیان. (٢)

سەبارەت بە دیاردەکانی کەسایەتی محمد، زۆر کێشە هەن، کە دەکرێ هەڵوێستەیان لەسەر بکرێ. و دەرفەتی ئەوەش وەربگیرێ، تا لە ڕێگەی بەدواداچووندا هەوڵی ساخکردنەوەیان بدرێ. تا بەلای کەمی، بتوانرێ ناوەرۆکێکی لۆژیکی بداتە کەسایەتییەکی مێژوویی. کە ١٤٠٠ ساڵە مرۆڤایەتی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە.

یەک لەو کێشانەی کە دەکرێ، تۆژینەوەی لەسەر بکرێ، کێشەی پەروەردەبوون و خوێنەدەواریەتی. ئەو خاڵە کلیلی دۆزینەوەی کۆمەڵێک کێشەیە. کە بە درێژایی مێژووی ئیسلام مشتومڕی لەسەربووە. لە ڕێبازی فەرمی ئیسلام، هەر لە بلندگۆی مزگەوتەکان، تا دەگاتە دینداراني سادە. بەردەوام خەریکی گووتنەوەی ئەو شتانەن کە بیستوویانن و بەبێ بیرکرنەوە و تێڕامانێکی ڕەخنەگرانە، دووبارەی دەکەنەوە. وەک پاکێچێکی پارێزراو نەتوانراوە لێی دەربچن. بەتایبەتی شێوەی پەیگیریکردنیان لەسەر نەخوێندەواری محمد. و هێنانەوەی بەڵگە بە ئایەتی قورئان، وەک شتێکی بەڵگە نەوێست بەرگری لە نەخوێندەواری کراوە.

سەرەڕای ئەوەی لە ناو هەناوی ئیسلام خۆی و پەرتووکەکانی ژیننامە و میژووییان دەتوانرێ زۆر سەرەداو بدۆزرێتەوە، کە کێشەکە بە ئاڕاستەیەکیتر و تێگەیشتنێکیتر بگەیێنێ.

لەو باسەدا، بەدواداچوونێکی چەند ڕەهەندی بۆ کێشەی، ئایا محمد خوێندەوار بووە یان، دەکرێ. و لە کۆتاییدا هەوڵدەدرێ بە شرۆڤەیەک بگاتە دەرئەنجامێکی لۆژیک.

دیالۆگی جوبرائیل و محمد تا چەند ڕاستە؟

پرسی نەخوێندەواریی نەبی ئیسلام، هەر لە سەرەتای پرۆسەی نووسینی ژیاننامە و ڕاڤەکاری بەردەوام دووبارەکراوەتەوە. ئەو دووبارە کردنەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سورەتی العلق ٦٩: ١ و درستکردنی سیناریوی نێوان جوبرائیل[504] و محمد.

اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ (١) هتد

ئەو سیناریۆیەش گوایە لە نێوان جوبرِائیل و محمد ڕوویداوە. جوبرِائیل لەیەکەم دەرکەوتنی بۆ بۆ نەبی ئیسلام، گوایە فەرموویەتی (اقرأ)!! بەڵام محمد نەبی ئیسلام وەڵامی داوەتەوە (ما أنا بقارئ). دوای سێ جار دووبارە کردنەوە، ئەسا جوبرائیل ئایەتی یەکەمی سوورەتی (العلق)ی خوێندووە و محمدیش لە دوای گوتوویەتییەوە.

ئەو بۆچوون و گێڕانەوانە چ لەدەمی عائیشە یان هەرکەسێکیتر. تا دەگاتە ڕاڤەکارانی دواتر، لەوە زیاتر نارِۆن. بەڵکوو سەدان چیرۆکیان بۆ دروسکردوون. کە وەک بازنەیەکی داخراو،

504 هەرچەندە بە درێژایی، قۆناخی مەککە لە هیچ سورەتێکی قورئان ناوی جوبرِائیل نەهاتووە، بەڵکووگیانی پیرۆز (روح القدس) بەکار هاتووە.

بەردەوام بەدەوری خۆیان دا دووبارە دەسوورێنەوە. و هەرگیز بەدواداچوون و بەراوردێکی بنبڕ، لە ژێر چاوێلکەی ڕەخنە، لەگەڵ پەرتووکە دینییەکانی تری بۆ نەکراوە. بۆیە لە جێگای خۆیەتی .لەم باسەدا بە دواداچوونێکی ڕەخنەگرانە لەسەر کەسایەتی و ئاستی خوێندەواری محمد بکەین. بۆ ئەوەش دەبێ، لە چەند ڕەهەندی جیاواز لێی ووردبینەوە. تا دەگەینە وەڵامێکی لۆژیکی ڕاییکەر.

ئایا محمد نەخوێندەواربوو؟ هەمیشە بە بەردەوامی بۆ گەنگەشە لەسەر ئەوەی کە قورئان پەرتووکی خودایە دەڵێن: کاتی نەخوێندەوارێک ئەو ئایەت و سوورەتانە بڵێ، نابێ کاری مرۆڤ بێ، بەڵکوو هێزێکی باڵاترە. تەنانەت ئەگەر ڕۆژێک بانگخوازێک پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی دربڕیێ. کە محمد خوێندەواربووە. ئەوا بە هەڕەشە و سووکایەتی پێکردن پاشگەزکراوەتەوە. و ئایەتی یەکەمی سوورەتی العلق، وەک وەڵامێکی بنبڕ و بەڵگە نەوێست، بەرامبەر دەمکوت دەکەن.

یەکەم: لە قورئان دا، بە هیچ شێوەیەک ئاماژە نە بە دیالۆگی جوبرائیل و محمد دەکا. و نە باسی نەخوێندەواریشی دەکا. بەڵکوو هەڵەی تێگەیشتنە. و شتێکە ڕاڤەکاران و سیرە نووسانی ئیسلام هەڵیان بەستووە. و تا ئاستێکی وا کە جێگای باوەڕبێ. و بە درێژایی مێژوو توانیویانە، وەک پەرجووێکی کاریگەر بەکاری بێنن. و ڕاستی ئەو ئایەتەش پەنهان بدەن.

دووەم: ووشەی (إقرأ) جاری یەکەم نییە، بۆ پەیامبەران هاتبێ. ئەگەر سەیرێکی (ئیشایا) پەرتووکی ژمارە ٢٣ لە پەیمانی کۆن بکەین، بە ئاسانی بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەو پینە و پەڕۆیەی ڕاڤەکارانی ئیسلام لە کوێوە هاتووە. نەسارییەکان کە بەشی زۆری هۆزی قوڕیشیان پێک دێنا. و محمد خۆشی، لە هەردوو پشتی دایک و باوکەوە نەساری بوو. باوەڕیان بە سەرجەمی پەرتووکەکانی ناو تەناخ هەبوو. و

پەرتووکی ئیشایاش یەک لەو پەرتووکانەیە. بۆیە ناکرێ لەو سیناریۆیانە بێ ئاگا بووبن. و بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو ئایەتەش، هەر لەوێ وەریانگرتبێ.

پەیمانی کۆن – ئیشایا ٢٩: ١١- ١٢

> (١١) جا سەرجەم ئەم پەیامەی بە یەک بینین، ئاشکراکراوە. تەنیا بۆ ئێوە، وەک ووشەکانی ناو تۆمارێکی مۆرکراوی لێهاتووە. ئەوەی دەیدەنە دەست کەسێکی خوێندەوار و دەڵێن: تکایە ئەمە بخوێنەوە. ئەویش دەڵێ ناتوانم، چونکە مۆرکراوە. (١٢) یان ئەگەر تۆمارەکە بدەنە کەسێکی نەخوێندەوار و دەڵێن: تکایە ئەمە بخوێنەوە. ئەویش دەڵێ: خوێندەواریم نییە.

هەروەها لە پەرەگرافێکیتر، لە دەقی ٤٠ بەڕاستەوخۆ ئەوە دووبارە دەکاتەوە

> پەیمانی کۆن - ئیشایا ٤٠: ٦
>
> دەنگێک دەڵێ: بانگەواز بدە.
>
> دەنگێکیتر وەڵام دەداتەوە: بانگەوازی چی بدەم.

ئەو دوو پەرەگرافەی پەرتووکی ئیشایا بۆمان دەردەخەن، کە یەکەم پرسی نەخوێندەواری لە ناو نەبییەکانی دینە ئیبراهیمیەکان، شتێکی نوێ نییە، و دیاردەیەکی کۆنە. هەروەها کارێکی ئاسانیشە تا وەک پەڕجوو، بۆ بەرگریکردن لە دین و ئاڕاستەکەی بەکار بێ. بۆ نەبی ئیسلامیش دەکرێتە بیرۆکە دارشتنی نەخوێندەواری و دیالۆگیک بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئایەتەکە. بۆیە دەبێ بە شێوەیەکیتر لەم ئایەتە قووڵبینەوە، تا بتوانین مانای ڕاستی بدۆزینەوە.

لێکدانەوەیەک بۆ ووشەی إقرأ سورەتی علق

بەر لەوەی بچینە سەر باسی خوێندەواری محمد. با لێکدانەویەک بۆ هەرسێ ئایەتی سەرەتای سورەتی علق بکەین. و بزانین مانای چی دەدا.

یەکەم ووشەی (إقرأ) لەسەرەتای سوورەتی (العلق)، هەرچەندە لە عەرەبی بخوێنەوە لێکدراوەتەوە. لە بنەڕەتدا ووشەیەکی عیبرییە و بە مانای (ئامۆژگاری، ئاگادارکردنەوە یان بانگەواز) دێ. کەواتە لێکدانەوەی بە (بخوێنەوە) هەڵەیە. و مانای ئایەتەکە لە بنەڕەتەوە دەگۆڕێ. و بە درێژایی مێژووی هەزار ساڵەی ئیسلام، هەڵەی لە خۆی گەورەتر لەگەڵ خۆی دێنێ. و مێژووێکی نا دروست بۆ پەیامبەری ئیسلام دروست دەکا. کە هیچ پاکانەیەک هەڵناگرێ. و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی مێژووێکی ساختە کە ناتوانرێ، تا سەر پاکانەی بۆ بکرێ. ووشەکە بە عەرەبی بە مانای (ناد، أوعظ ، انذر یان ادع) دێ.[505]

با بەراوردێک بۆ سووڕەتی العلق،لە نێوان لێکدانەوەی باوی موسوڵمانان و لیکدانەوەی لەسەر بنچینەی ووشە عیبرییەکە بکەین. ئەوسا بزانین کامیان لۆژیکترە:

لێکدانەوەی باوی موسوڵمانان:

(١) بخوێنە بەناوی پەروەردگرت کە هەموو شتێک دەئەفرێنێ. (٢) مرۆڤی لە خانەیەکی مەیوو دروستکردووە (٣) بخوێنە، کە پەروەردگاری تۆ بەخشەندەترە.

لێکدانەوەی لەسەر بنچینەی ووشە عیبرییەکە و ڕۆژهەڵاتناسان:

---

[505] شاهین، د. عبدالصبور. تاریخ القرآن ص ٩٣

(١) بانگەواز بدە، بەناوی پەروەردگارت. کە هەموو شتێکی ئەفراندووە (٢) مرۆڤی لە خانەی مەیوو دروستکردووە (٣) بانگەواز بدە، کە پەروەردگاری تۆ بەخشندەترە.

بە خوێندنەوە دووەم، ئایەتەکان ئاڕاستەیەکی تر، و جیاواز لە لێکدانەوە باوەکەی جیهانی ئیسلامی وەردەگرێ. هەم بە پیرتر دەبی، هەم مانایەکی لۆژیکی پێدەبەخشێ. [506] لەبەر ئەوەی ئەگەر جوبرائیل هاتبێتە لای محمد نابی خەریکی فێرکردنی بووبی. بە پێچەوانەوە فەرمانی پێداوە، برۆ دەست بە ناوی خودا بانگەوازبدە. و خەڵکی ئاگادار کەوە و ئامۆژگارییان بکە. جوبرائیل جاری یەکەمی نییە دابەزێ و پەیامی خودا بە نەبیەکانی تری پێش محمد بگەییێنێ. دەبێ ئەوەندە لە کارەکەی شارەزابێ. و بزانێ چی دەکا و چی دەڵێ و لەکام بارودۆخدا دیڵێ.

پاشخانی کۆمەڵایەتی محمد

بۆ تێگەیشتن لە هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و هەڵومەرجە هەنووکەییەکانی هەر کەسێک، بەر لە هەموو شتێک دەبێ ئاشنایەتی لەگەڵ پاشخانی ئەو دیاردەیە دروست بکەین. بەوەش دەتوانین ئەو دیمەنە بئەفرێنین، کە بتوانێ پەردە لەسەر چەند لایەنی شاراوە, و بە گومانەکانی دیاردەکە هەڵماڵێ. و تێیدا دەتوانرێ هەڵومەرج و شێوەی بیرکردنەوە، و ئاستی کەسایەتی ئاشکرا بێ.
بۆ توانای زانیاری و ئاستی خوێندەواری محمد. و بیروباوەڕ و بیرکردنەوەی، بەر لە هەموو شتێک دەبێ چاوێک بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و پاشخانی مێژوویی دا

[506] هەمان سەرچاوە

بخشێنین. ئەوەش گۆڕەپانێکی فراوانمان دەخاتە بەردەم، تا بتوانین ئەو فۆرمە وەدیبینین، تا وەڵامی گونجاومان بداتێ. بۆ ئەوەی باشتر لە کەسایەتی و ئاستی زانیاری و خوێندەواری تێبگەین. بەوەش دەرفەتێک بۆ لێکدانەوەیەکی لۆژیکانە دەڕەخسێنێ. کە پەردە لەسەر ئاستی کەسایەتی و خوێندەواری محمد هەڵدەدەنەوە .

بنەماڵەی محمد

هاشم باوکی عبدالمطلبی باپیرەی محمد، پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ قەیسەری ڕۆم دا هەبوو. پلەوپایە و ڕێزی ئەوەندە بەرزبوو، کاتی سەردانی شامی دەکرد. بەتایبەتی سەردانی قەسەری دەکرد. کاروانەکانی قوڕەیش بە شێوەیەکی بەردەوام، بەتایبەتی لە وەرزی هاوین هاتوچۆی شامیان دەکرد. شامیش یەک لە سەرزەمینەکانی ئیمپراتۆری ڕۆمانی ڕۆژهەڵات بوو. تا هەندێک لە کاروانەکانی مەککە دەگەیشتنە ئەنقەرە ئەو کاتە ناوی (ئێنگورو) بووە. [507]

الأمام محمد بن یوسف الصالحی الشامی چیرۆکێک دەگێڕێتەوە، کە چۆن هاشم، سەفەری شامی کردووە و لەوێ توانیوویە قەیسەری ڕۆم ببینێ. ئەنجامی پەیوەندی باش و پتەوی نێوانیان، توانیویە نووسراوێک لە قەیسەر وەربگرێ. کە هەر یەک لەوان، واتە قوڕەیشی بێتە شام پارێزراوە. ئیتر نەجیبزادە و بازرگانانی خێلی قوڕەیش،

---

[507] عبدالکریم، خلیل (١٩٩٧) قریش من قبیلة الی الدولة المرکزیة ص ٦٥

به سەفەری بازرگانی لە نێوان مەککە و شام بێ پەروا هاتوچۆیان دەکرد. ئەوەش گەورەترین سوودی بە بازرگانی و پێشکەوتنی مەککە کرد. [508]

دوای مردنی هاشم، عبدالمطلب وەک کوڕی گەورە، دەستەڵاتی وەرگرت. عبدالمطلب بێجگە لەوە، مامۆستا و سەرکردەی حەنیفیەکانیش بوو. سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوە، ئاماژە بەوە دەکەن کە عبدالمطلب نەسرانی ئەبیونی بووە. ئەوەش لە ئاکار و ڕەوشت و ڕەنماییەکانی و ڕاسپێری بۆ کوڕەکانی بە ڕوونی، نەسرانی عبدالمطلب دەسەلمێنن. [509]
بەتایبەتی عبدالمطلب، ئەو پەیوەندییە توند و تۆڵەی بازرگانی و دۆستایەتی لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتی ڕۆم بەهێزتر کردبوو. ئەوەش توانایەکی لەڕادەبەدەری دابووە مەککە بەگشتی. و بنەماڵەی هاشم بە تایبەتی. کە عبدالمطلب سەرکردە مامۆستا بوو، لە مەککە. [510]

محمد و پەیوەندی لەگەڵ حەنیفیەکان

زاراوەی حەنیفی وەک چمکێکی یەکتاپەرستی لە دوورگەی عەرەبی مێژوویەکی کۆنی هەیە. ڕەوتی حەنیفی دینێکی دیاریکراو نییە. بەڵکوو ڕەوتێکە هەموو ئەو کەسانە

---

508 الأمام محمد بن يوسف الصالحى الشامى. سبل الهدى و الرشاد فى سيرة خير العباد. الجزء الأول ل ٣١٦-٣١٧

509 عبدالكريم، خليل (١٩٩٧) قريش من قبيلة الى الدولة المركزية ص ١٣٣، سيره ابن هشام ١: ٤٣ - ٤٤، السيره الحلبيه ١: ٤

510 عبدالكريم، خليل (١٩٩٧) قريش من قبيلة الى الدولة المركزية ص ٧٠

دەگرێتەوە، کە باوەڕیان بە یەکتاپەرستی لەڕێگای ئیبراهیمەوە هەیە. جا گرنگ نییە سەر بەکام دین بن یان نا. بەدیارکەوتن و بڵاوبوونەوەی زۆر لە ئیسلام کۆنترە. بەپێی بەڵگەی مێژوویی دەبێ لە سەدەی چوارەمی زایینی باوەڕی حەنیفی لە دوورگەی عەرەبی بەگشتی و بە تایبەتی لە مەککە، لە ناو چینی خوێندەوار و دەوڵەمەندەکان بەدەرکەوتبێ. بەڵگەش بۆ بوونی حەنیفیەت لە بنەماڵەی محمد و قورەیش، کعب بن لؤی بن غالب ( کە باپیرە گەورەی محمد بووە) یەک لە حەنیفیەکان بووە. [511]

عبدالمطلب بەو دەستەڵاتە مەزنەی لە بواری بازرگانی و وەک گەورە پیاوی مەککە. لە بنەماڵەیەکی نەسارێ بووە. و هەمیش سەرکردەی حەنەفیەکان بوو.کە بەشێوەیەکی سیستەماتیک، گشت ئاکار و هامۆشۆ ڕیتواله پیرۆزەکانی نەسارێ و حەنیفی ئەنجام دەدان. هەڵبەتە نەساریی بوونی عبدالمطلب لە ڕێگای ماڵە خاڵەکانیەوە بوو. کە لە هۆزی بەنی نەجاربوون، لە یەترب و نەسارێ بوون. سەرەڕای ئەوە بەنی نەجارِ هەم هاوسێ و هەم پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ یەهودییەکانی یەثرب هەبوو. ئەوەش وایکرد، کە عبدالمطلب ئاشنایەتی بە دەنگۆی نەبی چاوەڕوانکراو ( نبی المنتظر) هەبێ. کە لە ناو یەهودی و نەسرانییەکان باسێکی ئاشنابووە. سەرەڕای ئەوە محمد خۆی لە مەککە، بێجگە لەوەی خۆی لە هەردوو لای دایک و باوک نەساری بوو.[512] پەیوەندیەکی تایبەتی و توند و تۆڵی، هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ قەشە وەرەقە کوڕی نۆفل هەبوو. قەشە وەرەقە سەرۆکی کەنیسەی نەسارێ ئەبیۆنی بوو لە مەککە. و هەر لە ڕێگای ئەویشەوە، توانێ لەگەڵ ئینجیلی مەتی عیبرانی، کە نەسارێیەکانباوەڕیان پێبوو. بە ناوەرۆکی دین و یەکتاپەرستی ئاشنابێ.

511 سالم، د. السید عبدالعزیز. دراسات فی تاریخ العرب قبل الاسلام ل ٤٣٨
512 المنیر، محمد حسان، یوم قبل وفاة محمد ص ٦٩

محمد هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ باپیرەی عبدالمطلب. و دواتر لەگەڵ ئەبی طالب دەچووە ئەشکەوتی حەڕا. و سەرتاسەری مانگی ڕەمەزان دەمایەوە. ئەوەش بۆمان دەسەلمێنێ کە محمد پەیڕەوکارێکی سەرسەختی باپیرەی بووە. و هەمان دید و بۆچوونی سەبارەت بە یەکتاپەرستی هەبوو. هەر لە ئەشکەوتی حەڕا لەگەڵ قەشە وەرەقە کوڕی نۆفل و أمية بن أبي صلت و چەندین کەسی تری حەنەفی و نەساڕی خوێندەوار بە درێژایی ماوەی خەڵوەتی ڕەمەزان ماوەتەوە.[513] کۆتاییدا مرۆڤێک لە ژینگەیەکی وا خوێندەوار دا ژیابێ. و لە خێزانێکی خانەدان و چالاک لە بواری بازرگانی، و سیاسی دا بووبێ. و دواتر خۆی بوویێتە بازرگان و چەندین جار سەفەری شامی کردبێ، ناکرێ هەروا بە نەخوێندەواری مابێتەوە. و لە هەردوو دینی یەهودی و نەساڕی بێ ئاگا بووبێ.

## خوێندەواری لە دوورگەی عەرەبی

دین و نەریتەکانی دوورگەی عەرەبی، بە دڵنیاییەوە کاریگەرییان لەسەر محمد و یاوەرانی هەبوو. محمد ئەندامێکی بنەماڵەیەکی دیاری خێڵی قورەیش بوو. کە ئەوان سەرپەرشتی و خزمەتکردنی کەعبەیان لە ئەستۆ بوو.[514]

ئێمە ئەوە دەزانین کە خوێندەواری یان نووسین بە خەتی ئارامی، لە سەدەی سێیەمی زایینی لە ئەنبارە وە، بە ڕێگای حیرە دا گەیشتووتە دوورگەی عەرەبی. یەک لەو شارانە مەککە بووە. ئەو کاتەی محمد لەدایک بووە، تەمەنی نووسین و خوێندن لە مەککە سێ سەد سەد ساڵ زیاتر بووە. بەتایبەتی لە ماڵە خانەدانەکان. بەپێی بەلگە،

---

[513] خلیل عبدالکریم (١٩٩٠) الجذور التاریخیه للشریعه الاسلامیه. سینا للنشر

[514] Världsreligionernas födelse

له مەککە و بەتایبەتی لەناو بنەماڵە دەوڵەمەند و پایە بەرزەکان، پێشوازییەکی باش لە خوێندن و نووسین کراوە. بێگومان بنەماڵەی هاشم کە سەردار و دەستڕۆیشتووی مەککە بووبن، و لەو پایە بەرزانە بووبن، دەبێ یەک لەو بنەماڵانە بووبن، کە بە گەرمی پێشوازییان لە خوێندەواری کردبێ.

ئەگەر لەژینگەی لەدایکبوون و گەشەکردنی محمد وورددبینەوە، دەبینین سەرجەم ئەو باسانە پشتڕاست دەکەنەوە، کە محمد خوێندەوار بووە. چەندین کەسی هەرە نزیکی وەک أبی طالبی مامی و عەلی ئامۆزای کە نزیکترین کەس بووین لێی، خوێندەوار بووین وهەمیشە لەگەڵ محمد دابووین. [515]

بەو پێیەی محمد لە مەککە ژیاوە، و گەشەی کردووە. مەککەش وەک شارێکی سەرڕێگای کاروانی شام و یەمەن، تێکەڵاوی خەڵکی جۆراوجۆری فرەنەتەوەیی بووە. سەرەڕای ئەوەی لە بنەماڵەیەکی نەجیبزادە، و بازرگانیش بووە. سەرەڕای ئەوە لەگەڵ نووسین و خوێندنەوە پەیوەندیەکی زۆری هەبووە. ناکرێ شارەزایی یانزانینی لەسەر نووسین و خوێندن نەبووبێ. [516]

ئەوەش لە خۆیەوە بەڵگەیە بۆ ئەوەی بوونی خوێندەواری زیاتر لە دوو سەد ساڵ بەر لە محمد لە ناو خێلی قورەیش نلسراوبووە. بەتایبەتی بنەمالەی هاشم. کە دەڵێین دوو سەدە، دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ماوەی نێوان قصی بن کلاب ٤٠٠

---

[515] Blachere, Regis (1957) Introduction to the Quran

[516] شاهین، د. عبدالصبور. تاریخ القرآن ص ٩٧

-٤٨٠ ز و محمد ٥٧١ - ٦٣٢ز بووه. به لێکدانه‌وه‌ی خلیل عبدالکریم مێژووی نێوان قصی و محمد نزیکه‌ی ٢٠٠ ساڵ بووه. که‌واته خوێندنده‌واری و بیری یه‌کتا په‌رستی له ناو قوره‌یش، و له ناو بنه‌ماڵه‌ی محمد هه‌ر له‌وه ده‌مه‌وه هه‌بووه. خوێنده‌واریش کاریگه‌رییه‌کی بێ هاوتای هه‌بووه، بۆ گه‌یاندن و ئاگاداری له‌سه‌ر ڕێنمایی و په‌یڕه‌وی دینی، له ناو خه‌ڵک. حه‌نیفیه‌کانیش زۆر به په‌رۆشی خوێنده‌وارییه‌وه بوون. یه‌ک نموونه له‌وانه قصی، که خۆی خوێنده‌وار بووه و شیعریشی نووسیوه. بۆ نموونه ئه‌و شیعره‌ی سه‌باره‌ت به یه‌کتاپه‌رستی، دژی زید بن عمرو بن نوفل نووسیوه. که یه‌ک له بوتپه‌رسته‌کانی قوره‌یش بووه.

أربا واحدا أم الف رب

آدین إذا تقسمت الآمور

ترکت اللات و العزی جمیعا

کذلک یفعل الرجل البصیر [517]

هه‌ڵبه‌ته ئه‌و شیعره بووه هۆی وه‌ده‌رنانی له حه‌ره‌م. دوای ئه‌وه ته‌نیا شه‌وانه سه‌ری له حه‌ره‌م ده‌دا. له شوێنی لابه‌لا و دووره ده‌ستی مه‌ککه بۆ عه‌ره‌بان ده‌دوا که باوه‌ڕ به حه‌نیفیه‌ت بێنن و تۆبه بکه‌ن. و واز له بوتپه‌رستی بێنن. الله په‌روه‌ردیگاری ئه‌و خودایانه‌یه و بانگهێشی ئه‌وه‌ی ده‌کرد، ته‌نیا ئه‌و بپه‌رستن. قصی که‌سێکی هوشیار و خاوه‌ن زانیاری بوو. هه‌وڵی ده‌دا خه‌ڵکی کۆبکاته‌وه. هه‌میشه وه‌بیری ده‌هێنانه‌وه

---

517 الشهرستاني ابو الفتح (١٩٩٢) الملل و النحل. تحقیق الشیخ احمد فهمي ل ٣٣٢-٣٣٣

کە ڕێز لە مەزنی حرم بگرن. پێی دەگووتن کە نەبییەک بەڕێوەیە. دێت کۆتایی بە بوتپەرستی دێنێت. [518]

باس و خواس سەبارەت بە خوێندەواری محمد

ئەوەی ئەم باسە بەدواداچوونی بۆدەکات. پرسی خوێندەواری و نەخوێندەواری محمد پەیامبەری ئیسلامە. هەرچەندە خوێندەواری و نەخوێندەواری ئەو، هیچ لە هاوسەنگی پەیامەکەی بۆ موسوڵمانان ناگۆڕێ. بە پێچەوانەوە، هەڵەیەکی مێژوویی ڕاست دەکاتەوە. ئەو کارەش زیاتر خزمەت بە ئیسلام خۆی دەکات، کە ١٤٠٠ ساڵە هەر خەریکی پینە و پەڕۆن، بۆ پەنادانی هەڵەی تێگەیشتنیان.

ناکۆکی لە نێوان زانایانی دینی سەبارەت بە خوێندەواری و نەخوێندەواری محمد.

1. زۆربەی موسوڵمانان باوەڕیان وایە محمد هەرگیز نەیتوانیوە بخوێنێتەوە و بنووسێت
2. لە شعبی دەگێڕنەوە ووتوویەتی (مامات محمد حتی کتب) واتە محمد نەمرد هەتا نەینووسی. لێرەدا دەبێ لەماوەی پێغەمبەرایەتی فێری خوێندەواری بووبێ.
3. بەشی سێیەم بە پشتیوانی گێڕانەوەیەکی ابی کبشة السلولی، کە دەڵێ: محمد لاپەڕەیەکی بۆ عینیە بن حصن دەخوێندەوە و ماناکەشی پێ دەگوت. وە لە سەحیحی موسلم دیاردەکەوێ کە یەکسەر نووسیویەتی. [519]

---

[518] عبدالکریم، خلیل (١٩٩٧) قریش من قبیلة الی الدولة المرکزیة ص٢٣٠، الشهرستانی. الملل و النحل الجزء الثالث ص ٩٣

[519] شاهین، د. عبدالصبور. تاریخ القرآن ص ٩١

ئەگەر سەیرێکی ئەو بۆچوونانە بکەین، سێ گریمانەمان لە پێشە. و هەریەکێکیشیان ئەرگومێنتی خۆی هەیە:

١ محمد هەرگیز خوێندەوار نەبووە و لە ژیانیدا نەشیتوانیووە بنووسێ.

٢ محمد نەمرد تا فێری خوێندن و نووسین نەبوو.

٣ محمد هەر لەسەرەتاوە خوێندەوار بووە. (بەر لەوەی وەحی بۆ بێ)

لەناو زانایان و حەشاماتی موسوڵمان، بێجگە لە هەڵبژاردەی یەکەم، هەموو شتێکی تر ڕەت دەکەنەوە. ئەوانەی پێچەوانەش بن، لە ترسان ناوێرن ڕادەربڕن. وەک ابی ولید الباجی کە هێرشێکی توندی کرایە سەر. [520]

بەڵام ڕۆژهەڵاتناسان لە لێتۆژینەوەکانیان لەوە ناترسن کە ڕای خۆیان دەربڕن. بۆ نموونە ریجس بلاچیر، شرۆڤەکانی لە نێوان هەڵبژاردەی یەکەم و سێیەم دەخولێنەوە. یان محمد نەخوێندەوار بووە و هەرگیز فێری خوێندەواری نەبووە. یانیش هەر لە سەرەتاوە خوێندەوار بووە.

زۆر لە ڕۆژهەڵاتناسانی تریش ئەو پرسەیان ووروژاندووە. لەوانە ئەمێری کازیمێرسکی و مۆنتێت. [521]

هەروەها لە قورئان چەندین ئایەت هەن، کە باسی ئامرازە جۆربە جۆرەکانی خوێندن و نووسین دەکەن. بۆ نموونە قرتاس، ورق، صحف، اقلام، مداد و سجلات. ئەو ئایەتانە گشتیان ئایەتی مەککین. واتە سەرەتای هاتنی وەحی. ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە خەڵکی مەککە، بەو کەرەستانە ئاشنا بووین. دەشیان زانی

---

[520] هەمان سەرچاوە ص ٩١

[521] هەمان سەرچاوە ص ٩٢

مانایان چیه و بۆچی و چۆن بەکاردێن. لە قورئاندا ووشەی نووسین و گەردانەکانی، زیاتر لە ٣٠٠ جار دووبارە بۆتەوە. ووشەی خوێندن زیاتر لە ٩٠ جار هاتووە. [522]

سەرەڕای ئەوە قورئان هانی بازرگانانی دەدا کە کاروباری بازرگانیان تۆماربکەن لە کاش و قەرز، و بچووک و گەورە. کەچی محمد خۆی خوێندەواری نەبووبێ؟ سەرەڕای ئەوەی، زۆر لە پێش ئەو لە زمانی عەرەبی دا هەبووبێ. ئەوەش ئاشکرایە کە کۆمەڵگەی مەککە کۆمەڵگەیەکی بازرگانی گرنگ بووە. و پەیوەندییەکی نزیک و گەرمی لەگەڵ وولاتانی دراوسێ وەک شام، فەلەستین و عێراق و دەوڵەتەکانی فارس و ڕۆم هەبووە، کە خاوەنی کولتوورێکی مەزن بووین. [523]
لەلایەکیتر ئەگەر سەیرێکی ووشەکانی ناو قورئان بکەین. دەبینین، بە سەدان ووشەی یۆنانی،سریانی، عیبری، حەبەشی و فارسی تێدایە. ئەوەش دەیسەلمێنێ کە موسوڵمانانی بەرایی ئەو ووشانەیان نووسیوون. [524]

ئەگەر موسوڵمانەکانی سەرەتایی، بەپێی گێڕانەوەی ژیاننامە نووسان، ئەو کەرەستە سەرەتاییانەی وەک پێستە، گەڵای دارخورما و بەردیان بۆ نووسینی قورئان بەکار بهێنایە، وەک محمد صباح گوتەنی، نووسینەوەی قورئانی مەککی بەو کەرەستە

---

[522] الحريری، أبو موسى (١٩٨٢) عالم المعجزات. بحث فی تاريخ القرآن ص ٨٨
[523] Torry Charles Culter (1892) The Commercal Theological Terms in the Koran
[524] الحريری، أبو موسى (١٩٨٢) عالم المعجزات. بحث فی تاريخ القرآن ص ٨٩، الأسفهانی، الراغب . مفردات فی غريب القرأن، السيوطی الأتقان ، فصل فيما وقع فيه بغير لغة العرب، و فی معرفة غريب القران ١: ١١٣ - ١١٤

ڕەقانەوە، یەک پەرتووکی لێ دەردەچوو کە پێویستی بە ٢٠ حوشتر بێ هەلیبگرێ. ئێمە هیچ سەبارەت بە کۆچ بۆ مەدینە نەمان بیستووە، کە کاروانی ئەو بەرد و دارانە پێش نەبی بە قاچاخ بردرابن یان لەگەڵ نەبی دابووبن. ئەگەر بردرابن و بەردەستی قورەیش نەکەوتبن، ئەوە لەگەڵ سەربردەی کۆچی محمد و یاورانی بۆ مەدینە ناگونجێ. [525] لەبەر ئەوەی بەپێی ڕاڤەکاران و ژیاننەمەکان دەبێ بە نهێنی و تاک تاک، بەشەوی تاریک ڕێگای ئەستەنگ دا کۆچیان کردبێ. کە وابێ بوونی ئەو دار و پێستە و بەردانە بێجگە لە هەڵبەستنی درۆیەک هیچیتر نین.

ئومی بوونی پەیامبەر (أمية الرسول)

ئەگەر خەڵکی مەککە بەوە تاوانبار بکەین کە لە جەهالەت و نەزانی دەژیان، ئەو گریمانەیە بنەماڵەی محمدیش دەگرێتەوە. لەبەر ئەوەی لە هەمان ژینگەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیەکانی دا ژیاون و پەروەردە بووین. بەڵام ئایا ڕاستە کە کۆمەڵگەی مەککە نەزان و نە خوێندەوار بووین. یان ئەو دەربڕینانە مانای تریان هەیە. [526]

بۆیە دەبێ ئێمە لە هەردوو زاراوەی ئومی و جەهل بەو مانایەی لە قورئان هاتوون تێبگەین.

---

[525] الحريری، أبو موسی (١٩٨٢) عالم المعجزات. بحث فی تاريخ القرآن ص ٩٧، صبيح، محمد (١٩٨٣) بحث جديد عن قرأن ص ٨٧ - ٨٨

[526] الحريري، أبو موسى (١٩٨٢) عالم المعجزات ل ٩٩، جواد على، مفصل فی تأيخ العرب قبل الإسلام جلد ٨ ص ٩٧

موسوڵمانان لەسەر ئەوە یەکڕان، هەروەک لە دوو ئایەت باسی محمد دەکات بە (الرسول النبی الأمی) الأعراف ٧: ٣

ووشەی ئومی بەرای موسوڵمانان، کەسێکی نەخوێندەوارە و ناتوانێ بخوێنێتەوە و بنووسێ. لەسەر ئەوەش هاوڕان، کە محمد نەخوێندەوار بووە. و هەرگیز فێری خوێندەواریش نەبوو. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند ئایەتێکی قورئان و هاتنی ووشەی (أمی). بەتایبەتی (النبی الامی) وای لێکدەدەنەوە، نەزان یان نەخوێندەوار بووە. و نەیزانیوە بخوێنێتەوە و بنووسێ. سورەتی (الجمعة، ئایەتی ٢)

سورة الجمعة ٦٢: ٢

هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ (٢)

هەر ئەویشە لەناو نەخوێندەواراندا (الأميين) پەیامبەرێکی لە خۆیان بۆ ناردن، کە ئایەتەکانی ئەویان بۆ وەخوێنێ، و لە پەرتووک و لە لێزانی ڕایان بێنێ، هەرچەندە ئەوان لە پێشوودا لەو پەڕی گومرایی دابوون (٢)

بەڵام الاميين لەو ئایەتە و چەند ئایەتی تر بە مانای نەخوێندەوار نایە. بەڵکوو بەو کۆمەڵگە و تاکانە دەڵێن، کە تا ئێستا باوەڕیان بە تاکپەرستی نەهێناوە. بەواتایەکی تر ئەو کۆمەڵگانە یان کەسانە لەدەرەوەی دینە تاکپەرستەکانن، و تا ئێستا بە پێی یاساکانی خودا لە نەزانی دەژین.

ئەو چمکە لە بنەڕەتدا لە عیبری وەرگیراوە. کە بە مانای (گەلانی جیهان)ی دەروەی دینی یەهودی دێ. یان هێشتا بانگێژی دینی یەهودیان وەرنەگرتبوو. بەو

لێکدانەوەیە (نبی الأمی) ناکاتە نەبی نەزان یا نەخوێندەوار. بەڵکو دەکاتە نەبی کە تائێستا بە دینی خودا ئاشنا نەبووە، و لە دەرەوەی دینە.
ئەگەر ئێمە بیروباوەڕی جیهانی ئیسلامیش ڕاڤەبکەین. ئەوەی باوەڕی بە قورئان نەبێ ناوی جاهلی بەسەر دادەبڕن، واتە باوەڕنەبوون یان بێ ئاگابوون لە دینی اللّه. ئەوەش خۆی ناکۆکییەکە لە نێوان محمد وەک گەورە نێردەی خودا و بچووکی وەک مرۆڤ.

لە سوورەتی الجمعە ئایەتی دوو:
(هو الذی بعث فی الامیین، رسولا) ووشەی (أمیین) لەو ئایەتە و زۆری تریش دا، مەبەست لەو عەرەبانەیە کە هێشتا باوەڕیان نەهێناوە. بە کورتی بوت پەرستن بووین.
کەواتە نبی الامی مانای نبی نەزان نادا. بەڵکوو تێگەیشتن و لێکدانەوەی هەڵەیە. لە جیاتی ئەوە دەکرێ مانای (نەبی بوتپەرست یان نا موسوڵمان) دێ. ئەوەش لە ووشەی عیبری (ئوومەت ها لام) واتە گەلانی جیهان یان گەلانی دەرەوەی باوەڕ بە دینی جوولەکە بوون. ئەوانە ڕوانگەی دینی یەهودی أمی بوون.
هەندێکی ترلەڕاڤەکاران، پێیان وایە، ووشەی (الأمیین) بە ئەوکەسانە دەگوترێ، کە پەرتووکیان نەبووە. واتە أهل الکتاب نەبووین. بەو مانایەش، هێشتا دینیان نەبووە. ئەوەش بێجگە لە یەهودی و نەسارییەکان کە خاوەنی پەرتووکی خۆیان بووین، گشت کۆمەڵگەکانی تر دەگرێتەوە. [527]

[527] الطبری لە ڕاڤە بۆ ئایەتی ٣:٢٠. جزء الثالث ص ١٤٣: روح المعانی ٢١: ١٧

هەروەها لە ڕاڤەی قرطبی کە لە إبن عباس وەریگرتووە دەڵێ: ئومییەکانی عەرەب گشتیان ئەوانە دەگرێتەوە کە خویندەوار بن یان نەخوێندەوار. واتە گشت ئەوانەی کە تا ئێستا نەبوونەتە أهل الکتاب. [528]

شتێکی تری گرنگ هەیە کە جێگای هەڵوێستە کردنە و قسەیەی إبن عباس پشتڕاست دەکاتەوە:

لە پەرتووکەکانی ژیاننامە دا هاتووە کە هەندێک لە قوڕەیشییە هەژارەکان لە شەڕی بەدر کەوتنە دەستی موسوڵمانان. ئەو دیلانە لەبەر هەژاری نەیاندەتوانی خۆیان بکڕنەوە (فدیە). داوایان لێکرا لە جیاتی ئەوە، هەندێک منداڵی موسوڵمانان فێری خوێندن و نووسین بکەن. دوایی ئازاد دەکرێن. [529]

ئەگەر هەژارەکانی مەککە و قورەیش بتوانن بخوێننەوە و بنووسن. باشە دەبێ دەوڵەمەندەکان چۆن بووبن. [530]

ئەوەش لە خۆیەوە دەبێتە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگر، بۆ زانینی بەرفراوانی خوێندن و نووسین لە مەککە و حیجاز بەگشتی تا گەیشتۆتە چینی هەژارەکانیش. [531] جا چ جای دەوڵەمەند و خانەدانەکان.

---

[528] القرطبی، الجامع الأحکام القرأن ١٨: ٩١

[529] طبقات إبن سعد ٢ :١

[530] الحریری، أبو موسی (١٩٨٢) عالم المعجزات. بحث فی تاریخ القرآن ص ٩٠

[531] هەمان سەرچاوە ص٩١

چەند نموونەیەک لەسەر خوێندەواری محمد

با بۆ بەرچاو ڕوونی پەنا بەرینە بەر چەند ڕووداوێک کە دەتوانن دەرفەتمان بدەنێ، تا باشتر لە خوێندەواری محمد تێبگەین. لە ساڵی شەشەمی کۆچی (٦٢٧ زایینی) محمد و خەڵکی مەککە لەسەر پەیمانی حودەیبیە ڕێککەوتن. لەکاتی کە خەریکی نووسینی پەیمانەکەبوون، نووسەر کە کەسێکیتر بوو، دەستی بە نووسین کرد. لە سەرەتا بە (بسملە) دەستی پێکرد. بەڵام محمد وەستاندی. وپێی ووت هەروەک پێشتر بە ناوی خۆت بنووسە. هەڵبەتە ئەو قسەیەی محمد، ئاماژەی بەو نووسراوانە کرد. کە پێش کۆچکردن بۆ مەدینە و تابگرە پێش سروش (وحی) دەینووسین.[532] کاتێ محمد زانی چی نووسراوە دەبێ خوێندەواری هەبووبێ، بۆیە وا زوو هەستی پێکرد و نووسەری پەیمانەکە وەستاند.

نموونەیەکی تر کاتی محمد لەسەرەمەرگ دابوو. داوای پارچە پێستێک یان دار گەڵای خورمای کرد تا ڕاسپێری (وصیة) سەبارەت بە سیاسەت لە دوای خۆی بنووسێ. هیچ کەس سەرسام نەبوو، هەرچەندە بۆیان نەهێنا. دانیشتووەکان ئەبو بەکر و عائیشە و هەروەها لایەنی عەلیش ئامادەبوون.[533] کاتی محمد دەیەوێ ڕاسپێری بەدەستی خۆی بنووسێ و کەسیش لە ئامادەبووان، سەرسام نابێ. تەنیا مانای ئەوە دەدازانیویانە خوێندواری هەیە.

---

532 شاهین، د. عبدالصبور. تاریخ القرآن ص ٩٤

533 احبار ابی سعد. الطبقات الکبری، تاریخ القران ٩٤

لەفەرموودەیەکی ئەبو بەکر دا، دەڵێ پەیامبەری خودا، لە نەخۆشی داوای بدوات و مزبر (قلم) ی کرد. ناوی ئەو خەلیفەیەی نووسی کە لە دوای دێ. [534] هەرچەند نازانین ئەو گۆتەیەی ئەبوبەکر چەندڕاستە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئەبوو بەکر لەوە دڵنیابووبێ کە پەیامبەر خوێندەوار بووە.

هەمەدانی دەڵێ: لەناو عەرەب هەر کەسێ، بیتوانیایە بخوێنێتەوە. و بنووسێ پێیان دەگوت صابئاً، قورەیشیەکان بە محمدیان دەگوت (ص). ڕۆژانە خەڵکی بانگهێشی مەککە دەکرد و قورئانی بۆ دەخوێندنەوە! صابئًا. [535]

جارێکیان عومەری کوڕی خەتاب بە محمدی گوتووە، ئەو شتانەی تۆ باسیان دەکەی، من لە تەورات خوێندوونمەتەوە. لەگەڵ ئەوانە یەکن کە تۆ باسیان دەکەی. محمد توورەدەبێ و دەڵێ: ئەی کوڕی خەتاب شەرم بکە! بە الله من بە حەنیفی هاتووم. ئەگەر موسای کوڕی عومران لەژیاندابایە، چاری نەدەبوو بە دوام دەکەوت. [536] ئەگەر بیر لە قسەکەی عومەر و محمد بکەینەوە. بە تەواوی وەک بەوە دەکەین، کە عومەر ڕەخنەی لە دووبارە کردنەوەی تێکستەکانی تەورات کردووە. نەک هەڵە یان ناتەواوی گێڕانەوەکان. بۆیە دەردەکەوێ ئەوەی عومەر ئاماژەی پێدەکا، محمد لە سەرچاوەکانی یەهودی خوێندنیەتەوە. ئەوەش

---

[534] الزبیدی، محمد (٢٠٠٦) تاج العروس من جواهر القاموس ج ٣ ص ٢٣١

[535] الهمدانی، حسن بن محمد (٢٠١٦) الأكليل ج ١ ص ٤٤

[536] عبدالكريم، خليل (١٩٩٧) قريش من قبيلة الى الدولة المركزية ص ٢٣٠

بەڵگەیەکی لۆژیکییە، کە پەیامبەری ئیسلام زانیاری لەسەر تێکستە نووسراوەکانی یەهودی هەبووە. هەر ئەو تێکستانە عومەریش خوێندوونیەتەوە.
زانیاری سەبارەت موسای کوڕی عومران و گێڕانەوەی چیرۆکەکانی ناو تەورات، لەگەڵ کەسێکی بێئاگا و نەخوێندەوار یەک ناگرنەوە.

سەبارەت بە فێربوونی خوێندن و نووسین ، محمد هەر لە منداڵیەوە. لەژێر چاودێری باپیرەی عبدالمطلب و مامی ابی طالب خەریکی فێربوونی نووسین و خوێندن بوو. و لە سەرەتادا عبدالمطلب دواتر أبی طالب لەسەر زانیارییەکانی سرووشت پەروەردەیان دەکرد و قەشە وەرەقە کوڕی نۆفلیش لەسەر زانیارییەکانی دینی و بەتایبەتی نەبیەکانی بنی ئیبراهیم پەروەردەی دەکرد. بۆیە محمد نەخوێندەوار نابێ نەخوێندەوار بووبێ. [537]
ئەوەی کە دەبێ لێی ئاماژەی پێبکرێ، گشت پەرتووکەکانی سیرە و مێژوونووسان، ئەوەیان خستۆتە ڕوو. کە ابی طالب، محمدی زۆر خۆشدەویست. و هەمیشە بەرێزەوەرەفتاری لەگەڵ دەکرد. لە هەموو منداڵەکانی خۆیزیاتر خۆشی دەویست. تەنیا لە تەنیشت خۆی دەیخەواند، کە دەریش دەچوون پێکەوە دەردەچوون. هەمیشە لە دەوری بوو و پارێزگاری لێدەکرد. تا ئەو کاتەی مرد وەک سێبەر بوو بۆی. تەنانەت لە خواردن و خۆشگوزەرانیش کەمتەرخەم نەبوو. و بە باشترین شێوە خزمەتی دەکرد. [538]

---

537 الحريري، أبو موسى. قس و نبی ص ٦٠

538 طبقات ابن سعد ١ :١١٩ - ١٢١ ، الحريری موسی، قس و نبی، بحث فی نشأة الإسلام. ص ٦٥ ، ٦٦

سەبارەت بە خوێندەواری محمد، چەند کەسێک بە ئاشکرا هۆکاندیان. کە محمد خوێندەوار بووە لەوانەش ابو ذر عبدالله بن احمد الهروی (٣٥٥ – ٤٣٤ کۆچی) و قاضی ابو الولید الباجی (٤٠٣ – ٤٧٤ کۆچی بەرامبەر ١٠١٣ – ١٠٨٢ زاینی) و هتد. دەرئەنجامەکەی هێرشێکی توند، لەلایەن مەلا و ووتاربێژانی دینی ئیسلام کرایە سەریان. بە تایبەتی ابی ولید الباجی. تا گەیشتە ئەو ئاستەی هەندێک مەلا لەسەر سەکۆی مزگەوت لە ووتاردان تانە و سووکایەتیان پێدەکرد.

دوای ئاشکراکردنی الباجی و هێرشی مەلاکانی میسر بۆسەری، ئەوباسە لە جیهانی ئیسلامیدا کپ بووەوە، هەرچەندە مەلاو ڕێبەری دینی تر هەبوون و هەیشن کە پێیان وایەبە بەڵگە محمد خوێندەوار بووە. کەچی لە ترسی هێرش و فتوای مەلا و خەڵکی موسوڵمان ناوێرن دەری ببڕن و بێدەنگی هەڵدەبژێرن. [539]

دەرئەنجام

بەلێکدانەوەیەکی لۆژیکی و ڕۆچوون بە ناو ئەو بەڵگانەی گەواهی بۆ خوێندەواری، یان نەخوێندەواری محمد دەدەن. بۆمان دەردەکەوێ کە کەسێک لە ناوژینگەیەک لە دایک بووبێ و گەشەیکردبێ، کە لە گشت لایەکەوە ئاماژە بە خوێندەواربوونی دەکەن، ناکرێ کە هێشتا نەخوێندەوار بووبێ!!

[539] طبقات ابن سعد ١ :١١٩ - ١٢١ ، الحريرى موسى، قس و نبى، بحث فى نشأة الإسلام. ص ٦٥ ٠ ٦٦

لە مەککە نەسلڕییەکان هەم دەستڕۆیشتووی مەککە بووین. و هەم خاوەن پەرتووک بووین. و کولتوورێکی خوێندەواریی دووری مێژوویان هەبووە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هاتنی ئەوەی نەسلڕیەکان لە سەرجەم سەرزەمینی شام و میسۆپۆتامیان، هەم هەبوون و هەم بە هۆی خوێندەواریەوە پەیامی دینیان بڵاو دەکردەوە. ئێمە هەرچەندە بە دڵنیاییەوە نازانین نووسین لەکەیەوە، لە ئەنبار هەبووە. بەڵام ئەوە دەزانین لە سەدەی سێیەم گەیشتۆتە مەککە. و پێشوازییەکی باشی لێکراوە.

نەبی محمد لە بنەماڵەیەکی خانەدان و دەوڵەمەندی مەککە بوو. و بوونی خوێندەواری لەژینگەی هەرە نزیکی هەبووە. تەنانەت أبی طالب، عەباس و عەلی کە هەمیشە هاودەمی یەکتری بووین. خاوەن خوێندەواری و زانین بووبن، کەچی محمد نەخوێندەوار بووبێ!! ئەوە سەرەڕای ئەوەی أبی طالب ڕێز و خۆشەویستی زۆری بۆ محمد هەبووە. و لە هیچ ڕوویێکەوە دریخی بۆی نەکردووە. بۆیە ڕێگای تێناچێ گشتیان خوێندەوار بن، و محمد نەخوێندەوار بووبێ!!. بەلای کەمی دەبێ ئاشنایەتی بە خوێندن و نووسین هەبووبێ.

دەقەکانی قورئان کە محمد خۆی پەیامەکەی گەیاندووە. بە شێوەیەکی سیستەماتیک هەم هانی نووسین و خوێندنەوە دەدەن. و هەم ناوی زۆربەی ئامرازەکانی نووسینی تێدایە. خۆ ناکرێ کەسێک هانی خەڵکیتر بۆ خوێندن بدا، کەچی خۆی نەخوێندەوار بێ. و نووسین و خوێندنی بەلا گرنگ نەبووبێ.

سەرەڕای ئەوە چەندین ڕیوایەت لەسەر خوێندەواری و یارمەتی دانی ئەسحابەکان بۆ لێکدانەوەی نووسراو. یان شارەزایی بە چیرۆکەکانی ناو تەورات. بەڵگەیەکی ترە بۆ خوێندەواری محمد.

بەڵگەیەکیتر بۆمان ڕووندەکاتەوە، کە خەڵکی مەککە ئەگەر سەرجەمیش خوێندەوار نەبووبن، ئەوا بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ناو چین و توێژەکانی دا جێگیربووە. ئەو بەڵگەیەش، لە شەڕی بەدر، بە ڕوونی دیارە چەند کەسی بەدیل گیراو دەبوایە خۆیان بکڕنەوە. بەڵام لەبەر هەژاری ئەو پارەیان نەبووە. بۆیە بەوە ئازاد دەکرێن کە منداڵانی ئەسحابەکانی موسوڵمان فێری خوێندەواری بکەن!

پرسیارەکە لەوە دایە، کاتێ هەژارانی مەککە خوێندەوار بووبن، ئەی کەسێک لە بنەماڵەیەکی خانەدان و دەستڕۆیشتووی مەککە، چۆن دەبێ نەخوێندەواربێ.

لە هەموو ئەوانە گرنگتر، لێکدانەوەی ووشەی (إقرأ) یان (أمی) لە سوورەتەکانی قورئاندا هاتوون، بە هیچ شێوەیەک ئەو مانایە نادەن کە بەسەریان دابڕیوون. بەڵکوو مانای تریان هەیە، کە لە بنەڕەتەوە چمکەکەکان ڕەوتێکیتر وەردەگرن. لەوەش سەیرتر لە قورئانەکەی عوسمان سوورەتی یەکەم الفاتحایە، نەک علق. سوورەتی العلق ژمارەی ٦٩ یە، کەچی لە قورئانەکەی الأزهر کراوەتە ژمارە ١. ئەوەش بەڵگەیەکیترە کە ووشەی إقرأ هیچ پەیوەندی بە یەکەم دیداری جوبرائیل و محمدوە نییە. چیرۆکێکی دروستکراوە.

کەواتە ئەو ووشانەی کراونەتە بەڵگە بۆ نەخوێندەواری محمد (إقرأ، أمی) هیچ بنەمایەکی ڕاستی نییە. بەڵکوو ئەنجامی تێنەگەیشتن لە چمکەکانی ناو قورئان وەک چەندەها چمکیتر، بە لاڕێدابردراون[540]

---

[540] شاهین، د. عبدالصبور. تاریخ القرآن ص ٩١

له کۆتایی گشت ئەو بەڵگانە ئەوە دەسەلمێنن کە نەبی محمد کەسێکی خوێندەوار بووە. هەر پێش وەحی توانیوویە بخوێنێتەوە و بشنووسێ. بەڵام ئاستی خوێندەوارییەکەی چەند بووە؟ ئێمە نازانین، هیچ لە پرسی بانگەوازەکەی و پەیامەکەی ناگۆڕێ. بەڵکوو زیاتر لۆژیک بە وەحی و دیمەنی ئایەتەکانی دەبەخشێ.

## هەڵگری وەحی لە مەککە گیانی پیرۆزە و لە مەدینە جوبرِائیل

ئەوکاتەی محمد ڕایگەیاند کە وەحی بۆ هاتووە. ووتی لە گیانی پیرۆزەوە بووە (روح القدس) کە عیبریە. و وایزانیوە فریشتە بووە. ئەوەش سەرجەمی سوورِەتەکانی مەککە دەگرێتەوە. یەکەم جار لە مەدینە ناوی نێردەکەی بە جوبرِائیل هێنا.

گیانی پیرۆز لە ئیسلام جیاوازە لەگەڵ ئەو گیانی پیرۆزەی لە ئینجیلی کریستیانی دا هاتووە. بە پێچەوانەوە لەگەڵ یەهودی نەسارِیەکان دێتەوە. گیانی پیرۆز، لە ئیسلام وەک یەهودی نەسارِی بە  وەحی لەلایەن خوداوە، بۆ پەیامبەر و نیردەکان دێ.

بەڵام جیاوازییەک لە نێوانی قورِئانی مەککە و  قورِئانی مەدینەدا هەیە. لە قورِئانی مەککە گیانی پیرۆز وەحی خودایە، بۆ محمد دێ.

سورة النحل ١٦: ١٠٢

---

قُلۡ نَزَّلَهُۥ رُوحُ ٱلۡقُدُسِ مِن رَّبِّكَ بِٱلۡحَقِّ لِيُثَبِّتَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهُدٗى وَبُشۡرَىٰ لِلۡمُسۡلِمِينَ (١٠٢)
بڵێ گیا نی پیرۆز له خوداکه‌ته‌وه به هه‌ق دایبه‌زاندووه، بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌وانه جێگیر بکا ت که باوه‌ڕیان هێناوه، وه هیدایه‌ت و مژده‌یه بۆ موسڵمانان (١٠٢)

سورة القدر ٩٧: ٣ - ٤

لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ خَيۡرٞ مِّنۡ أَلۡفِ شَهۡرٖ (٣) تَنَزَّلُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا بِإِذۡنِ رَبِّهِم مِّن كُلِّ أَمۡرٖ (٤(
شه‌وی چاره‌نووس چاکتره، له هه‌زار مانگ (٣) تیایدا فریشته‌کان و ڕۆح به مۆڵه‌تی خوداکه‌یان به شێنه‌ین دابه‌زین، سه‌باره‌ت به هه‌موو شتێ.(٤)

سورة الإسراء ١٧: ٨٥

وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنۡ أَمۡرِ رَبِّي وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلۡعِلۡمِ إِلَّا قَلِيلٗا (٨٥)
سه‌باره‌ت به گیان، پرسیارت لێده‌که‌ن، بڵێ گیان له پرسه‌کانی خوداکه‌مه. و زانستم پێتان نه‌داوه ته‌نیا که‌مێک نه‌بێ. (٨٥)

له سوره‌تی البقره، له مه‌دینه، قوڕئان باسی گیانی پیرۆز ده‌کا، به‌ڵام ئه‌و گیانی پیرۆزه سه‌باره‌ت به یه‌سو (عیسا) یه که خودا چۆن، به گیانی پیرۆز پشتیوانیت ده‌کا.

سورة البقرة ٢: ٨٧

وَءَاتَيۡنَا عِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ ٱلۡبَيِّنَٰتِ وَأَيَّدۡنَٰهُ بِرُوحِ ٱلۡقُدُسِۗ (٨٧)
و چه‌ندین په‌ڕجوومان به یه‌سوی کوڕی مه‌ریه‌م دا و به گیانی پیرۆز پشتیوانیمان کرد (٨٧)

له مەدینە جوبرائیل دەرکەوت

کەچی لە قورئانی مەدینە بە تایبەتی لە کۆتایی، وەحی بە ناوی جوبرائیل دێ. لێردا دەردەکەوێ سەردەمی مەککە و بەشێکی زۆریش لە مەدینە، محمد پەیڕەوی پەیامی خودا وەک یەهودی نەساری دەکا. لە سەردەمی مەدینەدا هەنگاو بە هەنگاو، دەیەوێ لەو چوارچێوەیە دەرباز بێ. و نێردەی خوداش دەگۆڕێ.

سورة البقرة ٢: ٩٧ - ٩٨

قُلۡ مَن كَانَ عَدُوّٗا لِّجِبۡرِيلَ فَإِنَّهُۥ نَزَّلَهُۥ عَلَىٰ قَلۡبِكَ بِإِذۡنِ ٱللَّهِ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ وَهُدٗى وَبُشۡرَىٰ لِلۡمُؤۡمِنِينَ (٩٧) مَن كَانَ عَدُوّٗا لِّلَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَجِبۡرِيلَ وَمِيكَىٰلَ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَدُوّٞ لِّلۡكَٰفِرِينَ (٩٨)

هەر کەسێك دوژمنی جوبرائیل بێت، ئەوەی بە مۆڵەتی خودا کەلەسەر دڵی تۆی دابەزاندووە، کە ئەو پەرتووکانە بە ڕاست دادەنێت کە لە پێشیدایە، و هیدایەت و مژدەیە بۆ باوەڕداران. (٩٧) هەر کەسێك دوژمنی خودا و فریشتەکانی و پێغەمبەرەکا نی و جوبرائیل و میکائیل بێت، ئەوە بێگومان خودا دوژمنی کافرەکانە(٩٨)

سورة التحريم ٦٦: ٤

إِن تَتُوبَآ إِلَى ٱللَّهِ فَقَدۡ صَغَتۡ قُلُوبُكُمَاۖ وَإِن تَظَٰهَرَا عَلَيۡهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ مَوۡلَىٰهُ وَجِبۡرِيلُ وَصَٰلِحُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۖ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ بَعۡدَ ذَٰلِكَ ظَهِيرٌ (٤)

ئەگەر تۆبە بکەن بۆ خودا، بێگومان چونکە دڵەکانتان بەلاڕێدا ڕۆیشتووە، وە ئەگەر لە دژی بوەستن، ئەوە خودا خۆی پشتیوانیەتی، و جوبرائیل و ئیمانداره چاکەکان و فریشتەکانیش لەوەدواوە پشتیوانن (٤)

# ڕەچەڵەک و باوەڕی نەبی محمد

ئەم باسە بەدواداچوونێکە، سەبارەت بە باوەڕی دینی. و ڕەچەڵەکی بنەماڵەی نەبی محمد بەر لە هاتنی دینی ئیسلام. کە تیایدا هەوڵدەدرێ قووڵبوونەوەیەک لەسەر پاشخان، و پرۆسەی ژیانی بکرێ. ئەوەش بە مەبەستی دۆزینەوەی، خاڵە هاوبەشکان بۆ گەیشتنە دەرئەنجامێک. کە چمکێکی لوژیکیمان بداتە دەست. و ببنە ڕێچکەیەک بۆ گەیشتنە وەڵامێکی جێگای متمانە و ڕاییکەر.

هەرچەندە بیۆگرافی- و مێژوونووسانی ئیسلام، مێژوویێکی ئەفسانەییان بۆ محمد هۆنیوەتەوە. کە هەتیوێکی هەژار بووە. و هەر لە منداڵیەوە تووشی نەهامەتی بووە. و لەبەر دەستکورتی شوانکارەیی کردووە، بۆ ئەوەی بژیێ. بەڵام مێژوو شتێکی تر دەسەلمێنێ. و ئەو چیرۆک و ئەفسانانەی بیۆگرافی – و مێژوونووسانی موسوڵمان هۆنیویانەتەوە ڕەتدەکاتەوە. و پیشانی دەدا، کە دوورن لە ڕاستی. و تەنیا چیرۆکی ئەفسانە ئاسا ڕێکخراون.

ڕاستی ژیانی محمد ئاڕاستەیکی تری هەبووە. ڕاستە کە محمد لە دایک بوو، باوکی ماوەیەک بوو کۆچی دوایی کردبوو. عبدالمطلبی باپیرەی، کە ئەو دەمە سەرۆکی

هۆزی قورەیش و دەستەڵاتداری مەککە بوو. لە هەمانکاتدا فەرمانڕەوای بەیت بوو. دوای مردنی باوکی سەرپەرشتی محمدی گرتە ئەستۆ. و بە باشترین شێوە خزمەتیکرد. پێش مردنیشی ڕایسپارد کە ئەبی طالب سەرپەرشتی بکا. ئەویش لەهیچ دریغی نەکرد.

بۆیە پێچەوانەی سەرچاوەکانی ئیسلام، محمد بە باشترین شێوە منداڵی و هەرزەکاری بەڕێکردووە.

ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بنەماڵەی هاشم وەک نەرێتێکی دینی، کە سەرۆکایەتی بیت الحرامیان لەدەست بوو، ئەوەش پایەیەکی مەزنی کۆمەڵایەتی بووە. لە هەمان کاتدا خاوەن سامانی گەورەی مەککە بوون. بۆیە هەم لە توانایان دابوو و هەمیش وەک ئەرکێکی دینی کۆمەڵایەتی، دریخیان لە خزمەتی محمد نەکردووە.

وا لەخوارەوە، هەردوو پاشخانی دینی و کۆمەڵایەتی بنەماڵەی محمد. لە ١٤ خاڵ دەیانخەینەڕوو. [541]

١ دایکی محمد، ئامینە کچی وەهب لە بنەماڵەی زەهرە، لە هۆزی بەنی نەجاڕ بوو. هۆزی بەنی نەجار عەرەبی یەهودی نەساری بوون. بەو پێیە ئامینەی دایکی محمد یەهودی نەساری بووە، و هەر لەسەر ئەو دینەش مابوو تا مرد. دەگێڕنەوە محمد دەپاڕایەوە. و

[541] الحداد، یوسف درة، قرآن دعوة نصرانیة ص ٢٩٧

خۆزگەی دەخواست کە دایکی، ئەگەر بۆ ساتێکیش بێ، زیندوو بێتەوە. تا تۆبە بکا.

هەروەها عبدالمطلب و ئەبی طاڵبی مامی، کە هەردووکیان سەپەرشتکاری محمد بوون. ئەوانیش، لەسەر باوەڕی یەهودی نەساری بوون. ئەو کاتەی هێشتا ابی طالب لە ژیاندابوو، محمد زۆر هەوڵی لەگەڵدا، کە دینی یەهودی نەساری بەجێ بێڵێ. و بێتە سەر دەینە نوێکە. بەڵام هەر بە یەهودی نەساری مرد.[542] هەرچەندە ئێمە هیچ دەربارەی عبداللهی باوکی محمد نازانین. بەڵام بە ڕەچاوکردنی ئەوەی باوکی و برای یەهودی نەساری بووین، و هەروەها هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی یەهودی نەساری کردووە، دەبێ ئەویش خۆی هەر نەساری بووبێ.

٢ دوای لەدایک بوونی محمد، یەکەم شت عبدالمطلب کردی، ئەوەبوو ڕۆژی هەشتەم، بە پێی نەرێتی یەهودی نەسرانی بەنی ئیسرائیل خەتەنەی کرد. چونکە تەنیا یەهودیە نەساریەکان لە مەککە یاساکانی تەوراتیان پەیرەو دەکرد. کە خەتەنە ئەرکێکی سەرەکی بوو. ڕۆژێک پێش ئەوەی خەتەنە بکرێ نازناوی محمدی پێدرا.[543]
هەر لە ڕۆژی حەوتەم ناویشی لێنا، ئەوەش بە لاسایی کردنەوەی خەتەنەکردن و ناولێنانی یەسو.

پەیمانی نوێ - ئینجیلی لۆقا ٢: ٢١

(٢١) لە دوای هەشتەمین ڕۆژ، کاتی خەتەنەکردنی منداڵەکە هات. هەر ئەو کاتەش ناوی لێنرا یەسو. بەو شێوەیە فریشتە پێش ئەوەی خەتەنەبکرێ ناوی لێنا.

---

542 محمد حسان المنير، يوم قبل وفاة محمد ص ٦٩

543 الحداد، يوسف درة، القرآن دعوة نصرانية ص ٣٠٠ – ٣٠١، محمد الغزالي (٢٠٠٠) فقة السيرة. مطابع الشروق ص ٦١

هەر دوای ئەوە ژنێکی نەساڕی بۆ گرت، دایەنی بۆ بکا بەناوی (برکة الحبشية)، کە بە (أم أيمن) بانگ دەکرا. محمد تا تەمەنی ٥ ساڵی، لای ئەو ژنە یەهودی نەساریە بوو. تا ئەو کاتەی ئامینەی دایکی و محمد لەگەڵ (برکة الحبشية) سەردانی ماڵە خاڵوانی (بنی نجار)یان کرد. و مانگێک لە یەتروب مانەوە. دوایی لە ڕێگای گەڕانەوە، لە (الأبواء) کە شوێنێکە لە نێوان مەککە و مەدینە دایکی مرد. لەو سەردانە (برکة الحبشية)ی دایەنی محمد لەگەڵیان بوو. برکة کۆرپە پێنج ساڵیەکەی، لەگەڵ خۆی هێنایەوە مەککە، بۆ لای عبدالمطلب. تا ئەو کاتەی محمد تەمەنی گەیشتبووە پێنج ساڵان یەهودیەکی نەساڕیەک
بەخێوی دەکرد.[544]

عبدالمطلب بەر لەوەی بمرێ، ڕایسپارد کە ابی طالبی مامی سەرپەرشتیکردنی محمد بگرێتە ئەستۆ. ئەوەش نووسەری قورئان لە سوورەتی (الضحی). بە ڕاشکاوی باسی دەکا.

القرآن الكريم – سورة الضحى ٩٣: ٦ – ٨

أَلَمۡ يَجِدۡكَ يَتِيمًا فَـَٔاوَىٰ (٦) وَوَجَدَكَ ضَآلًّا فَهَدَىٰ (٧) وَوَجَدَكَ عَآئِلًا فَأَغۡنَىٰ (٨)

ئەدی تۆ هەتیوێک نەبووی، ئەو پەنای دای؟ (٦) ئەدی تۆ گەمرایەک نەبووی، ئەو ڕێی نیشان دای؟ (٧) ئەدی تۆ هەژارێک نەبووی، دەوڵەمەندی کردی؟ (٨)

لە حیجاز لەو سەردەمە خەتەنەکردن، و ناونانی منداڵ بەپێی نەریتی تەورات، تەنیا یەهودیە نەساڕیەکان، لە مەککە دەیانکرد. سەرەڕای ئەوە، ژنێکی یەهودی نەساڕیان بۆ بەخێوکردنی بەکرێگرت. و تا ماوەی ٥ ساڵ لەلای بمێنێتەوە.

---

544 الحداد، يوسف درة، القرآن دعوة نصرانية ص ٣٠١ – ٣٠٢ ، السيرة الهاشمية ١: ١٧٧، الحلبية ١: ٧٢

پەیڕەوکردنی ئەو نەریتانە، یەک گوزارەی هەیە کە بنەماڵەی عبدالمطلب لەسەر دینی یەهودی نەساڕی بووین. و محمدیش هەم وەک نەریتی یەهودی نەساڕی خەتەنەکرا. و هەر لەسەر ڕێبازی ئەو دینەش پەروەردەکرا.

٣ لە دەوروبەری تەمەنی دوانزە ساڵی. ئەو تەمەنەی منداڵ دەگاتە تەمەنی هەرزەکاری، بەپێی تەورات واتە تەمەنی پێگەیین. وەک یاسای دینی یەهودی نەساڕی، سەبارەت بە حەجی گەنجان. بە تایبەتی، لە بنەماڵە ساماندارەکان بووایە. بۆ حەج دەیانبرد. کە بریتی بوو لە چوونە خزمەت جێنیشینی کریست. محمد لەگەڵ أبی طالبی مامی، لە مەککەوە، بەڕێکەوتن و چوونە سەردانی ئیمامی مەزن. بوحیرای بوسری، لە شاری بوسری لەشام. کە جێنیشینی یەسوی کریست بوو، لەسەر دین. ئەوەش نەریتێک بوو لەگەڵ ژیانی، یەسوی ناسری، دەستی پێکردبوو. کە لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا، چووە ماڵی خودا لە ئۆڕشەلیم. ئەوەش وەک لاسایی کردنەوەی یەسو بوو، بەپێی ئینجیلی لۆقا حەجیان پێکرد.

پەیمانی نوێ – لۆقا ٢: ٤٢

> (٤٢) کاتی تەمەنی بووە دوانزە ساڵ. وەک نەریتی پەسخە بەرەو ئۆڕشەلیم سەرکەوتن. (٤٣) دوای کۆتایی ڕۆژەکان، لە گەڕانەوەیاندا یەسووی مێرمنداڵ، لە ئۆڕشەلیم مایەوە. دایک و باوکی نەیانزانی.

سەبارەت بەم سەردانەی (حج) محمد بۆ وڵاتی شام و شاری بوسری. بیۆگرافی نووسانی موسوڵمان، سەفەرەکەیان گۆڕی بۆ بازرگانی. پرسیارەکە لەوەدایە. ئاخۆ منداڵێکی دوانزە ساڵی چ کاری بە بازرگانی دایە؟  یان هیچ لە پرسە بنەڕەتییەکە دەگۆڕێ؟

ئیمە دەزانین محمد زۆر دواتر، دەستی بە کاروباری بازرگانی کرد. و بووە نێردەی خدیجە. بەڵام ئەو دەمە تەمەنی لە سەرەوەی ٢٠ ساڵی بوو.[545]

بۆیە ئەو گۆڕینە تەواو جێی گومانە.

یەک لەو بیۆگرافی نووسانەی کە ڕەنگە یەکەمین کەسیش بووبێ، بۆ تێکدانی مێژووی ژیانی محمد، ابن هشام بوو. کە دەڵێ:

> محمد لە تەمەنی نۆ ساڵ بوو. هەندێکیتر دەڵێن تەمەنی دوانزە ساڵ بوو. هەندێکیتر شتی تر دەڵێن....... لەگەڵ مامی ابی طالب بۆ بازرگانی چووە شام. کاتی گەیشتنە بوسری، لە خاکی شام. لەوێ ڕاهبێک هەبوو بە ناوی بوحیرا، کەسێکی پایە بەرز بوو. وخاوەن زانیاریەکی زۆر لەسەر یەهودی نەساری بوو. تا ئەوکاتەش هەر لەو پلەو پایە بەرزە دابوو. بوحیرا هەندێک پرسیار و گفتوگۆی لەگەڵ محمدی منداڵ کرد. دوایی سەبارەت بەو قسەی جوانی کردن. و بە أبی طالبی مامی گوت: لەگەڵ ئەو برازایەت بگەڕێوە وڵاتی خۆتان. و چاوت لێبێ و پارێزگاری لێ بکە. بە الله ئەگەر خەڵکی بیبینن و ئەوە بزانن کە من دەیزانم، خراپی بەسەردێنن. ئەو برازایەت کەسایەتییەکی مەزنە. بە پەلە بیگەیێنەوە وڵاتی خۆی.[546]

دوای ئەو سەردانەی محمد و ئاشنابوونی لەگەڵ ڕاهب بوحیرا، دەبینین ڕاهب دەست دەکات بە پێشبینی کردن بۆ محمد و دەڵێ: دەبێتە نەبی ئەو نەتەوەیە.[547]

---

[545] الحداد، یوسف درة، قورآن دعوة نصرانية ص٣٠٣

[546]الحداد. یوسف درة، قورآن دعوة نصرانية ص ٣٠٤، سيرة ابن هشام ١: ١٩٠ – ١٩٤

[547] الحداد، یوسف درة، قورآن دعوة نصرانية ص ٣٠٦

٤ یەک ڕووداو جێگای هەڵوێستەکردن و خوێندنەوەیەکی ووردە. لەکاتی مارەبڕینی خەدیجە و محمد،  أبی طالبی مامی ووتەیەکی بە بۆنەی هاوسەرگیری محمد و خەدیجە، لەبەردەم خەڵکێکی زۆر دا خوێندەوە، دەڵێ:

به الله دوای ئەو هاوسەرگیریە، هەواڵێکی مەزن و ترسناکی بۆدێ.

ئەو ووتەیەی أبی طالب مەبەستی (هەواڵێک بۆ محمد دێ). بێ هۆکار نییە. محمد لە تەمەنی ٢٥ ساڵی هاوسەرگیری کرد. واتە پانزە ساڵ بەر لە بانگەشەی دینە نوێکەی. کەواتە دەبێ پلانێک بۆ محمد لە ئارا دابووبێ. جا ئەو پلانە چی بووە. و مەبەستی پلانەکە چی بوو؟ ئەوە گرفتی سەرەکی نییە. بەڵکوو ئەو دەربڕینە، بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە أبی طالب کەم یان زۆر ئاگاداری پلانەکە بووە. بۆیە خۆشەویستی و خزمەتی محمد و پەروەردەکردنی لەسەر زانستییە سرووشتییەکان، وەک ئەرکێک پێ سپێردراوە. لە کۆتاییش ئەو هەواڵە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی أبی طالب، نەک تەنیا لە سەرجەمی پلانەکانی قەشە وەرەقە ئاگاداربووە، بۆ دوارۆژی محمد. بەڵکوو لە هەمان کاتدا بەشدار و رەزامەدیش بووە، لە سەر پلانەکە .[548]

ژیان و باوەڕی أبی طالب بە پێی پەرتووکەکانی سیرە، کەسێک بوو بە باوەڕەوە دەژیا. و لەسەر هەمان ڕێگای عبدالمطلبی باوکی بوو. یارمەتی هەژارانی دەدا، هەڵسوکەوتەکانی نیشانی ئەوە دەدەن، کە نەک تەنیا نەساڕی ئەبیۆنی بووە. بەڵکوو پەیڕەوکارێکی سەرسەختی ئەو ڕێبازە (نەساری ئەبیونی) بووە. دەگێڕنەوە کاتی أبی

[548] طبقات ابن سعد ١: ١٢٢

طالب له سەرەمەرگ دابوو، گوتوویەتی: من له میللەتی عبدالمطلبم. دوای ئەوە مردووە. ڕێبازی عبدالمطلب، ڕێبازی نەساری و باوەڕ به حەنیفی بوو.

بەپێی لێکدانەوەی بیۆگرافی – و مێژوونووسانی موسوڵمان دەبێ، ئەو کاتەی رەمەزان دادەهات عبدالمطلب لەگەڵ چەند کەسیتری حەنەفی و نەساری دەچووە (ئەشکەوتی حەڕا) لەویٚ به ڕۆژوو دەبوو. و خواپەرستی دەکرد. و فەرمانی دەدا، به درێژایی مانگی ڕەمەزان خۆراك دەبەخشرایه هەژاران، هەروەها زید کوڕی عمرو بن نفیل (مامی عومەر کوڕی خەتاب) و قەشه وەرەقه کوڕی نۆفل و أمية بن أبي سلط که ئەویش یەك له حەنەفییەکان بوو، لەگەڵ چەند کەسیتر خەڵوەتیان له ئەشکەوتی حەڕا دەکرد . محمد هەم به منداڵی لەگەڵ باپیرەی دەچووە خەڵوەت. و هەم دواتریش به هەرزەکاری و گەنجی لەگەڵ أبي طالب له خلّوەتی ئەشکەوتی حەڕا بەشدار دەبوو [549].

بەڵام ئەو هەموو کەسانه به بەراورد لەگەڵ ئەشکەوتی حەڕا ناگونجێ. چونکه ئەشکەوتی حەڕا کەلێنێکی بچووک به ڕووبەری درێژی ٤ باسک و پانی ٣ باسک بووە. بۆیه جێگای گومانه، شوێنی ئەوەندە کەسەی تێدا بووبێتەوە. هەرچۆنی بێ، با وایدابنێین له ئەشکەوتی حەڕا یان شوێنێکیتر بووبێ، له مانگی ڕەمەزان وەک هاوسەفەری خوداپەرستی بەسەریان بردبێ. [550] ئەوەی لێرەدا گرنگه، ئەو کەسایەتیانه یەکتا پەرستی یەهودی نەساڕی بووین. و به حەنیفی ناسراون.

---

[549] خليل عبدالكريم (١٩٩٠) الجذور التاريخيه للشريعه الاسلاميه. سينا للنشر
[550] صفي الرحمن، المبارک کفوري (١٤٢٢ک) الرحيق المختوم. بحث في سيرة النبوية. دار المؤيد. ص ٦٥

٥ قەشە وەرەقە، قەشە و سەرۆکی کەنیسەی یەهودی نەسارِی (ئەبیۆنی) بوو لە مەککە. مارەیی محمد و خەدیجەی بڕیووە. ئەوەش بە ئامادە بوونی أبی طالبی مامی محمد. بەم بۆنەیەوە قەشە وەرەقە لە بەردەم خەڵکێکی زۆر، بە لێبڕاوی گوتی:

ئێمە خانەدان و سەرکردەی عەرەبین [551].

بە ڕەچاوکردنی ئەوەی قەشە وەرەقە، سەرۆکی کەنیسەی یەهودی نەساری ئەبیۆنی بوو لە مەککە. و کەسایەتییەکی دیار و خاوەن پێگایەکی بەرز بوو. و لە ئاهەنگی مارەبڕی محمد ئەو دەربڕینە بدات. بێگومان ئەو خانەدان و سەرکردەیە محمدیش دەگرێتەوە. جا ئەگەر بە شێوەیەکی لۆژیک، و دیارکردنی مێژوو لێی ووردبینەوە. ناتوانین چاوپۆشی لەوە بکەین کە محمد خویشی لەسەر هەمان دین بووە. و پەیامی بانگهێژییەکەشی، وەک قوتابیەکی قەشە وەرەقە کوڕی نۆفل، هەر لەسەر ڕێبازی یەهودی نەساری بووە [552].

٦ بۆ محمد تا هاوسەری خەدیجە بوو ژنێکیتری نەهێنا

سەرپەرشتی کردنی قەشە وەرەقە لە ئاهەنگی هاوسەرگیری خەدیجە و محمد، بەپێی ڕێبازی یەهودی نەساری، نیشانەیەکی بەهێزە کە محمد لەسەر هەمان دین بووە. لە یاساکانی دینی نەساری مرۆڤ بۆی هەیە تەنیا یەک ژن بێنێ و ناتوانێ لێی جیابێتەوە. مەگەر تەنیا دوای مردنی یەکیان، ژنە یان پیاوەکە. بە پێی ئەو یاسایەش تا خەدیجە لە ژیاندا مابێ، محمد ناتوانێ ژنی دووەم بێنێ. و ناشتوانێ لێی جیابێتەوە.

وەک مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە تا خەدیجە لە ژیاندابوو. محمد وەک دیندارێکی یەهودی نەسارِی هیچ ژنێکیتری نە هێنا. و تا مردنیش لە خەدیجەش جیا نەبووەوە. دوای مردنی

---

[551] الحريری، أبو موسی (٢٠٠٥) قس و نبی، بحث فی نشأة الإسلام ص ٥٢
[552] هەمان سەرچاوە

خەدیجە محمد ژنی تری هێنا[553] . بۆیە ئەو دەنگۆیەی کە گوایە خەدیجە دەوڵەمەند بووە، محمد نەیوێراوە ژنیتر بێنێ، ڕاست نییە. لە جیاتی ئەوە دەتوانین بڵێین وەک یەهودیەکی نەسارێ، بەپێی پلانێک، پەیمانی شتێکی بەرزتری پێدرابوو. بۆیە ئەوەندە لەسەر هاوسەرگیرییەکەی بەپێی دینی نەسارێ پەیگیر بوو.

٧ ڕەزامەندی محمد لەسەر مارەبڕینەکەی، بەڵگەی یەهودی نەسارێ بوونیەتی. مارە بڕینی محمد لەگەڵ خەدیجە، لەلایەن قەشە وەرەقە، لەسەر ڕێباز و نەرێتی یەهودی نەساری بوو. کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پانزە ساڵ بەر لە بانگهێژی دینە نوێکەی محمد. ئەوەش خۆی بەڵگەیە بۆ ئەوەی محمد، خۆی لەسەر دینی یەهودی نەسارێ بووە، بۆیە بەو مارەبڕییە ڕازیبووە.

لە ڕێبازی دینی یەهودی نەساری، مرۆڤ دەبێ خۆی لەسەر ئەو دینەبێ یان ڕیزی بۆ یاساکانی ئەو دینە لەسەر هاوسەرگیری هەبێ، ئەوسا دەتوانێ هاوسەرگیری بکا. ئەگەر محمد خۆی لەسەر ئەو دینە نەبوایە، بوت پەرست یان دینێکیتر بوایە، لێنەدەگەڕا بەپێی نەرێتی یاسای دینی یەهودی نەساری مارەبڕی بۆ بکرێ [554].

لە دینی یەهودی نەسارێ، پێنج خاڵ هەن کە دەبێ لە مارەبڕیندا پەیڕەوبکرێن. هەر پێنج خاڵەکان لە مارەبڕینی خدیجە و محمد پەیڕەوکروان.

١ بوونی قەشەیەک بۆ سەرپەرشتی مارەبڕین و دڵنیابوون لە نەرێتی یەهودی نەسارێ و لە کۆتاییشدا بڵێ (من ئێوەم لەیەکتری مارەکرد. و ئێستا ئێوە ژن و مێردی یەکترین).

---

[553] الحريری، أبو موسی (٢٠٠٥) قس و نبی ص ٣٩

[554] الحريری، أبو موسی (٢٠٠٥) قس و نبی، بحث فی نشأة الإسلام ص ٣٩

٢ هەردوو هاوسەر بە دڵنیاییەوە یەکتر پەسند کەن. ئەوەش خەدیجە دەستپێشخەری کرد و بە محمدی گوت: ئامۆزا من ئارەزووم لە تۆە. و محمدیش ڕەزامەندی دەربڕی. و مامەکانی دڵخۆش بوون. لەکاتی ئاهەنگگێڕان أبی طالب ئارەزووی برازاکەی ڕاگەیاند.[555]
٣ بوونی گەواهی لە آل قورەیش و خزم و کەسیان.
٤ ڕاگەیاندنی هاوسەرگیریان لەبەردەم ئامادەبووان.
٥ لە کۆتایش کە لە هەمووی گرنگترە، بەردەوامی هاوسەرگیریان تا مردنی یەک لە هاوسەرەکان. إبن هشام دەڵێ خدیجە یەکەم ژن بوو نێردەی خودا هاوسەرگیری لەگەڵ بکا. تا مرد لەگەڵ کەسیتر هاوسەرگیری نەکرد.[556]

٨ مردنی قەشە وەرەقە و گۆڕینی ڕووگە لە ئۆڕشەلیم بۆ مەککە. ئەو خاڵەی زۆر گرنگە هەڵوێستەی لەسەربکرێ. بە پێی سەرچاوە مێژووییەکانی ئیسلام. دەبێ دوای مردنی قەشە وەرەقە، و خدیجە و أبی طالب، ئەوسا محمد، خەیاڵی گۆڕینی قیبلەی کەوتە سەر. ئەوەش ماوەیەکی باشی برد تا لە مەدینە ڕایگەیاند.قیبلە بەرەو مەککە بگۆڕێ. هەرچەندەڤ مێژوونووسانی موسوڵمان دەڵێن لە ئۆڕشەلیمەوە بەرەو مەککە گۆڕی (کەعبە) بووە.[557]
ئەوە قیبلە گۆڕینەش لای موسوڵمانان بەخاڵی وەرچەرخان دادەنرێ. بەڵام سەرچاوەی تر ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ساڵی ٦٤٠ س.ب بەدواوە، موسوڵمانان دەستیانکرد بە گەڕان، بە دوای قیبلەیەکی نوێ. بۆ خوداپەرستی. قیبلەیەکیتر لەجیاتی ئۆڕشەلیم.[558]

---

[555] سيرة بن هشام ١: ١٧٣، السيرة الحلبية ١: ١٥٣
[556]الحريری، أبو موسى (٢٠٠٥) قس و نبی ص ٣٩
[557] الحريری، أبو موسى (٢٠٠٥) قس و نبی، بحث فی نشأة الإسلام ص ٣٩
[558] Odon Lafontaine (Olaf) The great secret of Islam. Pp 58

لەگەڵ ئەوەشدا، دوای مەرگی قەشە وەرەقە، لەسەر خۆ دینی یەهودی نەسارِی، ئاڕاستەیەکیتری وەرگرت. لێرە بە دواوە، ئەگەر چی هێشتا هەر لە ژێر هەژموونی قەشە وەڕەقە بوو. محمدیش هەر موژدەدەر بوو، کەچی خۆی فۆرمی پەیامەکەی دادەڕشت.

لەو قۆناخەدا واتە لە مەرگی قەشەوە تا کۆچی بۆ مەدینە، هێشتا نەیتوانیبوو لە چوارچێوەی یاساکانی موسا، و ڕێبازی یەهودی نەسارِی دەربچێ. بۆ بەڵگەی ئەو دەربڕینە دەبێ ئاماژە بەوە بکەین، کە لە سەرتاسەری قورئانی مەکە، بێجگە لە یەک ئایەت، لە سورەتی الأعراف کە لە کۆتایی سەردەمی مەککە و دوای مردنی قەشە ورەقە، خەدیجە و أبی طالب هاتووە. ئەگینا لە هیچ جێگایەکیتر محمد بە نەبی ناو نابا. تەنیا بە موژدەدەر :

ئەم دوو ئایەتەی خوارەوەش لە سورەتی الأعراف، بەڵگەن بۆ ئەوەی تا قۆناخی کۆتایی مەککە و سەرەتای قۆناخی مەدینە،کە دەکاتە دوای مەرگی قەشە وەرەقە و خەدیجە و أبی طالب هێشتا محمد وەک دیندارێکی پایەبەرزی یەهودی نەسارِی هەڵسوکەوتی دەکرد و هەمیش وا دەبینرا.

القرأن الكريم – الأعراف ٧: ١٥٧ – ١٥٨

ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِيَّ ٱلۡأُمِّيَّ ٱلَّذِي يَجِدُونَهُۥ مَكۡتُوبًا عِندَهُمۡ فِي
ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَٱلۡإِنجِيلِ يَأۡمُرُهُم بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَىٰهُمۡ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ
ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡخَبَٰٓئِثَ وَيَضَعُ عَنۡهُمۡ إِصۡرَهُمۡ وَٱلۡأَغۡلَٰلَ ٱلَّتِي
كَانَتۡ عَلَيۡهِمۡۚ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِهِۦ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَٱتَّبَعُواْ ٱلنُّورَ ٱلَّذِيٓ
أُنزِلَ مَعَهُۥٓ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ (١٥٧) قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ
إِلَيۡكُمۡ جَمِيعًا ٱلَّذِي لَهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحۡيِۦ

وَيُمِيتُۖ فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِ ٱلنَّبِيِّ ٱلۡأُمِّيِّ ٱلَّذِي يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ وَكَلِمَٰتِهِۦ وَٱتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمۡ تَهۡتَدُونَ (١٥٨)

بۆ ئەوانەی کە شوێن پەیامبەر کەوتوون. کە پەیامبەرێکی ئومیە. و لەلایەن پەروەردگارەوە هاتووە (١٥٧) بڵێ ئەی خەڵکینە من پەیامبەر و نێردەی خودام، بۆ ئێوە هەمووتان........ کەواتە باوڕ بە خودا و پەیامبەری بهێنن. کە نێرداوێکی ئومیە. ئەویش باوەڕی بە خودا و ووتەکانی هەیە. ئێوەش شوێنی کەون و پەیڕەوی بکەن. تا بکەونە سەر ڕێگای ڕاست (١٥٨)

ئەوەش ئەوەمان دەداتە دەست کە قەشە وەرەقە محمدی بۆ جێنیشینی خۆی ئامادە دەکرد. کە ببێتە سەرۆکی کەنیسەی یەهودی نەساڕی ئەبیۆنی لە مەککە. نەک بۆ ئەوەی ببێتە نەبی. بۆیە بە موژدەدەر و ئاگادارکەرەوە (مبشر و نذیر) ناوی هاتووە [559].

٩ لە سەرەتای ئیسلام وانە بێژەکان یەهودی نەساڕی بوون

لەسەردەمی قۆناخی سەرەتای بانگهێژی دینە نوێکەی محمد لە یەتروب، سەرجەم وانەبێژ و ڕێنمایی کەر و ئامۆژگاریکەرانی دین، بە شێوەیەکی ئاسایی یەهودی نەساری بوون. ئەوانەش سەرچاوە و ئامرازی لێکدانەوە ڕێنمایی ڕێبازی دینی بوون. پرسیارەکە لەوەدایە. ئەگەر ئەو دینە یەهودی نەساری نەبوو، دینێکی نوێ ڕاستەوخۆ لەلایەن خوداوە لە ڕێگای جوبرائیلەوە هاتبێ، چۆن کەسانی لەسەر دینی یەهودی نەساڕی، دەبوونە ڕێنما و ئامۆژگاریکەر، بۆ ئاراستەکردنی دینێکی تری نوێ. و جێی متمانەی پەیامبەر و گشت یاوەرانی

[559] حسین، العودات (١٩٩٢) العرب النصاری، عرض تاریخی.

بن و تەنانەت لەو کاتە ناسکەدا، کە بناخەی دینەکە هێشتا لە ڕۆنانە، ئەوان ئاڕاستەی دیاربکەن.

لێرەدا دەردەکەوێ ئەو دینە نوێیە هەمان دینی یەهودی نەساڕی بووە. ئەو کەسانەی ڕێنمایی و ئامۆژگارییان کردووە. و زانیارییان لەسەر دین هەبووە، یەهودی نەساری بووین. و بەپێی دینی نەساریش، ئامۆژگاری و ڕێنماییان کردووە. چونکە تا ئەو کاتەش قورئان لە قۆناخی سەرەتای بوو [560].

پرسی ڕۆڵی نەساڕیەکان لە سەرەتای دینە نوێکە، لە قورئاندا بە ڕوونی ئاماژەی پێکراوە. کە ئەو دەستەیە یەهودیە نەساڕیەکانن (قورئان تەنیا بە نەساڕی یا نەسرانی ناویان دەبا)، لە نەتەوەی موسا، یارمەتی محمد دەدەن بۆ بانگهێژی دینەکەی و گەیاندنی پەیامەکەی. هەروەها بۆ پشتڕاستکردنەوەی پەیامەکەی، دەبێ بۆ زانیاری دین و دادگەری بەپێی یاساکانی خودا پرسیان پێبکرێ.

القرأن الكريم - سورة الاعراف ٧: ١٥٩

وَمِن قَوۡمِ مُوسَىٰٓ أُمَّةٞ يَهۡدُونَ بِٱلۡحَقِّ وَبِهِۦ يَعۡدِلُونَ (١٥٩)

دەستەیەکیش لە هۆزی موسادا هەن، بەڕاستی ڕێنمایی دەکەن و هەر بەڕاستیش دادوەری دەکەن (١٥٩)

دەستەیەک لە هۆزی موسا، بە دڵنیاییەوە یەهودی حاخام نین، بەپێی ئەوەی ڕەچەڵەکی محمد و بنەماڵەکەی و ژینگەی نزیکی تەنیا یەهودیە نەساڕیەکانن. کە ئەو ڕێژەیان هەبێ بکرێنە ڕێنماو جێی متمانەبن. ئەوەش لە قورئان - سوڕەتی المائدة باڕاشکاوی دانی پێدادەنێ.

[560] الحريرى، أبو موسى (٢٠٠٥) قس و نبى، بحث فى نشأة الإسلام، ص ٨٧

سورة المائدة ٥: ٨٢

لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ ٱلنَّاسِ عَدَٰوَةً لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلۡيَهُودَ وَٱلَّذِينَ أَشۡرَكُواْۖ وَلَتَجِدَنَّ أَقۡرَبَهُم مَّوَدَّةً لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَٰرَىٰۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّ مِنۡهُمۡ قِسِّيسِينَ وَرُهۡبَانًا وَأَنَّهُمۡ لَا يَسۡتَكۡبِرُونَ (٨٢)

دەبینی نزیکترین لە سۆز و خۆشەویستی بۆ ئەوانەی باوەڕیان هێناوە. ئەوانەن کە دەڵێن: ئێمە نەسارین. ئەوەش لەبەر ئەوەی هەندێکیان قەشەن و هەندێکیشیان ڕەبەنی (ڕهبان) دیندارن بێگومان ئەوانە لەڕاستی ڕەواییدا خۆ بە زلزان نین (٨٢)

سۆز و خۆشەویستی قەشە وەرەقە و بوحیرای ڕەبەن و ئەوانیتر جێگای ڕەزامەندی و متمانەی محمد و یاوەرەکانییەتی. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی و دۆستایەتی ئەو یەهودیە نەسارِیانە، لە بنەماڵەی هاشم و بزوێنەری ئەو شەپۆلە بوون کە لە کۆتایی بووە دینی ئیسلام. بۆیە لە قورئان بە ڕاشکاوی بە نەبی محمد دەڵێ:

سورة یونس ١٠: ٩٤

فَإِن كُنتَ فِي شَكّٖ مِّمَّآ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ فَسۡـَٔلِ ٱلَّذِينَ يَقۡرَءُونَ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكَۚ (٩٤)

ئەگەر تۆ لەوەی بۆمان ناردووی بە گومانی. دەسا لەو کەسانە بپرسە کە بەر لە تۆ پەرتووکیان خوێندۆتەوە (٩٤)

لەم سێ ئایەتە دا، نووسەری قورئان بە روونی ئاماژە بە یارمەتی و ڕێنمایی یەهودیە نەسارِیەکان دەکات. تا دەگاتە ئەوەی بۆ پشتڕاستکردنەوەی پەیامەکەی دەبێ پشت بەو

دەستەیە، لە هۆزی موسا ببەستن. هەر ئەوەشە محمد هەر لە دوای کۆچ و گیرسانەوەی لە مەدینە، بەرەنگاری یەهودییەکانی حاخامی بووەوە. ئەوەش بە بیانۆی گوایە گومران و دەستکاری تەوراتیان کردووە. کەچی ئەو بەرەنگارییە هی یەهودیە نەسارپەکان بوو. کە دوژمنی مێژوویی یەهودی حاخامی بوون و بە گومرا و دۆزەخی ناویان دەبردن. محمدیش تەنیا بەردەوامی بەو دژایەتییە دەدا، کە بۆی مابووەوە. ئەو دژایەتییەش تائێستا هەر بەردەوامە. بەو شێوەیە محمد و دینەکەی شەرێکی بۆ ماوە لە باپیرانیان درێژە پێ دەدەن.

لێرەدا دەبێ تێبینییەک بخرێتە ڕوو. لە سورەتی آل عمران ٣: ٦٧ دا هاتووە:

سورة آل عمران ٣: ٦٧

مَا كَانَ إِبۡرَٰهِيمُ يَهُودِيّٗا وَلَا نَصۡرَانِيّٗا وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفٗا مُّسۡلِمٗا وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ (٦٧)

ئیبراهیم نە یەهودی بوو. و نە نەسارِی، بەڵکو حەنەفیەکی ملکەچی خودابوو. و هیچ هاوبەشی بۆ پەیدا نەکرد (٦٧)

ووشەی نەسارِی لەم ئایەتەدا، لەسەرتادا نەبووە، بەڵکوو دوای مردنی محمد. زۆر دواتر لێی زیادکراوە. ئەگینا تەنیا ناوی یەهودی دێنێ و بەس.

١٠ قەشە وەرەقە مزگێنی دەداتە محمد

لە گشت خاڵەکان گرنگتر، ئەوەیە کە قەشە وەرەقە زیاتر لە سەد ساڵ ژیا. و هەر بە یەهودی نەساریش مرد. و نەهاتە سەر دینە نوێکەی محمد. ئەوەش سەرەڕای ڕێنوێنی بەردەوامی بۆ محمد. تا دەگاتە ئەو ئاستەی، بە پێی سەرچاوە ئیسلامیەکان، خۆی موژدەی دایە محمد کە نەبیە، وەک موسا بۆ بەنی ئیسڕائیل چۆن بوو .محمدیش بۆ نەتەوەی بەنی ئیسماعیل وایە. ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی، کە ئەو دینە نوێیە، ئەگەر لە ماوەی ژیانی قەشە وەرەقەش نەبووبێ. ئەوە دوای کۆچ لە مەدینە ئەو دەرفەتە ڕەخساوە. تا هەنگاوی

جیابوونەوە باوێ. لە ڕاستیدا دینە نوێکەی محمد، بێجگە کۆپییەکی یەهودی نەساری ئەبیۆنی زیاتر نەبوو [561]

بۆ نموونە با سەرنجێکی ئەو ڕووداوە بدەین: کاتی محمد لە ئەشکەوتی حەرا، لە خڵوەت بوو و نوێژی دەکرت و بەڕۆژوو دەبوو. و بیری لە الله دەکردەوە. ئەو کاتە تەمەنی چل ساڵ بوو.

وەک ژیاننامەکان(السیرە) دەگێڕنەوە: لە کۆتایی مانگ بوو جوبرائیل هاتوو مزگێنی دایە محمد. دوایی ئەو ڕووداوە محمد بە پەشۆکاوی هاتەوە ماڵ. و باسەکەی بۆ خەدیجەی هاوسەری گێڕایەوە، دەستبەجێ خەدیجە ووتی (مزگێنی دەدەمە کوڕی مامم و ئەوە سەلمێندرا. خەدیجە دەستەکانی لە یەکتری دان. گوتی من دەپاڕێمەوە کە تۆ ببیە نەبی ئەو نەتەوەیە). هەر دوای ئەوە خەدیجە جلەکانی لەبەرکردن. و بەپەلە چووە لای قەشە وەرەقەی ئامۆزای. و هەواڵی بەسەرهاتی محمدی بە درێژی بۆ گێڕایەوە. پێش ئەوەی خەدیجە قسەکانی کۆتایی پێبێنێ. قەشە وەرەقە بە دڵنیاییەوە گوتی: پیرۆزە، پیرۆزە. دەستەکانی تێکهەڵگوشین. و گوتی: ئەگەر تۆ باوەڕت بەمن هەبێ ئەی خەدیجە. ئەوە

یاسای مەزنە هات. وەک ئەوەی بۆ موسا هات. ئەو (محمد) نەبی ئەو نەتەوەیە. پێی بڵێ

[561] الحوار المتمدن العدد: ٢٤٣٧ تاريخ ١٧- ١٠ – ٢٠٠٨

ئێستا سەلمێندرا. کە ڕزگارکەری چاوەڕوانکراو هات. [562]

لەم سیناریۆیەدا دەبینین چۆن هەردوو ئامۆزا قەشە وەرەقە و خەدیجە، چەند ڕۆڵێکی کارامەیان هەیە، لە پرۆسەی پێگەیاندن و ڕێنمایی محمد. باش وەک بەوە دەکەین کە خەدیجە دەیزانی پلانی قەشە چییە. بۆیە دەڵێ:

مزگێنی دەدەمە کوڕی مامم ئەوە سەلمێندرا.

دوای ئەوە قەشە وەرەقە دەڵێ:

پیرۆزە، پیرۆزە. و بەردەوام دەبێ.

مرۆڤ وەک بەوە دەکا، تەنیا شانۆگەرییەکە، بۆ ئامادەکردنی دیمەنی دواتر و کاریگەرتر. سەرەڕای ئەوەش سەرچاوەکان گشتیان هاوڕان کە قەشە وەرەقە، تا مردیش هەر لەسەر

دینی نەسارِی مایەوە، و باوەڕی بە هیچ دینێکی تر نەهێنا.

---

[562] الحريري، أبو موسى (٢٠٠٥) قس و نبی، بحث فی نشأة الإسلام ص ٧٦، سيرة ابن هشام ١: ٢٢١، سيرة الحلبيه ١: ٢٦٢، طبقات ابن سعد ١: ٣٠١ - ٣٠٢، الكامل فی التاريخ، لابن الاثير ٢: ٣١

بەڵام ڕۆڵ و کەسایەتی قەشە وەرەقە لای محمد ئەوەندە بەرزبوو. کە دوای مردنی قەشە وەرەقە، هەر بەردەوام سەنا و پیاهەڵدانی بۆ دەکرد. کە بەچاوی خۆی لە بەهەشت بینیوویەتی. بەرگێکی ئاوریشمی لەبەردابووە. ئەوە سەرەڕای ئەوەی قەشە وەرەقە هەرگیز باوەڕی بە ئیسلام نەهێنا و هەر بە نەسڕانیش مرد. بۆ نموونە:

پەیامبەر دەڵێ:

> من قەشەم بینی، واتە وەرەقە لە بەهەشت. جلێکی ئاوریشمی لەبەردابوو.

لەریوایەتێکی تر دەڵێ:

> بینیم. بینیم جلێکی سپی لەبەردابوو. بە باوەڕی من، ئەگەر دۆزەخی بوایە، نەدەبوو جلی سپی لەبەردابوایە.

لەریوایەتێکی تر، سەبارەت بەوەی خەڵکی قسەی بە قەشە وەرەقە گوتووە. محمد دەڵێ:

> جنێو بە وەرەقە مەدەن. من ئەوم لە بەهەشت بینی یان لە دوو بەهەشت. لەبەر ئەوەی ئیمانی بەمن هێنا و باوەڕی پێکردم.[563]

---

[563] الحريرى، أبو موسى (٢٠٠٥) قس و نبى، بحث فى نشأة الإسلام

ئەوەی لێرە دا گرنگە، بە گوێرەی یاساکانی ئیسلام دەبێ قەشە وەرەقە دۆزەخی بێ، لەبەر ئەوەی، وەک یەهودی نەسارییەک مردووە. کەچی مەبەستی محمد ئەوەیە، قەشە وەرەقە هەم یەهودی نەساڕی بووە، و هەم دەبێ باوەڕێشی بە محمد هێنابێ.

ئەوەش بۆمان دەردەخا، قەشە وەرەقە تا چ ئاستێک، کاریگەری لەسەر محمد و پەیامەکەی هەبووە. تەنانەت دوای مردنیشی، کۆنترۆڵی لەسەر کەسایەتی و پەیامی هەیە. لە هیچ سەرچاوەیەکی ئیسلام و دەرەوەی ئیسلام، نەهاتووە کە قەشە وەرەقە، هەڵوێستی لەسەر پەیامی محمد بۆ دینە نوێکەی هەبووبێ. ئەوەش لە خۆیدا بەڵگەیە کە ئەو دینە دوای قەشە، ئەو ئاڕاستەیەی وەرگرتبێ. کەچی محمد دەڵێ باوەڕی پێهێنام. لەم قسەیەی محمد، بۆمان دەردەکەوێ کە قەشە هەرچەندە بە نەساری مرد، کەچی موسوڵمان بوو. چونکە ئیسلام و یەهودی نەساڕی هەمان دینن. بەو پێیەبێ قەشە وەرەقە بەر لە محمد موسوڵمان بووە و محمدیش قوتابیەکی گوێڕایەڵ، و جێ هیوای قەشە بووە. و وەک نەسارییەک پەروەردەی کردووە.

١١ دوای مردنی وەرەقە، وەحیش بۆ ماوەیەک وەستا

پەرتووکەکانی کەلەپووری ئیسلامی، ئاماژە بەوە دەکەن کە دوای مردنی قەشە وەرەقە، وەحیش بۆ ماوەیەک وەستا، هەندێکیان ئاماژە بە سێ ساڵ دەکەن. کە جوبرائیل ئیتر سەردانی محمدی نەدەکرد. ئەوەش بەڵگەیە، کە قەشە وەرەقە سەرچاوەی ئەو زانیاریانە بووە، کە محمد وەک پەیام بڵاویکردوونەتەوە.

مەرج نییە ئەو ئامۆژگاری و ڕێنماییانە، بۆ دینێکی نوێ بووبن، لەبەر ئەوەی قەشە وەرەقە محمدی بۆ جێنیشینی خۆی پەروەردە دەکرد. بۆیە مردنی قەشە وەرەقە، مەرگی سەرچاوەی ڕێنمایی و ئامۆژگاری بوو. و بووە کارەساتێک بۆ محمد و پەیامەکەی. هیچ دوور نییە، لە بێ

هیوایی، تووشی خەمۆکی بووبێ. و ماوەیەک وازی لە موژدەدان هێنابێ. دوای تێپەڕینی ماوەیەک کە محمد توانی لەو قەیرانە دەروونیە دەرچێ. ئەو سێ ئایەتەی خوارەوە دادەبەزن.

سورة الضحى ٩٣: ٣ -٥

مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَىٰ (٣) وَلَلْآخِرَةُ خَيْرٌ لَّكَ مِنَ ٱلْأُولَىٰ (٤) وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَىٰٓ (٥)

پەروەردگات وازی لە تۆ نەهێناوە. و لێشت قەڵس نییە (٣) خۆ دیارە بۆ تۆ، دواڕۆژ لەو دونیایە چاکترە (٤) بەم زوانە پەروەردگارت چاکەی وات لەگەڵ دەکا، تۆ ڕازی دەبی (٥)

لەلایەکیتر ئەو خەمۆکی و بێهیواییە، چەندین ڕیوایەتی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. ئەوەش کارێکی ناوێزە نییە. زۆربەی هەرە زۆری حدیس و ڕیواتەکان دروستکراون و لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان، بە تایبەتی دەقەکانی قوڕئان یەکتر ناگرنەوە. ئەوەش کێشەیەکە بۆ باوەڕداران و ڕێبەرانی دین دروستبووە. جا ئەو حەدیس و ڕیوایەتانە، لەلایەن هەر ڕێبازێک بۆ بەرژەوەندی ئەو ڕێبازە دروسکراون. یەک لەو ڕیوایەتانەی بە ناوی عائیشە دەگێڕنەوە، کە ناکرێ جێی گومان نەبێ.

لە صحیح بخاری روایەتی ژمارە ٤٩٥٣

لە دەمی عائیشە دەگێڕنەوە، گوتوویەتی: دوای وەرەقە دیارنەما و مرد، وەحیش بۆ ماوەیەک وەستا. بەوە پەیامبەری خوداش خەم دایگرت.[564]

---

[564] صحیح بخاری روایة رقم ٤٩٥٣، الحریری، أبو موسی (٢٠٠٥) قس و نبی، بحث فی نشأة الإسلام ص ٣٢

ئەو ریوایەتە، ناکرێ جێگای باوەڕبێ. و دەبێ دروستکراوبێ. لەبەر دوو هۆ:

یەکەم: لەسەردەمی قەشە وەرەقە لە ژیاندابوو. محمد هێشتا موژدەدەر و ئاگادارکەرەوەی دینی یەهودی نەساڕی بوو. قەشە وەڕەقە بەردەوام ناوەرۆکی ئینجیلی عیبرانی و تەوراتی بۆ ئامۆژگاریکردن دەدایە محمد. کە دواتر ناوی سوڕەتەکانی مەککەی لێنرا. زۆر دوای ئەوە دەوڵەتی ئیسلام لە مەدینە دروستبوو، دواتریش دینی ئیسلام وەک پاشکۆی ئەو دەوڵەتە دروستکرا. ماوەی نێوان مەرگی قەشە و دامەزرانی دەوڵەتی ئیسلام، نزیکەی ٧ ساڵ دەبێ. خۆ ئەو دەمە ئایدیای وەحی بوونی نەبووە. ئەی باشە لە کوێ وەستا.

دووەم: کاتی محمد هاوسەرگیری لەگەڵ عائیشەکرد تەمەنی ٥٣ ساڵ بوو. واتە ١٣ ساڵ دوای بانگهێژی. کەچی قەشە وەڕەقە ٤ ساڵ دوای بەناو بانگهێژی پەیامی محمد مردووە. هەروەک سەرچاوەکانی ئیسلام و نا ئیسلامی دەڵێن عائیشە لە تەمەنی ٨ ساڵی هاوسەرگیری لەگەڵ محمد کردووە. کەواتە لە نێوان ساڵێک تا دوو ساڵ، دوای مردنی قەشە وەرەقە عائیشە لەدایک بووە. بۆیە ڕێی تێناچێ، عائیشە ئەو ڕیوایەتەی گێڕابێتەوە. مەگەر لە کەسێکی بەتەمەنی بیستبێ، و دووبارەی کردبێتەوە.

لە جێگای خۆیەتی بەسەرهاتێکی أمیة بن أبی صلت بگێڕینەوە:

ئەوەی تۆزێک لە ئەدەبی سەردەمی جاهیلی بزانێ، ناوی أمیه بن أبی الصلت وەک ناوێکی درەوشاوە، لە ئاسمانی شیعری جاهیلی بیستووە. بەڵام ئەوەی کە لەبارەی أمیة نەزانراوە ئەوەیە، یەک لەو کەسانە بووە ئارەزووێکی زۆری هەبووە بە ناوی

نەبی [565] بانگی بکەن. أمية بەردەوام باسی دینی دەکرد. و لە دڵەوە خوازیار بوو ببێتە نەبی.

عومەری کوڕی ابی بەکر المؤلمی دەگێڕێتەوە. دەڵێ أمیه بن أبی الصلت خۆی لە دین دەدا و حەزی لەوە بوو، ببێتە نەبی. جارێکیان لەگەڵ کاروان دەچێتە شام. کۆمەڵێکی عەرەب و قورەیشی لەگەڵدابوون.

لە شاری بوسری لە شام، بەلای کەنیسەیەکدا تێدەپەڕن. أمیه پێیان دەڵێ: من پێویستە بچمە ئەو کەنیسەیە، چاوەڕوانم بن. لەسەرخۆ دەچێتە ژوور. دوایی بە دەم و چاوێکی کز و ڕەنگی تێکچوو دێتە دەرەوە. بەڵام خۆی گرت و هیچی نەگووت. بۆ ناو شار ڕۆیشتن و کاروباری خۆیان جێبەجێکرد. لە گەڕانەوە بەلای کەنیسەکە دا تێپەڕینەوە. دیسان وەک جاری پێشوو گوتی چاوەڕوانم بن. لەسەر خۆ چووە ژوور. دوایی کە هاتە دەرەوە. حاڵی لەجاری پێشتر خراپتر بوو، و زۆر تێکچووبوو.

ئەبو سوفیان کوڕی حرب گوتی: لە هاوڕێکانت دابڕایت؟!!

أمیه بن أبی الصلت گوتی:

[565] نەبی بەمانای پەیامبەر نایە، بەڵکوو زیاتر موژدەدەر و ڕێبەری دین دێ. ئەوەش بەڕوونی لە شیعرەکانی أمية دەردەکەوێ. بۆیە با لەگەڵ نێردە یان پەیامبەر تێکەڵی نەکەین. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەپێی سەرچاوەکانی دین دەبێ ١٢٤ هەزار نەبێ هەبووبن. بەڵام ژمارەی پەیامبەران بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن.

لێم گەڕێن من خۆم بۆ دوژمنم، بەرەنگاری خۆم دەبمەوە. ڕاهبێک لێرە پێی ڕاگەیاندم گەر شەش مەرج هەیە تێت دابێ، دەبیە نەبی و جێگری یەسو (عیسا) لە دین. لەوانە من پێنج مەرجم تدا هەبوون، و یەک مابووەوە. من ئارەزووی بوونە نەبییەتیم هەیە. لەوە دەترسام هەڵەم لێبگیرێ. چونکە لەو شتەی لێرە بینیم دەترسام. کە جاری دووەم گەڕامەوە و چوومەوە لای هەمان ڕەبەن. گوتی: مەرجێک مابوو. ئێستا نەبییەک لە ناو عەرەب پەیدابووە. ئەوەش ئەو هەواڵە بوو، من چاوەڕوانم نەدەکرد. ئێستا بێ هیوابووم و ئەوەی لێی دەترسام ڕوویدا. [566]

دوای ئەو بەسەرهاتە و گەڕانەوەی أمیة بن أبی صلت. ئەوەندەی پێنەچوو نەبییەتی محمدڕاگەیێندرا. أمیە هەرچەند باوەڕی تەواوی بە یەکتاپەرستی هەبوو. و چەندین شیعری لەسەر خودا و یەکتاپەرستی و ڕێبازی ئیبراهیم نووسیون. کەچی هەرگیز باوەڕی بە محمد نەهێنا.

ئەو گومانەشی سەبارەت بە محمد، دڕدۆنگی لە شیاوی و جێباوەڕی، ناشارێتەوە. کە لەسەرەمەرگ دەریدەبڕی، و دەڵێ:

من دەزانم حەنیفی ڕێگایەکی ڕاستە. بەڵام گومان بەرامبەر محمد لەدڵمدایە. [567]

---

[566] الاب انستا ماری الکرملی (١٨٩٦) ادیان العرب و خرافاتهم ص ٣٩

[567] هەمان سەرچاوە ص ٤٢

بەرەچاوکردنی ئەوەی أمیە، هەم ئاستێکی بەرزی لە شیعر و ئەدەبیاتی ئەو سەردەمە دا هەبوو. هەم حەنیفیەکی لە دڵەوە بوو. ئەوەش لە شیعرەکانی و ئاکارەکانی ڕۆژانەی بە ڕوونی دەردەکەوێ. بۆیە دەکری، ئەم دەربڕینە بە دوو شێوە لێلک بدرێتەوە.

یەکەم: پرسی نەبیەتی و هەڵبژاردنی، داهینانێکی یەهودیە نەسارییەکان بوو. ئەوەی کە پێی ڕەوا ببیزابوایە، دەبوایە یەهودی نەساری بێ. هەرچەندە أمیە خۆی لە یەهودیە نەسارییەکان بوو. بەڵام پێگای کۆمەڵایەتی بنەماڵەی محمد، دەوڵەمەند، و سەرپەرشتکاری کەعبە و أهل البیت بوون. بۆیە لە بەراوەکێی پرۆسەی نەبیەتی. ناتوانێ بەرامبەر محمد سەوکەیێ. و ببێتە جێگای ڕەزامەندی ڕاهب بوحیرا و یەهودیە نەسارییەکانیتر.

دووەم: پرسەکە لەسەر کەسایەتی محمد خۆیەتی. کە ڕەنگە أمیە کە دەیناسی گومانی لەسەرڕاستی و خودا پەرستی هەبووبێ. بۆیە سەرڕاست گومانی خۆی لە هەردوو بارەکە، دەردەخا.

ئەوەش یەک مانا دەدا. کە هەڵبژاردنی محمد وەک نەبی جێی گومانە. و لەبنەڕەتدا، بێجگە لە دەقەکانی قورئان، بەڵگەیەکیتر نییە، بیسەلمێنێ، وەحی بۆ محمد هاتبێ. بەڵکوو هەڵبژاردنی و دواتریش هاتنی وەحی، شتێکی هەلبەستراوە. نەبیەتی محمد، لەبەر پایەگای بنەماڵەکەی بوو. ئەوەش دواتر باش ئاشکرا بوو.

له بەرامبەر ئەوەدا، دەبینین محمد نکۆڵی لە گەورەیی و بەرزی ئاستی شیعرەکانی أمیە ناکا. لە پرسیارێک دەربارەی أمیە دەڵێ:

باوەڕداری لە شیعرەکانی دا، و گومرایی لە دڵی بوو. [568]

واتە زانیاری و خوداپەرستی ئومییە، کە لەڕێی شیعرەکانییەوە دەربڕیووە. قورئانیش هەندێک لە شیعرەکانی وەک ئایەت دووبارە کردوونەتەوە. بەڵام محمد ئەو ڕقەش ناشارێتەوە. کە أمیە بەوە ڕازی نەبووە، باوەڕ بە محمد و دینەکەی بێنێ. تەنانەت گومانیشی لەسەر دڵپاکی هەبووە. بۆیە دەڵێ دڵی گومڕابوو.

سەبارەت بە شاری بوسري، لەو سەردەمەدا ناوەندی دینی یەهودیە نەسارییەکان بوو. لەوێ دەستەڵاتیان بەسەر میسۆپۆتامیا و شام و حیجازدا دەڕۆیشت. ئەو ڕەبەنەی أمیة بن أبي الصلت بینیوە، بوحەیرای ڕەبەن بووە. کە لەو سەردەمە، مەترانی شام بوو لەسەر یەهودیە نەسارییەکان. و بە جێنیشینی یەسو (عیسا) دادەنرا لەسەر دین. بوحیرای ڕەبەن وا دادەنرا، پێشبینی لە کریستی چاوەڕوانکراو دەکرد. هەڵبەتە ئەوەش پلانێک بوو لەگەڵ قەشە قەرەقە دایاننابوو. و پەیرەویان دەکرد. سەردانی محمدیش بیانۆیەک بوو بۆ بڕیاری چارەنووسی وەک کەسێکی بەرز و پیرۆز.

[568] هەمان سەرچاوە ص ٤٤

باچیرۆکێک لەسەر دیدارێکی محمد و بوحیرای ڕەبەن بگێڕینەوە. هەرچەندە محمد منداڵ بووە لەگەڵ ئەبی تالبی مامی چۆتە خزمەت بوحیرا. بەڵام لەو چیرۆکە دروستکراوە، وەک پەرجوێک هۆنراوەتەوە. کە پەیامبەر دەناسرێنەوە.

دیداری محمد لەگەڵ بوحیرای ڕەبەن، دەڵێن جارێکیان لە شاری بوسری، لە شام. محمد لەژێر سێبەری درەختێک لە نزیک دێرێک بە ناوی (القصر)، بە چاوەڕوانی دانیشتووە. لەو کاتەدا ڕەبەنێک (بوحیرا) چاوی پێدەکەوێ و لای نامۆنابێ. یان هەست بە ئاشنایەتی دەکا. [569] دەڵێ:

ئەی مەیسەرە ئەوە کێیە لەژێر ئەو درەختە دانیشتووە؟

مەیسەرە گوتی: ئەوە پیاوێکی قورەیشییە و ئەهلی حەرەمە.

ڕەبەن گوتی: لەو کاتە بێجگە لە نەبی، کەسیتر لە ژێر ئەو درەختە دانانیشێ.

دوای ئەو جارە، هەر جارەی محمد دەچووە شام، بە هەفتە و مانگ لە بوسری و لە خزمەتی بوحیرای ڕەبەن دەمایەوە. ڕێنمایی و ئامۆژگاری دەکرا.

---

[569] ڕەنگە ئەو چیرۆکە دروستکراوبێ، لەبەر ئەوەی محمد لەتەمەنی منداڵی بۆ حەج لەگەڵ ئەبی تالبی مامی سەری لە شاری بوسری داوە و چاوی بە بوحیرای ڕەبەن کەوتووە. کەواتە بۆ لەژێر درەخت دابنیشێ، لە کاتێکدا دەیزانی، کەنیسە لە کوێیە. سەرەڕای ئەوە، بۆ درەختێک بە تەنیا نیشانەی نەبیەتی بێ؟ ئەو ڕووداوە زۆر جێگای گومانە.

تەنانەت لە دیدارێکدا بوحیرا، سەبارەت بە چارەنووسی محمد دەڵێ:
دەبێتە نەبی ئەو نەتەوەیە. [570]

کارەساتی دواتر بۆ محمد، مردنی خەدیجە و أبی طالب بوو. کە چەند ساڵێک دوای مردنی قەشە وەرەقە ئەوانیش مردن. ئەوەش بۆ محمد دوولایەنی هەبوو. یەکەمیان بەبێ پارێزگار مایەوە. کە تا ئەو کاتە، لە ژێر سێبەری أبی طالب و خەدیجە دابوو. کە دوو کەسی خانەدان و دەستڕۆیشتووی مەککە بوون. بە نەمانی ئەوان محمد بە هەتیوی و بێ پشتیوان مایەوە. لەلایەکیتر دوای مردنی ئەوان، محمد دەستی ئازاد بوو. ئەو ئازادیەش وایکرد، قۆناخێکی تر و ئاڕاستەیەکیتر، لە ژیانی محمد و پەیامەکەی دەستی پێبکا. هەر چەند سەختتر بوو. بەڵام ڕێگای بۆ ئاوەڵابوو پەیامەکەی بە کام ئاڕاستەدا ببا. [571] ئیتردرچوون لە سێبەری یەهودی نەساری. و دەستپێکردنی قۆناخی دینی ئیسلام دەستی پێکرد.

١٢ قەشە وەرەقە ناسیاو و پەروەردەکاری دینی محمد بوو

قەشە وەرەقە بە درێژایی تەمەنی هاموشۆی محمدی کردووە، یان لە نزیکەوە یەکتریان ناسیووە. بەوەش دەبێ هەر لە دوای لەدایک بوونی محمد، ئەو پەیوەندییە هەبووبێ. بە ڕەچاوکردنی نزیکی، و پەیوەندی بەهێزی قەشە وەرەقە لەگەڵ عبدالمطلبی باپیری و أبی طالبی مامی، شتێکی ئاساییە. لەلایەکیتر قەشە وەڕەقە، وەک پسپۆرێک لە جیهانی دینە ئیبراهیمییەکان. ڕۆڵی مامۆستایی بۆ محمد بینیووە. ئەوەش لەسەر خواستی عبدالمطلب باپیرەی محمد. کە بە دڵەوە دەیەویست قەشە وەرەقە ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ. کاتی وەرەقە مرد، چوار ساڵ بەسەر بانگهێژی محمد بۆ دینە نوێکەی دا تێپەڕیبوو.

[570] یوسف دره الحداد (١٩٦٨) قران دعوة نسرانيه ص ٣٠٦ – ٣٠٨
[571] الحريري، أبو موسى (٢٠٠٥) قس و نبی، بحث فی نشأة الإسلام

١٣ پلانی قەشە بۆ محمد

پلانەکانی قەشە ورەقە بۆ پەروەردەکردنی محمد، لە سەرەتادا پتەوکردنی پێگای دینی یەهودی نەساڕی بوو. لەبەر ئەوەی بنەماڵەی هاشم وەک سەردار و ساماندارى مەککە، بڕەوی باشی بە دەستەڵاتی ئەبیونی لە مەککە دەدا. بەڵام بە مردنی قەشە، هەنگاو بە هەنگاو دینی یەهودی نەساڕی لە مەککە لە ڕەگەوە دەکێشرا و لەجێگای ئەوە، دینێکی نوێ کە لە هەرسێ ڕەوتەکانی یەهودی نەساڕی پێکهاتبوو، گەشەی دەسەند. قەشە لە پلانی بۆ دوارۆژی محمد وەک جێنیشین، هیچ کات مەبەستەکانی خۆی نەدەشاردەوە. [572]

بۆ ئەو کارەشی چەند کەسێکی دەوروبەی نزیک هەبوون کە یارمەتی قەشەیان دەدا و گوێیان لە بانگهێژ و پلانەکانی بوو. گرنگترینیان خدیجە ژنی محمد، ابی طالب مام و سەرپەرشتیاری محمد، ئەبو بەکری صدیق برادەری گیانی بەگیانی محمد، هەروەها باوکی خدیجە دوای ڕەزامەندی لەسەر هاوسەرگیری محمد و خەدیجە، و برای خدیجە عمرو ....بوون. دەبینین گشتیان لە پلانەکە بە شێوەی جۆراوجۆر بەشدارن. سەرەڕای ئەوە لە ناو دەستەڵاتی دینی یەهودی نەساڕی، چەند ڕاهب هەبوون. وەک راهب بحیرا و راهب عداس النینوی و قەشە عیصا هەریەک بە جۆرێک بەشدار بوون. و ڕۆڵی خۆیان بەپێی پێویست دەبینی. ئەوانە گشتیان بەپێی پێویست و ئارەزووی قەشە ورەقە یارمەتیان دەدا. پێشبینییەکانیش لەسەر

[572] نفس المصدر

ئاینده‌ی محمد له‌ گشت لایه‌که‌وه‌، له‌سه‌ر زمانی جادوو و کاهینه‌کان. انس و جن، و دره‌خت و به‌رد. جوره‌کانی گیانداران، پاشا و ناوداران، و فریشته و مرۆڤ. په‌رتووکه‌کانی سیره‌ و ڕاڤه‌کاران بێ دوودڵی ناویان ده‌به‌ن و چیرۆکیان له‌سه‌ر ده‌گێڕنه‌وه‌. [573]

سه‌رڕای ئه‌وه‌ش شێوه‌ی په‌یوه‌ندی محمد له‌گه‌ڵ عه‌داسی نه‌ینه‌وی ڕه‌به‌ن، قه‌شه عیصا و بوحیرای ڕه‌به‌ن، په‌یوه‌ندییه‌کی ئاسایی نه‌بووه‌. به‌ڵکوو ئه‌وانه‌ هه‌ریه‌که‌یان به‌ ڕۆڵی خۆی ڕێنمایی که‌ری محمد بوون. و ئاماده‌یان ده‌کرد که‌ سه‌وکردایه‌تی دینداران له‌ مه‌ککه‌ بکا. ئه‌وه‌ش وه‌ک ئامرازێک بۆ ده‌ستگرتن به‌سه‌ر داهاتی حه‌ج و ده‌سته‌ڵاتی دینی یه‌هودی نه‌ساری له‌ مه‌ککه‌.

زۆر له‌ لێکۆڵه‌ره‌وان یه‌کڕان له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی دینی یه‌هودی نه‌سارِی، بنه‌ڕه‌تی ئیسلامه‌. ته‌نانه‌ت که‌م نین ئه‌وانه‌ی باوه‌ڕیان وایه‌، که‌ ئیسلام و یه‌هودی نه‌سارِی یه‌ک دینن. ابو موسی الحریری ده‌نووسێ:

> تاکه‌ جیاوازی له‌ نێوانیان ناوه‌که‌یانه‌. یانی ئیسلام ناوی عه‌ره‌بی نه‌سارِیه‌. ئه‌وه‌ش ڕاستی مانای دینی ئیبراهیمی حه‌نیفه‌، که‌ یه‌که‌م و کۆتایی داوای یه‌کتاپه‌رستی خودای ڕه‌ها ده‌کا. و هاوبه‌شی بۆ ڕه‌تده‌کاته‌وه‌. [574]

---

[573] السیرة المکیة ۱: ۱۸۳، السیرة الحلبیة ۱: ۳٦۷

[574] الحریری، أبو موسی (۲۰۰۵) قس و نبی، بحث فی نشأة الإسلام

گشت ئەو شتانە بەڕوونی هەم لە ئایەتەکانی قورئانی مەککە دەدۆزێنەوە. هەروەها لە مێژووی ژیانی محمد و هاتنی وەحی و پەیوەندی تایبەتی لە نێوان کەسانی ناو تۆڕی پلانەکەی قەشە وەرەقە بۆ ئەنجامدانی.[575]

١٤ قورئان باسی یەک ئینجیل دەکا

ئەمڕۆ سەبارەت بە ئینجیل، لە هەوکەسێک بپرسی. یەکسەر دەزانی چوار ئینجیلی قانونی هەن، بێجگە لەو چوارە،زیاتر لە بیست و پێنج تا سی ئینجیلی شاراوەشمان (ئەپۆکریف) هەن. کەچی لە سەرتاسەری قورئان، بە شێوەی تاک باسی ئینجیل دەکا. سەرەڕای ئەوەی دەیزانی نەستووریەکان، و یاقوبیەکان و کریستانەکانی کاتۆلیک هەبوون و پەیڕەوی ئینجیلی تریان دەکرد. کەچی لە سەرتاسەری ئایەتەکانی قورئان ئینجیل بە تاک ناو دەبا. بەوەش بۆمان دەردەکەوێ. کە لەباوەڕی ئیسلام، تەنیا یەک ئینجیل هەیە و باسی دەکا. ئەوەش ئینجیلی مەتی عیبرانییە.[576]

هەڵبەتە نووسەری قورئان ئەو ئینجیلەی کە باسی دەکا. و ئەو بەها گەورەییەی پێ دەبەخشێ و بەرێزەوە ناوی دەبا. تەنیا ئینجیلی عیبرانییە، کە قەشە وەرەقە لە عیبرییەوە وەریدەگێڕایە سەر عەرەبی. و لە لای یەهودیەکانی نەساڕی ئەبیونیی پیرۆزبوو، و پەیڕەویان دەکرد.

[575] الحوار المتمدن العدد ٢٤٣٧ تاريخ ١٧- ١٠ - ٢٠٠٨

[576] الحريري، أبو موسى (٢٠٠٥) قس و نبي، بحث في نشأة الإسلام، ص ٣٦

سورة المائدة ٥: ٤٦ - ٤٧

وَقَفَّيۡنَا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم بِعِيسَى ٱبۡنِ مَرۡيَمَ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ مِنَ ٱلتَّوۡرَىٰةِۖ وَءَاتَيۡنَٰهُ ٱلۡإِنجِيلَ فِيهِ هُدٗى وَنُورٞ وَمُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ مِنَ ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَهُدٗى وَمَوۡعِظَةٗ لِّلۡمُتَّقِينَ (٤٦) وَلۡيَحۡكُمۡ أَهۡلُ ٱلۡإِنجِيلِ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فِيهِۚ وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ (٤٧)

له شوێن ئەوان عیسای کوڕی مریەممان نارد. کە باوەڕی بە تەورات هەبوو. کە بەر لە ئەو هاتبوو، ئینجیلیشمان بۆ نارد. (٤٦) دەبا باوەڕدارانی ئینجیل، بەپێی ناوەڕۆکی ئینجیل کە خودا ناردوویەتی بڕیاربدەن (٤٧).

ئەو دیاردەیەش وایکردووە، کە گوستاف لێ بۆن لە دەربڕینێکی مێژووی بیخاتە ڕوو:

ئەگەر قوڕئان بگەڕێنینەوە سەر بنچینەکەی خۆی. دەتوانین ئیسلام بە دیمەنێکی کورتکراوەی یەهودی بنەما نەساری دابنێین.[577]

ئەم دەربڕینەی گۆستاف لێبۆن بێ هۆکار نییە. بوونی قەشە وەرەقە بن نۆفل و ئامۆژگارییە بەردەوامەکانی. وەک ئەمبارێکی زانیاری نەساری بووە. کە بێ وەستان، بە شێوەی لیتورگی و ئامۆژگارییە کورتەکانی کە لە ناو دەقەکانی ئینجیلی عیبرانی و پەرتووکەکانی تری یەهودی وەریدەگرتن، و دەیدانە محمد. ئەوەش وادەکات ئەو دیمەنەی کە قوڕئان بە ئایەتی کورتیلە و پچڕ پچڕی بەرهەم هێناون. محمد بن عبدالمنعم الحميري دەڵێ:

---

[577]Gustav Le Bon. The Civilisation of the Arabs

شتێکی له ڕاستی بەدووره، کە ئینجیلی نەسارى  دان بە دروستی قورئان دا دەنێ. بەڵکوو سەرچاوەی قورئان خۆی ئینجیلی نەسارییه. [578]

# پوختەی باس

گێڕانەوەی مێژوو بریتییه له ڕوومالکردن و شرۆڤەی، زانیاری متمانەپێکراو. کە بتوانرێ بە پێی لۆژیک، لێکدانەوەی لەسەر بکرێ. ئەوەش لەخۆیدا کارێکی سەختە و پشوودرێژی دەوێ. لەبەرامبەر ئەوە، متمانەکردن بە گۆتەی باوی خەڵکی، سەبارەت بە ڕووداوەکانی کۆمەڵایەتی لە قۆناخێکی مێژووی دوور، ئەوسا ئەو ڕووداوە، ڕووداوێکی سەربازی و شەڕێ یان دین، لە سەردەمێکی دیاریکراوی مێژوودا. بەتایبەتی بۆ مەبەستێکی دیاریکراو. ئەو گۆتە باوانە هەنگاو بە هەنگاو، بە  زێدەڕۆیی و درۆ و بەلارێدابردن، ڕاستی ڕووداوەکان یان

[578] محمد بن عبدالمنعم الحميري (١٩٨٤) الروض المعطار فی إخبار الأقطار. بيروت. ص ٥٧٣

دیاردەکان دەکەونە پشت تارمایی ئەو زێدەڕۆییانە. لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، ئەو ئەفسانە و چیرۆکی نالۆژیک جێی ڕووداوە ڕاستیەکان دەگرنەوە.

بەدرێژایی چەند هەزار ساڵەی ڕابردوو، گەنجینەی کەلەپووری گەلێری، بە سەدان چیرۆک و ڕووداوی بێ بنەمای تۆمارکردوون. و بوونەتە جێگای باوەڕی ملیۆنان کەس. و نەوە دوای نەوە باوەڕیان پێیان بووە.

ئەگەرچی ئەو چیرۆکانە تەنیا خەیاڵی کەسێک یا گرووپێک بووین. بە مەبەست، وەک شانۆیەکی دروستکراو، بە شێوەی ڕەوانبێژی بە خرۆش و کاریگەر، کۆنترۆڵی هزری خەڵکیان پێ کردووە. بەڵام بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو کەلەپوورە هەڵبەستراوە. و ڕەواندنەوەی تەم لەسەر ڕاستیە حەشاردراوەکان، کارێکی وا بە ئاسانی نییە. وەک ئەوە وایە تۆ بەدوای گرێکوێرەکانی حەشاردراو دابگەڕێی. و نازانی لە کوێوە دەست پێبکەی.

بۆ ئەوەش دەبێ بەردەوام بەدوای، کوێرە ڕێگاکاندا بگەڕێی و بە شێوەی وورد و مێتودی تایبەتی. ئەو سەرەداوانەی دەیاندۆزینەوە. هەم ڕووماڵی بکەی و هەمیش بە بەراورد لەگەڵ سەرچاوەی جیاجیا، لە سەرەندی شرۆڤەیەکی ووردی بدەی.

هەرچەندە لەو چەند سەدەیەی کۆتایی، لێتۆژینەوەی هاوچەرخ توانیویەتی تا ئاستێکی باش هەنگاو بۆ ساخکردنەوەی ڕووداوە مێژوویەکان باوێ . و چیرۆکە پیرۆزەکان و ڕووداوەکانی پاوانکراو جارێکیتر بگێڕێتەوە. بەڵام ئەو قۆناخە، کاتێکی زۆری دەوێ تا کۆمەڵ بتوانێ هزری خۆی لەو چیرۆکە خورافیانەی بە گوتی و دەگێڕنەوە، ڕزگار بکا و بە ئازادی و لۆژیک بیر لە پیرۆزیەکان و داهێنانیان بکاتەوە.

# ١

بە شێوەیەکی گشتی، فەلسەفەی یۆنانی کاریگەرییەکی قووڵی لەسە مێژووی هزری مرۆڤایەتی هەیە. و هەرمیشە هەنگاوێک لەپێش سەرهەڵدانی هزری مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە. لەگەڵ هەر گۆڕانێکی کۆمەڵایەت ئەویش، خزاوەتە ناو کەلەپوور و هزری تاکەکانی نەتەوەکانی تر. لەوانەش ستۆیزم و سینیسیزم. دوو ڕێبازی فەلسەفین هەر زوو لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی جێگای خۆیان کردۆتەوە. و تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی تێکەڵی بیروباوەڕیشیان بووە. یەک لەو ڕێبازە فەلسەفیانەی تا ئێستاش لەناو هەناوی کۆمەڵگە دینیەکان وەک فاکتەرێکی کاریگەر ماوەتەوە، سینیسیزمە (الکلبیة، یان سەگ ئاسا).

سینیسیزم وەک فەلسەفە باوەڕی وایە، کە بەختەوەری مرۆڤ لە ژیانێکی سادە، و دوور لە سامان و ژیانێکی زێدەڕۆیی دایە. مرۆڤ پێویستە ئارەزووی ژیانێکی خۆش و ناوبانگ و دەستەڵات ڕەت کاتەوە. تەنانەت بە شێوەی ڕاستەوخۆ نەرێت و ژیانی کولتووری و زێدەڕۆیی پێشێل دەکا. ئەوەش تا دەگاتە ئاستی بە ئاشکرا، و بێ شەرمانە. بە شێوەی گاڵتەجاڕی لەبەردەم خەڵکی، بە تانە و تەشەر سووکایەتی بە خەڵکی تر بکا. یا بە ڕووی خەڵکیتر کە وەک ئەوان نین هەڵشاخێ. و بە قسەی سووک بەرەو ڕووی خەڵکی شار دەبوونەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی جلوبەرگ یا لە خانووی بەرز دەژیان.

ئەو شێوە ژیانە ڕاستەوخۆی لە هەرسێ دینە ئیبراهیمیەکان ڕەنگی داوەتەوە. بەڵام جیاوازیەکی بنەڕەتی لە نێوان سینیسیستەکان و دیندارەکان دا هەیە. سینیستەکان، بە کردەوە و ژیانیان لەگەڵ باوەڕی فەلسەفیان سەرڕاست و یەک ڕووبوون. هەمیشە باوەڕیان و کردەوەکانی ڕۆژانەوەیان ڕەنگدانەوەی یەکتر بوون. کەچی دیندارانی، دینە ئیبراهیمیەکان، تەواو پێچەوانەن. لەلایەک خۆ ڕەزیلکردن و کڕنۆش بردن، تا دەگاتە ئاستی ڕەشبینی لە ژیانی ئەو جیهانە. و بە هیوای ژیانێکی باشتر. لەلایەکیتر کردەوەی ڕۆژانەیان، لە

دڵڕەقی و تێنووی کوشتن و تاڵان و قۆڵبڕی و بەدیلگرتن و سەبایا. بەگشتی دوو کەسایەتی لە کەسێکدا. جا ئەوە چ بە خەیاڵ بێ یان ڕاستی.

بە هاتنی یەسوی کریست و دەرچوونی باوەڕی دین لە چوارچێوەی سنووری نەتەوەیەک بۆ جیهانێکی فراوانتر. فەلسەفەی سینیسیزمیش ڕەوتێکی قووڵتری وەگرت. بە پێی لێتۆژەرەوان یەسو خۆی بیرمەندێکی سینیسیست بوو. ئەو فەلسەفەیەش لە کردەوە و ووتارەکانی دەبیزرێتەوە. بە تایبەتی لە ئینجیلی مەتیاس (مەتی) و لوکاس (لۆقا).

لە دینی ئیسلام، سینیسیزم هەر لە دەقەکانی قورئان تا دەگاتە، ووتاری ڕۆژانەی ڕابەرانی دین، هەر لە خۆزەلیلکردن و پاڕانەوە. تا دەگاتە سووکایەتی بە دینەکانیتر. و شەڕ و کوشتن و تاڵان لە پێناوی خودا. وەک ئەوکێکی دینی و خودایی دەبیزرێ.

## ٢

شەڕ و داگیرکاری نەتەوە سامیەکان شتێک نییە لە مێژووی چەند هەزار ساڵەی دوایی، شاراوە بێ. ئەوەش هەر لە کۆچی یەهوودیەکان لە یەمەنەوە بەرەو باکوور. و شەڕو ململانێیان لەگەڵ کەنعانی و ئاشووری و کلدانیەکان. تا دەگاتە دامەزرانی یەکەم دەوڵەتی بەنی ئیسرائیل لە سەدەی دەیەمی پ.س.ب لەلایەن ساول باوکی داود. دوای ئەویش داودی کوڕی و سلێمانی کوڕی داود لە پاشایەتی بەردەوام بوون. ئەوەش لە ژێر ئاڵای پیرۆز و ئارەزووی خودایی، بەردەوام بە داگیرکاری و تاڵان و بڕۆ. بە ناوی بەرگری لە جیهانی خودا. بە درێژایی تەمەنی دینە ئیبراهیمیەکان هەر بەردەوام بووە. و ئیسلامیش نەک هەر کەمیکردۆتەوە، بەڵکوو ئاگری کوشتن و تاڵان و داگیرکاری خۆشترکردووە. کە تا ئەمڕۆش بەشێکی هەرە گرنگی ئەرکی خودایی ڕۆژانەی موسوڵمانانە، بۆ گەیشتنە بەهەشتی خودا.

## ٣

یەسوی ناسری، وەک کەراکتەرێکی مەزنی دین، گەورەترین کاریگەری و ڕۆڵی، لە ناو دەروونی کۆمەڵگەی یەهودی هەبوو. کە تا ئێستاش ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخی ئەو کاریگەرییەی لەسەر کۆمەڵگە و دینەکان بە جاك یان خراپ هەر بەردەوامە. ئەو کاریگەرییەشی لەسەر دینی ئیسلام و پەرتووکی پیرۆزی بە ئاشکرا دیارە.

بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیربچێ کە یەسو بیرمەندێکی سینیسیزم بوو. و کارەکتێری سینیستی یەسو لە کارو پەیامی ڕەنگدانەوەیەکی بەهێزیان هەبوو. ئەوەش لە هەردوو ئینجیلی مەتیاس و لوکاس دەردەکەوێ.

دوای بەدواداچوونێکی وورد بەناو سەرچاوە و تۆمارەکانی ڕۆمانی و یۆنانی دا. دەردەکەوێ، مێژوونووس و کاربەدەستانی ڕۆمانی و یۆنانی لەسەردەمی یەسو، دژایەتی کریستیانیان دەکرد. و تا دەگاتە بە خورافە و جادوگەریان دادەنان. کەچی نکۆڵیان لە بوونی یەسو (عیسا) نەدەکرد. ئەوەش بەڵگەیە بۆ سەلماندنی بوونی یەسو، وەک مرۆڤێکی مێژوویی و چالاک.

بەڵام کێشە لێرەوە دەست پێدەکا. ئایا یەسوی مێژوویی، هەمان ئەو یەسوە بووە، وەک کریستیانەکان، ئەفسانەی بۆ دەهۆننەوە؟ ئایا تا چەند باوەڕ بەوە بکەین. کە یەسو ئەو هەموو پەرجووەی کردووە. کە ئینجیلەکان باسی دەکەن. ئەوە بۆ مێژوو نووسێک گرنگ

نییە، لەبەر ئەوەی ئینجیلەکان پەرتووکی باوەڕن، نەک مێژوویی. ئەوەی مێژوونووس پێویستیەتی، بوونی یەسو وەک کەسایەتی مێژووییە و هیچیتر.

ئەو دەربڕینە نووسەرانی یەهودی و حاخامەکانیش دەگرێتەوە. ئەگەرچی ئەوانە دژی یەسو و کریستیانین و بە خراپی لەسەریان نووسیون. کەچی بە هیچ شێوەیەک نکۆڵی لە بوونی یەسوی مێژوویی ناکەن. بەڵام ئەوەی لێرە بۆ ئەو نووسینە گرنگە دەبێ دەرئەنجامەکەی هەر گرووپێک بە تەنیا ڕوونبکرێتەوە.

نووسەرانی ئیمپراتۆری ڕۆمانی بریتین لە کەسانی پایەبەرز، لە بواری سیاسی و کارگێڕی لە ناو دەستەڵاتی ئیمپراتۆری ڕۆم وەک سوتۆنیوس، تاسیتوس، پلینی بچووک. هەروەها نووسەرانی نەناسراوی وەک تالۆس و مارا. و فەیلەسوفی وەک لوسیانی سامۆساتە و سیلسوس. ئەوانە بەگشتی دژی کریستیانی بووین. و بە خراپە تا دەگاتە سووکایەتی باسی کریستیانیان کردووە. کەچی بە ڕاشکاوی باسی یەسو دەکەن. ئەوەش وەک گەواهی گرنگن بۆ بوونی یەسوی کوڕی یوسفی دارتاش، وەک کەسایەتییەکی مێژوویی، کە لە دەرەوەی پەرتووکی باوەڕی دینی دانی پێدابنرێ.

بەڵام ئەوەی جێگای پرسیارە، بۆ لەو هەموو گەنجینە گەورەیەی یۆنانی ڕومانی، تەنیا چەند سەرچاوەیەک باسی یەسویان کردووە؟ ئەوانەش زۆر دواترن لە سەردەمی کریست. تەنانەت پەرتووکی تالۆس کە ساڵی ٥٥ س.ب نووسراوە. زۆر دواتر لە مێژووی یولیوس ئەفریکانوس دەبینینەوە. وەڵامی ئەو پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار:

١ زۆربەی هەرە زۆری دۆکومێنت و سەرچاوەی گرنگی مێژوویی ڕۆمانی لە سەردەمی یەسو تا ساڵی ٨٥ س.ب  فەوتان. ئەوەش بەهۆی سووتان لەلایەک و لەلایەکیتر کودەتا و ڕەشکردنەوەی شوێنەواری یەکتری. بۆیە ئەو سەرچاوانەی، کە باسی یەسو دەکەن لەدوای ئەو سەردەمەن. بەتایبەتی سەدەی دووەم.

٢ ئەوەی بۆ ئیمپراتۆی ڕۆم گرنگ بوو، دینی کریستیانی بوو. نەک یەسو. بۆیە بەڵگەنامە و تۆمارەکانی سەبارەت بە دینی کریستیانی، ئەوەندە زۆرن ژمارە نایەن. کەچی هەوڵ دەدرا دوای لە خاچدانی چیتر ناوی نەهێنن. لەجیاتی ئەوە زیاتر بەرەنگاری کریستیانەکان و چالاکیان ببنەوە. چونکە لە ئایندەی ئەو دینە نوێیە دەترسان.

سەرەڕای ئەوە، هیچ لە ئینجیلە نووسراوەکان هاوسەردەمی یەسو نەبووین. بەڵکوو لە ساڵانی نێوان ٦٨ تا ١٠٠س.ب نووسراون. واتە یەکەم ئینجیل ٣٨ ساڵ دوای لە خاچدانی یەسو، دەست بە نووسرانەوەی کراوە. سەرەڕائ یەوە ئینجیلەکان وەک سەرچاوەی باوەڕێکی خودایی، باسی یەسو دەکەن. بۆیە دەبێ جیاوازی لە نێوان یەسوی ئینجیلەکان و یەسوی مێژووی بکرێ. ئەوەی بەلای مێژوونووسانی ئەو سەردەم گرنگ بوو، شتێک دەربارەی یەسو بنووسن و بەس. بۆیە تا نزیکەی دوو سەد ساڵ لەمەوبەر، یەسوی مێژووی لە ڕوانگەی یەسوی باوەڕ دەبینرا. ەوەش ئێتیکەڵاویەکی خەستی لە نێوان باوەڕ و مێژوو دروستکردبوو.

دەرئەنجام بەوە دەگەین کە گشت پەرتووکە کلاسیکیەکان، کریست لە ڕێگای کریستیانییەوە دەبینن. کریستیانیش بزووتنەوەیەک بوو. گرنگی سیاسی خۆی لە دیدی ئیمپراتۆری ڕۆم هەبوو. کە بەردەوام لە بەرزی و نزمی دابوو. لەگەڵ ئەوەشدا کریست وەک دامەزرێنەر و سەرکردە و مامۆستای گیانی (روح) ئەو بزووتنەوەیە بوو. کە هەمیشە لە پەراوێزی کێشەکانی سیاسی و دینی دەبینرا. بەو مانایەش، هەمیشە لە پشت پەردەی شانۆی ململانێی کریستیانی بەرامبەر ڕۆم ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو. بەڵام نەک وەک لایەنێکی چالاک بۆ کێشەکان. بۆیە دوای لە خاچدان، و بەردەوامی بزووتنەوەکەی. هەڵسوکەوتی نووسەران و دەستەڵاتی ڕۆم لە شێوەی تاکەوە، گۆڕا بۆ ئەو کۆمەڵەی لەسەر هەمان ڕێگا بەردەوام بوون.

## ٤

دوای له خاچدانی یەسوی نلسری، ناکۆکییەکی گەورە کەوتە نێوان بنەماڵەی یەسو لەلایەک و نێردە و قوتابیەکانی لەلایەکیتر. ئەوەش لە ئەنجامدا، دینی یسوی لە بناخەوە کردە دوو ڕەوتی جیاواز. یەکەمیان بنەماڵەی یەسو و ئەو یەهودیە فەریسیانەی باوەڕیان هێنابوو. کە دەیانەویست سەرجەمی دینی یەسو باوەڕی بە یاساکانی موسا و یەسو پێکەوە هەبێ. کەچی نێردەکان هەوڵی ئەوەیان دەدا لەژێر تارمایی دینی یەهودی و یاساکانی موسا دەربچن.

ئەو ناکۆکیە وایکرد، نێردە و قوتابیانی لە دوای ساڵی ٤٠ س.ب لە کۆنفرانسێکدا ناو لە خۆیان بنێن کریستیان. بەڵام یەهودیە نەسارییەکان هەر بەردەوام بوون لەسەر پەیڕەوکردنی هەردوو یاساکانی موسا و یەسو. سەرەڕای ئەوەش هەڵیان دەدا بە توندوتیژی ڕێبازە دینیەکەیان بچەسپێنن. بۆیە دەستەڵاتداری ڕۆم یەکەم بنەماڵەی داودی لەناو برد و یەهودیە نەسارییەکانیشی دەربەدەری شام و میسۆپۆتامیا کردن. سەرەڕای ئەو دەربەدەری و دوورەپەرێزیە، یەهودیە نەسارییەکان، هێشتا باوەڕیان بە توند و تیژی هەر پتەوتر دەبوو. بە درێژایی چەند سەدە، بوونە هۆی شەڕی گەورە و ماڵوێرانی و کوشتنی دەیان هەزار بێتاوان. تا لە کۆتایی لە نەیانتوانی لە شام زیاتر بمێننەوە. و کۆچیان بۆ یەتروب کرد لە حیجاز.

# ٥

محمد وەک دامەزرێنەری دەوڵەتی ئیسلام لە مەدینە، وەک کەسایەتییەکی مێژوویی چالاک هەبووە. بەڵام ئەو کەسایەتییە نەبووە، کە لە پەرتووکەکانی مێژوونووسانی موسوڵمان دیخوێنینەوە. بەپێی ڕاڤەکار موسوڵمانان باوەڕیان وایە دینی ئیسلام لە بۆشاییەکی ڕووحی دروستبووە. ئەوەش هەر لە یەکەم دوکەوتنی جوبڕائیل، و گەیاندنی یەکەمین پەیامی دین لەلای خوداوە.

بەڵام بە بەدواداچوونێکی وورد، دەردەکەوێ ئەو لێکدانەوەیە، لە بنەڕەتدا هەڵەیە. لەبەر ئەوەی یەکەم بەپێی یاسای سرووشت، ئەوە شتێکی ئەستەمە. لەبەر ئەوەی هیچ دیاردەیەکەی کۆمەڵایەتی، لە مێژوودا پاشخانێکی خۆی هەیە. کە دەتوانێ بەپێی ژینگەی سەرهەڵدانی، سیمای دەروونی و کۆمەڵایەتی بداتێ.

١ پەیامبەری ئیسلام، هەم لە ڕووی کۆمەڵایەتی هەمیش لە ڕووی بایۆلۆژی لە هەردوو لایەنەوە دایک و بلوکی، یەهودی نەسارِی بووە. هەروەها عبدالمطلب و أبی طالب مامی لەسەر هەمان ڕێباز بووین. هەرچەندە سەرچاوەکان باسی عەبدوڵای بلوکی ناکەن. بەڵام بە ڕەچلوکردنی باپیرەی و مامی لەلایەک. و دایکی لە لایەکیتر کە گشتیان نەسرانی بووین. ناکرێ گومانی شتێکیتر لە باوەڕی عەبدوڵا بکرێ.

٢ سەرەڕای ئەوەش لەسەر ڕێبازی یەهودی نەسارِی هاوسەرگیری کردووە، کە تا مردنی خەدیجە نە لێی جیابووەوە و نە توانی ژنێکیتر بێنێ. ئەوەش لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بنەچەکەی بایۆلۆژی محمد لەلایەک. لەلایەکیتر پەیوەندی نزیکی لەگەڵ قەشە وەرەقەی کوڕی نۆفل و ڕەبەنەکانی تری نەسارِی. ئەو پەیوەندییەش بێجگە لە پەیوەندییەکی دینداری بەولاوە، ناتوانێ هیچیتر بێ.

٣ هەر لە منداڵیەوە هاتوچۆی، ئەشکەوتی حەڕای دەکرد. و هاودەمی أبی طالبی مامی و قەشە وەرەقە بوو. ئەو ئامادە بوونەشی، ئامادەکارییەک بووە لەلایەن قەشە وەرەقە و أبی طالب بۆ ئەرکێکی مێژوویی. ئەوەش أبی طالب نایشارێتەوە. لە ئاهەنگی هاوسەگیری محمد و خدیجە بە بێ پەردە لە ووتارێک دا بە هەمان بۆنەوە دەیدرکێنێ.

٤ لەسەرەتادا قەشە وەرەقە محمدی بۆ جێنیشینی خۆی ئامادە دەکرد. و ئارەزووی ئەوەی هەبوو، کە دوای خۆی ببێتە سەرۆکی کەنیسەی یەهودی نەساری ئەبیۆنی لە مەککە. بەڵام دوای مردنی قەشە وەرەقە چوار سال دوای بانگهێژی و دواتریش مردنی هەردووک خەدیجە و ابی طالب کۆچی دواییان کرد. محمد بێ دەرەتان و پارێزگاری مایەوە. ئیتر بانگهێژەکەی هەنگاو بە هەنگاو بۆ ووتاری توندتر و ئاڕاستەیەکی نوێ گۆڕی. بەتایبەتی دوای کۆچ بۆ مەدینە. پەیداکردنی هێزێکی گەورە لە قورەیشیەکانی شام و یەهودیە نەساڕیەکانی کۆچکردوو. کە شەڕکەری کارامەبوون. گشت ئەوانە هێزێکی گەورەیان دایە محمد و هاوڕێکانی، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلام.

سەبارەت بە ناکۆکی محمد لەگەڵ یەهودیەکانی مەدینە، ناکۆکییەکانی پێشینەیەکی کۆنیان هەبوو. کە بە میرات لە یەهودیە نەساڕیەکان بۆ محمد مابوونەوە. ناکۆکیەکان لەگەڵ هەردووک یەهوەدیەکانی حاخامی و ڕێبازەکانی تری کریستیانی. دوای دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلام، یەهودیە نەساڕیەکان ببوونە بڕبڕەی پشتی دەوڵەتی مەدینە بوون و خزابوونە ناو دەمارەکانی. و بوونە ڕینماکار و ئاڕاستەکەری، و گشت ئەو ڕق و خوێنڕێژییەی بە سەدان ساڵ کردبوویان، توانیان لە مەدینە دژی هەر نەیارێکیان پەرەی پێ بدەن.

ئەوەش بە باشی لەڕەفتاریان بەرامبەر یەهودیەکانی مەدینە دەردەکەوێ. کە بۆ دوو هۆی تەواوکەری یەکتری دەگەڕایەوە.

یەکەم: هەوڵی چەند سەد ساڵەی یەهودیە نەسارییەکان و بۆ ڕاییکردنی یەهودییەکانی حاخامی بە وەرگرتنی یەسو. بەو مانایەش دێنە سەر دینی یەهودی نەساری. لەو هەوڵەیان سەرنەکەوتن.

دووەم: پێویستی دابینکردنی ئابووری بۆ لەشکری دەوڵەتی ئیسلامی ساوا. کە پێویستی بو گشت پێداویستیەکی بژێوی و شوێنی حەوانەوە هەبوو. ئەوەش دەتوانرێ لە ڕێگای داگیرکاری و تاڵان و سەبایا بتوانێ هەم ئابووری لەشکرەکەی دابین بکا. و هەم زیاتر هۆزە عەرەبیەکانی بەدەوی بەلای خۆیدا ڕابکێشێ. ئەوەش وایکرد لەبنەڕەتا زمانی قورئان و جوولانەوەی نەبی محمد، لە شێوەیەکی ئارام و ئاشتیانە، بگۆڕێن بۆ شەڕانگێزی و داگیرکاری و کوشتن.

٦

سەبارەت بە نەسارییەکان، کە تا ئەو دەمە ڕێبەر و ڕێنما و ئامۆژگاریکەربوون، هەنگاو بە هەناگاو گرنگیان لەدەست دەدا. و دەبوونە موسوڵمان. بەڵام لە لەسەردەمی محمد و ئەبو بەکر، هیچ زۆریان لێ نەدەکرا، بەڵکوو بۆ پەرەدان بە دینە نوێکە، یارمەتی ڕێنمایی و ئاراستەی دین و ئامۆژگارییەکانیان وەردەگیرا. و لەسەر ڕێبازی یەهودی نەساری هەر بەردەوام بوون. بەڵام بە کۆتایی سەردەمی ئەبوبەکرو دوای ئەو . کاتی عومەر کوڕی خەتاب بووە خەلیفە، هەلومەرجی بەردەوام بوونی نەسارییەکان لە بنەڕەتەوە گۆڕا.

هیلاری بیلوچ دەڵێ:

ئیسلام وەک لاڕێ (گومڕا)، دەستی پێکرد. پارێزگاری لە سیمای یەهودی بە باوەڕەکی نوێ و یەکتاپەرستی و ڕەها دەکرد. کە بەگشت شێوەیەک بەرجەستەکردنی کریستی (یەسو) لە خوداوەڕەتدەکردەوە، و بە تەنیا مرۆڤی دادەنا. [579]

ئەو تێکەڵاویەی دینە نوێکە لە نێوان بنەڕەتی یەهودی نەساڕی و کولتووری عەرەبی حیجاز، پێکەوە دینێکی نوێ، هەم لەگەڵ نەرێت کولتووری عەرەب لە حیجاز بگونجێ. و هەم بتوانێ پەیامی یەهودی نەساڕی پێبێ. ئەوەش تا سەردەمی عومەر، درێژەی کێشا. کە تا ئەو دەمە یەهودیە نەساڕییەکان لە ناو دینی ئیسلامی محمد باڵادەست بوون. هەر لە ڕێنمایی و ئامۆژگاری تا دەگاتە بەشداربوونیان لە شەڕ و داگیرکاری. یەک لەو شەڕانەی کە چالاکانە بەشداربوون، هێرش بۆ سەر ئۆرشەلیم بوو. لە ساڵی ٦٣٨س.ب. کە عومەر وەک یەکەم خەلیفەی موسوڵمانان چووە ناو شار. دوای گەڕانەوەی عومەر لە ئۆڕشەلیم، و هەڵسەنگاندنی هەڵومەرجی نەساریەکان بڕیاری دا. دەبێ خۆیان یەکلا کەنەوە. و دینی یەهودی نەساڕی بەجێبێڵن. لەبەر ئەوەی ئەوان عەرەبن و (أهل الکتاب) نین.

زۆربەی هەرە زۆری لێتۆژەرەوان پێیان وایە ئیسلام بێجگە لە یەهودی نەساڕی شتێکی تر نییە. دوای ئەوەی لە گەڵ دینی کریستیانی لەیەک ترازان. و بەرگی خوداییان لە کریست داماڵی. و تەنیا وەک دینێکی سادە لەسەر ڕێبازی یەهودی مایەوە. [580]

لە کۆتاییدا بەگشت لێکدانەوەیەک، محمد هەر لە لەدایکبوون و پەروەردەکردنی، تا دەگاتە هاوسەرگیری، کەسێکی یەهودی نەساری بووە. ئەو دینە نوێیەی کە داشی هێناوە

---

[579] Hilaire Belloc, What kind of Religion is Islam

[580] آل عیسی، د. محمد، تاریخ الإسلام المبکر، ص ١٦٩

نەساری ئەبیۆنی بوو، کە قەشە وەرەقە ڕێبەرایەتی دەکرد. دواتر ئەوکاتەی دەوڵەتی ئیسلام لە مەدینە دامەزرا، ناوی ئیسلام هاتە ئارا. کە دوای داگیرکاری و فراوان بوونی سەرزەمینی دەوڵەتی ئیسلام، هەمان ناو بە بەر دینەکەش دابڕا. ئەگینا دینە نوێکە تەنیا درێژبوونەوەی دینی نەسارییە. بە تایبەتی قورئانی مەککە و هیچیتر.

نووسەری قورئان توخمە سەرەکیە گرنگەکانی ڕەوتە دینیەکانی دانەدەنا. کە خۆیان بڵاویان دەکردەوە و بەگرنگیان دادەنا. بە پێچەوانەوە بە مەبەستی ناڕەزایەتی و پەڵپ لێگرتنیان و کوودەتاکردن بەسەریاندا، ئەو شتانەیان وەردەگێڕا کە ئەو ڕەوتانە گرنگیان پێ نەدەدان و پشتگوێیان دەخستن. زیاتر شتە شاراوەکان (ئەپۆکریفا) و لە پێشەوەی باوەڕی خۆیان دایان دەنان. [581]

بۆ نموونە پاتریشیا کرۆنە دەڵێ: ووشەی ئیسلام یان مسلم بە مانای مل کەچکردن و گوێڕایەڵی دێ. و لەزمانی سامەرییەوە هاتووە نەک عیبری یان ئارامی [582]

ووشەی ئیسلام و دەربڕینی هیچ پەیوەندی بە چۆنییەتی دینەوە نییە. دین شتێکە و ئیسلام شتێکی تر. دین واتە باوەڕ (ئیمان) و ئیسلام واتە خۆدانە دەست و ملکەچبوو. بەو پێیەش دەتوانین ووشەی ئیسلام بە گونجان، پەیڕەوکردن و ڕاستاندنی یاساکانی موسا بێ. بەو مانایەی گەڕانەوە بۆ ئیبراهیم و یاسای موسا و تەورات. جا بەو پێیە دین هەر دینێکی ئیبراهیمی ئیسلامە.

سورة آل عمران ٣: ٨٥

---

[581] هەمان سەرچاوە ل ١٧٤

[582] هەمان سەرچاوە ل ١٧٥

هەر کەسێ بێجگە لە ئیسلام، دوای هەر دینێکی تر بکەوێ، لێی وەرناگیرێ.
و ئەو کەسە لە ڕۆژی دوایی لەڕێزی زیانبارانە (٨٥)

بە گشتی شارستانی ئیسلام، بەرهەمی داگیرکاری بەربەریانەی بوو، بۆ ئەو خاکانەی کە خاوەنی کولتووری زۆر کۆن و پەرەسەندوو بوون.

ئەزموونی داگیرکاری بەربەریانە، لە مێژووی میللەتاندا هەر هەبووە. بەڵام نەک بەو ئاستەی توندوتیژی، کە شارستانی ئەو وولاتانە وێران بکەن کە داگیریان کردوون. ئەو داگیرکەرانە پێویستیان بە ماوەی هەزاران ساڵ هەبوو تا شارستانیەکی وای تایبەت بە خۆیان هەبێ. بەڵام ئەوان لەجیاتی ئەو هەزاران ساڵە زەوتی دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی عەرەب بە چەرخە کۆنەکان ناگونجێ. عەرەب کە وولاتانیان داگیر دەکرد هیچ زیانێکیان لێ نەدەکەوت. بۆ یە لەسەر کاولگەی ئەو شارستانیەتەی داگیریان کردبوو. گشت داهێنان و سامانی کولتووریان دەبردن . ئەوەش ئەنجامی لێککەوی هێزی داگیرکاری لەگەڵ سەردەمەکۆنەکان، شارستانیەتێکی زۆر نوێی دروست دەکرد. هەر بەو زووە تەم و مژی داگیرکاری لەسەر شارستانی دەنیشت. ئەوەش پێویستی بە تێگەیشتنێکی قووڵتر هەیە. لەسەر ئەو کولتوورە دەگمەنەی کە داگیرکەرەکانی گۆڕی. و ئەو نەتەوە شکاوانەی بە مێژووی کۆنی خۆیان دەرفەتیان دا داگیرکاران کە ئەو ئەنجامە بەدی بێنن.[583]

٧

[583] Crone, Patricia, Cook Michael (1977) Hagarism the making of the Islamic world. Pp 73

لە کۆتاییدا گەرە بمانەوێ ئیسلام وەک دین و دەستەڵاتی دەوڵەت بناسین، دەبێ ئەوە تێبگەین کە ئەو دینە کۆکراوەی پاشخانێکی تێکەڵاوە. هەر لە سینیسیزمەوە تا دەگاتە کولتوور و کەلەپووری دینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەهودی، کریستیانی سابئی و زەردەشتی. گشت کەلەپووری دینی و کۆمەڵایەتی ئەو ناوچانە، وەک چێشتی مجێور بوونەتە ناوەرۆکی دینێک کە دواتر ناوی لێنرا ئیسلام.